

جیهاد نوری توفیق

# پزیشک و پزیشکیتی

## لە شارستانیەتی ئیسلامیدا

لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی
ڕۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی لە پێشکەوتنە پزیشکیەکاندا

التفسير

2017

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

بسم الله الرحمن الرحيم

# پزیشك و پزیشكیتی

## لە شارستانیەتی ئیسلامیدا

# پزیشك و پزیشكیتی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا


**نووسینی**
جیهاد نوری تۆفیق
**بڵاوکردنەوەی**
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
**نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ**
بەروشە کاوانی
**خەتی بەرگ**
نەوزاد کۆیی
**قەبارەی کتێب**
٢٤×١٧- ( ٦١٧ ) لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ
1438ك -2017 ز
**تیراژ**
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی
سپاردنی ( ٥٨٢ ) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە



هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright ©Tafseer Publishing



**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

/TafseerOffice
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

# پزیشک و پزیشکیتی

## لە شارستانیەتی ئیسلامیدا

لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ڕۆڵی شارستانیەتی ئیسلامی لە پێشکەوتنە پزیشکیەکاندا


نووسینی

جیهاد نوری توفیق

# پێشکەشە

ئەم بەرهەمەم، پێشکەشە بەهەموو ئەو کەسانەی،
لە ژیانمدا سودم لە بۆچونەکانیان وەرگرتووە و،
ئامۆژگاریەکانیان بونەتە هۆی کردنەوەی
گرێ کوێرەکانی بیرم.

## بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

لەساڵی دووەمی زانكۆم لەبەشی مێژوو (٢٠٠٦) و ساڵانی دواتر، ئەو هەستەم لەلا دروست بوو،كە هەر وەك چۆن مێژووی سیاسی خەلیفەكان دەخوێندرێ پێویستە مێژووی شارستانییەتەكەشیان بزانرێ، تاوەكو ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ هەر خەلیفەو سەردەمێكی ئیسلامی بكرێ، لە هەردوو لایەنەكەوە شارەزایی ببێ، دواجاریش سەرنجی كۆتایی بدرێ، چونكە مێژوو بەبێ بونی لایەنێكیان، ناتەواو و نا كامڵە، هەربۆیە توێژینەوەی كۆتایی زانكۆم، لەسەر (زانست و وەرگێڕان لەدەوری مەئموندا) بوو، كە دوای دەرچونم فراوانترم كرد و، هەریەكە لە دەورانی: (مەنصور و ڕەشیدم) بۆ زیاد كرد، پاشانیش ئەوەبوو لێكۆڵینەوەیەكی خۆمم خستە سەر، كە لەسەر خودی خەلیفە ڕەشید بوو، كە تا ئەو كات بە زمانی كوردی، هیچ جۆرە باسێكی لەسەر نەكرابوو، پاشان لە دوتوێی كتێبێكدا ناوی (ئاورنگی مێژوو) لە ساڵی (٢٠١١) بڵاوم كردەوە، هەر ئەم حەزەم وای لێكردم بەردەوام بم و، بەتەنها كتێبێك كۆڵنەدەم، چونكە بەڕاستی ئەم شارستانییەتە بێ بنە، هەربۆیە لەهەمان ساڵدا پەیجێكم دانا بەناوی: (شارستانییەتی ئیسلامی)یەوە و وا بۆ (٦) ساڵ دەچێت، ڕۆژانە پۆستی نوێی تێدا بڵاو دەكەمەوە و لایكی بەشدارانیشم زیاتر دەبێ و لە (٢٣) هەزاری تێپەڕاندووە.

لەماوەی ئەم چەند ساڵی كاركردنەمدا، بەچەندین بیرۆكە و فیكرەی نوێ گەیشتوم، لەسەر تێڕوانینم بۆ مێژوو و شارستانییەت، خوایار بێت، دەیكەمە كتێبێك و دەیخەمە بەردیدی ئێوەی بەڕێز، پاش چەند ساڵێك و بەشداری گەرم و

گوڕی هاوڕێیان و بڵاوبونەوەی پەیجەکەم، هەستام بەڕێزنوسکردنی چەندین کورتە فیلم و ڤیدۆیەك لەو بارەیەوەو، دواتریش ژیانی (ئیبن سینا)م کردە کتێبێکی ئەلیکترۆنی و بەدیاری لەچەند سایتێکدا بڵاوم کردەوە، تاوەکو زیاتر بەژیانی زانا گەورەکان ئاشنابین، هەروەها لە قوتابخانەش لەم نییەتەم وازم نەهێناو، ئەو گۆڤارەی لە قوتابخانەکەمان قوتابخانەی (تیشك)ی بنەڕەتی لەشانەدەری دەردەکرد، کە لە بەرواری (١/١١/٢٠١٠) ژمارە سفریمان بڵاوکردەوە و توانیمان بۆ ماوەی چوارساڵ درێژەی پێبدەین.

باسەکانی من لەپاڵ گرنگیدانەکان بەلایەنی پەروەردەیی، نیشاندانی دیوی شارستانییەتی ئیسلامی بوو، هەربۆیە بەرگی هەندێ لە ژمارەکانم، وێنەی زانا موسڵمانەکانم دادەنا، ئەمەش هەموی بە هاوکاری بەڕێوەبەری ئازیزم مامۆستا (سەرحەد حسێن) بوو، کە هەمیشە دەرگای لەسەر پشت بووە لەبەرامبەر خەونەکانم.



دواتر ئەوەبوو هەندێ لەهاوڕێیان لە کۆمێنت و نامەکانیاندا داوایان دەکرد، کە بابەتەکان، با درێژتر بن و سەرچاوەکانیان لەپاڵدا بنوسرێ، ئەوەبوو لەڕێگەی ستافی سایتی (بزاڤ)ەوە، کە ئێستە کردویانەتە (دید و ڕێ)، بابەتەکانم بڵاو کردەوە، بەمەش خوێنەرێکی زیاتر بۆ بابەتەکانم دروست بون، هیواخوازم خوای گەورە ئەو ستافە مۆفەق و سەکەوتویان بکات لەسەر ئەو کارە خەیریانەیان،

بەڵام لەپاڵ ئەم پرۆژانەمدا، كە هەوڵی بڵاوكردنەوەی كلتور و شارستانییەتی ئیسلامیم داوە لە نوسینی كتێبیش بەردەوام بووم، سوپاس بۆ خوا توانیم پاش شەش ساڵ بەردەوام بونم لەسەر ئەم كتێبە، بیخەمە بەر دیدی ئێوەی بەڕێز، بەهیوام جێی ڕەزامەندی خوا گیان و سودی ئێوە بێت، خوا یاربێت، لەئاییندەشدا درێژەی ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانەم بەشێوازی كتێب بەردەوام دەبێت، تاوەكو ڕۆڵەی كورد زیاتر و باشتر و ڕونتر، لەو مێژووە شێوێنراوەی مێژووی ئیسلامی شارەزا ببێت.

شارستانییەت ئەزمونە، ئەزمونیش بەرهەمی مرۆڤە، كاری خودا ئەزمونی ناوێ، بۆیە شارستانییەت بە چاودێری ئیلاهی كاری مرۆڤە، بیرمان نەچێت، خودا ئێمەی بۆ شەڕ خەلق نەكردووە، ئێمەی ناردووە، تا دونیا سەوز بكەین و ئاوەدانی بكەینەوە.

شارستانییەتی ئیسلامی، شۆڕشێكە بۆ قبوڵكردن و پێكەوە ژیانی مرۆڤانە، هەربۆیە دەبینین شۆڕشەكانی مێژووی ئیسلامی، لەبەر كێشەی ماف نەبووە، بەڵكو كێشەی فیكری بووە، ئەگەرنا، دەبوایە ئێمە لە شارستانییەتەكەماندا هەڵچونی ئایینە جیاوازەكانمان بدیایە، یاخود میللەتە جیاوازەكان، بەڵام دەبینین بەو جۆرە نییە..

شارستانییەتی ئیسلامی، بەتەنها بەرهەمی خەلیفەیەك، یان میرێك، یان شێخێك، یان كتێبێك، یان مامۆستایەك نییە، بەڵكو بەریەككەوتنی تەواوی ئەو بیرو فیكرو كلتورانەیە، كە هەمویان یەك ئامانجیان هەیە، ئەویش خزمەتكردنی مروڤایەتیە، نەك ڕوخان و بەرێدا لابردنی بیری پێكەوە بوون و تەبایی، لەپێناو بەدیهاتنی خەونی خۆش و ژیان و پڕداهێنان، هەربۆیە دەبینین لەسەر ئەم بنەمایە، شارستانییەتی ئیسلامی، لەماوەی شكۆی پڕشنگداری خۆیدا، توانیویەتی زۆر باش ڕەنگە جیاوازەكان كۆبكاتەوە، خەلیفەیەك چۆن بۆتە ڕەمز و هێمای شارستانییەتەكە، لەهەمان كاتدا ئافرەتان بونەتە پەروەردەكاری نەوەكانی، مامۆستایانی، بونەتە فێركار و جیلێكی داهێنەریان دروست كردووە،...

بۆیه دەبینین: لایەنێكی وەكو لایەنی پزیشكیی، كه بەشێكی شارستانییەتی ئیسلامیەو، ئامانجی پاراستنی لایەنی تەندروستیه بەتەواوی، كەسایەتیه شارەزاكان پەرەیان پێداوە، بەبێ گوێدان به جیاوازی مەزهەبی و ئایینی.. سەرەتاكانی دەركەوتنی ئەم زانسته بۆ خودی كەسایەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەگەڕێتەوە، كه كەسێكی ڕێنمایكار و تەندروست پارێز بووە، پاشان ئەو فەرمایشتانەی فەرمونی لەبارەی تەندروستیەوە وای له هاوەڵان و كەسانی دوای هاوەڵان كردووە، پەرەی زیاتر بدەنه ئەم لایەنه،چونكه وەكو زانستێك تەماشایان كردووە، نەك وەكو دین.

هەربۆیه دەبینین: بەپێی سەردەمەكان، ئەم زانسته پەرەی زیاتری پێداوەو بەرەو پێشەوە براوە، سەرەتا لەدەوری ڕاشیدین خۆی لەسود وەرگرتن له پزیشكانی عەجەمیدا دەبینێتەوە، ئەویش زیاتر خۆیان له ئەهلی زیممەدا دەبینییەوە، بەڵام لەدەورانی ئەمەوییەكاندا، بۆ یەكەمجار هەستان بەكردنەوەی نەخۆشخانەو وەرگێڕانی كتێبه پزیشكیەكان، لەدەورانی عەباسیشدا لەپاڵ ئەمانەداو گرنگی زیاتر پێدانیان، پسپۆڕێتی بەدەركەوت، بەڕادەیەك ئەم لایەنه پێشكەوت، كه كتێبەكانی ئەم سەردەمه، تا چەند سەدەیەك بەر له ئێستا، وەكو سەرچاوەیەكی سەرەكی له ئەوروپا دەخوێندرا، هەرچی دەورانی موسڵمانانی ئەندەلوسیشه، لەلایەنی پزیشكیەوە به هەر چوار قۆناغی نەزانی و ڕاشیدین و ئەمەوی و عەباسیدا تێپەڕیوە، هەرچی دەورانی عوسمانیشه، جگه له چارەسەركردنی كەسه ناودار و گەورەكانی ئەوروپا، بەهۆی نەبونی چارەسەر له وڵاتی خۆیان، قوتابخانەكانی تایبەت به كەرتی پزیشكیی پەرەیان پێدرا.


لەم كتێبەدا هەوڵمداوە به پانتایی مێژووی پزیشكیدا بڕۆم و، لەهەر باخچەی ژیارێكدا، گوڵێكی نیشان بدەم و پاشان لەنێو شارستانییەتی ئیسلامدا بیكەمه گوڵزارستان، بەهیوام توانیبێتم كەلێنێك لەكتێبخانەی كوردی پڕ بكەمەوەو، ئاسۆیەكی ڕونتر لەو شارستانییەته پڕشنگدارەتان بۆ بگوازمەوە..

جهاد خاوەری

ڕەمەزانی ٢٠١٦

# پزیشکێتی

# له میلله‌ته دێرینه‌کاندا



هێمای ژیان و تەندروستی لای سۆمەریەکان

# پزیشکێتی

# لە میللەتە دێرینەکاندا

# پزیشكیتی میسۆپۆتامیا

کاتێ باس لەم شارستانییەتە و لایەنی پزیشکیی دەکەین، نـاتوانین وەکـو شـارسـتانییەتەکـانی دی لەبـارەیەوە بـدوێین، چـونکە یەك پارچـە نییە و دابـەش دەبێت بـۆ چـەندین دەوڵەتی جـیاجـیا، لەوانە سۆمەریەکان، ئەکەدییەکان، بابلی کۆن، ئاشورییەکان، بابلی نوێ،...

بۆیە لێرەدا بۆ ئەوەی نەچینە لایەنی مێژووی سیاسی هەریەکە لەم دەوڵەتانە و بابەتەکەش درێژ نەبێتەوە بەپێویسـتم زانی تـەنهـا ئامـاژە بەلایـەنی گەشـەسەندنی پزیشکیی بدەم لە میسۆپۆتامیادا و، ئەو داهێنان و هەوڵانەی هەبون لە بواری پزیشکیدا چین و کامانە بون.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەوەی لەم میللەتەدا دەبینرێ، مەسەلەی پابەندبونییەتی بەخواکان و پەیوەست بونی مرۆڤ پێیانەوە، تاوەکو لە شەڕیان بەدوور بێت، هەربۆیە دەبینین: بیرمەندانی سۆمەری، لێبڕاوانە لەسەر ئەو بڕواە بوون، کاری مرۆڤ لەم دونیایەدا خزمەتکردنی خواوەندەکانە لەڕێگەی ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوە و شوێنی حەوانەوە بۆ ئەوان، تاوەکو بتوانن کەمێك ئاسودەتر ژیانی خۆیان بکەن و، دوور بن لە نائارامی و تووڕەبونی خوداکانیان، هەرچی سەبارەت بەلایەنی گەشەسەندنی پزیشکیی ئەم مەملەکەتەیە ئەوەیە: بواری پزیشکیی، تێکەڵی کاری سیحر و جادووبازی کرابوو، ئەمەشیان لەوەوە بەدەست هێنابوو، ئەو نەخۆشیانەی، کە تووشی مرۆڤ دەبن، هۆکارەکەی لە شەیتان و ڕۆحە پیسەکانەوەیە.

سۆمەرییەكان وەكو میللەتێكی دێرینی ئەم مەملەكەتە، تاڕادەیەكی باش، دەستپێشخەر بوون و شارەزاییان لە بواری پزیشكیدا گەلێك باش بووە و، لەبەرامبەر وشەی پزیشكێتیدا، وشەی (ئا-زو)یان بەكاربردووە، بەواتا: (شارەزا لە ئاو و ڕۆن)دا[1].

تاوەكو سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، بۆچون وابوو: میللەتانی میسۆپۆتامیا و لەنێویاندا سۆمەرییەكان هەروەكو گەلانی دیكە لەبواری پزیشكیدا پشتیان تەنها بە چاوەزار و جادوو بەستووە، بەڵام لەدوای توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی ناوچەكانی باشوری عێراق و، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی سۆمەرییەكانی تێدا نیشتەجێ بون، تابلۆیەكیان دۆزیەوە، كە دەری دەخات: سۆمەرییەكان خاوەنی یەكەم دەستوری دەرمانسازیین لە جیهاندا، چونكە لەو تابلۆیەدا زۆر بەشێوەیەكی جوان لەڕێی پزیشكیی و، لە ئاستێكی زانستیدا چارەسەركردنی نەخۆشییەكانیان ئەنجامداوە، لە ( ٣٠٠٠ ) پ.ز، تەنانەت لەناو بەڵگەنامەكاندا، ناوی پزیشكێكی سۆمەری هاتووە، كە لە ناوچەی ئوور لە (٢٧٠٠)پ.ز دا كاری پزیشكێتی كردووە.

ئەم تابلۆ گڵینە، كە بە خەتی بزماری نوسراوە، زیاتر لە (١٢) جۆر نەخۆشی تێدا چارەسەركراوە، بەمەش دەبێتە یەكەم كتێب لەبارەی دەرمانسازییەوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێكردنە، چارەسەرەكانی ئەم پزیشكە، زیاتر خۆی لە بواری ڕووەكیدا دەبینێتەوە، ئەمە جگە لەوەی كانزایی و ئاژەڵیشی گرتۆتەوە، بەڵام زیاتر دەرمانە پزیشكیەكانی ڕووەكین، وەك: ڕێواس، جاترە، هەڵوژە، هەنجیر،.. لەگەڵ بەكارهێنانی شیر بۆ بەهێزكردنی جەستەی نەخۆش و پێدانی شەراب و بیرە بۆ هێمن كەرەوە و كەمكردنەوەی ئازاری نەخۆش[2].

لەنێو بابلی كۆنیشدا، هەمان تێڕوانین بۆ نەخۆشییەكان هەبوو، هەربۆیە دەبینین: ئەوەندەی هۆكاری نەخۆشییەكان بۆ ڕۆحە پیسەكان دەگەڕێنرایەوە،

---

(١) د. سامي سعيد الأحمد: السومريون، ص٦١-٦٢.

(٢) س.ن.كريمر: هنا بدأ التأريخ (حول الأصالة في حضارة وادي الرافدين)، ترجمة: ناجية المرايني، ص٤٨-٥٢.

ئەوەندە بەشێوازێكی زانستی چارەسەری بۆ نەدەكرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین یەكێ لە پاشایانی ئەم دەورە بەناوی: (حامورابی) (یەكەم یاسادانەر لە جیهاندا)، چەند یاسایەكی بۆ بواری پزیشكیی تەرخان كردووە، كە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

- لە ماددەی (٢١٥) دەڵێ: "ئەگەر هاتوو پزیشكێك چارەسەری چاوی پیاوێكی كرد و لە كوێر بوون ڕزگاری كرد، دەبێ ئەو پزیشكە (١٠) ئۆقیە زیو وەربگرێ".

- لە ماددەی (٢١٦) دەڵێ: "ئەگەر لە چینی هەژار بوو ئەوا (٥) ئۆقیە".

- لەماددەی (٢١٧) دەڵێ: "ئەگەر كۆیلە بوو خاوەنەكەی (٢) ئۆقیە زیو دەداتە پزیشكەكە".

- لەماددەی (٢١) دەڵێ: "ئەگەر هاتوو پزیشكێك نەشتەرگەریەكی ترسناكی بۆ چاوی نەخۆشێك كرد و، نەیتوانی چاكی بكاتەوە، بەهۆی ئەمەشەوە چاوی لە دەستدا، ئەوا دەستی ئەو پزیشكە دەبڕنەوە".

- لەماددەی (٢٢٠) دەڵێ: "ئەگەر كۆیلە بوو، دەبێ پزیشكەكە نیوەی نرخی ئەو كۆیلەیە بە زیو بدات"[1]، هەروەها لە ماددەی (٢٢٤ و ٢٢٥) باسی لە پاداشت و سزای دكتۆر كردۆتەوە لە چارەسەركردن و كوشتنی ئاژەڵەكاندا[2].

هەرچی سەبارەت بە پزیشكێتی سەردەمی ئاشورییەكانیشە، وەكو بابلییەكان پێیان وابوو خواوەندەكان هۆكاری پەیدابونی نەخۆشی بوون تاوەكو مرۆڤەكان بەهۆی ئەو تاوانانەی دەیانكەن سزا بدەن.

بەپێی ئەم بیروباوەڕەیان، لەوانەبوو خواوەندەكان لەپڕا كەسێك توشی نەخۆشی بكەن، یان ڕێگە بەئەهریمەنەكان بدەن تا جادو و ئەفسونی خۆی بەسەر جەستەی ئەو كەسەدا بكات و، نەخۆشی بخات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین: ئاشورییەكان بێ پزیشك نەبون و نەزان نەبون لە چارەسەركردنی نەخۆشییەكاندا، بەڵكو هاوشێوەی بابلی و سۆمەرییەكان، خاوەنی چەندین پزیشك بوون، كە

---

(١) علي مولا: شريعة حمورابي، ترجمة: محمود أمين، ص٦٠.

(٢) علي مولا: شريعة حمورابي، ، ص٦١.

گه‌وره كاهينه‌كانى ئه‌و سه‌رده‌مه بوون و به زانسته‌كه‌شيان ده‌وت: (ئا-سوو)، واته: پزيشكى، هه‌ربۆيه هه‌وڵياندا‌وه، هه‌نديّ له نه‌خۆشييه‌كان به ده‌رمان و ڕووه‌كى سروشتى و گيراوه و هه‌نديّ نه‌شته‌رگه‌رى ساده چاره‌سه‌ر بكه‌ن.

**له ئه‌نجامدا ده‌گه‌ينه ئه‌وه‌ى: خه‌ڵكى ميسۆپۆتاميا، چاره‌سه‌ره‌كانيان له‌سێ ڕوه‌وه بووه:**

**يه‌كه‌م:** چاره‌سه‌ر به ڕێنومايى.

**دووه‌م:** دياريكردنى جۆرى نه‌خۆشييه‌كه و پێدانى ده‌رمانى پێويست: ڕووه‌كى، ئاژه‌ڵى، كانزايى.

**سێيه‌م:** چاره‌سه‌ر به سيحر و ته‌ڵاسم (پزيشكێتى نه‌فسى)[1].

---

(١) عمر فروخ: تأريخ العلوم عند العرب، ص٤٨.



دۆلابێك كە ئامێرە پزیشكیەكانی لەخۆگرتووە
لە پەرستگای كوم ئەمبو

# پزیشكێتی میسریە كۆنەكان

مێژوو بۆمان باس دەكات: میسریە كۆنەكان، یەكەمین میللەتێك بوون مومارەسەی كاری پزیشكیی و دەرمانسازییان كردبێت، تارادەیەكی باشیش سەركەوتوو بوون، نمونەی شارەزایی و دەسترەنگینی ئەم میللەتەش، له مۆمیا و شیكاری جەستە و چارەسەری نەخۆشییەكان و، نوسینی كتێبی تایبەت لەو بوارەدا دەردەكەوێ[1].

(هۆمیرۆس) خاوەنی داستانی (ئۆدێسە) له كتێبەكەیدا، باس له هونەری پزیشكێتی لای میسرییەكان دەكات، كه بەم شێوازە لەو بارەیەوە دەدوێ: "(هێلین)، كیژی (زیۆس) شتێكی تری بەبیردا هات، یەكسەر هەستا و دەرمانێكی لەو شەرابە كرد، كه دەیانخوارد، دەرمانێك هەموو دەرد و ئازار و كینەیەكی دادەمركاندەوە، گشت خەمێكی لەبیر دەبردەوە.

هەركەسێك لەو بادەو شەرابە تێكەڵەی خواردباوە، ئیدی بەدرێژایی ئەو رۆژە، ئەگەر دایك و باببشی بەبەرچاویەوە مردبان، یان براو كوڕی ئازیزی لەبەردەمیدا كوژرابا، تاقە فرمێسكێكی له چاو نەدەڕژا، كیژەكەی (زیۆس) لەم گیا دەرمانانەی زۆر بوو، (پولیدامنا)ی هاوسەری (تون) دابویە، پولیدامنا خاتونێكی میسری بوو، خاكی میسر، جگە له گەنم، گیای زۆری لێدەڕوا، هەندێكیان وەكو دەرمان بەكاردەهات و، هەندێكیشیان ژەهری كوشندە بوون، لەم وڵاتەدا هەموان سەریان له پزیشكیی دەردەچوو، باشترین پزیشكیی دونیا بوون،

---

(١) عامر النجار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية، ص١٨.

چونكه له نه‌ژاد و ڕه‌سه‌نی (پایون) بوون"[١]، هۆمیرۆس له فیلی خیزانه به وه‌فاكه‌ی ئۆدیسیۆسه‌وه، كه خه‌ریكی سه‌رگه‌رمكردن و بیهۆشكردنی میوانه‌كانییه‌تی، ده‌مان به‌ستیته‌وه به‌شاره‌زایی و لیهاتویی میسرییه‌كان به‌ده‌رمانسازیی جۆراو جۆر، به‌ڕاده‌یه‌ك ده‌رمانه‌كانیان سیحر له مرۆڤ ده‌كه‌ن و بیر و هۆشی ده‌گۆڕن.

ده‌گیرنه‌وه و ده‌لین: فارسه‌كان زۆر سه‌رسامی پزیشكیتی میسرییه‌كان بوون، به‌شیوه‌یه‌ك پاشای فارس، په‌یامی بۆ فیرعه‌ونی میسر نارد و، داوای پزیشكیی چاوی كرد، ئه‌مه جگه له سه‌رسامبونی یۆنانییه‌كان به‌و شارستانییه‌ته و، گواستنه‌وه‌ی زانست و بۆچونه پزیشكیی و ده‌رمانسازییه‌كانیان بۆ ولاتی خۆیان.

له میسردا، ئه‌گه‌ر كه‌سێ بیویستبایه پزیشكیی فیر بیت، ده‌بوایه لای پزیشكیك، كه زۆرجار باوكی بوو فیر بكرابایه، یان له قوتابخانه‌ی پزیشكیی بیخوێندبایه، كه سه‌ر به‌په‌رستگایه‌ك بوو، زۆربه‌ی میسرییه‌كان به جیا له پزیشكه‌كان، هیچ كات خوێندن و نوسین فیر نه‌ده‌بوون، مه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی، كه له خوێندنگه تایبه‌تیه‌كاندا فیر ده‌كران، ئه‌مانه‌ش زیاتر منداڵانی چینه باڵاكانی ده‌گرته‌وه، له‌نیویشیاندا: ته‌نها كوڕان، چونكه كچان بۆیان نه‌بوو خۆیان ناونوس بكه‌ن، ده‌بوایه له ماڵه‌وه له‌گه‌ڵ دایكیاندا شیوه‌كانی ماڵداری فیربن تا كاتی هاوسه‌رگیریان، كه له دوانزه و سیانزه ساڵیدا ئه‌نجام ده‌درا، بیینه‌وه سه‌ر ئه‌وانه‌ی كه كاری پزیشكیان هه‌ڵده‌بژارد، پاش ته‌واوكردنی خوێندنه‌كه‌یان، زۆرێك له پزیشكه میسرییه‌كان به پزیشكیتی گشتیه‌وه سه‌رقاڵ ده‌بوون.

یه‌كێ له‌و شتانه‌ی، تاوه‌كو ئیستاش جیگای سه‌رنجه، لایه‌نی جوانكاری و گرنگیدانی خانمان و ژنانی فیرعه‌ونی بووه به‌جه‌سته‌یان، (نفرتیتی) وه‌ك له‌سه‌رچاوه‌كانه‌وه باسی لیوه ده‌كرێ و، له ناوه‌كه‌شیه‌وه (جوانی هات) جوان بووه، به‌ڵام جوانییه‌كه‌ی به‌ته‌نها، جوانییه‌كی سروشتی و ده‌ست لینه‌دراو نه‌بووه، به‌ڵكو جوانكاری بۆ كراوه، ئه‌مه‌ش له چاو ڕشتنی به‌شیوه‌یه‌كی درێژكراوه‌یی له‌گه‌ڵ تاتۆكردنی برۆیان به‌ڕه‌نگی ڕه‌ش به‌دیارده‌كه‌وێ، هه‌روه‌ها له وه‌رزی گه‌رمادا لاشه‌یان به زه‌یتیكی بۆندار چه‌ور ده‌كرد، یاخود خۆیان له زه‌یته بۆنداره‌كان

---

(١) اوديسة: هوميروس، ترجمة: امين سلامة

ده‌سوو، پاشان مه‌سحی لاشه‌یان به ڕۆنه ئاژه‌ڵیه‌كان ده‌كرد، ئه‌مه‌ش ته‌نها له پێناو هێشتنه‌وه‌ی لاشه‌یان بوو به باشی و دوور له ده‌ردو نه‌خۆشی، جگه له‌مانه‌ش، میسرییه‌كان گیراوه‌یه‌كیان هه‌بوو بۆ بۆنخۆشی جه‌سته‌یان به‌كاریان ده‌هێنا، هاوشێوه‌ی بوخورد وابوو، كه له توێكڵی دارێك ده‌ستیان ده‌كه‌وت به‌ناوی: (القرفه) (توێكڵی ئه‌و دارانه‌یه بۆنیان هه‌یه) وه‌كو: (الغار)، كه له په‌نا ئه‌شكه‌وت و كه‌ناراوه‌كانی وڵاتی شام دا هه‌یه، یان بۆنێكیان به‌كار ده‌برد پێیان ده‌وت: (الهراس)، ئه‌م بۆنه له دره‌ختێك سودیان وه‌رده‌گرت كه له وڵاتی: (میسر و حه‌به‌شه و سه‌نیگال) به‌زۆری ده‌ڕوێ، كه توێكڵێكی سپی، یان خۆڵه‌مێشی هه‌یه و گوڵه‌كه‌شی سپی، یان زه‌ردی كاڵه، له‌گه‌ڵ بوخورد تێكه‌ڵیان ده‌كرد و ده‌یاندا له بنباڵیان.

میسرییه‌كان زۆر گرنگیان به قژه‌كانیان ده‌دا و له‌و شوێنانه‌ی ڕوتابونه‌وه كاهویان ده‌خسته سه‌ر، ئه‌و قژانه‌شی سپی ببون خوێنی ئاژه‌ڵی ڕه‌شیان لێده‌دا، له بۆنه‌و ئاهه‌نگه‌كانیشدا قژی ده‌ستكردیان به‌كارده‌هێنا، كه شێوه‌یه‌كی زۆری هه‌بێت، ئه‌مه‌ش به‌تایبه‌تی له‌نێو بنه‌ماڵه‌ی هه‌ژده‌ی فیرعه‌ونییه‌كاندا باوبوو.

میسرییه‌كان گرنگیه‌كی زۆریان به چاوه‌كانیان ده‌دا، به‌وه‌ی مادده‌ی كیمیاییان لێده‌دا، بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش لیژنه‌یه‌ك له مۆزه‌خانه‌ی: (لوڤه‌ر) و كۆمپانیای (لۆریاڵ)، كه دروستكه‌ری به‌رهه‌مه جوانكاریه‌كانه له پاریس، هه‌ستان به شیكاركردنی مادده‌یه‌كی جوانكاری چاو، كه له‌ناو قاپه‌كانی مه‌ڕمه‌ڕ و قامیشی وشكدا پارێزراو بوو، كه مێژووه‌كه‌ی ده‌گه‌ڕایه‌وه بۆ هه‌زاره‌ی دووه‌می پێش زایین، پاش لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی ورد، بۆیان ده‌ركه‌وت: ئه‌و مادده ڕه‌شه، یان خۆڵه‌مێشیه‌ی میسرییه‌كان پێیان ده‌وت: (مسدمت) و عه‌ره‌ب پێی ده‌ڵێت: (كحل) كلی چاو چه‌ند مادده‌یه‌كی تێدایه له سروشتدا بونیان نییه، بۆیه لێكۆڵه‌ره‌وان گه‌یشتنه ئه‌و ڕایه‌ی، كه زانا كیمیاییه كۆنه‌كان گه‌یشتون به‌دوو توخمی سه‌ره‌كی و بنچینه‌یی له (مسدمت):

**یه‌كه‌میان:** غالینه: بریتیه له كبریتی قوڕقوشمی تۆخ، كه میسرییه‌كان له نزیك ده‌ریای سوور ده‌ریان هێناوه، جا ئه‌و شوێنه‌ی ئه‌و مادده‌یه‌ی تێدایه پێی ده‌وترێ: (الغالینة).

**دووه‌میشیان:** سیروسیت: مادده‌یه‌ك بووه تێكه‌ڵ به غالینه‌كه‌یان كردووه،

ئەویش كاربۆناتی قورقوشمی مەیلەو سپی بووە، له هەمان شوێنەوه هێناویانە، ئەوه بوو ئیتر لێرەدا لیژنەكە كارەكەیان وەستاند.

(فیلیب والْتەر) له تاقیگەی مۆزەخانەی فەرەنسا دەڵێ: "لەم مۆزەخانەیەدا پێنج سەد قاپی میسری كۆن هەیە، كه له كۆندا بۆ مادده كیمیاییەكانی جوانكاری بەكاریان هێناوە، ئەم ماددانه هەندێكی زۆریان گوازرانەوە بۆ فەرەنسا له كاتی شەڕی ناپلیۆن بۆ سەر میسر وەك دەسكەوتێكی جەنگی، ئەوەی جێگای تێڕامانه ئەو قاپانه تا ئێستاش لەسەر مادده ئەسڵیەكەی خۆیان ماونەتەوە، (والْتەر) و هاوڕێكەی (بولین مارتینۆ) كەشفیان كرد، دوو توخمی تر لەپاڵ (غالینه و سیروسیت) دا هەن، ئەوانیش : ربونایت و فوسجنایت: دوو توخمی قورقوشمین.

لەمەوه بۆمان دەردەكەوێت زانا میسریە كۆنەكان، كاتێ مومارەسەی كیمیایان كردووە، زۆر بە لێزانییەوه كردویانە، لەم بارەیەوه (والْتر) بڕوای وایە: (مسدمت) لەگەڵ ئەوەی وەك كەرەستەیەكی جوانكاری بەكارهاتووە، بەهەمان شێوه لەبواری پزیشكیدا سودی لێوەرگیراوە.

بۆ نمونه: یۆنانی و ڕۆمانییەكان چارەسەری نەخۆشی چاویان به (ربونایت و فوسجنایت) كردوە، كه دوو ماددەی قوڕقوشمین، به هەمان شێوه میسرییەكانیش زاناكانیان هەندێ جار ئەو ماددانەیان وەك لایەنێكی پزیشكیی بەكارهێناوە، بەتایبەتی له كاتی لافاوی نیل دا، كه میسرییەكان بۆ كاری كشتوكاڵی سودێكی باشیان لێوەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕوبارەكه شوێنی بڵاوبونەوەی نەخۆشی بووە، وەك هەوكردنی چاو، بەتایبەتی (تراخوما)، هەربۆیە بەكارهێنانی غالینه و سیروسیت له چاویان، كه ماددەی قورقوشمی تێدایە و بۆته هۆی كوشتنی زۆرێك له بەكتریا زیان بەخشەكان، هەروەها ماددەی (كلۆرین)، كه هەبووه له (لیۆنایت و فوسجنایت) چاوەكانیانی پاراستووە له هەر جۆره مێروو و بەكتریایەكی زیان بەخش، كه له ئاوی ڕوبارەكەدا بوبێت[1].

---

(١) بڕوانە: مجلة كلية الاداب- العدد ١٠٤: التحنيط في مصر القديمة، د.م.جمال ندا الصالح السلماني، ص٣٠٨-٣١١. سایتی بي بي سي عەرەبی.

دۆزینه‌وه شوێنه‌وارییه‌كان گه‌واهی ده‌ری ئه‌و ڕاستیه‌ن، كه خه‌ڵكی میسری كۆن، كاری نه‌شته‌رگه‌ریان ئه‌نجام داوه، ئه‌وه‌تا له گۆڕێكی سه‌رده‌می هه‌ره‌مه‌كان كه‌لله‌سه‌رێك دۆزرایه‌وه، كه نیشانه‌ی نه‌شته‌رگه‌ریه‌كی سه‌ركه‌وتوی پێوه‌یه له ده‌رهێنانی دومه‌ڵێك له ددانی یه‌كه‌می خڕێنه‌دا، هه‌روه‌ها له كه‌لله‌سه‌رێكی تردا به‌شێوه‌یه‌كی شاره‌زایانه، دوو ددان به‌زێڕ لكێندرابوون.

پزیشكه میسرییه‌كان به‌هۆی كاری مۆمیاكردنه‌وه، زانیاریه‌كی زۆریان له‌باره‌ی له‌شی مرۆڤه‌وه به ده‌ستهێنا، ئه‌م پرۆسه‌یه‌ش به چه‌ند قۆناغێكی ورددا تێپه‌ڕی، له‌سه‌ره‌تادا ده‌ماغی كه‌سه‌كه له لوتیه‌وه ده‌رده‌هێنرا، پاشان تێكه‌ڵه‌یه‌ك له مێو و كه‌تیره و ڕۆن ده‌كرایه ناو كه‌لله‌سه‌ره‌كه‌وه، پاشانیش ناوسكی هه‌موو فڕێده‌درایه ده‌ره‌وه بۆ ئه‌وه‌ی بۆگه‌ن نه‌كات، دڵه‌كه‌شیان به‌گیراوه‌ی خورما ده‌شۆرد و جه‌سته‌كه‌شیان به‌خوێ و ئاو ده‌كرد، پاشانیش به‌هارات و زه‌یتیان به‌جه‌سته‌كه‌وه ده‌كرد، خراپ نه‌بێت، ئینجا له به‌سته‌رێكی كه‌تان ده‌پێچرا، ئه‌م زانیارییانه له ئه‌نجامدانی نه‌شته‌رگه‌ری كه‌سه زیندووه‌كاندا یارمه‌تیی ده‌دان، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌شته‌رگه‌ری قورس و گرانتر ئه‌نجام بده‌ن ، له‌وانه: برینه تونده‌كانی سه‌ر و ته‌نانه‌ت زیانه مه‌ترسیداره‌كانی مۆخیان تیمار ده‌كرد، بۆ خستنه‌وه جێی ئێسكه شكاوه‌كان سودیان له ته‌خته‌ی شكان به‌ند وه‌رده‌گرت).

(ئه‌منۆحوتبی) ئه‌ندازیاری گه‌وره‌ی میسر و پزیشكیی تایبه‌تی و وه‌زیری فیرعه‌ونی میسر (زۆسه‌ر)، كه له (٢٦٠٠)پ.ز ژیاوه، له‌كاتی پێكانی كرێكار و سه‌رپه‌رشتیاره‌كانی هه‌ره‌می گه‌وره‌دا، هه‌ڵده‌ستا به‌پێدانی جۆره ماده‌یه‌ك بۆ ئه‌وه‌ی له كاتی نه‌شته‌رگه‌ریدا هه‌ست به هیچ جۆره ئازارێكی توند نه‌كه‌ن، كه ناڕه‌حه‌تیان بكات، پاشانیش بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی هه‌وكردن و پیسی ئامرازه‌كانی ده‌شۆرد و له ئاگردا پاكژی ده‌كردنه‌وه، چیرۆكێكی پزیشكیی هه‌یه، له‌سه‌ر شێوازی نه‌شته‌رگه‌ری میسرییه‌كان، كه له‌لایه‌ن: (لیۆنارد كوتریله‌وه) له كتێبی: (الحياة في عهد الفراعنة) به‌م شێوازه ده‌یگێڕێته‌وه[1]:

"یه‌كێك له كارگوزارانی حكومه‌ت به‌ناوی (سنمون) له گالیسكه‌كه‌ی

---

(١) ليونارد كوتريك: (الحياة في عهد الفراعنة)، ترجمة: شفيق اسعد فريد، ص٥٧.

فیرعه‌وندا بریندار بوو، له‌لایه‌ن براده‌ره‌كه‌یه‌وه (كنامون) برایه خه‌یمه‌ی پزیشكی، سه‌ره‌تا پزیشك برینه‌كه‌ی خاوێن كرده‌وه و خوێن به‌ربونه‌كه‌ی وه‌ستاند و پێسته دڕاوه‌كه‌ی دوریه‌وه، ئینجا پشكنینێكی وردی كرد، زانی ده‌ست و پێی چه‌پی (سنمۆن) ئیفلیج بووه، بۆیه كه‌لله‌سه‌ری پشكنی تاوه‌كو دڵنیا بێت، كه شكانی تێدا نییه، به‌ڵام دواتر زانی ئیفلیجیه‌كه به‌هۆی فشارێكه‌وه‌یه، كه كه‌وتۆته سه‌ر مێشكی و ده‌بێت چاره‌سه‌ری خێرای بۆ بكرێت، ئامرازه نه‌شته‌رگه‌ریه‌كانی له‌سه‌ر مێزێك له ته‌نیشت ته‌خته‌كه‌وه دانابوو، چه‌ندین چه‌قۆی لار له‌شێوه‌ی جیاواز و مشار و درێلی له‌خۆده‌گرت.

سه‌ره‌تا به مشارێكی تیژ و گچكه، به‌شێك له كه‌لله‌سه‌ره‌كه‌ی هه‌ڵگرت و ڕوپۆشه‌كانی بڕی، تاوه‌كو مێشكی ده‌ركه‌وت، پاشان به هێمنی خوێنه وشكبووه‌كه‌ی هه‌ڵگرت و ڕیشاڵه زیان پێگه‌یشتووه‌كانی پاك و خاوێن كرده‌وه و، كه‌لله‌سه‌ره‌كه‌ی به‌رێكودروستی دانایه‌وه و به برینپێچ و سكۆنین به‌ستی، كاتێ به‌ته‌واوی لێبویه‌وه نزیكی ده‌مه‌وبه‌یان بوو، كاتێ هاوڕێكه‌ی پرسیاری حاڵی (سنمون)ی كرد، له‌وه‌ڵامیدا وتی: ناتوانم به‌ته‌واوی بڵێم چاكبۆته‌وه، به‌ڵام مه‌ترسی له‌سه‌ر كه‌مبۆته‌وه و دڵی به‌باشی لێده‌دات و ده‌بێ زیندوو بمێنێت".

ئه‌م پێشكه‌وتنه گه‌وره‌یه، له بواری پزیشكیدا له‌لایه‌ن میسرییه‌كانه‌وه، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ به‌رزی و به‌توانای هه‌ندێ له پزیشكه گه‌وره‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه، كه به لێهاتویی و ده‌ست و په‌نجه ئاڵتونییه‌كانیان ژیانی دمیان كه‌سیان پاراستووه و ڕێنماییان داوه‌ته خه‌ڵكی، تا له نه‌خۆشییه‌كان خۆیان بپارێزن، له‌وانه: (ئه‌منۆحوتب، حسی ڕه‌ع، مریت بتاح، بنسو، بسشیت، قار، بسماتیك زینب، جاحور رزنب، بتوا نیس، ئوتی، تحوت ئم حوب، ...)[1].

---

(١) د. بوليوس جيار: (الطب والتحنيط في عهد الفراعنة)، ترجمة: أنطون زكري، ص١١٢-١١٣.

# پزیشکیتی چینییه‌کان

ئه‌وه‌ی له پزیشكێتی و سه‌ره‌تاكانی مێژووی ئه‌م وڵاته‌وه به‌رچاومان ده‌كه‌وێت، دیارده‌ی ئه‌فسانه‌یه، زاڵبونی ئه‌فسانه به‌سه‌ر ته‌واوی كلتور و مێژووی ئه‌م وڵاته‌دا به‌رچاو ده‌كه‌وێ، تا چه‌ند سه‌ده‌یه‌كیش به‌ر له له‌دایكبونی مه‌سیح، هه‌ربۆیه ده‌بینین، داهێنانه پزیشكیه‌كانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ش، به‌رگێكی ئه‌فسوناویان كراوه به‌به‌ردا.

مێژووی پزیشكیی له وڵاتی چین، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ(٣٠٠٠)پ.ز، كه (وای بویانج) یه‌كێ بووه له پزیشكه دیاره‌كانی، یاخود دامه‌زرێنه‌ری پزیشكیی گیایی: (شین نونج) له‌ئیمپراتۆری (فیویو)، به‌یه‌كه‌م لێكۆله‌ری ڕووه‌كناس ده‌ناسرێ له‌سه‌ده‌ی (٢٢)پ.ز، به‌ڵام یه‌كه‌م نوسراوی پزیشكیی، كه ده‌توانین بڵێین: سه‌ره‌تایترین نوسراوی پزیشكیه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ساڵانی (٢٦٠٠)پ.ز[1]، ئه‌ویش بریتیه له: (یاسای ده‌روونی پزیشكی) كه‌ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ یوهسینگ له ئیمپراتۆری زه‌رد، یه‌كێ بووه له پزیشكه دیاره‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه، ئه‌م پزیشكه له كتێبه‌كه‌یدا ده‌ڵێ:"له‌شی مرۆڤ وه‌ك: نه‌ته‌وه وایه، دڵ وه‌كو ئیمپراتۆر وایه، ده‌بێ دامه‌زراو و قایمكار بێت، سییه‌كان وه‌ك: وه‌زیره‌كانه، ده‌بێ ئیداری بێت و نه‌هێڵێ شتی پیس و خراپ ڕووی تێبكات، جگه‌ریش وه‌ك جه‌نه‌ڕاڵ و سه‌ركرده‌ی سوپا وایه، ده‌بێ كاره‌كانی هه‌میشه پاكتاوكردن و ڕێكخستنه‌وه بێت، زراو، وه‌كو حاكم وایه و شوێنگه‌ی بڕیار و فه‌رماندانه، هه‌رچی سپڵ و په‌نكریاس و

---

(١) د.عبدالرحمن أقرع: تاريخ الطب الصيني، ص٥



چارەسەر بەدەرزی ئاژنین لەبنەماڵەی مینگ

گەدەشە، سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری گەنجینەیە، شوێنی هێشتنەوەی خۆراك و

هەرسكردنە، بەم پێیە دەزانین: ئەو كەسەی لەشی خۆی هاوسەنگ ڕادەگرێت، دەتوانێت هاوسەنگی ولاّتێك ڕابگرێت، ئەوەی ولاّتێك دەخاتە ئاسایشەوە پشتیوانیكردنی دۆستانەی خەڵكە، خواردنی شتی وزەدار و چاكیش دەبێتە مایەی پاراستنی سەلامەتی مرۆڤ"[1].

بەپێی ئەم بیروڕایە، نەخۆشی كاتێ دەردەكەوێ، كە مرۆڤ هاوسەنگی دەروونی لە دەست بدا، هەربۆیە ئەركی پزیشك ئەوەیە: هاوسەنگی لەش و دەرونی نەخۆشەكان ڕابگرێ، بە چارەسەركردنی نەخۆشییە جەستەییەكان و بەكارهێنانی پەرستش و ویردە ئایینییەكانیش، بۆ چارەسەركردنی لایەنی دەرونی نەخۆشەكە.

بنەمای پزیشكیی چینی لەسەر تیۆرییەك وەستاوە، كە ئەویش هێز، یان گیانە، كە خۆیان ناوی لێدەنێن: (چی)، پێیان وایە: هەمیشە لەناو لاشەدا لەگەڕدایە، نەخۆشی كاتێ سەرهەڵدەدات (چی) لاشە هەرەسی هێنابێت، یان (چی)یەكی زیانبەخش لە دەرەوە هاتبێتە ناو لەشی مرۆڤ.

باشترین چارەسەرێك، كە تا ئەمڕۆش پزیشكان لە جیهاندا سودی لێوەربگرن لە پزیشكێتی كۆنی چینی (دەرزی ئاژن)ە، كە بۆ یەكەمین جار لە كتێبێكدا باسكراوە، كە مێژووەكەی دەگەڕێتەوە بۆ (٢٨٠٠)پ.ز، لە پزیشكیی دەرزی ئاژندا، دەرزیەكان لە خاڵێكی دیاریكراوی لاشە دەدرێن، تاوەكو جموجوڵە نارێكەكانی لاشە ڕێك بخەنەوە، دواتر دەرزییەكان دەسوڕێنن یان دەیانجوڵێنن، ئەمڕۆ دەبینین: ئەم چارەسەرە لە خۆرهەلاّت و خۆرئاواش بەشێوەیەكی دیار ڕەواجی پەیداكردووە و، بۆتە یەكێ لە چارەسەرە پڕ سود و باشەكان بۆ جەستەی نەخۆشی مرۆڤەكان[2].

پزیشكە چینییەكان بەهۆی زیرەكی و ئەزمونی زۆریانەوە، كۆمەڵێك دەستكەوتی گەورەیان لە بواری پزیشكیدا بەدەست هێنابوو، لەوانە:

- بۆ پشكنینی لێدانی دڵ، لەڕێگای مەچەكی دەست و، شوێنی تری لاشەوە

---

(١) هوارد وكول: (الطب الاسيوي)، ص١٣٨.

(٢) جان شارل سورنيا: تأريخ الطب، ترجمة:د.ابراهيم البجلاتي، ص١٣٧-١٣٩

دیاری ده‌كرا.

- له‌لای چینییه‌كان زانرابوو، كه له‌شی مرۆڤ، وه‌ك: تاری ژێدار وایه، لێدانی دڵی وه‌كو ژێیه‌كانی وایه و ده‌كرێ به‌و جۆره له ڕێگای پشكنینی لێدانی دڵه‌وه، جۆری ناهاوسه‌نگی جه‌سته‌یی و بارودۆخی كه‌سی نه‌خۆش هه‌ڵبسه‌نگێنرێ.

- له‌به‌ر ئه‌وه‌ی پزیشكه‌كان پیاو بوون، شتێكی ئاسان نه‌بوو پشكنینی له‌شی ژنانی نه‌خۆش بكرێت، به‌م پێیه ژنانی چینی بۆ باسكردنی نه‌خۆشییه‌كه‌یان، كه‌ڵكیان له بووكه شووشه وه‌رده‌گرت و له‌و ڕێگایه‌وه جۆری نه‌خۆشییه‌كه‌یان به پزیشكه‌كه ڕاده‌گه‌یاند، تا چاره‌سه‌ری دروستیان بۆ ئه‌نجام بدات[1].

---

(١) بڕوانه: جان شارل سورنیا: (تأریخ الطب)، ص١٣٩. علي بن عبدالله الدفاع: (رواد علم الطب في الحضارة الاسلامية)، ص٢٣.

# پزیشكێتی هیندییەكان

سەرەتا دەمەوێ ئەوەت لا ڕوون بێت، كە هیندی كۆن لەگەڵ هیندی ئێستا زۆر جیاواز بووە و، لەڕووی جوگرافیەوە بەپێی نەخشەی ئێستا، ئەم ناوچانەی گرتۆتەوە: هیند، پاكستان، بەنگلادش، دورگەی سیلان.

جا كاتێ دەڵێین: هیندی كۆن، مەبەستمان لە هیندی پێش دابەشكردنە[1]..

لە گرنگترین تایبەتمەندیەكانی پزیشكێتی هیندی بریتی بوو لە: گرنگیدان بە سروشت و پۆلێنكاری بۆ نەخۆشییەكان، دۆزینەوەی چارەسەری پێویست بەسوود وەرگرتن لە دەرمانە ڕووەكی و ئاژەڵیەكان، بەكارهێنانی نەشتەرگەری لە كاتە پێویستەكاندا، سود وەرگرتن لە شتە ئەفسانەیی و خورافیەكان، وەكو لایەنێكی بەرزكردنەوەی ئاستی نەخۆش[2].

لەسەرچاوەكانەوە بۆمان دەردەكەوێ: هیندییەكان توانیویانە كۆمەڵێك ئەنجامی باش لەم زانستەدا بەدی بێنن، لەوانە: پەڕاندنی ئاوڵە، نەشتەرگەری جوانكاری، نەشتەرگەری قەیسەری، واتە: دەرهێنانی منداڵ لە سكەوە، چارەسەری فتق، چارەسەری ژەهراوی بوون و ڕێنمایدان لەو بارەوە، وەستاندنی خوێنبەربوون لەكاتی نەشتەرگەری لەڕێگای پەستان خستنە سەرو بەكارهێنانی ڕۆنی گەرم، ئەمە جگە لە بەكارهێنانی زیاتر لە (١٠٠) ئامێری جۆراوجۆری تایبەت بە نەشتەرگەری[3].

---

(١) د.كمال السامرائي: مختصر تأريخ الطب العربي، ج١/ ص٥٧.

(٢) د.حسن بيعي: أساسيات الطب، ص٢.

(٣) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة الاسلامية، ص٢٦.



ئایرڤیدا

پزیشكیتی هیندییه‌كان، دره‌وشانه‌وه‌یه‌كی یه‌كجار دیاری بوو به‌سه‌ر شارستانییه‌ته‌كانی یۆنانی و فارسی و ئیسلامیدا، هه‌ربۆیه ده‌بینین بۆ ماوه‌ی چه‌ندین سه‌ده ئه‌م پزیشكێتیه بڵاوبووه و به‌پێی دۆزینه‌وه و توێژینه‌وه‌و لێكۆڵینه‌وه شوێنه‌واریه‌كان كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه له شارستانییه‌تی هیندیدا، مێژوویه‌كی كۆنی هه‌یه و، یه‌كه‌مین نه‌خۆشخانه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ده‌ی (٥) پ.ز، هه‌روه‌ها دانه‌یه‌كی دیشیان ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ده‌ی (٣)پ.ز، ئه‌مه جگه له به‌ربڵاوی كتێبه پزیشكیه‌كانیان، كه ناووناوبانگیان تاوه‌كو سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست درێژه‌ی كێشاو، زۆربه‌ی بۆچونه‌كانیشیان، تا هه‌نوكه كاریان - پێده‌كرێ، ئه‌ویش له‌سه‌ر بنه‌مایه‌كی جوان ئه‌م زانسته‌یان داڕشتبوو، كه پێی ده‌وترا: (ئایرڤیدا) به‌واتای (زانستی پێویست بۆ ته‌مه‌نێكی درێژ)، ئه‌مه‌ش ده‌چێته‌وه سه‌ر بنه‌مای كۆنترین بیروبڕوای هیندی (هیندۆیزم و بودیزم).

له پزیشكه دیار و ناوداره‌كانی زانستی پزیشكیی هیندیش، یه‌كه‌میان به‌ناوی: (شاراك[١]) له‌سه‌ده‌ی دووه‌می زاینی ژیاوه و، كتێبه‌كه‌ی له‌ده‌ورانی ساسانیدا وه‌رگێڕدرایه سه‌ر زمانی په‌هله‌وی، دواتر له‌سه‌ده‌ی (٢ك / ٨ز) له‌ده‌ورانی عه‌باسیه‌كاندا له‌لایه‌ن (عبدالله كوڕی عه‌لی)یه‌وه وه‌رگێڕدرایه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، كه (ئیبن ربن طبري) له (فردوس الحكمة) و ئه‌بوبه‌كری ڕازی له (الحاوي) كردویانه‌ته سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كی خۆیان[٢]، ئه‌ویتریان به‌ناوی (سوسروتا)یه، ژیاوه له (٣٠٠)ز، كتێبه‌كانی له‌لایه‌ن ساسانییه‌كانه‌وه وه‌رگێردرایه سه‌ر زمانی په‌هله‌وی، دواتر له‌سه‌رده‌می هارون ڕه‌شید، له‌لایه‌ن پزیشكیی هیندی به‌توانا (منك)ه‌وه وه‌رگێڕدرایه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، به‌ناوبانگترین كتێبه‌كانیشی، یه‌كه‌میان به‌ناوی خۆیه‌وه (سوشروتا) بوو، ئه‌وی دیشیان (السموم لشاناق) بوو، كه چه‌ندین زانیاری گه‌وره‌ی پزیشكیی تێدا خرابوه ڕوو، له‌وانه: دۆزینه‌وه‌ی هۆكار و سروشتی نه‌خۆشی به پشكنینی ده‌ره‌كی نه‌خۆش، گوێگرتن

---

(١) شاراك، كه به (شرك)یش ناوده‌برێ، یه‌كێكه له پزیشكه هیندیه گه‌وره‌كان و هاوسه‌رده‌می پزیشكیی گه‌وره جالینۆس بووه، به‌ربڵاوبووه زانیاریه‌كانی به‌درێژایی (٤)سه‌ده و به نه‌خۆشییه‌كانی گه‌ده و دڵ زیاتر ناوبانگی په‌یداكردووه.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانه هیندی كۆن له فردوس الحكمة (ئیبن ربن طبری) لاپه‌ره ٥٥٧-٦٠٠، یان ابن ابی اصیبعه: (عیون الأنباء)، لاپه‌ره ٤٧٣-٤٧٧.

له ده‌نگی قه‌فه‌زه‌ی سنگ و به‌هێواشی گوشار خستنه سه‌ر سك، ناساندنی (٣٤١) ڕووه‌كی ده‌رمانی و (١٧٧) ده‌رمانی دروستكراوی ئاژه‌ڵی و (٦٤) ده‌رمانی كانزایی، به‌كارهێنانی ده‌رزی سمت و چاودێریكردنی دووگیان و چۆنییه‌تی پێدانی خۆراك به‌ منداڵ و په‌روه‌رده‌كردنی، نیشاندانی كۆمه‌ڵێك ك نه‌شته‌رگه‌ری له‌وانه: شێوه‌یه‌ك له‌ نه‌شته‌رگه‌ری پلاستیكی، كه‌ له‌ پێستی نێوچاوان بۆ دروستكردنه‌وه‌ی لوتی بڕاو كه‌ڵكی لێوه‌رگیراوه، ئه‌م نه‌شته‌رگه‌ریه‌ به‌سوود بووه، چونكه‌ ئه‌و سه‌رده‌مه‌ بڕینی لوت سزای باوی گه‌لێك تاوان بووه.

سه‌باره‌ت به‌ پزیشكێتی هیندییه‌كان، له‌پاش چونی ئه‌سكه‌نده‌ری مه‌كدۆنی له‌ كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی (٤)پ.ز بووه، هۆی گواستنه‌وه‌ی بیرۆكه‌ پزیشكیه‌كانیان بۆ وڵاتی یۆنان و هاتنی فارسه‌كانیش بۆ وڵاتی هیندستان، به‌تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می كیسرا نه‌وشیروان (٥٣٥-٥٧٩)ز بووه، هۆی ئاشنابونی فارسه‌كان به‌لایه‌نی پزیشكێتی هیندییه‌كان و وه‌رگێڕانی كتێبه‌ پزیشكیه‌كانیان و دواجاریش زانستی پزیشكیی هیندییه‌كان خۆی، له‌ بیمارستانی (جنديسابور) دا بینییه‌وه‌ تاوه‌كو له‌ (١٧ك/٦٣٨ز) حوكمی ئیسلامی گه‌یشته‌ ئه‌و ناوچه‌یه‌ و، ورده‌ ورده‌ ئه‌م زانسته‌ به‌ شارستانییه‌تی ئیسلامی ئاشنابوو[1].

---

(١) د.كمال السامرائي: (مختصر تأريخ الطب العربي)، ج١/ ص٥٨-٦٠.

# پزیشكێتی یۆنانییەكان

پزیشكێتی لای یۆنانیش، خاڵی نەبووە لەو دیوە خورافی و ئەفسانەییە، بگرە بنەڕەتی پزیشكێتی ئەم شارستانییەش، لە ئەفسانەی كەسە پاڵەوانباز و لەشساغەكاندا خۆ دەنوێنن، لە نمونەی: هرقل (هیركلیس)، كە كوڕی خواوەند زیۆسە و، توانایەكی بێئەندازەی هەیە، یان پاڵەوانەكەی تەڕوادە (ئەشیل Achilles)، كەوا بەپێی ئەفسانەكە، دایكی لەڕووباری (ئیستكس)ی هەڵكێشا، بۆ ئەوەی هیچ نەخۆشی و بەڵایەك نەیگرێتەوە، بەڵام قولە پێی تەڕ نەبوو، ئەمەش بووە تاكە شوێنی لاوازی جەستەی، هەربۆیە دوژمنەكەی پاریس ئەمەی كردە خاڵی لاوازی و، بەیەكەم تیر لە قاپی قاچی كوشتی[1]، هەروەها ئەفسانەی هیرمس (Herms) كەوا پیاوێك بووە، كڵاوێكی لەسەر بووە و دوو شاخی پێوە بووە، لەگەڵ عەسایەك، كەوا دوو ماری پێوە بووە، كە ڕەمزی پیرۆزی و لەشساغی و زیندوێتی بووە[2].

هەرچەندە ئەم وێنایەی (هیرمس)، زیاتر لە وێنای گەلگامێشی سۆمەریەوە وەرگیراوە، كەوا كەسێكی شاخدار بووە و، دواتریش بەدوای گیای نەمریدا دەگەڕێ و، پاش بەدەستهێنانی، پێش ئەوەی بیخوات، مارێك پەلاماری گیاكەدەدات و هەموی دەخوات، بەمەش (مار)، لای سۆمەرییەكان دەبێتە ڕەمزی نەمری.

هەروەها چیرۆكێكی دیكەشمان هەیە هەر لەم لایەنەوە، ئەویش چیرۆكی پزیشكیی ئەفسانەیی یۆنان (ئیسكلابیوس)ە كە لە ئێستادا بۆتە ڕەمزی

---

(١) امین سلامة: (معجم الأعلام في الأساطير اليونانية و الرومانية)، ص١٢.

(٢) الأب فؤاد جرجي بربارة: (الأسطورة اليونانية)، ص١٣٢.



هێمای پزیشكیتی لای یۆنانیه‌كان

ده‌رمانخانه و پزیشکێتی، جا چیرۆکه‌که باس له‌وه ده‌کات: ئه‌م پزیشکه جارێکیان به خۆی و دارعه‌سایه‌که‌وه به‌ناو بیابانێکدا ده‌ڕوات، له پڕ دوو مار له خاکه‌که‌وه دێنه ده‌ره‌وه و ده‌پێچرێنه عه‌ساکه‌یه‌وه، به‌ڵام یه‌کێکیان ده‌مرێ و ده‌که‌وێ، ئه‌وی دیکه‌شیان، که گیایه‌کی تازه ده‌رهاتوی سه‌وزی به‌ده‌مه‌وه‌یه، ده‌یکاته ده‌می ماره مردووه‌که زیندوو ده‌بێته‌وه، به‌مه‌ش عه‌ساکه‌ی ئه‌م پزیشکه، ده‌بێته شیفا به‌خش بۆ نه‌خۆشانی یۆنانی و له‌گه‌ڵ کچه‌که‌ی ده‌بنه پزیشکیی خه‌ڵکی و چاره‌سه‌ریان ده‌که‌ن، یاخود ئه‌فسانه‌ی (میدوسا Medusa) یه‌کێکی دیکه‌یه له ئه‌فسانه‌کان، که‌وا کچێکی جوان به‌ناوی: (میدوسا)، ده‌که‌وێته به‌ر نه‌فره‌تی (ئه‌سینا)، به‌مه‌ش قژه جوانه‌کانی ده‌بنه مار[1].

له‌مه‌وه بۆمان ده‌رده‌که‌وێ: لای یۆنانییه‌کانیش هاوشێوه‌ی نه‌ته‌وه دێرینه‌کانی تر، به‌ڵاو نه‌خۆشی و چاره‌سه‌ر و، به‌هێزی له‌ش و له‌شساغی جه‌سته‌یان، بۆ دڵسۆزی و نه‌فره‌تی خواوه‌نده‌کان ده‌گێڕایه‌وه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ده‌بینین: ئه‌م شارستانییه‌ته، خاڵی نه‌بووه له پزیشك و که‌سانی زانستی، له‌و پێناوه‌دا ده‌بینین: (ئه‌سینا) بۆ ماوه‌ی چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك قوتابخانه‌یه‌کی گه‌وره‌ی زانستی بوو، هاوشان له‌گه‌ڵ چونی ئه‌سکه‌نده‌ر بۆ میسر و بڵاوکردنه‌وه‌ی شارستانییه‌تی یۆنانی له‌و ناوچه‌یه، دواتریش دروستبونی حوکمی (به‌تلیمۆس)یه‌کان، ده‌بینین: ئه‌سکه‌نده‌ریه ده‌بێته قوتابخانه‌یه‌کی دره‌وشاوه له‌و بواره‌دا.

**لێره‌دا به کورتی سه‌رنجتان بۆ چه‌ند پزیشکێکی دیاری ئه‌و سه‌رده‌مه ڕاده‌کێشم، له‌وانه:**

### ئـه‌لکمیــۆن:

یه‌کێکه له پزیشکه سه‌ره‌تاییه‌کانی یۆنانی کۆن، له سه‌ده‌ی (٦) پ.ز ژیاوه، بیرمه‌ند و فه‌یله‌سوفێکی دیار بووه و، توانیویه‌تی شیکاری بۆ جه‌سته‌ی مرۆڤ بکات و، په‌ی به‌گه‌لێك نهێنی له‌م زانسته‌دا ببات، یه‌که‌م که‌سیش بووه جه‌سته‌ی مردوویی هه‌ڵدڕیوه و بۆ مه‌به‌ستی توێکاری به‌کاری هێناوه، به‌مه‌ش گه‌یشتۆته ئه‌و ده‌رئه‌نجامه‌ی جه‌سته‌ی مرۆڤ نوقسانه، هه‌ربۆیه گه‌رمی و ساردی و

---

(١) د.أيمن أبو الروس: الإغريق (شعوب العالم القديم)، ص٥٠-٥١.

خۆشی و ناڕەحەتی و ... كاری تێدەكات، پاش خۆشی بیرۆكە و زانیاریەكانی گواسترانەوە بۆ باوكی پزیشكیی (بوقرات)[1].

**بوقـــرات (Hippocrtes)[2]:**

بەباوكی پزیشكیی ناودەبرێ و، بەناودارترین پزیشك (نوژدار)ی سەدەی پێنجەمی پ.ز دادەنرێ، سەرەتا لەلای باوكی فێری كاری پزیشكیی بووە، دواتریش خۆی پەرەی پێداوە و، توانیویەتی لەو دورگەیەی لێی بووە، نەخۆشخانەیەك بۆ نەخۆشان بكاتەوە، پاشانیش لەتەك كارەكەیدا توانیویەتی قوتابیان فێری كاری پزیشكیی بكات.

ئەم پزیشكە بۆ یەكەمجار، كاری پزیشكیی لە ئایین و فەلسەفە جیاكردەوە و وتی: "نەخۆشكەوتنی مرۆڤەكان، لە ئەنجامی گۆڕان و تێكچونی باری هەوا و خۆراكی كەسەكەوەیە".

یەكێ لە تایبەتمەندیەكانی ئەم پزیشكە ئەوەبوو: كەمتر پشتی بەدەرمان دەبەست و، هەوڵی دەدا لەرێگای پارێز و پەیڕەوكردنی ڕژێمی خۆراكی و شێلانەوە چارەسەری دروست بكات[3].

یەكێ لە شتەكانی ئەم پزیشكە، كە ماوەتەوە و تاوەكو ئێستاش لەنێو پزیشكاندا هەیە، سوێندەكەیەتی كەوا دەڵێ: "سوێند دەخۆم، دەبێ دڵسۆز بم بۆ سوێندەكەم، كە تاوەكو لە توانای عەقڵ و لەشمدا بێت، پزیشكیی بۆ یارمەتیدانی نەخۆش بەكاربێنم، هەرگیز بۆ ئازاردان بەكاری نەهێنم، دەرمانی كوشندەش بەكەس نەدەم، هەتا ئەگەر ناچاریش بكرێم، هەرچیەك ببیستم، یان ببینم لەكاتی ئیشكردنمدا، ئەگەر پێویستی بەشاردنەوە بێت" دەبێ باسی نەكەم، یەكێ لە

---

(١) د.أيمن أبو الروس: الإغريق (شعوب العالم القديم)، ص٥٧

(٢) لە دورگەی (كوس) ساڵی ٤٦٠پ.ز لەدایك بووە، لە حمص نیشتەجێ بووە، لە دیمەشق پێگەیشتووەو بۆتە مامۆستا، لە شاری لارسا وەفاتی كردووە لە ٣٧٧پ.ز. بڕوانە: زركلي: الاعلام، ٢/ ٢١٤. جورج سارتون: تأريخ العلم، ٢١٩/١.

(٣) كمال السامرائي : (مختصر تاريخ الطب العربي) ج١، ص١٠٩.

هه‌ڵوێسته نیشتمان په‌روه‌ریه‌كانی ئه‌م پزیشكه ئه‌وه‌بوو: كاتێ (ئه‌رتحشتای هه‌خامه‌نشی) پاره و خه‌ڵاتێكی زۆری بۆ نارد و داوای لێكرد بچێته وڵاته‌كه‌ی به‌ڵام ئه‌م پزیشكه پاره‌كانی بۆ ناردەوه و بۆی نوسی: "من خزمه‌تی دوژمنی وڵاته‌كه‌م ناكه‌م"[1].

**هـــیروفیلاس :**


به باوكی توێكاری جه‌سته ناوزه‌د ده‌كرێ، له‌نێوان ساڵانی: (٣٣٥-٢٨٠) پ.ز ژیاوه، به‌هۆی رێگه‌دان به هه‌ڵدڕین و توێكاری جه‌سته‌ی مردوان، ئه‌م پزیشكه ته‌واو وابه‌سته‌ی ئه‌م كاره ببوو، له‌ماوه‌ی ژیانی پزیشكێتیدا، نزیكه‌ی (٦٠٠) مردوی هه‌ڵدڕی بۆ مه‌به‌ستی توێكاری، هه‌ربۆیه به‌هۆی ئه‌و لێهاتویی و زانسته‌ی له‌و بواره‌دا به ده‌ستی هێنا بوو، له‌لایه‌ن ئه‌سكه‌نده‌ره‌وه له ئه‌سكه‌نده‌ریه خه‌ڵات كرا، له‌و پێناوه‌شدا گه‌شت به چه‌ندین دۆزینه‌وه له زانستی توێكاری جه‌سته‌دا و، نزیكه‌ی (٩) كتێبی نوسی، به‌ڵام زۆربه‌ی دانراوه‌كانی، به‌هۆی ئاگركه‌وتنه‌وه له كتێبخانه‌ی (ئه‌سكه‌نده‌ریه) سوتان.

ئه‌م پزیشكه پێی وابوو: سه‌رچاوه‌ی جوڵه‌ی ماسولكه‌كان مێشكه، مێشك ده‌بێته سه‌رچاوه‌ی مه‌ركه‌زی جوڵان، هه‌روه‌ها یه‌كێ له‌كاره سه‌یرو سه‌مه‌ره‌كانی ئه‌م پزیشكه ئه‌وه بوو: ئه‌و كه‌سه تاوانبارانه‌ی حوكمی مردنیان به‌سه‌ردا ده‌درا، له‌لایه‌ن ئه‌م پزیشكه‌وه به زیندوێتی هه‌ڵده‌دڕان، تاوه‌كو باشتر سه‌رنج بداته ناوه‌وه‌ی جه‌سته‌كان، پێش ئه‌وه‌ی له‌كار بكه‌ون!![2]

---

(١) د.عبدالكافي توفيق المرعب: (أبقراط الطبيب)، ص٧.

(٢) بڕوانه: د. كمال السامرائي : (مختصر تاريخ الطب العربي) ج١، ص١٢٥. د.أيمن أبو الروس: الإغريق (شعوب العالم القديم)، ص٥٧.



وێنه‌یه‌كی خه‌یاڵی جالینۆس له‌كاتی چاره‌سه‌ركردنندا




له‌لای ڕاسته‌وه‌/ بوقرات.ئیبن سینا.جالینۆس

# پزیشكیتی ڕۆمییەكان

## (١٠٠پ.ز-٣٦٤ز)

ڕۆما، مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، سەرەتای ئەم مێژووەشی دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی هۆزەكانی ناوچەی: (ئاڵپ) بۆ (ئیتاڵیا) لە هەزارەی دووەمی (پ.ز)، بەڵام مێژووی دامەزراندنی ڕۆم لەلایەنی كلتوری و ئەفسانەییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ (٧٥٣)پ.ز. بەڵام ڕۆمیەكان، هەتاوەكو سەرەتای سەدەی (٤) پ.ز ڕووداوە مێژوویەكانیان تۆمار نەدەكرد، بەمەش سەرەتاكانی مێژووی ئەم وڵاتە پڕ پڕبوو لە ئەفسانە، یەكەم كەس لەنێو ئەم وڵاتەدا هەوڵیدا بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی ئەفسانەیی ڕۆما و، دەرخستنی وەكو واقیعیەتێكی مێژوویی لەسەر ساحەی سیاسی: (یۆلیۆس سێزار) (١٠٠- ٤٤پ.ز) بوو.

لەم سەردەمەوە پزیشكە یۆنانییەكان بیروڕای پزیشكەكانی خۆیان بەرەو شارستانییەتی ڕۆم گواستەوە، بەڵام هەندێ لە ڕۆمیەكان ئەم شێوازەیان بە دڵدا نەچوو، هەربۆیە دژایەتیان كرد، چونكە دەبێ ئەوە بزانین: ڕۆمایەك ڕاهاتبوو بەدرێژایی شەش سەدە لەسەر چارەسەركردنی نەخۆشییەكانی، لەڕێگای قوربانی كردن بۆ خواوەندەكان و، پشت بەستن بەسروتە ئایینی و پەرستشە دینییەكان ئەنجام بدات، كەمێك ئەستەم بوو زوو خۆیان لەگەڵ پزیشكیتی و عەقڵانییەتی یۆنانیدا خۆبگرن، هەربۆیە ئەوەی لە ڕۆمادا كاری پزیشكیتی دەستپێكرد، بریتی بوون لەو پزیشكانەی لە یۆنانەوە هاتبون، ئەوانەشی دوای ئەوان دەستیان دایە ئەو كارە بەهەمان شێوە بنەڕەتیان هەر یۆنانی بوو، لێرەدا هەندێ لەو پزیشكانە باس دەكەم، كە لەسەردەمی ڕۆمای كۆندا كاری پزیشكیی و چارەسەری نەخۆشانیان كردووە:

**ئاریتس كەبودی (Aretus The Cappdocian):**

ڕەچەڵەكی یۆنانییە و لەنێوان سەدەی (٢ و ٣)ز ژیاوە، خاوەنی كۆمەڵێك دەستكەوتی پزیشكیە، لەوانە: جیاوازی لەنێوان شەلەلی دەماغ و كۆڵەكەی پشت، نەخۆشییە عەقڵیەكان كامانەن و جیاوازیەكانیان چین؟ پێناسێكی ڕوون بۆ هۆكاری كرژبونی دەمارەكان،...[1].

**ئیسقلیبیادس (Asclepiades):**

بە ڕەچەڵەك یۆنانییە و لە ساڵانی (١٢٤-...) ز لەخاكی ڕۆمانیدا ژیاوە، بۆ یەكەمجار هۆكاری دروستبونی ئیلتهابی بۆ چوار هۆكار گەڕاندەوە: برین، هاوسان، تا، سوربونەوە.

چارەسەری نەخۆشییە عەقڵیەكانی لەڕێگای وەرزشكردن و گوێگرتن لە مۆسیقا و دەرمانی هێوركەرەوە كردووە، حەمامكردنیشی بەهۆكارێكی باش و پاڵپشتییەكی سەركەوتوو دەزانی بۆ خۆپاراستن لە توشبون بە نەخۆشی، بەڵام لە چارەسەركردنی نەخۆشی چاودا، هەمان شێوازی كۆنی پەیڕەو دەكرد[2].

**دیوسقریدس (Dioscorides):**

باوكی یۆنانییە و لە (عەین زەربی) لەدایكبووە، لە زانستی پزیشكیدا خاوەنی زیرەكییەكی بێوێنە بووە و، لەلای موسڵمانەكان گەلێك ناسراوی پشتی پێبەستراوە لە بواری چارەسەرە گیایی و پۆلێنكاریە پزیشكیەكاندا و خاوەنی كتێبی بەناوبانگ (الحشائش)ە. پزیشكیی تایبەتی (نیرۆن) (٥٤-٨٦)ز بووە و لە سوپای ڕۆمانیدا كاری نەشتەرگەری كردووە بۆ ئەو سەربازانەی لە شەڕدا زەبریان بەردەكەوت[3].

**سورانس ئەفسی (Soranus Of Ephysus):**

پزیشكێكی یۆنانییە و خەڵكی شاری (ئەفسس)ە، زانستی پزیشكیی خوێندووە لە ئەسكەندەریە و لە دەوروبەری (١٠٠ز) لە شاری ڕۆما دەستی

---

(١) د.كمال السامرائي: مختصر تأريخ الطب العربي، ص١٢٧-١٣٠.

(٢) سارتون: تأريخ العلم، ٤/ ٢٥٤.

(٣) ابن جلجل: طبقات الأطباء و الحكماء، ص (ك، ط، يخ). ابن القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٨٢.

كردووه به كاری پزیشكی، سەركەوتوویی و ناوبانگی ئەم پزیشكه، زیاتر له بواری نەخۆشی ئافرەتان و منداڵبوندا بووه، هەربۆیه دەبینین: زۆربەی نوسین و كتێبەكانیشی هەر لەو چوارچێوەیەدا بون، بەرهەمەكانی ئەم پزیشكه ڕاستەوخۆ لەڕێگای بەرهەمەكانی خۆیەوه، نەگەیشتۆته جیهانی ئیسلامی، بەڵكو دوای خۆی چەند پزیشكێكی تر سودیان له كتێبەكانی ئەو بینیوه و، بەرهەمەكانی ئەوان لەلایەن موسڵمانەكانەوه بینراوه، ئەوانیش: ئوریباسیوس (٣٢٥-٤٠٣)ز، ئیتوس ئامدی(٦٠٠)ز، پۆلس ئەجینی (٦١٠-٦٤١ز).

بەناوبانگترین كتێبی ئەم پزیشكه بریتیه له: نەخۆشییەكانی ئافرەتان، كه تێیدا چەندین زانیاری وردی پزیشكیی خستۆته ڕوو، لەوانه: پشكنینی ئافرەت بەر لەوادەی لەدایكبونی- منداڵەكەی، بەكارهێنانی نازور، تونكاری جەستەی ئافرەتی دووگیان، بەكارهێنانی ئامێری تایبەت به دەرهێنانی منداڵ و دورینەوەی،...[1].

## ڕوفس ئەفیسی (Rufus Of Ephesus):

پزیشكێكی یۆنانییه و لەشاری (ئەفس) لەدایكبووه، زانستی پزیشكیی لەشاری ئەسكەندەریه خوێندووه، لەسەردەمی (تراجان)ی ڕۆمانی (٩٨-١١٧ز)، بەیەكێ لەپزیشكه گەورەكان دادەنرێت و، زۆرێك له بەرهەمەكانی وەرگێڕدرانه سەر زمانی عەرەبی و بەڕادەیەك كاریگەری بەرهەمەكانی هەبوو، كه (إبن أبي أصيبعة) له كتێبەكەیدا به (زانای گەوره) ناوی بردووه.

لەگرنگترین كتێبەكانیشی ئەمانەن: (مالینخۆلیا)، كاتێ پزیشك ئامادده نەبوو، (چارەسازی ئافرەتان)، (چارەسازی منداڵان)، (چارەسەری لەرز و تا)، (سك پاكردن)، (خواردنەوەی شیر)، (ژەهراوی بون)،.....[2].

---

(١) ابن النديم: الفهرست، ص٤١٩-٤٢٠.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٥٧.

**جـالینۆس (Galen):**

ناوی (كلۆدیۆس جالینۆس كوڕی نكون)ە، بەرەچەڵەك یۆنانییە و لەسەردەمی ڕۆمانییەكاندا ژیاوە، لەڕوی ناوبانگ و ناوداریەوە، هاوشێوەی (بوقرات)ی یۆنانییە، لەنێوان ساڵانی (١٢٩-٢١٦)ز ژیاوە، باوكی كەسێكی دەوڵەمەند بوو، هەربۆیە ناردیە بەر خوێندنی پزیشكیی و تا بڵێی كەسێكی زیرەك بووە، دەڵێن: پێش ئەوەی ببێتە (سێزدە) ساڵ سێ كتێبی نوسیوە، بۆ خوێندن ڕووی لە ئەسكەندەریە كردووە، پاش ئەوەی لەوێ گەڕاوەتەوە، بۆتە پزیشكیی گلادیاتۆرەكانی شار، كە هەڵدەستا بە تیماركردن و چارەسەركردنی برینی زۆر لەوانەی لەكاتی ڕوبەڕونەوەی یەكتریدا بریندار دەبون، تەنها بۆ سەرگەرمكردنی خەڵكی، دوا بەدوای ئەوە، بەرەو ڕۆم ڕۆیشت و، لەوێ زیاتر ناوبانگی پەیداكرد بەتایبەتی كاتێ چارەسەری ئیمپراتۆر (ماركۆس ئاورلیۆس)ی كرد.

جالینۆس دەیان و، بگرە سەدان كتێب و نامەی بۆ شیكردنەوەی بیروباوەری یۆنانییەكان لەبارەی پزیشكیەوە نوسی و، بۆچونەكانی خۆشی پێوە زیاد كرد، زۆرجار جەختی لەسەر ئەو خاڵە دەكردەوە، كە پزیشكەكان بۆ فێربونی زانستی پزیشكیی نابێ تەنها پشت بە نوسین ببەستن، بەڵكو دەبێ بەكردەوە خۆیان سەیری نەخۆشی و نەخۆشەكان بكەن، ئەوەی ئەم پزیشكە لەوانەی پێش خۆی جیادەكاتەوە ئەوەیە: لەچارەسەرەكانیدا زیاتر پشتی بەدەرمان دەبەست و، ماددەی تریاكیشی لە زۆربەی دروستكردنی دەرمانەكاندا بەكاردەبرد[١].

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ كردنە ئەوەیە: ڕۆمانییەكان گرنگیەكی زۆریان بەگەرماوەكان و شوێنی خۆشۆردن دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش، چ پیاوان، چ ئافرەتان جگە لەوەی وەك بەشێك لە پاكوخاوێن ڕاگرتنی جەستە تەماشایان دەكرد، هۆكارێكیش بوو بۆ جوانكاری و لەشساغی، چونكە لەوێ شێلان و مەوادی جوانكاری دەموچاو و قژ چاككردنی تێدابوو، هەربۆیە ڕۆمانییەكان گرنگیەكی زۆریان پێدەدا، چونكە سەلیقە و جوانی مرۆڤەكانی تێدا بەدەر دەخرا[٢].

---

(١) د.محمد كامل حسين: (الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب)، ٢٩٧-٣٠١.

(٢) د.أيمن أبو الروس: الرومان (شعوب العالم القديم)، ص ٤٧-٥٠.

# پزیشكیتی بیزەنتیەكان

ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی لەپاش (تیۆدسیۆس)ی یەكەم (٣٧٩-٣٩٥ز) و بەشێوەیەكی ڕەسمی دابەش بوو بۆ دوو بەش، ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژئاوا (٣٩٥-٤٧٦ز) ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات (بیزەنتیە[1]) (٣٩٥-١٤٥٣ز)، بەمەش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو زلهێز بەدەركەوتن، دەسەڵاتی ساسانی لەلایەك و بیزەنتیەش لەلایەكی دیكەوە، كە هەریەكەیان بۆ زلكردنی دەسەڵاتی خۆی شەڕی درێژ خایەنی بەرپا دەكرد، گۆڕەپانی ئەم جەنگانەش زۆربەی كات لەوڵاتی شام دا بوو، لەناوخۆی وڵاتی بیزەنتیەشدا ململانێی مەزهەبی لە ئارادا بوو، كە وڵاتی كردبووە دوو بەرە: (نەساترە و یەعاقبە)، كە دواجار نەساترە لە خۆرهەڵاتدا، بووە هەمە كارەو ئەمەش دەرگای واڵا كرد، تاوەكو وڵات لەلایەنی زانستی و فەلسەفی ببوژێتەوە، چونكە ئەم مەزهەبە، تاڕادەیەكی باش لەگەڵ زانست و پێشكەوتنی مرۆڤەكاندا كراوە بوو، هەربۆیە پزیشكانی (نەستور)ی كاتێ نەخۆشخانە و شوێنی تایبەت بە چارەسەركردنی نەخۆشیان دەكردەوە، پزیشكەكانی دەبوو پیاوێكی تەواو مەزهەبی و پەیڕەوكاری دینی عیسایی بێت، بەمەش وردە وردە لە قوتابخانەی ئەسكەندەریەوە دەركەوتن و، بوونە هەمەكارە و پێشەنگی هەموان، تا دواجار پزیشكانی ڕاهیب و قەشەی ئەم قوتابخانەیە، لەسەدەكانی: (٥ و ٦ز) بوونە باشترین پزیشكانی سەردەم و،

---

(١) بیزەنتیە: ئەم شارە لەلایەن یۆنانییەكانەوە ساڵی (٦٥٩پ.ز) دروستكراوە، كە ناوی (بیزەنتیۆم)بوو. لە ئێستادا ئەم شارە ئەستەمبوڵە، ڕۆمانییەكان بۆ یەكەمجار لەساڵی (١٩٦)ز دەستیان بەسەردا گرت، قوستەنتینی یەكەمیش لەساڵی (٣٢٠)ز كردیە شارێكی گەورە و قەڵا و شوێنگەیەكی بەهێزی تێدا دروستكرد تا دواجار لەسەدەی (١٠ز) بووە گەورەترین و ناودارترین شار لە ئەوروپا، بەڵام دواجار لەلایەن موسڵمانەكانەوە لەساڵی (١٤٥٣ز) بەسەركردایەتی (موحەممەد فاتیح) فەتحی ئەم شارە كراو ناونرا: (ئیسلامبۆڵ) كە دواتر بووە: (ئەستەمبوڵ).

خه‌ڵكی له هه‌موو لایه‌كه‌وه سه‌ردانی ده‌كردن[١]، ناودارترینی ئه‌و پزیشكانه‌ش:

**ئه‌سكه‌نده‌ر ئه‌فرودیسی دیمه‌شقی:**

فه‌یله‌سوف و شاره‌زا له زانستی سروشت زانی، خاوه‌نی چه‌ندین به‌رهه‌م بووه له‌وانه: په‌یامێك له‌سه‌ر: مالینخۆلیا، ڕه‌گه‌ز، په‌یوه‌ستكردنی فه‌لسه‌فه‌كه‌ی له‌گه‌ڵ فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌رستۆدا، وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ڕه‌خنه‌كانی (جالینۆس)، كه له ئه‌رستۆی گرتون،...

**ئۆربـــاسـیوس:**

له (برجامون) له‌دایكبووه، له‌نێوان ساڵانی (٣٢٦-٤٠٣)ز ژیاوه، له‌بواری پزیشكیدا خوێندویه‌تی و، بۆته یه‌كێ له‌شاره‌زایانی سه‌رده‌می خۆی، تا دواجار بۆته پزیشكیی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (جولیان)، به‌ناوبانگترین دانراوه‌كانی ئه‌مانه‌ن: (نه‌خۆشییه‌كانی خوارده‌مه‌نی)، (نه‌خۆشییه‌كانی منداڵان)، (توێكاری ناوه‌وه‌ی جه‌سته)،...[٢].

**فـلگریـۆس:**

ڕه‌چه‌ڵه‌كی یۆنانییه و له‌بنه‌ماڵه‌یه‌كی پزیشكیی له‌دایكبووه، له‌نێوان سه‌ده‌ی (٤ و ٥)ز ژیاوه، زیاتر له پزیشكیی هه‌ناویدا به‌ناوبانگ بووه، له‌و بواره‌شدا نۆزده كتێبی نوسیوه، كه (ڕازی) له كتێبی (الحاوی)دا زۆر سودی لێبینیون[٣].

**سێرجیۆس سه‌ریكانی:**

به (سێرجیس) ناو ده‌برێ، له (سه‌ریكان)ی ڕۆژئاوای كوردستان له‌دایكبوه، له ئه‌سكه‌نده‌ریه فێری زمانی یۆنانی بووه، هه‌ربۆیه له‌پاڵ كاری پزیشكیدا،

---

(١) زيغريد هونكة: شمس العرب، ص٢٢-٢٢٣.

(٢) بروانه: ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص١٥٠. ابن النديم: الفهرست، ص ٣٥٠. ابن القفطي: تأريخ الحكماء، ص٧٤.

(٣) بروانه: ابن النديم: الفهرست، ص ٢٩٢. ابن القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٥٩.

كاری وەرگێڕانیشی كردووە و دەیان كتێبی پزیشكیی لە زمانی یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانی، ئەم پزیشكە، ساڵی (٥٣٦)ز لە سەریكانی وەفاتی كردووە[١].

**ئسیۆس ئامێدی :**

بە ڕەچەڵەك یۆنانییە و لە شاری دیاربەكر لەدایكبووە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی (جستنیان)دا (٥٢٧-٥٦٥)ز كاری پزیشكیی كردووە، دواتر توانیویەتی مەوسوعەیەكی پزیشكیی، لەسەر پزیشكێتی یۆنانییەكان لە (١٥) بەرگدا بنووسێت، هەروەها بابەتەكانی: (ڕۆفس و سورانس و جالینۆس)ی لەبابەتی نەخۆشییەكانی ئافرەتان و نەشتەرگەریدا دوبارە كردەوە [٢].

**ئەسكەندەر تراڵی :**

لەنێوان ساڵانی: (٥٢٥-٦٠٥)ز ژیاوە، نوسینەكانی هاوشێوەی بەرهەمەكانی (جالینۆس)ە، خاوەنی چەندین دانراوی پزیشكیە لەمەڕ نەخۆشییەكانی گەدە، چارەسەری لەرز و تا، كۆلینج، نەخۆشییەكانی چاو[٣].

---

(١) المایرهوف: تراث الإسلام، ص٤٥١.

(٢) ابن ابي اصیبعة: (عیون الأنباء)، ص١٥٠ و ١٥٩.

(٣) بڕوانە: ابن الندیم: (الفهرست)، ص ٢٩٣. ابن القفطي: (تأریخ الحكماء)، ص٥٥.

# پزیشكێتی ساسانییەكان

گومانی تێدانییە سەرەتای دەركەوتنی پزیشكێتی لای ئێرانییەكانیش هاوشێوەی میللەتە دێرینەكانی تر بووە، سەرەتا بە كۆمەڵێك ئەفسانە و پشت بەستن بە تەڵیسم و نزا زەردەشتیەكان (گاتا) بووە، بەڵام وردە وردە و بەپێی پێشكەوتنی ژیانی مرۆڤەكان، ئەو بۆچونە كزتر بووە و لەپاڵ نزا و پاڕانەوە زەردەشتیەكاندا هانا بۆ پزیشكان و دەرمانساز و حەكیمان براوە، ئەمەش زیاتر خۆی لە دەورانی ساسانییەكاندا دەبینێتەوە.

جێگای سەرنجە، ئێرانییەكان سەرەتا بە سود وەرگرتن لە دراوسێكانیان، دەستیان كردە كاری پزیشكێتی، بۆ ئەو مەبەستەش، سودیان لە زانستی پزیشكیی: (هیندی و چینی و یۆنانی و ڕۆمانی) وەرگرت، دواجاریش خۆیان توانیان لەپاڵ ئەمانەدا، كۆمەڵێك دەستكەوتی پزیشكیی بەدەست بهێنن.

یەكەم سەرچاوەی پزیشكیی خەڵكی ئێران سودیان لێ بینیبێت، كتێبی: (ئاڤێستا) بوو، چونكە پێیان وابوو: (ئاڤێستا) تەواوی زانستەكانی گرتۆتە خۆ، هەربۆیە بۆ باس و بابەتی پزیشكیش، پشتیان بەم كتێبە دەبەست، كەوا دەیانگوت: "خوداوەند بۆ هەر نەخۆشییەك لانیكەم گیایەكی ڕواندووە".

هەروەها لەنێو ئاڤێستادا ئاماژە بەوە كرابوو: كەوا كەسی نەخۆش، دەبێ بچێتە لای هاوزمانانی خۆی، ئەگەر كەسی دەست نەكەوت، ئەوجا دەتوانێ خۆی نیشانی كەسانی بێگانە بدات، هەرچەندە پاشایانی وەختی خۆیان، زۆر متمانەیان بەپزیشكانی



گرنگی مۆسیقا لای ئێرانیەکان تابلۆیەك مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٧ز

وڵاتی خۆیان نەبوو، بەڵکو کەڵك و سودیان لە پزیشکانی: (یۆنانی و سریانی) وەردەگرت[١].

دەتوانین بڵێین: پزیشکێتی لای ساسانییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە بوو: (لەشساغی و گیان ساغی)، هەربۆیە لە پزیشکیی لەشساغیدا، بەشێکی تایبەت درابویە چارەسەری گیانی و ڕۆحی.

بنەماکانی پزیشکیی ئێران، بەتەواوی زەردەشتی بوون و لە ئامۆژگاری و باس و بابەتەکانی ئاڤێستاوە سەرچاوەیان گرتبوو، بەڵام لەلایەنی چارەسەریەوە پشتی زۆریان بەپزیشکێتی یۆنانی دەبەست و، چارەسەرەکانی بوقراتیان کردبووە سەرچاوەی کارەکانیان.

بەگوێرەی پزیشکیی (بوقرات)، چارەسەری لەسێ ڕێگاوە دەست دەدا: ئەوەی، کە بەدەرمان چارەسەر ناکرێ دەبێ بە ئاسن (چەقۆ) چارەسەر بکرێت، ئەوەی بەئاسنیش باش نابێ، دەبێ بە ئاگر چارەی بکرێ، جا ئەگەر نەخۆشێك بە ئاگریش نەخۆشییەکەی نەپەڕی، دەبێ دەستی لێ بشۆردرێ، جا ساسانییەکان پەرەیان بەمەدا و کردیانە پێنج بنەما:

(وتەی پیرۆز - ئاگر - گیاو گوڵ - چەقۆ - داغ)، مەبەست لە داغکردن، دوکەڵکردن بووە بەهەندێ گیای بۆنخۆش لەسەر ئەندامی نەخۆشدا، بەڵام چارەسەر بە کەلام و وتەی پیرۆز، لەهەموی باشتر و کاریگەرتر دادەنرا[٢].

دکتۆری سەرکەوتوو و تێگەیشتوو، کەسێك بوو، کە بتوانێ بە وردی نەخۆشییەکان بپشکنێ و کتێبی زۆری خوێندبێتەوە و، ئەندامەکانی لەش و جومگەکان بناسێ و، زانیاریشی سەبارەت بە داو و دەرمانان هەبێ و، خۆشەویست و قسەخۆش بێ و، لەگەڵ نەخۆشاندا بەنەرمی و میهرەبانی بجوڵێتەوە، پزیشکانی جەستەیی، دەبوو لە چارەسەری یەکێك لە بێ بڕواان سەرکەوتوو بوایە، هەتا بتوانێ چارەسەری کەسانی ئیماندار بکات، ئەگەر بهاتبایە سێ کەسی نەشتەرگەری کردبا و هەرسێکیشیان بمردنایە، ئەوکات تاهەتایە ئیزنی پزیشکێتیان پێنەدەدا.

---

(١) د.حسن بيعي: أساسيات الطب، ص٥.

(٢) ارثر كرستنس: ايران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيى الخشاب، ص ٤٠٣-٤٠٤.

پزیشك له‌كاتی پێویستدا ناچاربوو، هه‌موو ڕۆژێك سه‌ردانی نه‌خۆشه‌كه‌ی بكات، خاوه‌ن نه‌خۆشیش، ده‌بوایه خواردنی چاكی بده‌نێ و ئه‌سپێكی باش و خانویه‌كی له ناوه‌ڕاستی شاردا بۆ بگرن، له هه‌مان كاتدا، ده‌بوو پزیشك زۆر چاوی له‌سه‌ر پاره نه‌بێت و بۆ ته‌ماعی دونیایی كاره‌كانی نه‌كات، به‌ڵكو مه‌به‌ستی ڕه‌زامه‌ندی خودا بێت، هه‌ربۆیه له‌م سه‌رده‌مه‌دا، چه‌ند جۆره پزیشكێك بوون باشترینیان ئه‌وانه بوون، كه كاری پزیشكیان بۆ ڕه‌زامه‌ندی خودا هه‌ڵبژاردبوو، تا خودا له‌خۆ ڕازی بكه‌ن، پاش ئه‌ویش پزیشكێك بوو به‌نییه‌تی ڕه‌زامه‌ندی خوداو ده‌ستكه‌وتیشه‌وه بوو، له‌ویش خوارتر ئه‌وه‌بوو، ته‌نها مه‌به‌ستی به‌ده‌ستهێنانی ماڵی دونیا بوو[1].

**نه‌خۆشخانه‌ی جوندی شاپور (گوندی شاپور) :**

به‌دامه‌زراندنی قوتابخانه‌ی پزیشكیی بۆ خوێندنی زانست و چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشان، به فه‌رمانی (كیسرا نه‌وشیروان) ژماره‌یه‌كی زۆر له پزیشكان له‌و قوتابخانه‌یه بۆ وانه‌وتنه‌وه به قوتابیان و چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشان دامه‌زران، له‌هه‌مان كاتیشدا بووه مه‌ركه‌ز و بنكه‌یه‌كی فراوان، بۆ توێژینه‌وه و لێكۆڵینه‌وه‌ی زیاتر له‌سه‌ر زانستی پزیشكی، یه‌كێ له‌و زانستانه‌ی له‌م سه‌رده‌مه‌دا په‌ره‌ی پێدرا: زانستی توێكاری بوو، كه بۆ زیاتر شاره‌زابونی پزیشكان به‌م زانسته، (شا) فه‌رمانیدا بوو، كه‌وا تاوانباران و گیراوانی جه‌نگ، كه له سێداره ده‌درێن، له‌دوای له‌سێداره‌دان، بۆ توێكاری، بدرێن به مامۆستاكانی (جندیسابور).

ئه‌م قوتابخانه‌یه به‌ڕاده‌یه‌ك ناو و ناوبانگی په‌یداكرد، كه له وڵاتانی ده‌وروبه‌ر و ده‌وڵه‌ته جیاجیاكانه‌وه ڕوویان تێده‌كرد، به‌مه‌ش قوتابیانی نه‌ته‌وه جیاوازه‌كانی دی پاش ده‌رچونیان له‌م فێرگه‌یه، زانسته‌كه‌یان ده‌گواسته‌وه بۆ وڵاتی خۆیان، ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه، سه‌رمه‌شقێكی گه‌وره بوو بۆ موسڵمانه‌كان و، سودێكی زۆریان لێبینی له‌سه‌ره‌تاكانی ئاشنابونیان به زانستی پزیشكیی و، له‌م ڕێگایه‌وه توانیان، ئاشنایه‌تیه‌كی باش به‌ده‌ست بهێنن[2].

---

(١) ارثر كرستنس: (ايران في عهد الساسانيين)، ص ٤٠٤.

(٢) كمال السامرائي : (مختصر تاريخ الطب العربي) ج١، ص٦٦.

# پزیشکێتی عەرەب
# لەسەردەمی نەفامیدا

مێژووی عەرەب لە نیمچە دورگەی عەرەبیدا، مێژوویەکی کۆنی هەیە و بەپێی ڕای مێژوونوسان، سەرەتای نیشتەجێبونی خەڵك تێیدا، بۆ هاتنی (قەحتانییەکان) بۆ ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە و، لە پاشانیشدا (عەدنانییەکان)، بەمەش سەرەتای دەست پێکردنی شارستانییەتی ئەم ناوچەیە دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوەی دیار و بەرچاوە، عەرەب بەر لە هاتنی ئیسلام، زیاتر بت پەرست بوون، ئەمەش کاریگەری لەسەر ژیانیان و لایەنی تەندروستیان هەبوو، بۆیە دەبینین: چارەسەری پزیشکیانە لەم سەردەمەدا بە دوو شێواز بووە، یەکیان لەڕێگای کاهین و جادوگەران و بەخت گرەوەکانەوە بوو، کە بەجادوو و خورافات دەکرا، ئەوی دیکەشیان چارەسەر بەدەرمان بووە، لەڕێگای پێدانی دەرمانە ڕووەکی و کانزاییەکانەوە، لەگەڵ خوێن گرتن[1].

**بەناوبانگترین و دیارترین پزیشکانی ئەم سەردەمەش، ئەمانەن:**

**ئیبن حەزیم:**

یەکێکە لەبەناوبانگترین و ناودارترین پزیشکانی سەردەمی نەفامی، لە تیرەی (ڕوباب)ە و بە پزیشکێکی دیار دێتە ئەژمار و، دەڵێن: (حارسی کوڕی کلدە)

---

(١) جواد علي: العرب قبل الإسلام، ٨/ ٣٨٨-٣٨٩.

سەرەتای پزیشکێتی لەمەوە فێربووە، پزیشکێتی ئەم پیاوە بەرێزە، گشتی بووە، بەڵام لە بواری تەداوی و برینپێچیدا لێوەشاوە بووە. (ئەوسی کوڕی حەجەر) لەبارەیەوە وتویەتی:

فهل لكما فيها إلى فأنني  بصير بما أعيا النطاسي - حزيما [1]

**حارسی کوڕی کلدەی سەقەفی :**

(القفطی) لەبارەیەوە دەڵێ: (حارسی کوڕی کلد)ە ڕەچەڵەکی لە (سەقیف)ە و لە ئەهلی تائیفە، بۆ شارەزایی پەیداکردن لە پزیشکێتیدا، چۆتە وڵاتی فارس و لەلای خەڵکی (جندیسابور) گەلێك شارەزایی پەیداکردووە، بەمەش هەر لەوێ دەستی کردووە بە چارەسەرکردنی خەڵکی، دەڵێن: بەهۆی زیرەکی لەکارەکەیدا، جاریەیەکی جوانیان پێداوە بەناوی: (سەمیە)، هەرچەندە ئەو ڕایەش هەیە، کە پاشای یەمەن پێی بەخشی بێت، کاتێ لە یەمەن کاری پزیشکێتی کردووە"[2] .

ئالوسی گفتوگۆیەکی ئەم پزیشکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەگەڵ (کیسرا نەوشیروان)دا بووە، کاتێ لەوڵاتی فارس بووە[3]:

- کیسرا نەوشیروان: تۆ کێیت؟ ناوت چیە؟
- ئیبن کلدە: ناوم: (حارس کوڕی کلدە)ی سەقەفیە.
- کیسرا نەوشیروان: کارت چیە؟
- ئیبن کلدە: پزیشکم.
- کیسرا نەوشیروان: ئەعرابیت؟
- ئیبن کلدە: بەڵێ، بەڵام توانای دروستکردنی حەبم هەیە.

---

(١) القفطي: أخبار العلماء بأخبار الحكماء، ص١١١.

(٢) ئیبن ئەبی ئەصیبعە و ئالوسی پێیان وایە لە فارس پێیان داوە، بروانە: عيون الأنباء، ص١١٠، بلوغ ارب ج٣/ ٣٢٨. هەرچی ئیبن خەلەکانە پێی وایە: نەخێر لەلایەن پاشای یەمەنەوە پێی دراوە، هەرچەندە ئەگەر لەسەردەمی کیسرا نەوشیرواندا بوبێت، یەمەن لەژێر دەسەڵاتی ساسانیدا بووە. بڕوانە: (وفيات الأعيان)، ج٢/ ص٢٩٤.

(٣) الآلوسي: بلوغ الارب، ٣/ ٢٢٨.



وێنەی خەیاڵی حارسی کوڕی کلدە
یەکەم پزیشکی عەرەب و یەکەم پزیشك لە ئیسلامدا

- كیسرا نه‌وشیروان: عه‌ره‌ب چۆن به‌و نه‌زانین و پێخاوسی و كه‌م عه‌قڵیه‌وه‌ توانای دروستكردنی شتی هه‌یه‌؟

- ئیبن كلده‌: پاشای گه‌وره‌، كه‌سی عاقڵ ئه‌و كه‌سه‌یه‌ كاتێ ئه‌و سیفه‌تانه‌ی بینی له‌كه‌سێكدا بتوانێ چاره‌سه‌ری بكات!

له‌پاشان كیسرا نه‌وشیروان چه‌ند پرسیارێكی لێكرد له‌باره‌ی حیجامه‌ و دروستكردنی ده‌رمان و شروب و نه‌خۆشی ئافره‌تان و ... ئیبن كلده‌ش زۆر جوان وه‌ڵامی داوه‌، بۆیه‌ كیسرا نه‌وشیروانیش ده‌ستخۆشی لێكرد و خه‌ڵاتی كرد، ئیبن كلده‌ش كتێبی (المحاوره في الطب) پێشكه‌ش كرد.

## نه‌زری كوڕی حارسی كوڕی كلده‌:

پاش ئه‌وه‌ی له‌لای باوكی پزیشكێتی فێربوو، ده‌ستی دایه‌ شاره‌زایی په‌یداكردن له‌سه‌ر پزیشكێتی كۆن و فه‌لسه‌فه‌، تاوه‌كو بووه‌ یه‌كێ له‌ حه‌كیم و چاره‌سازانی دیاری سه‌رده‌می نه‌فامی. لێره‌دا پێم باشه‌ به‌رچاو ڕونییه‌كتان بده‌مێ له‌سه‌ر دوو كه‌سایه‌تی، كه‌ ناوه‌كانیان وه‌كو یه‌كه‌، به‌ڵام دوو كه‌سایه‌تی جیاوازن، ئه‌وانیش: (نه‌زر كوڕی حارسی كوڕی كلده‌ی سه‌قه‌فی و نه‌زر كوڕی حارسی كوڕی كلده‌ی عه‌لقه‌می)یه‌، ئه‌وه‌ی یه‌كه‌میان پزیشكیی دیاری سه‌رده‌می نه‌فامی و سه‌ره‌تای ئیسلامه‌، به‌ڵام ئه‌وی دیكه‌یان ئه‌و كه‌سه‌یه‌ له‌شه‌ڕی به‌دردا، یان دواتر بووه‌ به‌پێی ڕای هه‌ندێكی دیكه‌ له‌شاری مه‌دینه‌ به‌فه‌رمانی پێغه‌مبه‌ر له‌لایه‌ن عه‌لی كوڕی ئه‌بی تالیب)ه‌وه‌ كوژراوه‌، بۆیه‌ هه‌ندێ له‌مێژوونوسان و ڕۆژهه‌ڵاتناسان ئه‌مه‌یان تێكه‌ڵ كردووه‌ و، وه‌كو تانه‌دانێك له‌ پێغه‌مبه‌ر(صلی الله علیه وسلم) به‌كاری دێنن، گوایه‌: پێغه‌مبه‌ر پزیشكیی كوشتووه‌، له‌كاتێكدا وانییه‌ و ئه‌مه‌ دوو كه‌سایه‌تی جیاوازن[1].

---

(١) ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه‌ یه‌كه‌م كه‌سه‌ له‌باره‌ی ئه‌م پزیشكه‌وه‌ نوسیویه‌تی، هۆكاری مردنه‌كه‌شی بۆ جه‌نگی به‌در گێڕاوه‌ته‌وه‌، له‌ سیره‌ی (ئیبن هیشام)دا له‌ (ج/١ ص٣٨١)دا ناوی (ئه‌لعلقمی) هاتووه‌، كه‌ به‌و جۆره‌ كوژرابێت، كه‌ كوشتنه‌كه‌ی هۆكاری خۆی بووه‌ و ده‌توانن بگه‌ڕێنه‌وه‌ سه‌ر باسه‌كه‌ی، گرنگ ئه‌وه‌یه‌ ئه‌م پزیشكه‌ نه‌بووه‌، به‌ڵام له‌پاشاندا هه‌ریه‌كه‌ له‌ڕۆژهه‌ڵاتناسان: (براونی و دكتۆر فارمر) كه‌وتونه‌ته‌ ئه‌و هه‌ڵه‌یه‌وه‌.

# پزیشکێتی


# لەدەورانی مێژووی ئیسلامدا

## (١)

## پزیشکێتی لە دەورانی پێغەمبەر

(صلى الله عليه وسلم) و

## خەلیفەکانی ڕاشدیندا



مزگەوتی پێغەمبەر لە شاری مەدینە

## پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)
## بنیاتنەری شارستانییەت

سەروەرمان (صلى الله عليه وسلم) وەکو پەیامبەر و سەرکردەی تەواوی موسڵمانان، خاوەنی دەیان نمونەی بەرزی شارستانییەتە، کە پێم خۆشە لەم بابەتەدا نوکە قەڵەمێکیان لێبدەم[1]:

- پێغەمبەر بەر لە سروش (وحي)، خاوەنی چەند سیفەتێکی مەدەنی و ژیاری بەرز بووە لە نمونەی: دەستپاکی، ڕاستگۆیی، ڕەفتارجوانی، لێهاتوویی، قسەزانی، خاوەن کەسێتی،... هەربۆیە دەبینین ئەوانەی بونەتە هاوڕێی، شەیدای هەڵسوکەوتی بوون، بەجۆرێك، کە کەوتونەتە ژێر کاریگەرییەوە.

- زۆربەی مێژوونوسان جەختیان لە تایبەتمەندی ڕەسولی ئازیز کردووە، لە ڕووی شێوازی گەیاندنی پەیامەکەیەوە، کە بە نەرمی و سەبر و لێبڕانەوە، بەردەوامی داوە بە کاری بانگەوازیی، بەشێوازێکی لەسەرخۆیانە و بێ هەڵپە:

﴿ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْفَضْلُ ٱلْمُبِينُ ﴾ الشعراء.

---

(١) سودم لەم سەرچاوانە بینیوە: أ.د.عبدالشافي محمد عبداللطيف: السيرة النبوية والتأريخ الإسلامي "قراءة ورؤية جديدة". ابن هشام: السيرة النبوية. الطبري: تأريخ الطبري. ابن حجر العسقلاني: الإصابة في تمييز الصحابة. شيخ عبدالحي الكتاني: نظام الحكومة النبوية. ظافر القاسمي: نظام الحكم في الشريعة والتأريخ.

﴿ فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾ الحجر.

له ماوه‌ی مانه‌وه‌ی ڕابه‌ری مرۆڤایه‌تی له‌شاری مه‌ككه بۆ ماوه‌ی (١٣) ساڵ، كه‌م بوون ئه‌وانه‌ی بانگه‌وازه‌كه‌یان قبوڵ كرد، به‌ڵام كه‌سانی به‌توانا و لێهاتوو بوون كه له مه‌دره‌سه‌ی عه‌قیده و ته‌وحیددا گه‌وره ببون و، به‌و په‌ڕی دامه‌زراییه‌وه كاریان بۆ سه‌رخستنی ئایینه‌كه كرد، بۆیه ده‌توانین بڵێین: سه‌ره‌تای كاری په‌یامبه‌ر، دروستكردنی مامۆستا و پێگه‌یاندنی تاك بوو، تا له مه‌دینه هه‌ریه‌كه‌یان بكاته سه‌رپه‌رشتیار و ڕێنیشانده‌ر له ده‌وڵه‌تی مه‌دینه‌دا، ئه‌مه‌ش وایكرد سوپا له (٢ك) دا ته‌نها (٣٠٠) كه‌س بن، به‌ڵام پاش (٧)ساڵ و له جه‌نگی ته‌بوك بونه (٣٠) هه‌زار، چونكه هه‌ریه‌كه له‌وانه‌ی له مه‌ككه په‌روه‌رده ببوون، له مه‌دینه بوونه سه‌رمه‌شق بۆ سه‌دانی تر و، به‌و جۆره ئه‌وانیش بۆ ئه‌وانی دی.

- دروستكردنی مزگه‌وت: ئازیزمان، یه‌كه‌م كارێك ئه‌نجامیدا له‌دوای ده‌رچونی له مه‌ككه‌وه به‌ره‌و مه‌دینه، دروستكردنی مزگه‌وت بوو، تاوه‌كو گه‌یشته مه‌دینه، (سێ) مزگه‌وتی دروستكرد: (قوباء)، پاشان (جومعه)، پاشان (پێغه‌مبه‌ر)، مزگه‌وتیش بۆ ئه‌و كاته، جگه له به‌جێهێنانی فه‌رزی نوێژ، شوێنی ته‌فسیر و گه‌یاندنی په‌یامه‌كه‌ی بوو، هه‌روه‌ها سكاڵاكان وه‌رده‌گیران و كاریان له‌سه‌ر ده‌كرا، شوێنی پلان و نه‌خشه‌ی به‌ڕێوه‌بردنی ده‌وڵه‌تی مه‌دینه بوو.

- دانانی ده‌ستور له‌گه‌ڵ هۆز و لایه‌نه جیاجیاكانی شاری مه‌دینه، كه ڕۆژهه‌ڵاتناسێكی ئه‌ڵمانی لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌باره‌وه كردووه و ده‌ڵێ: " له (٥٢) به‌ند پێكهاتووه، (٢٥) دانه‌یان تایبه‌ته به‌موسڵمانان و (٢٧)یشیان تایبه‌ته به‌په‌یوه‌ندیه‌كانی موسڵمان و غه‌یره موسڵمان.

سه‌رداری مرۆڤایه‌تی له مه‌دینه، پێغه‌مبه‌ر بوو بۆ موسڵمانان،به‌ڵام سه‌رۆك بوو بۆ ئه‌وانی دی، هه‌ربۆیه ڕێگه‌ی دابووه هه‌موو ئایینه‌كانی دی و، به‌پێی ئایینی خۆشیان دادگایی ده‌كردن و لێپێچینه‌وه‌ی لێده‌كردن.

- توانی تۆوی عه‌شیره‌تگه‌ری و بنه‌ماڵه‌یی له‌ناوببات، ئه‌ویش به‌دروستکردنی برایه‌تی نێوان کۆچکردوان و پشتیوانان (المهاجرين والأنصار)، هه‌روه‌ها ته‌بایی چه‌قاند له‌نێو هه‌ردوو هۆزی مه‌دینه (ئه‌وس و خه‌زره‌ج) چه‌سپاند، چونکه باش ده‌یزانی تۆوی عه‌شیره‌تگه‌ری و خزم خزمێنه، سه‌ر ئه‌کێشێ بۆ چه‌که‌ره‌کردنی گه‌نده‌ڵی و له‌ناوبردنی ئه‌و شارستانییه‌ته‌ی، خه‌ریك بوو ورده ورده سه‌رهه‌ڵئه‌دا، هه‌ربۆیه ده‌بینین: برایه‌تیه‌ك دروستبوو له نمونه‌ی پێکه‌وه ژیانی برایانه‌ی: ئه‌بوئه‌ییوبی ئه‌نساری و عه‌مماری کوڕی یاسر و سه‌لمانی فارسی و بیلالی حه‌به‌شی و ...).

- خوای گه‌وره فه‌رمان به نێردراوه‌که‌ی ده‌کات:

﴿ وَأَنِ ٱحْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَهُمْ ﴾ المائدة: ٤٨.

واته: له‌نێوانیاندا به‌وه حوکم بکه‌و بڕیاربده، که خوا دایبه‌زاندوه، شوێن هه‌واو ئاره‌زوه‌کانیان مه‌که‌وه.

به‌مه‌ش گه‌وره‌ی ئوممه‌ت ده‌بێته پردی نێوان خوا و هاوه‌ڵه به‌ڕێزه‌کان، تاوه‌کو په‌یامه‌که‌ی خوا به‌رز ڕابگرن. له ده‌وڵه‌تی مه‌دینه‌ی ده‌ورانی نازدارماندا، چه‌ند دیمه‌نی شارستانی به‌رچاو ده‌که‌ون:

١- **وه‌زیـــر:** پێغه‌مبه‌ر خاوه‌نی دوو وه‌زیر بووه، که ئه‌بوبه‌کر و عومه‌ر بوون، وه‌ك له فه‌رموده‌که‌ی حاکمدا هاتووه له (المستدرك)دا: (وزيراي من أهل الأرض أبوبكر و عمر).

٢- **نهێنی پارێز (امین سر)یی هه‌بووه:** (حوزه‌یفه‌ی کوڕی یه‌مان) له (سیره)دا به(صاحب السر الرسول) ناوده‌برێ.

٣- **پۆلیس:** (قه‌یسی کوڕی سه‌عدی کوڕی عباده) سه‌ربه‌رشتیار و سه‌رۆکی پۆلیسه‌کان بوو، که کاریان: پاسه‌وانی و چاودێری و گه‌ڕان بوو به کوچه و کۆڵانه‌کانی مه‌دینه و، ئاگادار بوون له هه‌ر مه‌ترسی و پێشهاتێك، که ڕووبه‌ڕوی شاره‌که ببێته‌وه، له نمونه‌یئه‌وانه‌ش: (ئه‌وسی کوڕی سابت، ئه‌وسی کوڕی عوڕابه، ڕافعی کوڕی خه‌دیج،....).

٤- **پرسگه و پاسه‌وانی پێغه‌مبه‌ر(صلى الله عليه وسلم):** ئه‌م زاته به‌ڕێزه له‌لایه‌ن چه‌ند که‌سێکه‌وه پاسه‌وانی ده‌کرا، له‌وانه : (سه‌عیدی کوڕی زه‌یدی ئه‌نساری، زوبێری

كوڕی عەوام، ئەبو ئەییوبی ئەنصاری). هەروەها هەركەسیش دەڕۆیشتە لای، دەبوایە ئیزنی بخواستبایە و ئیزن بدرابایە، جا دەیتوانی بچێتە خزمەت پێغەمبەر، ئەوانەی ئەم كارەیان دەكرد: (ئەنەسی كوڕی مالیك، ڕوباحی ئەسوەد،...)بوو.

٥- جێبەجێكارانی بڕیار و دەستورەكانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) و، بەجێ هێنەرانی حوكم و فەرمانەكانی خودا بەسەر خەڵكی مەدینەدا، ئەوانیش: (عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب، موحەممەد كوڕی مەسلەمە، عاصمی كوڕی سابت) بوو.

**٦- هەڵگرانی مۆری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم):** تا بەستنی پەیمانی حودەیبیەش، مۆر لە ئارادا نەبوو، بەڵام لە پاش ئەوە، كاتێ نامە نوسرا بۆ هەرقلی ڕۆم، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا نەتەوەكانی دی، كاتێ نامە دەنێرن مۆری، خۆیانی لێئەدەن، پێغەمبەریش مۆرێكی لە زیو دروستكرد، كە (محمد رسول الله)ی لەسەر هەڵكۆڵرابوو، لەلای هەریەكە لە: (حەنزەڵەی كوڕی ڕەبیع كوڕی صەیفی، حارسی كوڕی عەوفی مەری) بوو، تا دەورانی خەلیفە عوسمانی كوڕی عەففانیش كاری پێدەكرا.

**٧- خانەی پێشوازی میوان:** پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە مەدینە كاتێ لەلایەن هۆز و بنەماڵەكانەوە سەردان دەكرا، (بیلال و سەوبان)ی خزمەتكاری هەڵدەستان بە پێشوازی كردنی وەفدەكە و بردنیان بۆ خانەی پێشوازی میوان، تاوەكو لەوێ پشوو بدەن و نان بخۆن، ئەم ماڵەش، ماڵی ئافرەتێكی ئەنساری بوو بەناوی: (ڕەملەی كچی حارس).


**٨- چاودێری كردنی بازاڕ:** پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) كەسانێكی دانابوو بۆ چاودێریكردنی بازاڕ و ئاگاداربون لە چۆنییەتی فرۆشتن و نرخی كاڵاكان و مامەڵە بازرگانییەكان، بۆ ئەمەش، سەرەتا (عومەری كوڕی خەتتاب)ی ڕاسپارد، پاشان لە (٨)ك، (سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص)ی دانا بۆ سەرپەرشتیكردنی كاروانە بازرگانییەكان، هەروەها پێغەمبەر بۆ خۆشی بەنێو بازاردا گەڕاوە و فەرمودەی: (مَنْ غَشَّ فَلیسَ مِنَّا) رواه مسلم، نمونەیەكی دیاری سەرپەرشتیكردنی بازارە لەلایەن خودی پێغەمبەر خۆشیەوە.

**٩- هەواڵگری:** پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) بەپێی زاراوەی ئەمڕۆ، دەزگای هەواڵگری هەبووە، چونی (بسبسه کوڕی عمرو الجهینی) بۆ کۆکردنەی زانیاری لەسەر ژمارە و هێزی قورەیشیەکان لە جەنگی بەدردا، یاخود ناردنی (تەڵحەی کوڕی عوبەیدوڵڵا و سەعیدی کوڕی زەیدی لزان) بۆ سەر ڕێگای شام بۆ دەستگیربونی هەواڵ، لەسەر کاروانەکەی ئەبو سوفیان. یاخود حوزەیفەی کوڕی ) یەمان، کە هەستا بە کۆکردنەوەی زانیاری لە جەنگی خەندەقدا، لەگەڵ دەیان نمونەی تری هەواڵگری، کە پێغەمبەر کەسانی شارەزای ڕاسپاردووە بۆ چاودێری و وەرگرتنی زانیاری.

**١٠- نوسەرانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم):** ڕەسولی ئازیز، خاوەنی (٤٠) نوسەر بووە، کە هەندێکیان تایبەت بوون بە سروشەوە و، هەندێکیشیان تایبەت بوون بەکاروبارە ئیداری و بەیتولمالی موسڵمانان، وەك: (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) تایبەت بوو بە نوسینی پەیمان و بەڵێننامەکان، (معیقیب کوڕی ئەبی فاتمە و کەعبی کوڕی عەمری کوڕی زەیدی ئەنساری) دەستکەوتەکانیان دەنوسی، زۆرجاریش پێیان دەوتن: (سەرپەرشتیارانی گەنجینە)، یان (زوبێری کوڕی عەوام و جەهمی کوڕی ئەبی سەڵت) کاری نوسینیان بریتی بوو لە: تۆماری خێر و کۆکردنەوەی پارە بۆ بەیتولمال بوو. زەیدی کوڕی سابتی ئەنساری لەگەڵ ئەوەی نوسەری سروش بوو، وەرگێڕی پێغەمبەریش بوو، چونکە زمانی: (عیبری و فارسی) بە باشی دەزانی.

**١١- لایەنی ڕاگەیاندن:** پێغەمبەری خوا(صلی الله علیه وسلم) کۆمەڵێك شاعیر و وتاربێژی سەرکەوتوی لە دەور بوون، کە ڕەددی موشریکینیان بە شیعر و وتارە جوانەکانیان دەداوە سەرنجی خەڵکیان ڕادەکێشا بەرەو ئیسلام و وەرگرتنی پەیامی ئیسلام، نمونەی ئەمانەش: (حەسانی کوڕی سابتی ئەنساری، عبداللەی کوڕی ڕواحە، کەعبی کوڕی مالك،..).

له وتاربێژەکانیش: (سابتی کوڕی قەیس) بوو.




کتێبی "پزیشکیتی پێغەمبەر" دانراوی
ئیبن قەیمی جەوزی بە زمانی ئینگلیزی

## پزیشكێتی پێغەمبەر
## (صلی الله علیه وسلم)

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەماوەی ژیانیدا چەندین چارەسەری جۆراوجۆری تەندروستی ئەنجام داوە، ئەوانیش:

### یەكەم: گەڕان بەدوای زانستدا:

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەچەند فەرمودەیەكی هاوشێوەی یەكدا دەفەرموێ:

[إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمْ يُنْزِلْ دَاءً إِلاَّ أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ وَجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ][1]

واتە: "خوای گەورە هەر نەخۆشییەك دابەزێنێت، چارەسەرەكەشی دابەزاندووە، هەركەس زانیبێتی دەیزانێ و هەركەسیش نەیزانێت نایزانێ".

ئەمەش مانای ئەوەیە: پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هانی موسڵمانانی داوە، كە بۆ چارەسەری نەخۆشییەكانیان بگەڕێن و شارەزایی پەیدا بكەن، تاوەكو ئەو چارەسەرەی خوا دایناوە بۆ شیفای ئەو نەخۆشییە، بەدەستی بێنن.

---

(١) مسند أحمد/ ٤٣٢٣. سنن البيهقي/٢٠٠٤٤. حديث صحيح.

## دووەم: شێوازی خواردن :

خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾﴾[1]

واتە: "بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام زیادەڕەوی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا، زیادەڕەوانی خۆش ناوێت".

پێغەمبەری خواش لەم بارەوە فەرمویەتی:

[مَا مَلأَ آدَمِيٌّ وِعَاءً شَرًّا مِنْ بَطْنٍ بِحَسْبِ ابْنِ آدَمَ أُكُلاَتٌ يُقِمْنَ صُلْبَهُ فَإِنْ كَانَ لاَ مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ][2]

واتە: (ئادەمی هیچ تورەکەیەکی پڕنەکردووە لە سك خراپتر بێت، چەند پارویەك بەسە بۆ ئەوەی پشتی پێ ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەگەر حەزی بەخۆراکی زیاتر بوو، با سێیەکی بۆ خواردەمەنی بێت، سێیەکیشی بۆ خواردنەوە بێت، سێیەکیشی بۆ هەناسەدان).

زانستی نوێش باس لەوە دەکات، کە چۆن کەمخۆری دەبێتە هۆی لاوازی جەستە، بەهەمان شێوە زۆر خۆریش، دەبێتە هۆی لاوازی جوڵە.

## سێیەم: گرنگیدان بەجۆرەکانی خواردن:

پێغەمبەری خوا لەماوەی ژیانی پێغەمبەرایەتیدا، گرنگیداوە بەهەندێ خواردن و، ڕێگری کردووە لەهەندێکی تر، ئەمەش لەپاڵ لایەنی دینییەکەدا ڕێنماییەکی تەندروستیە بۆ سەرجەم موسڵمانان، کە پابەند بن بە شێوازو چۆنییەتی خواردنەکانەوە.

---

(١) سورەتی الأعراف، ئایەتی ٣١.

(٢) سنن الترمذي (٢٥٥٤)، مسند أحمد، (١٧٦٤٩).

-خواردنه بـاشـه‌كان:

أ- هه‌نگوین:

خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ:

﴿ ثُمَّ كُلِي مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ فَٱسْلُكِي سُبُلَ رَبِّكِ ذُلُلًا ۚ يَخْرُجُ مِنۢ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَةً لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٦٩﴾ ﴾[1]

واته: "فێرمان كردووه كه‌له هه‌موو به‌روبومێك بخوات و پێمان ڕاگه‌یاندووه ئه‌و نه‌خشانه‌ی، كه په‌روه‌ردگارت بۆی كێشاویت به ملكه‌چیه‌وه ئه‌نجامی بده، جا له‌ناو سكی ئه‌و هه‌نگانه‌وه شله‌یه‌كی ڕه‌نگ جیاواز دێته ده‌ره‌وه كه شیفای تێدایه بۆ خه‌ڵكی، به‌ڕاستی ئاله‌مه‌شدا به‌ڵگه‌و نیشانه‌ی به‌هێز هه‌یه بۆ كه‌سانێك بیر بكه‌نه‌وه ".

پێغه‌مبه‌ری خواش ده‌فه‌رموێ:

[الشِّفَاءُ فِي ثَلاَثَةٍ شَرْبَةِ عَسَلٍ ، وَشَرْطَةِ مِحْجَمٍ ، وَكَيَّةِ نَارٍ ، وَأَنْهَى أُمَّتِي عَنِ الْكَيِّ][2]

واته: "چاره‌سه‌ر له‌سێ شتدایه: خواردنه‌وه‌ی هه‌نگوین، كه‌ڵه‌شاخ گرتن، داخكردن به ئاگر، به‌ڵام من قه‌ده‌غه‌ی ئوممه‌ته‌كه‌ی خۆم ده‌كه‌م داخكردن به‌كاربێنن".

به‌پێی زانستی نوێ ده‌ركه‌وتووه: هه‌نگوین گه‌لێك سودی ته‌ندروستی هه‌یه و زیاتر له (١٠٠٠) جۆر ڕووه‌كی تێدایه[3].

ب- خـورمـا:

خوای گه‌وره له‌باسی مه‌ریه‌مدا ده‌فه‌رموێ:

---

(١) سوره‌تی النحل، ئایه‌تی ٦٩.

(٢) صحيح البخاري (٥٦٨٠)، سنن ابن ماجة (٣٦٢٠)، مسند أحمد (٢٢٤٦).

(٣) رقيط: الرعاية الصحية والرياضة في الإسلام، ص٧٢.

﴿ وَهُزِّيٓ إِلَيۡكِ بِجِذۡعِ ٱلنَّخۡلَةِ تُسَٰقِطۡ عَلَيۡكِ رُطَبٗا جَنِيّٗا ﴿٢٥﴾ فَكُلِي وَٱشۡرَبِي وَقَرِّي عَيۡنٗاۖ فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ ٱلۡبَشَرِ أَحَدٗا فَقُولِيٓ إِنِّي نَذَرۡتُ لِلرَّحۡمَٰنِ صَوۡمٗا فَلَنۡ أُكَلِّمَ ٱلۡيَوۡمَ إِنسِيّٗا ﴿٢٦﴾ ﴾ [١]

واتە: (ئەو دارخورمایە ڕابوەشێنە، خورمای گەیوت بەسەردا دەبارێنێت، ئینجا لەو خورمایە بخۆ، لەو ئاوەیش بخۆرەوە، خەمیشت نەبێت،ئەگەر کەسێکت لە خەڵکی بینی ئەوە بە ئیشارەت تێی بگەیەنەو پێی بڵێ: بەڕاستی من بڕیارمداوە و نەزرم کردووە بە ڕۆژوو بم بۆ خوای میهرەبانم، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ من قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم).

پێغەمبەری خواش(صلی الله علیه وسلم) لەباسی ئەم نیعمەتەدا فەرمویەتی:

• [مَنِ اصْطَبَحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتٍ عَجْوَةٍ لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سَمٌّ وَلاَ سِحْرٌ] [٢]

واتە: "هەرکەس بەیانیان حەوت دەنکە خورمای (عەجوە) بخوات، ئەو ڕۆژە ژەهر و جادوو، زیانی پێناگەیەنێت".

زانستی نوێش باس لەوە دەکات، کە خورما شەکرێکی باشی تێدایەو یاریدەی هەرسکردن دەدات و وزەیەکی باشی هەیە، بۆ گەرمکردنی جەستە و جوڵەکردن[٣].

## ج- زەیتــــون:

لە قورئانی پیرۆزدا وەکو دارێکی پیرۆز ناوی براوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ .. يُوقَدُ مِن شَجَرَةٖ مُّبَٰرَكَةٖ زَيۡتُونَةٖ لَّا شَرۡقِيَّةٖ وَلَا غَرۡبِيَّةٖ يَكَادُ زَيۡتُهَا يُضِيٓءُ وَلَوۡ لَمۡ تَمۡسَسۡهُ نَارٞۚ نُّورٌ... ﴾ [٤]

---

(١) سورەتی مریم، ئایەتی (٢٥-٢٦).

(٢) صحيح البخاري (٥٧٧٩)، صحيح مسلم (٥٤٦٠).

(٣) رقيط: ن.م، ص٦٩.

(٤) سورەتی النور، ئایەتی (٣٥).

واته: "له دره‌ختی موباره‌كی زه‌یتون، ڕووی نه له ڕۆژ هه‌ڵات و نه له ڕۆژ ئاوا بێت "سێبه‌ر نایگرێ نه‌كاتی هه‌ڵهاتنی خۆر و نه‌كاتی ئاوابونی" ڕۆنه‌كه‌شی خه‌ریكه خۆی دابگیرسێت و ڕووناكی بداته‌وه، ئه‌گه‌ر ئاگریش لێی نه‌دات،...".

پێغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم) ده‌فه‌رموێ:

[كُلُوا الزَّيْتَ وَادَّهِنُوا بِهِ فَإِنَّهُ مِنْ شَجَرَةٍ مُبَارَكَةٍ][1]

واته: "زه‌یتی زه‌یتون بخۆن و خۆتانی پێ چه‌ور بكه‌ن، چونكه له دره‌ختێكی پیرۆزه".

(به‌غداد)یش له‌م باره‌وه وتویه‌تی: "زه‌یتی زه‌یتون بۆ به‌هێزكردنی قژ و جه‌سته باشه و له‌ژه‌هر[2]" ده‌تپارێزێ.

## د- ڕه‌شـــكـــه:

پێغه‌مبه‌ری خوا ده‌فه‌رموێ: [إِنَّ هَذِهِ الْحَبَّةَ السَّوْدَاءَ شِفَاءٌ مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلاَّ مِنَ السَّامِ.. ][3]

واته: "ڕه‌شكه به‌كاربێنن، چونكه شیفای تێدایه بۆ هه‌موو نه‌خۆشییه‌ك، جگه له‌مردن".

## هـ- شــــیـــر:

خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێ: ﴿ وَإِنَّ لَكُمْ فِي الْأَنْعَامِ لَعِبْرَةً نُّسْقِيكُم مِّمَّا فِي بُطُونِهَا وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٢١﴾ ﴾[4]

واته: "به ڕاستی له به‌دیهاتنی ماڵاتیشدا، جێگه‌ی سه‌رنج و په‌نده بۆتان، گه‌ر ورد ببنه‌وه له‌وه‌ی، كه له سكیاندا به‌دی دێت (مه‌به‌ست شیره) پێمان به‌خشیون تا بیخۆنه‌وه، كه كه‌ڵكی تری زۆریان لێ وه‌رده‌گرن".

---

(١) سنن الترمذي(١٩٦٩)، مسند أحمد( ١٦٤٧٨).

(٢) الطب من الكتاب والسنة، (ص١١٤).

(٣) صحيح البخاري( ٥٦٨٧)، سنن الترمذي (٢١٧٦).

(٤) سوره‌تی المؤمنون، ئایه‌تی (٢١).

ئەنەسی کوڕی مالیك فەرمودەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە لەسەر چەند کەسێکی سەر بە هۆزی: (عورینە و عوکەل)، کە هاتنە خزمەتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پاش ئەوەی ماوەیەك لەمەدینە مابونەوە و، توشی گەدەترشان هاتبون، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)ش پێی فەرمون:

[لَوْخَرَجْتُمْ إِلَى ذَوْدٍ لَنَا فَشَرِبْتُمْ مِنْ أَلْبَانِهَا .. فَفَعَلُوا فَلَمَّا صَحُّوا][1]

واتە: "ئەگەر بچونایەتە لای وشترەکانی بەخشین و لەشیرەکەیانتان بخواردایە، ئەوا چاك دەبون.. ئەوانیش ئەو کارەیان ئەنجامدا و چاکبونەوە".

**و- تـەلبینـە[2]:**

لەعائیشە دایکی ئیماندارانەوە (ڕەزای خوای لێ بێت)، هەرکات یەکێ لەکەسەکانی بمردایە، ئافرەتان لێی کۆدەبوونەوەو دوایی بڵاوەیان دەکرد، جگە لەکەسە تایبەتەکانی، ئەویش فەرمانی دەدا قازانێك شیرەوایان دەکوڵاند، پاشان تێکوشەیان بۆ دەکرد و شیرەواکەیان دەکرد بەسەریدا، ئەمجا دەیوت: بخۆن لەو شیرەولیە بەڕاستی من لە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)م بیستووە دەیفەرموو:

[التَّلْبِينَةُ مَجَمَّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ ، تَذْهَبُ بِبَعْضِ الْحُزْنِ][3]

واتە:"شیرەوا سەبورییە بۆ دڵی نەخۆش و هەندێ خەفەت لادەبات".

**ز- ئـوتـرەج:**

ڕووەکێکی مزرە و تینوێتی نایەڵێت و بۆنی دەم خۆش دەکات، دارەکەی بەرزی دەگاتە (٥) مەتر، لق و گەڵاکانی نەرمن، وەکو لیمۆ وایە، بەڵام ڕەنگی

---

(١) سنن النسائي( ٤٠٤٦)، سنن إبن ماجة( ٢٦٧٦)، مسند أحمد (١٣٤٧٠).

(٢) دەڵێن: شۆربایەکە دروست دەکرێت لە ئارد، یان سوس و تێکڵاو دەکرێ بەشیر و هەنگوین، بۆیە وەها ناونراوە، چونکە سپیە و ڕوونە وەك شیر: إرشاد الساري، ب ٤٧:٩ لسان العرب: (البن) دەگونجێ (پیرخەنیلە)ی کوردەواریش لەمەوە دروست بوبێت. هەندێکیش پێیان وایە: (ناوی جۆی هاڕاوە)،الطب النبوي.

(٣) صحيح البخاري( ٥٤١٧)، صحيح مسلم( ٥٩٠٠).

پرتەقاڵیە، بۆنێكی خۆشی هەیە و تامەكەی ترشە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەم بارەوە دەفەرموێ:

[مَثَلُ الْمُؤْمِنِ الَّذِى يَقْرَأُ الْقُرْآنَ كَالأُتْرُجَّةِ ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَرِيحُهَا طَيِّبٌ][1]

واتە: "نمونەی ئەو بڕوادارەی قورئان دەخوێنێت، وەكو نمونەی ئوترەج وایە، تامی خۆشە و بۆنیشی خۆشە".

## ح- ئـــاوی زەمـــزەم:

ئەم ئاوە كاتێ پەیدا بوو، كە خاتوو هاجەر و ئیسماعیلی كوڕی، لە نیمچەدورگەی عەرەبی لەلایەن ئیبراهیم پێغەمبەرەوە بەجێهێڵران، خوای گەورەش لەژێر پێی ئیسماعیلدا ئەم كارێزەی هەڵتەقان، ئەمەش سەرەتای ڕۆشناییەك بوو لەم بیابانە وشك و چۆڵەوانییەدا، كەوا خەڵكی بەهۆی ئەمەوە ڕوویان تێكرد و تێیدا نیشتەجێ بون، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) كە بە ڕەچەڵەك لەو ئیسماعیلەیە، لەچەندین فەرمودەدا باسی چاكی ئەم ئاوەمان بۆ دەكات، كە شیفایە، وەك دەفەرموێ:

[مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ لَهُ إِنْ شَرِبْتَهُ تَسْتَشْفِى بِهِ شَفَاكَ اللَّهُ وَإِنْ شَرِبْتَهُ لِشِبَعِكَ أَشْبَعَكَ اللَّهُ بِهِ وَإِنْ شَرِبْتَهُ لِقَطْعِ ظَمَئِكَ قَطَعَهُ وَهِىَ هَزْمَةُ جِبْرِيلَ وَسُقْيَا اللَّهِ إِسْمَاعِيلَ][2].

## - خـــواردنه خـراپ و حـەرامــەكان:

### أ- مــــەی:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٩٠﴾﴾[3] .

---

(١) صحيح البخاري( ٧٥٦٠)، سنن النسائي (٥٠٥٥).

(٢) سنن الدارقطني( ٢٧٧٢).

(٣) سورەتی المائدة، ئایەتی (٩٠).

واتە: "ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! دڵنیابن، کە عارەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی، کە خەڵك بەپیرۆزی داناوە نەك ئیسلام، بورج حەڕام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە، ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن".

پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: [كُلُّ مُسْكِرٍ حَرَامٌ(١)] واتە: "هەموو سەرخۆشکەرێ حەڕامە".

زانستی نوێش سەلماندویەتی مەی بۆ ئیلتهاب و ترشانی گەدە زیانی هەیە و زیان لەمنداڵێ دەدات، کە دایکەکەی ماددەی هۆشبەر بەکاربێنێ، تەنانەت ئەو نەخۆشانەی لەنەخۆشخانەدا، زۆر بەنج دەکرێن ئیتر بەهۆکاری چارەسەر بێت یان جوانکاری کردن، ئەگەری توشبونیان بەنەخۆشی زۆر زۆرە(٢).

**ب- گۆشتی حەڕامکراو:**

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ ﴾(٣)

واتە: "لەسەرتان حەڕام کراوە خواردنی: گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن، گۆشتی بەراز، هەروەها ئەو ماڵاتەش، کە سەر دەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت و ماڵاتی خنکاویش، ئەوەش کە بە ئازارو لێدان مردار بۆتەوە، ئەوەش کە دەکەوێتە خوارەوە، ئەوەش کە بەلێدانی ماڵاتێکی تر مردار بوویێتەوە، ئەوانەش کە دڕندە پەلاماری دابن و لێی خواردبن، مەگەر فریای چەقۆ کەوتبن، هەروەها

---

(١) صحيح مسلم (٥٣٣٢)، سنن أبي داود (٣٦٨٧).

(٢) رقيط: الرعاية الصحية والرياضة في الإسلام، ص٥٦.

(٣) سورەتی المائدة، ئایەتی: (٣).

حەرام كراوە، خواردنی گۆشتی ئەو ماڵاتانەی لەو شوێنانەدا سەر دەبڕدرێن كە هاناو هاواری بۆ غەیری خوا تێدا دەبرێت،...".

هەروەها لە چەندین فەرمودەدا وێڕای باسكردنەوەی ئەمانەو بەحەرام نیشاندانیان، چەندین گۆشتی تریش حەرامكراون، ئەمەش مەبەست لێی قەدەغەكردن نییە و بەس، بەڵكو لەپاڵ هەموو قەدەغەكراوێكدا زیانێكی شاراوە هەیە، كە زۆرێكیان لەزانستی ئەمڕۆدا ڕونكراونەتەوە، لەو فەرمودانەش:

ئیبن عەبباس دەڵێ: [نَهَى رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم عَنْ كُلِّ ذِي نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ وَعَنْ كُلِّ ذِي مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ][1]

واتە: "پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ڕێگریی كردووە لە هەموو دڕندەیەكی كەڵبەدار و هەموو باڵندەیەكی چنگ تیژ".

## چوارەم: ڕۆژوو :

خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ ﴾[2]

واتە: "ئەی ئەو كەسانەی بڕواتان هێناوە! ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست كراوە، هەروەكو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست كرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزكاری بكەن"، هەروەها دەفەرموێ:

﴿ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٤ ﴾[3]

واتە: "بێگومان ئەگەر بەڕۆژوو بن چاكترەو پاداشتی زۆرترە ئەگەر بزانن".

كەسانی بە ئەزمون و موفەسیریش دەڵێن: (صوموا تصحوا) واتە: بەڕۆژوو بن، تەندروستیتان باش دەبێت، زانستی نوێش جەخت دەكاتەوە، كە ڕۆژوو سودی

---

(١) صحيح مسلم (٥١٠٣)، سنن أبي داود (٣٨٠٥).

(٢) سورەتی البقرة، ئایەتی: (١٨٣).

(٣) سورەتی البقرة، ئایەتی: (١٨٤).

تەندروستی گەلێك زۆرە و پشوی ڕۆح و جەستەیە، هێز بەجەستە دەبەخشێ، بەهۆی نەمانی ئەو قورساییەوە، خواردن لەسەر جەستەی دروست کردووە، هەربۆیە ڕۆژوو دەمانپارێزێت لەنەخۆشییەکانی گەدە و، زۆربونی کێش و چەوری و زەخت و شەکرە و هەوکردن و پاککردنەوەی گورچیلە[1]".

## پێنجەم: پاك و خاوێنی :

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿...وَٱللَّهُ يُحِبُّ ٱلْمُطَّهِّرِينَ ١٠٨﴾[2] واتە: خوای بەرزو مەزن پاکانی خۆشدەوێن".



سیواك یەكەم فلچەی دەموددان شتن

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ فَٱغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى ٱلْمَرَافِقِ وَٱمْسَحُواْ بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى ٱلْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَٱطَّهَّرُواْ ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُواْ مَآءً فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ ۚ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ٦ ﴾[3]

---

(١) رقیط: الرعایة الصحیة والریاضة في الإسلام، ص(٨١-٨٣).

(٢) سورەتی البقرة، ئایەتی: (٢٢٢).

(٣) سورەتی المائدة، ئایەتی: (٦).

واته: "ئەی ئەوانەی بڕواتان هێنا! کاتێك ویستتان هەستن بۆ نوێژ کردن، ئەوە سەرەتا ڕووخسارتان بشۆن، ئینجا دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتاندا، پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا، قاچەکانیشتان بشۆن لەگەڵ قولە پێتاندا، ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان خاوێن بکەن و خۆتان بشۆن، ئەگەر نەخۆش بوون، یان لە سەفەردا بوون، یان دەستان بەئاو گەیاندبوو (تارەتتان گرتبوو) یان لە ئافرەتی نامەحرەم کەوتبون و ئاوتان دەست نەدەکەوت، بە خاکێکی پاك تەیەموم بکەن و بیهێنن بە ڕووخسارو دەستاندا، خوا نایەوێت لە ئاییندا تووشی سەغڵەتی و نارەحەتیتان بکات، بەڵکو دەیەوێت پاك و خاوێنتان بکات و دەیەوێت نازو نیعمەتی خۆیتان بەسەردا تەواوبکات، بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن".

هەروەها دەفەرموێ: ﴿ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَٰرَىٰ ﴾[1]

واته: "نزیکی نوێژ مەکەون، لەکاتێکدا ئێوە سەرخۆشن"، چونکە سەرخۆشی، هێمایە بۆ هەموو پیسی و خراپەیەك، ئەمەش دورە لە ئادابی کەسی موسڵمان و پاکوخاوێنەوە.

پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: [لِلَّهِ تَعَالَى عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ حَقٌّ أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْمًا][2]

واته:"خوای گەورە مافی بەسەر هەموو موسڵمانێکەوە هەیە، کەوا لەهەر حەوت ڕۆژدا خۆی بشوات"، ئەمەش مانای ئەوەیە: دینەکەمان هیچ ڕۆژێکی قەدەغە نەکردووە بۆ خۆشوشتن، بەڵکو هەرکات پێویست بوو بۆ پاکێتی، ئەوە خۆشوشتن حەقێکی خوایە بەسەرتەوە، دەبێ ئەنجامی بدەیت، هەروەها سیواك کردن، کە داهێنانی یەکەم فلّچەی ددان شتنە و، لەلایەن پێغەمبەری خواوە ئەنجام دراوە، دەفەرموێ: [لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي، لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ صَلاَةٍ][3].

---

(١) سورەتی النساء، ئایەتی: (٤٣).

(٢) صحيح البخاري (٨٩٨).

(٣) صحيح البخاري (٨٨٧)، صحيح مسلم (٦١٢).

واتە: (ئەگەر لەسەر ئیماندارانی ئومەتم قورس و زەحمەت نەبوایە، فەرمانم پێدەکردن کە لەگەڵ هەموو نوێژێکدا سیواك بکەن).

هەروەها پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: [مَنْ عُرِضَ عَلَيْهِ رَيْحَانٌ فَلاَ يَرُدُّهُ فَإِنَّهُ خَفِيفُ الْمَحْمِلِ طَيِّبُ الرِّيحِ](١)

واتە: "هەرکەس ڕێحانەی پێشکەش کرا، با نەیگەڕێنێتەوە، چونکە هەڵگرتنی سوکە و بۆنیشی خۆشە".

## شەشەم: وەرزش :

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: [الْمُؤْمِنُ الْقَوِىُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ] (٢)

واتە: "بڕواداری بەهێز، چاکتر و خۆشەویست ترە لای خوای گەورە، لە بڕواداری لاواز".

**لەگرنگترین وەرزشەکانی سەردەمی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم):**

**أ- تیر ئەندازی:**

لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە: کە عوقبەی کوڕی عامر دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە (صلی الله علیه وسلم) بیستم لەسەر مینبەر دەیفەرموو:

[وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ أَلاَ إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْىُ أَلاَ إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْىُ أَلاَ إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْىُ](٣)

واتە: "چەند دەتوانن هێزیان بۆ ئامادەدە بکەن، بزانن هێز بریتیەلە تیر ئەندازی، بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی، بزانن هێز بریتیە لە تیر ئەندازی".

---

(١) صحيح مسلم (٦٠٢٠).
(٢) صحيح مسلم (٦٩٤٥).
(٣) صحيح مسلم (٥٠٥٥).

هەربۆیە هەمیشە باشترین تیرهاوێژەكان، دەبونە سەركردەی سوپاكان، لەزانستی نوێشدا ئەوانەی تیرهاوێژی دەكەن، دەبێ كەسانی وردبین و بیرتیژبن[1].

## ب- سـوارچـاكی:

خوای گەورە لەوەسفی سوارچاكانی موسڵمان لەبەرەكانی جەنگدا دەفەرموێ:

﴿ وَٱلْعَـٰدِيَـٰتِ ضَبْحًا ۝١ فَٱلْمُورِيَـٰتِ قَدْحًا ۝٢ فَٱلْمُغِيرَٰتِ صُبْحًا ۝٣ فَأَثَرْنَ بِهِۦ نَقْعًا ۝٤ ﴾[2]

واتە: "سوێند بەو هۆكارانەی، كە تیژڕەون و نركەو ناڵەیان لێوە دێت، بەو هۆكارانەی كاتێك، كە ئاگر دەكەنەوەو بریسكە دەدەن، بەو هۆكارانەی، كە لە بەرەبەیاندا هێرش دەبەن، ئینجا دەبنە هۆی بەرپاكردنی تەپ و تۆز و گەردەلول".

پێغەمبەری ئەكرەم (صلى الله عليه وسلم)، هەمیشە جەختی كردۆتەوە لەسەر ئازایی و جیهادكردن لەپێناوی خوا، كە هۆكارێكە بۆ بەهێزی و نەفسیەت بەرزی كەسی موسڵمان، كە خاوەنی جورئەت و پشت بەخۆبەستنی دەكات..

## ج- زۆرانبــازی:

یەكێكی تر بووە لەو وەرزشانەی، لەم سەردەمەدا ئەنجام دراوەو، لەشەڕەكانیشدا سودی لێوەرگیراوە، وەكو شەڕی: بەدر و خەندەق و حونەین. (واقیدی) لە كتێبی (مەغازی)دا باس لەوە دەكات، كە ئیمامی عەلی یەكێك بووە لە پاڵەوانە خێرا و بەتواناكان لەشمشێربازیدا[3]، وەك دیاریشە ئەم وەرزشە، پێویستی بە ئەنجامدانی چەند وەرزشێكی تر هەیە.

---

(١) مختار سالم: الطب الإسلامي بين العقيدة والإبداع، ص(٢٠٤).

(٢) سورەتی العاديات، ئایەتی: (١-٤).

(٣) الواقدي: المغازي، ج١/ ص٩٦.

د- مەلەكردن:

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) چەندین جار لەگەڵ هاوەڵانیدا چووە بۆ مەلەکردن[١]، لەم بارەشەوە فەرمویەتی: باوك لەسەریەتی منداڵەکەی فێری نوسین و مەلەکردن و تیرئەندازی بکات[٢].

هەروەها دەفەرموێ: ( علموا أبناءكم السباحة والرماية...) عن بكر بن عبدالله بن الربيع الأنصاري: (ضعيف).

واتە: منداڵەکانتان فێری مەلەکردن و تیر ئەندازی بکەن.

حەوتەم: تاعون (چاوەقوڵە) :

پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) سەبارەت بەم نەخۆشییە گشتیە فەرمویەتی:

[ إِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ فَلاَ تَقْدَمُوا عَلَيْهِ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلاَ تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ][٣] .

واتە: "ئەگەر بیستتان چاوە قوڵە پەیدابووە لە خاکێکدا مەچن بۆئەوێ، ئەگەر لە خاکێکدا پەیدابوو، ئێوەی تێدابون لێی ڕامەکەن"، مەبەست لەم ڕێنماییە پزیشکیەی پێغەمبەر ئەوەیە: تاوەکو نەخۆشییەکە لەو شوێنە زیاتر تەشەنە نەکات و بڵاونەبێتەوە، وەکو چەندین سەدە لەدوای ئەوە، لە ئەوروپا بڵاوبۆوە بەهۆی ڕاکردنی توشبوانی بەرەو ناوچەکانی تر، کە لەسێ بەشی ئەوروپا، دوو بەشی لەناوچوو، لەکاتێکدا لەدەورانی عەباسیەکان تەواوی ناوچەکانی بەغداد و وڵاتی شام و ئێرانی گرتەوە، بەڵام بەهۆی بەئاگابونیانەوە، کەمترین خەڵك توش بوو، نەیانهێشت تەشەنە بکات.

---

(١) السيوطي: الباحة في السباحة، (ج١/ ص٧٤).

(٢) ئەمەش دەقی فەرمودەکەیە بەڵام بە لاواز دانراوە [نَعَمْ حَقُّ الْوَلَدِ عَلَى الْوَالِدِ أَنْ يُعَلِّمَهُ الْكِتَابَةَ وَالسِّبَاحَةَ وَالرَّمْيَ وَأَنْ يُوَرِّثَهُ طَيِّبًا]. سنن البيهقي٢٠٢٣٤، هَذَا حَدِيثٌ ضَعِيفٌ. سیوتیش هێناویەتی لە (الباحة في السباحة)، ج١/ ص٢٥.

(٣) صحيح البخاري/ ٥٧٢٩، صحيح مسلم/٥٩١٥، سنن أبي داود/ ٣١٠٥

## هەشتەم: كەڵەشاخ :

یەكێكە لەو چارەسەرانەی كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە چەندین فەرمودەدا ئاماژەی بەچاكی و سودەكانی كردووە، تەنانەت باشترین كات بۆ ئەنجامدانیشی دیاریكردووە:

[مَا مَرَرْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي بِمَلإٍ إِلاَّ قَالُوا يَا مُحَمَّدُ مُرْ أُمَّتَكَ بِالْحِجَامَةِ] [1]

واتە: (لەشەورِەویدا بەلای پۆلێ فریشتەدا تێپەڕیم، وتیان: ئەی موحەممەد! فەرمانی كەڵەشاخ بە ئوممەتەكەت بدە).

[إِنَّ خَيْرَ مَا تَحْتَجِمُونَ فِيهِ يَوْمَ سَبْعَ عَشْرَةَ وَيَوْمَ تِسْعَ عَشْرَةَ وَيَوْمَ إِحْدَى وَعِشْرِينَ][2]

واتە: "چاكترین ئەو ڕۆژانەی كەڵەشاخی تێدا بگرن حەڤدە و نۆزدە و بیست و یەكن".

[يَحْتَجِمُ فِي الأَخْدَعَيْنِ وَالْكَاهِلِ][3]

واتە: "پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەسەر دوو ڕەگی لای ملی و لەنێوان هەردوو شانیدا كەڵەشاخی دەگرت".

[وَتَزِيدُ فِي الْعَقْلِ وَفِي الْحِفْظِ فَاحْتَجِمُوا عَلَى بَرَكَةِ اللَّهِ يَوْمَ الْخَمِيسِ وَاجْتَنِبُوا الْحِجَامَةَ يَوْمَ الأَرْبِعَاءِ وَالْجُمُعَةِ وَالسَّبْتِ وَيَوْمَ الأَحَدِ تَحَرِّيًا وَاحْتَجِمُوا يَوْمَ الاِثْنَيْنِ وَالثُّلاَثَاءِ][4]

واتە: " كەڵەشاخ توانای لەبەركردنی كەسی لەبەركار زیاد دەكات، بۆیە بەناوی خواوە كەڵەشاخ بگرن و ڕۆژانی (٥) شەممە و هەینی و شەممە و یەك شەممە مەیگرن، بەڵكو ڕۆژانی دووشەممە بیگرن".

---

(١) سنن إبن ماجة (٣٦٠٨).

(٢) سنن الترمذي (٢١٩١).

(٣) سنن الترمذي (٢١٨٩).

(٤) سنن إبن ماجة (٣٦١٦).

## نۆیه‌م: لایه‌نی ده‌روونیی :

پێغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم)له چه‌ندین فه‌رموده‌دا ئاماژه ئه‌دات به چه‌ند ویردێك، كه به‌به‌یانیان و ئێواران بخوێنرێت، چونكه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی پارێزراو ده‌بین له‌شه‌ڕی دروستكراوه‌كانی خوا، دڵیشمان ئارام ڕاده‌گرێت، جگه له‌مانه‌ش، چه‌ندین دوعا و زیكری تر هه‌ن، كه پێغه‌مبه‌ر وه‌كو پزیشكێكی ده‌رونی به‌و ویردانه چاره‌سه‌ری دڵی نه‌خۆشانی كردووه و، سوكنایی داوه‌ته خه‌فه‌تباران و دڵخۆشی بوون بۆ گه‌نجانی دڵگه‌رم، وه‌كو ده‌فه‌رمویٚ:

[اللَّهُمَّ إِنِّ أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْهَمِّ وَالْحَزَنِ ، وَالْعَجْزِ وَالْكَسَلِ، وَالْبُخْلِ وَالْجُبْنِ، وَضَلَعِ الدَّيْنِ، وَغَلَبَةِ الرِّجَالِ][1].

---

(١) صحيح البخاري (٦٣٦٣).

# پزیشكانی ده‌وری پێغه‌مبه‌ر
## (صلی الله علیه وسلم)

**١- ئیبن حــه‌زیم:**

یه‌كێكه له‌به‌ناوبانگترین و ده‌ست ڕەنگینترین پزیشكانی ئه‌و سه‌رده‌مه، له‌بارمیه‌وه وتراوه:

فهل لكم فيما إلـي فإنني طبيب
بـمـا أعـيي النـطـاسـي حـذيمـا[١]

**٢- ئه‌بو ڕومه‌یسه‌ی ته‌میمی:**

ناوی (ڕوفاعه‌ی كوڕی یه‌سری ئه‌بو ڕومه‌یسه‌ی ته‌میمیه)، هاوسه‌رده‌می حارسی كوڕی كلده بووه، یه‌كێكه له پزیشكه سه‌ركه‌وتووه‌كان، له‌چارسه‌ركردنی نه‌خۆشان و، كاری نه‌شته‌رگه‌ری و ئه‌نجامداوه له‌سنوری كه‌می زانستی خۆیدا[٢].

**٣- زمادی كوڕی سه‌عله‌به‌ی ئه‌زدی:**

ئیبن عه‌بباس فه‌رموده‌یه‌كمان بۆ ده‌گێڕێته‌وه له باسی موسڵمانبونی ئه‌م پزیشكه و ده‌ڵێ: " كاتێ هاته مه‌ككه، خه‌ڵكی پێغه‌مبه‌ریان (صلى الله عليه

---

(١) سالم: (الطب الإسلامي بين العقيدة والإبداع)، ص٨٠. الزمخشري: (المستقصي في أمثال العرب)، ج١/ ص٢٢٠.

(٢) عكاوي: (الموجز في تأريخ الطب عند العرب)، ص٨٣.

وسلم) به ساحیر و كاهین و شێت ناودەبرد، ئەویش چووه لای، تاوەكو گوێی لەخودی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بێت" ئەویش فەرموی: [الحمد لله نحمده ونستعينه ونؤمن به ونتوكل عليه من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأن محمدا عبده ورسوله أمابعد] پاش ئەوەی سێ جار دوبارەی كردەوە، وتی: "وەڵاهی من گوێم له كاهین و ساحیر و شاعیران بووه، بەڵام تاوەكو ئێستا گوێم له وشەی وا نەبووه(١)"، بەمەش بووه یەكێ له موسڵمانەكانی سەرەتای ئیسلام، (كەتتانی) لەبارەیەوە دەڵێ: "زمادی كوڕی سەعلەبەی ئەزدی، یەكێكه له پزیشكان(٢)".

## ٤- حارسی كوڕی كەعب:

پزیشكیی دەورانی ئیسلام، بڕوای به پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێناوه و لەكاتی لێدانەكەی خەلیفه عومەر یەكێ بوو لەوانەی دەرمانی دەكرد(٣).

## ٥- شمردڵی كوڕی قەبابی كەعدی (كەعبی) نەجرانی:

یەكێكه له پزیشكانی دەوری ئیسلام، كه پێش موسڵمانبونی و لەسەردەمی نەفامیدا، كاهینی ناو هۆزەكەی بووەو، چارەسەری خەڵكی دەكرد، فەرمودەیەكیش هەیه لەبارەی كاتی موسڵمانبونییەوە، كه قەیسی كوڕی ڕەبیع له شمردڵ خۆیەوه دەیگێڕێتەوه(٤).

لەم سەردەمەدا، چەندین پزیشك و برینپێچی ئافرەتیش هەبون بەچارەسەركردن و تیماركردنی بریندارا و موسڵمانان خزمەتیان به ئایینەكەیان كردووه، كه لەبەشی ڕۆڵی ئافرەتانی موسڵمان له زانستی پزیشكیدا ئاماژەم پێیداوه.

---

(١) الأصبهاني: (معرفة الصحابة)، ج٣ (ص١٥٤٢).

(٢) (التراكيب الإدارية)، ج١ (ص٤٦٢).

(٣) عكاوي: (الموجز في تأريخ الطب عند العرب)، (ص٨٣).

(٤) بڕوانه: العسقلاني: (الإصابة)، ج٣ (ص٣٥٨). الكتاني: (التراتيب الإدارية)، ج١ (ص٤٦٢).

## پزیشكێتی
## لەدەورانی خەلیفەكانی ڕاشیدیندا

جیهانی ئیسلامی لەم سەردەمەدا، كە خۆی لە خیلافەتی: ئەبوبەكر و عومەر و عوسمان و عەلی دەبینێتەوە، زیاتر خۆی لە پتەوكردنی یەكڕیزی موسڵمانان و خەمخواردن بۆ بڵاوبونەوەی ئایینەكە بەباشترین شێواز دەبینێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەكە لەم خەلیفانە، بەپێی بارودۆخ و سەردەمەكەیان ڕەچاوی لایەنی تەندروستیان كردووە.

لەدەورانی خەلیفە ئەبوبەكردا، ئافرەتان لە سوپادا بەشداریان دەكرد، بۆ تیماركردنی برینی سەربازان و هاندانی پیاوان بۆ شەڕكردن، هەروەها كەسێكی وەكو عەمری كوڕی عاص، كە سەركردەی سوپا بوو لەم سەردەمەدا، ڕەچاوی لاوازی و تۆكمەیی جەستەی سەربازەكانی دەكرد و، لەسەر ئەو بنەمایە دابەشی كردبون[1] .

عومەری كوڕی خەتتاب چەندین ڕێنمایی تەندروستی داوە، لەوانە دەیگوت: "زۆرخۆری لەخواردندا جەستە تەمبەڵ دەكات و، ناتوانی بەباشی بجوڵێی و نوێژەكانت بەجێ بێنی[2]"، ئەمەش لەزانستی نوێدا پشت ڕاست كراوەتەوە، كە زۆرێك لەهۆكاری نەخۆشییەكان لەزۆرخۆری و نەجوڵانەوەیە، هەروەها دەیگوت: "زۆر خۆری لە گۆشتی سوردا مەكەن، چونكە هۆكارە بۆ نەخۆشی[3]".

---

(١) ابن الأثير: (أسد الغابة)، ج٧ (ص٢٨٢).

(٢) ابن حبان السبتي: (المجروحين من المحدثين والضعفاء والمتروكين)، ج٢ (ص٣٥).

(٣) مالك: (الموطأ)، ج٢ (ص٩٣٥).

له زانستی نوێشدا دەوترێ: هۆکارێکه بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی کۆڵسترۆڵ له خوێنداو.. لەهەمان کاتدا لەخەمی سکی برسیانیشدا بووە و بەکۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا و لەخەمی میللەتەکەی دەپرسی و، خواردن و هاوکاری دەنارده سەربازگەکان و، یارمەتی ماڵە هەژارەکانی دەکرد[1].

هەروەها ئەم خەلیفەیە هەوڵی ڕێگری کردووە له چەندین نەخۆشی، لەوانە: نەخۆشی تاعون، کە لەناوچەی (عەمواس) نزیکی قودس له فەلەستین بڵاوبۆوە[2]، پارێزگاریکردن له بڵاوبونەوەی نەخۆشی: (گەڕی و گولی) لەولاتەکەیدا، ئەوە بوو کاتێ بیستی ئافرەتێك توش بووە، فەرمانیدا لەماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و ئاگاداری بکرێت، بەمەرجێ تێکەڵی هیچ کەسێ نەکات[3].

یەکێکی تر له کارە تەندروستیەکانی دەورانی فتوحاتی ئەم خەلیفەیە ئەوەبوو: هەرگیز نەیانهێشتووە مردووەکانیان لەسەر خاك بکەون، بەڵکو دەیانکردن بەژێر خۆڵەوە، وەکو لەشەڕی (قادسیە)دا ئافرەتان هەڵدەستان بەناشتنی مردووەکان و هێنانی چەك و ئاو و خواردن بۆ سەربازەکان[4].

لەدەورانی خەلیفە عوسماندا، هاوشانی پشتبەستن بەڕێنمایی و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، سودیان له پزیشکە مەسیحیەکان وەردەگرت، وەکو ئاشکرایە باشترین ماددەی کانزایی، کە زیانی نەبێ بۆ ددان: ئاڵتونە، ئەوەبوو لەم سەردەمەدا، بۆ یەکەمین جار ددانی ئاڵتونی دروستکرا، بۆ ئەوانەی ددانەکانیان سود و کەڵکیان نەمابوو، چونکە پێیان وابوو: ئەمە بۆ پاراستنی تەندروستییە، نەك لایەنی جوانکاریی[5].

خەلیفە عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب یش، وەکو کەسێکی تێگەیشتوو و شارەزا، لەو بارەوە، خاوەنی چەندین وتەی بەپێزە وەکو دەڵێ: "هیچ کات شتێ ناخۆم

---

(١) البلاذري: أنساب الأشراف، ج٣/ ص٣٩٢.

(٢) ابن كثير: البدايتوالنهاية، ج٧/ ص٧٧.

(٣) مالك بن أنس: الموطأ، ج١/ ص٤٢٤.

(٤) هواش: الإعاشة والطب في التراث العربي الحربي/ ص٧٣.

(٥) ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق، ج٣٩/ ص١٢.

نه‌زانم چیه؟![(١)]". ئه‌مه‌ش مه‌به‌ست لێی ئه‌وه‌یه، تا شتێ نه‌زانێ سودبه‌خشه نایخوات، هه‌روه‌ها له‌ماوه‌ی خیلافه‌تیدا، چاودێری خستبووه سه‌ر بازاڕ و، نه‌یده‌هێشت خۆراكی به‌سه‌رچوو و زیانبه‌خش له وڵاته‌كه‌یدا بفرۆشرێ[(٢)]، جگه له‌وه‌ش، هه‌ستا به دروستكردنی چه‌ند خانویه‌ك بۆ ڕێبواران و لێدانی بیر بۆیان تاوه‌كو پێداویستی خۆیانی تێدا جێبه‌جێ بكه‌ن و، جاده و ڕێگا گشتییه‌كان پیس نه‌كه‌ن[(٣)].

له‌سه‌رده‌می خه‌لیفه‌كانی ڕاشیدیندا، چه‌ند پزیشكێك به‌ده‌ركه‌وتن، كه هه‌ڵده‌ستان به‌چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشییه‌كان، زۆربه‌یان له ئه‌هلی زیممه (غه‌یره موسڵمان) بون، ئه‌وانیش[(٤)]:

١- یه‌حیای نه‌حوی ئه‌سكه‌نده‌رانی (ئۆتۆشیۆس).

٢- ئه‌هرن كوڕی ئه‌عین.

٣- شه‌معونی ڕاهیب، ناسراو به (به‌تیبویه).

٤- ئیسته‌فن.

٥- به‌رتلاوس .

٦- سه‌ندهشار، به‌پێی ناوه‌كه‌ی ده‌كرێ فارس یان هیند بوبێت.

٧- قه‌هله‌مان .

٨- ئه‌بو جه‌ریحی ڕاهیب .

٩- فیلاگوسۆن

١٠- عیسای كوڕی قوسته‌نتین

١١- پۆڵسی ئه‌جینی

---

(١) ابن الأثير: الكامل، ج٣/ ص٢٦٥.

(٢) بن قتيبة الدينوري: عيون الأخبار، ج٢/ ص٣٦٨.


(٣) الصنعاني: مصنف عبدالرزاق، ج١٠/ ص٧٢.

(٤) عكاوي: الموجز في تأريخ الطب عند العرب، ص٦٠-٦١. ابن القفطي: اخبار العلماء بأخبار الحكماء، ص٥٦. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص١٣-١٤.

# پزیشکێتی لەدەورانی
# مێژووی ئیسلامدا

## (٢)

## پزیشکێتی لە دەورانی ئەمەویدا



مزگەوتی گەورەی ئەمەوی لە دیمەشق

## بارودۆخی سیاسی

دەوڵەتەکەیان بەناوی باپیرە گەورەیانەوە (ئومەییەی کوڕی عەبدوشەمس) ناونراوە، چونکە تەواوی خەلیفەکانی ئەم دەوڵەتە لە دوو بەرەن: بەرەی (حەرب و ئەبیلعاص)، کە هەردوکیان کوڕانی ئومەییەن، لقی (حەرب) ناسراو بەسوفیانییەکان، سێ کەسیان لێ بۆتە خەلیفە:

| ناوی فەرمانڕەواکان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان | ٤١-٦٠ك/ ٦٦١-٦٧٩ز |
| یەزیدی کوڕی معاویە | ٦٠-٦٤ك/ ٦٧٩-٦٨٣ز |
| معاویەی کوڕی یەزید | ٦٤ك/ ٦٨٣ز |

لقی (ئەبیلعاص)، ناسراو بە مەڕوانییەکان، یانزە کەسیان بۆتە خەلیفە:

| ناوی فەرمانڕەواکان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| مەڕوانی کوڕی حەکەم | ٦٤-٦٥ك/ ٦٨٣-٦٨٥ز |
| عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان | ٦٥-٨٦ك/ ٦٨٥-٧١٥ز |
| وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك | ٨٦-٩٦ك/ ٧٠٥-٧١٥ز |
| سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك | ٩٦-٩٩ك/ ٧١٥-٧٢٠ز |
| عومەری کوڕی عەبدولعەزیز | ٩٩-١٠١ك/ ٧١٧-٧٢٠ز |
| یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك | ١٠١-١٠٥ك/ ٧٢٠-٧٢٤ز |
| هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك | ١٠٥-١٢٥ك/ ٧٢٤-٧٤٣ز |
| وەلیدی کوڕی یەزید | ١٢٥-١٢٦ك/ ٧٤٣-٧٤٤ز |

| | |
|---|---|
| یەزیدی كوڕی وەلید | ١٢٦ك/ ٧٤٤ز |
| ئیبراهیمی كوڕی وەلید | ١٢٦-١٢٧ك/ ٧٤٤-٧٤٥ز |
| مەڕوانی كوڕی موحەممەد | ١٢٧-١٣٢ك/ ٧٤٥-٧٤٩ز |

ئەم دەوڵەتە، کە پایتەختەکەی شاری (دیمەشق) بوو، لەماوەی دەسەڵاتیدا توانی ناوچەیەکی زۆر فەتح بکات و، دینی ئیسلامی تێدا بڵاوبکاتەوە، سنوری دەوڵەتەکە لەخۆرهەڵاتەوە توانی بگاتە: (سیند و هیند و بوخارا)، لە خۆرئاواشەوە بگاتە (ئەندەلوس)[1].

مزگەوتی گەورەی دیمەشق و دیاربەکر، کە شێوەیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، هەرچەندە یەکەمیان لەلایەن: ئەمەوییەکانەوە دروستکراوە، دووەمیشیان لەلایەن: سەلجوقیەکانەوە.



(١) سودم لەم سەرچاوانە بینیوە / الزركلي: الأعلام. ستانلي لين بول: الدول الإسلامية. احمد عطية الله: القاموس الاسلامی. زامباور: معجم الأنساب والأسرات الحاكمية في التاريخ الاسلامي.

# پزیشكێتی
# لە دەورانی ئەمەویدا

ئەزمونی ئەمەوییەكان لەڕوی سیاسی و شارستانییەوە، كارێكی دیار و بەرچاوە، لەڕوی بەرفراوانی ڕوبەرەوە، كە دواتر توانرا لە زۆرێك لەشارە گەورەكاندا، بنكەی ڕۆشنبیری و شارستانی بونیاد بنرێت، لەوانە: قەیرەوان و مینا لە تونس، واسیت و ڕەسافە لەشام، هەروەها بەعەرەبكردنی دیوانەكان و پارە و سكەی وڵات و بونیاتنانی چەندین مزگەوتی گەورە، لەوانە قوبەتوسەخرە و مزگەوتی گەورەی دیمەشق و مزگەوتی ئەقصا.

ئەمەوییەكان بەسەر میراتی میللەتانی پێشودا كەوتن، جا بەهۆی هۆگریان بەزانست و فێربونەوە، هەر زوو سودیان لە قوتابخانەكانی: ئەسكەندەریە و ئەنتاكیە و جندیسابور و ڕەها و نوسەیبین و بەصری شام و حیرە و حیڕان وەرگرت هەروا سودێكی زۆریان لە پسپۆڕێتی پزیشك و زاناكانیان بینی.

هەربۆیە دەبینین پزیشكانی عەجەمی، لەسەرەتاكانی دەوڵەتی ئەمەوی، جێگای خۆیان لەنێو ئەم دەوڵەتەدا كردەوە، بۆ نمونە: (ئیبن ئەسالی) نەسڕانی بوو، بووە پزیشكیی معاویەی كوڕی ئەبوسوفیان و، هەستا بە وەرگێڕانی هەندێ لەسەرچاوە پزیشكیەكان بۆ سەر زمانی عەرەبی، بۆ خۆیشی پسپۆڕیەكی باشی هەبوو لە دەرمانە تاك و تێكەڵەكاندا[1].

---

(١) ابن الأثیر: اسد الغابة، ج٥/ ص٢٢٠-٢٢١. الصلابي: الدولة الأموية، ج١/ ص٢٤.

بەهۆی دەستگیرۆییەكانی خەلیفە معاویەوە، توانی هەندێ كتێبی یۆنانی پزیشكیی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، ئەمەش بە دەستپێكی وەرگێڕانی كتێبە پزیشكیەكان دادەنرێ، لەشارستانییەتی ئیسلامیدا، ئەمەش وای كرد ژمارەیەكی زۆر پزیشكیی باش لە جیهانی ئیسلامیدا دەربكەون، بەهۆی بەگەرخستنی قوتابخانەكان و، گرنگیدان بەلایەنی فێرگە و كەرتی پەروەردە.

بۆ نمونە: بەتەنها لەشاری: (بەصرە) كە لەلایەن زیادی كوڕی باوكیەوە بەڕێوە دەبرا، ژمارەی دانیشتوانەكەی (٨٠) هەزار كەس بوو، كە (١٥٠) پزیشكیی تێدا بوو[(١)].

یەكێك لەدیارترین ئەمیرەكانی ئەمەوی: (خالیدی كوڕی یەزید) بوو، پاش ئەوەی لەخیلافەت دورخرایەوە، هۆگری دایە زانست و حیكمەت، ئەمەش لەلایەن تەواوی مێژوونوسانەوە باسی لێوە كراوە و، هەوڵەكانی بەرز نرخێنراوە لەبواری زانست و پەرەدان بە زانستە جۆراوجۆرەكان، لەناویشیاندا: زانستی پزیشكی[(٢)].

یەكێك لەو كەسە دیارانەش وەسفی ئەم میرەی كردبێت، (جاحظ)ە لە كتێبی: (البیان و التبیین)دا دەڵێ: "خالیدی كوڕی یەزید كەسێكی نوێ بوو، بۆ یەكەمین جار دەستی دایە وەرگێڕانی كتێبە گەردونی و پزیشكیی و كیمیاییەكان[(٣)]".

(ئیبن نەدیم)یش لەكتێبەكەی خۆیدا باسی دەكات و دەڵێ: "خالیدی كوڕی یەزید، ناودەبرێ بە: (حەكیمی ئالی مەڕوان) و خاوەن كەسێتیەكی بەهێز و خۆشەویستیەكی زۆری بۆ زانست هەبوو، فەرمانیدا بە وەرگێڕانی كتێبە فەلسەفیەكانی یۆنان بۆ سەر زمانی عەرەبی، كە ئەو كاتە لە میسر بوون، بەمەش زۆرێك لە كتێبەكان لە زمانی: یۆنانی و قیبتیەوە وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی[(٤)]".

لە كتێبی (كشف الظنون) یشدا، كە وتەیەكی (ئیبن سینا)ی لە كتێبی (مرآة العجائب)دا هێناوەتەوە، دەڵێ: "خالیدی كوڕی یەزید، یەكەم كەسە لە خەلیفە

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية، ج٨/ ص٦٢. الصلابي: ن.م، ص٢٤.

(٢) فاضل خليل ابراهيم: خالد بن يزيد سيرته و اهتمامه العلمية، ص٩٩.

(٣) الجاحظ: البيان والتبيين، ج١/ ص١٧٣.

(٤) ابن النديم: الفهرست، ص٣٣٨.

و ئەميرانى ئەمەوى، كە گرنگى دابێت بە وەرگێڕانى كتێبە كيميابيەكان، بەمەش چەندين زانيارى لەو بوارەدا بەدەست هاتن[1]".

ئەم ميرە، بۆ يەكەم جار داواى لە (ڕەهبانى مريانس) كرد، كە يەكێ بوو لە پزيشكانى ئەو سەردەمە، تاوەكو فێرى زانستى كيميا و پزيشكيان بكات، ئەو دوو زانستەش بۆ خزمەتى يەكتر بەكاربێنێت، ئەوەبوو هەر لەسەر داواى ئەم ميرە كتێبى: (كناش ئەهرن) بۆ سەر زمانى عەرەبى وەرگێڕدرا.

دەوڵەتى ئەمەوى بەهۆى سەرقاڵبونى زۆرێك لە خەليفەكان بەكێشە ناوخۆييەكان و، پاراستنى چوار چێوە و سنورى دەوڵەتەكەيان، كەمتر گرنگيان داوەتە لايەنى تەندروستى، چونكە بەر لەو لايەنە، وڵات پێويستى بە هێمنى و ئاسايشى هەبوو، هەروەها ئاوەدانكردنەوەى ئەو ناوچانەى شەڕيان تێدا كرابوو، هەروا پەرەدان بەلايەنى كشتوكاڵ و نۆژەنكردنەوەى شوێنەكان، ئەمە جگە لەوەى دەوڵەتەكە نزيكەى (٩٠) ساڵ درێژەى هەبوو.

مێژوونوسان لەسەر ئەوەن، كە عەبدولمەليكى كوڕى مەڕوان، دووەم دروستكەرەوەى ئەم دەوڵەتە بێت، چونكە توانى سەرجەم دەنگە دژ بەيەكەكان بەكۆتا بێنێت، پاشانيش كەرتى ئاوەدانكردنەوە پەرە پێبدات، ئەمە جگە لەوەى توانى، دراوى ئيسلامى دابێنێت و، ئاڵوگۆرە بازرگانييەكان لەڕێگاى ئەم دراوەوە ئەنجام بدات و، ديوانەكانى وڵاتيش بكاتە عەرەبى.

دواى خۆيشى، دەوڵەتەكە كەوتە دەست كوڕە گەورەكەى: (وەليد)، كە سەردەمەكەى بەباشترين سەردەمى شارستانى دەوڵەتەكە دادەنرێت، چونكە توانى، جگە لە فراوانخوازى و پاراستنى سنورەكانى دەوڵەتەكە، دەست بكات بە ئاوەدانكردنەوەى وڵاتەكە لەڕێگاى كردنەوەى بنكەى بەساڵاچوان و موچە بڕينەوە بۆ بێ نەوايان و هەژارانى و، پێدانى خۆراك و پۆشاك و شوێن بۆ مانەوەيان، هەروەها پرۆژەى بيرلێدان بۆ حاجيان لەسەر ڕێگاكانى چون بۆ حەج و، دروستكردنى چەندين پرد و مزگەوتى گەورە لەناوچە جياجياكاندا، كە بەناوبانگترينيان: (مزگەوتى گەورەى ئەمەوى) بوو.

---

(١) حاجي خليفة: كشف الظنون. ج٢/ ص١٥٣.

## نه‌خۆشخانه‌ی گوله‌كان

به‌یه‌كه‌م نه‌خۆشخانه‌ی جێگیر داده‌نرێت، كه له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌ی ئه‌مه‌وی: وه‌لیدی كوڕی عه‌بدولمه‌لیكه‌وه دامه‌زرا، به‌مه‌به‌ستی ته‌شه‌نه نه‌كردن و بڵاونه‌بونه‌وه‌ی ئه‌م نه‌خۆشییه و، پاراستنی گیانی توشبوان و دڵدانه‌وه و هاوكاری كردنیان، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش، هه‌ستا به‌دامه‌زراندنی چه‌ندین پزیشكیی شاره‌زا و به‌توانا و، پاره‌یه‌كی باشی ته‌رخانكرد بۆ پێدانی موچه به‌پزیشكان و كارمه‌ندانی نه‌خۆشخانه‌كه، ئه‌م ده‌ستپێكه‌ش، بووه سه‌ره‌تایه‌ك بۆ به‌هاناوه چونی كه‌سانی نه‌خۆش له‌ناوچه‌كانی تری ده‌وڵه‌ته‌كه و، هاوكاری كردن و یارمه‌تیدانیان[1].

له ده‌ورانی عومه‌ری كوڕی عه‌بدولعه‌زیزیشدا، كه گرنگیه‌كی زۆری به‌بارودۆخی میلله‌ته‌كه‌ی ده‌دا و خه‌راجی وڵاتی بۆ لایه‌نی زانست و وه‌رگێڕانی كتێبه‌كان خه‌رج ده‌كرد، ئه‌وه‌بوو چه‌ند كتێبێكی پزیشكیی له‌لایه‌ن: (ئه‌هرنی كوڕی ئه‌عین)ه‌وه وه‌رگێردرایه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، به‌هۆی ئه‌م هه‌وڵانه‌ی خه‌لیفه‌شه‌وه كه پێشكه‌شی زانستخوازانی ده‌كرد، ئه‌وه‌بوو (ماسرجویه) كه پزیشكێكی ئیسرائیلی ناوچه‌ی (به‌صری) شام بوو، هه‌ستا به وه‌رگێڕانی كتێبی: (ئه‌هرن قس)ی پزیشكیی، كه به‌یه‌كێك له كتێبه پزیشكیه كلتوریه كۆنه‌كانی ئه‌و ناوچه‌یه دێته ئه‌ژمار[2].

---

(١) بڕوانه: ابن ابي اصيبعة: عيون، ص١٧٥. القلقشندي: صبح، ج١/ ص٤٣١. ابو المحاسن: النجوم، ج١/ ٩٢.

(٢) القفطي: ن.م، ص١٤٠.

بەهۆی ئەمەشەوە قوتابخانەكان كەوتنە فێركاری قوتابیەكان، لە ئەسكەندەریەوە، تا ئەنتاكیە، یەكێك لە پزیشكە دەركەوتەكانی ئەم دەورەیەش (عەبدولمەلیكی كوڕی ئەبجری كنانی) بوو، پاش ئەوەی شارەزایی لەئایینی ئیسلامدا پەیدا كرد، وازی لە مەسیحیەت هێنا و بووە موسڵمان[1].

لەڕووی پەیوەندی ڕۆشنبیری و زانستیشەوە، دەوڵەت پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتیەكاندا هەبوو، كاتێ ژەهر كرایە خواردنەكەی خەلیفە عومەرەوە، لەیەكێ لەسەفەرەكانیداو، كە حاڵی تێكدا، داوای لە بێزەنتیەكان كرد، باشترین پزیشكیی بۆ بنێرن، ئەوانیش چارەسەرەكەیان بۆ نارد، كە ماددەی بێهۆشكەری تێدا بوو، كاتێ چارەسەرەكەی بینی، داوای كرد بیگەڕێننەوە و وتی: من چارەسەر لەشتێكی وادا نابینم[2].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص١٧١.

(٢) ابن عبدالحكم: سيرة عمر بن عبدالعزيز، ص١٠٢.

## بەناوبانگترین پزیشكانی ئەم دەورەیە:

**١- خالیدی كوڕی یەزیدی كوڕی معاویەی كوڕی ئەبوسوفیان:**

بەهۆی كەنارخستنییەوە لەدەسەلات، ڕووی كردە لایەنی زانست، كە بەهۆی ئەمەشەوە، ناوبانگێكی باشی بەدەستهێناو چەندین نازناوی زانستی لێنرا، لەوانە: زانای قوڕەیش، حەكیمی ئالی مەڕوان[1].

**٢- ئیبن ئەسال:**

یەكێكە لە پزیشكە بەناوبانگەكانی شاری دیمەشق، لەگەڵ ئەوەدا، كە مەسیحی بوو، بەڵام زۆر لە معاویەی كوڕی ئەبوسوفیانەوە نزیكبوو، بەهۆی ئەمەشەوە، متمانەیەكی باشی بەدەست هێنابوو، هەربۆیە (معاویە) زۆر هاوكاری ئەم پزیشكەی دەكرد لەكارەكانیدا و یارمەتی دەدا، تاوەكو تواناكانی لە دروستكردنی دەرمانە تاك و تێكەڵەكاندا بەگەڕ بخات[2].

**٣- ئەبو حەكەمی دیمەشقی:**

پزیشكێكی مەسیحی بوو، شارەزاییەكی باشی هەبوو لە چارەسەركردن و دروستكردنی دەرمانە تاكەكاندا، معاویەی كوڕی ئەبو سوفیان، زۆر ڕێزی لێدەگرت و لەهەندێ لە گەشت و سەفەرەكانیدا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ئەوەبوو لەساڵی (٥٠ك-٦٧٠ز) كاتێ بۆ حەج بەڕێكەوت داوای لێكرد وەكو پزیشكیی تایبەتی لەگەڵ یەزیدی كوڕیدا بەیەكەوە بێن بۆ مەككە، ئەم پزیشكە تەمەنێكی زۆر ژیا، كە سەدساڵی تێپەڕاند[3].

---

(١) عبدالله عبدالرزاق: من رواد الطب عند المسلمين والعرب في القرن الأول الهجري، ص٤٨-٤٩.

(٢) الهوني: تأريخ الطب في الحضارة العربية الإسلامية، ص٥٣.

(٣) عكاوي: ن.م، ص١٣٨.

**٤- حەكەمی دیمەشقی:**

كوڕی پزیشكیی پێشووە، بەهۆی پشتیوانییەكانی بنەماڵەی ئەمەویەوە، لەماوەیەكی كەمدا توانی ببێتە خاوەنی ناوبانگێكی باش لە زانستی پزیشكیدا، بەهۆی چارەسەرە خێراكانییەوە لەوەستاندنەوەی خوێن و چارەسەركردنی برین و تەداوی كردندا، بەهەمان شێوەی باوكی تەمەنێكی زۆر ژیاوە و سەدساڵی تێپەڕاندووە، گەیشتۆتە سەردەمی عەباسیەكان لەساڵی: (٢١٠ك- ٨٢٥ز) وەفاتی كردووە[١].

**٥- تیـــازوق:**

ئەم پزیشكە یەكێكە لە پزیشكە گەورەكانی ئەم دەورە، كە ڕێنماییەكانی یەكجار جێی سەرنج بوون، جگە لەوەش خاوەنی چەندین دانراوی پزیشكییە، كە لەلایەن كوڕەكەیەوە لەبواری دەرمان و چارەسەرە خێراكاندا دەنوسرانەوە.

دەوترێ: پەیوەندیەكی زۆر باشی لەگەڵ حەجاجی كوڕی یوسفی سەقەفیدا هەبووە و زۆر مەدحی زیرەكیەكەی كردووە، لەكۆتاییدا لەناوچەی (واسیت) لەتەمەنی (٩٠) ساڵیدا وەفاتی كرد.

**لەگرنگترین ڕێنماییە پزیشكییەكانی ئەمانەن:**

- دەرمانێك مەخۆ، كە هیچ سودێكی بۆت نییە.
- هیچ میوەیەك بەبێ شۆردنەوە مەخۆ.
- لەپاش نانی شێوان یەكسەر مەخەوە.
- خواردنەكەت باش بیجو، ئینجا قوتی بدە.
- هەرگیز میزت ڕاگیر مەكە و زوو بیكە[٢].

**٦- ماسرجویە (ناسراو بە یەحیای كوڕی ماسرجویەی سوری):**

پزیشكیی بەصری، یەهودی و بەئەسڵ فارسی، لەدەورانی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزدا ژیاوە، زانیارییەكی باشی هەبووە لەبواری پزیشكیدا و، لەسەر

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٩-٣٠.

(٢) الهوني: تأريخ الطب في الحضارة العربية الإسلامية، ص٥٥-٥٦.

داوای خەلیفە عومەر، کتێبی: (ئەهرن)ی وەرگێڕا بۆ سەر زمانی عەرەبی[١].

**٧- عەبدولمەلیکی کوڕی ئەبجەری کەنانی:**

پزیشك و زانایەکی گەورە بوو، لەشاری ئەسکەندەریە کاری پزیشکیی ئەنجام دەدا، پاش ئەوەی شارەکە لەلایەن موسڵمانانەوە فەتح کرا، ئیبن ئەبجەر لەسەر دەستی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز موسڵمان بوو، هەربۆیە نزیکایەتیەکی زۆر هەبوو لەنێوان ئەم پزیشکە و خەلیفەدا، دواتریش لەکاتی خیلافەتەکەیدا، لەساڵی (٩٩)ك کاتێ قوتابخانەکانی بوژاندەوە، ئەم پزیشکە بووە مامۆستا لە زانستی پزیشکیدا، لەقوتابخانەکانی: (ئەنتاکیە و حیراندا)[٢].

**٨- فوراتی کوڕی شەحناتا:**

یەکێکی ترە لە پزیشکانی دەورانی ئەمەوی و لە قوتابیە سەرکەوتووەکانی تیازوقە، لەڕوی ئایینییەوە، جولەکە بووە و، بەناوی (شەحناسا)ش ناوی هاتووە، پاش ئەوەی بووە مامۆستایەکی باش لە زانستی پزیشکیدا، دەستی کرد بەچارسەرکردن و کاری پزیشکێتی، هەر لە وەفاتی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفیەوە، تا دەورانی ئەبو جەعفەری مەنصور[٣].

**٩- زەینەبی پزیشکیی بەنی ئەود:**

خاتونێکی گەورە بووە لە زانستی پزیشکیداو، توانیویەتی لەناو هۆزەکەیدا چەندین نەخۆش چارەسەر بکات، بەتایبەتی لەبواری نەخۆشییەکانی چاودا[٤].

**١٠- خەرقائی عامری:**

یەکێکە لەژنە شاعیر و پزیشکە لێهاتووەکان لەنەخۆشییەکانی چاودا، توانی لەکاتی وەرزی حەجدا، چارەسەری چاوی شاعیری ناودار (زی دیممە) بکات[٥].

---

(١) عكاوي: الموجز في تأريخ الطب عند العرب، ص١٤٣-١٤٤.

(٢) عكاوي: ن.م، ص١٥١.

(٣) عكاوي: نفس المصدر و الصفحة.

(٤) ابن ابي اصيبعة: عين، ص٣٥.


(٥) سعيد الديوه جي: الموجز في الطب العربي، ص٣٣.

# پزیشکێتی لەدەورانی

# مێژووی ئیسلامدا

## (٣)

## پزیشکێتی لە دەورانی عەباسیدا



بەغداد



سامەرا

## بارودۆخی سیاسی

عه‌باسه‌كان خاوەنی خیلافه‌تێكی دوور و درێژن له مێژووی جیهانی ئیسلامی، سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنیان بۆ كۆتاییه‌كانی ده‌وڵه‌تی ئه‌مه‌وی ده‌گه‌ڕێته‌وه، كه بونه به‌شێك له‌و شۆڕشه‌ی داوای گه‌ڕاندنه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتداریان ده‌كرد بۆ بنه‌ماڵه‌ی ئال و به‌یت، پاش ده‌ست به‌كاربونیان، توانیان ده‌وڵه‌تی ئه‌مه‌وی له‌ناوببه‌ن له ڕۆژهه‌ڵاتدا و، ده‌وڵه‌تێكی نوێ به‌ناوی عه‌باسی بنیات بنێن و، پایته‌ختی ده‌وڵه‌ته‌كه‌شیان: شاری (به‌غداد) بێت، كه له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌ی دووه‌م: ئه‌بوجه‌عفه‌ری مه‌نصوره‌وه دروست كرا.

**مێژووی عه‌باسیه‌كان بۆ چه‌ند سه‌رده‌مێك دابه‌ش ده‌بێت، به‌م جۆره‌ی خواره‌وه[1]:**

- **ده‌وره‌ی یه‌كه‌م:** سه‌رده‌می زێڕین (١٣٢-٢٣٢ك / ٧٥٠-٨٤٧ز)

ئه‌م سه‌رده‌مه خۆی له نۆ خه‌لیفه‌دا ده‌بینێته‌وه، به حوكمی ئه‌بی عه‌باسی سه‌ففاح ده‌ست پێده‌كات، كه به چوار پشت ده‌چێته‌وه سه‌ر عه‌باسی مامی پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) و به مردنی خه‌لیفه (واسیق) كۆتایی دێت.

---

(١) بۆ ئه‌م سه‌رده‌مانه پشتم به‌م سه‌رچاوانه به‌ستووه: هاری هازاد: اطلس التاريخ الإسلامي، ص١١٠-١١٥. دكتور شوقي ابوخليل: اطلس التاريخ العربي الإسلامي، ص١٦٩-١٧٣. دكتور سيف الدين كاتب: اطلس تاريخ العرب والإسلام، ص٧٢-....

**نیشانەكانی ئەم سەردەمە، لە چەند خاڵێكدا بەدیاردەكەوێت:**

- خیلافەت لە ئەوپەڕی بەهێزی خۆیدا بوو، دەسەڵاتەكانی وڵات، كاروبارەكانی خۆیان زۆر بەباشی و دادپەروەرانە جێبەجێ دەكرد، وڵات لە هێمنی و ئاسایشێكی تەواو و یەكگرتوودا بوو.

- حوكمی وڵات تەواوی ناوچەكانی گرتبۆوە و، یەكڕیزیەكی باش لەنێوان میللەتەكانیدا هەبوو، بەهەموو جیاوازیە ئایینی و مەزهەبیەكانییەوە.

- بڵاوبونەوەی تیشكی زێڕینی ئەم شارستانییەتە بەهەموو ناوچەكانی وڵاتدا و، گواستنەوەی بەرەو ئەندەلوس و وڵاتانی جیهانی مەسیحی.

| ناوی فەرمانڕەواكان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان | پایتەخت |
|---|---|---|
| ئەبو عەباسی سەففاح | ١٣٢-١٣٦ك/ ٧٥٠-٧٥٤ز | هاشمیە نزیك ئەنبار |
| ئەبو جەعفەری مەنصور | ١٣٦-١٥٨ك/ ٧٥٤-٧٧٥ز | بەغداد، لە ١٤٩ك/ ٧٦٦ز |
| مەهدی كوڕی مەنصور | ١٥٨-١٦٩ك/ ٧٧٥-٧٨٥ز | بەغداد |
| هادی كوڕی مەهدی | ١٦٩-١٧٠ك/ ٧٨٥-٧٨٦ز | بەغداد |
| هاڕون ڕەشید كوڕی مەهدی | ١٧٠-١٩٣ك/ ٧٨٦-٨٠٩ز | بەغداد |
| ئەمین كوڕی هاڕون ڕەشید | ١٩٣-١٩٨ك/ ٨٠٩-٨١٣ز | بەغداد |
| مەئمون كوڕی هاڕون ڕەشید | ١٩٨-٢١٨ك/ ٨١٣-٨٣٣ز | بەغداد |
| موعتەسەم كوڕی هاڕون ڕەشید | ٢١٨-٢٢٧ك/ ٨٣٣-٨٤٢ز | سامەڕا، لە ٢٢١ك/ ٨٣٦ز |
| واسیق كوڕی موعتەسەم | ٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤٢-٨٤٧ز | سامەڕا |

- **دەورەی دووەم:** سەردەمی توركەكان **(٢٣٢-٣٣٤ك/ ٨٤٧-٩٤٦ز)**

ئەم سەردەمە بە حوكمی خەلیفە متەوەكل دەست پێدەكات و، بە مردنی خەلیفە موستەكفی كۆتایی دێت.

لەم سەردەمەدا خیلافەتی عەباسی کەوتە ژێر باڵادەستی تورکەکانەوە و، بەجۆرێك، کە تورك زۆربەی پۆستە باڵاکانی وڵاتی گرتە دەست، بەتایبەت لایەنی: ئیداری و سوپا.

بەهۆی باڵادەستی تورکەکانەوە، بەتایبەت لەسەدەی چوارەمی کۆچی، لە خیلافەتی عەباسیدا، چەندین دەوڵەتی سەربەخۆ بەدیارکەوتن، لەوانە: (بومیهییەکان لە فارس، سامانییەکان لە خۆراسان، حەمدانییەکان لە موسڵ و جەزیرە، ئەخشیدیەکان لە میسر).

سەرباری ئەمانە لەیەك کاتدا سێ دەوڵەتی ئیسلامی بەناوی خیلافەتەوە حوکمیان دەکرد، ئەوانیش: عەباسیەکان پایتەختیان: (بەغداد) بوو، ئەمەوییەکان پایتەختیان: (قورتوبە) بوو، فاتمیەکان پایتەختیان قاهیرە بوو، کە دەتوانین بڵێین: لەم سەردەمەدا، لەهەریەکە لە کیشوەرەکانی جیهانی کۆن، خیلافەتێکی سەربەخۆ هەبوو: عەباسیەکان لە ئاسیا، فاتمیەکان لە ئەفریقیا، ئەمەوییەکان لە ئەوروپا.

| ناوی فەرمانڕەواکان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان | پایتەخت |
|---|---|---|
| متەوەکل کوڕی موعتەسەم | ٢٣٢-٢٤٧ك/ ٨٤٧-٨٦١ز | سامەڕا |
| مونتەسر کوڕی متەوەکل | ٢٤٧-٢٤٨ك/ ٨٦١-٨٦٢ز | سامەڕا |
| موستەعین کوڕی موعتەسەم | ٢٤٨-٢٥٢ك/ ٨٦٢-٨٦٦ز | سامەڕا |
| موعتەز کوڕی متەوەکل | ٢٥٢-٢٥٥ك/ ٨٦٦-٨٧٠ز | سامەڕا |
| موهتەدی کوڕی واسیق | ٢٥٥-٢٥٦ك/ ٨٧٠-٨٧٠ز | سامەڕا |
| موعتەمد کوڕی متەوەکل | ٢٥٦-٢٧٩ك/ ٨٧٠-٨٩٢ز | بەغداد ٢٧١ك/٨٨٤ز |
| موعتەزد کوڕی متەوەکل | ٢٧٩-٢٨٩ك/ ٨٩٢-٩٠٢ز | بەغداد |
| موکتەفی کوڕی موعتەزد | ٢٨٩-٢٩٥ك/ ٩٠٢-٩٠٨ز | بەغداد |
| موقتەدر کوڕی موعتەزد (٢جار) | ٢٩٥-٣٢٠ك/ ٩٠٨-٩٣٢ز | بەغداد |
| عبدالله کوڕی موعتەز (١ ڕۆژ) | ٢٩٦ك/ ٩٠٩ز | بەغداد |
| قاهر کوڕی موعتەزد | ٣٢٠-٣٢٢ك/ ٩٣٢-٩٣٤ز | بەغداد |
| ڕازی کوڕی موقتەدر | ٣٢٢-٣٢٩ك/ ٩٣٤-٩٤٠ز | بەغداد |
| موتتەقی کوڕی موقتەدر | ٣٢٩-٣٣٣ك/ ٩٤٠-٩٤٥ز | بەغداد |
| موستەکفی کوڕی موکتەفی | ٣٣٣-٣٣٤ك/ ٩٤٥-٩٤٦ز | بەغداد |

- ده‌وره‌ی سێیه‌م: سه‌رده‌می بومیهییه‌كان (٣٣٤-٤٤٧ك/ ٩٤٦-١٠٥٦ز):

بومیهییه‌كان خه‌ڵكی (ده‌یله‌م) بوون له‌باشوری ڕۆژئاوای ده‌ریاچه‌ی قه‌زوین، له‌سه‌ره‌تای بڵاوبونه‌وه‌ی ئایینی ئیسلام، به‌هۆی هه‌ڵكه‌وته‌ی شاخاوی ناوچه‌كه‌یانه‌وه نه‌بونه موسڵمان، به‌ڵام له‌ده‌ورانی عه‌باسیه‌كاندا، به‌تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می: (مه‌نصور و ڕه‌شید)دا ناوچه‌كه‌یان به خیلافه‌تی ئیسلامیه‌وه لكێنرا، به‌ڵام له‌ساڵی: (٢٥٠ك- ٨٦٤ ز) به‌هۆی چونی حه‌سه‌نی كوڕی عه‌لی بۆ وڵاته‌كه‌یان، (١٣) ساڵ مانه‌وه‌ی بیروبڕوای خۆی چه‌سپاند، به‌ڵام له‌پاش وه‌فاتی، بووه ناكۆكی و ململانێ له‌نێو سه‌ركرده‌كاندا، له‌مه‌شه‌وه بومیهییه‌كان به‌ده‌ركه‌وتن.

سه‌ره‌تای په‌یوه‌ندیكردنیان به خیلافه‌تی عه‌باسیه‌وه، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌رده‌می خه‌لیفه ڕازی، كه سه‌ركردایه‌تی بومیهییه‌كان به‌ده‌ست سێ براوه بوو، ئه‌وانیش: (عه‌لی، حه‌سه‌ن، ئه‌حمه‌د) بوون، پاش ئه‌وه‌ی باڵاده‌ستی خۆیان به‌سه‌ر وڵاتی فارسدا چه‌سپاند، له‌لایه‌ن ئه‌حمه‌دی برایانه‌وه هێرش كرایه سه‌ر به‌غداد و خه‌لیفه موسته‌كفیان ناچار كرد دان به‌ده‌سه‌ڵاته‌كه‌یاندا بنێت و نازناوی: (عماد الدولة، ركن الدولة، معزالدولة) به‌سه‌ر ئه‌م سێ برایه‌دا بنێت، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی نازناوه‌كانیان له پاره‌ی وڵاتیشدا (دینار و درهم) دانرا، به‌ڵام ئه‌حمه‌د ناسراو به(معزالدولة)، به ته‌نها به‌مه ڕازی نه‌بوو، به‌ڵكو داوای كرد، ده‌بێ له هه‌ینیدا له‌پاڵ ناوی خه‌لیفه، ناوی ئه‌ویش بوترێت و، نازناوی (میری میران) یشی بۆ زیاد بكرێت.

| ناوی فه‌رمانڕه‌واكان | ماوه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تیان |
|---|---|
| موتیعی كوڕی موقته‌در | ٣٣٤-٣٦٣ك/ ٩٤٦-٩٧٤ز |
| تائیعی كوڕی موتیع | ٣٦٣-٣٨١ك/ ٩٧٤-٩٩١ز |
| قادری كوڕی موقته‌در | ٣٨١-٤٢٢ك/ ٩٩١-١٠٣١ز |
| قائمی كوڕی قادر | ٤٢٢-٤٦٧ك/ ١٠٣١-١٠٧٥ز |

**- ده‌وره‌ی چواره‌م:** سه‌رده‌می سه‌لجوقیه‌كان (٤٤٧-٥٩٠ك/ ١٠٥٥-١١٩٤ز):

سه‌لجوقیه‌كان كۆمه‌ڵه هۆزێكی توركن، له‌ده‌شته‌كانی توركستانه‌وه هاتون، ئاشنابونیان به ئیسلام له سه‌ركرده: (سه‌لجوق كوڕی دقاق)ه‌وه بووه و، ناوه‌كه‌شیان له‌وه‌وه هاتووه.

به‌هۆی ده‌ست و پێ به‌ستنی خه‌لیفه له‌لایه‌ن بویهییه‌كانه‌وه، له‌ساڵی (٤٤٧)ك سه‌لجوقیه‌كان به‌سه‌ركردایه‌تی: (توغروڵ به‌گ) ڕویانكرده خاكی عێراق و گرتنی شاری به‌غداد، بۆ ئه‌مه‌ش نامه‌یه‌كی ئاڕاسته‌ی دیوانی خیلافه‌ت كرد و، خه‌لیفه (قائم)ی دڵنیاكرده‌وه، كه هیچ مه‌ترسیه‌كیان نابێت، هه‌ربۆیه به‌شێوازێكی ڕه‌سمی له‌هه‌مان ساڵدا چونه شاری به‌غداوه.

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ناوی سه‌ركرده‌ی سه‌لجوقیه‌كان له‌پاڵ ناوی خه‌لیفه‌دا ده‌هێنرا، به‌ڵام شێوازی مامه‌ڵه‌ی بویهییه‌كان و سه‌لجوقیه‌كان زۆر جیاواز بوو، چونكه سه‌لجوقیه‌كان زۆر ڕێزیان له‌خه‌لیفه ده‌گرت و، خۆیان به‌خزمه‌تكاری خه‌لیفه داده‌نا و ژن و ژنخوازیان له‌گه‌ڵ بنه‌ماڵه‌ی خه‌لیفه‌دا ئه‌نجام ئه‌دا.

| ناوی فه‌رمانڕه‌واكان | ماوه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تیان |
|---|---|
| قائمی كوڕی قادر | ٤٤٧-٤٦٧ك/ ١٠٥٥-١٠٧٥ز |
| موقته‌دی كوڕی قائم | ٤٦٧-٤٨٧ك/ ١٠٧٥-١٠٩٤ز |
| موسته‌زهه‌ری كوڕی موقته‌دی | ٤٨٧-٥١٢ك/ ١٠٩٤-١١١٨ز |
| موسته‌رشدی كوڕی موسته‌زهه‌ر | ٥١٢-٥٢٩ك/ ١١١٨-١١٣٥ز |
| ڕاشدی كوڕی موسته‌زهه‌ر | ٥٢٩-٥٣٠ك/ ١١٣٥-١١٣٦ز |
| موقته‌فی كوڕی موسته‌زهه‌ر | ٥٣٠-٥٥٥ك/ ١١٣٦-١١٦٠ز |
| موسته‌نجدی كوڕی موسته‌زهه‌ر | ٥٥٥=٥٦٦ك/ ١١٦٠-١١٧٠ز |
| موسته‌زیئ كوڕی موسته‌نجد | ٥٦٦-٥٧٥ك/ ١١٧٠-١١٨٠ز |
| ناسره‌دینی كوڕی موسته‌زیئ | ٥٧٥-٦٢٢ك/ ١١٨٠-١٢٢٥ز |

- دەورەی پێنجەم: دواین چاخی عەباسی (٥٩٠-٦٥٦ك/ ١١٩٤-١٢٥٨ز):

بەهۆی لاوازی پێگەی سەلجوقیەکان لەسەردەمی خەلیفە (ناسرەدین)دا، دوبارە خەلیفە توانی دەسەڵاتی وڵات بگرێتەوەدەست، بەمەش سەلجوقیەکان لە فارس و عێراقدا، گۆڕان بۆ ئەتابەکیەکان، لە ئەنادۆڵ و ئاسیای بچوکیش لەساڵی (٧٠٠ك - ١٣٠٠ز) گۆڕان بە عوسمانییەکان.

ئیتر بەم جۆرە دەسەڵاتی تەواوەتی بۆ خەلیفە گەڕایەوە، تا ئەو کاتەی مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر بەغداد و دەوڵەتەکەیان بە تەواوەتی لەساڵی (٦٥٦ك) ڕوخاند.

| ناوی فەرمانڕەواکان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| ناسرەدینی کوڕی موستەزیئ | ٥٩٠-٦٢٢ك/ ١١٩٤-١٢٢٥ز |
| زاهری کوڕی ناسرەدین | ٦٢٢-٦٢٣ك/ ١٢٢٥-١٢٢٦ز |
| موستەنسری کوڕی زاهر | ٦٢٣-٦٤٠ك/ ١٢٢٦-١٢٤٢ز |
| موستەعسەمی کوڕی موستەنسر | ٦٤٠-٦٥٦ك/ ١٢٤٢-١٢٥٨ز |



وێنەی شاری بەغداد (شاری ئاشتی) لەدەورانی عەباسیەکاندا

# پزیشکێتی له ده‌ورانی عه‌باسیدا

ئه‌م ده‌وڵه‌ته له‌ماوه‌ی باڵاده‌ستی ده‌سه‌ڵاتیدا، توانی چه‌ند هه‌نگاوی گرنگ له زانستی پزیشکیدا بنێت، له‌وانه: له‌بواری وه‌رگێڕاندا به‌سه‌دان کتێبی پزیشکیی به‌زمانه‌کانی: (هیندی، فارسی، یۆنانی، سریانی، ..)، وه‌رگێڕدرانه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، به‌م هۆیه‌شه‌وه توانرا به‌سه‌دان و هه‌زاران پزیشکیی به‌توانا و مامۆستای ئه‌م زانسته په‌یدا ببن و، داهێنانی یه‌کجار گه‌وره ئه‌نجام بده‌ن، که گۆڕان له‌پزیشکێتی کۆندا به‌دیبێنن، ئه‌مه‌ش بێ هه‌وڵی خه‌لیفه و وه‌زیرانی ده‌وڵه‌ت نه‌بوو، به‌ڵکو هانده‌ری سه‌ره‌کی ئه‌م بواره بوون و توانیان به‌سه‌دان نه‌خۆشخانه له‌شاره‌کانی جیهانی ئیسلامیدا دروست بکه‌ن، به‌ڕاده‌یه‌ك لایه‌نی پزیشکیی به‌گرنگ ده‌زانرا و، کۆمه‌ڵه‌ی پزیشکان دامه‌زرا و ده‌زگای (حسبه)ش بووه به‌شێك له جێبه‌جێکاری پاراستنی لایه‌نی ته‌ندروستی به‌وه‌ی، شه‌قام و کۆڵان و پارکه‌کانی ده‌پاراست له پیسبون، دوکان و چێشتخانه و گه‌رماوه‌کانی ناچار ده‌کرد پابه‌ندی ڕێنماییه‌کانی لیژنه پزیشکیه‌کان بن، به‌ڕاده‌یه‌ك گرنگی ده‌درا به‌که‌سێتی و هه‌ست کردن به‌به‌رپرسیاریی زۆرجار له‌پاڵ مزگه‌وته‌کاندا نه‌خۆشخانه‌کان دروست ده‌کران و پاشانیش گه‌رماوه‌کان، چونکه هه‌رسێ لایه‌نه‌که هۆکاری سه‌لامه‌تی مرۆڤه‌کانن، تاوه‌کو ببێته که‌سێکی سالم له‌کۆمه‌ڵگادا.

شاره‌زایانی ئه‌م بواره، ته‌نها به‌چاره‌سه‌رکردنی نه‌خۆشانه‌وه نه‌وه‌ستان، به‌ڵکو بونه مامۆستاش، هه‌ربۆیه له نه‌خۆشخانه‌کاندا له‌پاڵ چاره‌سه‌رکردنی نه‌خۆشان، په‌یمانگای پێگه‌یاندنی پزیشکیی هه‌بوو، قوتابیان وانه‌یان تێدا ده‌خوێند به‌شێوازی

نەزەری و عەمەلی، تاوەکو پزیشکانی سەرکەوتوو و لێهاتوو دروست بکەن، هەربۆیەش لەم سەردەمەدا دەبینین ئەو قوتابیانەی بونە جێگرەوەی مامۆستاکانیان، زۆر داهێنەر و لێوەشاوەتر بوون چونکە گیانی بەرپرسیاری و خۆشویستنی زانست، تەواوی کۆمەڵگای گرتبۆوە، هەربۆیە ئەم هەستی بەرپرسیارە، وای لە هەندێك لە پزیشکان کرد زانست و ئەزمونەکانیان بنوسنەوە، تاوەکو نەوەکانی داهاتوو سود وەربگرن لەم هەوڵانەیان و، پەرەی زیاتری پێ بدەن.

نەخۆشخانە یەکێك بوو لەو پرۆژانەی، کە خەلیفە و میر و وەزیر و کەسانی دەوڵەمەند، لەپشتی کردنەوەیانەوە بوون و وەقفی تایبەتیان بۆ کردەوە، چونکە لەلایەن زانایانەوە بەچاکەی نەبڕاوە باسی لێوە دەکرا، ئەمەش وای کرد ئەم نەخۆشخانانە زۆر گرنگیان پێبدرێت، زۆر جیاواز لەو میوانخانانەی ئەوروپا لەسەدە تاریکەکانیدا دروستی دەکردن بۆ چارەسەرکردن، کە هۆکاری خراپترکردنی حاڵی نەخۆش بوون، بەهۆی پیسی شوێنەکە و نەبونی پزیشك و دەرمان و کەرەستەی پێویست، بەڵام لە جیهانی ئیسلامیدا، چەندان نەخۆشخانە دروست کران، کە جێگای سەرسامی گەڕیدە و ئەو گەشتیارانە بوون، کە ئەو کات لەخۆرئاواوە ڕویان لە خۆرهەڵاتی جیهانی ئیسلامی دەکرد، بۆیە دەبینین یەکێك لەو شتانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاون و لەگەشتەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە، نەخۆشخانەکان بون.

سەرباری نەخۆشخانەکانیش، چەندین بنکەی تەندروستی بچوك کرانەوە، لەگەڵ عیادەی تایبەت بە نەخۆشییە جیاوازەکان، کەوا پزیشکانی پسپۆڕ کاریان تێدا دەکرد.

گرنگیدان بە جیاکردنەوەی بەشەکانی نەخۆشییە جیاوازەکان لە نەخۆشخانەکاندا، یەکێکی تر بوو لە کارە جوانەکانی پزیشکێتی ئەم سەردەمە، سەرباری کردنەوەی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییە دەرونی و عەقڵیەکان، لەتەواوی نەخۆشخانەکاندا، لەلایەن کارمەندانی نەخۆشخانەوە، ڕەچاوی لایەنی دەرونی نەخۆش دەکرا، ئەویش بە تەرخانکردنی پەرستار و ڕۆژانە قورئان خوێندن بۆیان و گوێگرتن لە مۆسیقا و بردنیان بۆ گەڕان بە پارك و باخچەی نەخۆشخانەدا و گەرماو پێکردن و پێدانی جلی تازە و خواردنی پاکوخاوێن...

# سەرەتاكانی پزيشكێتی له دەوڵەتی عەباسيدا

پاش بەدەستهێنانی هێمنی لەدەورانی خەليفه مەنصوردا، چەند هەوڵێكی سەرەتايی درا بۆ پەرەدان بەلايەنی پزيشكی، ئەوەبوو بە داوای خەليفە پزيشكيی لێهاتوی نەخۆشخانەی جنديسابور جورجيسی كوڕی جوبرائيل هاتە شاری بەغداد[1].

ئەو يەكێك بوو لە بنەماڵەی بەختيشوعەكان لەگەڵ ئەوەی هيچ كام لە پزيشكانی ئەم بنەماڵەيە، موسڵمان نەبون و نەسرانی بوون بەڵام خزمەتێكی بێوێنەيان بە زانستی پزيشكيی ئەم سەردەمە كردووەو هۆكارێك بوون بۆ ئاشنابونی جيهانی ئيسلامی بە پزيشكێتی كۆن.

هۆكاری دووەمی ئاشنابونی پزيشكيی، وەرگێڕانەكانی نەخۆشخانەی: (جنديسابور) بوو، كەوا كۆمەڵێك لە پزيشكانی زمانزان هەڵدەستان بەوەرگێڕانی كتێبە پزيشكيەكان بۆ سەر زمانی سريانی[2].

بۆ وێنە: لەماوەی وەرگێڕانەكانی ئەم نەخۆشخانەيەدا، توانيان نزيكەی (١٠٠) كتێبی پزيشكيی (جالينۆس) وەربگێڕنە سەر زمانی سريانی، يەكێك لەو پزيشكانەش كاری وەرگێڕانی دەكرد: (جورجيس) بوو كە دواتر بەشێك لەو كتێبانەی لە زمانی سريانييەوە وەرگێڕايە سەر زمانی عەرەبی[3]، بەڵام هيچكام لە كتێبە وەرگێڕدراوەكانی، لەلايەن مێژوونوسانەوە ئاماژەی پێنەكراوە.

يەكێك لە تايبەتمەنديەكانی وەرگێڕانی ئەم سەردەمە ئەوەبوو: هەندێك لەوشە پزيشكيەكان، وەكو خۆيان دەنوسرانەوە، بەڵام بە پيتی عەرەبی، ئەمەش بەهۆی

---

(١) د.اوارد جي.براون: الطب العربي. ص٢٧.

(٢) توماس ارنولد: تراث الإسلام. ص٤٥٤-٤٥٥.

(٣) د.ادوارد جي.براون: ن.م، ص٢٧.

نه‌بونی فه‌رهه‌نگێكی (یۆنانی - عه‌ره‌بی)، یان هه‌ر فه‌رهه‌نگێكی تر[1]...

بۆ نمونه: یه‌كه‌م وه‌رگێڕانی به‌شی یه‌كه‌می كتێبی: (الحشائش)ی دیسقوریدس زۆرێك له وشه‌كان به‌هه‌مان ده‌ربڕینی یۆنانی ده‌نوسرانه‌وه، به‌ڵام به‌پیتی عه‌ره‌بی، بەم جۆره[2]:

ألوي Aloe
زراوند Aristolochia
أليموس Alimos
غلوكونيزا Glyconyza
أوسوبس Hysopos
قنطريون طوماغا Centaurium Toleton
أسطوخودس Stocechas
قنطريون طولبطون Centaurium Tolton
أريغانن Origanon
خامالاون لوقوس Chameleon Leukos
غليخن Glechon
خاملاون ماليس Chameleon Malis

ئه‌مه‌ش بۆ قوتابیانی تازه پێگه‌یشتوو، له‌زانستی پزیشكیدا تێگه‌یشتنی گه‌لێك دژواربوو، به‌تایبه‌ت كه زمانی یۆنانیان نه‌ده‌زانی، به‌ڵام ده‌توانین ئه‌مه ناوبنێین: به‌عه‌ره‌بیكردنی پزیشكێتی، تا دواتر وشه‌ی گونجاویان بۆ هه‌ریه‌كه له‌م زاراوانه به‌ده‌ستهێنا، هاوشێوه‌ی ئێستای به‌شه پزیشكییه‌كان، كه زیاتر گوزارشته‌كان به زمانی ئینگلیزیه و، قوتابی، یان ده‌بێ فێری ئه‌و زمانه ببێت، یاخود شته‌كان بناسێت، ئه‌وكات له‌گه‌ڵ وتنی وشه‌كه‌دا ده‌زانێت مه‌به‌ست لێی چیه، یاخود ده‌ربڕینه‌كانی هه‌ریه‌ك له وه‌رزشه به‌رگرییه‌كان، كه ته‌واوی وشه‌كان بێگانه‌ن، بۆ نمونه: كاراتی یابانییه و ده‌ربڕینه‌كان تێیدا یابانییه، به‌هه‌مان شێوه بۆ هه‌ریه‌كه له‌هونه‌ره‌كانی تر..

---

(١) د.كمال السامرائي: مختصر تأريخ الطب العربي، ج١/ ص٣٣٩.

(٢) أحمد عيسى: تأريخ النبات عند العرب، ص٦٠-٦٣.

## سه‌رهه‌ڵدانی زانكۆ

به‌هۆی ئه‌و گرنگی پێدانه زۆره‌ی هارون ره‌شیدی خه‌لیفه‌ی پێنجه‌می عه‌باسی، به‌لایه‌نی زانست و، به‌تایبه‌ت لایه‌نی پزیشكیی ده‌دا، ده‌بینین له‌م سه‌رده‌مه‌وه وه‌رگێرانه‌كان زۆرتربون و، پزیشكه‌كان به‌ته‌نها پزیشكانی نه‌خۆشخانه‌ی (جندیسابور) نه‌بون، ئه‌مه‌ش به‌هۆی سه‌رهه‌ڵدانی یه‌كه‌م زانكۆ بوو له‌جیهاندا.

هارون ره‌شید، هه‌ستا به‌دروستكردنی خانه‌ی (حیكمه‌ت) بۆ كۆكردنه‌وه‌ی سه‌رجه‌م زانسته‌كانی كۆن و، وه‌رگێرانیان بۆ سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، له‌لایه‌ن كه‌سانی شاره‌زا له زمانه جۆربه‌جۆره‌كان، هه‌روه‌ها كردنه‌وه‌ی به‌شی تایبه‌ت به فێربونی هه‌ریه‌ك له‌و زانستانه تاوه‌كو قوتابی پێویست له‌و بوارانه‌دا به‌ده‌ر بكه‌وێت.

ده‌بینین ئه‌و كه‌سانه‌ی له‌م سه‌رده‌مه‌دا كرانه سه‌رپه‌رشتیار، پزیشك بوون، بۆنمونه: سه‌رپه‌رشتیاری گشتی وه‌رگێران له‌خانه‌ی (حیكمه‌ت) درایه حونه‌ینی كوری ئیسحاق، كه له‌باشترین وه‌رگێر و پزیشكانی چاو بوو، هه‌روه‌ها ئه‌و كه‌سه‌ی له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌وه نێردرا، تاوه‌كو كتێبه‌كان له‌وڵاتی بێزه‌نتیه‌وه بێنێت تاوه‌كو له‌خانه‌ی حیكمه‌ت كاری وه‌رگێرانیان بۆ بكرێت: (ئیبن ماسویه)ی پزیشك بوو، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی خه‌لیفه، دواتر كۆمه‌ڵه‌ی پزیشكانی له‌به‌غداد دامه‌زراند و، هه‌مان پزیشكیی كرده به‌رێوه‌به‌ری.

له‌سه‌ره‌تای خیلافه‌تی (هارون ره‌شید)دا به‌رامكه‌كان هاوكارێكی باشی خه‌لیفه بوون، تاوه‌كو تێكچونی په‌یوه‌ندیشیان رۆڵیان هه‌بوو له‌كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه و

گرنگیدان به‌لایه‌نی پزیشکی، بۆنمونه‌: یه‌ك له‌و نه‌خۆشخانانه‌ی له‌م سه‌رده‌مه‌دا کرانه‌وه‌ نه‌خۆشخانه‌یه‌ك بوو له‌لایه‌ن به‌رامکه‌کانه‌وه‌ دروستکراو (ئیبن دهن)یان کرده‌ به‌ڕێوبه‌ری، هه‌روه‌ها خه‌لیفه‌ش به‌ناوی خۆیه‌وه‌ نه‌خۆشخانه‌یه‌کی بونیاتنا و، (ئیبن ماسویه‌)ی کرده‌ به‌ڕێوبه‌ری.

جگه‌ له‌ پزیشکانی (سریانی)، چه‌ندین پزیشکیی (هیندی) له‌م سه‌رده‌مه‌دا به‌ده‌رکه‌وتن، (جاحظ) له‌م باره‌یه‌وه‌ ده‌ڵێ: (له‌م سه‌رده‌مه‌دا ژماره‌یه‌ك له‌ پزیشکه‌ هیندییه‌کان هاتنه‌ شاری به‌غداوه‌، له‌وانه‌: (بازیکر، سندباز، قلبرقل، صنجل باری، دهشنك، به‌هله‌، کنکه‌، منکه‌[1])، ئه‌مه‌ش وایکرد که‌رتی پزیشکیی به‌ته‌نها له‌ده‌ستی پزیشکانی نه‌خۆشخانه‌ی (جندیسابور)دا نه‌مێنێته‌وه‌، به‌تایبه‌ت ئه‌م پزیشکانه‌ هه‌ندێکیان له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌ و به‌رامکه‌کانه‌وه‌ داواکرابون، بۆ وێنه‌: (منکه‌)ی هیندی له‌سه‌ر خواستی به‌رامکه‌کان هاته‌ به‌غداد و، کتێبی: (سموم لشاناق)ی وه‌رگێڕایه‌ سه‌ر زمانی فارسی، دواتریش وه‌ریگێڕایه‌ سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، هه‌روه‌ها (به‌هله‌)ش له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌وه‌ داوای لێکرا چاره‌سه‌ری میر (ئیبراهیم صالح)بکات و پاش چاره‌سه‌رکردن خه‌لیفه‌ خه‌ڵاتی کرد و ئه‌ویش موسڵمانبونی خۆی راگه‌یاند[2].



خانه‌ی حیکمه‌ت یه‌که‌م زانکۆ له‌ جیهاندا

---

(١) جاحظ: البيان والتبين، ج١/ ص٩٣.

(٢) د.كمال السامرائي: مختصر، ج١/ ٤٠٨.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە نەخۆشخانەکان لەم سەردەمەدا بنکەیەکی فێربونی زانستی پزیشکیش بون، هۆڵی تایبەت بە فێرکردنی قوتابیان هەبوو کە کتێبەکانی: (بوقرات) و (جالینۆس)ی تێدا دەخوێندرا، پاشان دەبرانە نەخۆشخانە و وانەی پراکتیکیان ئەنجام دەدا[١].

لەپاش مردنی هارون ڕەشیدیش، هەریەکە لە خەلیفەکانی تری دەوری یەکەمی عەباسی، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە پێشخستنی لایەنی پزیشکیی، سەرباری بنەماڵە نەستوریەکانی وەکو: (بەختیشوع، ئیسحاق، ماسویە، قرە،...)، چەند پزیشکیی موسڵمان بەدەرکەوتن، کە دیارترینیان (کیندی) بوو.

---

(١) د.رشید الجمیلي: الترجمة في المشرق الإسلامي، ص٣٥٣-٣٥٤.

# بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەکان

دوای ئەوەی بەرچاو ڕونییەکتان دەست کەوت، لەسەر سەرەتاکانی ئاشنابونی ئەم دەوڵەتە بەزانستی پزیشکیی و کردنەوەی خانەی تایبەت بەوەرگێڕان و، دروستکردنی نەخۆشخانە، بەپێویستی دەزانم ئەگەر بەکورتیش بێت، ئاماژە بەگرنگترین ئەو پزیشکانە بدەم، کە لە سەردەمەکانی دەوڵەتی عەباسیدا بەدیارکەوتون و، لە نەخۆشخانەکاندا کاری پزیشکیان ئەنجام داوە.

## بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (نوری) لەحەلەب :

١- هاشم کوڕی مەحمود کوڕی سەید ناسر ڕوجی حسێنی، سەرۆکی پزیشکانی (نوری ) لەحەلەب[١].

٢- ئەبو سەنا موحەممەد کوڕی عومەر کوڕی ئیبراهیم کوڕی شوجاعی شەیبانی، ناسراو بە ئیبن ڕەقیقە[٢].

## بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی عەتیق (ئەخشیدی) :

١- موحەممەد کوڕی عەبدون جیلی عەزری، لەماوەی ژیانیدا، چەندین شوێن

---

(١) أحمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ج١/ ص٢١٩.

(٢) الصابوني: تكملة إكمال الإكمال، ج١/ ص٣٧.

گەڕاوە و ئەزمونێکی زۆری پزیشکیی بەدەست هێناوە، سەرەتا بۆ دیمەشق، پاشان بەصرە و، دواتر بۆ (فوستات) لە میصر و، ئینجا بۆ ئەندەلوس، پاش گەڕانەوەشی لە نەخۆشخانەی عەتیق دەست بەکاربوو [1].

٢- سەعید کوڕی توفەیل (نەسرانی)، پزیشکیی تایبەتی ئەحمەد کوڕی تۆڵۆن[2].

٣- شەمسەدین موحەممەد کوڕی عبدالله عەبولڕەحمانی میسری، مامۆستای پزیشکان لە مزگەوتی گەورەی ئیبن تۆڵۆن[3].

## بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (سەقستین):

شەهابەدین ئەبوحەجاج یوسف، بەناوبانگترین پزیشکیی چاو بوو لە نەخۆشخانەی (سەقستین) لە قاهیرە[4].

## بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (خەواریزم):

ئیبن بەتوتە لە گەشتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەم نەخۆشخانە داوە و، باس لەوە دەکات، کە لەلایەن پزیشکێکی یەهودی خەڵکی چیای (سەهیۆن) لە شامەوە بەڕێوە دەچێت، کە خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز و توانایەکی باش بووە و بەپزیشکیی شامی ناودەبرێ [5].

## بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی ناصری (سەلاحی):

١- ڕەزیەدین ڕەحبی، زانا و ئیمامی گەورەی ناوچەی (ڕەحبە) لە سوریای ئێستا، ئەم زانایە بۆ بەدەستهێنانی کتێب و زانست، زیاتر ڕووی کردۆتە شاری بەغداد، پاشان چۆتە دیمەشق و، لەوێ لەخزمەتی نورەدین مەحمود و

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤٩٣. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٣/ ص١٦٩.

(٢) السيوطي: حسن المحاضرة، ج١/ ص٣١١. احمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ص١٢٢.

(٣) السيوطي: ن.م، ص٣١٥.

(٤) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٧٣٦. احمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ص١٢٤.

(٥) الرحلة، ص٤٠٠.

سەلاحەددین دا بووه و، مانگانه (٣٠) دیناری پێدراوه، خاوەنی دانایەكی زۆر بووه و بۆ ماوەیەك له نەخۆشخانەی (نوری) گەوره پزیشك بوه، لەتەمەنی سەروی (١٠٠) ساڵیەوه وەفاتی كردووه[١].

٢- ئیبراهیم كوڕی ڕەئیس مەیمون، لەناوچەی (فوستات)ی میسر لەدایك بووه و، بەهۆی زیرەكی و لێهاتوییەوه لەبواری پزیشكیدا، ماوەیەك بۆته پزیشكیی تایبەتی (مەلیك كامیل) و ماوەیەكیش لەنەخۆشخانەكانی قاهیره كاری كردووه[٢].

٣- مۆفەقدین ئەبو عەبباس ئەحمەد كوڕی قاسم كوڕی خەلیفه كوڕی یونس سەعدی خەزرەجی، ناسراو بە: (ئیبن ئەبی ئەصیبعه)، لەدیمەشق لەدایكبووه و، لەمامیەوه: (ڕەشیدەدین) فێری پزیشكێتی چاو بووه، دواتریش شارەزاییەكی باشی له ڕووەكناسیدا بەدەستهێناوه و بووه، بەیەكێك لەپزیشكانی ئەم نەخۆشخانەیه[٣].

٤- شێخ سەدید كوڕی ئەبی بەیانی یەهودی، له قاهیره لەدایكبووه و یەكێكه لەشێخه بەتواناكانی دروستكردنی دەرمان، شارەزاییەكی زۆر باشی هەبووه لەگرتنەوەو تێكەڵكردنی دەرمان، چارەسەری نەخۆشانی كردووه لەنەخۆشخانەی (ناصری) له قاهیره، ماوەیەكیش پزیشكیی تایبەتی: (مەلیك ئەبابەكر ئەییوب) بووه، تەمەنی لەسەروی هەشتا ساڵیەوه بووه[٤].

٥- قازی نەفیسەدین كوڕی زوبێر، پاش ئەوەی زانستی پزیشكیی خوێندووه، شارەزاییەكی باشی له بواری پزیشكێتی چاو و نەشتەرگەریدا پەیداكردووه، ماوەیەك پزیشكیی (مەلیك عادل) بووه، دواتر بۆته سەرۆكی پزیشكانی میسر و پزیشكیی چاو لەنەخۆشخانەی (ناصری)[٥].

---

(١) د.كمال السامرائي: مختصر،ج٢/ ص١٠٠. الصفدي: الوافي بالوفيات: ج١٩/ ص٣٤٢.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٥٨٣.

(٣) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٣/ ص٣٣٩. أبوالمحاسن: النجوم، ج٧/ ص٢٢٩. ابن العماد: شذرات، ج٥/ ص٣٢٧.

(٤) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٦/ ص٤٦٤. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٣/ ص٣٣٩.

(٥) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٥٨٦.

بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (عەزدی) :

١- ئەبو حەسەن عەلی كوڕی ئیبراهیم، كتێبێكی زۆری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەی چاوی كز بووە، پاشانیش كوێر بووە، بەڵام بەهۆی زیرەكی و لێهاتوییەوە، لەدەستەی تاقیكردنەوەی پزیشكاندا بووە[١].

٢- ئەبو حەسەن عەلی كوڕی كەشكریا، یەكێكە لە پزیشكە بەناوبانگەكانی بەغداد، پزیشكیی تایبەتی میر (سەیفولدەولەی حەمدانی) بووە، پاش ئەوەی نەخۆشخانەی (عەزدی) كرایەوە، یەكێك بوو لە پزیشكە هەڵبژێردراوەكان، بۆ ئەوەی لەو نەخۆشخانەیەدا كار بكات[٢].

٣- ئەبو یەعقوبی ئەهوازی، خەڵكی ناوچەی (ئەهوازە) و یەكێكە لە پزیشكانی ئەم نەخۆشخانەیە[٣]، خاوەنی نوسراوەیەكە لەبارەی (سكنجبین)، كە یەكێكە لەمادده هۆشبەرەكان و لەسركە و هەنگوین دروست دەكرێت[٤].

٤- ئەبو یەعقوب عیسا، خەڵكی بەغدایە و، یەكێكە لەهەڵبژێراوانی (عز الدولة) و ماوەیەكی زۆر لەبواری ئەدەب و حیكمەت دا خوێندویەتی [٥].

٥- نەزیف نەفسی ڕۆمی، شارەزای زمانەكان بووە و، ماوەیەك كاری وەرگێڕانی كردووە، لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی، شارەزایەكی باشی لەزانستی پزیشكیدا هەبووە[٦].

٦- ئەبو خەیری نەشتەرگەر، یەكێكە لە نەشتەرگەرە دەست ڕەنگینەكانی بەغداد، ماوەیەك پزیشكیی خەلیفە (ناسرەدین) بووە و، لەگەڵ ئیبن عوكاشە و ئەبو نەصری مەسیحی، كاری نەشتەرگەری لەم نەخۆشخانەیە كردووە [٧].

---

(١) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٢٣٥. ابن العبري: مختصر تأريخ، ص٥٦.

(٢) القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٧٢. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤١٥.

(٣) القفطي: ن.م، ص١٨٧.

(٤) المقري: نفح الطيب، ج٥/ ص٤١١.

(٥) السامرائي: مختصر، ج١/ ٦٠٨. ابن العبري: مختصر، ص٤١٦.

(٦) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٢٢. احمد عيسى: تأريخ، ج١/ ص١٩٩.

(٧) ابن العبري: مختصر الدول، ص١٢٤. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤٠٣.

٧- ئیبن حەكەم، یەكێك بوو لەشارەزایانی بواری: ئەندازیاری و گەردون و مۆسیقا له دیمەشق، عودژەنێكی سەركەوتوو بوو، زۆر بەباشی تەپڵ و نەی دەژەنی، لەنەخۆشخانەی (نوری)دا هەڵدەستا بە نوسینی داواكاریەكانی نەخۆشان و، پاشان له كۆبونەوەی پزیشكان و قوتابیاندا باسی دەكرد[1].

٨- ئەبو حەسەن كوڕی توفاح، كەسێكی بەناوبانگ و دەستڕەنگین بوو لەكاری نەشتەرگەریدا و، یەكێك بوو لەهەڵبژێردراوانی (عز الدولة).

٩- ئیبراهیمی كوڕی سەڵت، یەكێك بوو له شارەزایانی هەناوی، جگه له زمانی عەرەبی، یۆنانی و سریانیشی دەزانی، یەكێك لەكاره وەرگێڕدراوەكانی: كتێبی (وەرەمەكان)ی (جالینۆس) بوو.

١٠- ئەبو نەصر كوڕی بەحدەلی، یەكێك بوو له پزیشكانی چاو، لەم نەخۆشخانەیەشدا وەكو پزیشكێكی چاو دامەزرا.

١١- بەنو حەسنون، یەكێك بوو له هەڵبژێردراوانی (عز الدولة) بۆ نەخۆشخانەكەی[2].

١٢- عەبدولرەحیم كوڕی عەلی مەرزەبان، خەڵكی ناوچەی ئەسفەهان بوو، شارەزایەكی باشی بواری شەریعه و سروشت بوو، بوەیهییەكان ڕێزێكی زۆریان لێنا، ماوەیەكی زۆر لەم نەخۆشخانەیه مایەوە، بەمەش ئەزمونێكی باشی لەو بوارەدا بەدەستهێنا[3].

١٣- ئەبو فەرەج تەیب، فەیلەسوف و ئیمام و شارەزایەكی لێهاتوی بواری پزیشكیی بوو، لەماوەی ژیانیدا، شەرحی چەندین كتێبی فەلسەفی و پزیشكیی كردووە، لەوانە: كتێبی (ئەرستۆتاڵیس) لەبواری: مەنتیق و كتێبی (جالینۆس) لەبواری پزیشكیدا[4].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٢٨. الزركلي:الأعلام، ج٦/ ص٢٦٠.
(٢) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٤١٦. احمد عيسى:تأريخ البيمارستانات، ص١٩٩.
(٣) ابن الأثير: الكامل، ج٨/ ص٣٦. السامرائي: مختصر، ج١/ ص٦٠٩.
(٤) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٢٢٣. ابن العبري: مختصر الدول، ص٢٧٤. الزركلي: الأعلام، ج٤/ ص٩٤.

١٤- ئەبو حەسەن كوڕی سینان كوڕی سابت كوڕی قرەی سابئی، جگە لە كاركردنی لەنەخۆشخانەكانی بەغدا، پزیشكیی تایبەتی خەلیفە: (ڕازی و موكتەفی و موستەكفی و موتیع) بوو[١].

١٥- هاڕون صاعید كوڕی هاڕونی سابیئی، یەكێك بوو لە پزیشكە سابیئەكانی بەغداد و، پزیشكێكی لێهاتوی ئەم نەخۆشخانەیە بوو[٢].

١٦- ئەبو حەسەن سەعید عەلی كوڕی هبەتوڵڵا كوڕی حەسەن، پزیشكیی تایبەتی خەلیفە: (موقتەدی) و (موستەزهەر) بووە و لەنەخۆشخانەی (عەزدی)ش، خەریكی دەرمانكردنی نەخۆشان بوە[٣].

١٧- ئەمین دەولەی كوڕی تلمیز، باوكی و مامی، لە پزیشكە گەورەكانی بەغداد بوون، جێگە و شوێنیان لەنێو بنەماڵەی بەنی عەبباسدا دیار و بەرچاو بوو، بەهۆی ئەو خزمەتەی بەخەلیفەیان دەكرد، شارەزاییەكی باشی لە زمانی: (سریانی) و (فارسی)دا هەبوو، ئەمە جگە لەوەی عەرەبی زانێكی لێهاتوش بوو، هەموو هەفتەیەك لەگەڵ (موقتەزی) لە كۆبونەوەی گەورە پیاواندا بەشداری دەكرد، تەمەنی لەسەروی (٩٤) ساڵیەوە بوو[٤].

١٨- جەمالەدین كوڕی ئەسەردی، لە دیمەشق لەدایك بووە، لەلای (ئیبن نقاشی بەغدادی)، زانستی پزیشكیی فێربووە و، یەكێك بووە لە پزیشكە گەورەكانی بەغداد، ئەدیب و شیعرناسێكی گەورەش بووە[٥].

١٩- ئیبن بیمارستانییە، پزیشكێكی لێهاتووی ئەم نەخۆشخانەیە بووە و، شارەزای بواری ئەدەب بووە، ماوەیەك لەنەخۆشخانەدا زیندانی كراوە، بەڵام هۆكارەكەی نەزانراوە[٦].

---

(١) القفطي:تأريخ الحكماء، ص١١٥.

(٢) القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٤٥. الزركلي: الأعلام، ج٨/ ص٦١.

(٣) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٥/ ص١٥٤. احمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ص٢٠٠.

(٤) ياقوت: معجم الأدباء، ج٥/ ص٥٨٨. القفطي: تأريخ الحكماء، ص٣٤٠. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٢٧/ ص١٦٥. ابن العبري: مختصر، ص٣٦٣.

(٥) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٥/ ص١٥٤. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٥٨٤.

(٦) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤٠٧.

٢٠- ئەبو عەلی كوڕی ئەبی خەیر، لەبنەماڵە مەسیحیەكانی شاری بەغدا بووە، لەم نەخۆشخانەیەدا پزیشكێكی لێهاتوی بواری نەشتەرگەری بووە و، لەهەمان كاتیشدا پابەندی دین و دونیای خۆی بووە(١).

٢١- ڕەزیەدین دیمەشقی، ئەم پزیشكە پاش هاتنی مەغۆلەكان، چۆتە دیمەشق و، دواتریش بەهۆی هێرشی تالآنكەری مەغۆلەكانەوە لەدیمەشق هەڵهاتووە بۆ میسر، ئیتر لەوێ ماوەتەوە تاوەكو وەفاتی كردوە(٢).

٢٢- ئەبوبەكری ڕازی، پزیشك و كیمیایی، لە (ڕەی) لەدایكبووە، عود ژەنێكی سەركەوتو بووە، پاشان بەهۆی شارەزایی لەزانستی پزیشكییەوە، كراوەتە سەرۆكی نەخۆشخانەی (عەزدی) لەبەغداد، لەكۆتاییەكانی تەمەنیدا كوێربووە و خاوەنی (٣٠) بەرگ نوسراوی پزیشكییە(٣).

٢٣- شەرەفەدین ڕەحبی، لەدیمەشق لەدایك بووە، زانستی پزیشكیی لەلای باوكی خوێندووە و بەردەوام بووە لەسەری، تاوەكو بۆتە یەكێ لە پزیشكە بەناوبانگەكانی هەرێمەكەی و بۆتە پزیشك لەنەخۆشخانەی (نوری)، خاوەنی ڕەوشتێكی بەرز و بێدەنگیەكی بەحیكمەت و، ڕێكپۆشێكی بەرچاو بوە لەجلوبەرگدا(٤).

٢٤- صاعد كوڕی بەشیر كوڕی عەبدوس ئەبومەنصور، لەنەخۆشخانەكانی بەغداد كاری پزیشكیی كردووە، چەند پەیامێكی پزیشكیی نوسیوە لەبارەی نەخۆشییەكانی: گەدە و جۆرەكانی (تا)، هەروەها چەندین دەرمانی پێشنیار كردووە بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی، یەك لەو چارەسەرانەشی: ئاوی جۆ بووە(٥).

٢٥- سەعیدی كوڕی هبەتوڵلا كوڕی حسێن، لەبەغدا ڕۆژانی (موقتەدی) ژیاوە، زانستی پزیشكیی لەلای: (ئەبی عەلا) خوێندووە و لەنەخۆشخانەكانی

---

(١) القفطي:تأريخ الحكماء، ص٢١٨. ابن العبري:مختصر، ص٤١٩.
(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٨٢. الصفدي:الوافي بالوفيات، ج١٩/ ص٣٤٢.
(٣) ابن العبري: مختصر، ص١٧٤. الذهبي::سيرأعلام، ج١٤/ ص٣٥٤.
(٤) ابن العبري: مختصر، ج١/ ص١٧٢. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٧٥.
(٥) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٦/ ص١٣٧.

به‌غدا ده‌ست به‌كاربووه، خاوه‌نی چه‌ند كتێبێكی پزیشكییه، له‌وانه‌: (رێگه چاره پزیشكییه‌كان، ده‌ردراوه‌كان، ده‌رمانی ده‌رمانخانه‌كانی مه‌دینه سه‌لام)(١).

٢٦- ئه‌بو عوسمان سه‌عید كوڕی یه‌عقوبی دیمه‌شقی، پزیشكێكی دیار و ناوداری شاری به‌غدایه و، خاوه‌نی چه‌ند كتێبی وه‌رگێڕدراوه بۆ سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی، پاش ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌ك له نه‌خۆشخانه‌ی (عه‌زدی) بوو، دواتر چووه نه‌خۆشخانه‌ی: (مه‌ككه) و (مه‌دینه‌ی منه‌وه‌ره)(٢).

٢٧- عبدالله كوڕی موحه‌ممه‌د كوڕی عبدالله كوڕی عه‌بدولمه‌جید، به ئه‌سڵ میسریه و هاتۆته به‌غداد، كه‌سێكی سۆفی بووه و، یه‌كێك بووه له‌پزیشكه دیاره‌كانی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه(٣).

## به‌ناوبانگترین پزیشكانی نه‌خۆشخانه‌ی میافارقین :

١- ئیبن دینار، له‌ده‌ورانی ئه‌میری دۆسته‌كی نه‌سرولده‌وله‌ی مه‌ڕواندا ژیاوه، له‌م نه‌خۆشخانه‌یه‌دا كاری كردووه، له‌شاره‌كه‌شدا خاوه‌نی عیاده و ده‌رمانخانه‌ی تایبه‌ت به‌خۆی بووه، شێوازی ته‌داوی كردنی جیاواز بووه و شێوازی تایبه‌تی هه‌بووه و، خاوه‌نی چه‌ندین ده‌رمانی دروست كراوی خۆی بووه، یه‌ك له‌وانه‌: خواردنه‌وه‌ی (دیناری) بووه، ئه‌م خواردنه‌وه‌یه بۆ زۆر نه‌خۆشی وه‌كو چاره‌سه‌ر به‌كاری هێناوه و سه‌ركه‌وتووش بووه، هه‌روه‌ها ئه‌م پزیشكه نوسراوی پزیشكیشی هه‌بووه، یه‌كێك له دانراوه‌كانی، كتێبێك بووه به‌ناوی: (ده‌رمانه‌كان(٤)).

٢- زانای زاهید، ناوی (ئه‌بو سه‌عید مه‌نصور كوڕی عیسا)یه، له‌شاری (سن قه‌ریبه) له‌كه‌ركوك له‌دایكبووه، له‌نه‌ستوریه مه‌سیحیه‌كانی نه‌خله‌یه، ده‌ستی هه‌بووه له‌كردنه‌وه‌ی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه‌دا و، له‌باسی نه‌خۆشخانه‌كاندا ئاماژه‌مان

---

(١) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٣/ ص٩٠. ابن العماد: شذرات، ج٣/ ص٤٠٢.

(٢) ابن النديم: الفهرست، ص٢٩٣. القفطي: تأريخ الحكماء، ص٤٠٩.

(٣) الذهبي: تأريخ، ج٤٢/ ص٦٣.

(٤) السامرائي: مختصر، ج٢/ ص٤٦٧. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٢٩.

پێكردووە، لەهەمان كاتدا خاوەنی چەند كتێبێكە، لەوانە: (نەخۆشییەكانی چاو و چارەسەرەكانی، خەوبینین، نەخۆشخانەكان[١]).

## بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (سالْحیە) لە میسر:

ئیبراهیم كوڕی ئیسماعیل كوڕی قاسمی قەیسی، لەناودارترین پزیشكانی ئەم نەخۆشخانەیە و، لەچارەسەركردنی نەخۆشاندا، ڕێگای نوێی بەكاردەهێنا[٢].

## بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (نوری گەورە) :

١- موهەزەبەدین كوڕی نقاش، لەبەغدا لەدایكبووە، پاشان فێری زمان و ئەدەبی عەرەبی بووە، دواتر بۆتە پزیشكێكی باش، بۆ ئەمەش ڕووی كردۆتە میسر بۆ وەرگرتنی زانستی زیاتر، پاشان گەڕاوەتەوە بۆ دیمەشق و، لەوێ بۆتە پزیشكیی (نورەدین مەحمود) و یەكێ لەپزیشكە گەورەكانی نەخۆشخانەی (نوری).

ئەم پزیشكە، چەندان قوتابی پێگەیاندووە و كتێبەكانی (جالینۆس) و ئەوانی دیٰ تێداخوێندووە، كەسێكی یەكجار خۆشەویست و بەئیحسان بووە، لەبواری فێركردنی پزیشكیدا[٣].

٢- مۆفەقدین كوڕی مەتڕان، لەدیمەشق لەدایكبووە، باوكی، پزیشكیی سوڵتان سەلاحەددین بووە، ئەم پزیشكە لەناو گەنجینەی كتێبە پزیشكیەكاندا وەفات دەكات، كە زیاتر لە (١٠) هەزار كتێبی تێدابووە، كەسێكی یەكجار شارەزابووە، لە چارەسەركردنی نەخۆشاندا و خاوەنی كتێبێكە بەناوی: (كێڵگەی پزیشكان و ڕۆحی ئەولیاكان)[٤].

٣- ئیبن حەمدانی نەشتەرگەر، هاوسەردەمی مۆفەقدین كوڕی مەتڕانە و،

---

(١) البغدادي: هدية العارفين، ج٢/ ص٤٧٢. ابن ابي اصيبعة: عيون، ٣٤١.

(٢) ابن حجر: الدرر الكامنة، ج١/ ص٥.

(٣) الزركلي: الأعلام، ج٥/ ص١٣٤. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٣٥-٦٣٦.

(٤) أبو المحاسن: النجوم، ج٦/ ص١١٣. خليفة: كشف الظنون، ج٢/ ص١٣٨. ابن العماد: شذرات، ج٤/ ص٢٨٨.

یەكێكە لە پزیشكەكانی ئەم نەخۆشخانەیە[1].

٤- موحەممەد كوڕی موحەممەد حەسەن ئەبو عبداللە، ناسراو بە (شەریف عالی)، شارەزاییەكی باشی لە ڕێكخستنی دەرمانەكانی نەخۆشخانەكانی: (بەغدا و دیمەشق و قاهیرەدا) هەبووە بەهۆی كاركردنییەوە، خاوەنی كتێبێكە بەناوی: (دەرمانە تاكەكان[2]).

٥- ئەبو فەزڵ عەبدولكەریمی ئەندازیار، لەدیمەشق لەدایكبووە و زانای بواری ئەندازیاری و گەردون بووە، پاشان لەبواری پزیشكیدا شارەزایی پەیدا كردووە و،



نەخۆشخانەی نوری گەورە لەدیمەشق

بۆتە یەكێ لەپزیشكە دیارەكانی نەخۆشخانەكانی میسر، نزیك بە (٧٠)ساڵ ژیاوە، خاوەنی كتێبێكە بەناوی: (دەرمانە تاكەكان) لەسەر شێوازی پیتە هیجائیەكان ڕێكیخستووە[3].

٦- مۆفەقدین عەبدولعەزیز، لەسەر دەستی (ئیلیاسی كوڕی مەتران) فێری پزیشكیی بووە، پزیشكیی (مەلیك ئیبن ئەیوب) بووە، مامۆستایەكی باش بووە بۆ قوتابیەكانی و، هاوكارێكی باشیش بوە لەگەڵ نەخۆشەكانی، بەتایبەت ئەوانەی زیاتر پێویستیان بەیارمەتی بووە[4].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٥٦.

(٢) ن.م، ص٥٠١.

(٣) الذهبي: تأريخ، ج٤٢/ ص٤١٣. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٣/ ص٢٨٠. البغدادي: هدية العارفين، ج٢/ ص١٠٥.

(٤) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٦/ ص١٨٤. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٧١.

٧- کەمالەدین حیمسی، لەپزیشکیی و ئەدەبدا شارەزا بووە و، حەزی بە بازرگانی و گواستنەوە بووە، بەخۆبەخشی و لەپێناوی خوادا لەنەخۆشخانەی (نوری) کاری کردووە، خاوەنی چەند پەیامێکە لەوانە: (ژیان، شەرحی هەندێ لەکتێبی العلل و الأعراض ی جالینۆس، کورتکراوی الحاوی ڕازی، میزکردن)[١].

٨- ڕەشیدەدین عەلی کوڕی خەلیفە، لەحەلەب لەدایکبووە و، پاشان چۆتە میسر و لەنەخۆشخانەکانی ئەوێ شارەزایی پەیداکردووە، دوبارە گەڕاوەتەوە شام و، شارەزایی لەپزیشکێتی چاو و نەشتەرگەریدا بەدەستهێناوە، خاوەنی چەند دانراوێکی پزیشکییە بەناوەکانی: (چەند سەرنجێك لەسەر پزیشکی، هەناسەدان[٢]).

٩- موهەزەبەدین عەبدولڕەحیم کوڕی عەلی، لەدیمەشق لەدایکبووە، باوکی پزیشکێکی ناوداری چاو بووە، پاش ئەوەی فێری کاری پزیشکیی بوو لەنەخۆشخانەی نوری دەست بەکاربوو، پاشان ماوەیەك چووە میسر لەسەردەمی مەلیك ئیبن ئەیوب و لەوێ بووە پزیشك و دواتر بووە سەرۆکی پزیشکانی شام و میسر[٣].

١٠- موهەزەبەدین کوڕی ئەحمەد کوڕی حاجب، پزیشکێکی ناودار و، لەهەمان کاتدا شارەزا لەبیرکاریدا، لەدیمەشق لەدایکبووە، بەهۆی شارەزایی لەزانستی ئەندازیاری و بیرکاریدا، زۆر بەتوانا بوو لەدروستکردنی کاتژمێردا، پاش ئەوەی لەبواری پزیشکیدا خزمەتێکی گەورەی کرد، ماوەیەکیش لەمیسر بووە پزیشکیی سوڵتان سەلاحەددین[٤].

١١- ئیبن بودی، شارەزا بووە لەبواری حیکمەت و پزیشکیدا، زۆربەی کات وانەبێژی پزیشکیی بووە، بەتایبەت لەسەردەمی (مەلیك زاهر غیاسەدین)، پاشان چووە حەلەب و دواتر لەنەخۆشخانەی (نوری گەورە) دەستی بەوانە وتنەوەی

---

(١) الصفدي: الوافي بالوفيات. ج٢٤/ ص١٩٧. حاجي خليفة: كشف الظنون. ج٢/ ص١٧٨. الزركلي: الأعلام. ج٧/ ص٢٥٦.

(٢) أبو المحاسن: النجوم. ج٧/ ص٢٢٩. ابن كثير: البداية والنهاية. ج١٣/ ص٢٥٧.

(٣) السبكي: طبقات الشافعية. ج٥/ ص١٢٩. أبو المحاسن: النجوم. ج١٦/ ص٢٧٧. ابن العماد: شذرات. ج٥/ ص١٢٧.

(٤) ابن ابي اصيبعة:عيون. ص٦٥٩.

پزیشكیی كرد، خاوەنی چەند دانراوێكی پزیشكییە بەناوی: (جیاكراوەكان، شەرحی كتێبی مسائلی حونەین كوڕی ئیسحاق[١]).

١٢- عیمران ئیسرائیلی، لەدیمەشق لەدایكبووە، باوكی، پزیشكێكی شارەزا بووە، پاش ئەوەی شارەزایی لەپیشەكەدا پەیداكردووە، لەنەخۆشخانەی نوری گەورە دەست بەكاربووە، (ڕەزیەدین ڕەحبی) یەكێكە لەقوتابیەكانی، ماوەیەكیش پزیشكیی (مەلیك ئیبن ئەیوب) بووە[٢].

١٣- سەدیدەدین كوڕی ڕەقیقە، ناسراو بە (ئیبن ڕەقیقە)، شاعیر و پزیشكێكی داهێنەر بووە لە بواری پزیشكیتی چاو و نەشتەرگەریدا، پاش ئەوەی گەیشتە خزمەتی (سوڵتان ئەشرەف) لەنەخۆشخانەی (نوری گەورە) دەست بەكاربوو[٣].

١٤- ئەحمەد كوڕی عبدالله كوڕی حسێنی دیمەشقی، ناسراو بە (جەمالی لێكۆڵەر)، یەكێكە لە شێخە بەهرەدارەكانی (دخواریە)، پاش ئەوەی لەبواری پزیشكیدا شارەزایی پەیداكرد، لەچەند شوێنێكدا قوتابخانەی تایبەت بەخۆی كردەوە، بۆ وانەوتنەوە بە قوتابیان[٤].

١٥- سەعدەدین كوڕی عەبدولعەزیزكوڕی عەبدولجبار سلمی، لەدیمەشق لەدایكبووە، جگە لەوەی مامۆستا و وانەبێژی پزیشكیی بووە، لەنەخۆشخانەی (نوری گەورە) وەكو پزیشكێك كاری كردووە[٥].

١٦- جەمالەدین كوڕی ڕەحبی، لەلای باوكی فێری پزیشكیی بوە، دواتر لەنەخۆشخانەی (نوری) كاری كردووە، پاش گەیشتنی تەتار و مەغۆلەكان بۆ

---

(١) الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٣/ ص٢٠٢-٢٠٣. ابن العماد:شذرات، ج٥/ ص٩٦. البغدادي: هدية العافين، ج٢/ ص١١١.

(٢) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٦٩٦-٦٩٧.

(٣) الصابوني: تكملة إكمال الإكمال، ص٣٧. ابن العماد:شذرات، ج٥/ ص١٧٧. البغدادي:هدية العافين، ج٢/ ص٥٠٤.

(٤) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٧/ ص٩١. ابن كثير: البداية، ج١٣/ ص٣٤٢.

(٥) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٦٧١-٦٧٢.

وڵاتی شام چووە میسر و لەقاهیرە نیشتەجێ بوو[١].

١٧- شەرفەدین كوڕی ڕەحبی، لەدیمەشق لەدایكبووە، ماوەیەك لەنەخۆشخانەی (نوری) خزمەتی كردووە، وانەی لە قوتابخانەی (دخواریە) وتۆتەوە [٢].

١٨- شەمسەدین موحەممەد كلی، باوكی ئەندەلوسی بووەو هاتونەتە دیمەشق، لەوێ گەورەبووە و زانستی پزیشكیی فێربووە، قانونی ئیبن سینای هەموو لەبەر بووە، دەڵێن: بۆتە پزیشكیی (مەلیك ئەشرەف موسا) لەدیمەشق و، پاشان لە نەخۆشخانەی (نوری) كاری كردووە، دواتریش چۆتە میسر و، لە قاهیرە نیشتەجێ بووە[٣].

١٩- عیزەدین كوڕی سویدی، باوكی بازرگانێكی بەناوبانگ بووە لە (سویدا) لە(حوران)، لەدیمەشق لەدایكبووە و پێگەیشتوە و زانستی پزیشكیی فێربووە، شارەزایی لەبواری ئەدەب و شیعر و زمانی عەرەبیدا پەیدا كردووە[٤].

٢٠- عیماددەدین دنیسری، لە (دونیسر) لەدایكبووە، پاشان لەبواری پزیشكیدا شارەزا بووە و، بەتوانا بووە لەبواری ئەدەب و فیقهدا، لەنەخۆشخانەی (نوری) ماوەیەكی درێژ كاری كردووە، خاوەنی چەند كتێب و پەیامە، لەبواری دەرمانە تاكەكان و چۆنییەتی جیاكردنەوەیان[٥].

٢١- بەدرەدین كوڕی قازی بەعلەبەك، لەدیمەشق گەورە بووە و فێری زانستی پزیشكیی بووە، ماوەیەك لەنەخۆشخانەی (ڕەقە) كاری كردووە، پاشان لەدیمەشق بۆتە پزیشكیی (مەلیك جەواد موزەفەرەدین یونس)، پاشان بۆتە سەرۆكی پزیشكانی چاو و نەشتەرگەری، لەنەخۆشخانەی (نوری گەورە)،

---

(١) ابن العبري:مختصر تأريخ، ص١٧٢. ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٦٨٢.

(٢) ابن العبري:مختصر، ص١٧٢. ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٦٧٥.

(٣) الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٢/ ص٦. السامرائي:مختصر، ج٢/ ص٦٢٧.

(٤) الزركلي:الأعلام، ج١/ ص٦٣. ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٧٥٩.

(٥) الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٥/ ص٢٨٠. الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٣/ ص١٦٤. الأعلام:الزركلي، ج٦/ ص١٨٣.

شارەزاییەكی باشی لەبواری فیقهـ و تەفسیردا هەبووە، هەر ئەمەش وای كردوە بۆتە سەرۆكی پزیشكانی ئەم نەخۆشخانەیە، چەند نوسراوێكی لەبارەی دەرمان و كارە پزیشكیەكانییەوە هەیە [١].

٢٢- جەمالەدین كوڕی عبداللە كوڕی عەبدولسەید، خۆی و باوكی پێكەوە موسڵمانبون، یەكێكە لەپزیشكانی ئەم نەخۆشخانەیە[٢].

٢٣- عەلی كوڕی مەهدی كوڕی موفرجی هیلالی، لەدیمەشق فێری ئەندازیاری و پزیشكیی بوو، كاتێ لەم نەخۆشخانەیە دەست بەكاربوو، هەموو قورئانی لەبەر بوو[٣].

٢٤- ڕەزیەدینی ڕەحبی، شێخ و حەكیم، خاوەنی پێگەیەكی بەرز بووە، لەنێو خەڵك و پاشا و میرەكانی وڵاتدا، دژی نەخوێندەواری بووە و هاوكاری داماو و لێقەوماوانی كردووە، جگە لەدیمەشق، ماوەیەك لەنەخۆشخانەكانی: (نوسەیبین) و بەغداد كاری پزیشكیی بووە[٤].

٢٥- عەلی كوڕی عیسا، پزیشكیی نورەدین مەحمودی زەنكی بووە، پاش دروستكردنی نەخۆشخانەكەی، لەوێ دەستی بەكار كردووە، ماوەیەكیش پزیشكیی سوڵتان سەلاحەددین بووە[٥].

٢٦- موحەممەد كوڕی عبداللە كوڕی موزەفەر باهلیای ئەندەلوسی دیمەشقی، سەرۆكی پزیشكانی دیمەشق بووە، ماوەیەك پزیشكیی نورەدین مەحمود بووە، جگە لەبواری پزیشكیی، شارەزای بواری ئەندازیاری و عود ژەنێكی لێهاتوو بووە[٦].

---

(١) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٧٥١-٧٥٥.

(٢) السامراني:مختصر، ج٢/ ص١٢٨.

(٣) ابن عساكر:تأريخ مدينة ديمشق، ج٤٣/ ص٢٥٧. الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٢٢/ ص١٥٢.

(٤) الذهبي:تأريخ الإسلام، ج٤/ ص٩٠. الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٢٩/ ص٨٧.

(٥) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٣٠٢. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٢١/ ص٢٥٠.

(٦) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٢٨/ الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٣/ ص٣٦٦.

بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (ئەنتاکیا) :

ئیبن بەتڵانی بەغدادی، لەمەسیحیەکانی بەغدایە، پاش ئەوەی دەرچوو، لەبەغدا چووە میسر و لەوێ سێ ساڵ مایەوە، پاشان چووە قوستەنتنییە و، لەهەمان ساڵدا گەیشتە (ئەنتاکیە) و نەخۆشخانەیەکی لەوێ کردەوە(١).

بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (ڕەقە) :

حەکیم بەدرەدین کوڕی قازی بەعلەبەك، پاش ئەوەی لەم نەخۆشخانەیە ماوەیەك خزمەتی کرد، دواتر گەڕایەوە دیمەشق و، کرا بە سەرۆکی سەرجەم پزیشکان(٢).

بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (موقتەدری) :

١- یوسفی واسیتی، قوتابی جوبریل کوڕی بەختیشوع(٣).

٢- جوبریل کوڕی بەختیشوع، پزیشکیی خەلیفە موقتەدیر و پاش (٣٠) ساڵ مانەوەی لەبەغدا، لەتەمەنی (٨٥) ساڵیدا چووە (میافارقین)(٤).

بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (مەڕاکیش) :

١- ئەبو ئیسحاق ئیبراهیمی دانی، پزیشك و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بووە.

٢- موحەممەد کوڕی قاسمی قرشی مالقی، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بووە، کەسێکی شارەزا و خەمخۆر بووە و دڵسۆز بوە لەکارەکەیدا(٥).

---

(١) القفطي: تاريخ الحكماء، ص٢٩٤. ابن العبري: مختصر تاريخ، ص٢٣١.

(٢) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٧٥١.

(٣) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٦٧.

(٤) ابن جلجل:الطبقات، ص٦٣.

(٥) احمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ص٢٥٢.

بەناوبانگترين پزيشكانى نەخۆشخانەى (شيراز) :

مەحمود كورِى مەسعود كورِى موسلّيح، ماوەيەك لەنەخۆشخانەى (شيراز) پزيشك بووە، پاشان چووە لاى (نەسيرەدينى توسى) زانستى: فيزيا و بيركارى خوێند، لەكاتى هاتنى مەغۆلەكاندا[١].

بەناوبانگترين پزيشكانى نەخۆشخانەى (ئەسفەهان) :

ئيبن مەندويەى ئەسفەهانى، پزيشكيى بەناوبانگى ناوچەى ئەسفەهان، خاوەنى چەندان نوسراوى پزيشكيە، لەبوارى: گەدە و ماسولكەكان و نەخۆشييەكانى كۆلّنج و سيستبونى گورچيلەكان، هەروەها پەيامێكيشى هەيە لەبارەى ئەو نەخۆشيانەى لەنەخۆشخانەى (ئەسفەهان) ڕوبەڕوى بونەتەوە و چارەسەرى دروستى بۆ كردون، شارەزاييەكى باشى هەبووە لە بوارى شيعر و ئەدەبدا[٢].

بەناوبانگترين پزيشكانى نەخۆشخانەى (ڕەى) :

باشترين پزيشكيى ئەم نەخۆشخانەيە، (ئەبوبەكرى ڕازى)ە.

بەناوبانگترين پزيشكانى نەخۆشخانەى (قەميرى) :

بورهانەدين ئەبو ئيبراهيم كورِى ئيسماعيل كورِى ئەبى قاسم، كەسێكى چاكەخواز و بەتەقوا بووە، كارى پزيشكيى كردووە لەناوچەى (سالّحيە) لە نەخۆشخانەى (قەميرى)[٣].

بەناوبانگترين پزيشكانى نەخۆشخانەى (جەبەل) :

١- ئيبن سەحنونى ديمەشقى، لەبوارى شيعر و ئەدەبدا بەتوانا بووە و، خاوەنى زيرەكيەكى بێ وێنە بووە، ماوەى (٧٥) سالّ ژياوە.

---

(١) ابو المحاسن: المنهل الصافي، ص٣٥٠.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤٥٩. الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٧/ ص٣٥.

(٣) ابن حجر: الدرر الكامنة، ج١/ ص٥.

٢- ئه‌حمه‌د كوڕی ئه‌بوبه‌كر موحه‌ممه‌د كوڕی حه‌مزه مه‌نصور، یه‌كێك بووه له پزیشكه به‌تواناكانی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه.

٣- ئیبن خروف، شاعیر و پزیشك، له‌ئه‌نده‌لوس شاعیر بوو، هاته ڕۆژهه‌ڵات، بووه پزیشك، كاتێ گه‌یشته حه‌له‌ب په‌یوه‌ندی كرد به (قازی ئیبن شه‌داد)ه‌وه و ئه‌ویش كردیه سه‌رپه‌رشتیاری ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه[1].

به‌ناوبانگترین پزیشكانی نه‌خۆشخانه‌ی (قودس):

١- مۆفه‌قدین یه‌عقوب كوڕی سه‌قلابی نه‌سرانی، حیكمه‌ت و پزیشكیی خوێندووه، پاشان ڕاسته‌وخۆ له نه‌خۆشخانه ده‌ست به‌كاربووه، كه‌سێكی زۆر وردبووه له پشكنینی نه‌خۆشدا و، زۆر باش توانیویه‌تی كاریگه‌ری دابنێت له‌سه‌ر نه‌خۆش و هه‌وڵی زوتر چاكبونه‌وه‌ی بدات، كتێبی: (هۆكاری نه‌خۆشییه‌كان)ی جالینۆسی وه‌رگێڕایه سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی[2].

٢- ڕه‌شیده‌دین صوری، پاش ئه‌وه‌ی له قودس شاره‌زایی له‌زانستی پزیشكیدا په‌یداكرد، له‌م نه‌خۆشخانه‌یه ده‌ستی به‌چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشان كرد و شاره‌زایه‌كی زۆری له‌بواری ده‌رمانه تاكه‌كاندا هه‌بوو[3].

---

(١) الصفدي:الوافي بالوفيات، ج٨/ ص٥١. ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٧٣٥.


(٢) ابن ابي اصيبعة: ن.م، ص٧٠٠.

(٣) الزركلي:الأعلام، ج٧/ ص٤٩. ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٧٣١.

# پزیشکێتی لەدەورانی
# مێژووی ئیسلامدا

## (٤)

## پزیشکێتی لە دەورانی ئەندەلوسدا



مزگه‌وتی گه‌وره‌ی قورتوبه

## دەروازە

فەتحکردنی وڵاتی ئەندەلوس لەلایەن موسڵمانەکانەوە و، دروستکردنی شارستانییەتێکی ڕەنگینی دڵناوا، بۆ ماوەی (٨) سەدە لە (٩٢-٨٩٧ك/ ٧١١-١٤٩٢ز)، لە بەشی باشوری کیشوەری ئەوروپا، لە زەویەکانی ئیسپانیا و پورتوگالی ئێستا، ناسراو بە نیمچە دورگەی ئیبریە (La penisa Iberiel) یەکێکە لەمێژووە پڕشنگدارەکانی موسڵمانان.

دەرکەوتنی خۆری موسڵمانەکان لە ئەندەلوس، لەژێر سایەی تیشکی ئیسلام بوو، کە دینی پێشکەوتن و شارستانییەتە و، بناغەی لێبوردنی ئایینی و پێکەوە ژیانی مرۆڤانەیە، ئەمەش بەپێی ئەو سوننەتە گەردونییە بەدەست هات، کە خودای گەورە لەم ژیانەدا بۆ مرۆڤی داناوە، موسڵمانانیش لەسەر ئەو بناغەیە توانیان ببنە پێشەنگی خەڵکی و، ئاست و توانایی خۆیان لە فەرمانڕەوایی کردنی خەڵکیدا بەگەڕ بخەن، نەك چاوەڕوانیان لە موعجیزە و کەرامات بێت و، بیانەوێ کارەکانی بدەنە دەست!

دەرکەوتنی ئەندەلوس لەسەدەکانی زێڕینیدا، وەکو تاکە نەتەوەیەکی خۆشگوزەران لە ئەوروپادا لەدەورانی خەلیفەکانی وەکو: (عەبدولڕەحمان ناسرەدینللا، موستەنسربیلا،...) بەدیار دەکەوێت، کە دەورێکی سەرەکیان بینی لە گەشانەوەی شارستانییەت و پێکەوە ژیانی مرۆڤانە و، پێشخستنی زانست و زانیاری و زیندوکردنەوەی مێژووی

پڕ سەروەری و، شانازی بۆ نەوەكانی داهاتوو، لەكاتێكدا تەواوی ناوچەكانی تری ئەوروپا، لەسەدەكانی تاریكی و نەزانی و دواكەوتویدا بوون و، گرفتاری داگیركاری سیاسی و سەركوتكردنی فیكر، لەژێر ئاڵای كەنیسەی كاسۆلیكی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایینیدا بون.

ئەندەلوس سەرەتایەك بوو بۆ دروستبونی ئاڵوگۆڕی مەعریفی، لەنێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی، لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و، بڵاوبونەوەی ئەم شارستانییەتە یەكگرتووەش، كە پێكهاتبوو لە: (بەغداد، میسر، شام، ئەندەلوس)، تەواوی ئەوروپای گرتەوە، بەمەش جیهانی ئیسلامی لە ئەندەلوس، بووە هێمای پێشكەوتن و خەونی گەنجەكانی ئەوروپا و زانكۆی قورتوبەش، بووە دایكی دونیا.

(ڕوبەرت بریگالی) مێژوونوسی ئەوروپی لەم بارەوە دەڵێ: "كاتێ ڕوناكی زانین لەجیهانی خۆرئاوادا نەما و، تاریكی و نەزانی باڵی بەسەردا كێشا، گرنگیدان بەشارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانی بووە شتێكی لادەر و كارێكی مەحاڵ تاكە شوێنێك ڕوناكی زانینی تێدابوو ئەندەلوسی ئیسلامی بوو".

قورتوبە و ناوچەكانی تری ئەندەلوس، دیمەنیان یەكجار قەشەنگ و درەوشاوە بوو، هەربۆیە دەبینین لە زۆرێك لە كتێبە مێژووییەكانی تایبەت بە ئەندەلوس، وەسفی شارەكانی دەكرێت، بۆ نمونە: دەربارەی شاری قورتوبە دەڵێن:"خاوەنی نیو ملیۆن دانیشتوان بووە[1] و (١٣) هەزارماڵی تێدا بووە، هەموو ماڵێك باخچەی تایبەت بە خۆی هەبووە، پێشەنگی هەموو جیهان بووە، لەڕوی زانكۆوە، هەردوو زانكۆی ئومەوی و قورتوبەی تیا بووە، خاوەنی (٥٠) نەخۆشخانە و (٣٠٠٠) مزگەوت بووە، جادە و سەر شەقامەكانی بە بەرد و قرمید داپۆشرابون، بەشەو كۆڵان و جادەكانی بە قەنادیلی زەیتی ڕۆشن دەكرانەوە و بەحەمام و پاكوخاوێنی لە ئەوروپادا بەناوبانگ بوو، زۆرترین ئوتێل و میوانخانەی تێدابوو، بەهۆی زۆری گەشتیار و بازرگانانەوە، خاوەنی بازاڕی تایبەت بە: زێڕ، كتێب، كاغەز، گوڵ، كیمیاگەری، دەرمان دروستكردن، ئاژەڵ،...بوو، جگە لەمە ئاسایشی و هێمنییەكی یەكجار سەرنج ڕاكێشی هەبوو، ململانێكان تێیدا لەسەر زانست و

---

(١) دووەم وڵات بووە لەسەر ئاستی جیهان دوای بەغداد، كە (٣) ملیۆن دانیشتوان بووە و سێیەمیش (ئیشبیلیە) بووە، كە (٤٠٠) هەزار بووە.

زانیاری و پێشکەوتن بوو، لەنێوان: بەغداد و قورتوبە و میسر و شامدا".

ئەندەلوس بە سود وەرگرتنەکانی لە خۆرهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، توانی ببێتە وڵاتێکی پڕشنگداری خاوەن شارستانییەت، کە پڕشنگی شارستانییەتەکەی هەموو وڵاتانی ئەوروپا بگرێتەوە، ئەمەش پاش ئەوەی بەرهەمی کاغەز لە شاری بەغداوە گواسترایەوە بۆ ئەندەلوس، بەمەش دامەزراوەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی کاغەز و بەرگ تێگری کتێبان بەرهەم هات و بەهۆی ئەمەشەوە، ژمارەی کتێبەکان لەبازارەکانی ئەندەلوسدا زیادیان کرد و خوێنەرانیش ئاسانتر کتێبەکانیان بەدەست دەهێنا.

پاش ئەمە، ئەندەلوس بووە شوێنی پسپۆری زانستەکان و زانستەکانی لەیەکتر جیاکردەوە، بەتایبەتی لە زانستی پزیشکیدا، چەندین پسپۆڕی جیاواز دروست بوون لەوانە: (نەشتەرگەری، دەرمانسازیی، توێکاری، ڕووەکناسی، دەرونی، ...).

ئەمە جگە لە دروستبونی کتێبخانەی تایبەت لە شارەکاندا و، دروستبونی کۆڕ و سیمینار و گفتوگۆی ئازادانە، لەبارەی زانست و بابەتە جیاجیاکانەوە، لەکاتێکدا تەواوی ناوچەکانی تری ئەوروپا نوقمی جەهل و نەزانین بوون و، لەناو تاریکایی و ڕەشایی مێژووی خۆیاندا نغرۆ ببون، هەربۆیە دەبینین زۆربەی دەسەڵاتداران کە بڕوایان بەو پێشکەوتنەی موسڵمانەکان هەبوو، بەڵام لەبەر پاپا و دەسەڵاتی ئایینی، نەیاندەوێرا قبوڵی بکەن، منداڵەکانیان دەناردە ئەوێ، تاوەکو فێری زانستی موسڵمانەکان ببن، هەروەکو (عەلی شەریعەتی)، وەسفێکی جوانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلامیمان بۆ دەکات و مام هەژاری موکریانی وەریگێڕاوە دەڵێ:

ڕۆژێ کە ئیسلام باوی بوو
لەناو گەلاندا ناوی بوو
زێڕی هەبوو
زۆری هەبوو
چی بگوتبا، هەر ئەوە بوو
مامۆستاکانی ڕۆژئاوا لە فێرگە

لە زانستگایان
لەناو كۆڕی كەیخودایان
كاریان لاسایی موسڵمان بوو
دابی ئەوانیان پێ جوان بوو
كەوای شۆڕیان لەبەر دەكرد
عەمامەیان لەسەر دەكرد
ئەدای ڕازی و ئەبوو عەلی و دینەوەریان و غەزالی و
كن و كێی دیكەیان دەردێنا
دەست ڕەنگینانی خاچپەرست
كە دەسكردێكیان ڕێك دەخست، فێڵیان دەكرد
مۆری (الله) یان لێدەدا
ڕەنگی ئیسلامیان پێ دەدا
تا وابزانن ئەو كارانە هی وڵاتی موسڵمانە
كاری "شام و بوخارایە
كرگاری بەڵخ و بەغدایە


یەكێ لە هۆڵەكانی كۆشكی قەڵای (سامیزانۆ توسكانا) لە فلۆرەنسای ئیتالیا لەساڵی ١٦٠٥ز لەسەر شێوازی بیناسازی مەغریبی و ئەندەلوسی موسڵمانەكان بنیاتنراوە

ئه‌سته‌مبوڵه، توسه، ڕه‌یه
كاری وه‌ستای "غه‌رناته"یه
ئه‌وا ئێستاش له ڕۆژهه‌ڵاتی باركه‌وتوو
له‌ناو گوێچكه‌ی گادا خه‌وتوو
له‌ده‌سكاریان ده‌ده‌ن
لاسایی ڕۆژئاواییان ده‌كه‌ن

به‌ڵام له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌مانه‌شدا ده‌بینین، چه‌ندین نوسه‌ر و قه‌ڵه‌م به‌ده‌ستی كورت بین و ڕه‌شبین، یان هه‌ندێ له ڕۆژهه‌ڵاتناسی ده‌مارگیر، به‌هۆی شه‌ڕی خاچیه‌كانه‌وه، ده‌بینین ئه‌م شارستانییه‌ته‌یان، ته‌نها به پردی به‌ستنه‌وه‌ی شارستانییه‌تی ڕۆمانی و یۆنانی به‌شارستانییه‌تی ئه‌وروپا داناوه، له كاتێكدا كتێبه‌كانی پزیشكانی وه‌كو : (ئیبن ڕوشد، ئیبن زهر، زه‌هراوی،...). به‌چه‌ندین سه‌ده له زانستگاكانی ئه‌وروپادا خوێندراون[1].

---

(١) بروانه: د.راغب السرجاني: قصة الأندلس من الفتح الى السقوط، ص٣-٥. د. نهاد عباس زينل: الإنجازات العلمية للأطباء في الأندلس، ص٣-٧.

## وشەی ئەندەلوس

سەبارەت بەم وشەیە و ناونانی ئەم وڵاتە بە (ئەندەلوس) ڕاوبۆچونی جیاوازهەیە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

ئەلمقری لە (١٠٤١ك-١٦٣١ز) مردووە، دەڵێ: "ئەندەلوس مانایەکی ئەوتۆی نییە، جگە لەمانای بەیەکگەیاندنی بازرگانی ڕۆژهەڵات بە ڕۆژئاوا[١]"، عەرەبیش لە کۆندا لەنێو شیعرەکانیدا بەکاری بردووە، وەکو وشەیەکی عەجەمی بە (ضمة) دانان لەسەر پیتی (د)، یان (فتحە) و لابردنی (ال)ی سەرەتای وشەکە:

سألت القوم عن أنس؟ فقالوا بأندلس، وأندلس بعيد[٢]

هەروەها دەڵێن: لە کۆندا بەدورگەی (ئیبریە)، ناوبراوە بەڵام کاتێ ڕۆمانییەکان چونە ئەوێ، ناویاننا: (Hispanha) و عەرەبیش بە (ایشبانیا)، یان (اصبانیا) ناویان دەبرد[٣]، بەڵام لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕا بەزمانی ڕۆمانسی (Espana).

جوگرافیناس و مێژوونوسانیش، چەندین ناو بەکاردەبەن لەوانە: (أندليش)،

---

(١) المقري، الشيخ أحمد بن محمد التلمساني: نفح الطيب من غصن الأندلس الرطيب، تحقيق: د.إحسان عباس، ج١/ ص١٢٥.

(٢) ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص٢٦٢.

(٣) الحميري: صفة جزيرة الأندلس، منتخبة من كتاب الروض المعطار في خبر الأمطار، ص٢.

(أندلش)، (أندلوس)، هەریەكەشیان بۆچون و ڕای جیاوازی هەیە، لەسەر وشەكەی خۆی، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە، خودی وشەی ئەندەلوسە، كە لە دوو بۆچوندا كۆیان دەكەمەوە:

١- ئیبن ئەسیر پێی وایە: ناوی كۆنی بریتیە لە: (ایباریە)، پاشان بۆتە (ایشبانیا)، كە لەناوی پاشایەكی كۆنەوە هاتووە، بەناوی: (اشبان[1]) و دواتر ناوبراوە بە: (اندلس)[2].




٢- ئیبن حوقل لە (صورة الأرض)دا دەڵێ: "ئەندەلوس ناوێكە بەكاربراوە بۆ (وەندالەكان[3])

---

(١) سەبارەت بەم پاشایە، ڕای ئەوەش هەیە، كە دوای تۆفانەكەی (نوح) یەكێ لە كوڕەزاكانی (نوح) بەناوی: (اندلیش)، یان (اندلس) كوڕی (یافس كوڕی نوح) چۆتە ئەوێ و لەوێ ژیاوە.

(٢) ابن الأثیر: الكامل، ج٤/ ص٢٦٤.

(٣) (ڤەندالەكان)، یان (وەندالەكان) كۆمەڵە هۆزێكی هەمەجی بوون، لە (ئەسكەندەنافیا) لە وڵاتانی: (سوید و دانیمارك و نەرویج و ..) هاتن و هێرشیان كردە سەرناوچەیەك بەناوی: (ئەندەلوس) و بۆ ماوەیەك تێیدا نیشتەجێ بون. دەشوترێ: ڤەندالەكان كۆمەڵە هۆزێك بوون لە ئەڵمانیا، لەپاش كۆچكردنێكی زۆر لە كەناراوەكانی دەریای باكور، لەناوچەی باشوری ئیسپانیا نیشتەجێ بون. ئیتر لەم ناوی هۆزەوە وشەی: (ڤاندالیسیا)، كە بۆتە (اندولیسیا) و (اندلس) دروست بووە، كە مەبەست لێی ناوچەی هۆزی هەمەجی ڤەندالەكانە. كە تاوەكو ئێستاش لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا (Vandalism) بە مانای هەمەجیەت و وەحشێتی و سەرەتایی ژیان و ناشارستانییەت دێت. لەپاشاندا (وەندالەكان) چون و هۆزێكی مەسیحی هاتن، كە

كاتێ ده‌سه‌ڵاتیان به‌سه‌ر به‌شه‌كانی نیمچه دورگه‌ی (ئیبریا)دا گرت[1]".

له‌فه‌رهه‌نگی ئێستای ولاتی ئیسپانیاشدا (أندلیشیا) یان (أندلوسیا Andalucia) به‌كاردەبرێ و، مه‌به‌ست لێی: (٨)هه‌رێمه له‌باشوری ئیسپانیا، كه ڕوبه‌ره‌كه‌یان ده‌كاته: (٨٦٦٧٨)كم[2]، ئه‌وانیش[3]:

**١- ئه‌لمریه (Almeria):**

شارێكه له ئه‌نده‌لوس، به فه‌رمانی ئه‌میری ئیمانداران عه‌بدولڕه‌حمانی كوڕی موحه‌ممه‌د له‌ساڵی (٣٤٤) ك دروستكرا، به زۆریی ده‌رگا و ئوتێل به‌ناوبانگ بوو، خه‌ڵكه‌كه‌شی خێر و چاكه‌ی زۆریان ده‌كرد و پاره‌یان ده‌به‌خشی.

**٢- غـه‌رنـاته (Granada):**

ناوێكی عه‌جه‌میه‌و یه‌كێكه له‌شاره‌كانی ئه‌نده‌لوس، ده‌كه‌وێته نێوان دۆڵی (ئاش) و شاری (بیره) به‌دووری چوار میل، كه ڕوباری (فالوم) ده‌یكاته دوو‌به‌شه‌وه.

**٣- جـاین (Jaen):**

شارێكی ئه‌نده‌لوسه، به‌زۆریی گۆشت و هه‌نگوین و كرمی ئاوریشمی و نۆك و پاقله و دانه‌وێڵه، به‌شێوه‌یه‌كی گشتی ناسراوه، (٣) هه‌زار گوندی هه‌بووه و حه‌مامێكی زۆری تێدابووه.

**٤- قـورتوبـه (Cordoba):**

دایكی شاره‌كان بووه، له‌ده‌ورانی ئه‌ومه‌ویه‌كاندا به زانست و زانیاری و پاك و خاوێنی و، زۆریی زانایان و زانكۆ و پیشه‌گه‌ران به‌ناوبانگ بووه.

---

له‌مێژوودا به‌ناوی قوته‌كان (Goths) ناسراون و حوكمی ئه‌نده‌لوسیان كرد، تا هاتنی موسڵمانه‌كان. بڕوانه: شاكر مصطفى: الأندلس في التأريخ، ص٦، د.راغب السرجاني: قصة الأندلس، ص١٥.

(١) ص١٠٤.

(٢) محمد كرد علي: غابر الأندلس وحاضرها، ص١٨.

(٣) د. نهاد عباس زينل: الإنجازات العلمية للأطباء في الأندلس، ص ٤٢-٤٣.

**٥- ئیشبیلیه (Sevilla):**

شارێكی ئەندەلوسه و لەگەڵ قورتوبه (٨) ڕۆژ (٨٠) میلی نێوانیان بووه، شارێكی یەكجار كۆنەو به زۆریی قەڵا و شوره بەناوبانگ بووه، لەگەڵ زۆریی بازاڕ و بازرگانی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

**٦- مالقــه (Malaga):**

شارێكی ئەندەلوسه و لەسەر كەناری دەریایه، بەزۆری و باشی هەنجیرەكانی بەناوبانگه، كه بۆ شام و عێراق و هیند دەنێردرا.

**٧- قــادش (Gadiz):**

دورگەیەكی ئەندەلوسه، دەوترێ: مەجوسی بوون و بتەكەیان ناوی: (قادس) بووه، هەروەها دورگەیەكی شوێنەواریه و بووه به زۆریی میوه بەناوبانگ.

**٨- ولــبه (Hulba).**

# جوگرافیای ئه‌نده‌لوس

له‌سه‌رده‌می ئێستادا، وڵاتی ئه‌نده‌لوس هه‌ردوو وڵاتی: (ئیسپانیا و پورتوگال) ده‌گرێته‌وه، که به نیمچه دورگه‌ی (ئیبریه) ناوده‌برا، ڕوبه‌ره‌كه‌ی (هه‌ردوو وڵاته‌كه) نزیكه‌ی: (٦٠٠) هه‌زار كم٢، له‌ڕووی شوێنگه‌ی جوگرافیه‌وه، ده‌كه‌وێته باشوری ڕۆژئاوای ئه‌وروپاوه، له‌شێوه‌ی سێگۆشه‌دا كشاوه به‌لای ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوادا و، به‌شی زۆری به‌لای ڕۆژئاوادایه، له‌باكوره‌وه ده‌گاته فه‌ڕه‌نسا (وڵاتی فرنجه) له‌ڕێگای زنجیره چیاكانی ناسراو به: (چیاكانی برینییه) (چیاكانی برتات)[١]، زۆربه‌ی لاكانی به‌ئاو هه‌ربۆیه موسڵمانه‌كان به دورگه‌ی (ئه‌نده‌لوس) ناویان بردووه، چونكه ده‌ریای ناوه‌ڕاست ده‌وری داوه له‌لای ڕۆژهه‌ڵات و باشوری ڕۆژهه‌ڵاته‌وه ده‌وره دراوه، له‌لای باشوری ڕۆژئاوا و ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوایشیه‌وه، زه‌ریای (ئه‌تڵه‌سی) ده‌وری داوه[٢].

---

(١) القزويني: آثار البلاد وأخبار العباد، ج٢/ ص٥٠٣.

(٢) محمد سهيل طقوش: تأريخ المسلمين في الأندلس، ص١٦.

# ئاووهەوای ئەندەلوس

ئەندەلوس بەخاكێكی بەرەكەتدارو ئاووهەوایەكی سازگار و دڵڕفێن[١] بەناوبانگە، هەروەها دەڵێن: "ئەندەلوس، لەڕوی ئاووهەواوە، شامیە، لەڕوی پێكهاتە و هەڵكەوتەی ناوچەكەیەوە، (یەمەنییە)، لەڕوی سازگاری و بۆنداریەوە، (هیندیە)، لەڕوی كانزا و ماددەكانەوە، (چینییە)، لەڕوی كەناری دەریاشەوە، (عەدەنییە)[٢]".

ئەندەلوس، خاوەنی ئاووهەوایەكی پڕ گۆڕانكاریە لە باكور بۆ باشوردا، لە پلەی گەرمی بەرزەوە بۆ مامناوەند[٣]، نیمچە دورگەی (ئیبریا) بەهۆی هەڵكەوتەی جوگرافی ناوچەكەیەوە، لەژێر كاریگەری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستدایە، چ لە خۆرهەڵاتەوە، چ لە باشورەوە، كە زستانێكی باراناوی و هاوینێكی گەرم و وشكی هەیە، بەشی خۆرئاواشی لەژێر كاریگەری ئاووهەوای زەریای ئەتڵەسیدایە، هەرچی بەشی باكور و باكوری خۆرئاوایەتی ئاووهەوای خۆرئاوای ئەوروپای هەیە، كە ئاووهەوایەكی شێدار و فێنكە، بەهۆی هەڵكەوتەی ناوچەكەوە لەسەر دەریا[٤].

هەرچی بەشی باكوریەتی، ئاووهەوایەكی سارد و باراناویە و پێچەوانەی بەشی باشوریەتی، كە بەئاووهەوای وشك و گەرم بەناوبانگە و هاوشێوەی ناوچەكانی باكوری ئەفریقیایە، بەشێوەیەكی گشتی، دەتوانین بڵێین: ئاووهەوای ئەم ناوچەیە، ئاووهەوایكی قاڕی هەیە[٥].

---

(١) الزهري: كتاب الجغرافية، تحقيق: محمد حاج صادق. ب/ت.

(٢) الحميري: الروض المعطار، ص٣.

(٣) ج.س. كولان: الأندلس، ص٦٤.

(٤) أبو مصطفى: تأريخ الأندلس، ص٨٨.

(٥) حسين مؤنس: رحلة الأندلس، ص٤٦.

# بارودۆخی ئەندەلوس
# پێش چونی موسڵمانەكان

ئەوروپا لەم ماوەیەدا، لەوپەڕی تاریكی و نەزانیدا بوو، ئەمەش زۆربەی وڵاتەكانی ئەوروپای گرتبۆوە، خەڵكی بەتەواوەتی لە دەسەڵاتداران جیابون و، ژیانێكی تەواو ناخۆش و دوور لەشارستانییەت و لەوپەڕی ترس و دڵەڕاوكێدا دەژیان، چونكە دەسەڵاتداران بۆ خۆیان، لە قەڵاو كۆشكەكاندا بوون و، خەڵكی پیشەوەر و ڕەنج كێشیش لەدەرەوەی قەڵاكان ژیانی دەگوزەراند، لەنێو وڵاتانی ئەوروپادا هیچ جۆرە هێمایەكی شارستانی و پێشكەوتن بەچاو نەدەبینرا.

بەنمونە: پاك و خاوێنی، لەوپەڕی نزمی و پیس و چەپەڵیدا بوو، ئەمە تەنها شارەكان نا بەڵكو مرۆڤەكانیشی گرتبۆوە، یەكێ لە گەڕیدە موسڵمانەكان لەم سەردەمەدا چۆتە ئەوێ و باس لەوە دەكات، كە خۆشۆرین شتێكی یەكجار دەگمەنە و لەساڵێكدا جارێ، تا دووجار خۆیان دەشۆن، چونكە پێیان وابوو: گرنگیدان بە جەستە و پاكڕاگرتنی، بەرەكەت و خەیر ناهێڵێ![1]

هەروەها لە زۆر شوێندا زمانی ئیشارەت هەبوو، تاوەكو قسەكردن، پاشانیش هەندێ بیروبڕوای: (مەجوسی) و (هیندییەكان)یان تێدا بڵاوبوو، كە هەڵدەستان بەسوتاندنی كەسی مردوو، پاشان سوتاندنی ژنەكەی بەزیندوێتی، ئینجا جاریەكەی![2]

---

(١) أبو عبيد البكري: جغرافية الأندلس وأوروبا (من كتاب المسالك والممالك)،ص٨١.

(٢) ن.م. ص١٨٦-١٨٧.

بەشێوەیەکی گشتی، ئەوروپا بۆ ماوەی چەندین سەدە، لەوپەڕی تاریکیەت و هەمەجیەتدا دەژیا، تاوەکو سەدەی (١٢)ی ز، پاش ئەوەی لەشەڕی خاچیەکاندا شکستێکی گەورەی توش بوو[1].

لەکۆتاییەکانی سەدەی (٤)ز (قوتە) خۆرئاواییەکان، بەسەرکردایەتی (ئلاریك)، توانیان دەست بگرن بەسەر دیوی خۆرئاوای ئیمپراتۆیەتی ڕۆمانیدا، ئەمەش کاتێ (تیۆدسیۆس)ی پاشای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هاتە سەر دەسەڵات، بەڵام کاتێ لەساڵی (٣٩٥)ز وەفاتی کرد، ئیتر (ئلاریك) گەورەی (قوت)ەکانی خۆرئاوا خۆی وەکو گەورەی خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەوروپا ناساند و، هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ڕۆمای داو، توانی ئامانجەکەشی لەساڵی (٤١٠)ز بهێنێتە دی و مێژوویەکی ڕەش لە ئەوروپادا بنیات بنێت.

هەر لەم سەردەمەشدا، دەوڵەتی ڕۆمانی ڕێگای بە وەندالە هەمەجیەکاندا کە لە نیمچە دورگەی ئیبریەدا ببنە هەمەکارە، بەمەرجێ ئارامی بەشی باکوری خۆرئاوای دورگەکە تێك نەدەن و دەست وەرنەدەنە کاروباری ناوچەکانی تر، بەڵام بڵاوبونەوەی ئەم هۆزە هەمەجیانە و پێدانی دەسەڵات، وای کرد دەوڵەتی ڕۆمانی بەرەو لاوازی بڕوات، بەتایبەتی دەبینین لەپاش ماوەیەکی دی، هۆزە هەمەجیەکان دەستیان گرت بەسەر تەواوی دورگەی (ئیبریە) و، بونە مەترسیش بۆ سەر وڵاتی فەڕەنسا.

پاش ئەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەبەشی ڕۆژئاوا بەرەو لاوازی چوو، کەوتە دەست وەندالەکان، پاش ئەوانیش وردە وردە هێزێکی دی بەدەرکەوتن، کە لاوازی وەندالەکانیان بەهەل زانی و توانیان بەرە لەژێر پێی وەندالەکان دەربهێنن و، ببنە هەمەکارە و دەسەڵاتداری ناوچەکە، ئەوانیش قوتەکان بون، بەتایبەتی لەدەورانی دەسەڵاتداری گەورەیان: (والیا Valia).

ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، پاش ئەوەی شەرعیەتی بە دەسەڵاتی قوتەکاندا لە نیمچە دورگەدا و، (یوریك Euric) لەساڵی (٤٦٧ز) نازناوی پاشای لێنرا، ئەم

---

(١) جوستاف لوبون: حضارة العرب، ص٥٦٧.

پاشایه، بووه دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی قوتی خۆرئاوا[1]، پێش فەتحی ئیسلامی له ئیسپانیا بەساڵێك، یەكێ لەپیاوانی ناو سوپا بەناوی: (لوزریق) دەستی گرت بەسەر دەسەڵاتدا و هەیمەنە و دەسەڵاتی پاشای لەنێو برد[2]، بەمەش كاتێ فەتحی ئیسلامی ئەو ناوچانەی گرتەوە، (لوزریق) فەرمانڕەوا بوو، لەگەڵ ئەوەی قوتەكانی خۆرئاوا، تاوەكو كۆتایی سەدەی (٦)ز، بە بەهێزترین هێزی (جێرمان)ی ناودەبران، بەڵام لەڕووی دەسەڵات و فەرمانڕەواییەوە، لەوپەڕی گەندەڵی و فەسادی ئەخلاقیدا بوو، توانای ئیدارە و فەرمانڕەوایەتی كردنیان نەمابوو[3].

كڵاوی پزیشكانە بۆ خۆپاراستن له نەخۆشی تاعون بەكاردەهێنرا، چونكە له ئەورووپای سەدەكانی ناوەڕاستدا، هەموو هۆكاری نەخۆشییەكانیان بۆ سزای ئیلاهیانە دەگێڕایەوە، له كاتێكدا له جیهانی ئیسلامی، نەخۆشخانەی تایبەت هەبوو بەنەخۆشییە دەرونی و عەقڵی و گولیەكان و ..."



---

(١) حسين مؤنس: فجر الاندلس، دراسة في تأريخ من الفتح الإسلامي إلي قيام الدولة الاموية (٧١١-٧٥٦ز)، ص١٥.

(٢) ستانلي لين بول: قصة العرب في اسبانيا، ص٩.

(٣) عبدالرحمن حجي: التأريخ الأندلسي، ص٣٠-٣١.

# مێژووی موسڵمانان لە ئەندەلوس

**مێژووی موسڵمانەكان لە ئەندەلوس دا دابەش دەبێت بۆ ئەم چەند سەردەمە:**

**- دەورەی یەكەم: فەتحكردن (٩٢-٩٥ك/ ٧١١-٧١٤ز) :**

موسڵمانەكان پێش ئەوەی بیر لە فەتحی ئەندەلوس بكەنەوە، فەتحی وڵاتانی باكوری ئەفریقایان كرد، لەساڵی (٢٢ك-٦٤٤ز)، ئەوكاتەی هۆزەكانی ئەمازیغ (بەربەر)ی تێدا نیشتەجێ بون، هەربۆیە كاتێ موسڵمانەكان هاتنە ئەوێ كەوتنە شەڕ و ئاژاوە نانەوە لەگەڵیاندا، تا دواجار توانرا لەسەر دەستی: (موسای كوڕی نەصیر)[1] كۆتایی بەو ململانێیە بهێنرێ و، ئاسایشی سەرتاسەری لەباكوری ئەفریقیادا بەدەست بهێنن، لەساڵی (٨٥-٨٦ك/ ٧٠٤-٧٠٥ز).

موسای كوڕی نەصیر لەساڵی (٩١كۆچیدا)، دەستەیەكی هەواڵگری نارد بۆ باشوری ئیسپانیا، كە لە (پێنج سەد) سەرباز پێك هاتبون، بەسەركردایەتی (تەریفی كوڕی مالیك)، ئەم سوپایە لە (سەبتە) پەڕیەوەو، توانی لە ڕەمەزانی ساڵی (٩١ك-٧١٠ز) دەست بەسەر دورگەیەكدا بگرێ، كە دواتر بە دورگەی (تەریف)

---

(١) موسای كوڕی نەصیر (سەركردەی كوڕی سەركردە ١٩-٩٧ك/ ٦٤٠-٧١٦ز) سەركردەیەكی دیار و موتەقی و لەخواترس بوو، لەو زەویانەی فەرمانڕەوایەتی تێدا دەكردن، هەوڵی بڵاوكردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی دەدا و، بەپێی ئەحكامە شەرعیەكان لەگەڵ خەڵكەكەیدا دەجوڵایەوە، بەهەمان شێوە باوكیشی خاوەنی چەندین ئەمری بووە، لەجەنگی یەرموك، پاشان والیەتی لەشام لەدەورانی عومەر و عوسماندا و.. بڕوانە: ابن خلكان: وفیات الأعیان، ج٥/ص٣١٨-٣١٩. ابن حجر: الإصابة في تمییز الصحابة، ج٥/ ص١١٠.

ناسرا[١]، پاش ئەوەی سوپاكە هەواڵی دڵخۆشكەری هێنایەوە، كە بەپێی هەندێ لە ڕیوایەتەكان بە كۆمەڵێك كی زۆر، لە خشڵ و پارە و دەسكەوت گەڕایەوە[٢].

ئەمجارە موسای كوڕی نەصیر سوپایەكی (حەوت هەزار) كەسی ئامادەه كرد بەسەركردایەتی (تاریقی كوڕی زیاد)[٣] [٤]، لەمانگی ڕەجەب، یان شەعبانی ساڵی (٩٢ك/٧١١ز) بەهاوكاری كەشتیگەلی: (كونت یولیانی) بچوك (یەهودی) توانیان بگەنە سەر چیای (تاریق)، هەردوو سوپا (موسڵمانەكان و قوتیەكان) لە دۆڵی بەربات بەیەكگەیشتن لە (٢٨)ی ڕەمەزانی ساڵی (٩٢ك/ ٧١١ز) و پاش هەشت ڕۆژ جەنگان، دواجار سوپای مسوڵمانان سەركەوت و، كەوتنە شوێن پاشماوەی سوپای قوتیەكان.

بەدوای ئەمەدا، موسای كوڕی نەصیریش، بەسوپایەكی ١٨هەزاریەوە هات و بەردەوام بوون لە فەتح كردنی ناوچەكان، تاوەكو فەرمانی خەلیفەیان پێگەیشت، كە بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق، هەردوو سەركردەش گەڕانەوە، دوای ئەوەی موسای كوڕی نەصیر، عەبدولعەزیزی كوڕی لەسەر ئەندەلوس دانا[٥].

**- دەورەی دووەم: والیەكان (٩٥-١٣٨ك/ ٧١٤-٧٥٥ز) :**

ماوەی (٤٢) ساڵی خایاند، تا هاتنی بنەماڵەی ئەمەوییەكان و بەیعەتدان بەعەبدولڕەحمانی یەكەم، كە لەڕووی كارگێڕییەوە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، لەڕێگای والی باكوری ئەفریقیاوە، پەیوەستی خیلافەت بون[٦].

---

(١) ج.س. كولان: الأندلس، ص١٠٨.

(٢) الحميري: روض المعطار، ص٣٥.

(٣) تاریقی كوڕی زیادی بەربەری، سەر بە هۆزی (الصدف) بوو، لە منداڵیەوە ڕادەهێنران لەسەر شێوازی غاردان و شەڕكردن، هۆزەكەشیان یەكێك بوو لەو هۆزانەی زوو ئایینی ئیسلامی قبوڵ كرد و بونە موسڵمان، جا ئەو كاتە تاریقی كوڕی زیاد، لە هەرەتی لاوی و گەنجیدا بوو، دەستێكی باڵای هەبوو لەبڵاوكردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. بڕوانە/ حسين شعيب: طارق بن زياد فاتح الأندلس، ص١١.

(٤) الحميري: روض المعطار، ص٣٥. حسين مؤنس: فجر الأندلس، ص٦٦.

(٥) ج.س. كولان: الأندلس، ص١٠٩-١١٠.

(٦) ن.م. ص١١٣-١١٦.

| ناوی فه‌رمانڕه‌واكان | ماوه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تیان |
|---|---|
| عه‌بدولعه‌زیز كوڕی موسای كوڕی نه‌صیر | ٩٤-٩٧ك/٧١٢-٧١٦ز |
| ئه‌یوبی كوڕی حه‌بیبی ئه‌لله‌خمی | ٩٧ك (٦مانگ)/ ٧١٦ز |
| ئه‌لحری كوڕی عه‌بدولڕه‌حمانی سه‌قه‌فی | ٩٧-١٠٠ك/ ٧١٦-٧١٩ز |
| سه‌محی كوڕی مالیكی خولانی | ١٠٠-١٠٢ك/ ٧١٩-٧٢١ز |
| عه‌نبسه‌ی كوڕی سه‌حیمی كه‌لبی | ١٠٢-١٠٧ك/ ٧٢١-٧٢٦ز |
| عوزره‌ی كوڕی عبدالله‌ی فه‌هری | ١٠٧ك/ ٧٢٦ز |
| یه‌حیای كوڕی سه‌لامه‌ی كه‌لبی | ١٠٧-١١٠ك/ ٧٢٦-٧٢٨ز |
| حوزه‌یفه‌ی كوڕی ئه‌حوسی قه‌یسی | ١١٠ك/ ٧٢٨ز |
| عوسمانی كوڕی ئه‌بی نیسعه‌ی خه‌سعه‌می | ١١٠-١١١ك/ ٧٢٨-٧٢٩ز |
| هه‌یسه‌می كوڕی عوبێدی كیلابی | ١١١ك/ ٧٢٩-٧٣٠ز |
| موحه‌ممه‌دی كوڕی عبدالله‌ی ئه‌شجه‌عی | ١١١-١١٢ك/ ٧٣٠ز |
| عه‌بدولڕه‌حمان كوڕی عبدالله‌ی غافقی | ١١٢-١١٤ك/ ٧٣٠-٧٣٢ز |
| عه‌بدولمه‌لیكی كوڕی قه‌تنی فه‌هری | ١١٤-١١٦ك/ ٧٣٢-٧٣٤ز |
| عوقبه‌ی كوڕی حه‌جاجی سه‌لولی | ١١٦-١٢٣ك/ ٧٣٤-٧٤١ز |
| عه‌بدولمه‌لیكی كوڕی قه‌تن (بۆ جاری دووه‌م) | ١٢٣ك/ ٧٤١ز |
| به‌لجی كوڕی بوشری قه‌شیری | ١٢٣-١٢٤ك/ ٧٤١-٧٤٢ز |
| سه‌عله‌به‌ی كوڕی سه‌له‌مه‌ی عامیلی | ١٢٤-١٢٥ك/ ٧٤٢-٧٤٣ز |
| ئه‌بوخاتری كوڕی زراری كه‌لبی | ١٢٥-١٢٧ك/ ٧٤٣-٧٤٥ز |
| سه‌وابه‌ی كوڕی سه‌له‌مه‌ی جه‌زامی | ١٢٩ك/ ٧٤٥-٧٤٦ز |
| یوسفی كوڕی عه‌بدولڕه‌حمان فه‌هری | ١٢٩-١٣٨ك/ ٧٤٦-٧٥٦ز |

**- دەورەی سێیەم: میرایەتی (١٣٨-٣١٦ك/ ٧٥٥-٩٢٩ز):**

ماوەی (١٧٨) ساڵی خایاند، له هاتنی عەبدولڕەحمانی یەکەمەوە (داخل/ صقر القریش) دەست پێدەکات، تاوەکو بەیعەتدان بە عەبدولڕەحمانی سێیەم[1]. ج.س. (کولان) له کتێبەکەیدا بە مەملەکەتی: (مەڕوانی) له قورتوبە[2] ناوی دەبات.

| ناوی فەرمانڕەواکان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| عەبدولڕەحمانی یەکەم کوڕی معاویە کوڕی هیشام | ١٣٨-١٧٢/ ٧٥٦-٧٨٨ز |
| هیشامی یەکەم کوڕی عەبدولڕەحمانی یەکەم | ١٧٢-١٨٠ك/ ٧٨٨-٧٩٦ز |
| حەکەمی یەکەم کوڕی هیشامی یەکەم | ١٨٠-٢٠٦ك/ ٧٩٦-٨٢٢ز |
| عەبدولڕەحمانی دووەم کوڕی حەکەمی یەکەم | ٢٠٦-٢٣٨ك/ ٨٢٢-٨٥٢ز |
| موحەممەدی یەکەم کوڕی عەبدولڕەحمانی دووەم | ٢٣٨-٢٧٣ك/ ٨٥٢-٨٨٦ز |
| مونزری کوڕی موحەممەدی یەکەم | ٢٧٣-٢٧٥ك/ ٨٨٦-٨٨٨ز |
| عبداللەی کوڕی موحەممەدی یەکەم | ٢٧٥-٣٠٠ك/ ٨٨٨-٩١٢ز |

دەورانی عەبدولرەحمانی سێیەم (٣٠٠-٣٥٠)ك بەسەردەمی لێکدانی دەورانی میرایەتی و دەورانی خیلافەت دادەنرێ، چونکە ماوەی نێوان ساڵانی (٣٠٠-٣١٦ك) بەدەورانی میرایەتی دائەنرێ لە مێژووی موسڵمانانی ئەندەلوس و، لەدوای ئەو بەروارەوە، بەدەورانی خیلافەت دائەنرێ، چونکە لەم سەردەمەدا، خیلافەتی عەباسی، ڕووبەڕوی لاوازی بوەوە بەهۆی هاتنی (بومیهی) و داگیرکردنی شاری بەغداوە[3].

---

(١) الحمیدي: جذوة المقتبس، ص١٥.

(٢) ج.س. كولان: الأندلس، ص١١٧.

(٣) د.طارق السویدان: الأندلس (تاریخ المصور)، ص١٥٠-١٦١.

- دەورەی چوارەم: خیلافەتی ئەمەوی (٣١٦-٤٢٢ك/٩٢٩-١٠٣١ز) [١] :

| ناوی فەرمانڕەواكان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| عەبدولڕەحمانی سێیەم (ناصر) | ٣٠٠-٣٥٠ك/ ٩١٢-٩٦١ز |
| حەكەمی دووەم كوڕی ناصر(موستەنسر) | ٣٥٠-٣٦٦ك/ ٩٦١-٩٧٦ز |
| هیشامی دووەم كوڕی حەكەم (موئەییەدبیلا) | ٣٦٦-٣٦٨ك/ ٩٧٦-٩٧٩ز |
| محمد كوڕی عبدالله كوڕی عامر (حاجب مەنصور) | ٣٦٨-٣٩٢ك/ ٩٧٩-١٠٠٢ز |
| عەبدولمەلیكی كوڕی حاجب منصور (حاجب موزەفەر) | ٣٩٢-٣٩٩ك/ ١٠٠٢-١٠٠٩ز |
| عەبدولڕەحمانی كوڕی حاجب مەنصور (شنجول) | ٣٩٩ك/ ١٠٠٩ز |
| محمدی دووەم كوڕی هیشام (مەهدی) | ٣٩٩ك/١٠٠٩ |
| سلێمانی كوڕی حەكەمی كوڕی سلێمان (موستەعین) | ٣٩٩-٤٠٣ك/ ١٠٠٩-١٠١٣ز |
| عەبدولڕەحمانی چوارەم كوڕی موحەممەد (موڕتەزا) | ٤٠٣-٤٠٨ك/ ١٠١٣-١٠١٨ز |
| عەبدولڕەحمانی پێنجەم كوڕی هیشام (موستەزهەر) | ٤٠٨-٤١٤ك/ ١٠١٨-١٠٢٤ز |
| موحەممەدی سێیەم كوڕی عەبدولڕەحمان (موستەكفی) | ٤١٤-٤٢٠ك/ ١٠٢٤-١٠٢٩ز |
| هیشامی سێیەم كوڕی موحەممەد (موعتەد) | ٤٢٠-٤٢٢ك/ ١٠٢٩-١٠٣١ز |

- دەورەی پێنجەم: دەوڵەتۆكە و خێڵەكان (٤٢٢-٤٧٩ك/ ١٠٣١-١٠٨٦ز) :

ئەندەلوس، پاش ئەوەی ململانێی نێوان سەركردە و دەسەڵاتدار و والیەكانی تێكەوت، ئەو یەكێتیەی جارانی نەما و بەرەو لاوازی و پارچە پارچە بوون ڕۆیشت و، كەوتە دەست چەند خێڵ و تایفەی جیا جیاوە، كە دكتۆر (تاریق سویدان) لە كتێبەكەیدا ئاماژەی بە (٢١) تایفە كردووە، كە خاوەنی پێگە و پایتەختی خۆیان بون[٢]، بەڵام ئێمە لێرەدا ئاماژە بەدیارترینی ئەوانە دەكەین، كە لەم ماوەیەدا دەركەوتن[٣].

---

(١) ن.م، ص١٥٠-٢٤٤، ج.س. كولان: الأندلس، ص١٢٨-١٢٩.

(٢) الأندلس (تاريخ المصور)، ص٢٥٦-٢٥٧.

(٣) عبدالواحد المراكشي: المعجب تلخيص أخبار المغرب، ص٤٢٠-٤٢١.

| دەوڵەتۆكان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| بەنی جهور (قورتوبە) | ٤٢٢-....ك/ ١٠٣٠-١٠٦٨ز |
| بەنی زینون (تلَیتلَه) | ٤٢٧-٤٨٧ك/ ١٠٣٥-١٠٧٥ز |
| بەنی عباد (ئیشبلیە) | ٤١٤-٤٨٤ك/ ١٠٢٣-١٠٩١ز |
| بەنی زیری (غەرناتە) | ٤٠٣-٤٨٣ك/ ١٠١٢-١٠٩٠ز |
| بەنی عامر (بلنسیە) | ٤١٢-٤٦٨ك/ ١٠٢١-١٠٨٥ز |
| بەنی هود (سەرقستە) | ٤١٠-٥٣٦ك/ ١٠١٩-١١٤١ز |
| بەنی ئەفتەس (بەتلَیمۆس) | ٤٢١-٤٧٨ك/ ١٠٣٠-١٠٩٤ز |

- **دەورەی شەشەم: موڕابتین (٤٨٤-٥٤٠ك/ ١٠٩٢-١١٤٥ز) :**

لەمێژووی ئەندەلوسدا، بەیەكەم سەردەمی یەكگرتنی مەغریب و ئەندەلوس دژ بە خاچیە داگیركەرەكان دادەنرێ.

| ناوی فەرمانڕەواكان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| یوسفی كوڕی تاشفین | ٤٨٤-٥٠٠ك/ ١٠٩٢-١١٠٧ز |
| عەلی كوڕی یوسف كوڕی تاشفین | ٥٠٠- ٥٣٧ك/ ١١٠٧- ١١٤٣ز |
| تاشفین كوڕی عەلی | ٥٣٧- ٥٣٩ك/ ١١٤٣-١١٤٥ز |
| ئیبراهیمی كوڕی تاشفین كوڕی عەلی | ٥٣٩-٥٤١ك/ ١١٤٥-١١٤٧ز |
| ئیسحاقی كوڕی عەلی كوڕی یوسف | ٥٤١ك/ ١١٤٧ز |

- **دەورەی حەوتەم: موەحدین (٥٤٠-٦٢٠ك/١١٤٥-١٢٢٣ز) :**

دوای ئەوەی موڕابتین لەبەرامبەر خاچیەكاندا ئەو هێزەیان نەما، هێزێكی نوێ لە مەغریبەوە هاتە ئەندەلوس، ئەوانیش (موەحدینەكان) بوون، كە پاش كۆتایی هێنان بە موڕابتینەكان لە (٥٤٠-٥٤١ك/ ١١٤٦-١١٤٧ز)، توانیان بۆ خۆیان ببنە

تاكە فەرمانڕەوای ئەندەلوس و، مەترسیەكانی خاچیەكان لەوڵات دوور بخەنەوە.

| ماوەی فەرمانڕەوایەتیان | ناوی فەرمانڕەواكان |
|---|---|
| ٥٢٧- ٥٥٨ك/ ١١٣٣-١١٦٣ | عەبدولموئمنی كومی كوڕی عەلی |
| ٥٥٨- ٥٧٩ك/ ١١٦٣- ١١٨٤ز | ئەبو یەعقوب یوسفی كوڕی عەبدولموئمن |
| ٥٧٩- ٥٩٥ك/ ١١٨٤- ١١٩٩ز | ئەبو یوسف یەعقوبی كوڕی یوسف |
| ٥٩٥- ٦٠٩ك/ ١١٩٩- ١٢١٣ز | موحەممەد ناصری كوڕی یەعقوب |
| ٦٠٩- ٦٢٠ك/ ١٢١٣- ١٢٢٤ز | یوسف موستەنسر |
| ٦٢٠ك/ ١٢٢٤ز | عەبدولواحید واحید مەخلوع |
| ٦٢٠- ٦٢٤ك/ ١٢٢٤- ١٢٢٧ز | موحەممەد عادل |
| ٦٢٤- ٦٢٧ك/ ١٢٢٧- ١٢٣٠ز | یەحیا موعتەسەم |
| ٦٢٧- ٦٣٠ك/ ١٢٣٠-١٢٣٢ز | ئیدریس مەئمون |
| ٦٣٠- ٦٤٠ك/ ١٢٣٢-١٢٤٢ز | عەبدولواحید ڕەشید |
| ٦٤٠-٦٤٥ك/ ١٢٤٢-١٢٤٨ز | عەلی سەعید |
| ٦٤٥- ٦٦٤ك/ ١٢٤٨- ١٢٦٦ز | عومەر مورتەزا |
| ٦٦٤- ٦٦٧ك/ ١٢٦٦- ١٢٦٩ز | ئیدریس واسیق دبوس |

**- دەورەی حەوتەم: شانشینی غەرناتە (دەورانی بەنی ئەحمەر) (٦٣٥- ٨٩٧ك/ ١٢٣٨- ١٤٩٢ز):**

ئەم سەردەمە بە كۆتا فەرمانڕەوایەتی موسڵمانان لە خاكی ئەندەلوسدا دادەنرێ، پاش ئەوەی دەسەڵاتی موڕابتین لاواز بوو، ئەم بنەماڵە وردە وردە، لە ناوچەی غەرناتەدا دەستی بە فەرمانڕەوایەتی كرد، هەربۆیە كاتێ موڕابتینەكان لەلایەن خاچیەكانەوە كۆتاییان پێهات، (موحەممەدی كوڕی یوسف) ناسراو بە (ئیبن ئەحمەر)، توانی باشووری ئەندەلوس بپارێزێ و، شانشینی غەرناتە دابمەزرێنێ، كە پێی دەوترا:

(ئەندەلوسی بچووك) كوڕەكانی یەك لەدوای یەك دەسەڵاتیان گرتە دەست، تا لەسەر دەستی پاشای (ئەراگۆن) و شاژنی (قشتالە) لە ساڵی (١٤٩٢)ز بەپێی گرێبەستێك، ناچاركران شارەكە ڕادەست (تسلیم) بكەن و كۆتایی بە دەسەڵاتەكەیان بێنن.


دەسەڵاتدارێتی شانشینی غەرناتە، زیاتر لەدووسەدەونیوی خایاند، زۆربەی فەرمانڕەواكانیشی، كەسانی دڵسۆز و دلێر و لێزان بوون، بەڵام ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەوەیە فەرمانڕەواكانی زیاتر لە جارێك فەرمانڕەوایەتیان كردووە، واتە: ماوە ماوە لادراون، ئیتر ئایا بە هۆكاری لاوازیان بوبێت یان ئاڵۆزی ناوچەكە.

| ناوی فەرمانڕەواكان | ماوەی فەرمانڕەوایەتیان |
|---|---|
| ئەبو عبدالله موحەممەدی یەكەم كوڕی یوسف | ٦٧١- ٦٢٩ك/ ١٢٣٢- ١٢٧٣ز |
| ئەبو عبدالله موحەممەدی دووەم كوڕی موحەممەد | ٦٢٩- ٧٠١ك/١٢٧٣- ١٣٠٢ز |
| ئەبو عبدالله موحەممەدی سێیەم كوڕی محمدی دووەم | ٧٠١- ٧٠٨ك/ ١٣٠٢- ١٣٠٩ز |
| ئەبو جیوش نەسری كوڕی محمد دووەم | ٧٠٨- ٧١٣ك/ ١٣٠٩- ١٣١٤ز |
| ئەبو وەلید ئیسماعیلی كوڕی فەرەج كوڕی محمد یەكەم | ٧١٣- ٧٢٥ك/ ١٣١٤- ١٣٢٥ز |
| موحەممەدی چوارەم كوڕی ئیسماعیل | ٧٢٥- ٧٣٣ك/ ١٣٢٥-١٣٣٣ز |
| ئەبو حەجاج یوسف نەیاری كوڕی ئیسماعیل | ٧٣٢-٧٥٤ك/ ١٣٣٢-١٣٥٤ز |
| موحەممەدی پێنجەم كوڕی یوسف | ٧٥٤-٧٦٠ك/ ١٣٥٤-١٣٥٩ز |
| ئەبو وەلید ئیسماعیلی دووەم كوڕی یوسف | ٧٦٠-٧٦١ك/ ١٣٥٩-١٣٥٩ز |
| ئەبو سەعید موحەممەدی شەشەم كوڕی ئیسماعیل | ٧٦١-٧٦٤ك/ ١٣٥٩-١٣٦٢ز |
| موحەممەدی پێنجەم كوڕی یوسف | ٧٦٤-٧٩٣ك/ ١٣٦٢-١٣٩١ز |
| ئەبو حەجاج یوسفی دووەم كوڕی موحەممەدی پێنجەم | ٧٩٣-٧٩٤ك/ ١٣٩١-١٣٩٢ز |
| موحەممەدی حەوتەم كوڕی یوسفی دووەم | ٧٩٤-٨١٠ك/ ١٣٩٢-١٤٠٨ز |
| ئەبو حەجاج یوسفی سێیەم كوڕی یوسفی دووەم | ٨١٠-٨١٩ك/ ١٤٠٨-١٤١٧ز |
| موحەممەدی هەشتەم كوڕی یوسفی سێیەم | ٨١٩-٨٢١ك/ ١٤١٧-١٤١٩ز |
| موحەممەدی نۆیەم كوڕی نەسر | ٨٢١-٨٣٠ك/ ١٤١٩-١٤٢٧ز |
| موحەممەدی هەشتەم كوڕی یوسفی سێیەم | ٨٣٠-٨٣٢ك/ ١٤٢٧-١٤٢٩ز |
| موحەممەدی نۆیەم كوڕی نەسر | ٨٣٢-٨٣٤ك/ ١٤٢٩-١٤٣١ز |

| | |
|---|---|
| ئەبو حەجاج یوسفی چوارەم كوڕی محمدی شەشەم | ٨٣٤-٨٣٤ك/ ١٤٣١-١٤٣١ز |
| موحەممەدی هەشتەم كوڕی یوسفی سێیەم | ٨٣٤-٨٤٨ك/ ١٤٣١-١٤٤٥ز |
| موحەممەدی دەیەم كوڕی عوسمان | ٨٤٨-٨٤٨ك/ ١٤٤٥-١٤٤٥ز |
| یوسفی پێنجەم | ٨٤٨-٨٤٩ك/ ١٤٤٥-١٤٤٦ز |
| موحەممەدی دەیەم كوڕی عوسمان | ٨٤٩-٨٥٠ك/ ١٤٤٦-١٤٤٧ز |
| ئەبو نەسر موستەعین كوڕی عەلی كوڕی یوسف | ٨٤٨-٨٦٨ك/ ١٤٤٥-١٤٦٤ز |
| ئەبو حەسەن عەلی كوڕی سەعد | ٨٦٥-٨٨٦ك/ ١٤٦١-١٤٨٢ز |
| ئەبو عبدالله موحەممەدی یانزەیەم كوڕی عەلی | ٨٨٦-٨٨٧ك/ ١٤٨٢-١٤٨٣ز |
| ئەبو حەسەن عەلی كوڕی سەعد | ٨٨٧-٨٨٩ك/ ١٤٨٣-١٤٨٥ز |
| موحەممەد كوڕی سەعد | ٨٨٩-٨٩٥ك/ ١٤٨٥-١٤٩٠ز |
| ئەبو عبدالله موحەممەدی یانزەیەم كوڕی عەلی | ٨٩٥-٨٩٧ك/ ١٤٩٠-١٤٩٢ز |



"وێنەی قورتوبە كە منارەی مزگەوت و زانكۆی قورتوبەی تێدا دیارە، بەڵام زەنگی كڵێسای تێدایە، چونكە كاتێ شارەكە كەوتە دەست مەسیحیەكان، كردیانە كڵێسا".




**كۆشكی سور/ غەرناتە**

# هۆكاره‌كانی سه‌رهه‌ڵدانی بزوتنه‌وه‌ی فیكری له ئه‌نده‌لوس:

**یه‌كه‌م: بونی مزگه‌وت و زانستگاكان و كاریگه‌ریان له‌سه‌ر بزوتنه‌وه‌ی فیكری.**

مزگه‌وته‌كان یه‌كه‌م بنكه‌ی فێربونن له ئیسلامدا، ئه‌مه‌ش ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ره‌تاكانی ئایینی ئیسلام، كه مزگه‌وت ڕۆڵێكی گرنگی بینیوه له په‌روه‌رده‌كردنی موسڵماناندا[1]، هاوشانی ئه‌مه‌ش ده‌ورێكی به‌رچاوی بینیوه له كۆبونه‌وه‌ی موسڵمانان بۆ عیباده‌ت و نوێژ، له هه‌مان كاتدا چاره‌سه‌ر و ڕێوشوێنه سیاسی و كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كانی تێدا یه‌كلا كراوه‌ته‌وه.

مزگه‌وت دروستكردن له ئیسلامدا، هه‌روه‌ك چۆن شوێنێكه بۆ په‌رستش و عیباده‌ت، له هه‌مان كاتیشدا شوێنێكه بۆ فێربون و وانه وه‌رگرتن، هه‌ربۆیه زۆربونی مزگه‌وته‌كان له ده‌ورانی شارستانییه‌ت و مێژووی ئیسلامیدا، واتای بڵاوبونه‌وه‌ی ئایینی ئیسلام و، له هه‌مان كاتیشدا واتای فراوانبونی ئاستی تێگه‌یشتن و، زۆر بونی وانه فێركاری و په‌روه‌رده‌ییه‌كان، به‌م پێوه‌ره ده‌گه‌ینه ئه‌وه‌ی بڵێین: مزگه‌وت و زانستگاكان، ڕۆڵێكی به‌رچاویان بووه، له گه‌شه‌سه‌ندنی بیری زانستی و بڵاوبونه‌وه‌ی زانسته‌كاندا[2].

---

(١) الخطیب البغدادي: تأریخ بغداد، ج٢/ ص١٥٦.

(٢) د.طة عبدالمقصود أبو عبیة: الحضارة الإسلامیة، ج١/ ص٣٩.

(قورتوبە)ی پایتەختی ئەندەلوس، یەك لەو شارانەیە، کە بە زۆریی مزگەوت و زانستگاکان دەناسرێ، بە تایبەتی مزگەوت و زانستگای قورتوبە، کە جگە لەوەی مزگەوتەکەی بۆ نوێژ و بۆنە ئایینییەکان بەکار دەهات، لەهەمان کاتیشدا زانستگاکەی شوێنگەی فێربونی زانستە جۆراو جۆرەکان بوو[1].

هەرچی سەبارەت بە (غەرناتە)شە، ئەوا لە زانستگا و قوتابخانەکانیدا، زانستەکانی پزیشکیی و بیرکاری و گەردوونناسی و، زانستە جۆربەجۆرەکانی تریش دەخوێندرا[2].

**دووەم: هاندان و هاوکاری کردنی ئەمیر و خەلیفە و پاشاکان لە بواری زانستدا**

جێی خۆیەتی هاندان و پشتیوانیکردنی خەلیفە و ئەمیرەکانی وڵات، لە بواری زانستدا بکەینە هۆکارێك، بۆ بەرەو پێشچونی زانست لەم وڵاتەدا؛ چونکە بەدرێژایی دەسەڵاتی موسڵمانەکان لە ئەندەلوس، بەرەوپێشچونێکی گەورە دەبینن، لە ڕووی بیناسازیی و ڕوکاری شارەکان و جادە و شەقامەکان و پەرەدان بە زانست و پشتیوانیکردنی کەسانی زانست دۆست و قەڵەم بەدەست، لەبەر ئەوەی زۆرێك لەو میر و ئەمیرانەی لێرە بونە فەرمانڕەوا، بۆخۆیشیان کەسانی زانست دۆست و دەرچوی زانستگاکان بون، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەپەرەپێدانەکانی دەسەڵاتدارانی ئەندەلوس دەکەین، لەماوەی ژیانی فەرمانڕەواییاندا کە بەشێوەیەکی گشتی، کەسانی زانستخواز و بیرکراوە و ئەدەب دۆست و شاعیر و زمان پاراو بوون:

١- ئەمیر عەبدولڕەحمانی کوڕی معاویەیە، لەتەمەنی (٢٥) ساڵیدا بوەتە فەرمانڕەوا[3]، کەسێکی زمان پاراو و شاعیر بووە، گرنگی زۆری بە زانایان و زانستخوازان داوە و، لەخۆی نزیك کردونەتەوە[4].

---

(١) السيد عبدالعزيز سالم: تأريخ المسلمين وآثارهم في الأندلس، ص٣٧٧.

(٢) الخطابي: الطب و الأطباء، ص١٢٣.

(٣) ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب، ج٢/ ص٦٠.

(٤) الكتبي: فوات الوفيات، ج٢/ ص٢٦٧.

٢- ئەمیرحەکەمی یەکەم، ناسراو بووە بە وتاربێژی و زمان پاراوی، لە هەمان کاتیشدا شاعیرێکی زۆر حەماسی بووە، لەماوەی دەسەڵاتیدا هەستاوە بەکۆکردنەوەی زۆربەی کتێبی زانستە جۆراوجۆرەکان و هونەرەکان، پەیامیشی ناردووە بۆ (عەباسی کوڕی ناسحی سەقەفی)، تاوەکو لە بەغدا کتێبی بەپێزی بۆ بنێرێت[١].

٣- ئەمیر عەبدولڕەحمان کوڕی حەکەمی دووەم، لە شەریعە و فەلسەفەدا شارەزا بووە، ئارامی و ئاسایشیەکی تەواو لەسەردەمەکەیدا هەبووە، دەوڵەت پارەیەکی زۆری لەبەردەستدا بووە و، ژمارەیەکی زۆر لە کۆشك و بینای جوان دروستکراون، هەروەها خەڵکیش بەشێوەیەکی گشتی لەژیانێکی پڕ خۆشیدا ژیاون[٢]، بەهۆی هاتنی (زریاب)ی ئاواز دانەر و گۆرانی بێژەوە، سەرەتای سەرهەڵدانی گۆرانی و میوزیکی ئەندەلوسی دەستی پێکرد[٣].

٤- ئەمیر موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمان (٢٣٨-٢٧٣ك/ ٨٢١-٨٥٢ز): زانست دۆست بووە و کەسانی ئامۆژگاریکەری زۆر لەدەور بووە و، پێیان سەرسام بووە[٤]، هاوشێوەی باوکی، کەسێکی ئەدەب دۆست و شاعیر و زمان پاراویش بووە، جگە لەوەش، زۆر حەزی بە خوێندنەوەی کتێبە پزیشکیی و فەلسەفیە کۆنەکان و کتێبە شەرعیەکان کردووە[٥]، هەربۆیە هەمیشە کۆمەڵێك زانای لە بوارە جیاجیاکاندا لەدەور بوون، ئەم ئەمیرە، بەجۆرێك ناسێنراوە، کە هەندێ لە مێژوونوسان دەڵێن: هیچ فەرمانڕەوایەك لەدونیادا نەبووە، خاوەن مێشك و توانایەکی بەهێزی زیرەکی وا بوبێت.

یەکێك لە گەورە خەلیفەکانی ئەندەلوس (عبدالرحمن ناصرالدین الله)یە، ماوەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتیەکەی، درێژترین دەسەڵاتدارێتیە، کە هیچ ئەمیر و

---

(١) الخشني: قضاة قرطبة، ص١١.

(٢) مؤلف مجهول: ذكر بلاد الأندلس، ص١٣٨-١٣٩.

(٣) زيغريد هونكه: شمس العرب، ص٤٨٩-٤٩٠.

(٤) ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب، ج٢/ ص١٦٣-١٦٤.

(٥) ليفي بروفنسال: الشرق الإسلامي والحضارة العربية الأندلسية، ص١٨.

خەلیفەیەکی تر، نە لە پێش، نە لەپاشیەوە ئەو ماوە درێژە حوکمی نەکردووە، ناوبراو بە(ئەمیری بڕواداران) ناودەبرا، لەماوەی دەسەڵاتیدا زانست و زانیاری گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆوە بینی و، چووە قۆناغێکی نوێوە، ئافرەتانیش لەم بوارەدا ڕۆڵیان گێڕاوە، بە نمونە: تەنها لە قورتوبە (١٧٠) ئافرەت کتێبەکانیان بەخەتی کوفی نوسیوەتەوە[١].

هەروەها کوڕەکەشی خەلیفە (موستەنسر)درێژە پێدەری باوکی بووە، لە گرنگیدان بە زانست و پێشخستنیدا و، خاوەن مێژوویەکی پاك و خۆشەویست بووە، ڕێزی زانستی لابووە و گرنگی بە زانستە عەقلی و نەقلیەکان داوە.

(ئیبن ئەبار) لەم بارەوە دەڵێ: "(حەکەم) پیاوی دین و زانست بوو، حەزی بەزانستە شەرعی و فەرمودە و هونەرەکانی زانست بوو، بێ ئەندازە هۆگری ڕەچەڵەکی هۆزەکان بوو، سەردانی هەموو دانیشتنە زانستیەکانی دەکرد لە زانستە جۆربەجۆرەکاندا[٢]".

لە دەورانی باوکیدا وەفدێك بە ڕێبەری ئەدیبی زمانەوان: (ئەبو عەلی قالی بەغدادی[٣]) لە بەغداوە چونە ئەندەلوس، پاش گەیشتنیان لەلایەن ئەمیرەوە، جێگا و ڕێگایان بۆ دابین کراو، خەڵکی ئەندەلوس سودیان لە زمانەوانی و شارەزاییەکەیان بینی، ئەمەش درێژەی هەبوو، تاوەکو سەردەمی (موستەنسر)یش، کە داوای لە بازرگانان دەکرد، کەوا کتێبەکانی دەوڵەتی عەباسی بێنن و لە وڵاتی ئەندەلوسدا بیفرۆشن، تاوەکو خەڵکی ناوچەکە سود لە زانست و زانیاریەکانی ئەو وڵاتە ببینن، کە یەك لەو کتێبانەش: (الأغانی) بوو، کە بە ١٠٠٠دینار[٤] دەفرۆشرا، ئەمەش

---

(١) بڕوانە: عبدالواحد المراكشي: المعجب. ص٥٥. أعلام النساء مستلة من كتاب التكملة. مجلة المورد وزارة الثقافة. بغداد. المجلد ١٩/ العدد الأول. ١٩٩٩.

(٢) ابن الأبار: الحلة السيراء. ص٢٠٠-٢٠١.

(٣) لەساڵی (٣٠٣)ك هاتە قورتوبە، گەورە زانایانی ئەندەلوس لەبواری زمانەوانیدا و سودێکی زۆریان لێبینی. ناودارترین کتێبەکانی (الأمالي) و (الممدود والمقصور) و (الإبل) لەگەڵ چەندین کتێبی تر. وەفاتی کرد لە قورتوبە و بەخاك سپێردرا لەساڵی (٣٥٦)ك. بڕوانە/ أبو علي القالي: الأمالي، ج١/ ص٨. عبدالواحد المراكشي: المعجب. ص٣٠٣.

(٤) المقري: نفح الطيب. ج١/ ص٣٦٢. (الأغاني) یەکێکە لەو کتێبانەی، کە مێژووی موسڵمانانی تێدا شێوێنراوە، بەتایبەتی کەسایەتی خەلیفە و ئەمیر و دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێنەوە سەر کتێبی (ئاورنگی مێژوو) کە لەو بارەوە ڕونکردنەوەی زۆرم داوە و هەڵە و کەمکورتیەکانی ئەو کتێبەم تێدا باسکردووە.

وای کرد، بزوتنەوەیەکی گەورەی وەرگێڕان لە شاری قورتوبە سەرهەڵبدات، بۆ وەرگێڕانی کتێبە غەیرە عەرەبیەکان[1].

ئەمیر موستەعین، یەکێکە لە فەرمانڕەوایانی ئەندەلوس لە دەورانی موەحدیندا و، خۆشەویستیەکی زۆری بۆ زانست هەبووە و ڕێزی زانایانی گرتووە، هەروەها (ئیبن عەبدولمونمن) ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە پەرەدان بە زانست و زانیاری، و بۆ یەکەمجاریش توانی ئاڵوگۆڕی فیکری و زانستی دروست بکات، لە نێوان مەغریب و ئەندەلوسدا و، توانی کۆڕی زانستیانە و گفتوگۆ و موناقەشەی زانستیانە لە وڵاتەکەیدا بێنێتە کایەوە، جگە لەوەش سەردەمەکەی بە دەرکەوتەی هەردوو ئەستێرەی دیاری بواری فەلسەفە و پزیشکیی دادەنرێت، کە ئەوانیش: (ئیبن توفەیل و ئیبن ڕوشد)ە، کە لە باسی (ئیبن توفەیل)دا زیاتر لەو بارەوە قسەم کردووە[2].

**سێیەم: کۆکردنەوەی کتێب و دروستبونی کتێبخانەکان.**

کتێب، هۆکاری سەرەکی پێکەوە بەستنی شارستانییەتە دێرین و هاوسەردەمەکان بوو، لە مێژووی ئەندەلوسدا، ڕێگای پەیوەندی زانستیانەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئیسلامی بوو، گواستنەوەی شارستانییەتەکەش بوو بۆ ناوچەکانی تری ئەوروپا.



---

(١) ابن خلدون: المقدمة، ج٢/ ص١٤٤.

(٢) بڕوانە: عبدالواحد المراكشي: المعجب، ص٢١٠. ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٥٣٠-٥٣٣.

کاتێ تەماشای مێژووی (٨٠٠)ساڵەی موسڵمانەکان لە ئەندەلوسدا دەکەین، دەبینین: کتێب و کتێبخانەکان، ڕۆڵێکی یەکجار سەرەکیان گێڕاوە لە پێشکەوتن و بەرەو پێشخستنی ژیانی خەڵکیدا، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە زۆریی گرنگی پێدانەکانی کتێب و کتێبخانە دەکەین، لە مێژووی ئەم وڵاتەدا، لەوانە:

- کتێبخانەی قورتوبە لەدەورانی حوکمی ئەمەوییەکاندا، کە (٦٠٠) هەزار ناونیشانی تێدا بوو.

- (مقدسی) لە وەسفی هەندێ لە کتێبخانەکاندا دەڵێ:

"کتێبخانەکان باخچەیان تێدابوو، ئاو بەناوەڕاستیاندا دەڕۆیشت، دابەشکرابوو بۆ (٣٦٠) ژوور، هەر ژوورێ بابەت و سەرچاوەی زانستێکی تێدابوو، لەنێو ژوورەکانیشدا فەرشی سوور ڕاخرابوو".

- ئیبن خەلدون لە کتێبی (مقدمة)دا دەڵێ:" لە پرۆگرامی خوێندنی ئەندەلوسدا، قوتابیان فێری خوێندنەوە و تێگەیشتنی قورئان دەکران، پاشان قوتابی فێری زمانی عەرەبی دەکرا، بە شێوازی ڕێزمانی بەشیعری عەرەبی و نوسینی خەتی عەرەبییەوە، ئەمەش دەبوایە تا کاتی باڵغ بونی، تەواوی بکردبایە".

- ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی: (دوزی) خاوەنی کتێبی: (المسلمون في الأندلس) دەڵێ:

" لەهەموو ئەندەلوسدا پیاوێکی نەخوێندەوار نەبوو، لەکاتێکدا لە ئەوروپا کەسێ نەبوو بتوانێ بخوێنێتەوە و بنوسێ، جگە لەوانەی لە چینی پیاوانی ئایینی بوون".

- ئیبن حەزمی ئەندەلوسی لە وەسفی کتێبخانەی ئەمەوی ئەندەلوسدا، نوسیویەتی:

"ئەم کتێبخانەیە، یەکجار گەورە و بەربڵاوبوو، بەتایبەت لەدەورانی حوکمی (موستەنسر)دا یەکجار فراوان کرا و، بەتەنها ناوی ئەو نوسەرانەی کتێبیان هەبوو لەم کتێبخانەدا لە (٢٢٠٠) وەرەقەدا ناوەکانیان جێی ببۆوە"، ئەمەش بەڵگەی گەورەیی کتێبخانەکان و گرنگیدانی فەرمانڕەواکان بووە بە زانست و زانیاری، خۆ ئەگەر باس لە گەورەیی کتێبخانەکانی تر بکەین، ئەوا تەنها لەیەك کتێبخانەیاندا کە لەلایەن خەلیفە (موستەنسر)ەوە دروستکرا، زیاتر لە (٤٠٠)هەزار کتێبی

تێدا بوو لە هەموو زانستە جۆرابەجۆرەکاندا[1]، لەکاتێکدا لەسەدە تاریکەکانی ئەوروپادا گەورەترین کتێبخانەیان، کتێبخانەی (دێر قدیس (سانت گالن))بوو، کە تەنها (٦٠٠) کتێبی لەخۆدەگرت.



سوتاندنی کتێبی موسڵمانەکان لەلایەن
دادگای پشکنینی مەسیحیەوە

- موسڵمانەکان خەمخۆریان بۆ فێربون و زانست بەجۆرێك بوو، منداڵانیشی گرتبۆوە، لەسەردەمی زێڕینی ئەندەلوسدا، بەتەنها لەشاری قورتوبە (٢٧) کتێبخانەی تایبەت بەمنداڵان هەبوو، ئەمە جگە لەوەی چەندین قوتابخانەی تایبەت بەفێرکردنی منداڵان هەبوو بەشێوەیەکی زانستیانە.

---

(١) دویدار: المجتمع الأندلسي، ص٣٨٤.

- كتێبخانه لەلایەن وەزیرەکانیشەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەبوو، بۆ نمونە عەبدولڕەحمانی کوڕی فەتیس، کە لە هەمان کاتدا ئیمامی قورتوبەش بوو لە (٤٠٦ك) مردووە، ئەوەندە کتێبەکانی زۆربون کە هیچ کەسێك لە قورتوبە نەبوو هێندەی ئەو کتێبی هەبێت[١].

- بەشێوەیەکی گشتی، کتێبخانە سەرجەم دامودەزگاکانی وڵاتی گرتبۆوە، لە فێرگە و شوێنی وانە وتنەوەو پەیمانگا و زانکۆکان و مزگەوت و شوێنی نوێژخوێنان و نەخۆشخانە و قوتابخانەکان، هەروەها کتێبەکانیش تایبەتمەندی خۆیان هەبوو، لەوانە: فێرکاری، ئەکادیمی، پزیشکی، منداڵان، ....[٢].

## چوارەم: دروستکردنی کاغەز و پەیدابونی پەڕاوگە و لەبەرگرەوەکان لە ئەندەلوس.

لەپاش فەتحی شاری (سەمەرقەند) لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، موسڵمانەکان لەخەڵکی ئەم ناوچەیە، فێری دروستکردنی جۆرە هەویرێك بوون لە کەتان و ڕووەکی ڕیشاڵدار، ئەویش پاش ئەوەی وشکیان دەکردەوە و پارچەی تەنك و باریکیان لێ دروست دەکرد، دەبووە کاغەز، بەمەش دروستکردنی کاغەز لە بری پێستەی ئاژەڵ بۆ نوسین بەکارهات.

ئەوەبوو موسڵمانەکان لەپاش ئەمە، یەکەم کارگەی دروستکردنی کاغەزیان لە لە شاری بەغداد لەساڵی (٧٩٤ز) لەسەردەستی (فەزڵی کوڕی یەحیا)ی وەزیری ڕەشید دامەزراند، پاشتر گواسترایەوە بۆ ئەندەلوس[٣].

لە دەوروبەری ساڵی (١١٥٠)ز و دورگەی (سقلیە)، لەوێشەوە گواسترایەوە بۆ ناوچەکانی تری ئەوروپا، لەوانە: (ئیتاڵیاو فەڕەنساو ئەڵمانیاو ئینگلتەرا)[٤].

---

(١) النباهي: تأريخ قضاة الأندلس. ص١١٦.

(٢) الشافعي: الكتب والمكتبات في الأندلس، ص١٠٠.

(٣) ول ديورانت : قصة الحضارة . ج٢ من االمجلد الرابع . عصر الايمان ١٣ . ت: محمد بدران . ص ١٦٩-١٧٠.

(٤) الأبيض: بحوث في تأريخ. ص١٨.

یەكەم كاغەز لە وڵاتی ئەوروپادا دروستكرا، لەلایەن موسڵمانەكانەوە بوو لە ئەندەلوس، مێژوونوسانیش دەڵێن: دروستكردنی كاغەزی ئەندەلوسی ناوچەی (شاتبیە)، باشترین جۆری كاغەز بووە و، نمونەی نەبووە لە ئەوروپادا[١].

گواستنەوەی دروستكردنی كاغەز لەلایەن موسڵمانەكانەوە بۆ ئەندەلوس و، دانانی یەكەم كارگەش لە شاری (شاتبیە)، وەرچەرخانێكی گەورەی بەدیهێنا لە ئەندەلوس، لەڕووی خێراكردنی دەركردنی كتێبەوە، بەهۆی ئەمەشەوە كۆمەڵێك پەیدابون، كاریان پەڕاوگە و لەبەرگرتنەوە بوو، ئەم لەبەرگرەوانە، بزوتنەوەی فیكری و زانستی و ئەدەبی و وەرگێڕانی، لە ئەندەلوسدا بەتەواوی پێشخست[٢] .





كۆشكی مەلەكی
لە ئیشبیلیە

---

(١) الحميري: الروض المعطار، ص٣٣٧.

(٢) علي إبراهيم النملة: الوراقة وأشهر الوراقين، ص٤٨.

# پزیشكیتی له ئەندەلوس

ئیسپانیا بەر له فەتحی ئیسلامی، وڵاتێكی دوور له پێشكەوتن و زانست بوو، دواكەوتوو بوو، لەلایەنی پزیشكیەوە تەواو پەككەوتوو بوو[1]، پاشاودەسەڵاتدارەكانی، هۆگری شتی خورافی و جادویی بوون، بەڵام له كۆتاییەكانی حوكمی قوتیەكاندا، ئێرەش وەكو باقی ناوچەكانی تری ئەوروپا، كەوتە ژێر كاریگەری عەقڵی دینی كاسۆلیكیەوە[2].

## پزیشكیتی له نیوە دورگەی (ئیبریە) پێش فەتحی ئیسلامی :

ئیسپانیا بەر له فەتحی موسڵمانەكان، چەندین هۆز و خێڵی جۆراوجۆر فەرمانڕەوایەتیان كردووە، هەربۆیە پڕ بوو له كلتور و بیروبۆچونی سەیر و سەمەرەی ئەم میللەتانە، دیارترین ئەو هۆزانەش، كە فەرمانڕەوایەتیان كردبێت: (ڕۆم و وەندال و قوتەكانن)، كە قوتەكان كۆتاهەمینیان بوو، لەساڵی (٤١٤)ز بۆ یەكەمجار هاتنە ئەوێ[3] و (تلێتلە)یان كردە بنكەی دەسەڵاتیان و نزیكەی (٣٧) فەرمانڕەوا حوكمیان تێدا كرد[4].

---

(١) كرد علي: غابر الأندلس، ص٥٣.

(٢) صاعد: طبقات الأمم، ص٦٢.

(٣) مونتكمری واط: في تأريخ اسثانيا الإسلامية، ص٢٥.

(٤) مؤلف مجهول: تأريخ الأندلس، ص١٥٠.

(قوتەكان) هەندێجار وەك دەوڵەتێكی سەربەخۆ و، هەندێ كاتیش وەك بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی حوكمی ئەم ناوچەیان كردووە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم دەوڵەتە بەربەریە هیچ جۆرە شارستانییەتێكی نەبووە، واتە كاتێ موسڵمانەكان هاتن لە سفرەوە دەستیان پێكرد و، وڵات و شارستانییەتیان تێدا بنیاتنا و خەڵكی ناوچەكەیان بوژاندەوە، بۆ نمونە: لەلایەنی پزیشكیەوە هیچ جۆرە گرنگی پێدانێك نەبووە، تەنانەت فەرمانڕەواكانیشیان، تەنها هەندێ جامباز هەبوون كە ناوی خۆیان نابوو: (پزیشكە لێهاتووەكان)! [1]

(صاعدی ئەندەلوسی) لەم بارەیەوە وتویەتی: "لە سەردەمانی پێشوو، ئەندەلوس خاڵی بوو لە زانست وخەڵكەكەشی زۆر دووربون لێیەوە، پزیشكێتی لەوبەڕی نەماندابوو، تا موسڵمانەكان لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی (٩٢ك)[2] گەیشتنێ".

تاكە شتێكی پزیشكیی لەم سەردەمەدا بونی هەبوبێت، بریتی بوو لە: كۆمەڵە چارەسەرێكی سەرەتایی، كە لەلایەن كەنیسەوە ڕێگەی پێدرابوو، ئەویش كۆمەڵێك كەس پێی هەڵدەستان، كەوا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات فێری ببون، لەنێو كتێبێكدا نوسیبویانەوە، كە پێیان دەوت: (Aphorismi / ئیبریسم[3]) بەواتای: (كۆكراوە)[4].

## پزیشكێتی ئەندەلوس لەدەورانی والیەكاندا:

لە پاش فەتحی ئەندەلوس، سەردەمی والیەكان دەست پێدەكات، كە زیاتر ئاشنابونی موسڵمانەكانە بە كلتوری میللەتێكی تر، هەربۆیە پێشكەوتنی پزیشكێتی لەم سەردەمەدا، شتێكی بەرچاو و دیار نییە، بەڵكو زیاتر خۆی لە كۆمەڵێك شتی پێشینەدا دەبینییەوە، لەوانە: (طب النبوي) و ئەو كلتورە بەجێماوەی كە لە كتێبێكدا

---

(١) السامرائي: تأريخ العرب وحضارتهم، ص١٣.

(٢) طبقات الأمم، ص٦٢.

(٣) ئیبریشم: وشەیەكی عەجەمیە و بەعەرەبی كراوەكەی پێی دەڵێن (ئیبریسم) بەواتای حەریر، ئەمەش بەكار دەهات بۆ كتێبێكی كۆكراوە و پوخت، كەوا هەندێ لە نەخۆشی و چارەسەرە سەرەتاییەكانی تێدابوو. بڕوانە: الخطابی: الطب والأطباء، ص١٢-١٣.

(٤) إبن جلجل: طبقات الأطباء، ص١٠١.

هەبوو بەناوی: (ئیبریسم)[1]، لەگەڵ خوێندنەوەی (کەنانیش)ەکان کە نوسەرێکی ناسراوی نەبوو، بەڵام خۆی لە چەند بنچینە و ئەساسێکدا دەبینییەوە، هاوشێوەی کتێبەکانی: (بوقرات و جالینۆس) بوو، کە ماوەیەکی زۆر سودی لێوەرگیرابوو، لە چارەسەرکردنی پاشاکان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا[2].

هۆکاری ئەم ڕاوەستان و پێشنەکەوتنەش خۆی لە ئاشنابونی ئەم دوو کلتورەدا دەبینییەوە، هەروەها گرنگیدانی زیاتری والی و دەسەڵاتدارەکان بەلایەنی ئیداری و تۆکمەکردنی وڵات بۆ حاڵەتی ڕوبەڕوبونەوەی لە ناکاو[3].

## پزیشکێتی ئەندەلوس لە دەورانی ئیمارەتدا:

ئەم دەورەیە بە گۆڕانکاریەکی سیاسی لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دەست پێدەکات، ئەویش گۆڕانی لە ویلایەتێکی سەربە دەوڵەتی ئەمەوی لەڕۆژهەڵات بۆ ئیمارەتێکی سەربەخۆ، ئەمەش لە هاتنە سەرکاری (عەبدولڕەحمان داخل)ەوە دەستی پێکرد، کە سەرەتایەکی پڕ لە ئومێد و هیوا بوو بۆ خەڵکی ئەندەلوس، چونکە ئەم میرە و، تەواوی نەوەکانی دوای خۆی، ئەم وڵاتەیان کردە بوکی ئەوروپا، بووە جوانترین وڵات لە درەوشانەوە و گەشەسەندندا، ئەوەبوو لەسەردەمی ئەم میرەدا، گەشەی فیکری و شارستانی پەرەی سەند و، لە بواری پزیشکیدا، بەهەمان شێوە کرانەوەیەکی زۆری بەخۆوە بینی و، زانست بەتەنها لە مزگەوتەکاندا نەمایەوە و بەڵکو چەندین خانە وماڵی تایبەت بەفێربونی زانستە جۆربەجۆرەکان کرانەوە، ئەمەش وایکرد چەندین پسپۆر و شارەزا لە بواری پزیشکیدا بەدەربکەون، لەوانە: (موزحەجی)، لەسەدەی (٢ک/٨ز) ژیاوە باوك و باپیری و زۆرێك لە کەس و کاری بنەماڵەکەی، بەکاری پزیشکیەوە ناوبانگیان هەبوو، بەهۆی چارەسەرە ورد و باشەکانیانەوە، میر لە خۆی نزیك کردەوە و، هەر زوو بووە جێی بڕوا و متمانەی میر عەبدولڕەحمان و کردیە پزیشکیی تایبەتی خۆی بەهۆی

---

(١) صاعد: طبقات الأمم، ص١٠١. ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص٣٨٠.

(٢) غادة الكرمي: كناش في الطب من القرون الوسطى، ص٩٢٠.

(٣) صاعد، م.س، ص١٠١.

دڵسۆزی و لەخواترسانەكەی كە هەموو قورئانی لەبەر بوو بەپێی خوێندنەوە متەواترەكان[١].

دەورانی (میر هیشامی كوڕی عەبدولڕەحمان)، سەرەتای دەركەوتنی بزوتنەوەی زانستیە لە وڵاتی ئەندەلوس دا، ئەمەش بەهۆی ئەو گرنگی پێدانە بەرچاوەی ئەم میرە دەیكرد، بۆ كەسانی خوێندەوار و خاوەن پسپۆڕ[٢]، بەشێوەیەك خوێندن و پەرەدان بە زانست، هەموو ناوچەكانی گرتبۆوە و خەڵكی بەتەواوی سەرقاڵی زانست ببون، میریش هەمیشە دانیشتنەكانی خۆی بە زانا و موجتەهید و پزیشكە شارەزاكان دەڕازاندەوە و، تێیدا وتووێژی زانستیانەیان ئەنجام دەدا، ئەمەش وای كردبوو، نەوە و تازە پێگەیشتوانی ناو كۆمەڵگا، ڕۆژ بەڕۆژ پەرۆشیان بۆ زانست زیاتر بێت، بەتایبەت ئەندەلوس بۆ خۆی ببوە بنكەیەكی ڕۆشنبیری گەورە، لە جیهانی ئیسلامیدا[٣].

لە دەورانی میر حەكەمی كوڕی هیشام دا، وڵات ئەمن و ئاسایش و سەقامگیرییەكی باشی بەخۆوە بینی، خەڵكی بەتەواوی سەرقاڵی بەرەو پێشبردنی وڵاتەكەیان بون[٤].

پاشتر لە دەورانی عەبدولڕەحمانی كوڕی حەكەم ناسراو بە (عەبدولڕەحمانی ناوەڕاست)، هەمیشە لەهەوڵی ڕاگرتنی بارودۆخ و گوزەرانی خەڵكی و خۆشگوزەرانیاندا بوو، بەڵام لەلایەنی پزیشكییەوە وڵات هیچ جۆرە گرنگی پێدانێكی بەرچاوی بەخۆوە نەدی، زیاتر كاری پزیشكیی لەلایەن كۆمەڵێك كی مەسیحیەوە ئەنجام دەدرا، كە خۆیان زۆر شارەزا نیشان ئەدا و گوایە ئەم زانستەیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات و باووباپیرانیانەوە وەرگرتووە[٥]، لەكاتێكدا چارەسەرەكانیان زۆرجار ناتەندروستانە بوو، هەربۆیە ئەم میرە هەوڵیدا، جگە لە

---

(١) الخطابي: الطب و الأطباء في الأندلس، ج١/ ص١١.

(٢) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس، ص١٢.

(٣) ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣/ ص٢٥. بعيون: إسهام العلماء المسلمين، ص٣٨٠.

(٤) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس، ص١٦.

(٥) ابن عذارى المراكشي: البيان المغرب، ج٢/ ص٨٠-٨١.

پاراستنی ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی، باری تەندروستی وڵاتەکەی پێش بخات، ئەوەبوو پانتایی شارستانییەتەکەی بەرفراوانتر کرد و تەواوی هەوڵەکانی خستە کار، بۆ باشتر کردنی وڵاتەکەی، هەربۆیە سەردەمەکەی بەسەردەمی زێڕینی شارستانییەتی ئەندەلوس ناودەبرێت[١].

لەم بارەیەشەوە وتویانە: " دەورانی عەبدولڕەحمانی ناوەڕاست، پڕ زانست و گەشانەوە بوو، ڕۆژانی ئەو، پڕ لە ئارامی و سەکینەت بوو، پارەو ماڵ و سەروەت زۆر بوو، کۆشك و تەلارەکان لەگەشە و ڕازاندنەوەدا بوون، ئاویان لە شاخەکانەوە بۆ ماڵەکان گواستەوە و بە پرد و چاککردنی ڕێگاویانەکان هاتوچۆی خەڵکیان ئاسانترکرد[٢]".

هەروەها گرنگیدانی بە زانست، ببوە خەمی هەموو ڕۆژێکی، بەشێوەیەك دانیشتنەکانی هەمیشە پڕ گفتوگۆ و سەرنجی زانستیانە و ئاڵگۆڕی مەعریفیانە بوو لە نێوان زانایان و پزیشکان و موجتەهیداندا، ئەمە جگە لەوەی کۆمەڵێك کی بەرچاوی لە شارەزایان و پسپۆڕان نارده وڵاتانی ڕۆژهەڵات، تاوەکو کتێبە بەنرخەکان بهێننە ئەندەلوس بە هەر نرخێك بێت[٣] تاوەکو وڵاتەکەی زیاتر بە زانستەوە سەرقاڵ و سەرگەرم بکات.

لەم سەردەمەدا، لەسەر داوای میرعەبدولڕەحمان پزیشکیی لێهاتوی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی یونس حیرانی بانگهێشت کرا تاوەکو خزمەتە پزیشکیەکانی بگوازێتەوە بۆ قورتوبەی پایتەختی ئەندەلوس[٤]، ئەوە بوو ئەویش لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك لە دەرمانە دیار و بەرچاوەکانی شاری بەغدای هێنا، بەتایبەت ئەوانەیان لە شێوەی مەرهەمێکی شلی تەڕدا بوو، کەسودی لێ وەردەگرت بۆ هەندێ لە نەخۆشییەکان[٥].

---

(١) ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص٩٢. صاعد: طبقات الأمم، ص١٠٤.

(٢) المقري: نفح الطيب، ج١/ ص٤٣.

(٣) د. نهاد عباس زينل: الإنجازات العلمية للإطباء في الأندلس، ص١١٤.

(٤) ابن جلجل: م.س، ص٩٤.

(٥) القفطي: أخبار العلماء، ص٢٨٥. الخطابي: الطب والأطباء في الأندلس، ج١/ ص١١٢.

ئه‌م سود وه‌رگرتنه له كه‌سانی به ئه‌زمون و شاره‌زای وه‌ك: (یونس حیرانی)، بوه هۆی سه‌رهه‌ڵدانی ژماره‌یه‌كی زۆر له پسپۆڕ و شاره‌زای بواری پزیشكیی، كه هه‌ستان به دانانی ده‌رمانخانه و شوێنی چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشان، له هه‌مان كاتیشدا خانه‌ی تایبه‌ت به فێركاری پزیشكیان دامه‌زراند[1].

میر عه‌بدولڕه‌حمانی ناوه‌ڕاست، له‌سه‌روبه‌ندی هه‌وڵه‌كانیدا، بۆ زیاتر به‌ره‌و پێشبردنی وڵاته‌كه‌ی، ده‌رگای ئاوه‌ڵا كردبوو بۆ ناردن و پشتیوانیكردنی زانایان بۆ ئه‌وه‌ی گه‌شت بكه‌ن و زانست و زانیاری تر به‌ده‌ست بێنن، ئه‌مه‌ش هانده‌رێكی باش بوو له‌م سه‌رده‌مه‌دا، وایكرد ئه‌نده‌لوس له‌لایه‌نی زانستیه‌وه به‌ڕوی ته‌واوی ڕۆژهه‌ڵاتی جیهانی ئیسلامیدا بكرێته‌وه، له گرنگترین ئه‌و زانا ئه‌نده‌لوسیانه‌ی له‌م سه‌رده‌مه‌دا گه‌شتی زانستیان ئه‌نجامدا، ئه‌مانه بوون:

ئه‌بو مه‌ڕوان عه‌بدولمه‌لیك كوڕی حه‌بیبی قورتوبی (له ٢٣٨ك-٨٥٣ز) مردووه[2]، نازناوی: (عه‌صار)ه، چونكه زۆربه‌ی چاره‌سه‌ره‌كانی له گوشراوه‌ی ڕووه‌ك و گیا ده‌رمانییه‌كانه‌وه ده‌رده‌هێنا، به‌مه‌ش كۆمه‌ڵێك ده‌رمانی زۆر به‌سودی دۆزیبۆوه كه ببونه چاره‌سه‌رێكی پزیشكیانه، له زۆربه‌ی ناوچه‌كانی ئه‌نده‌لوسدا و، زۆرترینیان به‌شێوازی گیراوه و مه‌رهه‌م بوون، هه‌روه‌ها چه‌ند دانراوێكی پزیشكیشی دانا، له‌وانه كۆكراوه‌یه‌كی پزیشكیی بوو، تایبه‌ت به بنه‌ما بنچینه‌ییه‌كانی پیشه‌ی پزیشكیی، له‌كۆن و جیهانی ئیسلامیدا به‌ناوی: (كتاب الحسبة في الأمراض)[3].

(فرانشیسكۆ فرانكۆ) له لێكۆڵینه‌وه‌كه‌یدا به‌ناوی: (تطور الطب في الأندلس) ده‌ڵێ: "كتێبه‌كه‌ی (ئیبن حه‌بیبی ئیلیبیری) به‌ناوی: (پوخته‌یه‌ك له پزیشكی)، ده‌رخه‌ری پێشكه‌وتن و گه‌شه‌سه‌ندنی ئه‌م پیشه‌یه‌یه له وڵاتی ئه‌نده‌لوس و، هه‌نگاوه‌كانی سه‌ره‌تای ده‌ستپێكردنی پزیشكیه له وڵاتی ئه‌نده‌لوسدا"[4].

---

(١) الخطابي: الطب والأطباء، ج١/ ص١١٢.

(٢) الخطابي: م.س، ج١/ ص١١١.

(٣) الداودي: طبقات المفسرين، ج١/ ص٣٥٥.

(٤) فرانكو: تطور الطب في الأندلس، ص١٨٦.

له دەورانی میر موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی ناوەڕاستدا، ئاڵوگۆڕی مەعریفی و زانستی لەگەڵ بەغداد دەستپێکرد، وەکو پایتەختی شارستانییەتی ئیسلامی ڕۆژهەڵات، بەمەش زانا و پزیشکانی هەردوولا بۆ سود وەرگرتن لە تێڕوانین و سەرنجی یەکتری، ئەزمون و کارەکانی خۆیان نیشاندا[١].

لە پزیشکە دیارەکانی دەورانی ئەم میرەش: (حەمدینی کوڕی ئیبان) بوو، کە پزیشکێکی سەرکەوتوو و شارەزا و خاوەن ناوبانگێکی تایبەت بوو، لە شاری قورتوبە[٢].

پزیشکێتی بەتەنها لەنێو موسڵمانەکاندا برەوی نەدەسەند، بەڵکو زانا مەسیحیەکانیشی گرتبۆوە، لەوانە:

جەوادی نەسرانی لە (٢٧٢ك/ ٨٨٦ز) مردووە کاری پزیشکیی کردووە لەم سەردەمەداو، یەك لەو چارەسەرانەی بەکاری دەهێنا و لەنێو خەڵکیدا ناوبانگی هەبوو، ناوی: (دەرمانی ڕاهیب) بوو، کە خۆی لە گیراوەیەکی شەربەتی و مەرهەمێکی شێوە هەویری دەبینییەوە[٣].

یەکێکی تر لەو پزیشکە مەسیحیانەی ئەم سەردەمە: (خالیدی کوڕی یەزیدی نەسرانی) بوو[٤]، خاوەنی چەندین دەرمانی پزیشکیی و ڕاهیبە، لە ڕووەك و گیا و دارەکان، ئەمە جگە لەوەی، خاوەنی دەستێکی باڵا بوو لە کاری نەشتەرگەریداو هەروەها پەیوەندییەکی باشی هەبوو، لەگەڵ پزیشکیی مەسیحی میسری: (نستاسی کوڕی جەریح[٥]).

لە پاش میر موحەممەد، کوڕەکەی میر مونزری کورشی موحەممەد دەسەڵاتی گرتە دەست، سەردەمەکەی زۆر کورت و کەم بوو، تەنها (٢) ساڵی خایاند و

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٦-٤٨٧.

(٢) الخطابي، م.س، ج١/ ص١١١.

(٣) محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص٣٧٤. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٥.

(٤) ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص٩٦. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٥.

(٥) اعد: طبقات الأمم، ص٤٨. ابن جلجل: م.س، ص٨٢. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٥٤٤.

کەمێکیش باری سیاسی وڵات، نائارام بوو، تا میر عبداللەی کوڕی موحەممەد، دەسەڵاتی گرتە دەست[١].

ئەم میرە، پاش چاککردنەوە و گەڕانەوەی وڵات، بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی خۆی، توانی پەرە بداتەوە بەلایەنی پزیشکی، ئەوە بوو دوو پزیشکیی دیاری مەسیحی بەدەرکەوتن، لە کۆتاییەکانی سەدەی (٣ك/٩ز) بەناوەکانی: (ئیسحاقی نەسرانی و ملوكە النصرانی)، جگە لەوەی خەڵکی، سودێکی باشی لە چارەسەر و دەرمان و نەشتەرگەریەکانیان وەرگرت، بۆ یەکەمجار خانەیەکی تایبەت بەشێوەی عیادەی پزیشکیی ئەم سەردەمە دامەزرا، کە شوێنی چاوەڕوانی و ژوری بینینی نەخۆشی تێدابوو[٢].

## پزیشکیتی لە دەورانی خیلافەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس دا :

بەهاتنە سەر کاری عەبدولڕەحمانی کوڕی موحەممەد، وڵاتی ئەندەلوس سەردەمێکی نوێی دەستپێکرد، ئەویش ئیعلانکردنی خیلافەتی ئەمەوی بوو لە ئەندەلوس و، سەربەخۆیی وەرگرتن بوو، لە خیلافەتی عەباسی، لە ڕۆژانی خیلافەتی (موقتەدری) عەباسیدا، ئەمەش کاریگەریەکی زۆری بەسەر ژیار و شارستانییەتی ناوچەکەوە هەبوو، یەك لەو لایەنانەش زانستی پزیشکیی بوو، کە هەنگاوێکی گەورەی نا و بەتەنها لە بواری نوسیندا نەمایەوە، موسڵمانەکانیش لەم بوارەدا، پێشەنگیەکی جوانیان نواند و خەزنەیەکی گەورەیان پێکەوەنا، کە تاوەکو ئێستاش جێگای لێکۆڵینەوە و سەرسامی لێکۆڵەرانە[٣].

لە دەورانی یەکەم، خەلیفە و پاشانیش کوڕەکەیدا، سەرەتا وڵات لە مەترسی (فرنجەکان) دورخرایەوە و، هێمنی و ئاسایشی وڵات پارێزرا، پاشانیش

---

(١) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس. ص١٤. الحميدي: جذوة المقتبس، ص١٤-١٥. ابن عذارى المراكشي: البيان المغرب. ج٢/ ص١٢٠-١٢١.

(٢) ابن جلجل: طبقات الأطباء. ص٩٧. فرحات: معجم الحضارة الأندلسية، ص٢٥٥. حميدات: أعلام الا حضارة، ج٥/ ص١١٥.

(٣) بعيون: إسهام العلماء. ص٣٦٧.

بزوتنەوەیەکی فیکری تەواوی ناوچەکانی گرتەوە و، خەڵکی جیاوازتر لەجاران ڕویان لەزانستەکان کرد[١].

عەبدولڕەحمان ناصر، وڵاتی ئەندەلوسی کردە شاری ئاشتی و هێمنی و خۆشگوزەرانی و پڕ سەروەت و دارایی، ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ جێبەجێکردن و، بەگەرخستنی تاقیکاریە زانستیەکان و، بەرفراوانکردنی گەشتە زانستیەکان بەرەو ڕۆژهەڵات و، وەرگرتنی زانستی زیاتر[٢].

لە گرنگترین ڕوداوە زانستیە دیارەکانی ئەم سەردەمەش ئەوە بوو، لەدەورانی خەلیفە عەبدولڕەحمان ناصردا، کاتێ کتێبی: (الأدوية المفردة)ی (دیسقوریدس) بڵاوبۆوە، کە لەدەورانی خەلیفەی عەباسی (متەوەکل)دا وەرگێڕدرا بوو، لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی، لەلایەن: (ئیستفان باسیل)ەوە، بەڵام وەرگێڕەکەی هەندێ لە وشەکانی بەشێوازی یۆنانی دانابۆوە، بەبێ ئەوەی ماناکەی بە زمانی عەرەبی بنوسێ.

بۆیە خەلیفە ناصر پەیامی نارد بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتیە: (قوستەنتینی حەوتەم)، تاوەکو کتێبەکەی بە زمانی یۆنانی بۆ بنێرێت، ئەوە بوو لەساڵی (٣٣٧ك/٩٤٨ز) بۆی نارد و لە نوسراوێکدا بۆی نوسیبوو، بەڵام ئەمە بەبێ زانایەکی یۆنانیزان سودی نییە، خەلیفە ناصریش لەنێو زانا موسڵمان و مەسیحیەکاندا، کەسێکی نەبینییەوە، کە زمانی یۆنانی بزانێت، هەربۆیە کتێبەکەی خستە کتێبخانەکەی و نوسخەکەی (ئیبن باسیل)ی بڵاوکردەوە، پاشان داوای لە هاوڕێیەکی ئیمپراتۆر کرد کەوا یەکێك لە زانایانی خۆیان، کە یۆنانی بزانێت بۆیان بنێرێت، ئەویش: (ڕاهیب نیقۆلا)ی نارد لەساڵی (٣٤٠ك/ ٩٥١ز)، توانی چارەسەری ئەو هێما و نوسینە یۆنانیانە بکات، بەمەش وەرگێڕانەکەی (ئیبن باسیل) وەلانرا[٣].

بەهۆی دەستپێشخەریەکانی ئەم خەلیفەوە، لەبواری وەرگێڕانی کتێبە پزیشکییەکان دا، مەلیکی قوستەنتنییە: (ئیرمانیوس) کتێبی: (دیسقوریدس)ی وێنەداری تایبەت بە

---

(١) فرحات: معجم الحضارة الأندلسية، ص٢١٦-٢١٧.

(٢) الهاشمي: الخلافة الأندلسية، ص٤٧٣.

(٣) ابن جلجل: طبقات الأطباء، مقدمة المحقق. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٣٩. فرحات: معجم الحضارة الأندلسية، ص٢١٧-٢١٨.

گیاناسی و تلیاكی، به‌دیاری نارد بۆ خه‌لیفه ناصر، له‌ساڵی (٣٣٧ك/ ٩٤٨ز)، ئه‌ویش دایه وه‌رگێڕه‌كان، تاوه‌كو به‌راوردی بكه‌ن له‌گه‌ڵ نوسخه عه‌ره‌بیه‌كه‌ی ده‌ورانی خه‌لیفه متەوه‌كلی عه‌باسی، كه له‌لایه‌ن (ئیستفان باسیل)ه‌وه كاری وه‌رگێڕانی بۆ كرابوو[1].

له‌م سه‌رده‌مه‌دا، پزیشكیتی به‌هۆی پاڵپشتی خه‌لیفه‌كانه‌وه زیاتر په‌ره‌ی سه‌ند، وه‌ك (ئیبن جلجلی) مێژوونوس وه‌سفی ده‌كات و ده‌ڵێ: "خێردارترین سه‌رده‌م بوو، كتێبه پزیشكییه‌كان له ڕۆژهه‌ڵاته‌وه ده‌هێنران له‌گه‌ڵ ته‌واوی زانسته‌كانی تر، خه‌ڵكیش به‌شێوه‌یه‌كی به‌رچاو ڕویان له زانست كرد، به‌مه‌ش ژماره‌یه‌كی زۆر له پزیشكان به‌ده‌ركه‌وتن[2]".

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی شاری قورتوبه له ده‌ورانی خیلافه‌تدا، گه‌وره‌ترین بنكه‌ی زانست و زانیاری ئه‌وروپا بوو، به‌ڵام باقی ناوچه‌كانی تری ئه‌وروپا، له‌سه‌ده‌ی تاریكی و نه‌زانیدا ده‌ژیان، هه‌ر به‌هۆی ئه‌مه‌شه‌وه بوو، وڵاتانی دراوسێ، نوێنه‌ر و پیاوانی ئایینی و ئه‌میرانی خۆیان ئه‌نارده ئه‌وێ، تاوه‌كو سه‌ردانی ئه‌و وڵاته بكه‌ن، یه‌ك له‌وانه‌ش سه‌ردانكردنی حاكم: (نبارا- سانجو سمین) كوڕی شاژنه (توته)، كه پاش وه‌رگرتنی چاره‌سه‌ر له ئه‌نده‌لوس، گه‌ڕایه‌وه وڵاته‌كه‌ی خۆی[3].

به‌هۆی هاندانی خه‌لیفه‌وه، زانایان له‌م سه‌رده‌مه‌دا ڕویان ده‌كرده ڕۆژهه‌ڵات تاوه‌كو شاره‌زایی زیاتر به‌ده‌ست بێنن له‌و بواره‌ی خۆیان، كه ده‌یانه‌ویست، ئه‌وه بوو، دوو كوڕی (یونس حیرانی) به‌ناوه‌كانی: (ئه‌حمه‌د و عومه‌ر) گه‌شتێكی زانستی دوور و درێژیان ده‌ستپێكرد، كه له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌وه، بۆ ماوه‌ی (١٠) ساڵ هه‌موو جۆره هاوكاریه‌ك كران، پاش ئه‌وه‌ی گه‌یشتنه به‌غداد، له‌وێ چونه لای زۆربه‌ی پزیشكه لێهاتوو و دیاره‌كانی ئه‌وێ، له‌وانه: (سابت كوڕی قره) و زۆربه‌ی كتێبه‌كانی (جالینۆس)یان له زانستی پزیشكیدا خوێند، پاشان بونه قوتابی لای پزیشكیی دیاری چاو: (ئیبن صاری) تاوه‌كو پسپۆڕی ته‌واوه‌تیان

---

(١) ابن النديم: الفهرست، ص٣٩٨-٣٩٩. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩٣-٤٩٤.

(٢) طبقات الأطباء، ص٩٧-٩٨.

(٣) العامري: كشاف، ص١٦٧. الطيبي: دراسات و بحوث في تأريخ المغرب والأندلس. ج٢/ ص٣٣٢-٣٣٣.

له نەخۆشییەكانی چاودا بەدەست هێنا و لەپاشاندا گەڕانەوە بۆ ئەندەلوس، لەلایەن خەلیفەوە پێشوازیەكی گەرمیان لێكراو شوێنی باشیان له شاری (زەهرا) پێدرا و، لەوێ دەستیان كرد بە خزمەتكردنی خەڵك، بەڵام (دكتۆر عومەر مەرگ) ڕێگەی پێنەدا و لەساڵی (٣٥١)ك وەفاتی كرد، بەڵام براكەی تاوەكو ساڵی (٣٦٥)ك بەردەوام بوو[١].

ئەم دكتۆرە، له پاش گەڕانەوەی له ڕۆژهەڵات، هەستا بەدانانی پرۆژەیەكی گەورە، كه دەور و كاریگەریەكی زۆری هەبوو له بواری پزیشكیدا، ئەویش: دامەزراندنی كارگەیەكی پزیشكیی بوو، بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانی گیراوە و حەپی چارەسەر، (١٢) كرێكاری خەسێنراو بەسەرپەرشتی خۆی كاریان تێدا دەكرد، هەروەها یەكەم كارگەی كیمیاوی بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانی پزیشكیی، بەشێوازی شروب و هەویریی دروست كرد، كه چارەسەری زۆرێك له نەخۆشییەكانی دەكرد.

خەلیفە ناصریش، داوای لێكرد دەرمانەكانی بۆ هەژارەكان، بێ بەرامبەر بێت، جگە لەوە، ئەم پزیشكە بێ هاوتابوو، له شیكاركردنی جەستە و پشكنینی نەخۆش و دیاریكردنی نەخۆشییەكاندا[٢].

ئەمەش درێژەی هەبوو له دەورانی خەلیفە (موستەنسر)دا و، چەندین پزیشك ڕویان دەكردە ڕۆژهەڵات و، لەپاشاندا دەگەڕانەوە ئەندەلوس، یەك لەو پزیشكانەش ئەبو قاسم ئەسەدی جەزامییە، لەساڵی (٣٦٠ك/ ٩٧٠ز) بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەبواری پزیشكیتیدا گەشتی بۆ ڕۆژهەڵات كرد، موحەممەد كوڕی عەبدونی جەبەلیش، لەم ساڵەدا بە توێشویەكی پڕەوە گەڕایەوە ئەندەلوس[٣].

له دەورانی خیلافەتدا، چەندین پزیشكیی گەورە و لێهاتوو له بوارە جیاجیاكاندا بەدەركەوتن، كه دەتوانین بڵێین: زۆرترینیان له دەورانی: خەلیفە ناصر و كوڕەكەیدا بوون، ئەوانیش:

---

(١) صاعد: طبقات الأمم، ص٨٠-٨١. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٣٧٦. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٧.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٧. ابن جلجل: طبقات الأطباء. ص٩٣-٩٤. فرحات: معجم الحضارة، ص٢٥٤. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٦١٤.

(٣) ابن جلجل: طبقات الأطباء. ص١١٥. صاعد: م.س، ص٨٠-٨١. ابن ابي اصيبعة: م.س، ص٤٨٧-٤٩٣.

١- عیمرانی کوڕی ئەبی عومەر (لەسەدەی ٤ك/١٠ز) ژیاوە: لەلایەن خەلیفە ناصرەوە وەك پزیشكێكی كارزان و لێهاتوو دامەزرا، پاشان چەند كتێبێكی نوسی لەوانە: حب الأنیسون (دەنكە ڕازیانە)[١] و پوختەیەك لەسەر شێوازەكانی چارەسەر كردنی ئەو نەخۆشیانەی، كە ڕۆژانە لەكاتی كارەكەیدا ڕوبەڕوی دەبنەوە[٢].

٢- موحەممەدی کوڕی تەملۆن (لەسەدەی ٤ك/ ١٠ز) ژیاوە: یەكێكە لە پزیشكە دیار و بەناوبانگەكان، ڕەفزی ئەوەی كرد وەكو كارمەندێكی حكومی دابمەزرێت، بەڵكو سەربەستانە درێژەی بەكاری پزیشكێتیدا و، بۆ خۆی خانەیەكی تایبەتی دامەزراند، بۆ بینینی ئەو نەخۆشانەی سەردانیان دەكرد، خاوەنی چەندین مەرهەمی جۆراوجۆر بوو، بۆ چارەسەركردنی ئەو نەخۆشانەی دەهاتنە لای[٣].

٣- یەحیا کوڕی یەحیا (لە ٣١٥ك/ ٩٢٧ز) مردووە: ناسراو بە: (ئیبن سەمینەی قورتوبی)، كەسێكی شارەزا و لێهاتوو بوو، لە زۆربەی زانستەكانی: گەردوونناسی، بیركاری، فیزیا، زانستی شەرعی، ئەدەبی، زمانەوانییەكان،... خوێندبویەوە، دواتر سەفەری بۆ ڕۆژهەڵات كرد و، لەوێ پسپۆری لە بواری پزیشكیدا بەدەستهێنا، دواتر گەڕایەوە ئەندەلوس و دەستی بە خزمەت كرد[٤].

٤- ئەبو حەفز عومەر کوڕی بەریق لەسەدەی (٤ك/ ١٠ز[٥]) ژیاوە: زانستی پزیشكیی لەلای باوكی و مامی بەدەستهێنا، كە یەكێك بوون لە پزیشكانی ئەندەلوس، لە پاشاندا چووە قەیرەوان و، پزیشكیی دەرمانسازیی فێربوو لەلای (ئیبن جزاری قەیرەوانی) لەڕێگای كتێبەكانی پزیشكیی هەژاران، نەخۆشی و

---

(١) ڕووەكێكی دەرمانی بۆن خۆشە، لەڕووی پزیشكیەوە سودی زۆرە، لەوانە: یاریدەی هەرسكردن دەدات، تەشەنوج ناهێڵێت و ماسولكەكان و دڵ بەهێز دەكات، گەدەت لە باكردن دووردەخاتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الرازی: الحاوی في الطب، ج٢/ ص١٢٧.

(٢) ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص٩٨. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٦. فرحات: المرجع السابق، ص٢٦٥.

(٣) حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٤٧٢.

(٤) الضبي (له ٥٩٩ك/ ١٢٠٣ز) مردووە: بغية الملتمس في تأريخ الرجال الأندلس، ص٢٥٢. حميدات: م.س،ص٥٤١.

(٥) ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص١٠٧. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩٠.

چارەسەرەکانی گەدە...[1] وە، پاشان گەڕایەوە ئەندەلوس و، دەستی کرد بەپیشەی پزیشکێتی و چارەسەرکردنی نەخۆشان[2].

٥- عبداللەی کوڕی دەعامەی قەیسی (لە ٣٦٥ك/ ٩٧٥ز) مردووە: چووە میسر و بووە قوتابی، لەلای گەورە پزیشکانی ئەویێ، پاشان گەڕایەوە ئەندەلوس و دەستی کردە پیشەی پزیشکێتی و، چارەسەرکردنی خەڵکی[3].

٦- موحەممەد کوڕی عەبدۆنی جەبەلی: بەشوێن زانستدا هاتە ڕۆژهەڵات و لەوێ چووە شارەکانی: (بەسرە و فوستات)، پاش ئەوەی مەشقی فێرکاری بینی لەسەر چۆنییەتی عیلاج و دەرمانکردنی نەخۆشان، لەیەکێ لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی میسر دامەزرا، تاوەکو بووە یەکێ لە سەرپەرشتیارانی نەخۆشخانە، بەهۆی ئەو شارەزاییەی هەیبوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشاندا[4]، پاشان لەساڵی (٣٦٠)ك گەڕایەوە ئەندەلوس و، لە دەورانی: (خەلیفە موستەنسرو مونەییەدبیلا) خرایە ڕیزی پزیشکە باشەکانەوە[5].

٧- ئەصبغی کوڕی یەحیا: ناوبانگێکی باشی هەبوو لە دەورانی خەلیفە ناصردا لەڕوی پشکنینی نەخۆش و دەرمانکردنییەوە، هەربۆیە کتێبێکی بۆ خەلیفە نوسی بەناوی: (حبة الأسون)[6].

٨- ئیبن ئوم بەنین: ناسراو بە: (هاودەمی خەلیفەکان) پزیشکێکی لێهاتوو و زرنگ بوو، لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی نەخۆشاندا[7].

٩- ئەبو عەبدولمەلیکی سەقەفی: سەرباری پیشەی پزیشکێتی، عەللامەیەکی مەوسوعی بوو لە بواری ژمێریاری و ئەندازیاریدا، هەربۆیە لەلایەن خەلیفەوە

---

(١) د.محمد محمد زيتون: القيروان ودورها في الحضارة الاسلامية، ص١١٠.

(٢) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس، ص١٤٦.

(٣) حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٤٧٥.

(٤) صاعد: طبقات الأمم، ص٨٠-٨١. المقري: نفخ الطيب، ج٢/ ص١٥١-١٥٢.

(٥) القفطي: أخبار العلماء، ص١٦٢.

(٦) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩١. ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص١٠٨.

(٧) فرحات: معجم الحضارة، ص٢٢٣.

لە گەنجینەی چەكی سوپاكەی، وەكو ژمێریار و پزیشك، دامەزرێنرا[1].

١٠- ئەبو عوسمان سەعیدی كوڕی عەبد ربە لە( ٣٤٢ك/ ٩٥٣ز) مردووە: زانایەكی گەورە و گەردونناسێكی بلیمەت و شاعیرێكی مەزن بوو، كەسێكی شارەزا بوو، لە زانینی جوڵەی هەسارە و (با)یەكاندا، ڕێگایەكی نوێی دۆزییەوە لە چارەسەركردنی (تا)كاندا[2].

١١- ئەبوبەكر سلێمان كوڕی تاج: یەكێكە لە پزیشكە بەناوبانگەكانی قورتوبە، لەدەورانی خەلیفە ناصردا، كاری پاڵفتەكردن و دڵۆپاندنی بۆ دەرمانەكان دەكرد، ڕێگایەكی نوێی دۆزیەوە لە چارەسەركردنی چاوئێشەدا، چەندین مەرهەمی لە گیا و ڕووەكە دەرمانییەكان دروستكرد، لەوانە: دەرمانێكی هێمنكەرەوەی بۆ نەخۆشی دەمار توندبون و چارەسەری نەخۆشییەكانی گوێ دۆزیەوە، جگە لەمانەش، چەندین دەرمانی بەشێوەی حەب و گوشراوە بۆ چارەسەركردن بەدەستهێنا [3].

١٢- ئەبو وەلیدی كەتانی لە (٣٥٨ك/ ٩٦٨ز) مردووە: كەسێكی دەستڕەنگین و لێوەشاوە بوو لە زانستی پزیشكیدا و ڕۆڵێكی گرنگی هەبوو لە پێشخستنی ئەو زانستە لە وڵاتی ئەندەلوسدا، چەندین پلە و پۆستی لە دەورانی: (خەلیفە ناصر و موستەنسر)دا وەرگرت [4].

١٣- محمد كوڕی تملیح: لە دەوڵەتەكەی خەلیفە ناصردا، چەندین پۆستی پێدرا، خاوەنی كتێبێكی پۆلێنكاریە، لەسەر هۆكارەكان و نیشانەكانی نەخۆشییەكان[5].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: م.س، ص٤٩٢. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٣١٥.

(٢) خاوەنی چەندین نوسراوە، لەوانە: (الاقراباذين) و (تعاليق مجربات في الطب) و (أرجوزة في الطب). بروانە: ابن جلجل: طبقات، ص١٠٤.

(٣) ابن جلجل: م.س، ص١٠٢-١٠٣. ابن ابي اصيبعة: عيون الانباء، ص٤٨٩. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٢٣٤-٢٣٥.

(٤) صاعد: طبقات الأمم، ص٨٠. ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص١٠٨. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩١.

(٥) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس، ج٢/ ص٧٤. أبوعبية: الحضارة الإسلامية، ج٢/ ص٩١١.

١٤- ئەحمەدی كوڕی حفصون لەسەدەی(٤ك/ ١٠ز) ژیاوە: پزیشك و زانایەكی ورد بووە لە مەنتیقدا، یەكێك بوە لە پزیشكە نزیكەكانی خەلیفە موستەنسر[١].

١٥- ئەبوبەكر كوڕی جابر: پزیشكێكی لێهاتوو و خاوەن پێگە و جێگەیەكی گەورە بوو، لەپەرەدان بە زانستی پزیشكی، خاوەنی چەندین كتێبی دەستنوسی خۆیەتی، لە بواری پزیشكیی و فەلسەفیدا[٢].

١٦- عەریبی كوڕی سەعیدی قورتوبی لە (٣٧٠ك/٩٨٠ز) مردووە: پزیشكێكی مەوسوعی بووە، لەسەرەتادا گرنگیەكی زۆری بە بواری شیعر و ئەدەب و مێژوو داوە، پاش ئەوەی شارەزاییەكی زۆری لە پزیشكانی پێشین وەرگرتووە ئینجا دەستی داوەتە كاری پزیشكێتی و، خۆی لەو بوارەدا یەكلایی كردۆتەوە[٣]، دواتریش لە بواری پزیشكیدا پسپۆڕی بواری منداڵان و لەدایكبون بووەو، شارەزاییەكی زۆری هەبووە لەسەر شێوازی گەورەبونی كۆرپەلە لە سكی دایكدا و، چۆنییەتی وەرگرتنی خۆراك و، تا بونی بە هەرزەكار[٤].

١٧- ئەبو قاسمی زەهراوی لە (٤٠٤ك/ ١٠١٣ز) مردووە: لە دروستكردنی دەرمانی هەمەجۆر بەناوبانگ بووە و، شارەزاییەكی بێ وێنەی هەبووە لە زانستی نەشتەرگەریدا.

دەتوانین بڵێین: دەورانی خیلافەت، خاوەنی كەسێكی مەوسوعی مەزنی وەكو: (زەهراوی)ە، كە بەناوهێنانی یەكسەر دەكەویتە بیری نەشتەرگەری، بەهۆی هەوڵە گەورە و مەزنەكانی لەو بوارەدا.

(لوكلیرك) لەبارەیەوە وتویەتی: "زەهراوی لە مێژوودا، پێناسەیە بۆ زانستی نەشتەرگەری لەسەدەكانی ناوەڕاستدا، لە پەیمانگای فەڕەنسیدا، شوێنگەی

---

(١) ابن جلجل: م.س، ص١١٠. ابن ابي اصيبعة: م.س، ص٤٩٢.

(٢) ابن جلجل: م.س، ص١١٠. ابن ابي اصيبعة: ٤٩٢.

(٣) حميدات: أعلام، ج٥/ص٢٢٧.

(٤) علي عبدالله الدفاع: اسهام علماء العرب والمسلمين في الصيدلة، ص٢٤٤.

لەزانستی پزیشكیدا لەپاڵ: (بوقرات و جالینۆس)دایە و بەسێكوچكەی زانستخوازان ناودەبرێن[١]".




پەیكەری موستەنسر بیلا لەناوچەی قورتوبە لە ئیسپانیا

پەیكەری حاجب مەنصور لە قەلای نسور لە ئیسپانیا

پەیكەری عەبدولڕەحمانی كوڕی معاویە لە ناوچەی مونكبی باشوری ئیسپانیا

**موسڵمانەكان بە تەنها لەم بوارەدا كاریان نەكردووە، بەڵكو مەسیحی و جووەكانیش ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە:**

پزیشكیی یەهودی: (حسدای كوڕی ئیسحاق)، كەسێكی شارەزا و بەتوانا بوو لە زانستی پزیشكیدا، یەكێ لە دانراوەكانی بریتی بوو لە: (بەنج)، كە لەكاتی نەشتەرگەریدا بەكاری دەهێنا، هەروەها هەستا بە لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی لەسەر ڕووەكەكان، لەم پێناوەشدا هەوڵێكی یەكجار زۆریدا[٢].

پزیشكیی مەسیحی: (یەحیا كوڕی ئیسحاقی قورتوبی)، پاش پێنج گەشتی یەك لەدوای یەك لەسەر پزیشكێتی ڕۆم كتێبێكی نوسی، دواتر كردیە سەرچاوەیەكی سەرەكی بۆ پزیشكێتی ئەندەلوس و، لە كتێبخانەی ئەندەلوس پارێزرا[٣].

---

(١) الخطابي: الطب والأطباء في الأندلس، ج١/ ص١١٩. أبوعبية: الحضارة الإسلامية، ج٢/ ص٩١٤.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩٨. فرحات: معجم الحضارة، ص٢٥٧.

(٣) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٢٣٥-٢٣٦. صاعد: طبقات الأمم ص٧٨. أبو عبية: الحضارة الاسلامية، ج٢/ ص٩٠٩.

ئەم پزیشکە پاش موسڵمانبونی لەلای خەلیفە عەبدولڕەحمان ناصر متمانەی زیاتری پەیداکرد[١]، و بووە یەکێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی پزیشکانی ئەندەلوس[٢].

## پزیشكیتی لە دەوڵەتی عامریدا :

لە مێژووی ئەندەلوسدا ڕوداوێکی سیاسی ڕویدا، ئەویش: پاش وەفاتی خەلیفە موستەنسر، هاتنە سەر تەختی هیشامی کوڕی، کە تەمەنی تەنها (١١)ساڵ بوو، کە توانای ڕاگرتنی دەوڵەتەکەی نەبوو بەو شێوەی باوك و باپیری ڕایانگرتبوو، هەربۆیە یەکێ لە پیاوان و پارێزەرانی ئەم دەوڵەتە، بووە دەرگاوانی خەلیفە و هەمەکارەی دەوڵەت و، ناوی خەلیفە، تەنها وەکو ڕەمزێك بۆ شکۆی دەسەڵاتەکە مایەوە، ئەویش: (موحەممەدی کوڕی ئەبی عامری معافیری) بوو، توانی پایەکانی ئەم خیلافەتە ڕابگرێ و نەیەڵێت بکەوێت[٣].

لە دەورانی (مەنصور کوڕی ئەبی عامر)دا، توانی ئیسپانیا بەتەواوی بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە و، (٥٦) شەڕی لەگەڵ هەرێمەکانی: (قشتالە و لیون و نبرە و قەتلونیا) ئەنجام بدا، بەمەش سنوری فراوانخوازی ئەندەلوس، لەساڵی (٣٦٧ك/ ٩٧٧ز) گەیشتە ئەوپەڕی سنور، کە لەسەردەمی هیچ فەرمانڕەوایەکی تردا، نەتوانراوە بەو شێوە بەرفراوانییە، سنوری دەسەڵاتیان گەشە پێبدەن.

(ئیبن ئەبی عامر) کەسایەتیەکی ئەدەب دۆست و زانست دۆست بوو، هەڵدەستا بەسازدانی کۆڕ و دانیشتنی زانستیانە، لەشاری قورتوبە، بەئامادەبونی شارەزایانی زانستە جۆراوجۆرەکان و، ئاڵوگۆڕکردنی بیر و بۆچونەکانیان، بۆ سود وەرگرتن لە بۆچونی یەکتر و پەرەدانی زیاتر بە زانستەکان[٤]، بەڵام ئەوەی جێگای ناڕەحەتی بوو لەم سەردەمەدا، وەك: (ئیبن صاعیدی ئەندەلوسی) بۆمان

---

(١) ابن جلجل: طبقات الأطباء، ص١٠٠.

(٢) القفطي: م.س، ص١١٢.

(٣) بڕوانە: ابن الخطيب: الإحاطة في أخبار غرناطة، ج٢/ ص٥٧-٥٨. المقري: نفح الطيب، ج١/ ص٤٠٣-٤٠٤. الحميدي: جذوة المقتبس، ص٢١-٢٢. ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب، ج٢/ ص٢٥١-٢٥٢.

(٤) بڕوانە: الهاشمي: تأريخ الأندلس، ص٥٨٣. مؤلف مجهول: تأريخ الأندلس، ص٢١٨. عبدالواحد المراكشي: المعجب، ص٨٥.

ده‌گێڕێته‌وه و ده‌ڵێ: "بۆ یه‌كه‌مجار ڕێكخستنی گه‌نجینه‌ی كتێبه‌كان، به‌پێی ریزبه‌ندی زانسته‌كان تێك و پێكدرا، ئه‌ویش به‌هۆی قه‌ده‌غه‌كردنی كتێبه‌كانی بواری مه‌نتیق و فه‌له‌كی كۆن بوو، كه‌وا سه‌رجه‌میان له كتێبخانه‌كاندا لابردن،كه له ده‌ورانی خه‌لیفه موسته‌نسردا ڕێكخرابون، ئه‌و كه‌سانه‌شی دیراسه‌یان بكردایه، ڕاپێچی دادگا ده‌كران، به‌ڵام بواره‌كانی تری هێشته‌وه، ئه‌وانیش: (پزیشكیی و ژمێریاری و زمان و نه‌حو و مێژوو و فیقه و فه‌رموده بوون)[1]".

به‌ڵام له‌به‌رامبه‌ر ئه‌وه‌دا، فه‌لسه‌فه و فه‌له‌ك تاڕاده‌یه‌ك به‌ركه‌نار خران، زانستی پزیشكیی زیاتر په‌ره‌ی پێدرا و پزیشكان زیاتر كار و پسپۆڕی و شاره‌زاییان به‌ده‌رخرا.

**له گرنگترین و به‌ناوبانگترین پزیشكانی ئه‌م ده‌وره‌یه‌ش ئه‌مانه بوون:**

١- ئه‌بوبه‌كر ئیسحاقی نه‌صری له (٣٧٠ك/ ٩٨٠ز) مردووه:

پزیشكێكی دیار و به‌رچاوی ئه‌نده‌لوس بوو له ده‌ورانی مه‌نصوردا و، ڕۆڵ و ده‌وری زۆری بینی، له چاره‌سه‌ری نه‌خۆشاندا[2].

٢- ئه‌بو موحه‌ممه‌د كوڕی باز له‌ساڵی (٣٧٢ك/ ٩٨٢ز) مردووه:

شاعیر و پزیشكێكی لێهاتوو بوو، له ده‌ورانی مه‌نصوردا، له چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشاندا، ڕۆڵێكی باشی بینی [3].

٣- ئه‌بو داود سلێمان كوڕی جلجل:

له‌سه‌ده‌ی (٤ك/١٠ز) ژیاوه، پزیشكێكی گه‌وره و دیاری ئه‌نده‌لوسه، له‌هه‌مان كاتدا مێژوونوسێكی به‌تواناش بووه، شاره‌زاییه‌كی باشی له ته‌فسیركردنی ناوی ده‌رمانه‌كانی كتێبی: (دیسقوریدس)دا هه‌بووه[4].

---

(١) طبقات الأمم، ص٦٦-٦٧.

(٢) ابن الفرضي: تأريخ علماء الأندلس، ص٧٠.

(٣) ن.م، ص١٩٥.

(٤) الحميدي: جوة المقتبس، ص١٧٩. الضبي: بغية الملتمس، ج٢/ ص٣٨٢.

٤- ئیـبـن جـلجل:

له دەورانی خەلیفه هیشامدا ژیاوه و، دەورێكی گرنگی گێڕاوه لەپەرەدان بەڕۆشنبیری پزیشكیێتی له ئەندەلوس و، ماوەیەكی زۆر سەرقاڵی تەفسیری ناوی دەرمانەكانی: (دیسقوریدس) بووه، كه لەو بوارەدا بەهەوڵێكی گرنگ دادەنرێ، پاشان له مێژووی ئەو وڵاتەدا، بۆ یەكەمجار هەستا بەنوسینەوەی مێژووی پزیشك و حەكیمانی وڵاتەكەی، هاوشێوەی فەهرەستی (ئیبن نەدیم) كتێبێكی لەو بارەوه نوسی، كه به كتێبێكی بەڵگەنامەیی دادەنرێ، لەبارەی: پزیشكیێتی و هەوڵی پزیشكان له مێژوودا[1].

٥- عەبدولڕەحمان كوڕی هەیسەمی قورتوبی له (٤٢٠ك/ ١٠٢٩ز) مردووه:

یەكێكی تره له پزیشكه هەڵكەوتووەكانی ئەم دەورەیە، زیاتر ناو و ناوبانگی دەركرد، له ڕێگەی نوسینی كتێبی: (التمام والكمال في الأدوية المسهلة والمقيئة) بۆ مەنصور ئیبن كوڕی عامر و، كتێبی: (الإقتصاد والإيجاد في خطأ ابن الجزار في الإعتماد)، كه هەستاوه به ڕەخنەگرتن له هەندێ له بۆچونەكانی: (ئیبن جزار) و هێنانەوەی بەڵگەی زانستی و بەرپەرچدانەوەی هەندێ له پزیشكانی پێشین[2].

٦- ئەبو عبداللەی كەتانی :

پزیشكێكی دیار و لێهاتوو بوو، خاوەنی شێوازی تایبەت به خۆی بوو له چارەسەركردنی نەخۆشاندا، جگه لەوەی خاوەنی چەندین دانراوی پزیشكییه، لەسەر چۆنییەتی دروستكردنی دەرمانەكان، پەیامێكیشی نوسیوه بۆ: (مەنصوری كوڕی ئەبی عامر)، له هەمان كاتیشدا زۆر گرنگی داوەته لایەنی ڕەوانبێژی و، بەهۆیەكی باشی زانیوه بۆ كاریگەری دروستكردن لەسەر هەستی نەخۆش، دەوروبەری ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ز[3]) وەفاتی كردووه.

---

(١) ابن جلجل: طبقات الأطباء، مقدمة المحقق.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩٣. المقري: نفح الطيب، ج٣/ ص١٧٥.

(٣) ابن سعيد الغرناطي: المغرب، ج١/ ص١٤٥. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩١-٤٩٢. الحميدي: جذوة المقتبس، ص١٩٧. الضبي: بغية الملتمس، ص٢٧٢.

پاش وەفاتی مەنصور موحەممەدی كوڕی ئەبی عامر، لەساڵی (٣٩٢ك/ ١٠٠٣ز)دا كوڕەكەی، كە (عەبدولمەلیكی كوڕی ئەبی عامر) بووە جێگرەوەی و نازناوی: (موزەفەر)ی لێنرا، بەمەش دەرگاوانی بووە پشتاوپشتی بۆ خیلافەت، (خەلیفە هیشام) هیچ جۆرە دەسەڵاتێكی جێبەجێكردنی نەبوو، بەڵكو ئەوەی ئیستقراریەتی پاراستبوو، لەڕوی ئەمن و ئاسایشەوە بوو، هاوكات لایەنی زانستیشی پەرەپێدەدا.

لەپاش حەوت ساڵ لە دەسەڵاتی (عەبدولمەلیك موزەفەر) براكەی: (عەبدولڕەحمانی كوڕی ئەبی عامر) دەسەڵاتی گرتە دەست و، نازناوی: (شنجول)ی پێدرا، بەڵام تەنها (٤) مانگ دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، لەبەر ئەوەی خاوەنی كەسایەتیەكی لاواز بوو لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا و، لایەنی ئیداریشی فەرامۆش كردبوو، ئەم جیاكاریەش لەنێوان دەسەڵاتی دینی و ئیداریدا، فیتنەیەكی هەڵگیرساند، كە بووە هۆی كوژرانی لەلایەن دەستەیەك لەسەربازانی سوپاكەیەوە، لەساڵی (٣٩٩ك/ ١٠٠٩ز[1])دا.

لەپاش ئەمەش، ئیتر وڵات شڵەژانێكی سیاسی گەورەی بەخۆوە بینی، كە بووە هۆی كۆچ و دووركەوتنەوەی زانستخوازان لە وڵات، بەهۆی ئەو مەترسی و پەلاماردانانەی، كە ئەندەلوسی پێدا تێدەپەڕی چ لە ناوخۆ و، چ لە دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەبینین: لەم سەردەمەشدا چەند پزیشكێكی دەست ڕەنگین هەبون، كە هەوڵی تیماركردن و چاكردنەوەی حاڵی نەخۆشانیان داوە، لەوانە:

١- ئەبو موحەممەد كوڕی عبداللەی سەقەفی لە (٤٠٣ك/ ١٠١٢ز) مردووە.

٢- ئەبوبەكری خەیات (لە ٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز) مردووە.

بەم جۆرە، وڵات بەشڵەژاوی و نائارامی مایەوە، تا دواجار (هیشامی سێیەم) لە خەلیفایەتی دابڕێنرا، بەمەش كۆتایی بەسەردەمی خیلافەت هات، لە ئەندەلوس دا[2].

---

(١) عبدالواحد المراكشي: المعجب، ص٨٥. الهاشمي: تأريخ الأندلس، ص٥٨٠.

(٢) بروانە: ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب، ج٢/ ص٢٨٤-٢٨٥. عبدالواحد المراكشي: المعجب، ص٩٠. الحميدي: جذوة المقتبس، ص٢١٠. مؤلف مجهول: تأريخ الأندلس. ص٢٤١.

## پزیشكیتی لەدەورانی دەوڵەتۆكە و خێڵەكاندا:

دەوڵەتە خێڵەكیەكان، زاراوەیەكی مێژووییە، بەكاردەهێنرێت بۆ تێكچونی ئەو سەقامگیری و یەكگرتوویيەی وا ئەندەلوسی لەژێر سایەی یەك دەوڵەتدا كۆكردبۆوە و، تێكچونی بەهۆكاری حەزی كەسایەتیەكان بۆ دەسەڵاتی سەربەخۆیی دادەنرێت، ئەم دەورەیە لە ئەندەلوس دا، ماوەی (٨٠)ساڵی خایاند، لە وەفاتی موزەفەری كوڕی ئەبی عامر، تاوەكو لەدەستدانی (تلَیتلَە) و گرتنی لەلایەن خاچیەكانەوە[١].

گۆڕانی ئەندەلوس لە دەوڵەتێكی یەكگرتووی بەهێزەوە، كە تەواوی كیانەكانی گرتبۆوە، بۆ دەوڵەتێكی پارچە پارچەی بچوكی دژ بەیەك، بەهۆی چڵێسی و تەماعی خێڵەكیانەوە، نائارامی و بێ متمانەییەكی گەورەی لە وڵاتدا دروست كرد.

(عەبدولواحید مەڕاكیشی) لە كتێبەكەیدا وەصفی ئەم دیمەنەمان بۆ دەكات و دەنوسێ: "خەڵكەكان بونە گرۆ گرۆ، هەڵگەڕانەوە و، دژایەتی هەموو شوێنێكی گرتەوە، كۆنترۆڵكردنی وڵات ئەستەم بوو"[٢].

بەمەش لەلایەن وەزیری دەوڵەتی (عامری)ەوە (ئەبو حەزمی جهور) خیلافەت هەڵوەشێنرایەوە و سەردەمێكی نوێ لە ئەندەلوس دەستی پێكرد، ئەویش: دەسەڵاتی سەرۆك هۆز و خێڵەكان بوو، كە ژمارەیان زیاتر لە (٢٠)دانە دەبوو، بەناوبانگترینیان ئەمانە بوون:

١- بەنو زیری لە باشوری ئەندەلوس.

٢- مەوالی عامری لە ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس لە (مریە) و (مرسیە).

٣- بەنو عباد لە ئیشبیلیە.

---

(١) الحمیدي: جذوة المقتبس، ص٢١٠. مؤلف مجهول: تأریخ الأندلس، ص٢٤١. مصطفى: موسوعة دول العالم، ص٦٢٧.

(٢) المعجب، ص١٢٣.

٤- به‌نو هود له سرقسطه.
٥- به‌نو حمود له مالقه.
٦- به‌نو ئه‌فته‌س له به‌تلیۆس[١].

ئه‌و تێكچونه سیاسیه‌ی ڕووی كرده وڵاتی ئه‌نده‌لوس و، بووه هۆی پارچه‌پارچه بونی وڵات و هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی خیلافه‌ت، كاریگه‌ری گه‌وره‌ی به‌دیهێنا، له‌سه‌ر بارودۆخی كۆمه‌ڵایه‌تی و لایه‌نی زانستی ناوچه‌كه، به‌ڵام ئه‌و پاشه‌كه‌وته زانستیه‌ی به‌درێژایی (٣)سه‌ده‌ی ڕابردوو، بووه هه‌وێنێكی باش بۆ ئه‌وه‌ی زانایانی وڵات بتوانن له‌و بارودۆخه‌دا، درێژه به‌پێشخستن و داهێنانه‌كانی خۆیان بده‌ن، له هه‌مان كاتیشدا سه‌رۆك خێڵه‌كان، پشتیوانێكی باشی زانایان بوون و هاوكارێكی به‌رده‌وامیان بوون، له‌گه‌ڵ هه‌موو ئه‌و هه‌ڕه‌شه و مه‌ترسیانه‌ی له‌لایه‌ن فرنجه‌كانه‌وه ده‌كرایه سه‌ر ئه‌نده‌لوس، كه جۆرێك له ڕیشوه و گه‌نده‌ڵی دامووده‌زگاكانی گرتبۆوه[٢].

له‌م سه‌رده‌مه‌دا چه‌ندین پزیشك و ده‌رمانسازیی گه‌وره هه‌ڵكه‌وتن، كه توانیان درێژه به‌كاروانی به‌ره‌و پێشبردنی ئه‌م زانسته بده‌ن، له به‌ناوبانگترینیشیان، ئه‌مانه بوون:

١- ئه‌بو حه‌كه‌م عه‌مری كرمانی له شانشینی به‌نی هود له سرقسته:

له قورتوبه له‌ساڵی (٣٦٨ك/ ٩٧٨ز) له‌دایكبووه، خاوه‌نی عه‌قڵێكی مه‌وسوعی زانستی بوو، له بواری نه‌شته‌رگه‌ری و پزیشكیی و فه‌لسه‌فه‌و بیركاری و ئه‌ندازیاریدا، به‌ڵام زیاتر له‌بواری ئه‌ندازیاری و پزیشكێتیدا، ناو و ناوبانگی په‌یداكرد و، ده‌ستڕه‌نگینییه‌كانی له كاری نه‌شته‌رگه‌ریدا به‌ده‌ركه‌وت[٣].

سه‌ره‌تای ئاشنابونی به زانسته‌كان، له‌شاری قورتوبه‌وه ده‌ستی پێكرد و له‌لای چه‌ند زانای ناوداری شاره‌كه ده‌رسی خوێند، پاشان بۆ زیاتر شاره‌زایی له

---

(١) بڕوانه: عنان: دولة الإسلام في الأندلس، دول الطوائف، ص١٥٤. عبدالواحد المراكشي: المعجب، ص١٢٦. ابن عذاري المراكشي: المعجب، ص١٢٦.

(٢) الحسيني: أقمار في سماء الأندلس، ص١٩. بعيون: إسهام العلماء المسلمين، ص١٨٢-١٨٤.

(٣) صاعد: طبقات الأمم، ص١٠٩-١١٠. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٨٤. المقري: نفح الطيب، ج٣/ ص٣٧٦. القفطي: أخبار العلماء بأخبار الحكماء، ص١٦٢.

زانسته‌كانی ئه‌ندازیاری و پزیشكیی، ڕوی كرده ڕۆژهه‌ڵات له‌ناوچه‌ی: (حران) و، پاش به‌ده‌ستهێنانی زانیاری، گه‌ڕایه‌وه بۆ (سرقسته)ی پایته‌ختی شانشینی (به‌نی هود) و له‌وێ ده‌ستی كرد به‌خزمه‌تكردن له بواره‌كه‌ی خۆیدا[1].

یه‌كه‌م كه‌س بوو په‌یامه‌كانی: (ئیخوان ئه‌لسه‌فای) گواسته‌وه بۆ ئه‌نده‌لوس، كه تا ئه‌و كاته بۆچونه‌كانی ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه، ته‌نها له ڕۆژهه‌ڵاتدا بوو[2].

(ئه‌لكرمانی) پاش ئه‌وه‌ی خزمه‌تێكی باشی به هاوڵاتیانی ئه‌نده‌لوس كرد، له ڕێگای زانسته پڕشنگداره‌كه‌یه‌وه[3]، له ساڵی (٤٥٨ك/ ١٠٦٦ز)، كاتێ ته‌مه‌نی له‌سه‌روی (٩٠) ساڵیه‌وه بوو وه‌فاتی كرد.

٢- ئه‌بو مه‌تره‌ف عه‌بدولڕه‌حمانی تلێتلی (٣٩٨-٤٦٧ك/ ١٠٠٨-١٠٧٤ز):

سه‌ره‌تای گه‌شه‌ی فیكری و زانستی له خوێندنی كتێبه‌كانی (جالینۆس) و پاشان (ئه‌رستۆتالیس)ه‌وه ده‌ستی پێكرد، پاشان زۆرێك له كتێبه یۆنانییه‌كانی بواری پزیشكیی به‌ده‌ستخست و خوێندنییه‌وه، تاوه‌كو زانیاریه‌كی باشی له‌سه‌ر ده‌رمان و تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی دروستكردنی به‌ده‌ست هێنا.

(ئیبن وافد) به‌هۆی بیره تیژ و فراوانه‌كه‌ی و حه‌زه دانه‌بڕاوه‌كه‌ی، له‌بواری دروستكردنی ده‌رماندا، پاڵی پێوه‌نا تاوه‌كو ببێته كه‌سێكی داهێنه‌ر له‌و بواره‌دا، كه (ئیبن صاعد) له وه‌سفیدا ده‌ڵێ: "خاوه‌نی بۆچونی سه‌ربه‌خۆ بوو له‌باره‌ی ته‌داوی كردن به‌ده‌رمان، یان به‌خۆراك و كاریگه‌ری و جیاوازیان، پاشان ته‌داوی كردن به یه‌ك ده‌رمان، له‌گه‌ڵ ته‌داوی كردن به گیراوه ده‌رمانییه‌كان".

(ئیبن وافد) له شانشینی (تلێتله) له‌به‌ناوبانگترین و ناودارترین پزیشكانی سه‌رده‌مه‌كه‌ی بوو له‌بواری دروستكردنی ده‌رمان و ڕووه‌كه ده‌رمانییه‌كاندا، ناوبانگێكی گه‌وره‌ی هه‌بوو، هه‌ر ئه‌مه‌ش وایكرد، جگه له‌بواری پزیشكیی چه‌ند پله‌یه‌كی سیاسیش وه‌ربگرێت، تا دواجار پله‌ی (وه‌زیر)ی پێدرا، له لایه‌ن (ئیبن زی نون)ی پاشای (تلێتله).

---

(١) بعیون: ن.م، ص٣٨٣.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء. ص٤٨٤-٤٨٥.

(٣) صاعد: طبقات الأمم، ص٨٤.

(صاعد) له‌باره‌ی هه‌وڵه‌كانی ئه‌م زانایه‌وه، له‌بواری ده‌رمانسازییدا ده‌نوسێ: "خاوه‌نی ده‌سترهنگینییه‌كی بێ هاوتابوو، له ڕێكخستنی ده‌رمانه‌كاندا و له‌سه‌رده‌می خۆیدا وێنه‌ی نه‌بوو، هه‌روه‌ها هه‌ستا به‌دانانی كتێبێك، كه به كۆكراوه‌ی كتێبی (دیسقوریدس) و (جالینۆس) داده‌نرێ له ده‌رمانه تاكیه‌كاندا".

**له‌به‌ناوبانگترین دانراوه پزیشكیه‌كانی تریشی ئه‌مانه بون:**

أ- الكلم على الأدوية المفردة لجالينوس.

ب- التجربتين على أدوية ابن وافد.

ج- اختصار الحاوي للرازي.

د- في الزاج بما هو طبي.

له‌گه‌ڵ ده‌یان كتێبی تر له‌بواره‌كانی فه‌لسه‌فه و گه‌ردونناسیدا، كه كاریگه‌ریه‌كی باشیان هه‌بوو له‌سه‌ر به‌ره‌و پێشبردن و ڕۆشنبیركردنی كۆمه‌ڵگای ئه‌نده‌لوسیدا، ئه‌م زانا گه‌ورمیه، له ساڵی (٥٥٣ك/ ١١٣٨ز) وه‌فاتی كرد و، توێشویه‌كی گه‌وره‌ی زانستی بۆ مرۆڤایه‌تی به‌جێهێشت[1].

٣- ئه‌بو عبدالله عبدالله به‌كری ئه‌نده‌لوسی له‌ساڵی (٤٨٧ك/ ١٠٩٤ز) مردووه:

(ئه‌لبه‌كری) جگه له‌وه‌ی كه‌سێكی دیاری بواری ئه‌ده‌ب و جوگرافیا بوو، خاوه‌نی توێژینه‌وه‌یه‌كی مه‌وسوعی بوو، له‌بواری كۆكردنه‌وه‌ی ناوی ڕووه‌كه ده‌رمانی و گیاییه‌كان و زۆر به‌شێوازێكی جوان له كتێبی: (أعيان النباتات والشجريات الأندلسية) ناوی ڕووه‌ك و گیا ده‌رمانییه‌كانی ڕێكخستووه كه زانای گه‌وره: (ئیبن به‌یتار) گه‌لێك سودی لێبینییه‌وه و ناوه‌كانی بۆ كتێبه‌كه‌ی خۆی گواستونه‌ته‌وه[2].

---

(١) علي عبدالله الدفاع: إسهام علماء العرب والمسلمين في علم النبات. ص١٧٩-١٨٠. فرحات: معجم الحضارة، ص٢٢٤. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٥٠٢-٥٠٣.

(٢) حميدات: أعلام الحضارة،ج٥/ ص٢٩٨-٢٩٩. كحالة: العلوم العملية في العصور الإسلامية، ص٣٩١.

## پزیشكیتی لەدەورانی موڕابتینندا :

ئەندەلوس لەسەردەمی موڕابتینەكاندا، بزوتنەوەیەكی گەورەی فیكری و زانستی تێیدا سەری هەڵدا، كە بووە هۆی دەركەوتنی دەیان و سەدان زانای دیار لەبواری پزیشكیدا، لەهەمان كاتیشدا جیاوازی ئەم سەردەمەی ئەندەلوس، لەگەڵ سەردەمەكانی تردا ئەوەیە: بۆ یەكەمجار (مەغریب) و (ئەندەلوس) بەیەكەوە بەسترانەوە، ئەمەش بووە هۆی بەستنەوەی دوو كلتور و شارستانێتی لەیەك كاتدا (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)، لە بەناوبانگترین و دیارترین پزیشكانی ئەم دەورەیەش ئەمانە بوون:

**١- ئەبو بەكر موحەممەدی تەجیبی، ناسراو بە ابن باجە لە (٥٣٢ك/ ١١٣٨ز) مردووە:**

لە شاری (سرقستهی) ئەندەلوس لەدایكبووە، بەیەكێ لە سێ حەكیمەكەی ئەندەلوس دادەنرێ، هاوشێوەی (ئیبن توفەیل) و (ئیبن ڕوشد)، هەرچی سەبارەت بە نازناوەكەیەتی (باجە)بە زمانی ناوچەی (قشتالە) بە واتای (زیو) دێت، بەلاتینیش بە(Avenpace) ناودەبرێ، دواجار لەناوچەی (فاس) كۆچی دوایی كردووە[1].

ئەم زانایە، خاوەن بیر و فیكرێكی بەرفراوانی مەوسوعی بوو، جێگای خۆی لەنێو فەیلەسوف و زانا خۆرئاواییەكاندا كردبۆوە، هەرچەندە كتێبە فەلسەفیەكانی بەهۆی بیری خۆیەوە، كە لەژێر كاریگەری فەلسەفەی یۆنانی و گومانگەرایی بوو، ڕێگەیان پێنەئەدرا زۆر تەشەنە بكەن، بەڵام ڕەنگیان دابۆوە لەنێو چینی گەنجان و هاوبیرەكانیدا، یەكێ لەوانەش، كە بە درێژە پێدەری ئەو بیرە دادەنرێ: (ئیبن ڕوشد)ە، كە لێكدانەوە و شیكاری بۆ كتێبەكانی و بیردۆزە فەلسەفیەكانی كردووە، هەروەها یەكێكیش بووە لەوانەی بانگەشەی جیاكردنەوەی دین لە فەلسەفەی كردووە، بیرمەند و فەیلەسوفی خۆرئاوا: (كانت)یش گەلێك سودمەند بووە، لە بیرە فەلسەفیەكانی ئەم زانایە و، لە نوسینەكانیدا ڕەنگیداوەتەوە.

---

(١) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٤/ ص٤٢٩. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٥١٥.

لەلایەنی ئاوازدانانیشەوە، خاوەنی چەندین نوسراوە و دەستێکی باڵای هەبووە لە دانانی ئاوازی میوزیکدا و، بۆ خۆی مەدرەسەیەکی گەورە بووە[١].

لێرەدا پێم خۆشە بەشێوەیەکی کورتیش بێت، ئاماژە بە بیرۆکە فەلسەفیەکانی ئەم زانایە بدەم، کە کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەسەر هاوبیرەکانی دوای خۆی:

**- تاکی یەکتاپەرست:**

ژیان کردن بەتەنها لەسەر ڕوناکی عەقڵ دەبێت، چونکە پێی وابوو: مرۆڤ بەعەقڵ و هۆشی، هەموو زانست و دروستکراوەکان دەدۆزێتەوە، دواجاریش دروستکەری شتەکان، کە خوای گەورەیە کەشف دەکات[٢]، ئەم بیرەشی زیاتر لە چیرۆکی (زیندوی بێدار)ەوە وەرگرتبوو، کە چیرۆکێکی فەلسەفی بەربڵاو بوو لە جیهانی ئیسلامیدا و، بە چەندین شێواز لەلایەن فەیلەسوفانی ئیسلامیەوە دەگێڕدرایەوە.

**- پلەکانی وەرگرتنی زانیاری:**

خاوەنی بیردۆزێکی تایبەتە لەبارەی شێوازەکانی وەرگرتنی مەعریفەوە، ئەمەش وای لێکردبوو پەیامێك لەو بارەوە بنوسێت.

**- دوو ڕێنیشاندەرەکە:**

لە پەیامێکدا بەناوی: (الوداع)، کە ئاڕاستەی هاوڕێیەکی کردووە، تێیدا بیرو بۆچونە فەلسەفیەکانی خۆی خستۆتە ڕوو، کە زانست و فەلسەفەی بە دوو ڕێنیشاندەری مرۆڤ داناوە و، ڕونیکردۆتەوە: ئامانجی مرۆڤ، زانستە، کاری زانستیش، دۆزینەوەی خوای گەورە و ئیمان پێهێنانە بەزاتی پەروەردگار.

**- ئارەزووەکان:**

لەم بارەوە لەگەڵ (غەزالی) و (ئیبن سینا)دا پێچەوانەیەو بەرپەرچی داونەتەوە، (ئیبن سینا) پێی وابوو: غەریزە، هۆکارێکە بۆ کەشفکردنی کاروبارەکانی خوای

---

(١) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص٣٦.

(٢) د.أحمد محمد عوف: ن.م، ج١/ ص٣٤.

گه‌وره و گه‌یشتن به پله‌ی باڵا، هه‌رچی (ئیمام غه‌زالی)شه لای وابوو: خه‌ڵوه‌ت، تاكه ڕێگه‌یه مرۆڤ به‌ره‌و كه‌ماڵ و پله‌ی باڵا ببات.

**- جیهانی جیسمانی و ڕۆحانی:**

له (الجواهر المفارقه)دا ڕونیكردۆته‌وه: ئه‌م دوو جیهانه چۆنن و جیاوازیان چییه و چۆن له‌نێو مرۆڤدا یه‌كیان گرتووه[١].

**٢- ئه‌بو وه‌لید ئیبن ڕوشد :**

ناوی (وه‌لید موحه‌ممه‌د ئه‌حمه‌د كوڕی ڕوشد قورتوبی)یه، له‌نێوان ساڵانی (٥٢٠ك/١١٢٦ز - ٥٩٥ك/١١٩٨ز) ژیاوه، (ئیبن ڕوشد) له‌نێو خێزانێكی خوێنده‌وار و قازیدا له قورتوبه گه‌وره بووه، له‌ڕووی فیكره‌وه، ئه‌قڵانی بووه، له‌م بوارانه‌دا خوێندویه‌تی و نوسیویه‌تی: (زانستی كه‌لام له‌سه‌ر مه‌زهه‌بی ئه‌شعه‌ری، فیقهی مالكی، پزیشكی، فه‌لسه‌فه، ئه‌ستێره‌ناسی).

ڕۆژئاواییه‌كان نازناوی: (الشارح الاكبر)یان لێناوه، چونكه شیكردنه‌وه‌یه‌كی قوڵی بۆ ته‌واوی بیروبۆچونه فه‌لسه‌فیه‌كانی: (ئه‌رستۆ) كردووه، هه‌روه‌ها به‌ناوبانگیش بووه به: (پزیشكیی دیوه‌خانی ئه‌میری موه‌حدین له ئه‌نده‌لوس)[٢].

له بواری پزیشكیدا، خاوه‌نی كتێبی: (الكليات)ه كه دواتر وه‌رگێڕرایه سه‌ر زمانی لاتینی له ١٢٥٥ز له به‌دوا، له بوندقیه له ١٥٥٢ز، له لیدن ١٥٣٧ز، گرنگی ئه‌م كتێبه له‌بواری پزیشكیدا به‌جۆرێك بوو، تا (٢) سه‌ده له زانكۆی (پۆلۆنیا) ده‌خوێندرا، له‌م كتێبه‌دا، بنچینه‌كانی زانستی پزیشكیی بۆ حه‌وت ته‌وه‌ره‌ی سه‌ره‌كی دابه‌شكردبوو، ئه‌وانیش بریتی بوون له: (شیكاری جه‌سته، ته‌ندروستی، نه‌خۆشی، نیشانه‌كان، ده‌رمانه‌كان، پاراستنی ته‌ندروستی، چاره‌سه‌ری نه‌خۆشییه‌كان).[٣] هه‌روه‌ها ڕه‌خنه‌شی له جالینۆس گرتووه له بواری هه‌ناسه‌دانی مرۆڤدا[٤].

---

(١) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص٣٥-٣٦.

(٢) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص٨٦

(٣) الخطابي: الطب والأطباء، ج١/ ص٣٢٥. جوندالث و تأريخ الفكر الأندلسي، ص٤٦٩.

(٤) د.أحمد محمد عوف: ن.م، ص٨٦.

ڕۆژهه‌ڵاتناس (دیلاسی) له‌باره‌یه‌وه ده‌ڵێ: "ئیبن ڕوشد، گه‌وره‌ترین فه‌یله‌سوفی ئیسلامیه و كۆتاهه‌مینیشه"، ئه‌م زانا گه‌وره‌یه، بیروبۆچونه فه‌لسه‌فیه‌كانی به‌ناوی: (ئه‌لڕوشدیه) بۆ جیهانی مه‌سیحیه‌تی لاهوتی گوازرانه‌وه بۆ ماوه‌ی چه‌ندین سه‌ده و، كاریگه‌ریه‌كی قوڵی له‌سه‌ر بیركردنه‌وه‌ی خه‌ڵكه‌كه‌ی دانا، به‌تایبه‌تی له بواری: (مانه‌وه‌ی هه‌تایی، دروستبونی دونیا، نه‌مری ڕۆح،..).

ئه‌م كاریگه‌ریانه به‌رده‌وام بوو، تا سه‌ده‌ی (١٦) ز، هه‌روه‌ها بیروبۆچونه‌كانی ده‌رباره‌ی: (سروشت و جه‌بر) له زانكۆكانی پاریس له (١٢١٠ز) ده‌خوێندرا، به‌ڵام له‌ماوه‌ی ژیانیدا تۆمه‌تی زۆری بۆ دروستكراوه، ئه‌مه‌ش به‌هۆی تێنه‌گه‌یشتن له بیروبۆچونه‌كانی و، هه‌ندێك له خه‌ڵكی هێرشی نارِه‌وایان كردۆته سه‌ر، له‌وانه: (قدیس تۆما ئه‌كوینی).

(ئیبن ڕوشد) وه‌ڵامی ئه‌و بۆچونه‌ی داوه‌ته‌وه، كه له‌ناو فه‌یله‌سوف و زانایانی كه‌لامدا باوبوو، كه ئایا جیهان كۆنه؟ یان تازه‌یه؟

ئه‌ویش له وه‌ڵامی ئه‌مه‌دا وتویه‌تی: "بوون دابه‌ش ده‌بێ بۆ سێ به‌ش:
أ- مه‌وجوداتی دروستكراو، وه‌ك (كائینات)، ئه‌مانه تازه‌ن، چونكه زه‌مان و كات له پێش ئه‌ماندا هه‌بوون.

ب- بوونی خوا، كۆنه و هه‌رهه‌بووه، زه‌مان له پێشیدا نه‌بووه.

ج- گه‌ردوون، ئه‌مه‌یان له‌نێوان مه‌وجوداتی دروستكراو و خوای گه‌وره‌دایه "[1].

### ٣- عه‌بدولڕه‌حمان كوڕی موحه‌ممه‌دی كوڕی وافدی له‌خمی (٣٨٩-٤٦١ك/ ١٠٠٧-١٠٦٩ز):

یه‌كێكه له گه‌وره پزیشكانی شانشینی (تلّیتلّه) و، به‌كه‌سێكی شاره‌زای بواری ده‌رمانسازیی داده‌نرێت، به‌هۆی ئه‌مه‌شه‌وه، بووه یه‌كێ له سه‌ریه‌رشتیارانی بواری ده‌رمان له ئه‌نده‌لوس، له‌ماوه‌ی ژیانیدا، جگه له كاری پزیشكیتی پله‌ی سیاسیشی وه‌رگرتووه و، بۆته (وه‌زیر) له شانشینییه‌كه‌ی (ئیبن زی نون)ی پاشای

---

(١) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص٨٧-٩٠.

تلێتلە[1]، خاوەنی دەیان کتێبی نوسراوی خۆی و شەرحکراو و کورتکراوەی پزیشکانی کۆنە[2].

ئەم زانایە، لەسەرەتای ژیانی زانستیدا، دەستی دایە بواری پزیشکیی و دەرمانسازیی، بۆ ئەو مەبەستەش، چووە لای چەندین کەسی شارەزا و پسپۆر، تاوەکو کتێبەکانی: (جالینۆس و ئەرستۆتالیس و بوقرات) بخوێنێت، لەپاشاندا بۆ خۆی بووە کەسێکی شارەزای ئەو بوارە و، دەستی کردە دانانی کتێبێك لەبارەی دەرمانە یەکیەکان، ئەوەبوو دواتر وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی و، بووە سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دەرمانسازیی، لە ڕۆژئاوای ئیسلامی و ئەوروپای مەسیحیدا، پاشانیش کتێبێکی تری نوسی، لەبارەی ڕەچاوکردنی لایەنی تەندروستی لە حەمامەکاندا، ئەم کتێبە لە ئێستادا تەنها بە وەرگێڕدراوی لاتینی ماوەتەوە[3].

**٤- ئەبی سەڵتی ئومەییە کوڕی عەبدولعەزیزی دانی (٤٥٩-٥٢٨ك/ ١٠٦٧-١١٣٤ز):**

کەسێکی شارەزای بواری: (پزیشکی، فەلسەفە، فەلەك، بیرکاری، مێژوو، شیعر، مۆسیقا، ئەدەب) بووە، خەڵکی ناوچەی (دانییە) بووە لە ئەندەلوس، بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە بواری پزیشکیدا ڕووی کردە ڕۆژهەڵات و، بووە قوتابی لەساڵی (٥١٠ك/ ١١٦ز) لە میسر، بۆ ماوەی نزیکەی (٢٠) ساڵ تێیدا مایەوە، هەر لەم ماوەیەدا چووە ئەسکەندەریەش، لەپاشاندا گەڕایەوە شاری مەهدیە لە مەغریب و بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا و لەساڵی (٥٢٩ك/ ١١٣٥ز) وەفاتی کرد.

کەسێکی بیرۆباوەر (سائبی) بووە، بەڵام وتەی حەکیمانەی هەبوو لە بواری پزیشکیدا و، خاوەنی بیرکردنەوە و پشکنینی ورد بووە، لە دۆزینەوە و چارەسەرکردنی

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٩٦. حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٢٧٢.

(٢) فرحات: معجم الحضارة الأندلسية، ص٢٢٤.

(٣) الخطابي: الطب والأطباء، ج١/ ص٢٢

نەخۆشیدا[١]، هەروەها یەكەم كەس بووە، میوزیكی ئەندەلوسی بۆ مەغریب گواستۆتەوە[٢].

ئەم زانایە، خاوەنی دەیان كتێبە لە زانستە جۆربەجۆرەكانداو، گرنگترین دانراوە پزیشكیەكانیشی بریتین لە: (الحديقة)، كە لە بارەی گژوگیا دەرمانییەكانەوەیە، لەگەڵ كتێبی: (الأدوية المفردة) لەبارەی دەرمانە پزیشكیەكانەوەیە.

٥- بنەمـاڵــەی (آل زهر):

بنەماڵەیەكی بەناوبانگی وڵاتی ئەندەلوس بوون، لە لەسەدەی (٥-٧ك/ ١١-١٣ز)، لەبواری سیاسەت و پزیشكیدا.

ئەم بنەماڵەیە، بنەڕەتێكی كۆنیان هەیە لە ئەندەلوس و، بەیەكێ لە خێزانە عەرەبیە كۆنەكانی ئەوێ ناودەبران، لەلایەنی: (ئەدەب و سیاسەت و پزیشكیدا) جێ دەستیان گەلێك دیار و بەرچاوە[٣]، لەلایەنی پزیشكیەوە، خزمەتێكی گەورەیان كردووە، كە دواتر بە درێژتر ئاماژەی پێدەدەین.

## پزیشكیتی لە دەورانی موەحیدیندا :

لەم سەردەمەشدا هاوشێوەی سەردەمی پێشوو، گەلێك پزیشكیی ناودار بەدەركەوتن، كە بە زانست و شارەزاییەكانیان خزمەتی میللەت و ناوچەكەی خۆیانیان كرد، بەناوبانگترین ئەو پزیشكانەش ئەمانە بوون:

١- ئەبولعەلا زوهر لە( ٥٥٧ك/ ١١٦١ز) مردووە.

٢- ئەبولحەسەن كوڕی ئەسدون، ناسراوە بە مەصدوم لە( ٥٨٨ك/ ١١٩٢ز) مردووە.

٣- ئەبوبەكری كوڕی فەقیە (دادوەری ئیشبیلیە).

---

(١) ابن العبري: مختصر تأريخ الدول، ص٣٤٧. البشري: الحياة العلمية، ص٤٦٨.

(٢) حميدات: أعلام، ج٥/ ص١٢٦.

(٣) دندش: الأندلس نهاية المرابطين، ص٤٧. أبو عبية: الحضارة الإسلامية، ج١/ ص٩١٧. الحميري: الروض المعطار، ص٣٣٧.

٤- ئەبو عیمران كوڕی ئەبی عیمڕان و كوڕەكەی ئەبوبەكر موحەممەد كوڕی ئەبی مەڕوان له ( ٥٠٧-٥٩٥ك/ ١١١٣-١١٩٨ز) ژیاوه[١].

٥- خوشكەكەی ئەبی مەڕوان (دایكی عەمرو كچی ئەبی مەڕوان): جێگای پایەكی بەرز بوو له نێو ئەمیرانی موەحدیندا، پاش ئەوەی له پزیشكه پیاوەكانەوە فێری پزیشكێتی بوو، له كۆشكدا هەڵدەستا بەچارەسەركردنی ئافرەتان و منداڵانی نەخۆش[٢].

٦- ئەبوو عامر كوڕی یەحیا كوڕی ینق له (٥٤٧ك/ ١١٢٥ز) مردووه.

٧- ئەبولحەسەنی كوڕی هانی (٤٩٨-٥٧٦ك/ ١١٠٤-١١٨٠ز[٣]).

٨- موحەممەدی كوڕی عەبدولمەلیكی كوڕی توفەیل.

لەگەڵ دەیان پزیشكیی تر، كه ڕۆڵێكی گرنگیان لەم سەردەمەدا بینیوه، له چارەسەركردنی نەخۆشان و پەرەدان به زانستی پزیشكی، بۆ نمونه: یەكێكی دی لەو پزیشكه دیارانەی ئەم سەردەمە: (جەمالەدین موحەممەدی كوڕی تومرت)، له( ٥٢٤ك/ ١١٢٩ز) مردووه، بۆچونی وابوو: تەندروستی دوو بەشە:

یەكەمیان: پاراستن و خۆپارێزی تەندروستانه و، ڕاگرتن و تێكنەچونی باری دەرونییه.
دووەمینیان: دەرمانه، كه لەڕێگای كەسی شارەزاوە پێی بدرێت[٤].

له بواری دەرمانسازییشدا، ئەبوجەعفەر ئەحمەد كوڕی موحەممەد كوڕی سەیدی غافقی، له (٥٥٩ك/ ١١٦٣ز) مردووه، كتێبێكی لەبارەی دەرمانەكانەوە نوسی بەناوی (الأدوية المفردة)، كه بووه سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ (ئیبن بەیتار)ی ڕوەكناسی سەدەی دواتر، بەڵام نوسخەی ئەم كتێبه له ئێستادا نەماوه بەڵكو ئەوەی هەیە كورتكراوەكەیەتی، كه لەلایەن (ئەبو فەرەجی كوڕی

---

(١) دیاب: الطب والأطباء، ص٤٢٤. ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ص٥١٧-٥١٨.

(٢) المراكشي: الذيل والتكملة، السفر الخامس، برقم ١، ص١٨.

(٣) المراكشي: ن.م، ص٤٠٧.

(٤) ابن تومرت: كنز العلوم والدر المنظوم، ص٨٨.

عیبریەوە) لە (٦٤٨ك/ ١٢٨٦ز) مردووە ئەنجام دراوە و، لەساڵی (١٩٣٣)ز لەقاهیرە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس: (ماکس مایرهوف)ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە[١].

## پزیشکێتی لە دەورانی شانشینی غەرناتەدا:

لە ئەنجامی لاوازی سیاسی و ململانێکانی وڵاتی ئەندەلوس، شارە ئیسلامییەکانی ئەم وڵاتە، یەك یەك کەوتنە ژێر داگیرکاری خاچیەکان و فەرمانڕەوایەتی پاپەویەتی کاسۆلیکی ڕۆمیەوە، بەڵام چوارچێوەیەك لە خاکی ئەم وڵاتە مایەوە و خۆی نەدا بەدەستەوە، ئەویش: (غەرناتە) بوو، کە شانشینی غەرناتەی لێ دامەزرا، وەکو دوا مەنزڵی موسڵمانان لە خاکی ئەوروپادا چاوی لێدەکرا[٢].

ئەم سەردەمەش دوا بەدوای شکستی موەحدینەکان دەست پێدەکات، لەلایەن بنەماڵەیەکەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەناوی: (بەنو ئەحمەر)، کە گرنگیەکی باشیان دایە لایەنی: پزیشکێتی و فەلسەفە و زانستەکانی تر، هەربۆیە دەبینین لەم سەردەمەدا، کۆمەڵێك پزیشکیی لێهاتوو و دیار بەدەرکەوتن، لەوانە:

**١- ئەبو ئیسحاق کوڕی موحەممەدی تڵموس لە (٦٣٠ك/ ١٢٢٣ز) مردووە:**

لەسەر دەستی کوڕەکەی ئیبن ڕوشد فێری زانستی پزیشکیی بووە، پاشان چۆتە مەراکیش و، دواتر گەڕاوەتەوە ئەندەلوس، لەیەکێ لە پەیامە پزیشکیەکانیدا، ڕەخنەی لە هەندێ لە بۆچونە پزیشکیەکانی (ئیبن سینا) گرتووە[٣].

**٢- یەحیای کوڕی هوزەیلی تەجیبی لە (٧٣٥ك/ ١٢٢٩ز) مردووە:**

یەکێکی ترە لە زانا دیارەکانی ئەم سەردەمە و، خاوەنی زانستێکی بەرفراوان بووە، لە بواری: (پزیشکێتی، ئەندازیاری، ئەدەب، فیزیا،...)، توانیویەتی بەشێوازێکی سەرکەوتوانە، وەکو وانەبێژێك وانە بە قوتابیانی ئەم زانستانە بڵێتەوە،

---

(١) بالنثيا: تأريخ الفكر الأندلسي، ص٣٣٣. دندش: الأندلس في نهاية المرابطين. ص٤١٥.

(٢) محمد عبدالله عنان: دولة الإسلام في الأندلس. العصر الرابع- نهاية الأندلس وتأريخ العرب المنتصرين. ص٤١.

(٣) الخطابي: الطب و الأطباء. ج١/ ص٢٨.

جگە لەمەش، بۆتە پزیشکیی تایبەتی (سوڵتان نەصری) لە غەرناتە[١].

**٣- ئەحمەد موحەممەدی کوڕی مفرج ئەمەوی ئیشبیلی، ناسراو بە ئین ڕومیە لە (٦٣٧ك/ ١٢٣٩ز[٢]) مردووە:**

پزیشکیی ڕووەکیە، سەرەتا بۆ بەدەستهێنانی پسپۆڕی زانستی و ئەزمونی پزیشکیی، زۆربەی ناوچەکانی ئەندەلوس گەڕا، پاشان بۆ بەدەستهێنانی شارەزایی زیاتر و دۆزینەوەی دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشییەکان، ڕووی کردە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات، وەك: عێراق، شام، حیجاز.

دوای ئەوەی لە هەریەکە لەو ناوچانە، ماوەیەك مایەوە، ئینجا ڕووی کردە میسر و، لەلایەن: (مەلیك عادلی ئەیوبی)ەوە پێشوازی لێکرا و، بەرێزەوە داوای لێکرد لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوە، لەم ماوەیەشدا دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ڕووەکەکان و، پاش بەدەستهێنانی زانیاریەکی باش، گەڕایەوە بۆ ئەندەلوس و لەوێ دەستی کرد بە وانە وتنەوە و دانانی کتێب، لەبارەی ڕووەك و گیا دەرمانییەکانەوە، لەوانە:

أ- كتاب تفسير أسماء الأدوية المفردة من كتاب ديسقوريدس.

ب- كتاب الأدوية جالينوس.

ج- كتاب الرحلة البناتية.

د- رتب في الحشائش على حروف المعجم[٣].

جگە لەوەی کەسێکی کەمتەرخەم نەبووە، لە چارەسەری نەخۆشاندا، خاوەنی چەندین دەرمانی پزیشکیی و شیکاری ڕووەکیە، لەڕووی تایبەتمەندیانەوە و، زۆر بە جوانی بە شێوازێکی دروست وێنای ڕیخۆڵەشی کردووە، سەرباری هەموو ئەم کارانە لە کاری وانەبێژیدا دانەبڕاوە و، سەرگەرمی وتنەوەی وانە بووە، لە

---

(١) حميدات: أعلام الحضارة، ج٥/ ص٥٢٧.

(٢) مصطفى: موسوعة دول العالم، ج٢/ ص١٣١٧.

(٣) فرحات: معجم الحضارة، ص٢٣٤. العامري: كشاف، ص١٧٦.

قوتابخانەی پزیشکیی غەرناتە و، ماوەیەکیش بۆتە سەرپەرشتیاری پزیشکانی ئەو شارە و، پزیشکیی دەرباری سوڵتانیش بووە[١].

**٤- موحەممەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی عبداللەی ئەنساری، ناسراو بە (ئیبن سەراج) لە (٦٥٤-٧٢٠ك) ژیاوە:**

پزیشکیی ڕووەکی بووە، بە چارەسەری هەژار و کەم دەستان بەناوبانگ بووە و زۆر هاوکاری و دەستگیرۆیی کردون، لەبەناوبانگترین دانراوەکانیشی: (السر المذاع في تفصيل غرناطة على سائر البقاع[٢]).

**٥- ئەلفەڕا لەساڵی (٦٨٥ك) ژیاوە:**

یەکێك لە دانراوەکانی ئەم پزیشکە لەسەر پەڕاوێکی (ئیبن سینا)یە، بەناوی: (نظم الحلي في شرح أرجوزة أبي علي).

**٦- عیسای کوڕی سەعادەی ئەمەوی لە (٧٢٨ك) مردووە:**

کتێبێکی هەیە لەسەر لایەنی دەرونی نەخۆش، بەناوی: (كتاب القفل والمفتاح في علاج الجسوم والأرواح).

**٧- لیسانەدین کوڕی خەتیبی سەلمانی لە (٧٧٦ك) مردووە:**

زۆرن ئەو پزیشکانەی لە جیهانی ئیسلامیدا بەدەرکەوتون و، توانا و تایبەتمەندێتی شیعر نوسینیان هەبووە، یەکێك لەو پزیشکانەش، ئەم زانا گەورەیە، کە (مقری) لەو بارەوە ئەم پارچە شیعرەمان بەم شێوەیە بۆ دەگوازێتەوە:

الطب والشعر والكتابة سماتنا في بني النجابة
هن ثلاث مبلغات مراتبا بعضها الحجابة[٣]

---

(١) الطوخي: مظاهر الحضارة، ص٣٧٢.

(٢) فرحات: معجم الحضارة، ص٢٣٨. الطوخي: ن.م، ص٣٧٥.

(٣) نفح الطيب، ج٥/ ص١٦.

ئەم زانایە یەكێكە لەو پزیشكانەی، لەبارەی نەخۆشی (تاعون)ەوە قسەی كردووە و، لێكۆڵینەوەی تایبەتی هەبووە لەو بارەوە، بەتایبەت بۆ ئەو كاتە كارێكی یەكجار سەخت بووە، چونكە نەخۆشییەك بوو، سەرجەم ناوچەكانی ئەوروپای گرتبۆوە، لە كاتێكدا لە (٣) بەشی خەڵكی ئەوروپا، بەشێكی ماوە، لایان وابوو: ئەمە غەزەبی خوایە بەهۆی ئەوەوەیە، كە جولەكەیان لەگەڵدایە، بەڵام لە ئەندەلوس و لەلایەن چەند زانای گەورەوە، لێكۆڵینەوە كرا و كتێبی لەبارەوە نوسرا، ئەم زانایەش یەكێك بوو لەوانە، كە لەبارەی نەخۆشییەكەوە وتویەتی[١]:

**نەخۆشییەكی درمی و گواستراوەیە، كەسی توشبوو ئەم نیشانانەی تێدا دەردەكەوێت:**

١- تا.

٢- ئەندامەكانی جەستەی بێ هێز دەبێت.

٣- تف و بەڵغەمی خوێناوی دەبێت.

٤- نیشانە و هێماكانی نەخۆشییەكە بەجەستەیەوە دەردەكەون، بەتایبەت لە بن باڵ و گوێچكەكانیدا.

نەخۆشییەكە لەیەك كەسی توشبوو دەگوازرێتەوە و تەشەنە دەكات، لە ویلایەتەكانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و بۆ ماڵ و گوندەكان، هەربۆیە كەسی توشبوو، دەبێ دوربخرێتەوە و دواتریش، كە مرد بسوتێنرێت، ئەم نەخۆشییە زیاتر منداڵان و ئافرەتان دەگرێتەوە[٢].

**٨- ئیبن میهنا (قوتابی لیسانەدین ئیبن خەتیب) :**

شەرحی (ئەلفیە)ی ئیبن سینای، بەشێوازێكی زۆر جوان كردووە، ئەمەش زیاتر لە مامۆستاكەیەوە وەریگرتووە، یەكێك بووە لەو قوتابیانەی پێداگری

---

(١) دەستنوسەكە لە (ئسكوریاڵ) بە ژمارە (١٧٨٥) بڵاوكراوە بە وەرگێڕاوی ئەڵمانی. لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی: (مۆلەر).
.Beyerische Akademie Der Wisens chaft 1964 M.Al-Abbady.op.cit. p.206

(٢) محمد عبدالله عنان: لسان الدين ابن الخطيب (حياته وتراثه الفكري)، ص٢٨٠.

کردووە لەسەر فێربونی زیاتر لەسەر پزیشکێتی، هەربۆیە لەماوەیەکی کەمدا ناوبانگی لە مەغریبدا بڵاوبۆوە[١].

**٩- ئەبو جەعفەر کوڕی خاتیمە لە(٧٧٠ك/ ١٣٦٨ز) مردووە:**

لێکۆڵینەوەیەکی وردی هەیە لەبارەی نەخۆشی (تاعون)ەوە، دەکرێ بڵێین: لەگەڵ دانراوەکەی (ئیبن خەتیب)دا، دوو کتێبی تێر و تەواون لەو بارەوە، ئەویش کتێبی: (تسهيل غرض القاصد في تسهيل المرض الوافد[٢])ە.

ئەم نەخۆشییە لەساڵی (٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز) لە ئەندەلوس بڵاوبۆوە، بەڵام ئەم زانایە هاتووە بەزانستەکەی خۆی خزمەتی وڵاتەکەی کردو، لە پێناوی مانەوەی مرۆڤەکاندا، تاوەکو بتوانێ بەر لەو نەخۆشییە بگرێت، شێوازی باسکردن و تەشەنەکردنی نەخۆشییەکە، زۆر لە شێوازی زانستیانەی ئەم سەردەمەوە نزیکە، کە دەڵێ: "کەسی توشبوو، (تا)یەکی توند دەگرێ و لێدانی دڵی تێکدەچێ، بەهۆی تێکچونی ئاووهەوای دەوروبەری و بەرزی تاکەیەوە، عارەقێکی زۆری دەبێت، ئەمەش وادەکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەبستێنێ و، ببێتە هۆی تەشەنوجکردنی جەستەیی وەك: (تەنگەنەفەسی و ڕەقبونی سنگی و هەوکردن و گۆڕانی ڕەنگی زمانی و خوێن هێنانەوە .....)[٣]".

**١٠- چەند بنەماڵەیەکی پزیشکیی لەم سەردەمەدا بەدەرکەوتن لەوانە: (شەقوری، تنبالی، قربلیانی).**

لەنێو ئەم بنەماڵانەشدا، چەندین پزیشکیی بەتوانا بەدەرکەوتن، وەکو:

أ- ئەبو تەمام غالبی شەقوری (٧٤١ك/ ١٣٤٠ز).

ب- عبداللەی کوڕی، لە ساڵانی (٧٧١ك/ ١٣٦٩ز) ژیاوە، پزیشکیی تایبەتی سوڵتان محمدی پێنجەم بووە.

---

(١) المقري: نفح الطيب. ج٧/ ص٢٨١.

(٢) F.gesch. Demediz. XIX.p.38.

(٣) الخطابي: الطب والأطباء، ج٢/ ص١٦٤. أبو الفضل: اضواء على النشاط العلمي في الأندلس، ص٤٣١.

ج- ئوم حه‌سه‌ن كچی پزیشك (ئه‌للوشی تنبالّی)، كه له (٧٥٠ك/١٣٤٩ز) مردووه.
د- موحه‌ممه‌د كوڕی فه‌ره‌جی قربلیانی، له( ٧٦١ك/ ١٣٦٠ز) مردووه:

سه‌ره‌تا، لای باوكی زانستی ڕووه‌كناسی خوێندووه، پاشان لای (ئیبن سه‌راج) زانستی نه‌شته‌رگه‌ری خوێندووه، تاوه‌كو بۆته كه‌سێكی پسپۆڕی بواری نه‌شته‌رگه‌ری و، كتێبێكی زۆر نایابی نوسی، به‌ناوی: (الإستقصاء والإبرام في علاج الجراحات والأورام)، له سێ ته‌وه‌ره پێكهاتووه:

یه‌كه‌م: چاره‌سه‌ری هه‌وكردن و گرێكان (لوه‌كان).

دووه‌م: چاره‌سه‌ری داخورانی ئێسكه‌كان.

سێیه‌م: چاره‌سه‌ری سه‌ره‌تایی بۆ هه‌ندێ له برین و برینداریه ساده‌كان[1].

## هه‌ندێ له‌داهێنانه‌كانی پزیشكانی ئه‌نده‌لوس:

له كۆتاییدا پێم باشه هه‌ندێك، له داهێنانی پزیشكه لێهاتووه‌كانی ئه‌نده‌لوس باس بكه‌م، تاوه‌كو ببێته كۆتایی ئه‌م باسه‌مان وجێگای سه‌رنجتان، هه‌رچه‌نده له‌زۆرێك له شوێنه‌كاندا و له‌ژیانی پزیشكه‌كاندا ئاماژه‌م پێكردون، به‌ڵام ئه‌مانه هه‌ندێكن له‌وانه‌ی باسیان نه‌كراوه، یاخود زۆر جه‌ختم له‌سه‌ریان نه‌كردۆته‌وه:

١- به‌كارهێنانی سه‌هۆڵ بۆ وه‌ستانی خوێن به‌ربون.

٢- سوتاندن وه‌ك چاره‌سه‌رێ بۆ به‌رگرتن له نه‌خۆشییه گواستراوه له‌ناوبه‌ره‌كان.

٣-به‌كارهێنانی ئاوی كوڵێنراوی سروشتی، بۆ چارسه‌ری نه‌خۆشییه‌كانی ڕۆماتیزم.

٤- سه‌ركه‌وتنی پزیشكانی غه‌رناته، له چاره‌سه‌ری ئاوی شینی چاو و چۆنییه‌تی ده‌رهێنانی.

٥- گۆڕانی ئاووهه‌وای نه‌خۆش، به پیاسه‌كردنی له‌ناو باخچه‌دا.

---

(١) العامري: كشاف، ص١٧٤. فرحات: معجم، ص٢٤٤.

٦- خەواندنی نەخۆش و هێشتنەوەی لە خەستەخانەدا، لەژێر چاودێریی و بۆ ئاگاداربون لە گۆڕانی باری نەخۆش.

٧- پزیشكانی ئەندەلوس بەناوبانگبون و، شارەزای باشیان هەبوو لەنەخۆشییە مەترسیدارەكانی ئەو سەردەمە، وەكو : (گەڕی، شەلەل، هەوكردن، ئاوڵە،...).

٨- سەركەوتنێكی باشیان لە نەشتەرگەریدا بەدەستهێنا، بە بەكارهێنانی ئامێری تایبەت و زۆر باش، هەروەها لەكاتی شەڕەكاندا، لەگەڵ ئیسپانەكان نەشتەرگەری فیتقیان ئەنجامدا، جگە لە ڕێنماییدان بە كەسانی نەخۆش.

٩- زۆر سەركەوتوانە چارەسەری داخورانی ئێسكەكانیان كرد و، چارەسەریان بۆ دۆزییەوە.

١٠- گرنگی درایە پاكوخاوێنی و شۆردنی كەسی نەخۆش و جلەكانی، بەتایبەت لەكاتی بڵاوبونەوەی پەتا لەناوبەرەكاندا، حەمامە گشتیەكان دادەخران.

لەو پێناوەشدا هەوڵی زۆر باش نرا، لەلایەن: (ئیبن خەتیب، ئیبن خاتمە ئەنصاری، ئەلشقوری)، كە بە سەرنج و لێكۆڵینەوەكانیان توانیان كەمتر پشكیان لەو نەخۆشییە بەربكەوێت، لە كاتێكدا ئەوروپا بە ملیۆنان خەڵكی لێ مرد، چونكە نەخۆشییەكەیان بۆ سیحر و جادوو دەگەڕاندەوە و، پشتیان كردبووە زانست[1].

---

(١) د.أبو عبية: الحضارة الإسلامية، ج٢/ ص٩٢٧.

# بەناوبانگترین پزیشكانی ئەندەلوس

**بەناوبانگترین پزیشكانی ئەندەلوس بەپێی پۆلێنكردنی ناوچەكانیان، ئەمانەن[1]:**

**- بەناوبانگترین پزیشكانی قورتوبه (Cordoba) :**

١- ئیبن جلجلی قورتوبی .

٢- ئەبو جەعفەر سەیدی غافقی.

٣- ئەبو جوناح.

٤- ئیبن ڕوشدی قورتوبی (Avarros).

٥- ئیبن ڕۆمانی نەسرانی .

٦- ئەبو قاسمی زەهراوی.

٧- ئیبن مەیمونی یەهودی (Mamondes).

٨- ئیبن عەبدربه عوسمان.

٩- ئیبن وەلیدی موزحەجی.

١٠- ئەبوبەكر سلێمانی كوڕی باج.

١١- ئەبو قاسم مەسلەمەی مەجریتی.

١٢- ئەبو هەیسەم عەبدولڕەحمان كوڕی ئیسحاقی قورتوبی.

---

(١) د.نهاد عباس الزينل: الإنجازات العلمية للأطباء في الأندلس وأثرها على التطور الحضاري في أوروبا. ص٢٠٩-٢١٠.

١٣- عەبدولمەلیكی سەقەفی.
١٤- ئیبن سەمینە یەحیا كوڕی یەحیا.
١٥- حەمدانی كوڕی ئیبان.
١٦- ئیبن حینات موحەممەد كوڕی سلێمان.

**- بەناوبانگترین پزیشكانی غەرناتە (Granada) :**

١- ئیبن حەسانی غەرناتی .
٢- لیسانەدین ئیبن خەتیبی غەرناتی (Ibn al jatib).
٣- ئیبن خەلسون.
٤- ئیبن سەمەح كوڕی موحەممەدی غەرناتی .
٥ ئیبن ڕقام موحەممەد كوڕی ئیبراهیم .
٦- ئەبو وەلیدی قریلیانی.
٧- ئەبو عبدالله موحەممەدی شەقوری.

**- بەناوبانگترین پزیشكانی ئیشبیلیە (Sevilla) :**

١- ئەبو مەڕوان عەبدولمەلیك كوڕی زوهر .
٢- ئەبولعەلا زوهری ئیادی .
٣- وەزیر ئەبوبەكر كوڕی زوهر ئەبو مەڕوان.
٤- ئیبن ڕومیە ئەمەوی.

**- بەناوبانگترین پزیشكانی مالقە (Malage) :**

- ئیبن بەیتار.

**- بەناوبانگترین پزیشكانی بلنسیە (Valencia):**

١- ئیبن تلّموس ئەبو حەجاج یوسف.
٢- ئیبن سەڵتی ئومەییە.

- **به‌ناوبانگترین پزیشكانی مریه (Almeria) :**

١- ئیبن خاتیمه ئه‌حمه‌د كوڕی عه‌لی ئه‌نساری.
٢- ئه‌ڕیولی عه‌بدولعه‌زیز ئه‌بوبه‌كر.

- **به‌ناوبانگترین پزیشكانی تلیتله (Toledo):**

١- ئیبن وافدی له‌خمی.
٢- وه‌زیر ئه‌بو مه‌تره‌ف سلێمان كوڕی حارسی قورتوبی (Abulaefith).

- **به‌ناوبانگترین پزیشكانی سرقسته (Zaragoz):**

- ئیبن به‌كلارشی ئیسرائیلی.

# پسپۆڕی پزیشكانی ئه‌نده‌لوس

**پزیشكیتی له ئه‌نده‌لوس ئه‌وه‌نده په‌ره‌ی سه‌ندبوو، كه‌وا پسپۆڕیه‌كان جیاكرابونه‌وه، له‌خواره‌وه بۆ هه‌ر یه‌كه له‌پسپۆڕیه‌كان، نمونه‌ی دكتۆرێكی دیارمان داناوه:**

- **نه‌شته‌رگه‌ری گشتی:** ئه‌بو قاسمی زه‌هراوی، خاوه‌نی كتێبی: (التصريف لمن عجز عن التأليف).

- **پزیشكیی توێكاری چاو (نه‌خۆشییه‌كانی چاو):** ئه‌حمه‌د كوڕی قسوم كوڕی ئه‌سله‌می غافقی، خاوه‌نی كتێبی: (المرشد في الكحول).

- **پزیشكیی منداڵان و منداڵبون:** عه‌ره‌ب كوڕی سه‌عیدی كاتب، خاوه‌نی كتێبی: (خلق الجنين، وتدبير الحبالي والمولدين).

- **پزیشكیی هه‌ناوی و هه‌رس:** ئه‌بو مه‌ڕوان عه‌بدولمه‌لیك كوڕی زوهر.

- **توێكار و پشكنینی نه‌خۆشییه‌كان:** ئه‌بو عه‌لا كوڕی ئه‌بی به‌كر كوڕی زوهر.

- **پزیشكیی ئافره‌تان:** كچه‌زای ئه‌بی به‌كر كوڕی زوهر.

- **پزیشكیی نه‌خۆشییه‌كانی پێست:** ئه‌بو قاسمی كوڕی زوهر.

- **پزیشكیی نه‌خۆشییه درمه‌كان:** ئه‌بو جه‌عفه‌ر كوڕی خاتیمه ئه‌نساری، خاوه‌نی كتێبی: (تحصيل غرض القاصد في تفصيل المرض الوافد).

- **پزیشكیی گیایی:** ئیبن به‌یتار، به‌ناوبانگترین كتێبی: (الجامع لمفردات الأغذية والأدوية).

- **ده‌رمانسازیی:** ئه‌بو جه‌عفه‌ر ئه‌حمه‌دی غافقی، به‌ناوبانگترین كتێبی: (الأدوية المفردة).

# پزیشکێتی لە دەورانی
# مێژووی ئیسلامدا

## (٥)

## پزیشکێتی لە دەورانی عوسمانیدا



لۆگۆی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

## بارودۆخی سیاسی

ڕه‌چه‌ڵه‌كیان بۆ توركه‌كانی ناوچه‌ی ئاسیای ناوه‌ڕاست ده‌گه‌ڕێته‌وه، بۆ یه‌كه‌مجار زێدی خۆیان جێهێشت و، هاتنه وڵاتی ئێران، پاشان كۆچیان كرد بۆ ئاسیای بچوك و له‌وێ نیشته‌جێ بون، به‌ڵام هاتنی شالاوی مه‌غۆله‌كان بۆ ناوچه‌كه‌یان، ناچاری كردن كۆچ به‌ره‌و حه‌له‌ب بكه‌ن و له‌قه‌ڵای (جه‌عبیر) له‌سه‌ر ڕۆخی ڕوباری فورات بگیرسێنه‌وه، له‌وێ له‌پاش ماوه‌یه‌ك ئه‌میره‌كه‌یان سوله‌یمان وه‌فاتی كرد و، (ئۆرتوغول)ی كوڕی جێگه‌ی گرته‌وه، ئه‌م میره توانی به‌ره‌زامه‌ندیی سوڵتان عه‌لادینی سه‌لجوقی خێڵه‌كه‌ی به‌رێته پاڵ خێڵێكی دی نزیك ئه‌نقه‌ره، له‌پاش ئۆرتوغول، (عوسمان)ی كوڕی له‌ساڵی (٦٨٠ك/ ١٢٨١ز) ده‌سه‌ڵاتی گرته ده‌ست، بۆ یه‌كه‌مجار ئه‌م میره هه‌وڵی به ده‌وڵه‌تكردنی خێڵه‌كه‌یدا، ئه‌وه‌بوو توانی له‌ساڵی (٦٩٩-٧٠٠ك/ ١٢٩٩-١٣٠٠ز) ده‌وڵه‌تی عوسمانی ڕابگه‌یه‌نێت، كه ده‌وڵه‌ته‌كه‌ش به‌ناوی ئه‌وه‌وه ناسراوه.

عوسمانییه‌كان له‌سه‌ر حسابی ده‌وڵه‌تی بیزه‌نتیه ده‌ستیان دایه فراوانخوازی سنوری وڵاته‌كه‌یان، ئه‌وه‌بوو له‌سه‌رده‌می: (ئۆرخان) ناوچه‌ی (بوڕصه) فه‌تح كرا و ده‌ست گیرا به‌سه‌ر گه‌روی: (ده‌رده‌نیل)دا له‌كیشوه‌ری ئه‌وروپا ساڵی (٧٥٧ك/ ١٣٥٧ز) پاشان فه‌تحی: (ئه‌درنه و قوصوه و به‌لقان) كرا، دواتر له‌ده‌ورانی بایه‌زیدی یه‌كه‌م گه‌مارۆی قوسته‌نتنییه درا، به‌ڵام به‌هۆی هێرشه له‌ناكاوه‌كانی ته‌یموری له‌نگ شكستی به‌هه‌وڵه‌كه‌ی بایه‌زید هێناو، له‌ساڵی (٨٠٤ك/ ١٤٠٢ز) له‌شه‌ڕی (ئه‌نقه‌ره)دا به‌دیلی كه‌وته ده‌ستی (ته‌یمور).

موحەممەدی یەكەم (چەلەبی)، دوبارە توانی دەوڵەتی عوسمانی هەڵسێنێتەوە و، بیگەیەنێتەوە ئاستی بەهێزیەكەی جارانی و، ناوچە دابڕێنراوەكانی بخاتەوە سەر سنوری دەسەڵاتەكەی،دواتریش مورادی دووەم لەسەر كارەكانی باوكی بەردەوام بوو بەتایبەت كە توانی لەشەڕی (وارنە)ی خاچیەكاندا، سەركەوتنێكی گەورە تۆمار بكات[1].

لەساڵی (٨٥٧ك/ ١٤٥٣ز) موحەممەدی دووەم (فاتیح) توانی فەتحی قوستەنتنییە بكات و ناوەكەی بگۆڕێت بۆ: (ئیسلامبۆل)(ئەستانە) و، بیكاتە پایتەختی دەوڵەتەكەی، بەمەش بلۆكی ڕۆمە بێزەنتیەكان لەڕۆژهەڵات ڕوخا[2].


فەتحی قوستەنتنیە موحەممەد فاتیح لەناو ئاپۆرەی سەربازەكانیدا

لەپاشاندا (سەلیمی یەكەم) لەشەڕی چاڵدێران ساڵی (٩٢٠ك/ ١٥١٤ز) توانی شكست بە شای ئێران: (ئیسماعیلی سەفەوی) بێنێت و، لەپاش ڕوخاندنی مەمالیكەكان، كوردستان و شام و میسر و حیجاز، بخاتە سەر دەوڵەتەكەی، بەمەش نازناوی خەلیفەی موسڵمانانی لێنرا.

(١) عبدالسلام عبدالعزيز فهمي: السلطان محمد فاتيح، ص١٤-١٥.

(٢) عبدالسلام عبدالعزيز فهمي: السلطان محمد فاتيح، ص٧٥.

سولەیمانی یەکەم (قانونی)، توانی بەردەوامی بداتە فراوانخوازیەکانی ئەم دەوڵەتە لەهەردوو بەرەی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا و بەمەش توانی فەتحی مەجەر بکات و گەمارۆی ڤیەننا بدات، پاشان باڵادەستیان بەسەر دەریای ناوەڕاستدا هێنا لەلایەن کەشتیەوانی بەتوانا خەیرەدین بەربەرۆس و لەدەریای عەرەب و هیندی و ئەتڵەسی لەلایەن پیری ڕەئیسەوە، بەمەش عوسمانییەکان لەم سەردەمەدا گەیشتنە ئەوپەڕی سنوری خۆیان بەوەی جگە لەناوچەکانی پێشوو یەمەن و بەغدا و باکوری ئەفریقیا تا ئەوپەڕی مەغریبی دوور و قوبروس و کریت و .. بخەنە سەر سنوری دەسەڵاتەکەیان[1].



شکستەکانی عوسمانی لەساڵی (١٠٩٨ك/ ١٦٨٦ز) دەستی پێکرد دوای ئـــەوەی لە (مـــەجەر) شکا و شەڕی لەگەڵ ڕوسیا ساڵی (١١٤٩ك/ ١٧٣٦ز) دەستپێکرد، هەروەها هێزی (ئینکشار)یەکانیش ئەو ملکەچیەی جارانی نەما، هەربۆیە سوڵتان مەحمودی دووەم، ســـاڵـــی (١٢٤١ك/١٨٢٦ز) دەستی کرد بە چارەسەری کێشەکانی دەوڵەتەکەی، لەژێر ناوی چاکسازی کردن لەوڵاتدا و، بەمەرکەزی کردنی دەوڵەت، کە لەمێژوودا بەسەردەمی تەنزیمات ناسراوە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو، لەهەمان کاتدا بووە هۆی جیابونەوەی میسر لە دەوڵەتەکە و هاتنە ناوەوەی ئەوروپیە داگیرکەرەکان بۆ وڵاتەکە و، بەرپابونی چەندین شۆڕش، دیارترینیان لەناوچەی: (بەلقان) بوو[2].

لەساڵی (١٣٢٦ك/١٩٠٨ز) ئیتحادیەکان، بەناوی جێبەجێکردنی دەستور بۆ وڵات دامەزران و، لە(٢٨)ی نیسانی (١٩٠٩ز)دا سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم)یان لەژێر

---

(١) د.شوقي أبوخليل: اطلس التاريخي العربي الاسلامي، ص٢٣٨.

(٢) د.قيس جواد العزاوي: الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الإنحطاط، ص١٤٦.

هەمان ناودا لەخیلافەت دورخستەوە، دواتریش دەوڵەتەکەیان پەلکێشی ناو جەنگی جیهانی یەکەم کرد و، ئیمپراتۆریەتەکەیان بەرەو پەرتبون و پارچەپارچەیی برد[١]، تاوەکو دواجار لەلایەن یەکێ لە ئیتحادیەکانەوە بەناوی: (کەمال ئەتاتورك) بەتەواوی خیلافەتی عوسمانی هەڵوەشاندەوە لە ڕەجەبی (١٣٤٢ك/ ئازاری ١٩٢٤ز[٢]).

| ماوەی فەرمانڕەوایەتیان | ناوی فەرمانڕەواکان |
|---|---|
| ٦٩٩ك/ ١٢٩٩ز | عوسمانی کوڕی ئۆرتوغول |
| ٧٢٦ك/ ١٣٢٦ز | ئۆرخان کوڕی عوسمان (دامەزرێنەری ئینکشاری) |
| ٧٦١ك/ ١٣٥٩ز | موڕادی کوڕی ئۆرخان |
| ٧٩٢-٨٠٥ك/١٣٨٩-١٤٠٢ز(تیمور گرتی) | بایەزیدی یەکەم کوڕی موراد |
| ٨١٦ك/ ١٤١٣ز | موحەممەدی یەکەم (چەلەبی) کوڕی بایەزید |
| ٨٢٤ك/ ١٤٢١ز | مورادی دووەم کوڕی موحەممەد |
| ٨٤٨ك/ ١٤٤٤ز | موحەممەدی دووەم (فاتیح) کوڕی موراد |
| ٨٤٨ك/ ١٤٤٤ز | مورادی دووەم (دووەم جار) |
| ٨٥٥ك/ ١٤٥١ز | موحەممەد فاتیح (دووەم جار) |
| ٨٨٦ك/ ١٤٨١ز | بایەزیدی دووەم کوڕی موحەممەدی دووەم |
| ٩١٨ك/ ١٥١٢ز | سەلیمی یەکەم (یاوز) کوڕی بایەزید |
| ٩٢٦ك/ ١٥٢٠ز | سولەیمانی یەکەم (قانونی) کوڕی سەلیم |
| ٩٧٤ك/ ١٥٦٦ز | سەلیمی دووەم کوڕی سولەیمان |
| ٩٨٢ك/ ١٥٧٤ | مورادی سێیەم کوڕی سەلیم |
| ١٠٠٣ك/ ١٥٩٥ز | موحەممەدی سێیەم کوڕی موراد |
| ١٠١٢ك/ ١٦٠٣ز | ئەحمەدی یەکەم کوڕی موحەممەد |

---

(١) د.زكريا سليمان البيومي: قراءة جديدة في تأريخ العثمانيي، ص٩.

(٢) سودم لەم سەرچاوانە بینیوە: د.شوقي ابوخليل: اطلس التاريخي العربي الاسلامي، ص٢٣٨-٢٤٠. محمود عصام الميداني: الاطلس التاريخي (مصورات ولمحات من تاريخ العرب والاسلام)، ص١٢٧-١٢٨..

| | |
|---|---|
| مستەفای یەکەم (برای ئەحمەدی یەکەم) | ١٠٢٦ك/ ١٦١٧ز |
| عوسمانی دووەم کوڕی ئەحمەد | ١٠٢٧ك/ ١٦١٨ز |
| مستەفای یەکەم ( دووەم جار) | ١٠٣١ك/ ١٦٢٢ز |
| موڕادی چوارەم کوڕی ئەحمەد | ١٠٣٢ك/ ١٦٢٣ز |
| ئیبراهیمی یەکەم کوڕی ئەحمەد | ١٠٤٩ك/ ١٦٤٠ز |
| موحەممەدی چوارەم کوڕی ئیبراهیم | ١٠٥٨ك/ ١٦٤٨ز |
| سولەیمانی دووەم کوڕی ئیبراهیم | ١٠٩٩ك/ ١٦٨٧ز |
| ئەحمەدی دووەم کوڕی ئیبراهیم | ١١٠٢ك/ ١٦٩١ز |
| مستەفای دووەم کوڕی موحەممەدی چوارەم | ١١٠٦ك/ ١٦٩٥ز |
| ئەحمەدی سێیەم کوڕی موحەممەدی چوارەم | ١١١٥ك/ ١٧٠٣ز |
| مەحمودی یەکەم کوڕی مستەفای دووەم | ١١٤٣ك/ ١٧٣٠ز |
| عوسمانی سێیەم کوڕی مستەفای دووەم | ١١٦٨ك/ ١٧٥٤ز |
| مستەفای سێیەم کوڕی ئەحمەدی سێیەم | ١١٧١ك/ ١٧٥٧ز |
| عەبدولحەمیدی یەکەم کوڕی ئەحمەدی سێیەم | ١١٨٧ك/ ١٧٧٤ز |
| سەلیمی سێیەم کوڕی مستەفای سێیەم | ١٢٠٣ك/ ١٧٨٩ز |
| مستەفای چوارەم کوڕی عەبدولحەمیدی یەکەم | ١٢٢٢ك/ ١٨٠٧ز |
| مەحمودی دووەم کوڕی عەبدولحەمیدی یەکەم | ١٢٢٣ك/١٨٠٨ز(ئینکشاریەکان لایاندا) |
| عەبدولمەجیدی یەکەم کوڕی مەحمودی دووەم | ١٢٥٥ك/ ١٨٣٩ز |
| عەبدولعەزیز کوڕی مەحمودی دووەم | ١٢٧٧ك/ ١٨٦١ز |
| موڕادی پێنجەم کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم | ١٢٩٣ك/ ١٨٧٦ز |
| عەبدولحەمیدی دووەم کوڕی عەبدولمەجید | ١٢٩٣ك/١٨٧٦ز (ئیتحادیەکان لایاندا) |
| موحەممەد ڕەشادی پێنجەم کوڕی عەبدولمەجید | ١٣٢٧ك/ ١٩٠٩ز |
| موحەممەدی شەشەم کوڕی موڕادی پێنجەم | ١٣٣٦-١٢٤١ك/ ١٩١٨-١٩٢٢ز |
| عەبدولمەجیدی دووەم کوڕی عەبدولعەزیزی دوەم | ١٣٤١-١٢٤٣ك/ ١٩٢٢-١٩٢٤ز |

# پزيشكيتى له دەورانى عوسمانى

ناگونجێت دەوڵەتێكى پان و بەرینی وەكو: (عوسمانی)، لەشارستانییەتی ئیسلامی بێ بەش بێت، بەڵكو مێژوونوسان بەدرێژكراوەی دەوڵەتی سەلجوقی توركی سوننە مەزهەب دایدەنێن، بەسود وەرگرتن لە پێشینەی دەوڵەتەكەی، توانی چەندین بنكە و دامەزراوەی زانستی لە: (میسر و سوریا و ئێران و ئاسیای ناوەڕاست)دا لەسەدەی (٨-٩ك/ ١٤-١٥ز) دابمەزرێنێت، بەجۆرێك گرنگی درابووە كەرتی فێركردن، كاتێ قوتابییەك لە قوتابخانەیەكی (ئەنادۆڵ) دەردەچوو، هەوڵی بەدەست هێنانی زانیاری زیاتری دەدا، بۆ ئەمەش ڕوی دەكردە وڵاتانی تری جیهانی ئیسلامی و، سودمەند دەبوو لەزانستی مامۆستا بەتوانا و شارەزاكانی وەكو: (داود قەیسەری لەمیسر و موحسین قەیسەری لەشام و خواجە عەلادین لەئێران و قازی زادە ڕۆمی موسا لە خوراسان و عەلادین ڕۆمی لەسەمەرقەند).

بەڵام بەهۆی هێرشە لەناكاوەكانی: (تەیموری لەنگ)ەوە، زۆرێك لەزانایان ڕوویان لە وڵاتانی تری ئەوروپا كرد، لەپاش فەتحی ئەستەمبوڵ لەلایەن: (موحەممەد فاتیح)ەوە ساڵی (٨٥٧ك/ ١٤٥٣ز) وڵاتەكەی كردە بنكەیەكی شارستانی و مەدەنی، بۆ ئەمەش سەرجەم زانایان و بیرمەند و شارەزایانی تێدا كۆكردەوە، تاوەكو (ئەستەمبوڵ) وەكو پایتەختی سەرجەم موسڵمانان نیشان بدات، لەگرنگترین ئەو زانایانەش، كە لەم سەردەمەدا بەدەركەوتن و ڕوویان لەو بنكە ڕۆشنبیریەی سوڵتان كرد، بریتی بوون لە: (شێخ موحەممەدی جەزەری، شێخ ئەحمەدی جەزەری،

ئیبن عەرەبشاه، هەینەتچی عەبدولواحید، فەخرەدینی عەجەمی، فەتحوڵڵای ڕیازی،...). تاوەکو لەنیوەی سەدەی (١٠ك/ ١٦ز) زانایان تەواوی ناوچەکانیان گرتەوە و، جیهانی ئیسلامی بووە تاکە ئیمپراتۆریەتی سەر زەمین و زلهێزی جیهان.

لەهەمان کاتدا، بەهۆی سەرهەڵدانی (دەوڵەتی سەفەوی) شیعەوە لەئێران لەساڵی (٩٠٨ك/ ١٥٠٢ز) ژمارەیەکی زۆر لە زانایان، لە ئێرانی سنوری سەفەوی بۆ لای عوسمانییەکان هەڵهاتن[1].

## دامەزراوە زانستیەکان لەدەوڵەتی عوسمانیدا

ئۆرخان غازی لەسەرەتاکانی دروستبونی ئەم دەوڵەتەوە، هەستا بە دامەزراندنی چەندین بنکەی: (ئیداری و سەربازی و دادوەری)، لەپاشان دەستیکرد بەگرنگیدان بەکەرتی فێربون، بۆ ئەمەش چەندین بنکە و قوتابخانەی تایبەت بە فێربونی لەناوچەکاندا کردەوە، یەك لەو فێرگانەش: لەناوچەی (ئیزنیق) بوو، پاش ئەوەی فەتحی شارەکەیان کرد لەساڵی (٧٣١ك/ ١٣٣١ز) قوتابخانەیەکی فێرکردنیان تێدا کردەوە و داود قەیسەری تێیدا بووە بەڕێوەبەر، ڕۆژانە بە (٣٠) ئۆقچە، پاشان لەساڵی (٧٣٥ك/ ١٣٣٥ز) لەناوچەی (بۆرسە) لەشوێنی کەنیسەی ڕوخاوی شارەکە بناغەی مزگەوت و قوتابخانەیەکی گەورەیان دانا، کە شوێنی تایبەت بەمانەوەی قوتابیانی تێدابوو.



دەستنوسێکی عوسمانی باس لە چارەسەرکردنی ددانەکان دەکات

لەدەورانی: (موڕادی یەکەم و بایەزید و موحەممەد چەلەبی و

---

(١) د.سيد محمد السيد محمود: تأريخ الدولة العثمانية، ص٤٣٦.



مورادی دووەم)دا بزوتنەوەیەكی زانستی فراوان بەدیاركەوت.

بەهۆی پەرۆشی سوڵتان و ئەمیرانی وڵات بۆ زانست توانیان چەندین دامەزراوە و قوتابخانە و بنكەی فێركردن بكەنەوە، یەك لە شوێنە شارستانییەكانی ئەم سەردەمەش: ناوچەی (ڕومیلی) بوو، لەدەورانی مورادی دووەمیشدا (ئەدرنە) كرایە بنكەیەكی شارستانی گەورە، ئەویش بەكردنەوەی قوتابخانە و مزگەوت و گەنجینەو سایلۆ و خانەی تایبەت بەمامۆستایان و میوانخانەو خانەقای مەولەوی سۆفیانە و..... قوتابخانەكەی (ئەدرنە) شوێنگەیەكی بەرزی زانستی هەبوو لەناوچەكەدا، تا ئەو كاتەی قوتابخانەی (صەحن سەمان) لە ئەستەمبۆڵ كرایەوە لەلایەن سوڵتان موحەممەدی فاتیحەوە، كە لە قوتابخانەی: سەرەتایی و ناوەندی و باڵا پێكدەهات بابەت و وانەكانیشی بریتی بوون لە: (زانستە دینی و فەلسەفی و بیركاری و ئەدەبیەكان).

لەدەورانی سوڵتان (سولەیمانی قانونی)شدا گرنگیەكی زیاتر درایە بەشی: (بیركاری) و (پزیشكیی)، ئەویش بەكردنەوەی (٤)قوتابخانەی تایبەت بەزانستی بیركاری و چەند قوتابخانەیەكی تایبەت بە وتاربێژی و زانستی پزیشكیی، كە بەهەمویان دەوترا: (قوتابخانەی سولەیمانییە) و لەساڵی (٩٦٣ك/ ١٥٥٦ز) سەرجەمی پۆلەكانی لە قوتابخانەی سولەیمانییەدا كۆكردەوە[1].

---

(١) د.سيد محمد السيد محمود: ن.م، ص٤٣٧-٤٣٨.

## ڕێزگرتن و پارێزگاریكردنی زانا و بیرمەندان لەدەوڵەتی عوسمانیدا

سوڵتان و ئه‌میرانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی، گرنگیه‌کی زۆریان ده‌دایه زانایان و، پله‌یه‌کی به‌رزیان هه‌بوو له‌کۆمه‌ڵگادا، به‌تایبه‌ت له‌سه‌ره‌تاکانی ئه‌م ده‌وڵه‌ته و له‌ده‌ورانی زێڕینیدا، له‌گرنگترین ئه‌و که‌سانه‌شی پله‌ی زانایانیان به‌رز ڕاگرتووه، بریتی بوون له‌: (سوله‌یمان پاشا کوڕی ئۆرخان و مورادی یه‌که‌م و بایه‌زید و جاندارلی خه‌لیل و خه‌یره‌دین و کوڕه‌که‌ی عه‌لی پاشا)، که ته‌شجیعێکی زۆری زانایانیان ده‌کرد، له‌سه‌ده‌ی (٨ك/ ١٤ز)، پاشان له‌سه‌ده‌ی (٩ك/ ١٥ز) هه‌ریه‌که له‌: (سلێمان چه‌له‌بی و موحه‌ممه‌د چه‌له‌بی و مورادی دووه‌م و ته‌یمورتاش و ئومور به‌گ) ڕۆڵێکی دیار و به‌رچاویان هه‌بوو له به‌رز ڕاگرتنی شکۆی زانا و مامۆستایانی وڵات، چونکه دامه‌زراندنی که‌سه‌کان، له‌بنکه و دامه‌زراوه‌کانی ده‌وڵه‌تدا، له‌سه‌ر بنچینه‌ی خوێنده‌واری و پله‌ی خوێندن بوو، ئه‌مه‌ش وایکرد له‌م سه‌رده‌مه‌دا چه‌ندان بنکه‌ی وه‌رگێران دابمه‌زرێن، به‌مه‌به‌ستی وه‌رگێڕانی کتێبه



جۆراوجۆرەكان، بۆ سەر زمانی توركی، كە كاریگەریەكی باشی هەبوو لەبەرەو پێشچونی وڵاتدا، زۆربی زانایان و ڕۆڵیان لەدەوڵەتدا زیاتر لەدەورانی زێڕینی عوسمانیدا بەدیار دەكەوێت كە خۆی لەسەردەمی: (موحەممەد فاتیح و بایەزیدی دووەم و سەلیمی یەكەم و سولەیمانی یەكەم (قانونی)دا)، خۆی دەبینێتەوە، ئەمەش بەتایبەت كاتێ لەم سەردەمەدا سنوری دەوڵەتەكە بەهەر چوارلادا: باكور و باشور و خۆرهەڵات و خۆرئاوادا فراوان كرا(١).

## خزمەتگوزاری و دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان لەدەوڵەتی عوسمانیدا :

دەوڵەتی عوسمانی، بەهۆی ئەو ڕوبەرە بەرفراوانەی لەبەردەستیدا بوو، پێویستی بەكردنەوەی چەندان دامەزراوەو بنكەی خزمەتگوزاری بوو لە: (مزگەوتی گەورە و گەنجینە و باڵەخانەی حكومی و خان و نەخۆشخانە و كاروانسەرا و گەرماو و بازاڕی گشتی و ....)، كە بەهیچ شێوەیەك كەموكورتیان نەنواندووە لە كارە



زانكۆی بایەزیدی دووەم لە ئەدرنە
مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانە بوو خاوەنی قوتابخانەیەكی پزیشكی بوو

---

(١) د.محمد حرب: العثمانيون في التأريخ والحضارة، ص١٥٥. د.سيد محمد السيد محمود:تأريخ الدولة العثمانية، ص٤٣٩.

خزمەتگوزاریەکانیاندا و، هەمیشە هەوڵی باشترکردنیان داوە.

بۆ وێنە: لەسەردەمەکانی پێشینی دەوڵەتەکەدا، بەدەمیان مزگەوت کرانەوە لە بورسە و ئەدرنە و ئیزنیق و یاشیل، کە لەپاڵیاندا قوتابخانە و فێرگەی تایبەت بەفێرکردنی زانستەکان دروست دەکرا، دواتریش لەسەردەمی زێڕینی دەوڵەتەکەدا باشترین قوتابخانەکان، مزگەوتە گەورەکانی وڵات بوون، لەوانە: (فاتیح، بایەزید، سەلیم، شەهزادە، مهرماه، نیشانجی، جاندارلی زادە، ئیبراهیم پاشا، صقوللی موحەممەد پاشا لە ئەستەمبۆڵ).

ئەمە جگە لەوەی چەندان مزگەوت لەشار و ویلایەتەکانی ئەم دەوڵەتەدا دامەزران، یەکێ لە شتە سەرنج ڕاکێشەکانی شارستانییەتی ئیسلامی، بونی دەزگای (وەقفیە)، کە نەخۆشخانە و مزگەوت و قوتابخانە و بنکەی خەیری دەگرتەوە، جا ئەم بنکە خەیریانە بریتی بوون لە شوێنی هاوکاری کردنی مرۆڤ و ئاژەڵان، بە پێدانی پێداویستی و خواردن پێیان، بۆ نمونە: لە (ئیزنیق) بنکەی لەو جۆرە هەبون، لە بورسە (٢٤) بنکەی لەو جۆرە هەبون، کە دەکرێ ناوی (بایەعی) لێ بنێین، کە لەم سەردەمەدا هەیە بەڵام ئەو کات بە پێی ئاستی بژێوی کەسەکە شتەکان دابین دەکرا و، بڕێك جار، ئەگەر پێویست بوایە کەسەکە بە پارەش هاوکاری دەکرا[١].

## نەخۆشخانەکان :

لەساڵی (٨٠١ك/ ١٣٩٩ز)دا، بۆ یەکەمجار لەدەورانی (بایەزید)دا لە ڕۆژهەڵاتی شاری (بورسە)، یەکەمین نەخۆشخانەی عوسمانی کرایەوە، ئەویش بەتەنیشت مزگەوتی (ئولوداغ)دا بوو، دواتر نامەی نارد بۆ مەلیکی مەمالیکەکان لە میسر (سوڵتان زاهیر) لەساڵی (٨٠٣ك/ ١٤٠٠ز)، تاوەکو پزیشکێکی لێهاتوو و شارەزای بۆ بنێرێت، ئەویش هەستا بەناردنی (شەمسەدینە بچکۆل).

ئەم نەخۆشخانەیە بەشێوەیەکی هەمیشەیی چوار پزیشك کاریان کردووە لەگەڵ بونی دەرمانخانە و چێشتخانە و نانکەر و کارگوزاردا، دواتر لە ویلایەتەکانی تری

---

(١) د.سید محمد السید محمود: تأريخ الدولة العثمانية، ص٤٤١-٤٤٢.



پزیشكانی نەشتەرگەری عوسمانی سالّی ١٨٩٥ز

وەكو: (سیواس و ئەماسیا و چانقری و قستمونی و قونییە و ..) بەهەمان شێوە نەخۆشخانەی تێدا كرایەوە، موحەممەد فاتیحیش لەپاڵ قوتابخانەی صەحن سەمان لەسالّی (٨٧٥ك/ ١٤٧٠ز) نەخۆشخانەیەكی كردەوە.

لەسەردەمی سولّتان بایەزیدی دووەمدا، لەناوچەی (ئەدرنە) نەخۆشخانەیەكی كردەوە، دواتریش لەپاڵیدا قوتابخانەیەكی پزیشكیی دامەزراند، لەسالّی (٨٩٠ك/ ١٤٨٥ز).

لەدەورانی سولّتان سولەیمانیشدا، (خورەم سولّتان) لەپاڵ مزگەوتی (خاصكی سولّتان) لەسالّی (٩٤٦ك/ ١٥٣٩ز) لە ئەستەمبوڵ، نەخۆشخانەیەكی كردەوە و لەپاڵیشیدا، زانكۆی (سولەیمانییە) كرایەوە لەسالّی (٩٦٣ك/ ١٥٥٥ز)دا، كە بەشی تایبەت بە زانستی پزیشكیی تێدا بوو[1].

---

(١) د.سید محمد السید محمود: تأریخ الدولة العثمانیة، ص٤٤٢-٤٤٣.




**بەشی نەشتەرگەری چاو و چارەسەری نەخۆشی دەرونی لە نەخۆشخانەی شیفا "خانەی شیفا"لە مانیسا کە بنیاتنرا لە ١٥٣٩ز لەدەورانی سوڵتان سولەیمانی قانونیدا، بە فەرمانی سوڵتانە حەفسە دایکی سوڵتان.**

## هەندێ لەشێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکان لە نەخۆشخانەکاندا



نەخۆشی گورچیلە



نەخۆشی ئێسک



نەخۆشی دەرونی



نەخۆشی ددان



نەخۆشی چاو

# پسپۆڕێتیەکان لە پزیشکێتی شارستانییەتی ئیسلامیدا



دەستنوسی کتێبی "الجراحة العلية"ی شەرەفەدینی سابونجواغلو لە ئەماسیای تورکیا، یەکەم کتێبی نەشتەرگەری ڕەنگاوڕەنگە لەناو دەستنوسەکانی شارستانییەتی ئیسلامیدا، کە لەسەدەی (١٥ز) دەرچووە و چەندین جۆری نەشتەرگەری تێدا باسکراوە[1].

يه‌كێ له گرنگترين داهێنانه‌كانى موسڵمانان، له زانستى پزيشكيدا بونى پسپۆڕيه له‌يه‌كێ له به‌شه‌كانى زانستى پزيشكيدا[1]، پزيشكان له شارستانييه‌تى ئيسلاميدا، توانيان له چه‌ندين بوارى پزيشكيدا، پسپۆڕى به ده‌ست بێنن و ببنه كه‌سانێكى داهێنه‌ر و، چرايه‌ك بن بۆ نه‌وه‌كانى دواى خۆيان تاوه‌كو درێژه پێده‌ربن و زياتر په‌ره به‌لايه‌نه‌كان بده‌ن.

لێره‌دا ئاماژه‌م ته‌نها به چوار لايه‌نى سه‌ره‌كى داوه، له پزيشكێتى ئه‌م شارستانييه‌ته ئه‌ويش: (چاو، نه‌شته‌رگه‌رى، ده‌رونى، ده‌رمانسازيى)، به‌ڵام ئه‌وه‌ى دياره و له به‌رهه‌مى پزيشكانى ئه‌م سه‌رده‌مه‌دا به‌رچاومان ده‌كه‌وێ ئه‌وه‌يه، كه له چه‌ندين بوارى تردا، په‌يام و كتێبيان هه‌بووه و، شاره‌زايى باشيان هه‌بووه له‌وانه: (پزيشكێتى ژنان، منداڵان، ددان، هه‌ناوى،...).



---

(١) أحمد: الحضارة الإسلامية في القرون الوسطى، ص١٥١.

# پزیشكێتی چاو

پزیشكانی چاو (الكحالون) خاوەنی چەندین داهێنانن، لە بواری: (نەشتەرگەری چاو، شیكاری چاو، چارەسەری نەخۆشییەكانی چاو)دا، لەپاشانیش ئەزمونەكانیان كردۆتە كتێب و پەیام، بۆ نمونە لەبواری فێركاری پزیشكیدا (٣٠) كتێبیان نوسیوە، كە لە ئێستادا (١٣) كتێبیان ماوەتەوە و لە كتێبخانەكانی جیهاندا پارێزراون.

مێژوونوسی پزیشكیی سەرەتای سەدەی بیستەم: (یولیۆس هیرشبیرگ Julius Hirschberg) لەم بارەوە دەڵێ: "پزیشكانی چاو لە جیهانی ئیسلامیدا، هەستاون بە بەكارهێنانی چەندین زاراوەی تایبەت بە بەشەكانی چاو، وەكو: (بیلبیلەی چاو، ڕەشێنەی چاو، تۆڕی چاو)، بەهەمان شێوەی سەردەمی ئێستامان،هەروەها نەشتەرگەریان كردووە بۆ نەخۆشییەكانی پێڵوی چاو وەكو: گلوكوما (ئاوی شین)و چارەسەری بەرزبونەوەی زەختی چاو (صدع البؤبؤ)یان كردوە.

گرنگترین داهێنانی موسڵمانەكانیش، دەتوانم بڵێم: لەم بوارەدا بریتی بوو لە: چارەسەركردنی ئاوی سپی چاو (السُد)، كە لەلایەن پزیشكیی عێراقی سەدەی "١٠"ز (عەمماری موسڵی) دۆزرایەوە[١]".

**لەگرنگترین ئەو نەخۆشیانەی، كە پزیشكە موسڵمانەكان باسیان كردون، ئەمانەن:**

**١- البردة:** توشی پێڵوی چاو دەبێت بەهۆی (ڕتوبە)وە كار لەناوەوەی پێڵو دەكات و سور هەڵدەگەڕێ[٢].

---

(١) د.سلیم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٧٤.

(٢) الزهراوی: التصریف، ج١/ ص١٢٨. ابن زهر: التیسیر في المداواة والتدبیر، ص٥٩.

**٢- الرمد:** توشی گۆڕانی ڕەنگی چاو دەبێت، بەهۆی ئەو لوەی لەسەر سپێتی چاو دروست دەبێت[١].

**٣- السبل:** کەسی توشبوو چاوی ئاو دەکات، بەڕادەیەکی زۆر و، پاشان سور هەڵدەگەڕێت، تاوەکو دەبێتە پەڵەیەك، یان لێڵێەك بەسەر چاوەوە و گەرم دادێت[٢].

**٤- الشعيرة:** لەئەنجامی دروستبونی لوێکی درێژەوە دەبێت لەسەر پێڵوی چاو، کە شێوەی لە دەزولە دەچێت[٣].

**٥- الشرناق:** بەهۆی بەزی زیادەی پێڵوەوە دروست دەبێت، کە بەشێوەی سست و، وردە وردە زیاد دەکات[٤].

**٦- الطرفة:** بریتییە لە خاڵی سور، کە لەسەر چاو دروست دەبێت، ئەمەش بەهۆی ڕوداوی کتوپڕ و لەناکاو دەبێت[٥].

**٧- الوردينج:** زیاتر منداڵ و هەرزەکاران دەگرێتەوە، لوێکە، لەسەر سپێتی چاو دروست دەبێت، ئەمەش وا دەکات، کەسی توشبوو فرمێسك بەچاویدا بێتە خوارەوە[٦].

**٨- قروح العين:** ڕوشانی چاو، بەهۆی یەکێ لە نەخۆشییەکانی چاو، یان لێدانێکی لەپڕەوە توش دەبێت[٧].

(یۆلیۆس هیرشبیرگ) مێژوونوسی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٠٥)ز، لەوتارێکدا لەبەردەم کۆمەڵەی پزیشکانی ئەمریکادا وتی: "ئەوروپا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا

---

(١) الحريري: أبو محمد عبدالله بن قاسم (مردووة لة ٦٤٦ك/ ١٢٤٨ز): نهاية الأفكار ونزهة الأبصار، ج١/ ص١٩٥.

(٢) الزهراوي: التصريف، ج١/ ص١٣٠. ابن النفيس: الموجز الطب. ص٢٠٦.

(٣) ابن سينا: القانون، ج٥/ ص٣٠٤. ابن النفيس: ن.م، ص٢٠٨.

(٤) ابن سينا: ن.م، ج٤/ ص٣٠٤. ابن النفيس: ن.م، ص٢٠٩.

(٥) ابن النفيس: ن.م، ص٢٠٦. الزهراوي: التصريف، ج١/ ص١٣١.

(٦) ابن سينا: القانون، ج٢/ ص٣٠٦. ابن النفيس: ن.م، ص٢٠٩.

(٧) ابن النفيس: ن.م، ص٢٠٩. الزهراوي: التصريف، ج١/ ص٣٠٦.

له تاریكی و نەزانیندا ڕۆچوو بوو، موسڵمانەكان بوون چرای زانینیان هەڵكرد.. هەر ئەمەش وایكرد "پزیشكیتی چاو" لەدۆڵی گەورەی ئیسپانیاوە، تاكو دۆڵی نیلی میسر و ڕوباری (جەیحونی) سنوری ڕوسیا درێژبێتەوە[١]".

سەرەتا موسڵمانەكان هەستان بە وەرگێڕانی كتێبە پزیشكیەكانی: (هیندی و یۆنانی و ڕۆمانی) لەبواری چاودا، پاشان دەستیانكرد بە لێكۆڵینەوە و شیكاریی، بۆ دەستەواژە و زاراوە پزیشكیەكانی شارستانییەتەكانی پێشوو[٢]، لەئەنجامی ئەمەشەوە چەندین داهێنانیان بەدەستهێنا.

یەكەمین كتێبی ئەم بوارەش نوسرابێت و، جێگای سەرنج و ئاماژە پێدان بێت، كتێبی: (عشر مقالات في العين)ی حونەین كوڕی ئیسحاقە، كە لەلای موسڵمانەكان بەخاڵی دەستپێكردنی پزیشكیتی چاو دادەنرێ[٣].

عەممار موصڵی لە كتێبی: (المنتخب في علاج أمراض العين وعللها ومداواتها بالحديد) باسی (٤٨) نەخۆشی چاوی كردووە، لە ئێستادا، ئەم كتێبە لە كتێبخانەی (ئیسكوریاڵی) باشوری مەدریدی ئیسپانیا پارێزراوە لە (مەوسوعەی پزیشكیی) بە ژمارە (٨٩٤)، ئەم كارەی موصڵی تاوەكو سەدەی (١٣)ز، تەنها بە زمانی عەرەبی بوو، لەم سەدەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی عیبری و، پاشان لەساڵی (١٩٠٥)ز وەرگێردرایە سەر زمانی ئەڵمانی، كە وەرگێڕ لە پێشەكی كتێبەكەدا وەصفی (موصڵی) دەكات و بەدەسترەنگینی موسڵمانەكان لە نەشتەرگەری چاو ناوی دەبات.

یەكێكی دیكە لە پزیشكە دیارەكانی چاو، لەمێژووی ئیسلامیدا: (عەلی كوڕی عیسای نەصرانی)یە، كە هاوسەردەمی (موصڵی)ە و لەشاری بەغداد لەسەدەی (١٠)ز ژیاوە، كتێبەكەی: (تذكرة الكحالين) بەیەكەمین كتێبی فێركاری، لە پزیشكیتی چاودا دادەنرێت، تێیدا باسی لە (١٣٠) جۆری نەخۆشی

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١ اختراع، ص١٧٥.

(٢) محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين ومساهمات، ص٢٩٩-٣٠٠.

(٣) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص١٢٨.

چاو کردووه لەوانە: تراخوما، گلکردن، هەوکردن،... ئەم کتێبە وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی و لەشاری (بوندقیە) (Venice) لەساڵی (١٤٩٧)ز چاپکرا و لەساڵی (١٩٠٤)ز لەلایەن هیرشبیرگ و لیبرتی هاوڕێیەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی، کە پسپۆری نەشتەرگەری چاو بوو، هەروەها لەساڵی (١٩٣٦)ز لەلایەن (کاسی ود) پزیشکیی چاو لە ئەکایدمیای ئەمریکی، بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرایەوە[١].

ئەم کتێبەی (ئیبن عیسا) لەپزیشکێتی چاودا، بووە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ ماوەی چەندین سەدە، (دکتۆر سیریل ئیلگود) (Cyril Elgood) مێژوونوسی پزیشکیی بەریتانی سەدەی بیستەم، لەبارەی کتێبەکەوە دەڵێ:

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بەشیکاریەکانی چاو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە نەخۆشییە دەرەکیەکانی چاو.

**بەشی سێیەم:** نەخۆشییە ناوەکی و نەبینراوەکان باس دەکات، کە زۆرجار لە پشکنیندا بەدیار ناکەون، بەمەش دەتوانم بڵێم: بۆچونەکانی ئەم پزیشکە، زۆر نزیکبووە لە تێگەیشتنە پزیشکییەکانی ئەمڕۆ[٢].

یەکێکی دیکە لەنوسراوەکانی ئەم سەردەمە، لەبارەی فیزیای چاوەوەیە، کە لەلایەن (ئیبن هەیسەم)ەوە لە (٤٣٠ك/ ١٠٣٨ز) مردووە، نوسرا بەناوی: (المناظر) تێیدا شیکارێکی وردی چاو دەکات و، ئەو بیرۆکانەی پێشین لەبارەی بینینی مرۆڤەوە هەبوو ڕەت دەکاتەوە، چونکە پێیان وابوو: تیشك لەچاوەوە دەردەچێت و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ چاو، ئەمەی بەناڕاست دانا، بەڵکو پێی وابوو: تیشك لەدەرەوە بەرچاو دەکەوێت و پاشان لەڕێگەی عەدەسەی چاوەوە، وێنەکە دەگوازرێتەوە و لەسەر مێشك دەچەسپێ، ئەمەش بووە بیرۆکەیەکی باش، بۆ ئەوەی کامێرای پێ بدۆزرێتەوە[٣].

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٧٥.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٧٥-١٧٦.

(٣) فرات فائق خطاب: الكحالة عند العرب، ص٤٣.

کۆمەڵەی پسپۆڕانی چاو لەبەریتانیا، لەساڵی ١٩٨٧زدا دەڵێ: "لەدەوروبەری ساڵانی (١٠٠٠ز) موسڵمانەکان پاش هەوڵدانێکی زۆر، بەماوەیەکی کەم توانیان شیکارێکی زانستیانە بۆ هاوێنەی گلێنەی چاو بکەن، دوای ئەمەش، (موصلی) توانی چارەسەری کوێری بکات بەدەرهێنانی ئاوی سپی چاو، لەڕێگای دەرزی بەتاڵەوە[1]".

لەساڵی (٢٠٠٥)ز ئەنجومەنی تەندروستی نیشتمانی (NHS) زیاتر لە (٣٠٠) هەزار شێوازی چارەسەری دەست نیشانکرد بۆ ئاوی سپی چاو، بەڵام هەوڵەکەی (موصلی)، بەباشترین کار دانا بۆ دەرهێنانی ئاوی چاو، هەربۆیە دەبینین، بەئێستاشەوە هیچ گۆڕانێك بەسەر شێوازی دەرهێنانی ئاوی سپی چاودا نەهاتووە[2].

زانای گەورەی وڵاتی فارس: (جورجانی) کتێبێکی لەساڵی (١٠٨٨)ز نوسی بەناوی: (نور العیون) لەچەند تەوەرەیەکدا باس لەگرنگترین نەخۆشییە شاراوەکانی چاو دەکات، کە نیشانە دیارەکانی لەچاودا بەدیار دەکەوێ، وەك: (خوێن تێزان، گەرمبون، خوران،.).

لەشاری قورتوبە، لەباشوری ئیسپانیا، نیوە پەیکەرێکیان بۆ پزیشکیی گەورەی چاو (موحەممەدی کوڕی قسوم کوڕی ئەسلەمی غافقی) لەساڵی (١٩٦٥)ز دروستکرد، لەیادی (٨٠٠)ساڵەی وەفاتیدا، لەنەخۆشخانەی شارەوانی قورتوبە، ئەمەش وەکو بەرز ڕاگرتنی یادی ئەم زانایە، کە لەماوەی ژیانیدا خزمەتێکی گەورەی بەکۆمەڵگا و مرۆڤایەتی کردووە، خاوەنی کتێبی: (المرشد فی الکحل)ە، کە بە تەنها نەخۆشییەکانی چاو باس ناکات بەڵکو زانیاریمان دەداتێ لەبارەی پەیوەندی ئامرازی بینینی مرۆڤ لەلایەك و، نەخۆشییەکانی سەر و مێشك لەلایەکی ترەوە، (ڕاجح عومەر) لەبەرنامەی (مێژووی ئەوروپای ئیسلامی/ بی بی سی) وتی: "چارەسەرەکەی (غافقی) بۆ نەخۆشی (تراخوما)ی چاو، تاوەکو جەنگی جیهانی یەکەمیش چاوی لێدەکرا[3]".

---

(١) د.سلیم الحسني: ن.م، ص١٧٦.

(٢) د.سلیم الحسني: ن.م، ص١٧٦-١٧٧.

(٣) د.سلیم الحسني: ن.م، ص١٧٦.

یەكێكی دیكە لەسەرچاوە گرنگەكانی تایبەت بە نەخۆشییەكانی چاو كتێبەكەی (سەلاحەددین كوڕی یوسف)ە، كە لە( ٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) ژیاوە بەناوی: (نور العیون وجامع الفنون)، كتێبەكەی بۆ چەند تەوەرمیەك دابەشكردووە، لەوانەش: (شیكاری چاو، بینین، نەخۆشییەكانی، هۆكارەكانی توشبون، پاراستنی تەندروستی چاو، نەخۆشییەكانی پێڵوی چاو و بیلبیلەی چاو و ڕەشێنەی چاو، دەرمانەكانی تایبەت بە چاو)[1].

زانای میصری ( فەتحەدین ئەبو عەباسی قەیسی )، كە لە(٦٥٧ك/ ١٢٥٨ز) مردووە، نازناوی: (سەرۆكی پزیشكانی میصری ) پێدرا، كتێبێكی لەبارەی زانستی چاو (گلێنە) نوسی، كە لەپانزە تەوەرە پێكهاتبوو.

خەلیفەی كوڕی ئەبی محاسنی حەلەبی لەنێوان سالانی: (٦٥٤-٦٧٤ك/ ١٢٥٦-١٢٧٥ز) كتێبی (الكافي في الكحل)ی نوسی[2].



لاپەرەیەك لە دەستنوسی كتێبەكەی حونەینی كوڕی ئیسحاق بەناوی "١٠پەیام لەبارەی چاو" كە ئێستا لە كتێبخانەی نیشتمانی قاهیرە پارێزراوە

(١) فرات فائق خطاب: الكحالة عند العرب. ص٤٣-٤٤.

(٢) فرات فائق خطاب: ن.م. ص٤٤.

# پزیشکێتی نەشتەرگەری


زەهراوی لەکاتی نەشتەرگەریدا

نەشتەرگەری ئێستا، بەرهەمی هەوڵی هیلاك بونی چەندین زانا و گەورە پزیشکیی سەدەکانی پێشووە، کە بەبێ هەست بەماندوکردن لە هەوڵی خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بوون و، چارەسەری خەڵکیان کردووە و ژیانیان لە مردن پاراستون.

پزیشکێتی نەشتەرگەری لەنێو ئەم شارستانییەتەدا، بە (صناعة اليد[1]) ناودەبرا، ئەم زانستە بەهەوڵی زانایانی موسڵمان پەرەی پێدرا، چونکە ئەوەی

---

(١) الزهراوي: التصريف، ج١/ ص٢.

له كتێبەكانی جالینۆسدا ئاماژەی پێدراوە، زانستێكی كەمی نەشتەرگەریە، بەڵام نەشتەرگەرانی نێو ئەم شارستانییەتە، لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لەسەروی نەشتەرگەرانی جیهانەوە بوون[١].

لەباشوری ئیسپانیا، پێش (١٠٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا، موسڵمانەكان نەشتەرگەریان بۆ سێ جۆر پۆلێن كردووە: (نەشتەرگەری مولولەكان، نەشتەرگەری گشتی، نەشتەرگەری دورینەوە و شكاوی).

بەناوبانگترین نەشتەرگەری موسڵمانیش لەشارستانییەتی ئیسلامی، لەشاری قورتوبە بووە بەناوی: (ئەبولقاسم ئەلزەهراوی)، لە خۆرئاوا بە (Abulcasis)[٢] ناسراوە.

(زەهراوی)، شۆڕشێكی گەورەی بەرپاكرد، لە زانستی نەشتەرگەریدا، ئەویش لەرێگای بەكارهێنانی ئامێرە نەشتەرگەریەكانەوە، زیاتر لە (١٠٠) جۆر ئامێری دروستكرد و ئەمەشی لەكتێبێكدا نوسیەوە، بەناوی: (التصريف)، كتێبەكەی بەشێوەیەكی درێژ و بەڕونی باس لە پزیشكێتی (ددان، دەرمانسازیی، نەشتەرگەری) دەكات.

دەتوانین بڵێین: بەشێوەیەكی گشتی بنچینەكانی زانستی پزیشكیە بەشێوەیەكی كرداری و، باس لە زۆرێك لەو حاڵەتە پزیشكیانە دەكات، كە پزیشك لەكاتی كارەكەیدا توشی دەبێت[٣].

ئەم كتێبە، وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی لاتینی و عیبری[٤]، لێرەدا بەباشی دەزانم ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەولانەی (زەهراوی) بدەین، كە لەم زانستەدا ئەنجامی داون[٥]:

١- بەكارهێنانی ریخۆڵەی پشیلە، لەدورینەوەی دیوی ناوەوەدا، چونكە پێی وابوو: باشترین ماددەیە، كە زوو بە پێستەكە تێكەڵ دەبێت و كەسی نەخۆش، ئازار

---

(١) حتي: تأريخ العرب، ص٤٣٧. الشطي: الطب عند العرب، ص٩٠.

(٢) د.عبدالعزيز اللبدي: تأريخ الجراحة عند العرب، ص٢٧٥.

(٣) د.سليم الحسني: ١٠٠١ اختراع، ص١٦٤.

(٤) هونكة: شمس العرب، ص٢٧٨.

(٥) ريسلر: الحضارة العربية، ص٢٠٠. أحمد عيسى: آلات الطب والجراحة والكحالة عند العرب، ص١٠٠. د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٦٤-١٦٥. د.عبدالعزيز اللبدي: تأريخ الجراحة عند العرب، ص٢٨٠-٢٨٤.

نادات، پێشتر تەنها (ڕازی) لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هەستا بوو بەبەکارهێنانی ڕیخۆڵەی ئاژەڵان، لەدورینەوەی دیوی دەرەوەی نەشتەرگەریدا، بەڵام (زەهراوی) هەستا بە بەکارهێنانی تەلێك بۆ دورینەوەی دیوی دەرەوە، کە لەهەمان ماددەی تاڵی ئامێری مۆسیقی (ئوتار) دروست دەکرێت.

٢- دروستکردنی ددانی ئاڵتون و زیو بۆ ئەو کەسانەی، ددانەکانیان خراپ ببون و دەرهێنرابون.

٣- بۆ یەکەمجار، بۆ ڕاگرتنی خوێن بەربون لۆکەی بەکارهێنا.

٤- دانانی دەرچە و سۆندە بۆ ئەوانەی میزیان دەگیرێت.

٥- لابردنی گۆشتی زیادەی ناو لوت.

٦- دەرهێنانی منداڵی مردوو لەڕێگای (کورتانج / گیرە)ەوە.

٧- داخکردن و سوتاندنی پێست، بۆ نەمانی ئێش و ژان.

٨- هێنانەوەی ئێسکی دەرچو بۆ شوێنی خۆی، بۆ نمونە شان دەرچون و ...).

٩- نەشتەرگەریکردنی لەوزەتێن، کە بە ئامێرێك زمانی دەگرت، بە ئامێرێکیش لەوزەتێنەکانی، بە ئامێرێکیش بڕیویەتی، کە لە شێوەی دوو شفرە (مقەست)ێکدا بووە، بۆ ئەوەی هەردوکیان لەیەك ئاستدا ببڕێت.

١٠- دەرهێنانی بەردی میزڵدان: لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا پێی دەوترا: نەشتەرگەری بچوك (Apparatus Minor)، سەرەتا سۆندەیان بۆ نەخۆشەکە دادەنا، پاشان دەرچەیەکیان لێدەدا و سەحبی بەردەکەیان دەکرد، وەکو (زەهراوی) دەڵێت: دەبێت بەردەکە پارچەپارچە بکرێت، پاشان هەر پارچەیەك بەگیرە دەهێنرێتە دەرەوە.

١١- چەندین نەشتەرگەری تریشی کردووە لەوانە: (سەرەتانی مەمك، گون، دانانی قەسەبی هەواکێش بە قلیشانی غودەی دەرەقی).

جگه له هەموو ئەمانە، (زەهراوی) یەكێك بوو لەوانەی، هەمیشه جەختی دەكردەوە لەسەر ڕاگرتنی باری دەرونی نەخۆش، تاوەكو ئارامی و باری تەندروستی پارێزراو بێت.

**له جیهانی ئیسلامیدا، چەندین زانای تر لەسەردەمە جیاوازەكاندا بەدەركەوتون، كه هەوڵیانداوە له بواری نەشتەرگەریدا، خزمەتی هاوڵاتی ناوچەكەیان بكەن، لەوانە:**

**١- عەلی كوڕی ربنی تەبەری:** لەچەند بەشێكی كتێبەكەیدا: (فردوس الحكمة) ئاماژەی بەچەند جۆرێكی نەشتەرگەری كردووە[1].

**٢- ئەبوبەكری ڕازی:** لەكتێبەكەیدا: (الحاوي في الطب) چەندین نەشتەرگەری دەربارەی: (جومگە و ماسولكە و مێشك و سك و ڕیخۆڵە و ڕێگای دورینەوەی سك و چارەسەركردنی بڕینی كاتی ڕوداوەكان و چۆنییەتی فڕێدانی ئێسكی نەخۆش)ی تێدایە [2].

**٣- عەلی كوڕی عەباسی مەجوسی:** لەكتێبی: (كامل في الصناعة الطبية) باسی لەچەند نەشتەرگەریەك كردووە لەوانە: (شكاندنی بەرد)[3].

**٤- ئیبن سینا:** لەكتێبەكەیدا: (القانون فی الطب) باسی له نەشتەرگەری شكاوی ئێسك كردووە[4]، هەروەها لەبارەی (سەرەتان)ەوە دەڵێ: لەسەرەتادا "گرێ و وەرەمێكی ساردە، بێ ئێش و بێ ئازارە و هەندێ جۆری هەیە، چارەسەری نییە، سەرەتانی مەمك، بەبڕینەوەی مەمكەكان و، بەكارهێنانی ئۆكسیدی مس و ئۆكسیدی قورقوشم دەگونجێ بەر له بڵاوبونەوەی بگیرێ، بەڵام شیفای تەواوی نایەت، هەرچی سەبارەت بەوانەی بۆڕی میزیان دەگیرێت، یان نەخۆشی میزڵدانیان هەیە، باسی له دانانی سۆندە (قەستەرە/ كاسێتەر" كردۆتەوە بۆیان[5].

---

(١) حتي: تأريخ العرب، ص٤٣٧.

(٢) الشطي: الطب عند العرب، ص٩٠.

(٣) احمد عيسى: آلات الطب والجراحة والكحالة عند العرب، ص١٠٠.

(٤) ابن سينا: القانون، ج٣/ ص١٦٥-١٨١.

(٥) د.سليم الحسني ١٠٠١اختراع، ص١٦٦.

**٥- ئیبن ئەلقف:** پزیشکیی شامی سەدەی (١٣)ز، لەکتێبی: (عمدة الإصلاح في صناعة الجراح)دا، گرنگیەکی زۆری بەنەخۆشییەکانی ئافرەتان داوە، بەنمونە: باسی لە فراوانکردنی دەرچەی ڕەحم کردووە، نەشتەرگەری ئافرەتی دوگیانی بەکارێکی زۆر قورس نیشانداوە و دەڵێ: مەترسیەکە دوانەیە، کە حاڵەتی دایك و منداڵەکە لە مەترسیدایە[1].

**ئەم کتێبە بەسەر (٢٠) پەیامدا دابەشکراوە[2]:**

**پەیامی یەکەم:** پێناسەی نەشتەرگەری وجۆرەکانی بۆ سێ بەش دابەشکردووە: ١- نەشتەرگەری گشتی و کاتی شەڕەکان. ٢- نەشتەرگەری بەرکەوتنی ڕم. ٣- کاری حیجامە کردن.

**پەیامی دووەم:** توێکاری جەستەی مرۆڤ و دیاریکردنی ئەندامەکانی و، هێنانەوەی نمونەی زانایانی یۆنانی وەك: (ئۆسقلیانۆس و ئەرستۆتاڵیس و جالینۆس) لەو بارەیەوە.

**پەیامی سێیەم:** توێکاری ئەم بەشانەی تری جەستەی تێدا کردوە: (چاوەکان، لێوەکان، زمان، بەشەکانی ناوەوەی جەستە).

**پەیامی چوارەم:** باسی وەرەم و جۆرەکانی و، شێوازەکانی نەشتەرگەریکردنی.

**پەیامی پێنجەم:** لەبارەی نەخۆشییەکانی خوێن و، نیشانەکانی قورحە و جۆرەکانی ڕون دەکاتەوە.

**پەیامی شەشەم:** باس لە هۆکاری ڕودانی چەند حاڵەتێك دەکات، وەك: (بەڵغەم، ئۆدی، وەرەمی ناوەوە).

**پەیامی حەوتەم:** لەبارەی کاریگەریە دەرەکیەکان لەسەر جەستەی مرۆڤ، زیاتر پەیامێکی فەلسەفیانە بۆ توشبونی مرۆڤ بەنەخۆشییەکان.

---

(١) السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٤٨.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٧٦٨. ابن القف: العمدة الجراحة، ج١/ ص١٦٣. د.سامي خلف حمارنة: أبو الفرج ابن القف، ص١٣.

**په‌یامی هه‌شته‌م:** له‌باره‌ی سه‌ڕه‌تانی ڕه‌ش و، گه‌ڕی و، دەوالی و، نه‌خۆشی فیلومیه‌.

**په‌یامی نۆیه‌م:** هه‌وكردنی ئێسكه‌كان .

**په‌یامی ده‌یه‌م:** شێوازه‌كانی توێكاری و، یاساكانی نه‌شته‌رگه‌ری.

**په‌یامی یانزه‌یه‌م:** ئه‌و حاڵه‌تانه‌ی پێویستیان به‌نه‌شته‌رگه‌ری هه‌یه‌.

**په‌یامی دوانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری نه‌خۆشییه‌كانی: (خوێن و بادشتام و ئیورسما و ...).

**په‌یامی سیانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری هه‌ندێ له‌ ده‌ردراوه‌كانی جه‌سته‌.

**په‌یامی چوارده‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری كاریگه‌ریه‌كانی شێ و گه‌رمی و ساردی له‌سه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤه‌كان.

**په‌یامی پانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری سه‌ڕه‌تان.

**په‌یامی شانزه‌یه‌م:** له‌باره‌ی نه‌خۆشییه‌كانی: (پێست و سه‌ر ڕوتانه‌وه‌ و هه‌ندێ له‌ وه‌ره‌مه‌كان).

**په‌یامی حه‌ڤده‌یه‌م:** هه‌ندێ له‌ نه‌شته‌رگه‌ریه‌كانی ناوسك و به‌راوردكردنی ئه‌ندامه‌كانی، له‌گه‌ڵ هه‌ریه‌كه‌ له‌ ئاژه‌ڵه‌كانی تری وه‌كو: )سه‌گ و تیمساح و ...).

**په‌یامی هه‌ژده‌یه‌م:** له‌باره‌ی ناوده‌م و ئه‌ژنۆ و سنگ و سك.

**په‌یامی نۆزده‌یه‌م:** جۆره‌كانی قورحه‌ و ڕێگاكانی چاره‌سه‌ركردنیان.

**په‌یامی بیسته‌م:** ئه‌قربازین.

٦- **ئیبن توفه‌یل:** توێكاری جه‌سته‌ی مردوو و زیندوی كردووه‌، به‌نمونه‌: توێكاری جه‌سته‌ی ئاسكی كردووه‌ و دڵی له‌ت كردووه‌، وه‌ك له‌ چیرۆكی: (حی بن یقظان)دا ده‌بینین ده‌ڵێ: "خوێن له‌دڵیشدا هه‌یه‌، وه‌ك چۆن له‌هه‌موو ئه‌ندامه‌كانی تریشدا هه‌یه‌"[١].

٧- **ئیبن به‌تلان:** له‌كتێبی (دعوة الأطباء) باسی له‌ كۆمه‌ڵه‌ ئامێرێكی نه‌شته‌رگه‌ری

---

(١) جلال: حضارة الإسلام وأثرها في الترقي العالمي، ص٣٤٤.

كردووه بۆ هه‌ڵكۆڵین و بڕین و توێكردن، هه‌روه‌ها باسیش له كاویكردن كردووه له سك و فتق و جگه‌ر و....".[1]

مونبیلیه له‌سه‌ره‌تاكانی سه‌ده‌ی ٤ ١ز بنكه‌یه‌كی گه‌وره‌ی دیراسه‌كردنی پزیشكێتی و فه‌له‌كی موسلمانان بوو



وێنه‌ی ده‌ستنوسیكی سه‌ده‌ی ١٤ز كاتی وانه خوێندنی توێكاری جه‌سته له زانكۆی مونبیلیه رون ده‌كاته‌وه



توێكاری جه‌سته له‌لایه‌ن پزیشكی لێهاتووی عوسمانی شه‌ره‌فه‌دین له كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی ١٤ز

(١) السرجاني: ن.م، ص٥٣.

# دەرمانسازیی

مێژووی دەرمانسازیی کۆنە و هەر لەدێر زەمانەوە، تاوەکو ئێستا، دەبینین بەپێی سەردەمەکان، هەوڵی باشترکردنی دەرمانەکان دراون،بەپێی بەرزی لایەنی شارستانی ناوچەکان.

شارستانییەتی ئیسلامیش، لەماوەی بەرفراوانی دەسەڵاتیدا توانیویەتی پەرە بەلایەنی تەندروستی بدات، ئەمەش بەهۆی ئاست بەرزی ئوممەتی ئیسلامیەوە بوو، کە بایەخی مرۆڤەکان لەژیاندا، بەهەند وەردەگرت و هەوڵی پاراستنی جەستە و ژیانیانی ئەدا، هەربۆیە بونی دەرمانخانە و گرنگیدان بەلایەنی دەرمانسازیی، پانتاییەکی گەورەی لەمێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا گرتووە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە:

**دەرمانسازیی لەنێو ئەم شارستانییەتەدا چۆن پەرەی پێدرا؟**

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لە سەحیحی بوخاریدا فەرمویەتی: (ماأنزل الله داء إلا أنزل له دواء)، واتە: (خوای گەورە هیچ دەردێکی بێ دەرمان نەناردووە".

ئایینی ئیسلام، وەکو ئایینێکی گەورە و بەرز، هەر لەسەرەتاوە بەگژ ئەو خورافاتە پزیشکیانەدا چویەوە، کەوا لەنێو جاهیلیەتی مەککەدا پەرەی سەندبوو، لەپەنابردنە بەر بتەکان بۆ پاراستنیان لەنەخۆشی و بەڵاکان، یان بڕواکردن

بەجادوو و ساحیران، كەوا پێشبینی بارودۆخ و باری تەندروستیان دەكرد، ئەویش بە بەكارهێنانی دەرمان و یادكردنی خوای گەورە، وەك پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێ: "هەركەسێكتان دوپشك پێوەیدا، با بە ئاو و خوێ شوێنەكەی بشوات، پاشان قورئانی لەسەر بخوێنێ، تاوەكو ئازارەكەی نەمێنێ[١]".

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) لەبارەی نەخۆشییەكانەوە لەچەندین شوێندا ڕێنمایی خەڵكی كردووە، بۆ نمونە: فەرمویەتی: "مەچنە ناوچەیەكەوە تاعونی تێدا بڵاوبوبێتەوە، ئەوانەشی لەوێن، دەرنەچن لێی".

یاخود لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە پێغەمبەری خوا فەرمویەتی: "بەلای خواوە بڕواداری بەهێز لەبڕواداری لاواز خێردارتر و خۆشەویسترە، بەڵام هەردوكیشیان خێریان تێدایە، كۆشش بكە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی سودی بۆت هەیە و، پشت بەخوا ببەستە و بێتوانایی مەنوێنە!".

چەندین فەرمودەی ترمان هەیە لەبارەی ڕێنمایی كردنی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆ نەخۆشان و، پێدانی دەرمان و چارەسەر پێیان، وەكو دەفەرموێ:

- هەموو بەیانییەك (٧) دەنك خورمای (عەجوە) بخۆ، هیچ شتێكی جادویی و سیحر و ژەهراوی، زیان و زەرەرت پێناگەیەنێت[٢].

- سیواك لەدەم و ددانتان بدەن، شیفای هەموو دەردێكە، جگە لەسام، پرسیان: ئەی ڕەسولی خودا! سام چیە؟ فەرموی: مردن[٣].

- عەلی كوڕی ئەبی تاڵب وتویەتی: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموی: "سورمە "كل" بەكاربێنن، برژانگتان درێژ دەبێت و، چاوتان لەهەوكردن دەپارێزێت[٤]".

---

(١) أحلام استيتة: تأريخ الصيدلة، ص٥١.

(٢) الألباني: سلسلة الأحاديث الصحيحة، ١/ ٤٠٧، رقم: ١٧٩٨.

(٣) البخاري: الجامع الصحيح، رقم: ٥١٣٠.

(٤) الطبري: تهذيب الآثار وتفصيل الثابت عن رسول الله، تحقيق: محمود شاكر،رقم الحديث: ٢٨٠٨.

ئەوەی لەم فەرمودانەوە تێئەگەین ئەوەیە پێغەمبەر خوا هەوڵیداوە بناغەی شارستانییەتەکەی تۆکمە بکات لەڕێگای پەروەردە کردنی جیلێکەوە کە هەوڵی پەرە بدات بەزانست ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، کاتێ ورد ئەبینەوە لەو فەرمودانەی، کە پێغەمبەر فەرمویەتی ئەگەر ئەوە بکەیت، ئەوا هیچ نەخۆشییەك ڕوت تێناکات، مەگەر مردن، مەبەست لەوەیە:

١- گرنگی دەرمانەکە بەدەربخات، کە چەند سود و تایبەتمەندی هەیە.

٢- هەموو دەرمانێك بۆ دەردێکە، نەك بۆ هەموو دەردێك، یەك دەرمان بەکاربهێنرێت.

٣- لەگەڵ پەیوەست بوون بەدەرمانەکانەوە یادی خوامان لەبیر نەچێت ؛چونکە ویستی خوا لەهەموو شتێك گرنگترە.

سەبارەت بەدەرمانسازیی لەسەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدیندا، هیچ جۆرە زانیاریەکی نوێ لەسەر دەرمانسازیی لەم سەردەمەدا بەردەست نییە، جگە لە شتە تەقلیدی و باوەکانی ناو کۆمەڵگا، کە لەکاتی فتوحاتدا بۆ سەربازە بریندارەکان سودیان لێوەردەگرت، یاخود بەهۆی ئاشنابونیان بەفارس و ڕۆمەکان، هەندێ چارەسەری سەرەتاییان لێوەرگرتن[١].

لەسەردەمی ئەمەوییەکانیشدا، جیهانی ئیسلامی لەڕوی ڕوبەرەوە، بەڕادەیەکی زۆر گەورە و بەرفراوان بوو، لەلایەنی پزیشکیی و دەرمانسازییشەوە، قوتابخانەی (جندیسابور) دەرکەوت بەپاڵپشتی: (ئەمیر خالید کوڕی یەزید) توانرا لەماوەیەکی کەمدا، گەنجینەیەکی گەورە لە کتێب وەربگێڕدرێ، لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی عەرەبی[٢].

لەسەردەمی عەباسیەکانیشدا، پسپۆڕی لە بواری دەرمانسازییدا بەدەرکەوت، کە پێشتر تەنها ئەوانەی پزیشك بوون، هەڵدەستان بەپێدانی هەندێ دەرمان بۆ چارەسەرکردنی کەسی نەخۆش، بەڵام لێرە بەدواوە، بەهۆی بەرفراوانبونی

---

(١) د. محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص٢٨٠.

(٢) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٤٢.

زانستەکان و پەرەسەندنی کاری وەرگێڕان، پیشەی دەرمانسازییش پسپۆڕی خۆی وەرگرت، تەنانەت بووە کارێکی پشتاوپشتی، کە لەباوکەوە دەمایەوە بۆ منداڵەکانی، بەڵام بۆ ئەوەی لایەنی تەندروستی و پاکوخاوێنی دەرمانەکان لەبەرچاو بگیرێ، دەوڵەت هەستا بەدامەزراندنی دەزگایەکی چاودێری تایبەت بەدەرمانخانەکان، کەوا سەردانی شوێنی دروستکردنی دەرمان و دەرمانخانەکان دەکراو، پاش هەڵسەنگاندن، یان دانی پێدائەنراو دەستخۆشی لێدەکرا، یاخود سزادەدرا لەسەر پابەندنەبونی بەرێنماییە پزیشکیەکانەوە، لەشێوازی دروستکردنی دەرمانەکان و پاکوخاوێنی و کێشی دەرمانەکە و، ماوەی هەڵگرتن و شوێن و ماوەی بەسەرچونی دەرمانەکان، ئەمەش لەبەغدادەوە بۆ بەصرە بۆ دیمەشق و ئینجا قاهیرە گواسترایەوە، دواتریش بۆ ئەندەلوس لە قورتوبە و تلێتلە.

(ئەلقفطی) لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەنیوەی یەکەمی سەدەی (٩ز)دا، کۆمەڵێك کەسی شارەزا بەدەرکەوتن، پێیان دەوترا: (دەرمانسازەکان) خۆیان یەکلایی کردبۆوە بۆ ئەو پیشەیە".


قوتوی دەرمان دیمەشق

بەمەش بۆمان دەرکەوت: دەرمانخانەکان لەجیهانی ئیسلامیدا، بۆ یەکەمجار لەسەدەی (٩ز) بەدەرکەوت لەبەغداد لە (١١٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، لەلایەن کۆمەڵێك کەسەوە وەکو پیشەیەکی سەربەخۆ دەستیان بەم ئیشەکرد، کە کاریان بریتی بوو لە: دروستکردنی دەرمان بۆ دەرمانخانەکان و جەختیان لەسەر دەسترەنگینی دەکردەوە، لەڕێکخستنی جۆری دەرمانەکان و خەزنکردن و پاراستنیدا، ئەمەش بەشێوەیەکی پشتاوپشتی بۆ منداڵەکانیان دەمایەوە، بەجۆرێك لەسەدەی (١٢-١٣)ز کۆمەڵێك

خێزان هەبوو لەبازاڕەكاندا بەم پیشەیەوە بەناوبانگ بوون و پابەندیش بوون بەو لیژنە حكومیەوە، كە ناودەبرا بە (المحتسب) كە سەر بە دیوانی (الحسبة) بوو (Health and Safety Excutive)[1].

(عمر فروخ) لەكتێبی: (تأريخ العلوم عند العرب)دەڵێ: " لەسەردەمانی كۆندا، بازرگانیكردن بەدەرمان و هێنان و بردنی، ئازادانە بوو بەبێ هیچ جۆرە چاودێریەك، كۆمەڵێك بازرگان دەرمانیان دەهێنایە ناو بازاڕەكان و، دەیاندایە خەڵكی، بەبێ ڕەچاوكردنی هیچ جۆرە مەرجێكی تەندروستی و، بونی شارەزایی و پسپۆڕیان لەبارەی دەرمانەكانەوە.

بەڵام لەسەردەمی خەلیفە مەئمونی عەباسی، لیژنەی تاقیكردنەوەی دەرمانخانەكان دامەزرا، پاشانیش براكەی موعتەسەم چاودێریكردنی دەرمانخانەكانی دایەدەست لیژنەیەكی شارەزا و پسپۆڕ بۆ چاودێریكردنیان[2]..".

یەكەم دەرمانخانەش، كە دامەزرا، لەبەغداد بوو ساڵی (٧٦٦)ز بەچاودێری دەزگای (الحسبة[3])، ئەم چاودێریە تەندروستیەش، بوە هۆی ئەوەی، كە كەس نەتوانێ دەرمان بفرۆشێتە كەسێك، بەبێ بونی مۆڵەتی پزیشك، ئەوەش لەعێراق پێی دەوترا (الوصفة) و لەشام پێی دەوترا: (الدستور) و، لەمەغریب پێی دەوترا: (النسخة[4]).

بۆ یەكەمین جار لەوڵاتی تونس، لەسەدەی (١٠)ز، پیشەی دەرمانسازیی لەپزیشكیی جیاكرایەوە، ئەمەش لەلایەن: (ئیسحاقی كوڕی عمران)ەوە بوو، كە هەڵدەستا بە چارەسەركردنی خەڵكی لەشوێنە گشتیەكاندا و، پاشان نوسینی دەرمانەكانی تایبەت بەچارەسەركردنی نەخۆشییەكەی، لەسەر كاغەزێك، دەنوسی بۆ ئەوەی كەسی نەخۆش بچێت لەدوكانی دەرمان (عەتارەكان) وەریبگرێت،

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١، ص١٨٤.

(٢) علي عبدالله الدفاع: إسهام علاء العرب والمسلمين في الصيدلة. ص١٤٦.

(٣) نجيب عبدالرحمن حكمت: دراسات في تأريخ العلوم عند العرب، د.ت.

(٤) علي عبدالله الدفاع: إسهام علاء العرب والمسلمين في الصيدلة. ص١٤٣.

هه‌روه‌ها (ئیبن جزار) نه‌خۆشه‌كانی خۆی ده‌نارده لای كه‌سێك، كه‌وا هه‌موو جۆره ده‌رمانێكی هه‌بوو به‌شێوه‌ی: (حه‌ب، هه‌ویر، شروب، مه‌لحه‌م،...).

سه‌باره‌ت به‌ناوچه‌ی ئه‌نده‌لوسیش، سه‌ره‌تا وه‌كو سه‌رده‌می جاهیلی و ئه‌مه‌وییه‌كان وابوو، كه‌وا بۆ چاره‌سه‌ر ته‌نها چه‌ند ده‌رمان و گیا و ڕووه‌كێكی پزیشكیی هه‌بوو[1].

یه‌كه‌م پزیشكێك له‌باره‌ی ته‌ندروستی و ده‌رمانه‌كانه‌وه نوسیبێتی: (مه‌ڕوان كوڕی عه‌بدولمه‌لیك كوڕی حه‌بیبی سه‌له‌می قورتوبی)ه، له (٨٥٤ ز) مردووه، كه‌وا بۆ یه‌كه‌مین جار خه‌ڵكی ئه‌نده‌لوسی به‌ڕێنماییه ته‌ندروستیه‌كان له‌ڕێگای فه‌رمایشته‌كانی پێغه‌مبه‌ری نازدار (صلی الله علیه وسلم) ئاشناكردووه و، وته‌ی حه‌كیمانی بواری ته‌ندرستی، ده‌رباره‌ی چۆنییه‌تی خۆپاراستن و پارێزگاریكردن له‌ته‌ندروستیمان وه‌ك به‌شێك له‌دین.

ئه‌میرو خه‌لیفه‌كانی ئه‌مه‌ویش، پشتگیریه‌كی زۆری كه‌سانی شاره‌زای بواری پزیشكیان ده‌كرد، له‌ده‌ورانی ئه‌میری پێنجه‌م: (موحه‌ممه‌دی كوڕی عه‌بدولڕه‌حمان)، هه‌ڵسان به كۆكردنه‌وه‌ی زانیاریه پزیشكیه‌كانی پێشین و نوێكان له‌به‌غداد و شام و قوسته‌نتنییه).

یه‌كه‌مین گه‌شتی زانستیش بۆ شاری به‌غداد بوو، له‌لایه‌ن: (یونس كوڕی ئه‌حمه‌دی حرانی و كوڕه‌كانی عومه‌ر و ئه‌حمه‌د)، ئه‌وه‌بوو كوڕه‌كانی له‌ساڵی (٩٦٢)ز گه‌ڕانه‌وه بۆ ئه‌نده‌لوس و ده‌ستیان كرد به‌خزمه‌ت كردن، له‌ده‌ورانی حوكمی (موسته‌نسر)دا، به‌هه‌مان شێوه، (موحه‌ممه‌د كوڕی عه‌بدونی جه‌به‌لی) له‌ساڵی (٩٥٨)ز هه‌ستا به‌گه‌شتێكی زانستی بۆ وڵاتی عێراق و میسر، دواتریش له‌قاهیره ده‌ستیكرد به كاری فێركاری ته‌ندروستی.

ئه‌م گرنگیدانه‌ی خه‌لیفه و ئه‌میره‌كانی ئه‌نده‌لوس له‌بواری زانستیدا، وایكرد ئیمپراتۆری (بیزه‌نتی) بۆ خۆنزیكردنه‌وه له خه‌لیفه (عبدالرحمن ناصر) له ساڵی

---

(١) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٧١٧.

(٩٥٠)ز هەستا بەناردنی كتێبی (دیسقوریدس) و، پاشان ناردنی وەرگێڕیش، تاوەكو تەواوی كتێبەكە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.

ئەم پەرەسەندنە بەرفراوانە لەبواری زانستیدا وایكرد لەزەمانی دەسەلاتی حەكەمی سێیەمدا ژمارەی كتێبەكان لەكتێبخانەی قورتوبە بونە نیو ملیۆن كتێب، بەمەش شارستانییەتی ئەندەلوسی لەسەدەی (١٠-١٣)ز ئەوبەڕی پڕشنگداری بینی لایەنی پزیشكیی و دەرمانسازیی و تەواوی زانستە جۆراوجۆرەكانی ئەو سەردەمەوە[١].

لەسەردەمی عوسمانییەكانیشدا، بەتایبەتی لەدەورانی زێڕینی ئەم دەوڵەتەدا پەرەیەكی زۆر درایە بواری دەرمانسازیی، ئەمەش لەدوای ئەوەی قوتابخانەی تایبەت بەبواری پزیشكیی كرایەوە، جیا لە بەشە پزیشكیەكانی ناو نەخۆشخانەكان.

عوسمانییەكان یەكەمین كەسێك بوون، كە منداڵەكانیان دژ بە ئاوڵەی ڕەشە ولاخ كوتیوە، دەبینین خاتو مونتاگیو (Lady Montagu) ژنی سەفیری ئینگلیزی لە ئەستەمبوڵ، لەنێوان ساڵانی: (١٧١٦-١٧١٨)ز لەماوەی مانەوەی ئەم خاتونە لە ئەستەمبۆڵ، زنجیرەیەك نامە، كە بۆ بەریتانیای دەناردەوە باسی لە چۆنییەتی كوتانی عوسمانییەكان كردبوو، دواتریش كاتێ گەڕاوە بۆ وڵاتەكەی خۆی بە دوور و درێژی باسی لەچۆنییەتی شێوازی كوتانەكە كرد، جگە لەوەی لەلایەن سەرانی كەنیسەوە دژایەتی كرا، لەلایەن كۆمەڵێك لە پزیشكانی ئەو سەردەمەشەوە لە دژی وەستانەوە و بە مەترسیان دەزانی، بەڵام دواجار بووە هۆی بڵاوبونەوەی ئەم بیرۆكەیەی عوسمانییەكان بە هەموو ئەوروپادا[٢].

دەرمانسازیی ئیسلامیی، لەسەدەی (١٣)ز كاریگەریەكی گەورەی هەبوو لەسەر ئەوروپا لەوانە، لەسەر هەریەكە لە: (یوهانز سانت ئاماند Johannes of

---

١ د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٧١٧-١٧٢.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٧٦.

St.Amand و پیترو دی ئەبانو Pietrod' Abbano) مامۆستا لەناوچەی پادوقا (Paduq)ی ئیتاڵیا، لەنێوان ساڵانی: (١٣٠٦-١٣١٦)ز، یەك لەو كتێبە پزیشكیە كاریگەرانەش، كتێبەكەی (ئیبن وافدی ئەندەلوسی)یە: (الأدویة المفردة) بوو، كە زیاتر لە (٥٠) جار بەزمانی لاتینی بڵاوكرایەوە بەناوی: (De medicamentis Simplicibus).

(ئیبن وافد) بەماوەی (٢٥)ساڵ ئەم كتێبەی نوسیوە و، لە (٥٠٠) لاپەرە پێكهاتووە، ئەم زانایە سەرباری دەرمانە جۆراوجۆرەكانی تایبەت بەچارەسەری نەخۆشەكان، دەرمانی تایبەتی هەبوو بۆ خۆشۆردن و خەوتن، هەروەكو (زەهراوی)، دەرمانی تایبەتی هەبوو بە دژەخۆر.

یەكێكی دی لەو كتێبانەی كاریگەری هەبوو لەسەر دەرمانسازیی ئەوروپی، كتێبی (الجامع لمفردات الأدویة والأغذیة)ی (ئیبن بەیتاری مالقی) بوو، كەوا بەمەوسوعەی دەرمانە ڕووەكیەكان دادەنرێت و، تا ئێستاش ماوەتەوە، باسی زیاتر لە (٣٠٠) هەزار جۆر دەرمانی كردووە و، بەشێوازی ئەلفبێ ڕیزبەندی كردون و، ئەم زانیاریانەشی زیاتر لە (١٥٠)كەسی پسپۆر و شارەزا و نوسەر وەرگرتووە، كتێبەكە لەساڵی (١٧٥٨)ز، چەند بەشێكی وەرگێردرا بۆ سەر زمانی لاتینی و، لەساڵی (١٨٤٢)ز، تەواوی كتێبەكە وەرگێڕدرا.

یەكێكی تر لەو كتێبە گرنگانەی، لەبواری دەرمانسازییدا وەرگێڕدرایە سەر زمانەكانی ئەوروپا، كتێبی: (الخلاصة الوافیة العطور Compendium aromatarioram) بوو، كە لەلایەن پزیشكیی ناوداری سەدەی (١٥ز) (سەلاحەددین ئیسكولی Saladin. Ascolo) نوسرایەوە، كتێبەكە پێكهاتووە لە (٧)بەش و لەسەر شێوازی ئیسلامیانە پۆلێنكراوە بەم جۆرە: (پشكنینی دەرمانەكان، توانستی داواكراو، بەدیلی ئەو دەرمانە، مادده بەكارهاتووەكانی ئەو دەرمانە لەمادده سادە و تێكەڵەكان).

دەرمانخانەكانی ئەوروپاش، بەهۆی چاولێكردنەكانی موسڵمانەكانەوە، پەرەی زیاتریان دایە دەرمانخانەكان، ئەوەبوو لەسەدەی (١٧ز)دا پزیشكیی فلۆرەنسی

(لودوفیكودال پوزو توسكانیللی Ludovicodol pozzo Toscanelli) له كۆلێژی (فلۆرینتن)، په‌یامێكی له‌سه‌ر تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی ده‌رمان و چۆنییه‌تی ڕێكخستن و پۆلێنكردنی ده‌رمانه‌كان نوسی، به‌پێی جۆری ڕووه‌كی و ئاژه‌ڵی و كانزایی، پاشانیش پۆلێنكردنه‌وه‌یان له‌سه‌ر بناغه‌ی ساده‌یی و تێكه‌ڵه‌ی ده‌رمانه‌كان له‌جۆری: (زه‌یتی و حه‌ب و مه‌لحه‌م و هه‌ویری و ...) له‌ژێركاریگه‌ری ده‌رمانسازیی ئیسلامی.

له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌دا، له‌ساڵی (١٩٧٧)ز مێژوونوسی ئه‌مریكی: (مارتن لیڤی Martin Levey) ده‌ستنوسێكی عه‌ره‌بی دۆزیه‌وه و، چه‌ندین ده‌رمان و چاره‌سه‌ری ته‌ندروستانه‌ی ده‌رهێنا، له‌ده‌رمانه تاك و تێكه‌ڵكراوه‌كان، كه مێژووه‌كه‌یان ده‌گه‌ڕایه‌وه بۆ (١٠٠٠)ساڵ به‌ر له ئێستا، به‌ڵام تا ئه‌و كات ئاماژه‌یان پێنه‌درابوو و پێویستیان به‌لێكۆڵینه‌وه‌ی زیاتر بوو[1].

ئه‌مه‌ش به‌هێزی لایه‌نی ده‌رمانسازیی نیشان ئه‌دا كه پێویستی به‌گه‌ڕانی زیاتر و شاره‌زایی زیاتر هه‌یه، تاوه‌كو په‌ی به‌نهێنی توانا و شاره‌زایی ده‌رمانساز و پزیشكانی ئه‌و سه‌رده‌مه ببه‌ین، كه له‌چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشییه‌كاندا، چه‌نده لێهاتوو بوون.

**سه‌باره‌ت به پۆلێنكردنی ده‌رمانه‌كان، ده‌توانین بڵێین: به دوو جۆر بووه:**

جۆری یه‌كه‌میان: له‌سه‌ر پۆلێنكردنی ده‌رمانه‌كان بووه: (ڕووه‌كی، ئاژه‌ڵی، كانزایی).

جۆری دووه‌میشیان: به‌پێی پیته ئه‌بجه‌دیه‌كان، هه‌ریه‌كه له ده‌رمانه‌كانی ئه‌م به‌شانه‌ی پۆلێن ده‌كرده‌وه، وه‌كو له‌كتێبه‌كانی: (ئیبن به‌یتار و ئیبن سینا و ئیدریسی و ئینتاكی)دا به‌رچاومان ده‌كه‌وێ، به‌ڵام كه‌سێكی وه‌كو: (مه‌جوسی) پۆلێنی به‌شه‌كانی له‌سه‌ر شێوازی ئه‌بجه‌دی كردووه، بۆ نمونه:

- پۆلێنی ده‌رمانه ڕووه‌كییه‌كان.
- پۆلێنی ده‌رمانه ئاژه‌ڵییه‌كان.

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٦.

- پۆلێنی دەرمانە كانزاییەكان.

هەریەكە لەمانەی، لەسەر شێوازی ئەبجەدی ڕیز كردووە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دانراوی پزیشكەكان، دەبینین: لەسەر هەریەك لەدەرمانەكان، ئەم زانیاریانە نوسراون: (ڕەنگی، بۆنی، تامی، زبری و ڕەقی، شێوە و پێكهاتەی، چۆنییەتەكەی، سود و زیانەكانی دەرمانەكە لەسەر جەستە، ماوەی بەكارهێنان، بەدیلی دەرمانەكە)[1].



سەبارەت بە كاریگەری و بەهێزی دەرمانەكان، لەسەر جەستەی مرۆڤ، زانایانی نێو ئەم شارستانییەتە، لەژێر كاریگەری فەلسەفە و بیری یۆنانیدا بوون، كەوا ئەم دونیایە لەسەر (٤) بنچینەی سەرەكی بنیات نراوە، دوانیان سوكن، وەكو: هەوا و ئاگر، دوانیشیان قورسن، وەكو: ئاو وخاك، هەموو جەستەیەكیش لەم ژیانە، لەسەر ئەم چوار بنچینەیە دروستكراوە كە دەبێتە هۆی دروستبونی چوار سیفەتی تر، ئەوانیش: (گەرمی، ساردی، وشكی، شێ).

بەهۆی ئەم تێگەیشتنەوە دەبینین پزیشكانی ئەم شارستانییەتە، پێوانەیان بۆ كاریگەری و بەهێزی دەرمانەكان لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فەلسەفیانە بۆ مۆڤ بووە، بۆ نمونە: كەسێكی وەكو: (ئیبن سینا) بۆچونی وابووە: كاریگەری دەرمانەكان لەسەر ئەم بنەمایانە بێت:

١- نابێت لەشوێنی شێدار و گەرمدا بێت.
٢- دەرمانەكە لەیەك مادده پێكهاتبێ، نەك تێكەڵە.

---

(١) د.طە اسحاق الكیالي: تأریخ الطب والأطباء. ص٣٢٩-٣٣٠.

٣- به‌هێزی دەرمان لەجۆری پێکهاته‌کەیدایە.
٤- گرنگی دەرمانەکە، کاتێ بەدەردەکەوێ، ئەنتیەکەی تاقیبکرێتەوە.
٥- پابەندبون بەکاتی دەرمان و ئەو گۆڕانەی بەسەریدا دێت.
٦- بەردەوامبون لەسەر بەکارهێنان.

جیاوازی کاریگەری دەرمانەکان لەسەر کەسی نەخۆش، (ئیبن ربن) لەکتێبی: (فردوس الحکمة)دا دەڵێ: "جیاوازی کاریگەری دەرمانەکە لەسەر کەسی نەخۆش، لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر سود و زیانەکانی دەگۆڕێت، تەنانەت لەمیللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر و، لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر".



سەرەتا دەرمانەکان بەناوی ئەو شوێنەوە دەنرا، کە دەرمانەکەیان لێوە دەهێنا، بۆ نمونە: (کافور) لەناوچەی (کابور)، یان (قەنبیل) لە ناوچەی (کامبیلا)وە، یان تەمری هیندی و چەندانی تر تا دواتر لەلایەن پزیشك و زانا موسڵمانەکانەوە،

چەندین دەرمانی تریان دۆزیەوە و بەکاریان هێنا[١].

هەروەها باسیان لەدەرمانەکان کردووە، وەکو: قاوە بۆ دڵ و هەوکردنی لەوزەتێن و قورگ ئێشە، ئەفیون و حەشیش بۆ سڕکردن، گوژاڵك بۆ دەرهێنانی کێمی تێزاو، لەگەڵ دەیان دەرمانی تر کە لەیۆنانییەکانەوە فێربون... (موحەممەد تەمیمی مقدسی) دەرمانێکی دۆزیەوە بۆ چارەسەری باکردن و ئاسانکردنی هەرسکردن، ئەمەشی بەناوی کردارەکەوە ناونا (مفتاح الفرج والتخفيف عن الروح).

(ڕازی)یش دەرمانێکی تازەی دۆزیەوە بۆ چاوئێشە، کە پێشتر هیچکام لە پزیشکانی چاو نەیان دۆزیبۆوە[٢]، (زیغرید هونکە) لەم بارەیەوە دەڵێ: (پاش ئەوەی موسڵمانەکان چەند دەرمانێکیان لەیۆنانییەکانەوە وەرگرت، هەستان بەتێکەڵکردنی لەگەڵ ئاوی لیمۆ و پرتەقاڵ، تاوەکو ئەو تاڵی و گرانییەی نەبێت، لەسەر کەسی نەخۆش[٣]).

عەبدولمنعم هاشمی دەڵێ: (ئیبن سینا و هەندێ لەزانایانی بواری دەرمانسازیی لەجیهانی ئیسلامیدا، بۆ یەکەمجار بیرۆکەیەکیان داهێنا بۆ ئاسان خواردنی دەرمانەکان، ئەویش: دروستکردنی گیراوەیەك بوو لە: "ئاوی لیمۆ، شەکر، هەنگوین"، پاشان تێکەڵ کردنی لەگەڵ بڕێك لەو دەرمانەی لە گیراوەکەدا پێویستە و، دوایی بەشێوازی شروب بخورێتەوە، بەمەش لەگەڵ ئەوەی سودی هەبوو، هیچ جۆرە تامێکی ناخۆشی لەدەمی نەخۆشدا بەجێ نەدەهێلا[٤]).

یەکێکی تر لەو داهێنانەی لەبواری دەرمانسازییدا بەدی هات، بیرۆکەکەی (ڕازی) بوو، کە دەیگوت: (پێویستە هەموو دەرمانێکی نوێ، پێش ئەوەی نیشانی خەڵکی بدرێت و بدرێتە نەخۆشان، لەسەر ئاژەڵەکان تاقیبکەینەوە و ئەنجامێکی لێوەربگرین)، ئەمەش بووە کارێکی ئیجباری لەنێو پزیشکاندا پەیڕەوی لێکرا، کە هەموو دەرمانێك لەسەر ئاژەڵەکان تاقیبکرێتەوە، بەمەش جەختیان دەکردەوە

---

(١) الكيالي: تأريخ الطب و الأطباء في حلب، ج١/ ص٣٣١.

(٢) د.حميد موراني: تأريخ العلوم عند العرب، ص٥٦-٥٧.

(٣) شمس الله تسطع على الغرب، ص٢٢٤.

(٤) العلماء و العباقرة المسلمون، ص، ١١٥.

لەسەر باشی و خراپی دەرمانەكان[١].

بەهۆی سود وەرگرتن لەزانستی كیمیا بۆ لایەنی دەرمانسازیی، موسڵمانەكان گەیشتنە ئەنجامێكی نوێ لەدروستكردنی دەرمان، ئەویش بریتی بوو لەدروستكردنی دەرمانی كیمیایی بۆ چارەسەری نەخۆشی.

(جەلال مەزهەر) لەكتێبی: (حضارة الإسلام وأثرها في الترقي العالمي) دەڵێ: "موسڵمانەكان هۆكارێكی سەرەكی بوون لەبەستنەوەی ئەم دوو زانستە بەیەكەوە و، سود لێبینینی بۆ دروستكردنی دەرمانێكی نوێ، بەمەش دەرگای سەردەمێكی نوێیان كردەوە لەهونەری چارەسەركردندا".

موسڵمانەكان یەكەمین كەسێك بوون، هەستان بە ئامادەكردنی ترشی كبریتیك و نتریتیك و تفتەكان و شلەی ئامۆنیاك و ترشی تەرتریك و خوێی زیو و خڵتەی سور و... چەندانی تریش، كە تا ئێستا خۆرئاوا بەكاریان دێنێ و ئەسڵەكەیان هی موسڵمانە[٢].

سەرەتا، دەرمانسازیی لەم شارستانییەتەدا لەرێگای وەرگێرانی كتێبە یۆنانییەكانەوە دەستی پێكرد، پاشان وردە وردە پزیشكان و شارەزایان بەدەركەوتن و، پەرەیاندا بە بوارەكە و، توانیان دەرمانی تاك و تێكەڵ و كیمیاوی دروست بكەن، بەچەندین جۆری و شێوەی جیاواز، كە كەمترین زیان و زۆرترین سودی هەبێت، لەجیاتی ئەوەی ئازار بە گەدە و سك بگەیەنێت و بیسوتێنێتەوە، پاككەرەوە بێت و سك لەماددە زیان بەخشەكان رزگار بكات، لەگرنگترین ئەو دەرمانانەیش بەكاریان دەهێنا ئەمانە بون: (رۆنەكان، شروبەكان، عەترەكان، حەبەكان، سورمەكان، زەنجەبیل، میوەی مانجۆ، دەرمانی خوایی، كە بەئەسڵ یۆنانی بوو، موسڵمانەكان پێیان دەوت: ئیارجات و دەكرایە چێشتەوە، بخورد[٣]،........).

---

(١) د.علي عبدالله الدفاع: إسهام علماء العرب والمسلمين في الصيدلة، ص١٣٣.

(٢) الكيالي: تأريخ الطب والأطباء في حلب، ج١/ ص٣٣١.

(٣) د.محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص٣٥٤-٣٦٤.



**بەدرێژایی ئەم شارستانییەتە، چەندین کەسی شارەزا لەبواری دەرمانسازییدا بەدەرکەوتون، لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەڕۆڵ و هەوڵەکانیان دەدەین:**

**١- ئەلکندی:** (ئەلقفطی ) لەبارەیەوە دەڵێ: "زۆر بەجوانی باسی لە چارەسەری نەخۆشییەکان و چۆنییەتی ئامادەکردنی دەرمانەکان کردووە، بەشێوازی حەب و مەرهەم و سورمە و مەلحەم و ..."، هەروەها پۆلێنی دەرمانەکانی کردووە لەسەر باشی و خراپیان[1].

**٢- سابور کوڕی سەهلی کوسج:** یەکەم پزیشك بووە، باسی لە دەرمان و چارەسەرە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بەنەخۆشییەکان کردبێ و کەسانی تریشی فێرکردبێت[2]. بەکۆکەرەوەی زۆرێك لەدەرمانەکانی ئەوکاتە و پۆلێنکردنیان بەسەر (٢٠) جۆردا (ئەقربازین) دادەنرێت لەجۆری: (حەبەکان، پارچەکان، بەیەکەوە لکاوەکان، هەویریەکان، جوراویەکان، مەلحەمیەکان، شروبەکان، مورەباکان، چێشتەکان،

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٥

(٢) ن.م، ص١٨٥.

سورمەكان، ڕۆنەكان، مەرهەمەكان، كەرەسەكانی برینپێچی، دەرزی، بڕنوتیەكان، دەرمانەكانی وەستانەوەی خوێنی لوت ،...)[١].

**٣- عەلی كوڕی سەهل كوڕی ڕەبەنی تەبەری:** لەكتێبی: (فردوس الحكمة)دا ناوی زۆرێك لە دەرمانە هیندی و فارسیەكانی باسكردووە، لەگەڵ باسكردنی بنەڕەتی هەریەك لەدەرمانەكان[٢].

**٤- ئەبوبەكری ڕازی:** كۆكەرەوەی زانستی پزیشكیی پێشینە، كە توانی بەسود وەرگرتن لەزانستی كیمیا، چەندین دەرمانی جۆراوجۆر دروست بكات، ئەمەشی لەهەردوو كتێبی: (سر الأسرار) و (طب الروحاني)دا باسكردووە و ئەزمونەكانی خۆی لەو بوارەدا خستۆتە ڕوو، لەكتێبی یەكەمیدا، زیاتر لە بیست جۆر ئامێری دروست كردووە، لەشوشە و كانزای تر بۆ بواری تاقیگە و دەرمانسازیی، لەكتێبی دووەمیشدا، باسی چۆنییەتی ئامادەكردنی دەرمانەكانی كردووە[٣].

هەرچی سەبارەت بەكتێبی: (الحاوی)یە، كە پێكهاتووە لەزانستی پزیشكیی و دەرمانسازیی، لەگەڵ باسكردنی نەخۆشییە بەربڵاوەكان و نیشاندانی ئەزمونی كاركردنی، لەبواری چارەسەركردندا، زۆرێك لە مێژوونوسان پێیان وایە ئەم كتێبە، ئەزمونەكانی (ڕازی)ە لەدیدی تێگەیشتنی قوتابیەكانییەوە، كە لەپاش خۆی نوسیویانەتەوە[٤].

(ل.أ.سیدیو) لە كتێبی: (تأريخ العرب العام) ئاماژە بەوە دەدات، (ڕازی توانی لەبواری دەرمانسازییدا تێكەڵە كیمیاییەكان بەكاربهێنێت)، هەربۆیە لەدیدی (ڕازی)یەوە كەرەستەكانی دروستكردنی دەرمان بۆ چوار بەش دابەش دەبن: (كانزاییەكان، ڕووەكیەكان، ئاژەڵیەكان، تێكەڵەكان.

یەكەم كەسیش بوو توانی ترشی كبریتیك دروست بكات كە ناوی دەبرد بە (زەیتی زان)، یان (زاجی سەوز).

---

(١) د.محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص٣٥٤-٣٦٤.

(٢) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٤٥.

(٣) الرازي: صيدلية التداوي من كتاب الحاوي، شرحه: محسن عقيل، ص٥.

(٤) د.علي عبدالله الدفاع: إسهام علماء العرب والمسلمين في الصيدلة، ص٢٥٧.

**٤- عەلی کوڕی عەباسی ئەهوازی (مەجوسی):** لەکتێبی (الصناعة الطبية)دا، کە لە (١٠) پەیامی سەرەکی پێکهاتووە و لەدوو بەشدا کۆکراوەتەوە:

بەشی یەکەم: باس لە نەخۆشییەکان و هۆکار و چارەسەرکردنیان دەکات.

لەبەشی دووەمدا: باسی دەرمانەکان و چۆنییەتی ئامادەکردنیان دەکات، هەروەها باس لەوە دەکات هەندێ چارەسەر هەیە تەنها پێویستی بە خۆراکە و، هەندێکی دیکەیان پێویستیان بە دەرمانە، ئەگونجێ هەندێ لەوانە، تەنها پێویستیان بەدەرمانێکی سادە بێت و، هەندێکیشیان دەرمانی تێکەڵە بن، هەروەها ناگونجێ بێ بونی زانیاری لەسەر دەرمانێك، بەکار بهێنرێت[1].

یەکێکی تر لەکتێبەکانی ئەم پزیشکە، کتێبی: (الملكي)یە، کە پێشکەشی مەلیکی (بومیهی) کردووە، لەکۆتاییەکانی سەدەی (١٢ز) لەسەردەمی قوستەنتینی ئەفریقی لە قوتابخانەی (سالرنو)ی ئیتاڵیا، وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی[2].

لەم کتێبەدا جەختی لەسەر کاریگەریەکانی دەرمان، لەسەر جەستەی مرۆڤەکان کردۆتەوە، (مەجوسی) پێی وایە: چۆنییەتی بەکارهێنانی دەرمانەکان، یەك لەو هۆکارانەیە، لەگەڵ چەندان هۆکاری تر کە، بەدرێژیی لەکتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردون.

**٥- ئیبن سینا:** ئەم پزیشکە گەورەیە، خاوەنی مەوسوعەیەکی گەورەی پزیشکیە بەناوی (القانون)، دوو بەرگی کتێبەکەی لەبارەی دەرمانسازییەوەیە، ئەویش بەرگی دووەم و پێنجەمە، لەبەرگی دووەمیدا ئاماژەی داوەتە دەرمانە تاکیەکان و خۆی لە کۆمەڵێك کی زۆر ڕووەکی پزیشکیدا دەبینێتەوە، کە لەسەرچاوە یۆنانی و هیندی و فارسی و چینییەکانەوە وەریگرتون، کە زۆرێکیان ئەو کاتە کرابونە عەرەبی، بەڵام بەشی پێنجەمی باسی چۆنییەتی ئامادەکردن و دروستکردنی دەرمانەکانە لەڕووەکی و کانزایی و ئاژەڵیەکان[3].

---

(١) ن.م، ص٢٥٨.

(٢) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٥١.

(٣) د.علي عبدالله الدفاع: إسهام علماء العرب والمسلمين في الصيدلة، ص٣٠٧.

تێكڕای ئەو دەرمانانەی باسی لێوە كردون و چۆنییەتی دروستكردنیانی ڕونكردۆتەوە، خۆیان لە (٧٠٠-٨٠٠) دەرماندا دەبینێتەوە[١]، سەرباری ئەمانەش، گرنگیەكی زۆری بەلایەنی كیمیا داوە بۆ دروستكردنی دەرمانە كیمیاییە تەندروستەكان، چونكە پێی وابووە: ئەم جۆرە دەرمانانەش تایبەتمەندی و كاریگەری باشیان هەیە لەسەر جەستەی مرۆڤە نەخۆشەكان، جیا لە دەرمانەكانی دی.

٦- بیـرونـی: بەناوبانگترین كتێبی لەلایەنی دەرمانسازییەوە، كتێبی: (الصيدلة في الطب)ە، بەگەنجینەیەكی پڕ مەعریفە دادەنرێ، لەدوو بەش پێكهاتووە.

یەكەمیان: باس لەهونەری دەرمانسازیی و مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی دەكات و زۆر بەجوانی و تێر و تەسەلی هەموو سەردەمە مێژووییەكانی ئەم زانستەی دابەشكردووە و لەهەر بەشێك و سەردەمێكیشدا لایەنی بەرەو پێشچونی ئەم زانستەی ڕونكردۆتەوە.

دووەمیان: زیاتر ئاماژەی داوەتە تایبەتمەندی و چۆنییەتی دروستكردنی دەرمانەكان و ئەمانەشی لەسەر شێوازی پیت دابەشكردووە.

لەگەڵ ناوهێنانی دەرمانەكاندا، ناوەكەی بەزمانەكانی تریش نوسیوە، لەگەڵ شوێنی دەرمانەكە و، چۆنییەتی هەڵگرتنی و، كاریگەریەكانی لەسەر جەستەی مرۆڤە نەخۆشەكە[٢].

**٧- ئەمین دەولەی كوڕی تلمیزی بەغدادی:** سەرۆكی نەخۆشخانەی (عەزدی) بوو لە بەغداد، پۆلێنی دەرمانەكانی بۆ (٣) بەش كردووە، ئەقربازینی دابەشكردووە بۆ (٢٠) بەش، ئەقربازینی نەخۆشخانەشی دابەشكردووە بۆ ١٦بەش[٣].

**٨- ئیسحاقی كوڕی عیمران:** یەكێك بوو لەپزیشكانی بەغداد، وڵاتەكەی خۆی بەجێهێشت و چووە (قەیرەوان)، چارەسەری نەخۆشانی لەشوێنە گشتیەكان دەكرد، پاشان دەرمانەكانی لەسەر پارچەیەك كاغەز دەنوسی و، ڕەوانەی دەكردن

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٥.

(٢) الدفاع: إسهام، ص٣٣٥.

(٣) إيمان بديع عبد ربة: الصيدلة في التأريخ الإسلامي، ص٢٣.

بۆ دوكانی تایبەت بە فرۆشتنی دەرمان، ئەمەش بەیەكەم جیاكردنەوەی پیشەی دەرمانسازیی دادەنرێ لەتونس، پێش ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[١].

**٩- ئەبو مەنصور مۆفەقی هروی:** لە (هیرات)ی ئەفغانستان ژیاوە لەسەدەی (١٠ز)، لەكتێبی: (الأنبية عن حقائق الأدوية) باسی لە دروستكردنی ئۆكسیدی مەرگەموش كردووە، هەروەها دروستكردنی ترشی (سیلیك) و بەكارهێنانی وەكو حەب بۆ یارمەتیدانی گەدە و پاراستنی لە هەوكردن[٢].

دوو كتێبی تریشی لەبواری دەرمانسازییدا نوسیوە، دانەیەكیان تایبەتە بە دەرمانە تاكیەكان و، دانەیەكیشیان سەبارەت بە دەرمانە تێكەڵەكانە، ئەوانیش: (الإعتماد في الأدوية المفردة) و (البغية في الأدوية المركبة[٣]).

**١٠- سەعیدی كوڕی عەبد ربە:** نوسەری یەكەم ئەقربازینە بەزمانی عەرەبی لە ئەندەلوس، كتێبەكەی: (الدكان[٤]) لە (١٧)بەش پێكهاتووە و كۆكراوەی دەرمانەكانە بەشێوەی: (شروب و مورەبا و سورمەكان و ..) لەگەڵ بەدەرخستنی سودەكانیان[٥].

**١١- ئیبن جلجل:** خاوەنی چەندین كتێب و پەیامی تایبەت بە دەرمانسازییە، لەوانە كتێبی (الأدويه المخزونه) و (تفسير أسماء الأدويه المفرده) زۆربەی زانیاریەكانی ناو ئەم دوو كتێبەی، لە كتێبی (الأعشاب)ی دیسقوریدس وەرگرتووە، پەیامێكیشی لەبارەی دەرمانە تاكیەكانەوە نوسیوە، كە لە كتێبەكەی (دیسقوریدا) نەهاتون، لەگەڵ ناوی هەندێ دەرمانی وڵاتانی هیند و شام و میسر، پەیامێكیشی هەیە بەناوی: (الترياق) كۆكراوەی دەرمانەكان و ڕیزبەندكردنیانە، بەپێی جۆر و شوێن و بۆنیان، كە هەندێكیانی لە كتێبەكەی (اندروماخس)ەوە وەرگرتووە[٦].

---

(١) محمد زهير ابابا: تأريخ وتشريع، ص١٦٨-١٦٩.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٥.

(٣) ابن مراد: بحوث في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص١٩٠-١٩١.

(٤) وشەیەكی فارسی، یان هیندیە بەواتای: (دەرمانخانە) دێت، یاخود شوێنی ئامادەكردنی دەرمان و عەترەكان.

(٥) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع، ص١٧٣.

(٦) ن.م، ص١٧٣.

١٢- زه‌هراوى: كتێبه‌كه‌ى له (٣٠) به‌رگ پێكهاتووه، جگه له‌سێ به‌رگى كتێبه‌كه‌ى، كه دوو به‌رگيان له‌باره‌ى زانستى پزيشكيى و، به‌رگێكيشيان له‌باره‌ى نه‌شته‌رگه‌ريه‌وميه، باقى به‌رگه‌كانى ترى، باسى ده‌رمان و چۆنييه‌تى دروستكردنى ده‌رمانه‌كان و ڕێگاكانى چاره‌سه‌ركردنى نه‌خۆشييه‌كانه، ده‌توانين بڵێين: ئه‌فريازينێكى كامڵ و ته‌واوه، له‌باره‌ى پۆلێنكردنى ده‌رمانه‌كانه‌وه، كه به‌م جۆره دابه‌شى كردووه: (دڵ، سوك و خۆشه‌كان، قه‌تره‌كان، ئه‌وانه‌ى غه‌رغه‌ره‌يان پێده‌كرێت، سورمه‌كان، ده‌رمانى تايبه‌ت به‌ده‌م و ددان، ده‌رمانى سك و سه‌رئێشه، ده‌رمانه مه‌لحه‌مى و مه‌رهه‌ميه‌كان، خواردنى نه‌خۆش و موره‌باكان،...)، له‌گه‌ڵ ناوهێنانى ناوى ده‌رمانه‌كان به‌چه‌ندين زمانى تر[1].

هه‌روه‌ها ئه‌م پزيشكه خاوه‌نى چه‌ندين مادده‌ى كيمياويه له‌وانه: (ئۆكسيدى قورقوشم، قورقوشمى سپى، كبريتى قورقوشم، مسى تواوه، مه‌رگه‌موشى زه‌رد، كلس، زاج و جۆره‌كانى، خوێ و جۆره‌كانى خوێ)[2].

١٣- ئيبن زه‌هر: به‌ناوبانگترين دانراوى: (التيسير في المداواة والتدبير)ه، كه له دوو به‌شى سه‌ره‌كى پێكهاتووه، به‌شى يه‌كه‌ميان: باس له پاراستنى ته‌ندروستى و جۆرى نه‌خۆشييه‌كان و چاره‌سه‌ركردنيان ده‌كات، كه به نه‌خۆشييه‌كانى (سه‌ر) ده‌ست پێده‌كات و به نه‌خۆشييه‌كانى سنگ و سك كۆتايى دێت، هه‌رچى به‌شى دووه‌ميشه به به‌نه‌خۆشييه‌كانى: خوار سكه‌وه ده‌ست پێده‌كات و به (تا) و نه‌خۆشييه گوازراوه‌كان كۆتايى دێت.

ئه‌م پزيشكه، خاوه‌نى چه‌ندين دانراوى تريشه له‌وانه: (الأغذية)، كه تايبه‌ته به‌خۆراكه به‌سووده‌كانى تايبه‌ت به نه‌خۆش، له‌گه‌ڵ (الجامع في الأشربة والمعجونات) له‌باره‌ى ده‌رمانه شروبى و هه‌ويريه‌كانه‌وميه، په‌يامێكيشى هه‌يه له‌سه‌ر (هه‌نگوين و شه‌كر)، يه‌كه‌م كه‌سيش بووه له‌باره‌ى: (وه‌ره‌مى سه‌ره‌تانى)ه‌وه دوابێت[3].

١٤- ئيبن ڕوشد: كتێبى: (الكليات)ى هه‌يه له‌سه‌ر شێوازى: (القانون)ى ئيبن سينايه.

---

(١) ن.م، ص١٧٥-١٧٧.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٥.

(٣) ابن زهر: التبسير في المداواة والتدبير، تحقيق: محمد بن عبدالله الروادنى، ص٩.

**١٥- ئیبن غافقی ئه‌نده‌لوسی:** له‌كتێبی: (الأدوية المفردة) ده‌رمانه تاكه‌كانی پۆلێن كردووه و، شه‌رحی زانستی و شێوازی به‌كارهێنانیانی باسكردووه، جه‌ختی كردۆته‌وه سه‌ر ده‌رمانه‌كانی پێشین و ڕێنمایی كه‌سی نه‌خۆشی كردووه كه پابه‌ندی چۆنییه‌تی به‌كارهێنانی ده‌رمانه‌كان بێت، وه‌كو چۆن له‌لایه‌ن پزیشكه‌وه بۆی دیاری ده‌كرێت، ئه‌م كتێبه‌ی له‌شێوه‌ی مه‌وسوعه‌یه‌كی گه‌وره دایه و، وه‌رگێڕدراوه‌ته سه‌ر چه‌ندین زمان له‌وانه: زمانی: (لاتینی) و (به‌ربه‌ری)[1].

**١٦- ئیدریسی:** له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی جوگرافیناسێكی گه‌وره‌یه، به‌ڵام ده‌رمانساز و ده‌رماnناسێكی بلیمه‌تیش بووه، كه هه‌ریه‌كه له زانایان: (مایرهوف) و (عمر كه‌حاله)، باسیان له ئاستی زانستیانه‌ی ئه‌م زانایه كردووه له‌بواری ده‌رمانسازییدا.

خاوه‌نی هه‌ریه‌كه له‌كتێبه‌كانی: (الأدوية المفردة، الصيدلة، الجامع أشتات النبات)ه و، باسی زۆربه‌ی ڕووه‌ك و دار و به‌ری دره‌خته‌كان و گوڵه‌كان و ئاژه‌ڵ و كانزا و باڵنده‌كانی كردووه، كه ده‌كرێ وه‌كو ده‌رمان و چاره‌سه‌ر سودیان لێوه‌ربگیرێ، له‌گه‌ڵ ناوهێنانی ده‌رمانه‌كان به‌زمانه‌كانی: (فارسی، عه‌ره‌بی، یۆنانی، لاتینی، سریانی، عیبری، هیندی، كوردی، توركی، ئیسپانی، به‌ربه‌ری، قیبتی). هه‌روا چۆنییه‌تی ده‌رهێنانی زه‌یت لێیانه‌وه و شێوازی به‌كارهێنانیان له‌ساڕێژكردنی برین و ته‌داوی كردنیدا[2].

**١٧- داود ئینتاكی:** به‌ناوبانگترین دانراوی: (التذكرة)یه، كه ناوی (تذكرة أولي الألباب والجامع العجب العجاب)، باسی زیاتر له (٣) هه‌زار ڕووه‌كی پزیشكیی و ده‌رمانی كردووه، سه‌دان ناوی ڕووه‌كی هێناوه، له‌گه‌ڵ ده‌یان ناوی ئاژه‌ڵ و كانزا، پاشان چۆنییه‌تی سود وه‌رگرتن له‌مانه‌ی ڕونكردۆته‌وه، كه چۆن ده‌رمانیان لێ وه‌ده‌ست بهێنرێت به‌شێوازی ڕۆن و سورمه و مه‌رهه‌م و جۆره‌كانی تر[3].

**١٨-كوهین عه‌تار:** له‌كتێبی (منهاج الدكان ودستور الأعيان)دا، باسی له‌ده‌رمانه‌كان كردووه و بۆ (٢٥) به‌ش دابه‌شی كردون، له‌كۆتاییشدا، تاقیكردنه‌وه‌ی كردووه

---

(١) الدفاع: إسهام، ص٣٠٧.

(٢) ن.م، ص٤٢٠-٤٢٣.

(٣) موسوعة الميسرة (داود الإنطاكي)/ ١٩٦٥.

لەسەر هەریەکە لەدەرمانە تاك و تێکەڵەکان و سودەکانیانی ژماردووە[(١)].

هەروەها دیراسەیەکی قوڵی کردووە، لەبارەی ماوەی بەکارهێنان و مانەوەی دەرمانەکان و، توانای دەرمانەکان لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا[(٢)].

**١٩- ئیبن بەیتار:** شەهیدی ڕێگەی دەرمانسازیی بووە، لەسەردەمی (دیسقوریدس)ەوە، تاوەکو سەدەی نوێ شارەزایەکی تر، وێنەی (ئیبن بەیتار) بەدی ناکرێ لەدەرمانە ڕووەکیەکاندا[(٣)].

موحەممەد فائز لەکتێبی (مظاهر الثقافة الإسلامية وأثرها في الحضارة) دەڵێ: (لەسەردەمی (مەئمون) لیژنەی چاودێریکردنی دەرمان هەبوو، بەڵام (ئیبن بەیتار) لە قاهیرە بەهۆی لێهاتووییەوە کرایە عەمیدی بەشی دەرمانسازیی لەنێو زانایانی بەشی کیمیا و دەرمانسازییدا[(٤)])، موحەممەد عەبدولڕەحمان مەرحەبا لە کتێبی: (الموجز في تأريخ العلوم عند العرب) دەڵێ: (ئیبن بەیتار) گەورەترین زانای ڕووەك و دەرمانسازییە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا و، تاکە زانای سەردەمەکەی خۆیەتی لەبواری ڕووەك و چۆنییەتی دەرمان دروستکردندا".



ڕێگاکانی گەیاندنی دەرمانەکان بۆ ناو خوێن

---

(١) محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة، ص٣٦٦.

(٢) الدفاع: ن.م، ص٤٢٤.

(٣) حسن نصرالله: العلوم والحضارة في الإسلام، ص١١٣.

(٤) أبو الفتوح: ابن البيطار الأندلسي أعظم صيدلي في الإسلام، ص١٥٦.

# پزیشکێتی دەروونیی

ئێمه نامانه‌وێ وه‌کو ئه‌و که‌سانه بیر بکه‌ینه‌وه، که‌وا ده‌زانن نه‌خۆشی ده‌روونی، شتێکی نوێیه و تایبه‌ته به‌سه‌رده‌می ئێستامانه‌وه و، له‌مێژووی مرۆڤایه‌تی دایده‌بڕێنن، به‌ڵکو پێمان وایه: مادده‌م ڕۆحیه‌ت و که‌سێتی مرۆڤه‌کان به‌م جۆره بووه، ئه‌وا هه‌میشه بونیادی مرۆڤ، ئاماده‌یی ئه‌وه‌ی تێدایه، که به‌ره‌و ئه‌م حاڵه‌ته بڕوات.

هه‌ندێ له‌سه‌رچاوه شوێنه‌واریه‌کان ئه‌وه به‌ده‌رده‌خه‌ن، که مرۆڤی چاخی به‌ردین، هه‌ستاون به هه‌ڵکۆڵینی سه‌ری ئه‌و نه‌خۆشانه‌یان، که‌وا نه‌خۆشی نه‌فسیان بووه، چونکه پێیان وابوو: ڕۆحێکی شه‌ڕه‌نگێزه چۆته ناو سه‌ریه‌وه و به‌و جۆره ڕزگاری ده‌بێت، به‌ڵام ئه‌م نه‌خۆشییه بۆ یه‌که‌مجار له‌لایه‌ن یۆنانییه‌کانه‌وه مۆرکێکی زانستیانه‌ی کرا به به‌ردا به‌تایبه‌تی له‌لایه‌ن پزیشکیی گه‌وره‌ی یۆنانی: (بوقرات)، و له‌پاشانیش (جالینۆس)، چونکه‌بۆچونیان وابوو: که‌وا نه‌خۆشییه نه‌فسیه‌کانیش هاوشێوه‌ی نه‌خۆشییه جه‌سته‌ییه‌کان، به‌رزونزمیان هه‌یه و په‌یوه‌ندی به ڕۆحه شه‌ڕه‌نگێزه‌کانه‌وه نییه.

هه‌رچی له‌سه‌ده‌کانی ناوه‌ڕاستی ئه‌وروپاشدایه، ده‌بینین دوباره بابه‌تی ڕۆحی شه‌ڕه‌نگێز و شه‌یتان هاتنه ئاراوه و، بابه‌ته‌که له زانستی بوون خرا، به‌ڵام له‌سه‌ده‌ی نۆزده‌دا، ئه‌م بابه‌ته به‌ره‌و پێشتر چوو، له‌سه‌ر ده‌ستی هه‌ندێ زانای تر له‌وانه: (جوستاف فخنز ١٨٠١-١٨٧٧ز) و (ولیام فنت ١٨٣٢-١٩٢٠ز)، به‌مه‌ش زیاتر په‌ره به‌م بواره دراو، نه‌خۆشخانه و ده‌رمان و چاره‌سه‌ری تایبه‌تیان بۆ دانا.

له‌ڕاستیدا و به‌شێوه‌یه‌كی دیار و ڕوون، ئیسلام پرۆگرامێكی ڕاسته‌قینه‌یه، بۆ باشكردنی لایه‌نی ده‌روونیی و كۆمه‌لایه‌تی و سیاسی و ئابوری كۆمه‌لگا، ئه‌مه‌ش له‌ڕێگای قورئان و فه‌رمایشته پیرۆزه‌كانی پێغه‌مبه‌ری سه‌رداره‌وه به‌دیار ده‌كه‌وێ، كه دواتر دێینه سه‌رباسیان، به‌لام ئه‌وه‌ی پێویسته لێره‌دا ئاماژه‌ی پێبده‌م ئه‌وه‌یه ئه‌م زانسته له مێژوودا، ده‌توانین بۆ سێ به‌ش پۆلێنی بكه‌ین:

١- میلله‌ته دێرینه‌كانی: (دۆلی دو ڕوبار و چین و یۆنانی و...).
٢- موسلمانه‌كان.
٣- سه‌رده‌می نوێ[1].

**ئه‌وه‌ی لێره‌دا مه‌به‌ستمه ده‌ورانی موسلمانه‌كانه، به‌لام بۆ ئه‌وه‌ی به‌رچاو ڕونییه‌كتان هه‌بێ له‌سه‌ر سه‌رده‌مانی پێشوو، تیشكێكی ده‌خه‌ینه سه‌ر:**

**میسریه كۆنه‌كان :**

بڕوایان وابوو: هێزێكی نادیار له‌م گه‌ردونه‌دا هه‌یه، كه كاریگه‌ری له‌سه‌ر ڕه‌وشت و هه‌لسوكه‌وتی مرۆڤ هه‌یه، هه‌ربۆیه زۆرجار كاریگه‌ری ئه‌م هێزه نادیاره له‌سه‌ر مرۆڤه‌كان به‌ده‌رده‌كه‌وێ، بۆیه بۆ ئه‌مه‌ش، چه‌ند كه‌سێ خۆیان ته‌رخان كردبوو، تا بارودۆخی نائارامی ئه‌م جۆره كه‌سانه بهێننه‌وه سه‌رخۆ، ئه‌وانیش پیاوانی په‌رستگاكان بوون، كه به چاره‌سه‌ری پیرۆز! حالی كه‌سه‌كانیان چاك ده‌كرده‌وه[2].

**یۆنـانییه‌كان :**

ئه‌م شارستانییه‌ته، كه به شارستانییه‌تی فیكر و فه‌لسه‌فه به‌ناویانگه، بڕوایان وابوو: هێزه نادیاره‌كان كاریگه‌ریان له‌سه‌ر سلوك و ڕه‌فتاره‌كانی مرۆڤ هه‌یه و، ئه‌مه‌ش ڕه‌نگدانه‌وه‌ی ده‌بێ له‌سه‌ر ڕه‌فتاری مرۆڤ، یه‌كه‌م كه‌س به‌شێوازێكی زانستیانه له‌م بابه‌ته‌ی ڕوانی: (بوقراتی) پزیشك بوو، ده‌یگوت:"نه‌فس

---

(١) د.أحمد عكاشة: الطب النفسي المعاصر، ص٩.
(٢) د.عبدالرؤف ثابت: مفهوم الطب النفسي، ص٦-٧.

مەركەزیەتی مێشكە، ئەوێش شوێنی تێكەڵبونی تەواوی بەشە جیاجیاكانی جەستەی مرۆڤە، بەهۆی ئەو پێكداچونەش، زۆرجار نەخۆشییە دەرونییەكان دروست دەبن و سەرهەڵئەدەن".

بەڵام ئەوانەی دوای (بوقرات) هاتن، وردە وردە ئەمەیان سڕیەوە و وتیان: "نەفس سەرچاوەی فیكرە، دڵیش سەرچاوەی هەست و سۆزە، هەربۆیە ئەوەی هەستمان پێدەدات دڵە، بۆ ئەمەش پێویستی بە جوڵان هەیە، كە (رۆح) پێی هەڵدەستیَ، هەربۆیە ڕۆح دەبیَ لە ناوەڕاستدا بێت و مەركەزیەتیشی دڵ بێت، نەك نەفس"[1].

**ڕۆمانییەكان :**

ڕۆمانییەكان گرنگیان بەم بوارە داوە، چ لەلایەنی زانستیەوە و، چ لەلایەنی كۆمەڵایەتیشەوە هەوڵی چارەسەركردنیان داوە، بەشێوازی پزیشكیانە بۆ ئەو نەخۆشیانەی چارەسەریان هەیە و، بۆ ئەوانەش چارەسەریان نییە! هەروەها لەنێو یاسای ڕۆمانیدا، خاڵی تایبەت بە توشبوانی نەخۆشییە نەفسیەكان هەبوو، تێیدا دان بە ماف و حقوقیاندا نرابوو[2].

**پزیشكێتی نەفسی لە وڵاتی موسڵماناندا :**

پزیشكێتی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا، لەبابەتی دەروونییەوە، درەوشانەوەیەكی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەڵام كەمن ئەو قەڵەم بەدەستانەی خۆرئاوا كەوا بە ئینسافەوە باس لەو وەرچەرخانە گەورەیە بكەن، كە لەسەدەكانی ناوەڕاستدا بەسەر خەڵكی خوێندەواری ئەوروپادا هات لەپاش وەرگێڕانی كتێبە پزیشكیەكانی موسڵمانەكان و جارێكی تر وەرگرتنەوەی شارستانییەتی: (هیند و چین و میسری و یۆنانی و ڕۆمانی و سریانی و ..) بەدیدێكی ئیسلامیانەو پڕ لەداهێنانكاریانەی جوانی مەنتقی!

---

(١) ن.م، ص١٠-١١.

(٢) د.طارق بن علي الحبيب: الطب النفسي في بلاد المسلمين، ص١٥.

**پزیشكێتی دەروونی لە شارستانییەتی ئیسلامیدا بۆ سێ قۆناغ دابەش دەبێت:**

١- دەركەوتن و گەشەسەندن.

٢- لاوازی.

٣- لەبیركردن و دەرك نەكردن.

**یەكەم: سەردەمی دەركەوتن و گەشەسەندن :**

جۆرج مۆرا دەڵێ: "موسڵمانەكان لەم بوارەدا، بەهۆی پێشكەوتن و پێشەنگیانەوە لە هەمبەر پشت بەستنیان بەلایەنی: ئایینی و ئەخلاقی و زانستی، لەسەروی تێڕوانینی ئەوروپییەكانەوەن[1]" پاشان دەڵێ: " لەبەرامبەر ئەمەشدا، دەبینین لەسەدەی (٨ز/ ٢ك) ژمارەیەكی زۆر نەخۆشخانەی عەقڵی لەبەغداد هەبون، هەروەها بە نزیكەیی لە دیمەشق لە سەدەی (٩ز) و لە قاهیرە لەسەدەی (١٣ز/ ٧ك))، ئەمەش دانی پێدانراوە لەلایەن ڕۆژهەڵاتناس و گەڕیدەكانەوە، كە لە سەدەی (١٢)ز گەشتیان كردووە بەرەو ڕۆژهەڵات و ئاست بەرزی پزیشكان و چارەسەری نەخۆشانیان دیوە و، لەیاداشتەكانی خۆیاندا تۆماریان كردووە.

مێژوونوس (ئیفلیگا Eviliga) بەدوور و درێژی باس لە ژیانی نەخۆشخانەكانی جیهانی ئیسلامی دەكات، كە چۆن پڕ بووە لە باخچە و نافورە و باڵندە و شوێن و دیمەنی سەرنج ڕاكێش، ئەمە جگە لە چارەسەری پلە پلەییانە و لەگەڵ بونی حەمام و خواردنی ڕۆژانە، پاشان دەڵێ: "نەخۆشخانەكان هەمویان عیادە و قوتابخانەی پزیشكیان هەبوو جیا لە شوێنی تایبەتی نەخۆشەكان، نرخی دەرمانەكانیش بۆ كەسانی گەدا و هەژار جیاواز بوو، بەپێی جۆری گوزەرانی خەڵكی پارەیان لێوەردەگیرا".

دواتریش باس لە كاریگەریەكانی ئەم كەشە دەكات لەسەر جیهانی خۆرئاوا و دەڵێ: "بونی ئەم جۆرە نەخۆشخانانە، كاریگەریەكی زۆری هەبوو لەسەر خۆرئاوا، بەتایبەتی لە ساڵی ١٣٦٥ز كاتێ لەلایەن (موحەممەدی پێنجەم)ەوە نەخۆشخانەیەكی تایبەت بەو بوارە كرایەوە[2]".

---

(١) Comprehensive texbook of Psychiatry2nd ed. Vol1, pages: 26-37.

(٢) د.طارق بن علي الحبيب: الطب النفسي في بلاد المسلمين، ص٢٠-٢١

د.سەلیم عەممار دەڵێ:"ئیسلام و موسڵمانان توانیان بە زیندوکردنەوەی شارستانییەتە دێرینەکانی وەك: (یۆنانی و بیزەنتی و فارسی و ساسانی و سریانی و ...)، لەگەڵ سود وەرگرتن لە عەقڵیەتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، کە ئیسلام سەرچاوەکەی بوو، باس لە یەکرێزی و پێکەوە بوون و بەدەمەوەچون و هاوکاری لەنێوان خەڵکیدا دەکات، ئەمەش هەنگاوێکی باش بوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەرونییەکان و بەرزکردنەوەی نەفسیەتی تاکی موسڵمان و تێکەڵکردنەوەی لەگەڵ کۆمەڵگادا[1])".

**قۆناغەکانی دەرکەوتن و پێشکەوتنی ئەم زانستەش دابەش دەکەین بۆ دوو بەش:**

**أ- نەخۆشخانە عەقڵیەکان :**

لەساڵی (٩٣ك/ ٧٠٧ز) بۆ یەکەمجار، لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەوی: (وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك) لە شاری دیمەشق، یەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییە عەقڵیەکان کرایەوە، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستی و ژیانێکی تەندروستانە و ئاسایش، پاشان لەساڵی (١٥١ك/ ٧٦٥ز) لە دەورانی خەلیفەی عەباسی: (ئەبو جەعفەری مەنصور) لە شاری بەغداد، یەکەم بەشی تایبەت بەنەخۆشییە عەقڵیەکانی کردەوە، دواتریش لەسەرجەم پایتەختی ولاتانی ئیسلامی ئەنجام درا لە ڕۆژهەلات تا ڕۆژئاوا.

بەناوبانگترین نەخۆشخانەش لەم سەردەمەدا نەخۆشخانەی (قەلاوون) بوو، کە لەساڵی (٨٧٢)ز بنیات نرا و، بەشی نەخۆشییە عەقڵیەکانیش یەکێك بوو لە دیارترین بەشەکانی ئەم نەخۆشخانەیە، ئەوەبوو لەسەر شێوەی ئەم نەخۆشخانەیەش، کەسێك بەناوی: (سان جان دی یو) لە (ڤالێنسیا) (Valence) لەساڵی (٧٠٥ك/١٣٠٤ز) نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییە عەقڵیەکانی کردەوە، دواتریش چووە فەڕەنسا و، داوای لە مەلیکە (ماری دی مدسی Marie de Medies) کرد، کەوا لەسەر هەمان شێوە نەخۆشخانەیەکی دی لە شاری پاریس بکاتەوە، لە ئێستادا دەبینین ئەم نەخۆشخانەیە ماوە کە بەناوی (شارنتۆن

---

(١) مجلة العربية للطب النفسي، السنة الثالثة، العدد الأول، يناير ١٩٨٤، ص٥.

Charenton)ه‌وه بنياتنرا[١].

ئه‌وه‌ى به‌رچاو ده‌كه‌وێ له نه‌خۆشخانه‌كه‌ى (قه‌لاوون)دا ئه‌وه‌يه: له‌سه‌ده‌ى (١٤ز/٨ك)دا توانرا، ئه‌م نه‌خۆشانه‌يه ببێته جێگاى سه‌رنج و ده‌نگدانه‌وه‌يه‌كى يه‌كجار گه‌وره، به‌تايبه‌تيش كاتێ نه‌خۆشخانه‌كه بۆ چوار به‌شى سه‌ره‌كى دابه‌شكرا، ئه‌وانيش:"نه‌شته‌رگه‌رى، چاو، هه‌ناوى، عه‌قڵى".

هۆكارى ئه‌مه‌ش بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕايه‌وه، كه ده‌وڵه‌مه‌ندانى وڵات زۆر به‌ده‌ميه‌وه بوون و، خه‌رجى و مه‌سره‌فيان ده‌كێشا و ئه‌مه‌ش واى كردبوو پزيشكان و چاودێر و سيسته‌ره‌كان، چاكتر و باشتر وه‌زيفه‌ى خۆيان به‌جێ بهێنن، بۆ هه‌ر نه‌خۆشێكيش دوو چاودێريان دانابوو، ئه‌مه جگه له پزيشكه‌كان، كه ڕۆژانه سه‌ردانيان ده‌كردن، له‌گه‌ڵ پزيشكيى ئێشكگرى شه‌وانه، كه له‌گه‌ڵ چه‌ند چاودێرێكى ترى نه‌خۆشخانه به‌سه‌ر نه‌خۆشه‌كاندا ده‌گه‌ڕان و ده‌مياندواندن و سوعبه‌ت و چيرۆكيان بۆ ده‌گێڕانه‌وه، تاوه‌كو به هێمنى بخه‌ون، له‌پاش ده‌رچونى نه‌خۆشيش له نه‌خۆشخانه (٥) دينارى ئاڵتونى پێده‌درا، تاوه‌كو له ماڵه‌وه پشويه‌ك وه‌ربگرێ و يه‌كسه‌ر نه‌چێته‌وه سه‌ر كار[٢].

له‌سه‌رده‌مى ده‌وڵه‌تى: (سه‌لجوقى) و (عوسمان)يشدا جگه له نه‌خۆشخانه‌كان، چاره‌سه‌رى نه‌خۆشه‌كان گواسترايه‌وه بۆ مزگه‌وت و دواتريش ته‌كيه‌كان جێى ئه‌وانيان گرته‌وه، كه له ڕاستيدا بۆ خۆى دامه‌زراوه‌يه‌كى دينى سۆفى بوو، له هه‌مان كاتيشدا شوێنى تايبه‌ت به تيمار و چاره‌سه‌رى نه‌خۆشيه عه‌قڵيه‌كانيش بوو، ئه‌م ته‌كيانه‌ش بۆ ماوه‌ى چه‌ندين سه‌ده به‌رده‌وام بوون.

له‌سه‌ده‌ى نۆزده‌دا له ئه‌مريكا، كاتێ بنكه‌ى پزيشكيى ده‌رونى كرانه‌وه، له‌سه‌ر ئه‌و شێوازه‌ى عوسمانييه‌كان بوو، جگه له‌مه‌ش چه‌ندين نه‌خۆشخانه‌ش كرانه‌وه تايبه‌ت به نه‌خۆشييه ده‌روونييه‌كان، به‌ناوبانگترينيان نه‌خۆشخانه‌ى: سوڵتان (سوله‌يمانى قانونى) بوو[٣].

---

(١) أحمد بن ميلاد: الطب العربي التونسي، ص٣١.

(٢) Clincal Psychiatry 1988.page:26.

(٣) History of Psychiatry In Ottoman Era and Modern Turkish Psychiatry, page: 34-35.

## ب- بیردۆز و پۆلێنكاریەكان :

زانایانی پێشینی ئێمه له نمونەی: (ئەلكندی، ئەبوبەكری ڕازی، ئیبن سینا، مەسكویه، ئیبن حەزم، غەزالی، فەخرەدینی ڕازی، ئیبن تەیمیه، ئیبن قەیمی جەوزی،...). به نوسینەكانیان توانیویانه هەوڵەكانی خۆیان بەدیار بخەن، بەڕادەیەك بۆچونەكانیان زۆر نزیك بووه له پزیشكانی نەفسی هاوچەرخ[١]، لەوانە: (ئیبن سینا) بیردۆزی (لەبیرچونەوە)ی دانا، ئەمەش تەنها و تەنها له سەدەی نوێدا لەلایەن (جینكنز ودالنباخ) لەساڵی (١٩٢٤)ز بەدەرخرا، كه هەمان قسەی (ئیبن سینا)ی كردو وتی: (لەبیرچونەوە، بەپێی بەسەرچونی كات ڕونادات، بەڵكو به هۆكاری سەرقاڵی مرۆڤ و زۆربونی چالاكی و بەیەكدادانی بۆچونه جیاواز و كۆن و تازەكان له مێشكدا ڕودەدات[٢]).

(ئیبن سینا) لەبابەتی گۆڕانكاریه فسیۆلۆجیەكانەوە وتویەتی: [٣] "مرۆڤ لەكاتی خرۆشان و هەڵچوندا، گۆڕانكاری بەسەر جەستەیدا دێت". لەسەر ئەم بیرۆكەیه له ئێستادا دەبینین: ئامێری تایبەت به كەشفی درۆ دروستكراوە و له لێكۆڵینەوە جینائیەكاندا سودی لێوەردەگیرێ، یاخود لەبارەی ڕەفتارگەرییەوە، (ئیبن سینا) و (بافلۆف) (فێربون و كەسایەتی) بەمەرج دادەنێن بۆ ڕەفتارەكانی مرۆڤ.

## دووەم: لاوازی

(د.سلیم عمار) دەڵێ: "دەتوانین بڵێین: ئەم زانسته لەنێوان سەدەی (١-٧ك/٦-١٣ز) لەئەوپەڕی گەشه و پێشكەوتندا بوو، بەڵام لەدوای سەدەی (١٦ز) بەرەو لاوازی چوو" .بەتایبەتی كه بۆچونی زەندیقی و خراپی هەریەكه له زانستی: (فەلسەفه و دەروون) بڵاوبۆوە بەكاریگەری بۆچونەكانی: (ئیبن تەیمیه) و (ئیبن قەیم)، هەرچەنده پێم وایه: هەڵه حاڵی بونی مرۆڤەكان بووه له وتەكانی ئەم دوو زانا بەرێزە، چۆن ئێستا هۆكاری كاره تیرۆریستی و كۆمەڵكوژیەكان

---

(١) د.محمد عثمان بخاتي: الدراسات النفسانية عند العلماء المسلمين، ص٩.

(٢) Jenkins J.G, Dalenbach KM.Obliviscence during Sleep waking Am J of Psychology, 1924, page:605.

(٣) القانون في الطب، ج٢، ص٧١-٧٢.

دەگەڕێننەوە بۆ ئەم دوو کەسایەتیە، هەربۆیە پێم وایە: ئەوان نەك هەر دژ نەبون بەم زانستە لەو لایەنەوە مەبەستم نییە، کە زانستەکەیان بەهۆکاریٚ زانیوە بۆ کەمبونەوەی تەوەکولی مرۆڤ بەخواوەند، بەڵکو مەبەستم خودی نوسینەکانی ئەم کەسایەتیانە خۆیانە، کە بەرهەمەکانیان پڕاوپڕە لە بابەتی نەفسی و چۆنییەتی زاڵبونی شەیتان بەسەر مرۆڤدا و، ئەو هۆکارانەی دڵ دەمرێنیٚ و ئەو شتانەی دەرونی مرۆڤ بەرەو خراپە دەبەن و سەدان بابەت و لێکدانەوەی قوڵیان هەیە لەسەر ڕۆح و تایبەتمەندی و، هەڵسەنگاندنی کەسی موسڵمان و کردنی بەکەسێتیەکی کۆمەڵایەتی و دانەبڕاو لە ژینگە و تایبەتمەندێتی خۆی.

لەگەڵ هاتنی ئەم لاوازیەدا، کە بەسەر ئەم زانستەدا هات لەسەدەی (١٦ز) بەدواوە، تاڕادەیەکی زۆر لایەنی زانستیانەی فەرامۆشکرا، هەرچەندە تاوەکو سەدەی بیستەم و ڕوخانی خیلافەت، چەندین هەوڵی بچوك بچوك هەن لەوانە: لە تونس لەلایەن حمودە پاشا (١٧٨٢-١٨١٤ز) نەخۆشخانەیەکی تایبەتی کرایەوە بۆ نەخۆشییە عەقڵیەکان و تەکیەیەکیشی هەربۆ ئەو مەبەستە دانا، هەروەها (ئەمیرە عەزیزە عثمانە) وەقفی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییە عەقڵیەکانی ـکرد لەسەدەی (١٢ك/١٩ز) وەکو بنکەیەکی خەیری، لەسەدەی (١٣ك/٢٠ز) دەبینین ماڵ و خانەکەی (سەیدی فەرەج) شوێنی چارەسەری نەخۆشییە عەقڵیەکان بوو، کە بە زەکات و سەرفیترە بەڕێوە دەبرا[١].

## سێیەم: لەبیرکردن و دەرك نەکردن :

ئەوەی لەدوای سەدەی (١٦)ەوە لەجیهانی ئیسلامی بەدیارکەوت: فەرامۆشکردن و پشت هەڵکردن و دەرك نەکردن بوو، بە گرنگی و بایەخی ئەم زانستە، هەربۆیە لەپاش چەندین سەدە و ئاڵوگۆڕی جۆراوجۆر، ئەم زانستە تەواو نامۆبوو، لەهەمان کاتدا ئاشنابوو بە خۆرئاواییەکان، بەپێچەوانەوە لەجیهانی ئیسلامیشدا زیاتر لایەنە دەرونی و نەخۆشییە دەرونییەکان، مۆرکی سەدەکانی ناوەڕاستی خۆرئاوایان لێنیشت و، کەسەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا

---

(١) د.طارق بن علي الحبيب: تأريخ الطب النفسي في بلاد المسلمين، ص٤٠-٥١.

وه‌كو بابه‌تێكی كوفر و ئیمان و زاڵبونی هێزی شه‌یتانی و، به‌كارهێنانی ته‌ڵیسم و جادوو لێكده‌دایه‌وه، بۆیه لایه‌نی زانستیانه‌ی بابه‌ته ده‌رونییه‌كان، له‌دوای سه‌ده‌ی (١٦)ه‌وه به‌ره‌و لاوازی چوو، له‌پاش نه‌مانی خیلافه‌تیش به‌ته‌واوی له‌به‌ین چوو.

**فیلی پزیشكیانه**



**دوێنێ**



**ئه‌مرۆ**

**عه‌قڵ و ئیراده= به‌رپرسیارێتی و هه‌ڵبژاردن**

دەرونناسانی ڕۆژئاوا مرۆڤ بە ئاژەڵێك دەزانن، کە یاری دەستی پاڵنەرە جەستەیی و دەرونی و ناوەکیەکانییەتی، لەحاڵێکدا لەڕوانگەی ئیسلامەوە، مرۆڤ بونەوەرێکی عاقڵ و ژیر و بەرپرسیار و هەڵبژێر و ئازادە، هەرکاتێك ئیرادە بکات دەتوانێت بەسەر خۆی و ژینگەکەیدا زاڵ بێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە ئەرکی ئەنجامدانی ئەرکەکانی لەسەرە، چونکە عەقڵ بە وزەیەك بۆ ناسین ئەزانێت، ئیرادەش بەدەرخەری بونایەتی، بەرپرسیارێتی بە هۆکاری قبوڵکردنی پەیمان لە مرۆڤ، هەروەها لەو بڕوادایە ئەگەر مرۆڤ لەم گەردونەدا بەهێز بکرێت و ڕێنمایی بکرێت، دەتوانێت ببێتە بونەوەرێکی بەرز و باڵا، ئەگەر واش نەبێت دەبێتە بونەوەرێك کە لەدەستی هەوەس و مەیل و شەیدابونەکانی ئاژەڵ ئاسا و سەرگەردان و نامرۆڤانە، ژیان بەسەر ببات.

(ئیبن سینا) و (فارابی) لەوانەن، کە لەبارەی هۆکاری خەمەکانەوە دواون و هۆکاری ئەمەشیان بۆ کاریگەری هەندێ لەشتەکانی دەوروبەر و ئەو هەستانەی مرۆڤ تێیدا دروست دەبێت، بەرامبەر بە ناخ و دەرەوەی خۆی، واتە: بەپێی زانستی ئەمڕۆ، بەجۆرێك لە جۆرەکان شیکاری دەرونیان کردووە، هەروەها لە کتێبەکەی قانون بەدرێژی لەبارەی نەخۆشی (شێت بون)ەوە دواوە کە خۆرئاوا دوای (٨٠٠)ساڵ لەو بارەیەوە قسەی کردوە.

ئەبوبەکری ڕازیش لە (طب الروحاني)دا باسی لە پلەبەندی کردووە لە فێرکردندا، ئەمەش دەکاتە (١٠)سەدە لەپێش خۆرئاواوە، کاتێ باس لە کەسی نەخۆش دەکات و دەڵێ: "سەرەتا دورخستنەوەی لە شتە شەهوانییەکان و سەرجێی کردن، پاشان دورکەوتنەوە لەبابەتی موناقەشە و بیرکردنەوە و، ئەو شتانەی عەقڵ و هەڵبژاردنیان پێویستە، دواتر بەهۆی ڕێگری لە شتە شەهوانییەکان، تاقەیەکی باشی تێدا دروست دەبێت و بارودۆخی بەرەو باشتر دەچێت، لەگەڵ وەسفکردنی لەلایەن خەڵکیەوە و دوبارە حەز لە تێکەڵی دەکاتەوە لەگەڵ خەڵکیدا[1]".

ئەمەش لە قورئاندا ئاماژەی پێکراوە، کاتێ خوای گەورە خویەکی خراپی وەکو: مەی و عارەق خواردنەوەمان، بەشێوەیەکی پلەبەندی بۆ حەڕام دەکات،

---

(١) الطب الروحاني، ص٣٢.

یاخود (ئه‌بو حامیدی غه‌زالی) له (إحیاء علوم الدین)دا لێكۆڵینه‌وه‌ی له‌سه‌ر سلوك و ڕه‌فتاری مرۆڤه‌كان كردووه و پێی وایه: په‌رچه‌كرداره‌كانی مرۆڤ ده‌بێت له‌ژێر كاریگه‌ری په‌روه‌رده‌دا بێت، ئه‌مه‌ش پێویستی به‌خۆڕاگرتنی نه‌فس و موجاهه‌ده‌كردن هه‌یه، تاوه‌كو ببێته خاوه‌ن كه‌سایه‌تیه‌كی باشتر، هه‌روه‌ها غه‌زالی، بابه‌تی عه‌قڵ و دینیش له‌یه‌ك ده‌دا له ناسینی خودا، كه ده‌ڵێ: "ئه‌وه‌ی خۆی بناسێ، خواش ده‌ناسێ، ئه‌وه‌ی سیفات و كاره‌كانی بزانێ، له دونیا و ئاڵوگۆڕه‌كانی ژیان و داهێنانه‌كانیشی تێده‌گات، هه‌روا له‌باشی و چاكی فریشته‌كان و خراپه‌ی شه‌یتانه‌كان و فێڵه‌كانیان تێده‌گات، ئه‌مه‌ش هاوكاریه‌كی چاكه بۆ ئه‌وه‌ی له په‌یامی پێغه‌مبه‌ر و سروش، بۆ دابه‌زینی تێبگات و، ئیمان به موعجیزه و شته په‌نهانییه‌كان بهێنێت، دواجاریش سه‌عاده‌ت و خۆشی به‌ده‌ست دێنێت و ته‌نها ئامانجی لیقای ئیلاهی ده‌بێت[1]".

سه‌باره‌ت به‌ناوچه‌ی قه‌یره‌وانیش، له قوتابخانه‌ی پزیشكیی ئه‌وێ یه‌كه‌م كه‌س، كه له‌م بواره‌دا به‌ده‌ركه‌وت: (ئیسحاقی كوڕی عمران) بوو، كه (١١) مه‌قاله‌ی نوسی و له‌نێویاندا و، له‌دوو په‌یامیدا باسی له مالینخۆلیا كردووه، له‌یه‌كه‌میاندا: پێناسه‌ی نه‌خۆشییه‌كه‌ی كردووه و هۆكار و ئه‌و گۆڕانكاریانه‌ی به‌سه‌ر مرۆڤه‌كه‌دا دێن، له‌مه‌قاله‌ی دووه‌میشدا هۆكار و ڕێگاكانی چاره‌سه‌ركردنی داناوه، كه له چه‌ند خاڵێكدا ئاماژه‌یان پێده‌كه‌ین:

١- چاره‌سه‌ر به‌شێوازێكی ده‌رونی، ئه‌ویش له‌ڕێگای وته‌ی شیرین و فێڵی مه‌نتقی و، قسه‌ی پێكه‌نیناوی و دواندنی، له كه‌شێكی ئارام له‌نێو دارستان و باخچه‌كاندا.

٢- شێلانی جه‌سته‌یی به‌ڕۆنی: (كه‌تان و خه‌رده‌ل و باده‌م)، به‌تایبه‌تی (سه‌ری)، كه زۆر پێویسته.

٣- چاره‌سه‌ر به‌خواردن، ئه‌ویش له‌ڕێگای ئاماده‌كردنی ئه‌و خواردنانه‌ی، كه حه‌زی لێیه‌تی و له‌گه‌ڵ ته‌ندروستیدا یه‌ك ده‌گرێته‌وه، چونكه خواردن كاریگه‌ریه‌كی باشی هه‌یه.

---

(١) الغزالي: معارج القدس في مدارج معرفة النفس، ص٧.

٤- چاره‌سه‌ر به ده‌رمان و ئاماده‌كردنی ئه‌و ده‌رمانانه‌ی پێویستن بۆی، له‌وانه: (ئه‌فتیمون، سقموین، ئه‌فیون)[1].

(ئیبن جزار) یه‌كێكه له گه‌وره زانایانی سه‌رده‌می خۆی له مه‌غریب، بڕوایێكی زۆری به كارلێكی هێزی نێوان جه‌سته و نه‌فس هه‌بوو، ئه‌مه‌شی له په‌یامه‌كه‌یدا به‌ناوی: (النفس) ڕونكردۆته‌وه.

هه‌روه‌ها له جه‌زائیرد، چه‌ندین پزیشكیی به‌توانا هه‌بون له‌م سه‌رده‌مه‌دا، كه شاره‌زاییه‌كی زۆر باشیان هه‌بوو له پزیشكێتی عه‌قڵیدا، له‌وانه: (عه‌لی كوڕی ئه‌سیلی عنابه، عبدالله‌ی كوڕی وهرانی،...).

له‌سه‌رده‌می زێڕینی خانه‌ی (حیكمه‌ت)دا له‌ناوچه‌ی (قه‌یره‌وان) له‌نێو ده‌وڵه‌تی (حفسیه)دا له كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی (١١-١٥ز) خێزانێكی (صقلی) به‌ناوبانگ هه‌بوون، ئه‌وانیش: (ئه‌حمه‌دی صقلی، موحه‌ممه‌دی كوڕی عوسمانی صقلی) بوون.

پاش خوێندنه‌وه‌یه‌كی باش له‌سه‌ر نه‌خۆشییه ده‌رونییه‌كان، گه‌یشتن به چه‌ند بنچینه و بناغه‌ی سه‌ره‌كی ئه‌م زانسته، ئه‌وانیش: (هه‌ستان، خه‌وتن، خه‌وبینین، ترس، كابوس، وه‌هم). به‌بۆچونی ئه‌م پزیشكه (صقلیان)ه ئه‌مانه هۆكاری سه‌ره‌كی دروستبونی نه‌خۆشی ده‌رونین و، كاریگه‌ری خراپیان له‌سه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤ ده‌بێت، لێهاتویی ئه‌م خێزانه به‌شێوه‌یه‌ك بوو، تاوه‌كو ئێستاش وه‌كو وته‌یه‌كی باو تونسیه‌كان ده‌ڵێن: "ئه‌ی پزیشكیی (صقلی)! چاره‌سه‌رێ به‌فریادم بخه بۆ گیان و ڕۆحم"[2].

پاش ئه‌وه‌ی مه‌غریبی عه‌ره‌بی، بووه بناغه و شوێنگه‌ی شارستانییه‌تی ئیسلامی و لایه‌نی پێشكه‌وتنی ده‌رونی تاكه‌كان، به‌هێزترین و كاراترین كه‌سایه‌تی دیاری ئه‌و بواره به‌ده‌ركه‌وت، ئه‌ویش (ئیبن خه‌لدون)ه (٧٣٢ك/١٣٣٢ز-٨٠٨ك/١٤٠٦ز)، كه به دامه‌زرێنه‌ری زانستی كۆمه‌ڵناسی داده‌نرێت، ئه‌م زانایه، بڕوای وابوو: ئه‌وه‌ی زۆر كاریگه‌ری له‌سه‌ر هه‌ڵسوكه‌وت و جموجوڵی تاكه‌كان و لایه‌نی

---

(١) به‌ناوه‌كانیاندا دیاره یۆنانین. بڕوانه: مقالة اسحاق بن عمران في المالينخوليا.د.سليم عمار و د.شمس الدين حمودة، مجلة تونس الطبية، ١٩٨٠، عدد ١-٢. ص٤٨٠-٤٨٣.

(٢) ن.م، ص٤٨٣.

ویراسی (بۆماوەیی) هەیە مرۆڤەكان خۆیانن، هەروەها پێی وابوو: هەستەكان لای گیانداران و ڕووەكەكان، بە قسەكەر و قسەنەكەرەوە، یەك جۆرە و ئەمەش سەرچاوەی دروستبونی قوتابخانە و، بیردۆزی: (جشتالت)ە لە ئێستادا[1].

لە ئەندەلوسیش، نەشتەرگەری بەناوبانگی ئەندەلوسی: (ئەبو قاسمی زەهراوی)، لە كتێبەكەی خۆی: (التصريف لمن عجز عن التأليف) لەپەیامی دووەمدا، باس لە بناغە و بنچینەكانی پەروەردە دەكات و، پێی وایە: ئیرشاد و تەبلیغ كردن پێویستە، تاوەكو شتە خراپ و سەرنج بەرەكان بەرەو لاڕێی نەبەن، پێشی وایە: ئەگەر ئامۆژگاری وەرنەگرت، دواجار بە زۆر و ئیجباری ناچاری بكەیت[2].

ئەدیب و مێژوونوس و فەقیهـ و فەیلەسوف: (ئیمام ئەبو موحەممەد كوڕی حەزمی زاهیری) (٣٨٤-٤٥٦ك) لەبارەی ئەم زانستەوە پێی وایە: دین ڕۆڵێكی كارای هەیە لەكارەكانی مرۆڤدا و كاریگەری لەسەر هەڵسوكەوتەكانی مرۆڤ جێدەهێڵێت، ئەمەشی لە كتێبە بەناوبانگەكەی خۆیدا: (طوق الحمامة) باسكردووە، كە كتێبێكی وەصفیە بۆ چینە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگای قورتو ئەندەلوس و، زیاتر لەلایەنی دەرونییەوە هەڵسەنگاندنەكان دەكات، ئەم كتێبە، لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی هۆڵەندی: (ڕینهارت دوری) لە زانكۆی (لیدن) زیاتر پەرەی ناسێنرا، تا ئێستاش بەهۆی ناوازەیی و بەهێزی كتێبەكەوە بۆ (٢٥) زمانی دونیا وەرگێردراوە[3].

لێرەدا بەپێویستی دەزانم سەرنجتان بۆ چەند بیروبۆچونێكی كۆمەڵەی (ئیخوان صەفا) ڕابكێشم لەبارەی كاریگەریەكان و شێوازەكانی هەڵسوكەوتی مرۆڤ لەژیاندا، بەدیدێكی عەقڵانی و زانستیانە:

كۆمەڵانی (ئیخوان صەفا) بۆچونیان وابوو: كە (شەیتان) و (فریشتە)، دوو كائینی غەیبی نین، بەڵكو شەیتان بریتیە لە: مرۆڤی خراپ و زەرەردەر، فریشتەش بریتیە لە: مرۆڤی باش و چاك و سودبەخش.

---

(١) د.فخري الدباغ: مقدمة في علم النفس، ص١٣.

(٢) د.سامي خلف حمارنة: تأريخ التراث العلوم الطبية عند العرب والمسلمين، ص٣٣٤.

(٣) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية، ج١/ ص٥٨.

(ئەحمەد زین) لە بابەتێكیدا دەڵێ: "(ئیخوان صەفا) پێیان وایە: شەیتان نییە بەو جۆرەی، گروپ و كۆمەڵێك بن و گەورەیەكیان هەبێ بەناوی ئیبلیس، بەڵكو ئەوە نەفسیەتی مرۆڤەكانە، ڕووە و شەیتانی و هێزە شەیتانییەكان دەڕوا، یان بە پێچەوانەوە بەرەو هێزی فریشتەیی دەچێ، هەربۆیە كاتێ ڕۆح و جەستە جیادەبنەوە، ئەگەر ڕۆحەكە پیس بوو، دەبێتە شەیتان و ئەگەریش ئیماندار و ساڵح بوو دەبێتە فریشتە[1]".

هەروەها لەیەكێ لەپەیامەكانیاندا بەناوی: (ئەخلاق) ئاماژە بەوە دەكەن: "ماددەم مرۆڤ خەلیفە و جێنشینی خوایە لەسەر زەوی، هەربۆیە كاتێ ڕووە و چاكە و باشی هەنگاوی نا، دەبێتە فریشتە و كاتێكیش بەرەو خراپی هەنگاوی نا، دەبێتە شەیتان[2]".

واتە: بۆچونیان وابووە: ئەم كۆمەڵەیە، كە زاراوەی فریشتە و شەیتان دوو چەمكی مەعنەوین و بۆ خودی مرۆڤ خۆی بەكاردێن، بەپێی جۆری هەڵسوكەوتەكانی و كارەكانی، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا چەند بۆچونێكی ورد و جوان و سەرنج ڕاكێشیان هەیە، لەبارەی پەروەردەكردنی تاكەوە و، پێیان وایە: دەبێ كەشی كەسی فێرخواز بەم جۆرە بێت:

١- گوێگرتن. ٢- پرسیاركردن و بێدەنگی. ٣- ڕامان و بیركردنەوە.
٤- ئەوەی فێری بویت كاری پێبكەیت. ٥- دوور بوون لە خۆبەزلزانین.
٦- ڕاستگۆیی. ٧- ڕێزگرتن و قەدر زانینی مامۆستاكەی.

هەروەها لەبارەی هەستیاری مرۆڤەوە پێیان وایە، مرۆڤ لە دوو كاتدا هەستیارە: لەكاتی سێكس و چێژ وەرگرتنی جەستەدا، لەكاتی تۆڵەسەندنەوەدا.

خەسڵەتی دەرونی مرۆڤ لەدیدی ئەم كۆمەڵەیەوە پۆلێن كراوە بۆ چوار بەش بەپێی جۆری هەڵسوكەوت و ئاكارەكانی:

١- ئاكارە سروشتیەكان: خێر و شەڕ. ٢- ئاكارە دەرونییەكان: باشی و خراپی.
٣- ئاكارە عەقڵیەكان: زانین و نەزانین. ٤- ئاكارە ئایینییەكان: پاداشت و سزا[3].

---

(١) أحمد ابراهيم الزين: العلوم و الكائنات الخفية عند فلاسفة الإسلام، ص٢٥.


(٢) اخوان الصفا: الرسائل، ج١/ ص٢٩٦.

(٣) اخوان الصفا: الرسائل.




چەند دیمەنێك لە نەخۆشخانەی سولتان بایەزیدی دووەم لەشاری ئەدرنە
کە توشبوانی نەخۆشیە عەقڵیەکانی تێدا چارەسەر دەکرا بە بۆنی خۆش و دەنگ و هاژەی ئاو و بەبیر
هێنانەوەی یادەوەریە خۆشەکانیان لە ئێستادا ئەم نەخۆشخانەیە کراوەتە مۆزەخانەیەکی مێژوویی

# نەخۆشخانەکان




**شێوەی ڕونكراوەی مزگەوت و نەخۆشخانەی گەورەی قەیرەوان لە تونس**



**وێنەی مزگەوت و نەخۆشخانەكە لە ئێستادا**

# پێناسەی نەخۆشخانە
# لە جیهانی ئیسلامیدا

له شارستانییەتی ئیسلامیدا، بەو شوێنەی چارەسەری نەخۆشی تێدا دەکرا دەوترا: (بیمارستان). له بنەڕەتدا وشەکە فارسیە و له هەردوو وشەی (بیمار) و (ستان) پێکهاتووە، (بیمار) بەواتای نەخۆش و (ستان)یش بەواتای ئەو شوێنەی نەخۆشی تێدایە[1].

دەرکەوتن و گەشەسەندنی نەخۆشخانەکان له جیهانی ئیسلامیدا، بەپێی سەردەم و بارودۆخە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای ئیسلامی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە، بەڵام دەتوانین بڵێین: لەزۆربەی کاتەکاندا، خەم خواردن لەتەندروستی کۆمەڵگا، یەکێك بووە له ئامانجە سەرەکیەکانی دەسەڵاتداران و هەوڵی تەواویان هەبوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو لایەنە، تاوەکو کەمترین مەترسی هەبێت لەسەر حاڵ و تەندروستی مرۆڤەکان.

نەخۆشخانە یەکێکە له بیناکانی هاوشێوەی مزگەوت و تەکیە و قوتابخانەکان و، بەبەشێك له خزمەتگوزاریەکانی وڵات دادەنرێت، هەربۆیە دەبینین لەلایەن موسڵمانانەوە پەرەی زۆر بەم بوارە دراوە و، ژمارەیەکی زۆر له نەخۆشخانە لەسەرجەم ناوچەکاندا دروستکراون، بۆ خزمەتی خەڵکی و لەپێناو باشترکردنی

---

(١) ابن منظور: لسان العرب، ج٦/ ص٢١٧. ابراهيم مصطفى و آخرون: المعجم الوسيط، ج١/ ص١٦٦.

ته‌ندروستیاندا، هه‌ندێك له‌و نه‌خۆشخانانه‌ش له‌لایه‌ن خه‌ڵكی سه‌روه‌تمه‌ند و ده‌وڵه‌مه‌نده‌وه (وه‌قف) ده‌كران و ئه‌وانی دیش له‌لایه‌ن حكومه‌ت و میر و ده‌سه‌ڵاتدارانی وڵاته‌وه، سه‌رپه‌رشتی ده‌كران و پێداویستیه‌كانیان بۆ دابین ده‌كرا.

موسڵمانه‌كان به سود وه‌رگرتن له‌پێشینه‌ی میلله‌تانی دی وه‌ك: (ڕۆمی و یۆنانی و فارسی و....) توانیان په‌ره‌ی زیاتر به‌بواری ته‌ندروستی بده‌ن، یه‌كه‌م نه‌خۆشخانه‌ش موسڵمانه‌كان پێی ئاشنابون، نه‌خۆشخانه‌ی: (جندیسابور) بوو، له‌مه‌وه ئیدی موسڵمانه‌كان ده‌ستیان دایه كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌كان، له‌م پێناوه‌شدا سه‌دان نه‌خۆشخانه له شار و دێهاته‌كاندا دامه‌زران، له به‌غدادی پایته‌ختی ڕۆشنبیری و شارستانییه‌ته‌وه، بۆ ئه‌نده‌لوسی خۆرئاوای ئیسلامی[١].

---

(١) علوان: معالم الحضارة، ص٧٩.

# سەرهەڵدانی نەخۆشخانەكان

عەرەب لە پێش ئیسلامدا زانیاریە پزیشكیەكانیان، لە خانەی تاقیكردنەوەو ئەزموندا دەسوڕایەوە، بۆ نمونە: یەكێك لەو كەسانە: (حارسی كوڕی كلدە) بوو، ماوەیەك لەدەرەوە ژیابوو، پاشان گەڕایەوە وڵاتەكەی و دەستی كرد بە كاری پزیشكێتی، بەڵام هیچ شوێنێكی تایبەتیان بۆ چارەسەركردنی نەخۆشان نەبوو.

بۆ یەكەمجار لە كاتی شەڕی خەندەقدا بوو، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەمزگەوتی مەدینە چادرگەیەكی دانا بۆ ئەو كەسانەی لەشەڕەكاندا بریندار ئەبون، یەكەم كەسیش لەم چادرگەدا چارەسەر و تیماری نەخۆشانی كرد، خاتوو: (ڕوفیدە) بوو[1].

لەسەردەمی خەلیفەكانی ڕاشیدیندا، پزیشكێتی، گەشەیەكی وای بەخۆوە نەبینی، تەنانەت هیچ جۆرە نەخۆشخانەیەكیش لم سەردەمەدا دەرنەكەوت، تەنها چەند پزیشكێك نەبێت، كەوا چارەسەری نەخۆشییەكانی خەڵكیان دەكرد، لەوانە: (حارسی كوڕی كلدە، ئیبن ئەبی ڕومیسەی تەمیمی،...).

هەرچەندە لەم سەردەمەدا موسڵمانەكان بۆ یەكەمجار، بەر دوو شارستانییەتی گەورە كەوتن ئەویش: (فارسی) و (ڕۆمیەكان) بوون، بەڵام بەریەككەوتنەكانیان لەسەر ئاستی ئاشنابون بەشارستانییەتەكانی یەكتری نەبوو، بەڵكو لەسەر بنەمای ململانێ و فتوحاتی ناوچەكان بوو، هیچ شارەزاییەكیان لە نەخۆشخانەی

---

(١) ابن هشام: السيرة، ص٦٨٨. يوسف محمود: الإنجازات العلمية، ص١٠٥.

جندیسابوری فارسەكان وەرنەگرت، ئەوەبوو شاری (جندیسابور) فەتح كرا لەساڵی (١٧ك/ ٦٣٨ز)، لەسەردەمی خەلیفە عومەری كوڕی خەتتابدا.

ئەو كات ئەم نەخۆشخانەیە زۆر لەگەشەدابوو، تاوەكو سەردەمی خیلافەتی ئەبو جەعفەری مەنصور بەم جۆرە مایەوە، چەندین پزیشكیی گەورەی تێدا دەركەوتن لەوانە: (جورجیس كوڕی جوبرائیل و كوڕەكەی بەختیشوع و عیسای كوڕی شەهلاتا و سابوری كوڕی سەهل)[١].

لەسەردەمی خیلافەتی ئەمەوییەكانیشدا، كردنەوەی نەخۆشخانەكان تاڕادەیەك پەرەیان پێدرا و بۆ یەكەمجار لەسەردەمی (معاویە)ی یەكەم لەساڵی (٦٠ك/ ٦٧٩ز)، لەبەشی خۆرئاوای مزگەوتی ئەمەویدا، نەخۆشخانەیەكیان كردەوە[٢]، ئەمە جگە لەوەی (معاویە) گرنگی بە نەخۆشخانەی گەڕۆكیش دەداو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، لەكاتی چونی بۆ شوێنان و، چارەسەری نەخۆش و بریندارانی پێدەكرد[٣].

- لەكاتی گەمارۆدانی (ئیبن زوبێر) لەمەككە، لەناوچەی (فوستات)، مزگەوتێكی لێبوو چارەسەری برینداره‌كانی (ئیبن زوبێر)ی لێدەكرا، موسڵمانە عەرەبەكانیش بە نەخۆشخانەی: (عەرەبی) ناویان دەبرد[٤].

لەسەردەمی (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)یشدا بۆ یەكەمجار، لەساڵی (٨٨ك/ ٧٠٦ز) نەخۆشخانەی سەربەخۆ كرایەوە، كە كەسانی: نابینا و گوڵ و شێتەكانی دەگرتەخۆ، تاوەكو خزمەتیان بكەن و دوریش بن لە خەڵكیەوە، نەخۆشخانەكە كرابوە چەند كەرتێك، هەر كەرتێكیش خزمەتگوزاری تایبەتی هەبوو، هەر بەشێكیش چاودێری خۆی[٥].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص١٨٤ و ١٨٧. السامرائي: مختصر تأريخ الطب، ج١/ ص٢٥٩.

(٢) المقريزي: الخطط، ج٢/ ص٤٠٥.

(٣) ابن ابي اصيبعة: ن.م، ص١٧٥.

(٤) السامرائي: مختصر، ج٢/ ص٢٦٨.

(٥) اليعقوبي: تأريخ، ج٢/ ص٢٩٠. ابن منظور: لسان العرب، ج١٠/ ص١١٥.

ئیسلامیدا، ئه‌گه‌ر بیویستایه له‌بواری پزیشكیدا بخوێنێ، ئه‌وا له نه‌خۆشخانه‌كاندا ده‌بوایه فێری پزیشكیی ببوایه، كه به‌شی تایبه‌ت به پزیشكیی تێدا دروست ده‌كرا، به‌ڵام له‌ساڵی (١٢٣١ز) و بۆ یه‌كه‌مجار قوتابخانه‌ی پزیشكیی كرایه‌وه، ساڵ له‌دوای ساڵ په‌ره‌ی زیاتری پێدرا، به‌تایبه‌تی له‌سه‌رده‌می عوسمانییه‌كاندا و، له‌ده‌ورانی سوڵتانی به‌هێزی عوسمانی: (سوڵتان سلێمانی قانونی)دا[1].

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص٨٩

# ڕۆڵی میر و وەزیرەكان
# لە دروستكردنی نەخۆشخانەكاندا

**١- فەتح كوڕی خاقان [١]:**

وەزیری خەلیفە (موتەوەكل) بوو، هەستا بەبنیاتنانی نەخۆشخانەیەك لە شاری (فوستات)ی میسر لەساڵی (٢٤٧ك/ ٨٦١ ز)، كە بڕی (٦٠)هەزار دیناری تێچوو، ئەم نەخۆشخانەیە، بەتەنها بۆ سەربازان نەبوو، بەڵكو چارەسەری هەموو نەخۆشانی تێدا دەكرا و شوێنی سەردانكردنی نەخۆشیان هەبوو، كەوا دۆستان و خزمانی نەخۆش، ڕۆژانی هەینی سەردانیان دەكرد.

**٢- ئەبولحەسەن عەلی كوڕی عیسای كوڕی جەڕاح[٢] :**

ئەم وەزیرە، هەستا بە كردنەوەی نەخۆشخانەیەك لەناوچەی (حەربیە)ی بەغداد، ساڵی (٣٠٢ك/ ٩١٤ز)، ئەم وەزیرە لەدەورانی خەلیفە موقتەدریشدا، هەستا بەچاكسازی زیاتر لە نەخۆشخانەكاندا و، پێداویستیەكانی لەڕوی دەرمان و پێداویستیەكانی تری نەخۆشخانەوە دابین دەكردن، موچەی كارمەند و پزیشكەكانی زیاتر كرد، تاوەكو هانیان بدات دڵسۆزانەتر كارەكانیان ئەنجام بدەن.

---

(١) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٣/ ٤٠٩. السامراني: مختصر، ج١/ ص٦٠٥.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٠٥ و ٣١٦. أبوالفضل الهمداني: تكملة تأريخ الطبري، ج١/ ص١٢.

**٣- بجكم توركی ئەبولحەسەن[١]:**

هەستا بە دروستكردنی نەخۆشخانەیەك لە خۆرئاوای بەغداد،دواتر لەلایەن (عەزلدەولە)ی بوەیهیەوە تازەكرایەوە، دروشمی ئەم وەزیرە: دادپەروەری بوو، پارەیەكی زۆری تەرخانكرد بۆ كەرتی تەندروستی و كردنەوەی نەخۆشخانەكەی، كە دواتر عەزولدەولە نوێی كردەوە و فراوانتری كرد و، دەرگای زیاتری بۆ دانا و پاسەوانی بۆ تەرخانكرد.

**٤- موحەممەدی كوڕی عەلی كوڕی خەلەفی عەباسی [٢]:**

وەزیری دەورانی خەلیفە (قادربیلا) بوو، هەستا بە بنیاتنانی نەخۆشخانەیەك لەشاری بەغداد و كاریگەریەكی باشی هەبوو لەسەر لایەنی تەندروستی و پەروەردە و فێركردن، چونكە هەوڵێكی زۆریدا بۆ ئەوەی برەوی زیاتر بە خوێندن و زانست بدات و، ڕێزی زانایان بگرێت.

**٥- عەبدولمەلیك كوڕی موحەممەد[٣] :**

ئەم وەزیرە لەماوەی ساڵانی كاركردنیدا، لەشاری بەغداد ڕۆڵێكی باشی گێڕا لە گرنگیدان بەزانست و سەرخستنی سوننەت و، ڕوبەڕووبونەوەی بیدعە و خورافات، ئەمە جگە لەوەی سەدەقەی زۆر بوو، پەرەیەكی باشی بەنەخۆشخانەكاندا، كاتێ بیستی نەخۆشخانەیەك نەخۆشەكانی لەسەر زەوین و، دەرمان و پزیشكیی پێویستیان نییە، دەست بەجێ (٢٨)پزیشكیی بۆ تەرخان كرد، لەگەڵ گەنجینەیەكی پڕ دەرمان و پێداویستی نەخۆشخانە و، موچەی پێویست بۆ كارمەند و پزیشكەكانی.

---

(١) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٨٥. ابن كثير: البداية، ج١١/ ص٢٠٠. ابن الجوزي: المنتظم، ج٦/ ص٣٢٠.

(٢) ابن الجوزي: المنتظم، ج٧/ ص٢٨٦.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج٨/ ص٢٥١.

## ٦- موئه‌یدوملولك ئه‌بی عه‌لی كوڕی حه‌سه‌ن ڕه‌خجی[1] :

وه‌زیری سه‌رده‌می (قادربیلا)یه و نازناوی (موشریف دەوله)ی پێدراوه، نه‌خۆشخانه‌یه‌كی له‌ساڵی (٤١٣ك/ ١٠٢٢ز) دروستكرد، به‌هه‌موو پێداویستیه‌كانییه‌وه، ئامانجیشی له‌مه‌دا، خزمه‌تكردنی چینی هه‌ژاران بوو، پاره‌شی له‌بنه‌ماڵه‌ی خه‌لیفه و ده‌وڵه‌مه‌ندانی وڵاته‌وه بوو.

## ٧- نه‌سرولده‌وله كوڕی مه‌ڕوانی دۆسته‌كی [2]:

ئه‌م میره كورده، له‌ده‌ورانی ده‌سه‌ڵاتی (قائم بیلا) بوو، سه‌باره‌ت به‌كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی (میافارقین)، ده‌وترێ: جارێكیان كچه‌كه‌ی نه‌خۆش ده‌كه‌وێت، داوا له پزیشكان ده‌كات هه‌ر كه‌سێ بتوانێ چاره‌سه‌ری بكات، به قه‌د كێشی خۆی ئاڵتونی ده‌داتێ، هه‌ربۆیه (ئه‌بو سه‌عید مه‌نصور كوڕی عیسا) ئاماده‌یی خۆی نیشاندا، كه‌وا چاره‌سه‌ری نه‌خۆشی كچه‌كه‌ی بكات، پاش گرتنه‌به‌ری ڕێوشوێنی ته‌ندروستیانه توانی چاره‌سه‌ری بكات، بۆیه میریش ویستی مه‌رجه‌كه‌ی خۆی به‌جێ بێنێت، به‌ڵام ئه‌م پزیشكه زاهید و خۆنه‌ویسته داوای كرد له‌جیاتی ئه‌وه نه‌خۆشخانه‌یه‌ك بكاته‌وه و چاره‌سه‌ری هه‌ژارانی وڵاته‌كه‌ی تێدا بكات.

## ٨- موحه‌ممه‌د كوڕی تومرت [3]:

میری ده‌وڵه‌تی موه‌حدین بوو له‌مه‌غریب، هه‌ستا به كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌یه‌كی گه‌وره له پایته‌ختی وڵاته‌كه‌یدا.

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج٨/ ص١٠١. السامرائي: مختصر، ج١/ ص٦١٠.

(٢) ابن شداد: الأعلاق الحظيدة، ص١٥٧. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٤١.

(٣) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٥١٩.

**٩- سەيفەدين قەيمری [1]:**

یەکێکە لە میرە بەناوبانگەکانی (قیامرە)، لەساڵی (٦٥٣ك/ ١٢٥٥ز)، هەستا بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە و، سەرجەم سەروەت و سامانەکەشی وەقفی نەخۆشخانەکە کرد، جا کاتێ وەفاتی کرد، لەبەرامبەر نەخۆشخانەکەی بەخاکیان سپارد.

**١٠- شێرکۆ کوڕی موحەممەد کامل[2]:**

ئەم ئەمیرە موجاهیدە، هەستا بە دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لەناوچەی (حیمص) و پارەی پێویستی بۆ تەرخانکرد، لەپاش تەواوبونیشی هەرچی پێداویستی نەخۆشخانەبوو بۆی دابین کرد، لەگەڵ پزیشك و کارمەندی تەواودا.

---

(١) ابن العماد: شذرات، ج٥/ ص٢٣٩.

(٢) أبو الفضائل الحموي: تأريخ المنصوري، ص٢٢٢. ابن العديم: بغية الطب، ص٣٩١.

# داهێنانه‌كان

## یه‌كه‌م: نه‌خۆشخانه‌ی فێركاری :

له‌ جیهانی ئیسلامیدا، كاتێ لایه‌نی پزیشكیی په‌ره‌ی سه‌ند و نه‌خۆشخانه‌كان زیادیان كرد، تایبه‌تمه‌ندی هه‌ریه‌كه‌ له‌م نه‌خۆشخانانه‌ به‌و جۆره‌ بوو، كه‌وا هۆڵی تایبه‌تی تێدا بوو، بۆ فێركردنی ئه‌و قوتابیانه‌ی هه‌وڵی فێربونی زانسته‌كه‌یان ئه‌دا له‌سه‌ر ده‌ستی پزیشكانی شاره‌زا.

ده‌رس خوێندنیش، له‌دوای نوێژی به‌یانییه‌وه‌ ده‌ستی پێده‌كرد تاوه‌كو پاش نیوه‌رۆ یان عه‌سر، له‌م هۆڵه‌دا قوتابیان ده‌ستنوسه‌ پزیشكیه‌كانیان ده‌خوێند، كه‌ به‌ (پزیشكیی خوێنه‌ر) ناوده‌برا، دواتر سه‌رپه‌رشتیاران و پزیشكانی مامۆستا، هه‌ڵده‌ستان به‌ تاقیكردنه‌وه‌ له‌سه‌ر تێكسته‌ پزیشكیه‌كان، گرنگترین ئه‌و كتێبانه‌ی ده‌خوێندران، بریتی بوون له‌: (الصحاح)ی جه‌وهه‌ری و (المجمل)ی ئیبن فارس و (النبات)ی ئه‌بی حه‌نیفه‌ی دینه‌وه‌ری و كتێبه‌كانی جالینۆس و[1].......

له‌پاشاندا قوتابیانیان ده‌برده‌ نێو قاوشی نه‌خۆشخانه‌ و سه‌ردانی نه‌خۆشه‌كانیان ده‌كرد، چونكه‌ پێیان وابوو: به‌ته‌نها خوێندنه‌وه‌ی زانسته‌كه‌ به‌س نییه‌ بۆ شاره‌زایی په‌یداكردن له‌سه‌ر نه‌خۆشییه‌كانی مرۆڤ و، چۆنییه‌تی چاره‌سه‌ركردنی، وه‌كو پزیشكیی كه‌نه‌دی: (ولیه‌م ئۆسله‌ر) (١٨٤٩-١٩١٩ز)ده‌ڵێ: "خوێندنی

---

(١) ابن العماد: شذات، ج٣/ ص١٤٢. ابن كثیر: البدایة، ج١١/ ص٣٢٨.

پزیشكیی، بەبێ كتێب وەكو ئەمە وایە بچیتە دەریاوە بەبێ نەخشە، بەڵام خوێندنی پزیشكیی بەبێ نەخۆش، وەكو وایە هیچ دەریایەك نەبێت" .

قوتابیان لە نەخۆشخانەدا هەڵدەستان بە پڕكردنەوەی خواستنامە (چارت)ی نەخۆش پاش ئەوەی پشكنینی بۆ دەكرا، دواتر وەسفی جۆری نەخۆشییەكەی دەكرا، نەخۆشخانەی (نوری) یەك لەو نەخۆشخانانە بوو، فێرگەی پزیشكیی تێدا بوو، كە (ئەبی مەعبەدی باهلی) لەسەدەی (١٢ز) بەڕێوەبەری بوو و لەسەروبەندی نورەدینی زەنكیدا و، پاشان لەسەدەی (١٣ز) یەك لەبەڕێوەبەرە باشەكانی (موهەزەبەدین دخوار) بوو، لەبەناوبانگترین قوتابیانیش لەم قوتابخانەدا فێركرابن: (ئیبن ئەبی ئەصیبعە و ئیبن نەفیس) بوون[١].

لەمێژووی پزیشكیی ئیسلامیدا، نمونەی دوو كتێبمان هەیە كە باس لە نەخۆشی و حاڵی نەخۆشان دەكات، لە نەخۆشخانەكاندا و چۆنییەتی چارەسەركردنیان، كە بە نەخۆشییە زیندووەكان ناودەبرێ، ئەویش هەردوو كتێبی: (الحاوی) و (المنصوری)یە، كە لە نەخۆشخانەی (عەزدی) نوسراون[٢].

## دووەم: دژایەتی خورافات .

یەكێ لە جیاوازیەكانی پزیشكیتی ئیسلامی، دژایەتی كردنی ئەو خورافات و سیحرانە بوو، كەوا لەشارستانییەتە كۆنەكانی پێشودا بەرچاو دەكەوت، ئەمەش بە پاڵپشتی چەندین فەرمودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، كەوا باس لە دژایەتی ئاشكرای ئەو كەسانە دەكات، كە هۆكاری نەخۆشكەوتنیان بۆ لایەنی جادوو و سیحر دەگێڕنەوە و، پێیان وایە: لەڕێگای هانابردن بۆ ئەو شتانە بەتاڵ ئەبێتەوە و نەخۆشییەكەی نامێنێت، لەكاتێكدا ئەمە دژایەتی كردنی دین و شرك بڕیاردانە بۆ خودا، وەكو دەفەرموێ: "مَنْ أَتَى عَرّافاً أو كاهناً فَصَدَّقَهُ بِمَا يقولُ فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ[٣]" هەروەها دەفەرموێ: "مَنْ عَلَّقَ تَمِيمةً فَقَدْ أشرك[٤]".

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٥٨-١٥٩.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٤١٦. القفطي: تأريخ الحكماء، ص١١٦.

(٣) ابن ماجه، ج١/ ص٢٠٩

(٤) أخرجه أحمد، ج٢/ ص١٦٥.

## سێیەم: پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بە سوپا.

یەكێكی دی لەو خزمەتانەی نەخۆشخانەكان پێشكەشیان دەكرد، خزمەتكردنی سوپای ئیسلامی بوو، ئەمەش پێویستی بە وریاییەكی زۆر هەبوو، كەوا نەخۆشخانەیەكی گەڕۆك بەباتە ناوجەرگەی شەڕ، تاوەكو چارەسەری برینداراني جەنگی پێ بكەیت، یەكێ لەو كەسانەی توانی زۆر سەركەوتوانە ئەم كارە ئەنجام بدات: سوڵتان (مەحمودی سەلجوقی) بوو، كە لە فەتحی عەموریەدا (٤٠) بار وشتر كەلوپەل و پێداویستی پزیشكیی پێ بوو[١]، بارەكانیشیان بەوشتر، یان هێستر دەگوازتەوە بۆ بەرەكانی جەنگ، كە چارەسەری بریندارانیان پێدەكرد[٢].

یەكێ لە شەڕە قورسەكانی دەورانی (هارون ڕەشید) شەڕكردن بوو لەگەڵ خەوارجەكانی (وەلید كوڕی تەریفی شاری)، كە ڕەشید سوپایەكی بۆ نارد بەسەركردایەتی (یەزیدی كوڕی یەزیدی شەیبانی)[٣]، سەرەتا سوپاكەی (یەزید) شكان، بەڵام دواتر بەهۆی ئامادەكردنی دەرمان لە نەخۆشخانەكانی بەغداوە و ڕەوانەكردنی بەوڵاخ بۆ بەرەكانی شەڕ، ئەو دەرفەتەی دایە سوپای (یەزید) بەسەر خەوارجەكاندا سەربكەون[٤].

## چوارەم: بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی پزیشكان.

یەكێ لە بنچینەكانی شارستانییەتی ئیسلامی، دڵسۆزی بوو لەكاردا، جا ئەمەش بە دوو هۆكار بەدەست ئەهات، لەلایەكەوە دینداری كۆمەڵگای ئیسلامی بە هەموو ئایینزا و مەزهەبە جۆربەجۆرەكانەوە و، لەلایەكی تریشەوە گرنگیدانی دەوڵەت بە كەسانی خوێندەوار و زانستخواز، كەوا خاوەنی پلەیەكی بەرزی كۆمەڵایەتی بوون، كە جێگای دەستخۆشی خەلیفە و ئەمیرانی وڵاتیش

---

(١) القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٧٣. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٢٢.

(٢) نعمان ثابت: الجندية في الدولة العباسية، ص٢٧٤.

(٣) عبدالجبار جومرود: هارون الرشيد. ص٥٦١.

(٤) راجي التكريتي: الإسناد الطبي، ص١٢٨.

بون، بۆیە دەبینین بەدرێژایی خیلافەتی ئیسلامی، رێز لە زانایان گیراوە و ئەوانەیان لای حکومەتەوە دامەزرابون، خاوەنی موچەیەکی بەرزی بژێوی بوون، ئەمە جگە لەوەی خەلیفە جارویار بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی، خوێندەواران، خەڵاتی بۆ دەناردن و کارەکانیانی بەرز دەنرخاند[١].

## پێنجەم: چارەسەری ئەهلی زمە

یەکێکی تر لە جوانییەکانی ئەم شارستانییەتە ئەوەبوو، جیاوازی نەدەکرا لەنێوان نەخۆشاندا، بەوەی زۆرجار لەلایەن خەلیفەکانەوە جەختی لەسەر دەکرایەوە کەوا نابێت بەبێ هیچ رێگریەك، لە خزمەتی یەهودی و مەسیحیەکانیشدا بن و، لەموسڵمانەکان جیانەکرێنەوە، ئیتر لەشارەکاندا بێت، یان لە گوندەکان وەکو نوسراوەکەی: (موقتەدر) و وەزیر (عەلی کوڕی عیسای جەڕاح)، کاتێ دەرگای واڵاکرد بۆ گەڕان و چارەسەرکردنی نەخۆشان بەسەرپەرشتی سینانی کوڕی سابت ئەویش دەستی پێکرد، تاوەکو گەیشتە ناوچەی (سورا)، کە سەرزەوی یەهودیەکانی عێراق بوو، لەوێ نامەی ناردەوە بۆ وەزیر، کە ئایا بەردەوام بێت؟ وەزیریش فەرمانیکرد، بەڵێ: بەردەوام بە، چونکە ئەوانیش بەشێکن لە هاوڵاتیانی دەوڵەتی ئیسلامی[٢].

هەروەها نورەدین مەحمود یەکێ لە وەسیەتەکانی ئەوەبوو هەموو کەسێ لە نەخۆشخانەکاندا بەبێ جیاوازی چارەسەر بکرێ[٣]، لەکاتێکدا ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی خاچیەکاندا کە مەسیحیەکان لەوڵاتی خۆیاندا موسڵمانێکیان چنگ بکەوتایە، پارچە پارچەیان دەکرد.

---

(١) القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٠٢. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٦٨٢.

(٢) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٨٦. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٠١.

(٣) أبو شامة: الروضتين، ج١/ ص١١.

# نەخۆشخانەکانی جیهانی ئیسلامی

## یەکەم: نەخۆشخانە جێگیرەکان.

ئەم جۆرە نەخۆشخانانە لە جیهانی ئیسلامیدا، زۆر بەربڵاو و پەرەسەندو بوون لەناوەند و دەرەوەی شارەکاندا، بەجۆرێك هەندێ لە نەخۆشخانەکان لەلایەن کەسانی دەوڵەمەندەوە دروست دەکرا و، بۆ خزمەتی خەڵکی وەقفی دەکرد.

ئەم جۆرە نەخۆشخانانە، هەموو جۆرە پێداویستیەکیان تێدا ئامادەدە بوو لە: پزیشکیی پسپۆڕ و جیاکردنەوەی بەشی پیاوان و ئافرەتان و جۆری نەخۆشییەکانیش: هەناوی، نەشتەرگەری، چاو، ئێسك و..... لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی شوێنەکە و، ڕاکێشانی جۆگەی ئاو بۆ نەخۆشخانەکە بەشێوەیەك بەردەوام ئاوی لەبەر دەڕۆیشت، لەگەڵ بونی چاودێری دەرمان لە نەخۆشخانەکاندا، کە پێی دەوترا: (مهتار[١]).

بەشێك لە پزیشکانی ئەم نەخۆشخانانە عیادەی تایبەتیان هەبوو، چارەسەری خەڵکیان تێدا دەکرد، یاخود پزیشکەکە دەچووە ماڵە نەخۆشەکە و، چارەسەری نەخۆشەکەی دەکرد[٢].

ئەم نەخۆشخانانە، بەشەو و ڕۆژ کراوە بوون و، لە زۆربەی شارەکانی جیهانی ئیسلامی و، بەتایبەتی شارە گەورەکان و پایتەختەکان هەبون، بۆ نمونە: بەتەنها

---

(١) القلقشندي: صبح الأعشى، ج٤/ ص١٠.

(٢) قاسم غليني: من تأريخ الطب، ص٦٥.

له قورتوبه (٥٠)نەخۆشخانه هەبوو، بەهەمان شێوه له شارەكانی تری وەكو: (قاهیرەو بەغدادو دیمەشق و ...) یەكەم نەخۆشخانەش لەسەردەمی ئەمەوییەكاندا بوو لەدەورانی: (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)[1]، پاشان ئەوەبوو لەسەردەمی عەباسیەكاندا زیاتر پەرەی سەند بەجۆرێك، هیچ شارێك بێ نەخۆشخانه نەمایەوە، بەتایبەت له دەورانی خەلیفه هارون ڕەشید و مەئمونی كوڕی و خەلیفه موقتەدیردا.

هەروەها لەلایەن: (فاتمی و ئەیوبیەكان)یشەوە، ئەم هەوڵانه دران و چەندین نەخۆشخانەی بەم جۆره كرانەوە، ئەمەش بەتایبەتی لەسەروبەندی جەنگی خاچیەكاندا و، كاتێ ژمارەی بریندار و نەخۆشەكان لەبرەودا بون، هەروەها زۆرێك له وەزیر و ئەمیرەكانیش دەستیان هەبوو لەكردنەوەی ئەم جۆره نەخۆشخانانەدا كه گەورەترینیان نەخۆشخانەی (نوری) بوو لەدیمەشق كەلەلایەن نورەدین زەنكیەوە دروست كرا و، نەخۆشخانەی (ناصری) لەقاهیره لەلایەن سەلاحەددینەوە، ئەم نەخۆشخانانه بەجۆرێكیش دروست دەكران هۆڵی تایبەت بەفێركردنی تێدابوو بۆ پێگەیاندنی پزیشكانی تر، هەروەها ژووری تایبەت بەكتێبخانەیان هەبوو، تاوەكو قوتابیان و پزیشكان سودیان لێوەربگرن[2].

**لەگرنگترین نەخۆشخانه جێگیرەكانیش ئەمانه بوون:**

**أ- نەخۆشخانەكانی گولی:**

بۆ یەكەمجار ئەم جۆره نەخۆشخانه، لەلایەن خەلیفەی ئەمەوی: (وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك)ەوە لەدیمەشقی پایتەخت دروست كرا، كه هەڵدەستا بەپێدانی خۆراك و پاره به نەخۆشەكان و، دابین كردنی كەسانی چاودێر و پزیشكیی لێهاتوو، پاشان لەسەردەمی (مەئمون)ی عەباسیدا زیاتر پەرەی پێدرا و، لەبەغداو شارەكانی تردا شوێن و خانوی تایبەت كرایەوە بۆ توشبوان بەم دەردە، لەپێناو پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان[3]، لەكاتێكدا ئەوروپیەكان لەڕێگای شەڕی

---

(١) اليعقوبي: تأريخ، ج٢/ ص٢٩٠. القلقشندي: صبح، ج١/ ص٤٣١.

(٢) الداعي: الحضارة الإسلامية، ص٢٤٧. ابن جبير: الرحلة، ص٢٦.

(٣) اليعقوبي: تأريخ/ ج٢/ ص٢٦٠. ابن كثير: البداية، ج١٢/ ص٦٦٩.

خاچیەکانەوە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم جۆرە نەخۆشخانانەدا پەیداکرد و، بۆ یەکەمین جاریش لەسەدەی (١٢ز) لە ئەوروپا کرایەوە[١].

ب- نەخۆشخانەی زیندانییەکان:

بۆ یەکەمین جار ئەم جۆرە نەخۆشخانەیە، لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی موقتەدردا کرایەوە، ئەویش لەلایەن وەزیری دیوانەکانەوە: (عەلی کوڕی عیسای جەڕاح)ەوە بوو، کە نامەی نارد بۆ (سینانی کوڕی سابت) و داوای لێکرد لە بارودۆخی زیندانەکان ئاگاداربێت و، ڕێوشوێنی تەندروستیان بۆ بگرێتە بەر، چونکە ئەوان ناتوانن بەپێی پێویست ئاگاداری خۆیان بن و بچنە لای پزیشك، هەربۆیە پێویستە لە زیندانەکاندا نەخۆشخانەی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و هەموو جۆرە دەرمان و چارەسەرێکی پێویستیان بۆ بکرێت، لەگەڵ پێدانی خواردنی تەندروست تاوەکو دوربن لە بڵاوکردنەوەی نەخۆشی[٢]، ئەمەش بەدەستپێکی ئەو چاکسازیە دادەنرێ، کە لە زیندانەکاندا کراو پەرەی زیاتری پێدرا لەسەردەمانی دواتردا، بەڵام لە خۆرئاوا تاوەکو سەدەی (١٨)یەم بەهیچ شێوەیەك نەخۆشخانەی تایبەت بۆ بەندکراوان نەکرایەوە، کە هەمیشە زیندانەکان شوێنی بڵاوبونەوەی نەخۆشییە جۆربەجۆرەکان بون[٣].

ج- نەخۆشخانەی شێت و گێلەکان:

نەخۆشخانەی تایبەت بە نەخۆشییە عەقڵی و دەرونییەکان، وەکو بەشێك لە نەخۆشخانەی گشتی لەدەورانی ئەمەوییەکاندا کرایەوە، پاشان لەسەردەمی عەباسیەکاندا، جگە لەوەی لە نەخۆشخانە گشتیەکاندا بەشی سەربەخۆیان هەبوو، کە بە شەبەکەی ئاسنین دابڕێنرابون و بەش بەش کرابوو، نەخۆشخانەی تایبەتیشیان بۆ کردنەوە بەشێوازێکی گەورە و فراوان، لەناوچەیەکی خواروی شاری بەغداد و لەسەر ڕێگەی شارەکە، هەریەکە لە ژوورەکانیش بە شەبەکەی

---

(١) عمر فروخ: تأريخ العلوم، ص٥٠٨-٥٠٩. عبدالله ماجد: معالم الحضارة الإسلامية، ص٧٨.

(٢) هونكة: شمس العرب، ص٢٢٥.

(٣) يوسف محمود: الإنجازات العلمي الحضارة الإسلامية، ص١٠٩.

ئاسنین لەیەك جیا كرابونەوە و نەخۆشخانەكەش بۆ بەشی پیاوان و ئافرەتان پۆلێن كرابوو[١].

ئافرەتان جوانترین جلیان لەبەر دەكرا، لەگەڵ پێدانی خۆشترین خواردن و عەتر، بەهەمان شێوە بۆ پیاوەكانیش، ڕۆژانەش پزیشك و كارمەندانی نەخۆشخانەكە لەگەڵیاندا بوون و بەشێوازێكی مرۆڤ دۆستانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەكردن[٢]، بەجۆرێك وەزیر (عەلی كوڕی عیسای جەراح) بەردەوام جەختی دەكردەوە لەسەر پزیشكەكان، كە مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشەكاندا جوان بێت و ئاگاداریان لێ بكەن[٣].

هەموو نەخۆشێك دوو كارمەندی بۆ تەرخان دەكرا و، بەیانیان جلەكانیان دەگۆڕی و پاش ئەوەی دەیانشۆری بە ئاوی سارد، جلی نوێیان لەبەر دەكردەوە، هەڵدەستێنران بۆ نوێژ و گوێگرتن لە قورئان، پاشان پیاسە پێكردنیان لەنێو باخچەی نەخۆشخانەدا، تاوەكو هەناسەی تازە هەڵمژن و گوێی زیاتر بدەنە دەنگی بولبول و كەناری، هەندێ جاریش مۆسیقایان بۆ لێئەدان، بۆ هێمن كردنەوەی مێشكیان و دوركەوتنەوە لە جەنجاڵیە دەرونییەكانیان[٤]، لەكاتێكدا لە ئەوروپا ئەوانەی نەخۆشی عەقڵی و دەرونیان هەبوو، دەیانبەستنەوە و لێیان دەدرا و بێ ڕێزیان بەرامبەر دەكرا، بە جارێك سەدان كەسیان لێدەكردنە یەك ژورەوە و سزایان ئەدان[٥].

(نورەدین مەحمود) یەكێ بوو لەو میرانەی، كە زۆر گرنگی دەدا بەنەخۆشیە دەرونییەكان و نەخۆشخانەی تایبەت و، پزیشكیی پێویستی بۆ تەرخانكرد، بەهەمان شێوە لەسەردەمی فاتمیەكانیشدا نەخۆشخانەی تایبەت بەو لایەنە كرایەوە، لەسەردەمی وەزیر (زاهرەدین)دا لەساڵی (٤١٥ك/١٠٢٤ز)

---

(١) احمد عيسى: تأريخ، ج١/ ص٧٣. علوان: معالم الحضارة، ص٧٧ و ٨٩.

(٢) الذهبي: سير الأعلام، ج١٣/ ص١٦٣. ابن جبير: الرحلة، ص١١٢.

(٣) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٠٢.

(٤) بڕوانە: المقريزي: المواعظ، ج١/ ص١٨. المراكشي: المعجب، ج١/ ص٢٧٨. الذهبي: سير الأعلام النبلاء، ج٢١/ ص٣١٥.

(٥) علوان: معالم الحضارة، ص٧٨.

هەڵستا بەسەردانكردنی نەخۆشخانەكان و هەواڵ پرسینیان و پارەپێدانیان[١].

ئیبن جوبەیر لەساڵی (٨٥٧ك/ ١١٨٢ز) سەردانی نەخۆشخانەی قاهیرەی كردووە و، لەوەسفیدا دەڵێ: "نەخۆشخانەكە دابەش كراوە بۆ بەشی ژنان و پیاوان، نێوانی ژوورەكانیش بڕاوەتەوە بەشەبەكەی ئاسنین،كارمەندانیشی ڕۆژانە لەگەڵ نەخۆشەكاندان، تەنانەت سوڵتانیش دێتە دیداریان و هەواڵپرسیان[٢]".

## د- نەخۆشخانەی غەریبان (ڕێبواران) :

ئەم جۆرە نەخۆشخانە زیاتر لە وڵاتی شام بەرچاو دەكەوێ، كەوا بۆ ڕێبواران و پزیشك تەرخان كرابوو، تەرخانكرابوو، و دەرمانخانەی تایبەتی بۆ دادەنرا و گرنگیەكی زۆر دەدرا بە جوانكاری بیناكەشی، بۆ یەكەمجار ئەمیری دیمەشق: (ئەبی یەعقوب) داوای لە نورەدین مەحمود كرد، ئەویش پارەیەكی باشی بۆ تەرخانكرد و دەستكرا بەدروستكردنی نەخۆشخانەیەكی تایبەت بە ڕێبواران لەسەر ڕێگای شارەكە[٣].

(ئیبن بەتوتە) سەردانی ئەم نەخۆشخانەی كردووە و لە وەسفیدا دەڵێ: "نەخۆشخانەیەكی زۆر ڕازاوە و جوانە، گەلێك گرنگی دراوە بە ڕازاندنەوەی بیناكەی...[٤]". بە هەمان شێوە عەباسیەكانیش لەم جۆرە نەخۆشخانانەیان دروست كردووە[٥].

## دووەم: نەخۆشخانە گواستراوەكان (بەرزكراوەكان) :

## أ- نەخۆشخانەی گەڕۆك.

ئەم جۆرە نەخۆشخانە بریتی بوو لە: سازدانی تیمێك لەشارەزایان و كارمەندانی تەندروستی، كە بە كۆمەڵێك پێداویستی و دەرمانەوە و ڕەوانەیان دەكردن

---

(١) المقريزي: اتعاظ الحنفاء، ج٢/ ص١٤١ و ١٤٣.

(٢) الرحلة، ص٢٠١.

(٣) أبو المحاسن: النجوم، ج٧/ ص٨٢.

(٤) الرحلة، ص٨٣.

(٥) لمقري: نفح الطيب، ج٧/ ص٣٨٣.

بۆ دێهات و ناوچە دووره دەستەکان، یاخود سەردانیکردنی ئەو زیندانانەی، کە نەخۆشخانەیان نەبوو، بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانیان و بڵاونەبونەوەی نەخۆشی لەنێو بەندکراوەکاندا[١].

مێژوونوسان دەڵێن: زیاتر دەرکەوتنی ئەم جۆره نەخۆشخانانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (موقتەدر) کە (سینا کوڕی سابت)ی ڕاسپارد، کەوا تیمی پزیشکیی بنێرێتە ناوچە دووره دەستەکان و پێداویستی و، دەرمانی پێویستیان بۆ ئامادده بکات[٢].

**ب- نەخۆشخانەی ڕێگا**

ئەم جۆره نەخۆشخانانە بریتی بوون لە: تیمێك کەوا لەگەڵ کاروانەکاندا بەڕێدەکەوتن بە مەبەستی پاراستنی تەندروستی ئەندامانی ئەو کاروانە، زۆرجار لە وەرزی حەجدا لەگەڵ کاروانی حاجیاندا دەنێردران، بەمەبەستی سەلامەتی گیانی حاجیان[٣].

دەوترێ بۆ یەکەمجار (معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان) هەستاوە بەم کاره و لەگەڵ خۆیدا پزیشکیی لێهاتوو ئەبو حەکەمی دیمەشقی بردووه[٤]، پاشان ورده ورده لەسەردەمەکانی تردا، فراوانتر کراوه و پەرەی زیاتری پێدراوه.

**ج- بنکەکانی فریاگوزاری خێرا (سەرەتایی) :**

ئەم بنکە تەندروستیانە لەجیهانی ئیسلامیدا گەلێك بەربڵاوبون، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی توشی ڕوداوی لەناکاو دەبون، یان شوێنەکانیان دوور بوو لە نەخۆشخانەوه، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، خەلیفە و میرانی وڵات، گەلێك بنکەی تەندروستیان کردبۆوه بە تایبەت لە نزیك مزگەوت و خانەی پۆستەدا، بۆ ئەوەی زوتر بێنە بەرچاو و دیار بن لەوڵاتدا.

---

(١) أبو المحاسن: النجوم، ج٦/ ص٨٢.

(٢) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٨٦. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٣٠١.

(٣) أبو المحاسن: النجوم، ج٨/ ص١٦٢.

(٤) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص١٧٥.

دەوترێ یەكەم كەسیش هەوڵی كردنەوەی ئەم بنكانەی داوە: (ئەحمەدی كوڕی تۆڵۆن) بووە لە وڵاتی میسر، پاش دروستكردنی نەخۆشخانە گەورەكەی بۆ زیاتر خزمەتكردنی لایەنی تەندروستی، لە نزیك مزگەوتی تەنیشت نەخۆشخانەكەوە بنكەیەكی دانابوو، كەوا دەرمانی پێویستی تەندروستی تێدا بوو، ڕۆژانەش بەمەبەستی بینینی نەخۆشەكان پزیشكیی لێدادەنیشت، هەروەها لە قوتابخانەكانیشدا بنكەی تەندروستی دروست دەكرا، بەمەبەستی چارەسەركردنی نەخۆشی قوتابیەكان[1].

بۆ نمونە قوتابخانەی (موستەنصریە) خاوەنی بنكەی تەندروستی خۆی بوو، كەوا پزیشكێك سەرپەرشتی دەكرد و دەرمانی پێویستی بۆ تەرخانكرابوو، یاخود تیمی پزیشكیی هەبوو، سەردانی نەخۆشخانەكانیان دەكرد، بەمەستی ئاگاداربون لە حاڵی قوتابیەكان و چارەسەركردنی ئەوانەیان پێویستیان بە چارەسەر بوو[2].

---

(١) الخطيب: الطب عند العرب، ص٢٣٥.

(٢) السباعي: من روائع حضارتنا، ص١٠٨.

لە کتێبەکانی جالینۆسدا ئاماژەی پێدراوە، زانستێکی کەمی نەشتەرگەریە، بەڵام نەشتەرگەرانی نێو ئەم شارستانییەتە، لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەروی نەشتەرگەرانی جیهانەوە بوون[١].

لەباشوری ئیسپانیا، پێش (١٠٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا، موسڵمانەکان نەشتەرگەریان بۆ سێ جۆر پۆلێن کردووە: (نەشتەرگەری مولولەکان، نەشتەرگەری گشتی، نەشتەرگەری دورینەوە و شکاوی).

بەناوبانگترین نەشتەرگەری موسڵمانیش لەشارستانییەتی ئیسلامی، لەشاری قورتوبە بووە بەناوی: (ئەبولقاسم ئەلزەهراوی)، لە خۆرئاوا بە (Abulcasis)[٢] ناسراوە.

(زەهراوی)، شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکرد، لە زانستی نەشتەرگەریدا، ئەویش لەرێگای بەکارهێنانی ئامێرە نەشتەرگەریەکانەوە، زیاتر لە (١٠٠) جۆر ئامێری دروستکرد و ئەمەشی لەکتێبێکدا نوسیەوە، بەناوی: (التصریف)، کتێبەکەی بەشێوەیەکی درێژ و بەڕونی باس لە پزیشکێتی (ددان، دەرمانسازیی، نەشتەرگەری) دەکات.

دەتوانین بڵێین: بەشێوەیەکی گشتی بنچینەکانی زانستی پزیشکیە بەشێوەیەکی کرداری و، باس لە زۆرێك لەو حاڵەتە پزیشکیانە دەکات، کە پزیشك لەکاتی کارەکەیدا توشی دەبێت[٣].

ئەم کتێبە، وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی لاتینی و عیبری[٤]، لێرەدا بەباشی دەزانم ئاماژە بە گرنگترین ئەو هەوڵانەی (زەهراوی) بدەین، کە لەم زانستەدا ئەنجامی داون[٥]:

١- بەکارهێنانی ریخۆڵەی پشیلە، لەدورینەوەی دیوی ناوەوەدا، چونکە پێی وابوو: باشترین ماددەیە، کە زوو بە پێستەکە تێکەڵ دەبێت و کەسی نەخۆش، ئازار

---

(١) حتي: تأريخ العرب، ص٤٣٧. الشطي: الطب عند العرب، ص٩٠.

(٢) د.عبدالعزيز اللبدي: تأريخ الجراحة عند العرب، ص٢٧٥.

(٣) د.سليم الحسني: ١٠٠١ اختراع، ص١٦٤.

(٤) هونكة: شمس العرب، ص٢٧٨.

(٥) ريسلر: الحضارة العربية، ص٢٠٠. أحمد عيسى: آلات الطب والجراحة والكحالة عند العرب، ص١٠٠. د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٦٤-١٦٥. د.عبدالعزيز اللبدي: تأريخ الجراحة عند العرب، ص٢٨٠-٢٨٤.

نادات، پێشتر تەنها (ڕازی) لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی هەستا بوو بەبەكارهێنانی ڕیخۆڵەی ئاژەڵان، لەدورینەوەی دیوی دەرەوەی نەشتەرگەریدا، بەڵام (زەهراوی) هەستا بە بەكارهێنانی تەلێك بۆ دورینەوەی دیوی دەرەوە، كە لەهەمان ماددەی تاڵی ئامێری مۆسیقی (ئوتار) دروست دەكرێت.

٢- دروستكردنی ددانی ئاڵتون و زیو بۆ ئەو كەسانەی، ددانەكانیان خراپ ببون و دەرهێنرابون.

٣- بۆ یەكەمجار، بۆ ڕاگرتنی خوێن بەربون لۆكەی بەكارهێنا.

٤- دانانی دەرچە و سۆندە بۆ ئەوانەی میزیان دەگیرێت.

٥- لابردنی گۆشتی زیادەی ناو لوت.

٦- دەرهێنانی منداڵی مردوو لەڕێگای (كورتانج / گیرە)ەوە.

٧- داخكردن و سوتاندنی پێست، بۆ نەمانی ئێش و ژان.

٨- هێنانەوەی ئێسكی دەرچو بۆ شوێنی خۆی، بۆ نمونە شان دەرچون و ...).

٩- نەشتەرگەریكردنی لەوزەتێن، كە بە ئامێرێك زمانی دەگرت، بە ئامێرێكیش لەوزەتێنەكانی، بە ئامێرێكیش بڕیویەتی، كە لە شێوەی دوو شفرە (مقەست)ێكدا بووە، بۆ ئەوەی هەردوكیان لەیەك ئاستدا ببڕێت.

١٠- دەرهێنانی بەردی میزڵدان: لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا پێی دەوترا: نەشتەرگەری بچوك (Apparatus Minor)، سەرەتا سۆندەیان بۆ نەخۆشەكە دادەنا، پاشان دەرچەیەكیان لێدەدا و سەحبی بەردەكەیان دەكرد، وەكو (زەهراوی) دەڵێت: دەبێت بەردەكە پارچەپارچە بكرێت، پاشان هەر پارچەیەك بەگیرە دەهێنرێتە دەرەوە.

١١- چەندین نەشتەرگەری تریشی كردووە لەوانە: (سەرەتانی مەمك، گون، دانانی قەسەبی هەواكێش بە قڵیشانی غودەی دەرەقی).

جگە لە هەموو ئەمانە، (زەهراوی) یەكێك بوو لەوانەی، هەمیشە جەختی دەكردەوە لەسەر ڕاگرتنی باری دەروونی نەخۆش، تاوەكو ئارامی و باری تەندروستی پارێزراو بێت.

**لە جیهانی ئیسلامیدا، چەندین زانای تر لەسەردەمە جیاوازەكاندا بەدەركەوتون، كە هەوڵیانداوە لە بواری نەشتەرگەریدا، خزمەتی هاوڵاتی ناوچەكەیان بكەن، لەوانە:**

**١- عەلی كوڕی ربنی تەبەری:** لەچەند بەشێكی كتێبەكەیدا: (فردوس الحكمة) ئاماژەی بەچەند جۆرێكی نەشتەرگەری كردووە[١].

**٢- ئەبوبەكری ڕازی:** لەكتێبەكەیدا: (الحاوي في الطب) چەندین نەشتەرگەری دەربارەی: (جومگە و ماسولكە و مێشك و سك و ڕیخۆڵە و ڕێگای دورینەوەی سك و چارەسەركردنی بڕینی كاتی ڕوداوەكان و چۆنییەتی فڕێدانی ئێسكی نەخۆش)ی تێدایە [٢].

**٣- عەلی كوڕی عەباسی مەجوسی:** لەكتێبی: (كامل في الصناعة الطبية) باسی لەچەند نەشتەرگەریەك كردووە لەوانە: (شكاندنی بەرد)[٣].

**٤- ئیبن سینا:** لەكتێبەكەیدا: (القانون فی الطب) باسی لە نەشتەرگەری شكاوی ئێسك كردووە[٤]، هەروەها لەبارەی (سەرەتان)ەوە دەڵێ: لەسەرەتادا "گرێ و وەرەمێكی سادە، بێ ئێش و بێ ئازارە و هەندێ جۆری هەیە، چارەسەری نییە، سەرەتانی مەمك، بەبڕینەوەی مەمكەكان و، بەكارهێنانی ئۆكسیدی مس و ئۆكسیدی قورقوشم دەگونجێ بەر لە بڵاوبونەوەی بگیرێ، بەڵام شیفای تەواوی نایەت، هەرچی سەبارەت بەوانەی بۆڕی میزیان دەگیرێت، یان نەخۆشی میزڵدانیان هەیە، باسی لە دانانی سۆندە (قەستەرە/ كاسێتەر" كردۆتەوە بۆیان[٥].

---

(١) حتي: تأريخ العرب، ص٤٣٧.

(٢) الشطي: الطب عند العرب، ص٩٠.

(٣) احمد عيسى: آلات الطب والجراحة والكحالة عند العرب، ص١٠٠.

(٤) ابن سينا: القانون، ج٣/ ص١٦٥-١٨١.

(٥) د.سليم الحسني ١٠٠١اختراع، ص١٦٦.

**٥- ئیبن ئەلقف:** پزیشكیی شامی سەدەی (١٣)ز، لەكتێبی: (عمدة الإصلاح في صناعة الجراح)دا، گرنگیەكی زۆری بەنەخۆشییەكانی ئافرەتان داوە، بەنمونە: باسی لە فراوانكردنی دەرچەی ڕەحم كردووە، نەشتەرگەری ئافرەتی دوگیانی بەكارێكی زۆر قورس نیشانداوە و دەڵێ: مەترسیەكە دوانەیە، كە حاڵەتی دایك و منداڵەكە لە مەترسیدایە[1].

**ئەم كتێبە بەسەر (٢٠) پەیامدا دابەشكراوە[2]:**

**پەیامی یەكەم:** پێناسەی نەشتەرگەری وجۆرەكانی بۆ سێ بەش دابەشكردووە: ١- نەشتەرگەری گشتی و كاتی شەڕەكان. ٢- نەشتەرگەری بەركەوتنی ڕم. ٣- كاری حیجامە كردن.

**پەیامی دووەم:** توێكاری جەستەی مرۆڤ و دیاریكردنی ئەندامەكانی و، هێنانەوەی نمونەی زانایانی یۆنانی وەك: (ئۆسقلیانۆس و ئەرستۆتاڵیس و جالینۆس) لەو بارەیەوە.

**پەیامی سێیەم:** توێكاری ئەم بەشانەی تری جەستەی تێدا كردوە: (چاوەكان، لێوەكان، زمان، بەشەكانی ناوەوەی جەستە).

**پەیامی چوارەم:** باسی وەرەم و جۆرەكانی و، شێوازەكانی نەشتەرگەریكردنی.

**پەیامی پێنجەم:** لەبارەی نەخۆشییەكانی خوێن و، نیشانەكانی قورحە و جۆرەكانی ڕون دەكاتەوە.

**پەیامی شەشەم:** باس لە هۆكاری ڕودانی چەند حاڵەتێك دەكات، وەك: (بەڵغەم، ئۆدی، وەرەمی ناوەوە).

**پەیامی حەوتەم:** لەبارەی كاریگەریە دەرەكیەكان لەسەر جەستەی مرۆڤ، زیاتر پەیامێكی فەلسەفیانە بۆ توشبونی مرۆڤ بەنەخۆشییەكان.

---

(١) السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٤٨.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٧٦٨. ابن القف: العمدة الجراحة، ج١/ ص١٦٣. د.سامي خلف حمارنة: أبو الفرج ابن القف، ص١٣.

**په‌یامی هه‌شته‌م:** له‌باره‌ی سه‌ڕه‌تانی ڕه‌ش و، گه‌ڕی و، دوالی و، نه‌خۆشی فیلمومیه.

**په‌یامی نۆیه‌م:** هه‌وکردنی ئێسکه‌کان .

**په‌یامی ده‌یه‌م:** شێوازه‌کانی توێکاری و، یاساکانی نه‌شته‌رگه‌ری.

**په‌یامی یانزه‌یه‌م:** ئه‌و حاڵه‌تانه‌ی پێویستیان به‌نه‌شته‌رگه‌ری هه‌یه.

**په‌یامی دوانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری نه‌خۆشییه‌کانی: (خوێن و بادشتام و ئیورسما و ...).

**په‌یامی سیانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری هه‌ندێ له ده‌ردراوه‌کانی جه‌سته.

**په‌یامی چوارده‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری کاریگه‌ریه‌کانی شێ و گه‌رمی و ساردی له‌سه‌ر جه‌سته‌ی مرۆڤه‌کان.

**په‌یامی پانزه‌یه‌م:** چاره‌سه‌ری سه‌ڕه‌تان.

**په‌یامی شانزه‌یه‌م:** له‌باره‌ی نه‌خۆشییه‌کانی: (پێست و سه‌ر ڕوتانه‌وه و هه‌ندێ له وه‌ره‌مه‌کان).

**په‌یامی حه‌ڤده‌یه‌م:** هه‌ندێ له نه‌شته‌رگه‌ریه‌کانی ناوسك و به‌راوردکردنی ئه‌ندامه‌کانی، له‌گه‌ڵ هه‌ریه‌که له ئاژه‌ڵه‌کانی تری وه‌کو: )سه‌گ و تیمساح و ...).

**په‌یامی هه‌ژده‌یه‌م:** له‌باره‌ی ناوده‌م و ئه‌ژنۆ و سنگ و سك.

**په‌یامی نۆزده‌یه‌م:** جۆره‌کانی قورحه و ڕێگاکانی چاره‌سه‌رکردنیان.

**په‌یامی بیسته‌م:** ئه‌قربازین.

٦- **ئیبن توفه‌یل:** توێکاری جه‌سته‌ی مردوو و زیندوی کردووه، به‌نمونه: توێکاری جه‌سته‌ی ئاسکی کردووه و دڵی له‌ت کردووه، وه‌ك له چیرۆکی: (حی بن یقظان)دا ده‌بینین ده‌ڵێ: "خوێن له‌دڵیشدا هه‌یه، وه‌ك چۆن له‌هه‌موو ئه‌ندامه‌کانی تریشدا هه‌یه"[١].

٧- **ئیبن به‌تلان:** له‌کتێبی (دعوة الأطباء) باسی له کۆمه‌ڵه ئامێرێکی نه‌شته‌رگه‌ری

---

(١) جلال: حضارة الإسلام وأثرها في الترقي العالمي، ص٣٤٤.

كردووە بۆ هەڵكۆڵین و بڕین و توێكردن، هەروەها باسیش لە كاویكردن كردووە لە سك و فتق و جگەر و....(١).

مونبیلیە لەسەرەتاكانی سەدەی ١٤ز بنكەیەكی گەورەی دیراسەكردنی پزیشكێتی و فەلەكی موسڵمانان بوو



وێنەی دەستنوسێكی سەدەی ١٤ز كاتی
وانە خوێندنی توێكاری جەستە لە زانكۆی مونبیلیە رون دەكاتەوە



توێكاری جەستە لەلایەن پزیشكی لێهاتوی عوسمانی شەرەفەدین لە كۆتاییەكانی سەدەی ١٤ز

---

(١) السرجاني: ن.م، ص٥٣.

# دەرمانسازیی

مێژووی دەرمانسازیی کۆنه و هەر لەدێر زەمانەوه، تاوەکو ئێستا، دەبینین بەپێی سەردەمەکان، هەوڵی باشترکردنی دەرمانەکان دراون،بەپێی بەرزی لایەنی شارستانی ناوچەکان.

شارستانییەتی ئیسلامیش، لەماوەی بەرفراوانی دەسەڵاتیدا توانیویەتی پەره بەلایەنی تەندروستی بدات، ئەمەش بەهۆی ئاست بەرزی ئوممەتی ئیسلامیەوه بوو، که بایەخی مرۆڤەکان لەژیاندا، بەهەند وەردەگرت و هەوڵی پاراستنی جەسته و ژیانیانی ئەدا، هەربۆیه بونی دەرمانخانه و گرنگیدان بەلایەنی دەرمانسازیی، پانتاییەکی گەورەی لەمێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا گرتووه، بەڵام پرسیارەکه لێرەدا ئەمەیه:

**دەرمانسازیی لەنێو ئەم شارستانییەتەدا چۆن پەرەی پێدرا؟**

پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) له سەحیحی بوخاریدا فەرمویەتی: (ماأنزل الله داء إلا أنزل له دواء)، واته: (خوای گەوره هیچ دەردێکی بێ دەرمان نەناردووه".

ئایینی ئیسلام، وەکو ئایینێکی گەوره و بەرز، هەر لەسەرەتاوه بەگژ ئەو خورا فاته پزیشکیانەدا چویەوه، کەوا لەنێو جاهیلیەتی مەککەدا پەرەی سەندبوو، لەپەنابردنه بەر بتەکان بۆ پاراستنیان لەنەخۆشی و بەڵاکان، یان بڕواکردن

به‌جادوو و ساحیران، که‌وا پێشبینی بارودۆخ و باری ته‌ندروستیان ده‌کرد، ئه‌ویش به به‌کارهێنانی ده‌رمان و یادکردنی خوای گه‌وره، وه‌ك پێغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم) ده‌فه‌رمویَ: "هه‌رکه‌سێکتان دوپشك پێوه‌یدا، با به ئاو و خویَ شوێنه‌که‌ی بشوات، پاشان قورئانی له‌سه‌ر بخوێنیَ، تاوه‌کو ئازاره‌که‌ی نه‌مێنیَ[(١)]".

پێغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم) له‌باره‌ی نه‌خۆشییه‌کانه‌وه له‌چه‌ندین شوێندا ڕێنمایی خه‌ڵکی کردووه، بۆ نمونه: فه‌رمویه‌تی: "مه‌چنه ناوچه‌یه‌که‌وه تاعونی تێدا بڵاوبوبێته‌وه، ئه‌وانه‌شی له‌وێن، ده‌رنه‌چن لێی".

یاخود له سه‌حیحی موسلیمدا هاتووه پێغه‌مبه‌ری خوا فه‌رمویه‌تی: "به‌لای خواوه بڕواداری به‌هێز له‌بڕواداری لاواز خێردارتر و خۆشه‌ویستره، به‌ڵام هه‌ردوکیشیان خێریان تێدایه، کۆشش بکه بۆ به‌ده‌ستهێنانی ئه‌وه‌ی سودی بۆت هه‌یه و، پشت به‌خوا ببه‌سته و بێتوانایی مه‌نوێنه!".

چه‌ندین فه‌رموده‌ی ترمان هه‌یه له‌باره‌ی ڕێنمایی کردنی پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) بۆ نه‌خۆشان و، پێدانی ده‌رمان و چاره‌سه‌ر پێیان، وه‌کو ده‌فه‌رمویَ:

- هه‌موو به‌یانییه‌ك (٧) ده‌نك خورمای (عه‌جوه) بخۆ، هیچ شتێکی جادویی و سیحر و ژه‌هراوی، زیان و زه‌ره‌رت پێناگه‌یه‌نێت[(٢)].

- سیواك له‌ده‌م و ددانتان بده‌ن، شیفای هه‌موو ده‌ردێکه، جگه له‌سام، پرسیان: ئه‌ی ڕه‌سولی خودا! سام چیه؟ فه‌رموی: مردن[(٣)].

- عه‌لی کوڕی ئه‌بی تاڵب وتویه‌تی: پێغه‌مبه‌ری خوا (صلی الله علیه وسلم) فه‌رموی: "سورمه "کل" به‌کاربێنن، برژانگتان درێژ ده‌بێت و، چاوتان له‌هه‌وکردن ده‌پارێزێت[(٤)]".

---

(١) أحلام استيتة: تأريخ الصيدلة، ص٥١.

(٢) الألباني: سلسلة الأحاديث الصحيحة، ١/ ٤٠٧، رقم: ١٧٩٨.

(٣) البخاري: الجامع الصحيح، رقم: ٥١٣٠.

(٤) الطبري: تهذيب الآثار وتفصيل الثابت عن رسول الله، تحقيق: محمود شاكر،رقم الحديث: ٢٨٠٨.

ئه‌وه‌ی له‌م فه‌رمودانه‌وه تێئه‌گه‌ین ئه‌وه‌یه پێغه‌مبه‌ر خوا هه‌وڵیداوه بناغه‌ی شارستانییه‌ته‌كه‌ی تۆكمه بكات له‌ڕێگای په‌روه‌رده كردنی جیلێكه‌وه كه هه‌وڵی په‌ره بدات به‌زانست ئه‌مه له‌لایه‌ك، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه، كاتێ ورد ئه‌بینه‌وه له‌و فه‌رمودانه‌ی، كه پێغه‌مبه‌ر فه‌رمویه‌تی ئه‌گه‌ر ئه‌وه بكه‌یت، ئه‌وا هیچ نه‌خۆشییه‌ك ڕوت تێناكات، مه‌گه‌ر مردن، مه‌به‌ست له‌وه‌یه:

١- گرنگی ده‌رمانه‌كه به‌ده‌ربخات، كه چه‌ند سود و تایبه‌تمه‌ندی هه‌یه.

٢- هه‌موو ده‌رمانێك بۆ ده‌ردێكه، نه‌ك بۆ هه‌موو ده‌ردێك، یه‌ك ده‌رمان به‌كاربهێنرێت.

٣- له‌گه‌ڵ په‌یوه‌ست بوون به‌ده‌رمانه‌كانه‌وه یادی خوامان له‌بیر نه‌چێت ؛چونكه ویستی خوا له‌هه‌موو شتێك گرنگتره.

سه‌باره‌ت به‌ده‌رمانسازیی له‌سه‌رده‌می خه‌لیفه‌كانی ڕاشیدیندا، هیچ جۆره زانیاریه‌كی نوێ له‌سه‌ر ده‌رمانسازیی له‌م سه‌رده‌مه‌دا به‌رده‌ست نییه، جگه له شته ته‌قلیدی و باوه‌كانی ناو كۆمه‌ڵگا، كه له‌كاتی فتوحاتدا بۆ سه‌ربازه برینداره‌كان سودیان لێوه‌رده‌گرت، یاخود به‌هۆی ئاشنابونیان به‌فارس و ڕۆمه‌كان، هه‌ندێ چاره‌سه‌رێ سه‌ره‌تاییان لێوه‌رگرتن[١].

له‌سه‌رده‌می ئه‌مه‌وییه‌كانیشدا، جیهانی ئیسلامی له‌ڕوی ڕوبه‌ره‌وه، به‌ڕاده‌یه‌كی زۆر گه‌وره و به‌رفراوان بوو، له‌لایه‌نی پزیشكیی و ده‌رمانسازییشه‌وه، قوتابخانه‌ی (جندیسابور) ده‌ركه‌وت به‌پاڵپشتی: (ئه‌میر خالید كوڕی یه‌زید) توانرا له‌ماوه‌یه‌كی كه‌مدا، گه‌نجینه‌یه‌كی گه‌وره له كتێب وه‌ربگێڕدرێ، له زمانی سریانییه‌وه بۆ زمانی عه‌ره‌بی[٢].

له‌سه‌رده‌می عه‌باسیه‌كانیشدا، پسپۆڕی له بواری ده‌رمانسازییدا به‌ده‌ركه‌وت، كه پێشتر ته‌نها ئه‌وانه‌ی پزیشك بوون، هه‌ڵده‌ستان به‌پێدانی هه‌ندێ ده‌رمان بۆ چاره‌سه‌ركردنی كه‌سی نه‌خۆش، به‌ڵام لێره به‌دواوه، به‌هۆی به‌رفراوانبونی

---

(١) د. محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب، ص٢٨٠.

(٢) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٤٢.

زانستەكان و پەرەسەندنی كاری وەرگێڕان، پیشەی دەرمانسازییش پسپۆڕی خۆی وەرگرت، تەنانەت بووە كارێكی پشتاوپشتی، كە لەباوكەوە دەمایەوە بۆ منداڵەكانی، بەڵام بۆ ئەوەی لایەنی تەندروستی و پاكوخاوێنی دەرمانەكان لەبەرچاو بگیرێ، دەوڵەت هەستا بەدامەزراندنی دەزگایەكی چاودێری تایبەت بەدەرمانخانەكان، كەوا سەردانی شوێنی دروستكردنی دەرمان و دەرمانخانەكان دەكراو، پاش هەڵسەنگاندن، یان دانی پێدائەنراو دەستخۆشی لێدەكرا، یاخود سزادەدرا لەسەر پابەندنەبونی بەرێنماییە پزیشكیەكانەوە، لەشێوازی دروستكردنی دەرمانەكان و پاكوخاوێنی و كێشی دەرمانەكە و، ماوەی هەڵگرتن و شوێن و ماوەی بەسەرچونی دەرمانەكان، ئەمەش لەبەغدادەوە بۆ بەصرە بۆ دیمەشق و ئینجا قاهیرە گواسترایەوە، دواتریش بۆ ئەندەلوس لە قورتوبە و تلێتلە.

(ئەلقفطی) لەم بارەیەوە دەڵێ: "لەنیوەی یەكەمی سەدەی (٩ز)دا، كۆمەڵێك كەسی شارەزا بەدەركەوتن، پێیان دەوترا: (دەرمانسازەكان) خۆیان یەكلایی كردبۆوە بۆ ئەو پیشەیە".



قوتوی دەرمان دیمەشق

بەمەش بۆمان دەركەوت: دەرمانخانەكان لەجیهانی ئیسلامیدا، بۆ یەكەمجار لەسەدەی (٩ز) بەدەركەوت لەبەغداد لە (١١٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، لەلایەن كۆمەڵێك كەسەوە وەكو پیشەیەكی سەربەخۆ دەستیان بەم ئیشەكرد، كە كاریان بریتی بوو لە: دروستكردنی دەرمان بۆ دەرمانخانەكان و جەختیان لەسەر دەسترەنگینی دەكردەوە، لەرێكخستنی جۆری دەرمانەكان و خەزنكردن و پاراستنیدا، ئەمەش بەشێوەیەكی پشتاوپشتی بۆ منداڵەكانیان دەمایەوە، بەجۆرێك لەسەدەی (١٢-١٣)ز كۆمەڵێك

خێزان هه‌بوو له‌بازاڕه‌كاندا به‌م پیشه‌یه‌وه‌ به‌ناوبانگ بوون و پابه‌ندیش بوون به‌و لیژنه‌ حكومیه‌وه‌، كه‌ ناوده‌برا به‌ (المحتسب) كه‌ سه‌ر به‌ دیوانی (الحسبة) بوو (Health and Safety Excutive)[١]".

(عمر فروخ) له‌كتێبی: (تأريخ العلوم عند العرب)ده‌ڵێ: " له‌سه‌رده‌مانی كۆندا، بازرگانیكردن به‌ده‌رمان و هێنان و بردنی، ئازادانه‌ بوو به‌بێ هیچ جۆره‌ چاودێریه‌ك، كۆمه‌ڵێك بازرگان ده‌رمانیان ده‌هێنایه‌ ناو بازاڕه‌كان و، ده‌یاندایه‌ خه‌ڵكی، به‌بێ ڕه‌چاوكردنی هیچ جۆره‌ مه‌رجێكی ته‌ندروستی و، بونی شاره‌زایی و پسپۆڕیان له‌باره‌ی ده‌رمانه‌كانه‌وه‌.

به‌ڵام له‌سه‌رده‌می خه‌لیفه‌ مه‌ئمونی عه‌باسی، لیژنه‌ی تاقیكردنه‌وه‌ی ده‌رمانخانه‌كان دامه‌زرا، پاشانیش براكه‌ی موعته‌سه‌م چاودێریكردنی ده‌رمانخانه‌كانی دایه‌ده‌ست لیژنه‌یه‌كی شاره‌زا و پسپۆڕ بۆ چاودێریكردنیان[٢]..".

یه‌كه‌م ده‌رمانخانه‌ش، كه‌ دامه‌زرا، له‌به‌غداد بوو ساڵی (٧٦٦)ز به‌چاودێری ده‌زگای (الحسبة[٣])، ئه‌م چاودێریه‌ ته‌ندروستیه‌ش، بوه‌ هۆی ئه‌وه‌ی، كه‌ كه‌س نه‌توانێ ده‌رمان بفرۆشێته‌ كه‌سێك، به‌بێ بونی مۆڵه‌تی پزیشك، ئه‌وه‌ش له‌عێراق پێی ده‌وترا (الوصفة) و له‌شام پێی ده‌وترا: (الدستور) و، له‌مه‌غریب پێی ده‌وترا: (النسخة[٤]).

بۆ یه‌كه‌مین جار له‌وڵاتی تونس، له‌سه‌ده‌ی (١٠)ز، پیشه‌ی ده‌رمانسازیی له‌پزیشكیی جیاكرایه‌وه‌، ئه‌مه‌ش له‌لایه‌ن: (ئیسحاقی كوڕی عمران)ه‌وه‌ بوو، كه‌ هه‌ڵده‌ستا به‌ چاره‌سه‌ركردنی خه‌ڵكی له‌شوێنه‌ گشتیه‌كاندا و، پاشان نوسینی ده‌رمانه‌كانی تایبه‌ت به‌چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشییه‌كه‌ی، له‌سه‌ر كاغه‌زێك، ده‌نوسی بۆ ئه‌وه‌ی كه‌سی نه‌خۆش بچێت له‌دوكانی ده‌رمان (عه‌تاره‌كان) وه‌ریبگرێت،

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١، ص١٨٤.

(٢) علي عبدالله الدفاع: إسهام علاء العرب والمسلمين في الصيدلة. ص١٤٦.

(٣) نجيب عبدالرحمن حكمت: دراسات في تأريخ العلوم عند العرب. د.ت.

(٤) علي عبدالله الدفاع: إسهام علاء العرب والمسلمين في الصيدلة. ص١٤٣.

هەروەها (ئیبن جزار) نەخۆشەكانی خۆی دەناردە لای كەسێك، كەوا هەموو جۆرە دەرمانێكی هەبوو بەشێوەی: (حەب، هەویر، شروب، مەلحەم،...).

سەبارەت بەناوچەی ئەندەلوسیش، سەرەتا وەكو سەردەمی جاهیلی و ئەمەوییەكان وابوو، كەوا بۆ چارەسەر تەنها چەند دەرمان و گیا و ڕووەكێكی پزیشكیی هەبوو[1].

یەكەم پزیشكێك لەبارەی تەندروستی و دەرمانەكانەوە نوسیبێتی: (مەڕوان كوڕی عەبدولمەلیك كوڕی حەبیبی سەلەمی قورتوبی)ە، لە (٨٥٤ ز) مردووە، كەوا بۆ یەكەمین جار خەڵكی ئەندەلوسی بەڕێنماییە تەندروستیەكان لەڕێگای فەرمایشتەكانی پێغەمبەری نازدار (صلی الله علیه وسلم) ئاشناكردەوە و، وتەی حەكیمانی بواری تەندرستی، دەربارەی چۆنییەتی خۆپاراستن و پارێزگاریكردن لەتەندروستیمان وەك بەشێك لەدین.

ئەمیرو خەلیفەكانی ئەمەویش، پشتگیریەكی زۆری كەسانی شارەزای بواری پزیشكیان دەكرد، لەدەورانی ئەمیری پێنجەم: (موحەممەدی كوڕی عەبدولڕەحمان)، هەڵسان بە كۆكردنەوەی زانیاریە پزیشكیەكانی پێشین و نوێكان لەبەغداد و شام و قوستەنتنییە).

یەكەمین گەشتی زانستیش بۆ شاری بەغداد بوو، لەلایەن: (یونس كوڕی ئەحمەدی حرانی و كوڕەكانی عومەر و ئەحمەد)، ئەوەبوو كوڕەكانی لەساڵی (٩٦٢)ز گەڕانەوە بۆ ئەندەلوس و دەستیان كرد بەخزمەت كردن، لەدەورانی حوكمی (موستەنسر)دا، بەهەمان شێوە، (موحەممەد كوڕی عەبدونی جەبەلی) لەساڵی (٩٥٨)ز هەستا بەگەشتێكی زانستی بۆ وڵاتی عێراق و میسر، دواتریش لەقاهیرە دەستیكرد بە كاری فێركاری تەندروستی.

ئەم گرنگیدانەی خەلیفە و ئەمیرەكانی ئەندەلوس لەبواری زانستیدا، وایكرد ئیمپراتۆری (بیزەنتی) بۆ خۆنزیكردنەوە لە خەلیفە (عبدالرحمن ناصر) لە ساڵی

---

(١) د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٧١٧.

(٩٥٠)ز هەستا بەناردنی كتێبی (دیسقوریدس) و، پاشان ناردنی وەرگێڕیش، تاوەكو تەواوی كتێبەكە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی.

ئەم پەرەسەندنە بەرفراوانە لەبواری زانستیدا وایكرد لەزەمانی دەسەڵاتی حەكەمی سێیەمدا ژمارەی كتێبەكان لەكتێبخانەی قورتوبە بونە نیو ملیۆن كتێب، بەمەش شارستانییەتی ئەندەلوسی لەسەدەی (١٠-١٣)ز ئەوپەڕی پرشنگداری بینی لایەنی پزیشكیی و دەرمانسازیی و تەواوی زانستە جۆراوجۆرەكانی ئەو سەردەمەوە[١].

لەسەردەمی عوسمانییەكانیشدا، بەتایبەتی لەدەورانی زێڕینی ئەم دەوڵەتەدا پەرەیەكی زۆر درایە بواری دەرمانسازیی، ئەمەش لەدوای ئەوەی قوتابخانەی تایبەت بەبواری پزیشكیی كرایەوە، جیا لە بەشە پزیشكیەكانی ناو نەخۆشخانەكان.

عوسمانییەكان یەكەمین كەسێك بوون، كە منداڵەكانیان دژ بە ئاوڵەی ڕەشە وڵاخ كوتیوە، دەبینین خاتو مونتاگیو (Lady Montagu) ژنی سەفیری ئینگلیزی لە ئەستەمبوڵ، لەنێوان ساڵانی: (١٧١٦-١٧١٨)ز لەماوەی مانەوەی ئەم خاتونە لە ئەستەمبۆڵ، زنجیرەیەك نامە، كە بۆ بەریتانیای دەناردەوە باسی لە چۆنییەتی كوتانی عوسمانییەكان كردبوو، دواتریش كاتێ گەڕاوە بۆ وڵاتەكەی خۆی بە دوور و درێژی باسی لەچۆنییەتی شێوازی كوتانەكە كرد، جگە لەوەی لەلایەن سەرانی كەنیسەوە دژایەتی كرا، لەلایەن كۆمەڵێك لە پزیشكانی ئەو سەردەمەشەوە لە دژی وەستانەوە و بە مەترسیان دەزانی، بەڵام دواجار بووە هۆی بڵاوبونەوەی ئەم بیرۆكەیەی عوسمانییەكان بە هەموو ئەوروپادا[٢].

دەرمانسازیی ئیسلامیی، لەسەدەی (١٣)ز كاریگەرییەكی گەورەی هەبوو لەسەر ئەوروپا لەوانە، لەسەر هەریەكە لە: (یوهانز سانت ئاماند Johannes of

---

١ د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة، ص١٧١٧-١٧٢.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٧٦.

St.Amand و پیترو دی ئه‌بانو (Pietrod' Abbano) مامۆستا له‌ناوچه‌ی پادوقا (Paduq)ی ئیتالْیا، له‌نێوان سالآنی: (١٣٠٦-١٣١٦)ز، یه‌ك له‌و كتێبه پزیشكیه كاریگه‌رانه‌ش، كتێبه‌كه‌ی (ئیبن وافدی ئه‌نده‌لوسی)یه: (الأدوية المفردة) بوو، كه زیاتر له (٥٠) جار به‌زمانی لاتینی بلآوكرایه‌وه به‌ناوی: (De medicamentis Simplicibus).

(ئیبن وافد) به‌ماوه‌ی (٢٥)سالْ ئه‌م كتێبه‌ی نوسیوه و، له (٥٠٠) لاپه‌ره پێكهاتووه، ئه‌م زانایه سه‌رباری ده‌رمانه جۆراوجۆره‌كانی تایبه‌ت به‌چاره‌سه‌ری نه‌خۆشه‌كان، ده‌رمانی تایبه‌تی هه‌بوو بۆ خۆشۆردن و خه‌وتن، هه‌روه‌كو (زه‌هراوی)، ده‌رمانی تایبه‌تی هه‌بوو به دژه‌خۆر.

یه‌كێكی دی له‌و كتێبانه‌ی كاریگه‌ری هه‌بوو له‌سه‌ر ده‌رمانسازیی ئه‌وروپی، كتێبی (الجامع لمفردات الأدوية والأغذية)ی (ئیبن به‌یتاری مالقی) بوو، كه‌وا به‌مه‌وسوعه‌ی ده‌رمانه ڕووه‌كیه‌كان داده‌نرێت و، تا ئێستاش ماوه‌ته‌وه، باسی زیاتر له (٣٠٠) هه‌زار جۆر ده‌رمانی كردووه و، به‌شێوازی ئه‌لفبێ ڕیزبه‌ندی كردون و، ئه‌م زانیاریانه‌شی زیاتر له (١٥٠)كه‌سی پسپۆر و شاره‌زا و نوسه‌ر وه‌رگرتووه، كتێبه‌كه له‌سالْی (١٧٥٨)ز، چه‌ند به‌شێكی وه‌رگێردرا بۆ سه‌ر زمانی لاتینی و، له‌سالْی (١٨٤٢)ز، ته‌واوی كتێبه‌كه وه‌رگێڕدرا.

یه‌كێكی تر له‌و كتێبه گرنگانه‌ی، له‌بواری ده‌رمانسازییدا وه‌رگێڕدرایه سه‌ر زمانه‌كانی ئه‌وروپا، كتێبی: (الخلاصة الوافية العطور Compendium aromatarioram) بوو، كه له‌لایه‌ن پزیشكیی ناوداری سه‌ده‌ی (١٥ز) (سه‌لآحه‌ددین ئیسكولْی Saladin. Ascolo) نوسرایه‌وه، كتێبه‌كه پێكهاتووه له (٧)به‌ش و له‌سه‌ر شێوازی ئیسلامیانه پۆلێنكراوه به‌م جۆره: (پشكنینی ده‌رمانه‌كان، توانستی داواكراو، به‌دیلی ئه‌و ده‌رمانه، مادده به‌كارهاتووه‌كانی ئه‌و ده‌رمانه له‌مادده ساده و تێكه‌لْه‌كان).

ده‌رمانخانه‌كانی ئه‌وروپاش، به‌هۆی چاولێكردنه‌كانی موسلْمانه‌كانه‌وه، په‌ره‌ی زیاتریان دایه ده‌رمانخانه‌كان، ئه‌وه‌بوو له‌سه‌ده‌ی (١٧ز)دا پزیشكیی فلۆره‌نسی

(لودوفیکودال پوزو توسکانیللی Ludovicodol pozzo Toscanelli) له کۆلێژی (فلۆرینتن)، پەیامێکی لەسەر تایبەتمەندیەکانی دەرمان و چۆنییەتی ڕێکخستن و پۆلێنکردنی دەرمانەکان نوسی، بەپێی جۆری ڕووەکی و ئاژەڵی و کانزایی، پاشانیش پۆلێنکردنەومیان لەسەر بناغەی سادەیی و تێکەڵەی دەرمانەکان لەجۆری: (زەیتی و حەب و مەلحەم و هەویری و ...) لەژێرکاریگەری دەرمانسازیی ئیسلامی.

لەسەدەی نۆێشدا، لەساڵی (١٩٧٧)ز مێژوونوسی ئەمریکی: (مارتن لیڤی Martin Levey) دەستنوسێکی عەرەبی دۆزیەوە و، چەندین دەرمان و چارەسەری تەندروستانەی دەرهێنا، لەدەرمانە تاك و تێکەڵکراوەکان، کە مێژووەکەیان دەگەڕایەوە بۆ (١٠٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا، بەڵام تا ئەو کات ئاماژمیان پێنەدرابوو و پێویستیان بەلێکۆڵینەوەی زیاتر بوو[1].

ئەمەش بەهێزی لایەنی دەرمانسازیی نیشان ئەدا کە پێویستی بەگەڕانی زیاتر و شارەزایی زیاتر هەیە، تاوەکو پەی بەنهێنی توانا و شارەزایی دەرمانساز و پزیشکانی ئەو سەردەمە ببەین، کە لەچارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا، چەندە لێهاتوو بوون.

**سەبارەت بە پۆلێنکردنی دەرمانەکان، دەتوانین بڵێین: بە دوو جۆر بووە:**

جۆری یەکەمیان: لەسەر پۆلێنکردنی دەرمانەکان بووە: (ڕووەکی، ئاژەڵی، کانزایی).

جۆری دووەمیشیان: بەپێی پیتە ئەبجەدیەکان، هەریەکە لە دەرمانەکانی ئەم بەشانەی پۆلێن دەکردەوە، وەکو لەکتێبەکانی: (ئیبن بەیتار و ئیبن سینا و ئیدریسی و ئینتاکی)دا بەرچاومان دەکەوێ، بەڵام کەسێکی وەکو: (مەجوسی) پۆلێنی بەشەکانی لەسەر شێوازی ئەبجەدی کردووە، بۆ نمونە:

- پۆلێنی دەرمانە ڕووەکییەکان.
- پۆلێنی دەرمانە ئاژەڵییەکان.

---

(١) د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٨٦.

- پۆلێنی دەرمانە كانزاییەكان.

هەریەكە لەمانەی، لەسەر شێوازی ئەبجەدی ڕیز كردووە.

ئەگەر سەرنج بدەینە دانراوی پزیشكەكان، دەبینین: لەسەر هەریەك لەدەرمانەكان، ئەم زانیاریانە نوسراون: (ڕەنگی، بۆنی، تامی، زبری و ڕەقی، شێوە و پێكهاتەی، چۆنییەتەكەی، سود و زیانەكانی دەرمانەكە لەسەر جەستە، ماوەی بەكارهێنان، بەدیلی دەرمانەكە)[1].



سەبارەت بە كاریگەری و بەهێزی دەرمانەكان، لەسەر جەستەی مرۆڤ، زانایانی نێو ئەم شارستانییەتە، لەژێر كاریگەری فەلسەفە و بیری یۆنانیدا بوون، كەوا ئەم دونیایە لەسەر (٤) بنچینەی سەرەكی بنیات نراوە، دوانیان سوكن، وەكو: هەوا و ئاگر، دوانیشیان قورسن، وەكو: ئاو وخاك، هەموو جەستەیەكیش لەم ژیانە، لەسەر ئەم چوار بنچینەیە دروستكراوە كە دەبێتە هۆی دروستبونی چوار سیفەتی تر، ئەوانیش: (گەرمی، ساردی، وشكی، شێ).

بەهۆی ئەم تێگەیشتنەوە دەبینین پزیشكانی ئەم شارستانییەتە، پێوانەیان بۆ كاریگەری و بەهێزی دەرمانەكان لەسەر بنەمای تێگەیشتنی فەلسەفیانە بۆ مۆڤ بووە، بۆ نمونە: كەسێكی وەكو: (ئیبن سینا) بۆچونی وابووە: كاریگەری دەرمانەكان لەسەر ئەم بنەمایانە بێت:

١- نابێت لەشوێنی شێدار و گەرمدا بێت.

٢- دەرمانەكە لەیەك مادده پێكهاتبێ، نەك تێكەڵە.

---

(١) د.طه اسحاق الكيالي: تأريخ الطب والأطباء، ص٣٢٩-٣٣٠.

# گرنگترین سیفاته‌كانی پزیشك و كارمه‌ندانی نه‌خۆشخانه له شارستانییه‌تی ئیسلامیدا[١]

١- ده‌بێت له‌كاتی كاركردندا چست و چالاك بێت و، به‌خه‌می خه‌ڵكیه‌وه بێت.

٢- نابێت مت و وڕ بێت، ده‌بێت كاره‌كه‌ی به‌باشی ئه‌نجام بدات و، خاوه‌نی زیره‌كیه‌كی باش و دونیابینییه‌كی گه‌ش بێت.

٣- هاوكار و یارمه‌تیده‌ره‌كان، نابێت به‌ته‌نها چاوه‌ڕوانی فه‌رمانی پزیشك بن، به‌ڵكو هه‌ركارێ هاته پێش و له‌ تواناياندا بوو، بیكه‌ن و به‌ده‌میه‌وه بچن.

٤- پێویسته ئامێر و پێداویستیه‌كانی چاره‌سه‌ركردنی پێ بێت.

٥- ده‌بێت زانا بێت به كاره‌كه‌ی و، به‌توانا بێت له چاره‌سه‌ركردن و ئومێددان به‌نه‌خۆش و، شاره‌زا بێت له جیاكردنه‌وه‌ی ده‌رمانه جۆراو جۆره‌كان.

٦- ده‌بێت ديندار و داوێن پاك و لێبورده بێت، تاوه‌كو نهێنی نه‌خۆشه‌كانی بپارێزێت و لێیان نزیك بێته‌وه، ئه‌مه‌ش متمانه له‌نێوان نه‌خۆش و پزیشكدا دروست ده‌كات و، هۆكارێكه بۆ شیفادانی نه‌خۆش.

٧- ته‌واوی كارمه‌ندانی نه‌خۆشخانه له (پزیشك و كارگوزار و په‌رستار و....) لێبورده و میهره‌بان بن، دووربن له هه‌ڵچون و توڕه‌یی، به‌ڕویه‌كی خۆشه‌وه به‌ده‌م خه‌ڵكیه‌وه بڕۆن، تاوه‌كو ناڕه‌حه‌تیه‌كانی ڕوی نه‌خۆش بسڕنه‌وه.

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون. ص٥٦٥ و ٥٨٣. زيغريد هونكة: شمس العرب، ص٢٢٤. السامرائي: مختصر، ج١/ ص١٠٤. القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٩١. السيوطي: جواهر العقود، ج١/ ص٢٨٠.

٨- پێویستە پزیشك ئاگاداری لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانی کەسی نەخۆش بێت و، هۆکاری توشبونی بە نەخۆشییەکە بزانێت، ئینجا چارەسەری بۆ دابنێ.

٩- پێویستە پزیشك ئامۆژگاریکەر و ڕێنمایکەری نەخۆش بێت، شێوازی خواردن و دەرمانەکان، بەشێوازێکی تەندروستانە بۆ نەخۆش ڕێك بخات.

١٠- پێویستە پزیشك بەدەم هەموو جۆرە نەخۆشێکەوە بێت، لە هەر چین و توێژێك بێت.

١١- پێویستە تەواوی پزیشکان تاقیبکرێنەوە، تاوەکو دڵنیابن لەوەی نابنە مەترسی بۆ سەر تەندروستی نەخۆش.

١٢- پێویستە پزیشك هەمیشە لەخەمی باشتر کردنی تەندروستی نەخۆشدا بێت بە هەموو شێوە و شێوازێك.

١٣- گرنگترین کارمەندانی نەخۆشخانەش بریتی بوون لەمانە[1]:

- کارمەندی دەرمانخانە.
- پاسەوانی گەنجینە.
- کارمەندی گەنجینەی دەرمان.
- کارمەندی کۆگای چێشتخانەی قوتابخانە.
- چێشتلێنەری نەخۆشخانە.
- پاسەوانی نەخۆشخانە.
- مردوو شۆری نەخشخانە (پیاوان و ئافرەتان).
- شێخی نەخۆشخانە (سەرپەرشتیار و نوێژ خوێن).
- ئەمینی نەخۆشخانە (پارێزگاری ماڵ و سامانی نەخۆش بوو لە داخڵ کردنی تا دەرچونی).
- دارتاشی نەخۆشخانە.
- کارمەندانی کتێبخانە.
- لێپرسراوی دیوانی نەخۆشخانە.
- کارگوزارانی نەخۆشخانە.

---

(١) السخاوي: التحفة اللطيفة، ج١/ ص٤٦١ و ٥٣٤.

# گرنگترین نه‌خۆشخانه‌كان له جیهانی ئیسلامیدا

## نه‌خۆشخانه‌كانی ولاتی میسر :

### ١- نه‌خۆشخانه‌ی زقاق قه‌نادیل .

له‌سه‌رده‌می ئه‌مه‌وییه‌كاندا، له‌ناوچه‌ی (فوستات) بنكه‌یه‌كی ته‌ندروستی كرایه‌وه، به‌ناوی: (ئه‌بی زه‌ید)، كه ناویش ده‌برا به: (زقاق قه‌نادیل)، یه‌ك له‌حافز قورئانه‌كانی میسر، به‌ناوی: (ئیبن سه‌یدی ناس) له‌وێ له‌دایك بووه[١].

### ٢- نه‌خۆشخانه‌ی مه‌عافر .

دروستكراوه له‌لایه‌ن فه‌تحی كوڕی خاقانه‌وه له‌ده‌ورانی خه‌لیفه مته‌وه‌كل له‌سه‌ر ڕێگای مه‌عافر، ده‌كه‌وێته نێوان ناوچه‌ی عامری سه‌ر به‌شاری قوستات و مزگه‌وتی خولان له قه‌رافیه[٢].

### ٣- نه‌خۆشخانه‌ی عه‌تیق .

له‌لایه‌ن ئه‌حمه‌د كوڕی تۆلۆن، له‌ساڵی (٢٥٩ك/ ٨٧٢ز) دروستكراوه، پێشی ده‌وترا: (ئه‌علا)، بڕی (٦٠)هه‌زار دیناری تێچوو، له‌په‌نایدا بازاڕێكی كرده‌وه،

---
(١) الدقماق: الإنتصار، ج٤/ ص١٣.
(٢) المقريزي، ج٢/ ص٤٠٦.

کە پێداویستی و دەرمانی تەندروستی تێدا دەفرۆشرا و، میری بۆ خۆشی هەفتانە سەردانی دەکرد، (قلقشندی) دەڵێ: "یەکەم نەخۆشخانە لەمیسردا لەلایەن ئەحمەدی کوڕی تۆلۆنەوە بوو لەشاری (فوستات) دروستی کرد".

ئەم نەخۆشخانەیە، بۆ هەر یەکە لە پیاوان و ئافرەتان گەرماوی تێدا بوو، نەخۆش لەو کاتەوە دەهاتە ناو نەخۆشخانە، تاوەکو دەردەچوو، هەموو شتێکی پارێزراو بوو لەلایەن ئەمینی نەخۆشخانەوە و، دواتر بۆی دەگەڕێندرایەوە.

لەساڵی (٢٦٢ك/ ٨٧٥ ز) مزگەوتێکیان لەپاڵدا کردەوە، شوێنی تایبەتیان هەبوو بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان و، تیمی تایبەتیان هەبوو بۆ گواستنەوەی نەخۆش[1]، (ئیبن جوبەیر) لەساڵی (٥٧٨ك/ ١١٨٢ز) لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبیدا، سەردانی ئەم نەخۆشخانەی کردووە، لەبارەیەوە دەڵێ: "نەخۆشخانەیەکی زۆر ڕازاوە و پاکوخاوێنە، کتێبخانەکەی زیاتر لە (١٠٠) هەزار کتێبی تێدایە[2]".

**٤- نەخۆشخانەی ئەسفەل.**

بە نەخۆشخانەی (کافوری ئەخشید) ناودەبرێ، لە فوستات بنیاتنراوە، گەرماوێکی چاکی تێدابوو، بەگەرماوی (بوران) ناودەبرا، شوێنی مردوو شۆردنی تێدابوو، زیاتر لە (٣)هەزار دیناری تێچوو[3].

موقریزی لەم بارەوە دەڵێ: "ئەم نەخۆشخانەیە لەلایەن (کافوری ئەخشیدی)ەوە لەساڵی (٣٤٦ك/ ٩٥٧ز) دروستکرا، ئەمەش پاش ئەوەی دەسەڵاتێکی بەرفراوانی لەمیسردا بەدەست هێنا".

**٥- نەخۆشخانەی قەشاشین.**

(قازی محیەدین کوڕی عەبدولزاهیر) دەڵێ: "ئەم نەخۆشخانە، لەسەردەمی وەزیر (ناسر) بنیاتنرا بەناوی: (قەشاشین)، نزیکی مزگەوتی (ئەزهەر) و خانەی لێدانی سکە بوو[4]".

---

(١) النجوم الزاهرة، ص٤٧٢.

(٢) الرحلة، ص٥٢.

(٣) ابن دقماق: الإنتصار، ج٤/ ص٩٩.

(٤) صبح الأعشى، ج٣/ ص٣٦٩.

**٦- نەخۆشخانەی سقتین.**

له بازاڕی (سقتین) بوو لەدەرەوەی دەرگای (زەویلە) له تەنیشت بنكەی سێوەكە، (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) پێی وایە: بەر له نەخۆشخانەی (ناصری) له خواروی قاهیره[1] دروست كرابێت، یەك له پزیشكه ناودارەكانی ئەم نەخۆشخانەش: (شەهابەدین ئەبو حەجاج یوسف)ی پزیشكیی نەخۆشییەكانی چاو بوو.

**٧- نەخۆشخانەی ناصری (سەڵاحی).**

لەلایەن سەڵاحەددینەوە لەساڵی (٥٦٧ك/ ١١٧١ز) دروستكرا، لەسەر یەكێ له كۆشكەكانی (فاتمی)، كه هۆڵێكی گەورە و بەرفراوانی هەبوو، لەلایەن (عەزیزبیلا)وە لەساڵی (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز) دروست كرابوو، بەڵام سەڵاحەددین كردیه نەخۆشخانه[2].

(قازی فازڵ) لەساڵی (٥٧٧ك/ ١١٨١ز) لەبارەی ئەم نەخۆشخانەیەوە وتویەتی: "سوڵتان فەرمانیدا: یەكێ له كۆشكەكانی (فاتمی) بكرێته نەخۆشخانەیەكی گەورە بۆ هەژاران، بۆ ئەمەش پزیشك و شارەزایانی ڕاسپارد، تاوەكو دەست بەكاربن". (ئیبن جوبەیر)یش لەساڵی (٥٧٨ك/ ١١٨٢ز) لەبارەی نەخۆشخانەكەوە وتویەتی: "یەكێكه له شانازیەكانی سەڵاحەددین، له قاهیره و لەنێو كۆشكێكی ڕازاوەدا دروست كراوە، كۆگای پڕ دەرمان و شوێنی تایبەت بە سەردانیكردنی نەخۆشی تێدایه، نەخۆشخانەكە بەشی پیاوان و ئافرەتانی جیاكراوەتەوە و، بەشی نەخۆشییە دەروونییەكانیش بە شەبەكەی ئاسنین لەیەك جیاكراونەتەوە، سوڵتان بۆ خۆیشی بۆ هەواڵ پرسین و سەردانكردنی نەخۆشەكان دەچێته ئەوێ و لەهەواڵیان دەپرسێ[3]".

لەبەناوبانگترین پزیشكەكانیشی: (ڕەزیەدین ڕەحبی، ئیبراهیم كوڕی ڕەئیس مەیمون، مۆفەقە دین ئەبولعەبباس، شێخ سەدید كوڕی ئەبی بەیان، قازی نەفیسەدین كوڕی زوبێر)بون.

---

(١) عیون، ص٢٤٧.

(٢) قلقشندي: صبح، ج٣/ ص٤٠.

(٣) الرحلة، ص٥١.

**٨- نەخۆشخانەی ئەسکەندەریە.**

(موقریزی) دەڵێ: "لە(١٧)ی شەوالی ساڵی (٥٧٧)ك سوڵتان سەلاحەددین چووە ئەسکەندەریە و، لە(٢٥)ی هەمان مانگدا، نەخۆشخانە و بنکەیەکی تەندروستی تێدا کردەوە، کە دواتر توران شا قوتابخانەیەکی پزیشکیی لەناودا دروستکرد[١]".

**٩- نەخۆشخانەی گەورەی مەنصوری (قەلاوون).**

لە قاهیرە کەوتۆتە نێوان دوو کۆشك، پێشی دەوترێ: (خانەی شیفا)، لەلایەن (مەنصور قەلاوون) لەساڵی (٦٨٣ك/ ١٢٨٤ز) دروستکرا و، بەیەکێك لە ڕازاوەترین و جوانترین نەخۆشخانەکانی جیهانی ئیسلامی دادەنرێت، کە خاوەنی پسپۆڕیە جیاجیاکان بوو.

(ئیبن بەتوتە) لەبارەی ئەم نەخۆشخانەیەوە وتویەتی: "نەخۆشخانەکە کەوتۆتە نێوان دوو کۆشکەوە و لەلایەن مەلیك مەنصور قەلاوونەوە لەسەر جوانترین شێواز دروستکراوە، ڕۆژانەش بڕی (١٠٠٠) دیناری بۆ خەرج دەکرێت[٢]". مێژوونوس (شەمسەدین کەرکیش) لەم بارەیەوە دەڵێ: "ڕۆژانە (٤) هەزار نەخۆش دەهاتنە ناو نەخۆشخانەوە و (٤) هەزار دەردەچون[٣]".

ئەوەی جیاوازی ئەم نەخۆشخانەیە پیشان ئەدات ئەوەیە: لەسەر (٤٢٥)خاڵ وەقف کراوە، کە هەریەکە لە خاڵەکانی جوانی مرۆڤ دۆستی و خاویستی بەدەردەخات، نەخۆشخانەکە، تا سەدەی بیستەمیش لەکاردا بووە و، بەدرێژایی دەسەڵاتی مەمالیکەکانی میسر و، پاشانیش عوسمانییەکان لەکار نەکەوتووە، تەنها ئەو کاتانەی میسر لەلایەن ناپلیۆنەوە داگیرکرا، دوبارە لەسەردەمی بنەماڵەی خدێوییەکاندا، نۆژەنکرایەوە و پارەی بۆ خەرجکرا و، دەستی بەکارەکانی کردەوە[٤].


---

(١) السلوك لمعرفة دول الملوك، ص١١٢.


(٢) الرحلة، ص٧.

(٣) أحمد عيسى: تأريخ، ج١/ ص٧٢ و ٧٣.


(٤) أحمد عيسى: ن.م، ج١/ ص١٠٧-١٠٨.



نەخشەی مزگەوت و
نەخۆشخانەو گۆری قەلاوون



نەخۆشخانەی قەلاوون/ قاهیره



**١٠- نەخۆشخانەی موئەیدی.**

(تەقیەدین موقریزی) دەڵێ: "ئەم نەخۆشخانەیە لەسەروی دیوەخانی (تەبەڵ) لە قەڵای (جەبەل) لەساڵانی: (٨٢١-٨٢٣ ز) لەدەورانی مەلیك موئەید شێخ

بنیاتنرا، لە خزمەتكردنی نەخۆشانی ناوچەكەدا بەردەوامبوو، تاوەكو ساڵی (٩٢٥ك)"[١]. نەخۆشخانەكە لە قوتابخانەیەكی پزیشكیی و، مزگەوتێكی گەورە و خانەقایەكی سۆفیانە و، دەرمانخانەیەك پێكهاتبوو، لەگەڵ ئەستێڵێكی پڕ لە ئاو و كتێبخانەیەكی گەورە، جگە لەمەش لەلایەن دەوڵەتەوە، مانگانە (٥٠٠) دیناری بۆ خەرج دەكرا[٢].

## نەخۆشخانەكانی عێراق و جەزیرە:

### ١- نەخۆشخانەی ڕەشید.

(هارون ڕەشید) پێنجەم خەلیفەی بەنی عەبباس، لەساڵی (١٧١ك/ ٧٨٦ز) بەسەرپەرشتی (جوبریل كوڕی بەختیشوع) نەخۆشخانەیەكی لە بەغدا كردەوەو، پاشان (ماسویە خوزی) كردە سەرۆك و (جوبریل)یش بووە جێگری.

### ٢- نەخۆشخانەی بەرامكە.

لە كتێبی (فەهرەست)دا هاتووە: (ئیبن دهنی) هیندی، پاش ئەوەی چەند كتێبێكی هیندی بۆ بەرامكەكان وەرگێڕا، لەلایەن ئەوانەوە نەخۆشخانەیەك كراوە، كە (ئیبن دهن)یان تێدا كردە پزیشك[٣].

### ٣- نەخۆشخانەی ئەبی حەسەن عەلی كوڕی عیسا.

لەساڵی (٣٠٢ك/ ٩١٤ز) وەزیر (ئەبو حەسەنی عەلی كوڕی عیسا جەراح) نەخۆشخانەی: (حەربیە)ی دانا، پارەیەكی بۆ تەرخانكرد، كە (ئەبا عوسمان سەعید كوڕی یەعقوب دیمەشقی) كردە پزیشك[٤].

---

(١) الخطط و الآثار، ج٢/ ص٤٠٨.

(٢) أحمد عیسی: تأریخ البیمارستانات، ج١/ ص١٠٩.

(٣) ابن الندیم: الفهرست، ص٢٤٥.

(٤) ابن ابي اصیبعة: عیون، ص٢٧٤.

**٤- نه‌خۆشخانه‌ی به‌در غولامی (كۆیله‌ی موعته‌زید).**

له‌لایه‌ن (به‌در ئه‌بو نه‌جم)ه‌وه دروستكرا، ناسراو به (حه‌مامی)، باوكیشی ناوی (خه‌یر)ی بوو، پاش ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن (ئیبن تۆلۆن)ه‌وه فه‌رمانی كوشتنی درا، له میسر هه‌ڵهات و چووه ولاتی فارس، له‌وێ مایه‌وه تا ساڵی (٣١١ك) وه‌فاتی كرد، یه‌كێ له دڵخۆشیه‌كانی ئه‌م پیاوه له‌ژیانیدا ئه‌وه‌بوو یارمه‌تی هه‌ژارانی ده‌دا و ده‌ستگیرۆیی لێقه‌وماوانی ده‌كرد و كه‌سێكی زۆر میهره‌بان بوو، یه‌كێ له كاره به‌رچاوه‌كانیشی، كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی (به‌در) بوو له ناوچه‌ی (محزه‌م)، كه ده‌كه‌وێته نێوان: (ڕه‌صافه) و (ڕوباری مه‌علی) له‌به‌غدا[١].

**٥- نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌لسه‌یده.**

له موحه‌ڕه‌می ساڵی (٣٠٦ك) (ئه‌بو سه‌عید كوڕی سابت)، هه‌ستا به‌كردنه‌وه‌ی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه، كه له‌لایه‌ن دایكی خه‌لیفه موقته‌دره‌وه پاره‌ی بۆ ته‌رخانكرابوو، نه‌خۆشخانه‌كه ده‌كه‌وته بازاڕی (یه‌حیا)له‌سه‌ر ڕوباری دیجله، كه پزیشكان له‌وێ داده‌نیشتن، بۆ ئه‌وه‌ی چاویان به نه‌خۆشه‌كان بكه‌وێ[٢]، هه‌موو مانگێكیش بڕی (٦٠٠)دیناری بۆ خه‌رج ده‌كرد، كه (ئیبن ته‌عزی به‌ردی) ده‌ڵێ: "ئه‌م پاره‌یه بۆ ساڵێكی ته‌واو ده‌بووه (٧) هه‌زار دینار".

**٦- نه‌خۆشخانه‌ی موقته‌دری.**

له‌ساڵی (٣٠٦)ك له‌سه‌ر داوای سینان كوڕی سابت، خه‌لیفه (موقته‌در) فه‌رمانیدا نه‌خۆشخانه‌یه‌ك ڕوو به ده‌رگای شام دروست بكه‌ن، بۆ ئه‌مه‌ش مانگانه بڕی (٢٠٠) دیناری بۆ خه‌رج ده‌كرد، له‌به‌ناوبانگترین پزیشكانی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه‌ش: (یوسفی واسیتی و جوبریل كوڕی عوبه‌یدوڵلا)بوو[٣].

---

(١) ابن القفطي: تأريخ الحكماء، ص١٨٥.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٢٢. ابن القفطي: تأريخ، ص١٩٥. النجوم الزاهرة، ج٢/ ص٢٠٣.

(٣) ابن ابى اصيبعة: ن.م، ابن القفطي: ن.م، ص١٩٤.

**٧- نەخۆشخانەی ئیبن فورات.**

(ئەبوحەسەن سابت كوڕی سینان) دەڵێ: "لەساڵی (٣١٣ك) لەلایەن وەزیری موقتەدر ئەبولحەسەن عەلی كوڕی موحەممەد كوڕی موسا كوڕی فوڕاتەوە، ئەم نەخۆشخانەیە دروستكرا، بڕیاریشیدا مانگانە لەپارەی خۆی بڕی (٢٠٠) دیناری بۆ تەرخان بكات[١]".

**٨- نەخۆشخانەی ئەمیر ئەبولحەسەنی یەحكوم.**

(سابت كوڕی سینان) دەڵێ: "كاتێ خەلیفە (ڕازی بیلا) وەفاتی كرد، ئەمیر ئەبولحەسەنی یەحكوم بەباوكی ڕاگەیاند، تاوەكو نەخۆشخانەیەك دروست بكات، تایبەت بۆ خزمەتی هەژاران، ئەویش زۆر بەڕێزەوە كارەكەی ڕاپەڕاند"[٢].

**٩- نەخۆشخانەی موعیزولدەولەی بوەیهی.**

لەساڵی (٣٥٥ك) (موعیزولدەولە)ی بوەیهی، هەستا بەدروستكردنی نەخۆشخانەیەك، لەسەر پارەی خۆی، بڕیاریدا پاش تەواوبونی، ساڵانە بڕی (٥) هەزار دیناری بۆ خەرج بكرێت، بەڵام بەر لەوەی تەواو بكرێت، وەفاتی كرد[٣].

**١٠- نەخۆشخانەی عەزدی.**

لەمانگی (صَفَر)ی ساڵی (٣٧٢ك) ئەم نەخۆشخانەیە لەلایەن عەزدولدەولەی بوەیهیەوە كرایەوە، نەخۆشخانەكە كەوتبووە لای باشوری شاری بەغداوە، كە (٢٤) پزیشكیی تێدامەزراند، ماوەی چوار ساڵی خایاند، ئینجا لەساڵی (٣٦٨-٣٧٢ك) تەواو كرا، مێژوونوسان بەیەكێ لەباشترین نەخۆشخانەكانی جیهانی ئیسلامی دادەنێن، كە تاوەكو هاتنی مەغۆلەكان بەردەوام بوو[٤].

---

(١) ابن ابي اصيبعة:عيون، ص٢٢٣.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٢٤. ابن القفطي: تأريخ، ص١٩٣.

(٣) أحمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ص١٢٣.

(٤) ابن كثير: البداية و النهاية، ج١١/ ص٨٨٦.

**١١- نه‌خۆشخانه‌ی موحه‌ممه‌د كوڕی عه‌لی كوڕی خه‌له‌ف له‌به‌غدا.**

(زه‌هه‌بی) ده‌ڵێ: "وه‌زیری (فه‌خرولمولك ئه‌بو غالبی صیرفی) هه‌ستا به‌كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌یه‌ك له‌شاری به‌غدا، وه‌كو نمونه‌یه‌ك له‌كاره‌ خزمه‌تگوزاریه‌كانی[١]".

**١٢- نه‌خۆشخانه‌ی واسیت.**

له‌ساڵی (٤١٣)ك (موئه‌یدولمولك ئه‌بو عه‌لی حه‌سه‌ن ئه‌لرخجی) وه‌زیری (شه‌ره‌فولده‌وله‌ی كوڕی به‌هائولده‌وله‌)ی خه‌لیفه‌ (قادربیلا) هه‌ستا به‌كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌یه‌ك له‌شاری (واسیت) و، هه‌موو جۆره‌ پێداویستی و كه‌لوپه‌لێكی بۆ ته‌رخانكرد، له‌گه‌ڵ گه‌نجینه‌یه‌كی پڕ ده‌رمان بۆ ئه‌وه‌ی پێویستیان به‌هیچ شوێنێكی تر نه‌بێت[٢].

**١٣- نه‌خۆشخانه‌ی فارقی له‌ میافارقین .**

(سه‌دیده‌دین كوڕی ڕه‌قیقه‌) ده‌ڵێ: "هۆی دروستكردنی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه‌، (نه‌سرولده‌وله‌ كوڕی مه‌ڕوان میری دیاریه‌كر) بوو، كه‌ پاره‌یه‌كی زۆری دانابوو بۆ ئه‌و پزیشكه‌ی چاره‌سه‌ری كچه‌كه‌ی بكات، ئه‌وه‌بوو زانایه‌ك وتی چاره‌سه‌ری ده‌كه‌م، میریش به‌ڵێنیدا، ئه‌گه‌ر چاكی بكاته‌وه‌ به‌ قه‌د كێشی خۆی ئاڵتونی پێنه‌دا، ئه‌وه‌بوو چاره‌سه‌ری كرد، به‌ڵام زانای زاهید و خۆنه‌ویست، داوای له‌میر كرد، له‌جیاتی پاداشتكردنه‌كه‌ی، نه‌خۆشخانه‌یه‌ك له‌ناوچه‌كه‌دا بكاته‌وه‌، میریش خواسته‌كه‌ی به‌جێ هێنا "[٣].

**١٤- نه‌خۆشخانه‌ی بابو لمه‌حول.**

له‌ساڵی (٤٤٩)ك له‌سه‌ر ده‌رگای (مه‌حول) بنیاتنرا، به‌ڵام هیچ شوێنه‌وارێكی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه‌ له‌ ئێستادا نه‌ماوه‌، به‌ڵام له‌مێژوودا له‌نێو ڕوداوه‌كانی ئه‌و ساڵه‌دا

---

(١) تأريخ الإسلام، حوادث سنة ٤٠١-٤١٦هـ
(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٥٣.
(٣) ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٥٣.

تۆمارکراوە، نەخۆشخانەکە لە هۆڵێك بۆ چارەسەرکردن و کۆگایەکی پاراستنی دەرمان پێکهاتووە، کە لە بەردی ناوچەی (کەرخ) لەبەغدا دروستکراوە[١].

## ١٥- نەخۆشخانەی موسڵ.

(ئیبن کەسیر) دەڵێ: "لەساڵی (٥٧٢ك) ئەمیر (موجاهیدەدین قایماز) لە قەڵای موسڵ لەسەر ڕوباری (دیجلە)، هەستا بە دروستکردنی مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەیەك بەناوی موجاهیدی[٢]".

(ئیبن بەتوتە)ی گەڕیدەش، کە ساڵی (٧٢٨ك) بەو شوێنەدا تێپەڕیوە لەم بارەوە دەڵێ: "لەشاری موسڵ، نەخۆشخانەیەکی یەکجار جوان دروستکراوە، لەبەرامبەریشیەوە، مزگەوتێکی گەورە هەیە[٣]".

## ١٦- نەخۆشخانەی حەڕان.

(ئیبن جوبەیر)ی گەڕیدەی مەغریبی، لەکاتی گەشتەکەی بەرەو ڕۆژهەڵات، لەساڵی (٥٨٠ك) دەڵێ: "لەشاری (حەران) قوتابخانەیەك و نەخۆشخانەیەك هەبوو[٤]". لە ئێستادا بەشێکە لە (حەڵەب).

## ١٧- نەخۆشخانەی ڕەققە.

زانیاریەکی وای لەسەر نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەباسی حەکیم بەدرەدین ئیبن قازیدا دەڵێ لە نەخۆشخانەیەك لە (ڕەققە) خزمەتی دەکرد[٥].

## ١٨- نەخۆشخانەی نوسەیبین.

(ئیبن بەتوتە) لەساڵی (٧٢٠ك) لە یاداشتەکانی خۆیدا نوسیویەتی: "شارێکی یەکجار دڵگیر و دڵڕفێن بوو، جۆگەلە و باخ و بێستانی زۆر جوانی تێدابوو، زۆر

---

(١) عقد الجمان في تأريخ أهل الزمان.

(٢) البداية والنهاية، حوادث السنة ٥٧٢ه

(٣) الرحلة، ص٢٣٥.

(٤) الرحلة، ص٢٤٧.

(٥) عيون، ص٢٦٥.

جوان ڕێكخرابوو، چیاكان زۆر له‌یه‌كه‌وه نزیكبون، ڕوبارێكیش به‌ناوه‌ڕاستیاندا تێده‌پەڕی، مزگه‌وتێكی گه‌وره و دڵگیر و قوتابخانه و نه‌خۆشخانه‌یه‌كی گه‌لێك جوانی تێدابوو، خه‌ڵكه‌كه‌شی یه‌كجار پاكوخاوێن و دیندار بون[1]".

## نه‌خۆشخانه‌كانی وڵاتی شام:

### ١- نه‌خۆشخانه‌ی وه‌لیدی كوڕی عه‌بدولمه‌لیك.

(شێخ ئه‌بولعه‌بباس ئه‌حمه‌د قلقشندی) ده‌ڵێ: "یه‌كه‌م نه‌خۆشخانه له‌شام، له‌لایه‌ن خه‌لیفه‌ی شه‌شه‌می به‌نی ئومه‌ییه: (وه‌لیدی كوڕی عه‌بدولمه‌لیك)ه‌وه بوو".

(ڕه‌شیده‌دین ئیبن وتوات) ده‌ڵێ: "یه‌كێ له كاره باشه‌كانی (وه‌لید): كردنه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌یه‌ك بوو بۆ كوێر و گه‌ڕوگول و هه‌ژاره‌كان".

(موقریزیش) ده‌ڵێ: "یه‌كه‌م نه‌خۆشخانه له ئیسلامدا، وه‌لیدی كوڕی عه‌بدولمه‌لیك بنیاتینا، بۆ ئه‌مه‌ش موچه‌ی ده‌دایه پزیشكه‌كان و شێته‌كانی به‌ركه‌نار كرد له‌خه‌ڵكی و پلره‌ی دایه كوێره‌كان، دواجاریش نه‌خۆشخانه‌یه‌كی بۆ كردنه‌وه[2]".

### ٢- نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌نتاكیه.

له‌لایه‌ن (ئیبن به‌تڵان)ه‌وه دروستكراوه، ئه‌م كه‌سایه‌تیه خه‌ڵكی به‌غدایه، دواتر چووه میسر، بۆ خوێندنی زانستی پزیشكیی، له‌لای (عه‌لی ڕیزوانی)، له جه‌مادی دووه‌می ساڵی (٤٤١ك/ ١٠٤٩ز) بوو، گه‌یشته (فوستات)، پاش سێ ساڵ مانه‌وه له‌ده‌وڵه‌تی موسته‌نسریلای فاتمی، كتێبێكی له‌سه‌ر ئه‌و مشتومڕ و گفتوگۆیانه‌ی نوسی، كه له‌نێوان خۆی و (ئیبن ڕیزوانی)دا ڕویانداوه، پاشان گه‌شتی كرد بۆ قوسته‌نتنییه و له‌هه‌مان ساڵدا (٤٥٥)ك چووه ئه‌نتاكیه، له‌وێ نه‌خۆشخانه‌یه‌كی دروستكرد و له‌وێ مایه‌وه، تا له‌ساڵی (٤٥٨)ك وه‌فاتی كرد[3].

---

(١) الرحلة، ص١٤٠.

(٢) صبح، ج١/ ص٤٣١.

(٣) القفطي: تأريخ الحكماء، ص٢٩٧. ابن ابي اصيبعة: عيون، ص٢٤٣.

**٣- نه‌خۆشخانه‌ی بچوكی دیمه‌شق.**

(ئیبن عیماد) ده‌ڵێ: "ده‌كه‌وێته لای ڕوگه‌ی مزگه‌وتی ئه‌مه‌ویه‌وه و، له‌لای به‌شی باشوری مناره‌ی خۆرئاوای مزگه‌وته‌كه‌وه‌یه، سه‌ره‌تا له‌شێوه‌ی ماڵێكدا بوو، كه له‌لایه‌ن: (ئه‌بو فه‌زڵی ئه‌خناوی)ه‌وه سه‌رپه‌رشتی ده‌كرا، دواتر براكه‌ی: (بورهان ئه‌خناویه) چاره‌سه‌ری خه‌ڵكی تێدا ده‌كرد[١]".

**٤- نه‌خۆشخانه‌ی گه‌وره‌ی نوری.**

له‌لایه‌ن مه‌لیكی دادپه‌روه‌ر، نوره‌دین مه‌حمودی زه‌نكیه‌وه، له‌دیمه‌شق ساڵی (٥٤٩ك/ ١١٥٤ز) دروست كراوه، ئه‌م مه‌لیكه هه‌ستا به ڕاكێشانی جۆگه‌ی ئاو به‌ناو نه‌خۆشخانه‌كه‌دا و كردنه‌وه‌ی كتێبخانه‌یه‌كی گه‌وره، پاشان دروستكردنی كۆمه‌ڵه‌یه‌كی پزیشكیی بۆ كۆكردنه‌وه‌ی پزیشكانی سه‌رجه‌م وڵاته‌كه‌ی.

(ئیبن ته‌عزی به‌ردی) ده‌ڵێ: "له شه‌عبانی ساڵی (٥٩٧ك) بومه‌له‌رزه‌یه‌ك، میسر تاوه‌كو دیمه‌شقی گرته‌وه و ئه‌مه‌ش بووه هۆی ڕمانی مناره‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی مزگه‌وتی دیمه‌شق و به‌شێكی نه‌خۆشخانه‌ی (نوری)، به‌ڵام دواتر چاككرایه‌وه و ڕێكخرایه‌وه[٢]".

**٥- نه‌خۆشخانه‌ی نوری یان عه‌تیق له حه‌ڵه‌ب.**

له‌لایه‌ن: (نوره‌دین مه‌حمود)ه‌وه بنیاتنرا، ده‌وترێ بۆ دروستكردنی پێشنیاری كرد بۆ پزیشكانی وڵاته‌كه‌ی ده‌یه‌وێ نه‌خۆشخانه‌یه‌ك له شاری حه‌ڵه‌ب بكاته‌وه، چ شوێنێك گونجاو و ته‌ندروسته؟ ئه‌وانیش هه‌ستان به‌سه‌ربڕینی مه‌ڕێك و پاشان كردیانه چوار پارچه‌وه و، هه‌ر پارچه‌یه‌كیان له‌گۆشه‌یه‌كی شاره‌كه دانا، به‌مه‌ش بۆیان ده‌ركه‌وت: باشترین شوێن، ناوچه‌یه‌كه به‌رامبه‌ر گوندی (مه‌عراتا)، كه هه‌ر چوار ده‌وری زه‌وی كشتوكاڵی و ئاش بوو، به‌مه‌ش نه‌خۆشخانه‌كه لێره‌دا دروستكرا، كه شوێنی پیاوان و ئافره‌تان جیاكرابۆوه و، هه‌موو پێداویستیه‌كی پزیشكیی تێدا ئاماده‌كرابوو[٣].

---

(١) شذرات الذهب، ج٣/ ص٤٠٧.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون. ص٢٥٦.

(٣) الذهبي: سيرالأعلام النبلاء، ج٢/ ص٧٧.

**٦- نەخۆشخانەی حەمما.**

(ئیبن جوبەیر) لەم بارەوە وتویەتی: (لە چێشتەنگاوی ڕۆژی شەممەی (١٩)ی ڕەبیعی یەكەمی ساڵی (٥٨٠ك) گەیشتمە (حەما)، لەوێ مزگەوتێكی گەورە و بچوكی لێ بوو، لەگەڵ سێ قوتابخانە و نەخۆشخانەیەك لەسەر ڕۆخی ڕوبارەكە، بەرامبەر نەخۆشخانە بچوكەكە[1])، زەهەبیش دەڵێ: (لەسەر دەرگای مزگەوتی گەورەی حەلەب، نەخۆشخانەیەك لەلایەن (ئیبن خەرخار)ەوە كراوەتەوە و لەئێستادا داخراوە، بەڵام پێشتر بۆ خۆم بینیومە[2]).

**٧- نەخۆشخانەی قودس.**

لەڕۆژی (١٤)ی ڕەمەزانی ساڵی (٥٨٣ك)، سەلاحەددین چووە قودسەوە، پاشان لەنزیك (قودس) قوتابخانەیەكی بنیاتنا و، (قازی بەهادین كوڕی شەداد)ی كرد بە بەڕێوەبەری و، لەتەنیشتیەوە گەرماوێك و نەخۆشخانەیەكی كردەوە، لەساڵی (٨٦٢ك/ ١٤٥٨ز) ڕوخێنرا، بەڵام لەساڵی (١٨٩٦ز) سوڵتان (عەبدولحەمیدی دووەم) بەشێكی بۆ دانیشتنی وەلی عەهدی ئەڵمانیا چاككرد[3].

**٨- نەخۆشخانەی عەككا.**

پاش فەتحی قودس، لەلایەن سەلاحەددینەوە، لەسەر ڕێگای (عەككا) لەلایەن (بەهادین قەراقوش)ەوە، نەخۆشخانەیەك بنیاتنرا[4].

**٩- نەخۆشخانەی صەفەد.**

(ئیبن حەجەر) دەڵێ: "لەناوچەی (صەفد) لەلایەن ئەمیری شام (سەیفەدین تەنكز) وەك جێگری سوڵتان موحەممەد قەلاوون نەخۆشخانەیەك دروستكرا[5]".

---

(١) الرحلة، ص٢٥٥.

(٢) سير الأعلام النبلاء. ج١٧/ ص٥٤.

(٣) تأريخ البيمارستانات، ج١/ ص١١٠.

(٤) ابن كثير: البداية والنهاية، حوادث السنة ٥٨٣هـ.

(٥) ابن شاكر: فوات الوفيات، ج١/ ص٩٢.

**١٠- نەخۆشخانەی صاڵحیه یان قەیمری.**

لەلایەن ئەمیر (سەیفەدین عەلی كوڕی یوسف كوڕی ئەبی فوارس) دروستكراوە كە یەكێكە لەمیرەكانی (قەیامرە)، نەخۆشخانەكە لەڕوی بیناوە، چەند جوان و قەشەنگ بنیاتنراوە، بەهەمان شێوە سەرجەم پێداویستیەكانی بۆ دابین كرابوو، بۆ خزمەتی هەموو چین و توێژێك بوو[١].

**١١- نەخۆشخانەی جەبەل.**

دەكەوێتە گوندی (سیرب)، یەكێكە لە گوندەكانی دەوروبەری دیمەشق بەدووری (نیو) فرسەخ، بەڵام ئەوەی تاوەكو ئێستاش لەسەر ئەم نەخۆشخانەیە نازانرێ كێ و كەی دروستكراوە، لەهەردوو كتێبی: (تأریخ)ی زەهەبی و (فوات الوفیات)ی ئیبن شاكردا هاتووە: كاتێ مەغۆل و تەتارەكان لە (١٨)ی جەمادی یەكەمی ساڵی (٦٦٩)ك هاتنە دیمەشق، ئاگریان بەردایە گوندی: (سیرب)، بەمەش نەخۆشخانەی (جەبەل)، كە ژمارەیەك قوتابخانە و شوێنی زۆر باش پێوە بوون و سوتان[٢].

**١٢- نەخۆشخانەی غەززە.**

لەپاش وەفاتی سوڵتان (موحەممەدی قەلاوون) و هاتنی (مەلیك صالح ئیسماعیل)، (عیلمەدین سنجەر) بووە ئەمیری (غەززە)، هەستا بەدروستكردنی مزگەوتێكی گەورە لەشارەكەدا، لەگەڵ گەرماو و قوتابخانەیەك بەناوی: (شافعیە)، پاشانیش كاروان سەرایەكی كردەوە بۆ ڕێبواران و، نەخۆشخانەیەك بۆ خەڵكی ناوچەكە، بەهەمان شێوە لەناوچەی (كەرك)یش، لەساڵی (٧١٧)ك نەخۆشخانەیەكی تری كردەوە[٣].

---

(١) ابن العماد: شذرات الذهب، ج٢/ ص٣١٤. ابن كثیر: البدایة، سنة ٦٥٦.

(٢) الذهبي: سیرالأعلام النبلاء، ج٢/ ص١٤٥. ابن شاكر: فوات الوفیات، ج١/ ص١١٣

(٣) تأریخ البیمارستانات، ج١/ ص١٥٦.

**١٣- نه‌خۆشخانه‌ی قه‌ڵای ئه‌كراد (كورده‌كان).**

له‌لایه‌ن یه‌كێ له‌میره‌كانی مه‌مالیكه‌وه له‌ساڵی (٧١٩ك/ ١٣١٩ز) دروستكرا و، پاره‌ی ته‌واوی بۆ ته‌رخانكرد، تاوه‌كو سود بگه‌یه‌نێ به‌سه‌رجه‌م خه‌ڵكی ناو قه‌ڵاكه[1].

**١٤- نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌رگۆن كاملی.**

به‌ناوی میر خۆیه‌وه ناونراوه، له‌ساڵی (٧٥٥)ك له‌شاری حه‌ڵه‌ب له‌لای ده‌رگای (قه‌نسرین) بنیاتنرا، به‌شێوه‌یه‌كی ئه‌ندازه‌یی جوان دروستكراوه و جۆگه‌له‌ی ئاوی بۆ ڕاكێشراوه و هه‌موو پێداویستیه‌كانی نه‌خۆشخانه‌ی بۆ دابینكراوه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی چه‌ندین جار دارماوه و نۆژه‌نكراوه‌ته‌وه، به‌ڵام تاوه‌كو ئێستاش له سوریا ماوه‌ته‌وه و به‌شێكی پاشماوه‌كانیشی له‌وڵاتی میسردایه[2].

**١٥- نه‌خۆشخانه‌ی ده‌قانی .**

له‌لایه‌ن میر(ده‌قان كوڕی ته‌ته‌شی سه‌لجوقی)یه‌وه بنیاتنراوه، (ئیبن كه‌سیر) له‌م باره‌یه‌وه ده‌ڵێ: " له‌شه‌وی هه‌ینی (٢١)ی سه‌فه‌ری ساڵی (٧٦٤ك) بناغه‌ی دروستكردنی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه له نزیك مزگه‌وتی گه‌وره‌ی دیمه‌شق دانرا[3]".

**١٦- نه‌خۆشخانه‌ی نابلس.**

(ئیبن حه‌جه‌ری عه‌سقه‌لانی) ده‌ڵێ :"(موحه‌ممه‌دی كوڕی فه‌یزوڵڵای قبتی"، دوای ئه‌وه‌ی موسڵمان بوو، (١٠) جار حه‌جی كرد و پاشان سه‌فه‌ری وڵاتی قودسی كرد، ڕۆژانه (١٠٠٠) درهه‌می ده‌به‌خشی، دواتر مزگه‌وتێك و نه‌خۆشخانه‌یه‌كی له (ڕه‌مله) و (نابلس) كرده‌وه[4].

---

(١) ن.م، ص١٥٧.

(٢) تحف الأنباء وتأريخ حلب الشهباء، ص١٤٠.

(٣) احمد عيسى: تأريخ، ج١: ص١٦٧.

(٤) ن.م، ص١٦٨.

## نەخۆشخانەكانی نیمچە دورگەی عەرەبی :

**١- نەخۆشخانەی مەككە.**

بەدرێژایی سەردەمە یەك لەدوای یەكەكان، شاری مەككە بنكەی پزیشكیی زۆری تێدا كراوەتەوە، بەڵام گەورەترینیان لەساڵی (٦٢٨ك) دابوو، لەلایەن شەریفی مەككە: (حەسەن كوڕی عەجلان)ەوە دروستكرا، لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی (موستەنسربیلا[١]) لەناوچەی باكوری مزگەوتی حەڕام.

**٢- نەخۆشخانەی مەدینە.**

لەساڵی (٦٦٣ك) (مەلیك زاهیر ڕوكنەدین بیبرس) (٥٣)كەسی ڕاسپارد بۆ چاككردن و جوانكردنی بینای حەرەمی شەریف، دواتریش هەستان بەدروستكردنی نەخۆشخانەیەك لەشارەكە و، ڕەوانەكردنی پزیشكیی پسپۆر لەوڵاتی میسرەوە بۆ ناو شارەكە، بە كەلوپەل و پێداویستی و دەرمانی پێویستەوە[٢].

## نەخۆشخانەكانی ئێران :

**١- نەخۆشخانەی ڕەی .**

(ئیبن جلجلی ئەندەلوسی) دەڵێ: "(ڕازی) موسڵمان، پێش ئەوەی بێت بۆ نەخۆشخانەی بەغداد، یەكێك لەپزیشكانی نەخۆشخانەی ڕەی بوو".[٣]

(سولەیمان كوڕی حەسان)یش دەڵێ: "ڕازی لەم نەخۆشخانەیەدا پێگەیشت و لەنەخۆشخانەی (عەزدی) لەبەغداد لێكۆڵینەوەكانی چڕكردەوە".

---

(١) احمد عیسی: تأریخ البیمارستانات. ج١/ ص١٧٠.

(٢) ن.م، ص١٧١.

(٣) طبقات، ج٢/ ص٢١٠.

٢- نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌سفه‌هان.

(ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) ده‌ڵێ: "ئیبن مه‌ندویه‌ی ئه‌سفه‌هانی یه‌كێك له پزیشكه دیاره‌كانی ئه‌م نه‌خۆشخانه‌یه بوو، خاوه‌نی (١٠٠٠) په‌یامی پزیشكیه، كه باسی له‌و نه‌خۆشیانه كردووه، كه له نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌سفه‌هان ڕووبه‌ڕوویان بۆته‌وه[١]".

٣- نه‌خۆشخانه‌ی شیراز.

(ئیبن ته‌عزی به‌ردی) ده‌ڵێ: "(مه‌حمود كوڕی مه‌سعود كوڕی مصلح) له پزیشكه دیاره‌كانی وڵاتی فارس بوو، له‌ساڵی (٦٢٤ك) له‌شیراز له‌دایك بوه پاشان به‌هۆی شاره‌زاییه‌وه له زانستی پزیشكیی، بۆته یه‌كێ له پزیشكانی نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌و شاره، دواتر چووه لای (نه‌سیره‌دین توسی) و له‌وێ مایه‌وه، تا ساڵی ٧١٥ك وه‌فاتی كرد[٢]".

٤- نه‌خۆشخانه‌ی نه‌یسابور .

(عه‌بدولمه‌لیك كوڕی ئه‌بی عوسمان موحه‌ممه‌دی نه‌یسابوری)، ناسراو به‌(كه‌روێشك)، پاش ئه‌وه‌ی سه‌فه‌ری وڵاتی مه‌ككه‌ی كرد و گه‌ڕایه‌وه وڵاته‌كه‌ی، ده‌ستی كرده دروستكردنی پرد و چاككردنی ڕێگه‌وبان و كردنه‌وه‌ی مزگه‌وت و قوتابخانه و نه‌خۆشخانه، له‌ساڵی (٤٠٧ك) وه‌فاتی كرد[٣].

له‌پاش ماوه‌یه‌ك (حه‌سه‌ن كوڕی عه‌لی كوڕی ئیسحاق) بووه وه‌زیری (نیزامولكی سه‌لجوقی) له (نه‌یسابور)، كه (ئیبن ملقنی ئه‌نده‌لوسی) ده‌ڵێ: "ئه‌م وه‌زیره نه‌خۆشخانه‌ی نه‌یسابوری دروستكرد و ڕۆژانه (١٠٠٠) دیناری بۆ خه‌رج ده‌كرد، تا له ڕه‌مه‌زانی (٤٨٥ك) وه‌فاتی كرد[٤]".

---

(١) عیون، ص٢٢.

(٢) المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي، ص٣٥٠.

(٣) الذهبي: تأريخ، من سنة ٤٠١-٤١٦.

(٤) طبقات الشافعية، ص١٣٢.

**٥- نەخۆشخانەی زەرنج.**

زەرنجی پایتەختی سەجستان، ئوستخری لەبارەیەوە دەڵێ: "(عەمری کوڕی لەیسی صەقال) هەستا بە کردنەوەی بازاڕ و مزگەوت و نەخۆشخانە، هەموو ڕۆژێکیش بڕی (١٠٠٠) درهەمی بۆ سەرف دەکرد[١]".

**٦- نەخۆشخانەی تەبرێز.**

(ڕەشیدەدین فەیزوڵڵا) وەزیری سوڵتان (ئولجایتو) لەشاری (تەبرێز)، نەخۆشخانەیەکی کردەوە لەسەرەتاکانی سەدەی (٨ك) و لەدەوروبەری (٧١٠ك)[٢].

**٧- نەخۆشخانەی مەرۆ.**

له موفرەداتی ئیبن بەیتاردا هاتووە: "(عیسای کوڕی ماسا) وتی: لەشاری (مەرۆ) نەخۆشخانەیەکمان کردەوە، من دەستێکی باشم هەبوو له بنیاتنان و پێشخستنیدا[٣]".

**٨- نەخۆشخانەی خەوارزم.**

له کۆتاییەکانی ساڵی (٧٣٣ك) (ئیبن بەتوتە) گەیشتە (خەوارزم)، لەبارەی ئەم شارەوە دەڵێ: "(خەوارزم) ویلایەتێکی بەرفراوانە لەباکوری (خوراسان)، خاوەنی نەخۆشخانەیەکی گەورەیە، کەلەلایەن جولەکەیەکی وڵاتی شامەوە بەڕێوە دەبرێ".

---

(١) المسالك والممالك، ص٢٤١.

(٢) احمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ج١/ ص٣٣٥.

(٣) الجامع للمفردات، ج٢/ ص١٥.

## نەخۆشخانەکانی وڵاتی ڕۆم (ئەنادۆڵ):

### ١- نەخۆشخانەی قیساریە[1].

لەساڵی (٦٠٢)ك لەلایەن (کوهی خاتونی کچی قلیج ئەرسەلان)ی سەلجوقیەوە دروستکرا، لەسەر وەسیەتی ئەم خاتونەش، لەلایەن براکەیەوە: (غیاسەدین کەیخوسرەو) قوتابخانەیەکی تایبەت بەم نەخۆشخانەیە دروستکرا.

### ٢- نەخۆشخانەی سیواس.

(کەیکاورس) کوڕی (کەیخوسرەوی سەلجوقی) لەساڵی (٦١٤ك/ ١٢١٧ز) فەرمانی دروستکردنی ئەم نەخۆشخانەیدا.

دکتۆر ئەحمەد سوهەیل لە کۆبونەوەی مێژووی پزیشکیی لە (بوخارست) دەڵێ: (ئەم نەخۆشخانەیە تاوەکو ئێستاش ماوە).

### ٣- نەخۆشخانەی قوتلوغ تورکان .

پاش (قوتبەدین) لەساڵی (٦٧٠)ك هاتە سەرتەختی دەسەڵاتی سەلجوقی و، دەستی کرد بەدروستکردنی: (قوتابخانە و مزگەوت و خانەقا و نەخۆشخانەی گەورە)[2].

### ٤- نەخۆشخانەی ئەماسیە.

لەلایەن خاتوو (ئیلدوز) خێزانی سوڵتان (ئولجایتو) لە (ئەماسیە) ساڵی (٧٠٨ك/ ١٣٠٨ز) دروستکرا و، تا ئێستاش ماوە.

### ٥- نەخۆشخانەی دیورکی.

لەلایەن (توران خاتون)ی خێزانی (ئەحمەد شای ڕانشمەندی)ەوە لەشاری دیورکی، ساڵی (٦١٤ك/ ١٢٢٨ز) دروستکرا، تا ئێستاش ماوە.

---

(١) یەکێکە لەشارە گەورەکانی وڵاتی ڕۆم و لەکۆندا پێی وتراوە: (Caesaria)، و پایتەختی سەلجوقیەکان بوو، لەلایەن (ئەلب ئەرسەلانەوە) کرایە بنکەی دەسەڵات لەساڵی (١٠٦٦ز).

(٢) أحمد عیسی: تاریخ البیمارستانات، ص١٨٠.

**٦- نەخۆشخانەی موحەممەد فاتیح.**

لەساڵی (١٤٧٠ز)دا سوڵتان (موحەممەدی فاتیح) لە قوستەنتنییەی پایتەختی پێشوی بێزەنتیەکان دروستی کرد، ئەمەش دوای ئەوەی، فەتحی شارەکەی کرد و ناوەکەی گۆڕی بۆ: (ئیسلامبۆل)[1].

**٧- نەخۆشخانەی سوڵتان سولەیمان.**

دەیەمین سوڵتانی ئالی عوسمان بوو، لەشاری (ئەستەمبۆل)، نەخۆشخانەیەکی بۆ چارەسەری نەخۆشان کردەوە و، بەشی تایبەتی کردەوە بۆ ئەوانەی نەخۆشی دەرونیان هەبوو، لەگەڵ دابین کردنی دەرمانخانەیەکی پێویست بۆ نەخۆشخانەکە[2].

**٨- نەخۆشخانەی ئەدرنە.**

لەلایەن یەکێ لەسوڵتانەکانی عوسمانییەوە دروستکراوە، بەڵام بەدروستی نازانرێ کێیە، هەندێك پێیان وایە: یەکێ لە سوڵتانەکانی پێش (سەلیم) بووە، هەندێکیش پێیان وایە: سوڵتان (بایەزیدی دووەم) بووە، ئەم نەخۆشخانەیە جگە لە چارەسەرکردنی نەخۆش، شوێنێکیش بووە بۆ وەرگێڕانی کتێبە پزیشکیەکان.

دکتۆر ئەحمەد سوهەیل لە کۆبونەوەی پزیشکاندا، لەسەر مێژووی پزیشکیی لە (بوخارست)، چەند نەخۆشخانەیەکی تری بەدەرخست، ئەوانیش:

- نەخۆشخانەی (قستامونی)، یان نەخۆشخانەی (عەلی فەریانە)، لەساڵی (١٢٧٢ز) دروستکراوە.
- نەخۆشخانەی (عەلادین کەیقوباد لەقونییە) ساڵی (١٢١٩ز).
- نەخۆشخانەی (بروسە) لەساڵی (١٣٣٩ز).
- نەخۆشخانەی (گولان) لە (ئەدرنە) ساڵی (١٤٣١ز).

---

(١) ن.م، ص١٨٢.

(٢) العقد المنظوم في ذكر أفاضل الروم، ج٢/ ص٢٩٤.

- نەخۆشخانەی (بایەزیدی دووەم) لە (ئەدرنە) ساڵی (١٤٨٥ز).
- نەخۆشخانەی (خاصكی سوڵتان) لە ئەستەمبۆڵ ساڵی (١٥٣٩ز).
- نەخۆشخانەی (باوكی سوڵتان) لە (مەغنیزیە) ساڵی (١٥٥٤ز).
- نەخۆشخانەی (سوڵتان ئەحمەد) لە ئەستەمبۆڵ ساڵی (١٦١٦ز).


گردنەوەی نەخۆشخانەیەك لەشاری بەغداد لەدەورانی عوسمانیدا

## نەخۆشخانەكانی مەغریب:

### ١- نەخۆشخانەی تونس.

مێژووی دروستكردنی بۆ سەدەی (١٣ز) دەگەڕێتەوە، لەلایەن ئەمیری بڕواداران (ئەبا فارس عەبدولعەزیز كوڕی سوڵتان ئەبی عەبباس)ەوە دروستكراوە، ئەمەش دوای ئەوەی باوكی، لەساڵی (٧٩٦)ك وەفاتی كرد[1].

---

(١) تأريخ الدولتين الموحدية والحفصية، ص٩٩-١٠٠.

**٢- نەخۆشخانەی مەڕاكیش.**

یاخود نەخۆشخانەی ئەمیری بڕواداران: (مەنصور ئەبی یوسف)، عەبدولواحیدی مەڕاكیشی دەڵێ: "(ئەبی یوسف یەعقوب) پاشای (موەحدین) لە مەغریب، هەستا بە دروستكردنی شاری مەغریب و، كردنەوەی: (باخچە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت) تێیدا، ئەمەش پاش ئەوەی ئاوی بۆ سەرجەم كۆڵانەكانی شارەكە ڕاكێشا، هەموو هەینییەكیش لەپاش نوێژكردن، سەردانی نەخۆشەكانی دەكردو لە حاڵوباریانی دەپرسی، لەپاش (١٦)ساڵ و (٨)مانگ لەفەرمانڕەوایەتی كردن، لەتەمەنی (٤٨)ساڵیدا وەفاتی كرد"[١].

**٣- نەخۆشخانەی سلا.**

(ئیبن عاشری ئەندەلوسی) لەنیوەی یەكەمی سەدەی (١٤ز) گەیشتە ناوچەی (سلا)، كە یەكێكە لە ناوچەكانی وڵاتی مەغریب، ئەمەش دوای ئەوەی هەریەكە لەناوچەكانی تری: (فاس و مەكناسە و شالە)ی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دەستی كرد بەدروستكردنی نەخۆشخانەی (سلا) لەسەر كەناری زەریای ئەتڵەسی[٢].

**٤- نەخۆشخانەی سەیدی فەرەج لەفاس.**

لەكتێبی: (سلوة الأنفس)دا هاتووە: (لەنزیك بازاڕی عەتاران و بازاڕی حەنا لە(فاس)، نەخۆشخانەیەكی تایبەت بە نەخۆشە عەقڵی و دەروونییەكان هەبوو، كەلەلایەن: (سەیدی فەرەج)ەوە سەرپەرشتی دەكرا.

دكتۆر دومازل Du Mazel دەڵێ: "ئەم نەخۆشخانەیە پێشتر لەلایەن سوڵتانەكانی: (بەنی مەرین)ەوە بەڕێوە دەچوو، پاشان ئەبی یوسفی موەحدین نۆژەنی كردەوە و پزیشكیی شارەزای بۆ تەرخانكرد".

لەساڵی (٩٠٠ك) لەلایەن بنەماڵەی ئەحمەرەوە پزیشكێكی لێهاتوی وەكو: (فەرەجی خەزرەجیان) كردە سەرپەرشتیاری ئەم نەخۆشخانەیە، كە بەهۆی

---

(١) المعجب في تلخيص أخبار المغرب،ص٢٢٠.
(٢) الإستقصا لأخبار الأقصى، ج٢/ ص١١٣.

دڵسۆزیەکەیەوە ناوی نەخۆشخانەکەی بەسەردابرا، دەوترێ بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان ڕۆژانە لەلایەن دەنگخۆشانی وڵاتەوە قورئانیان بۆ دەخوێندرا, هەروەها مۆسیقاش وەکو بەشێك لەچارەسەر بەکارهێنراوە[١].




**شێوەی ڕونکراوەی مزگەوت و نەخۆشخانەی گەورەی قەیرەوان لەتونس**



**وێنەی مزگەوت و نەخۆشخانەکە لە ئێستادا**

---

(١) أحمد عيسى: تأريخ البيمارستانات، ج١/ ص١٨٧.

# پزیشکێتی

# لەنێو ئافرەتانی موسڵماندا

# پزیشكه ئافره‌ته‌كانی ده‌ورانی پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم)

ڕێنیشانده‌رمان موحه‌ممه‌د (صلی الله علیه وسلم)، له‌ماوه‌ی ژیانی پڕ كرداریدا، ڕۆڵی ئافره‌تانی به‌رز نرخاندووه و، ئافره‌تانی ئه‌نساری به باشتر زانیوه، له‌لایه‌نی هه‌وڵدانیان بۆ فێربون و شاره‌زایی زیاتر، وه‌كو ده‌فه‌رموێ:

"نعم النساء نساء الأنصار، لم يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين"رواه البخاري.

واته: (چاكترین ئافره‌ت، ئافره‌تانی ئه‌نسارین، كه‌وا شه‌رمه‌كه‌یان نه‌بۆته هۆی ڕێگرتن له‌شاره‌زابونیان له ئایین).

هه‌روه‌ها له‌باره‌ی گرنگی زانسته‌وه پێغه‌مبه‌رمان (صلی الله علیه وسلم) ده‌فه‌رموێ:

"طلب العلم فريضة على كل مسلم"أخرجه ابن ماجة.



واته: (داواكردنی زانست و زانیاری واجبه له‌سه‌ر هه‌موو موسڵمانێك)، هه‌ربۆیه ده‌بینین له‌مێژووی ئیسلامدا، ئافره‌تان هاوشانی پیاوان ڕۆڵیان هه‌بووه له‌بڵاوكردنه‌وه‌ی ئایینی ئیسلام به شاره‌زاییان له‌ئایینه‌كه‌دا.

بۆ وێنه: زۆرێك له زانا پایه‌به‌رزه‌كان، هه‌ندێ له ماموستاكانیان ئافره‌ت بوون،

له‌وێنه‌ی: (ئیبن عه‌ساكر، ئیبن قه‌یم، شافیعی، ....)، ئافره‌تان ڕۆڵیان هه‌بووه له هه‌موو كایه‌كانی ژیاندا، له‌لایه‌نی په‌روه‌رده‌وه مندالَیان پێگه‌یاندووه، له‌لایه‌نی ئایینه‌وه به‌سه‌دان فه‌رموده گێڕه‌وه و فه‌رموده‌ناس هه‌بون، كه ئافره‌ت بون، له‌لایه‌نی ئه‌ده‌ب و هونه‌ره‌وه، چه‌ندین شاعیر و مۆسیقاژه‌ن وخۆشنوس هه‌بون، ئافره‌ت بوون، له‌لایه‌نی خه‌بات و جیهاد كردنه‌وه چه‌ندین ئافره‌ت گیان فیداییانه پارێزگاریان له‌دین كردووه و هاوشانی پیاوان چونه‌ته به‌ره‌كانی شه‌ره‌وه، ته‌نانه‌ت له‌یه‌كێ له‌شه‌ڕه‌كاندا سه‌ركردایه‌تی سوپاشیان گرتۆته ده‌ست.

هه‌روه‌ها له‌لایه‌نی داوه‌ریه‌وه چه‌ندین ئافره‌ت هه‌بون كاری داوه‌ریان ئه‌نجام داوه، له‌ڕوی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی كردنه‌وه له‌مێژووی ئیسلامدا، ده‌یان نمونه‌ی فه‌رمانڕه‌وایه‌تی ئافره‌تانمان هه‌یه، ئافره‌تان هه‌روه‌ها گرنگیان به زانسته‌كان داوه و چه‌ندین ئافره‌ت هه‌بون له‌بواری: (كیمیا و گه‌ردونناسی و بیركاری و ..) شاره‌زا و مامۆستا بونه و كه‌سایه‌تی داهێنه‌ریشیان له‌وبوارانه‌دا تێدا هه‌ڵكه‌وتوه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی ئێمه لێره‌دا ده‌مانه‌وێ باسی لێوه بكه‌ین، ڕۆڵی ئافره‌تانی موسڵمانه له‌پێشكه‌وتنه پزیشكیه‌كاندا.

له‌ده‌ورانی پێغه‌مبه‌ر (صلی الله علیه وسلم) و خه‌لیفه‌كانی ڕاشیدینا چه‌ند ئافره‌تێك هه‌بون، له‌پاڵ په‌یوه‌ست بوون به ئایینه‌كه‌یانه‌وه بۆ خزمه‌تكردنی زیاتر به‌موسڵمانان، له‌به‌ره‌كانی جه‌نگدا كاری پزیشكیان ئه‌نجام داوه، بونه‌ته برین پێچ، له‌وانه:

## ١- خاتو عائیشه (دایكی ئیماندارا‌ن):

پێشه‌وا زوهری ده‌ڵێ: "ئه‌گه‌ر زانست و زانیاری خاتوو عائیشه به زانست و زانیاری تێكڕای ئافره‌تان به‌راورد بكه‌ین، ده‌بینین، كه زانست و زانیاری عائیشه زیاتره)".

هه‌روه‌ها عورو‌ه‌ی كوڕی زوبێر ده‌ڵێ: (كه‌سم نه‌بینیوه له‌ئافره‌تان، له عائیشه شاره‌زاتر بێت له‌شه‌ریعه‌ت و زانستی پزیشكیی و شیعردا)، هه‌روه‌ها بۆ خۆیشی چه‌ندجارێك باسی له‌چۆنییه‌تی فێربونی زانستی پزیشكیی كردووه، وتویه‌تی: "له پزیشكانی عه‌ره‌ب و عه‌جه‌مه‌وه فێر بوم" یان فه‌رمویه‌تی: "به‌هۆی پرسیاركردنمه‌وه له نه‌خۆشییه‌كان و چۆنییه‌تی چاره‌سه‌ركرنیان، فێربوم". ئه‌مه‌ش به‌مانای ئه‌وه

نایه‌ت، كه‌وا مامۆستای تایبه‌تی هه‌بوبێت بۆ شاره‌زایی له‌ زانسته‌كه‌دا به‌ڵكو بۆ خۆی حه‌زی له‌ زانسته‌كه‌ بووه‌ و له‌و شتانه‌ی شاره‌زایی كه‌می بووه‌، پرسیار كردووه‌ و به‌ زیره‌كی خۆی زوو شته‌كان فێربووه‌[1].

## ٢- خاتو شیفا كچی عبدالله:

یه‌كێكه‌ له‌هاوه‌ڵه‌ به‌رێزه‌كانی پێغه‌مبه‌ر، كه‌ به‌ر له‌ كۆچ موسڵمانبووه‌، له‌ماوه‌ی ژیانیدا له‌ده‌ورانی پێغه‌مبه‌ر و خه‌لیفه‌كانی ڕاشیدین: (ئه‌بوبه‌كر و عومه‌ر)دا، یه‌كێك بووه‌ له‌ فه‌رموده‌گێڕه‌وه‌كان، خه‌لیفه‌ عومه‌ر زۆرجار بۆ كاره‌كانی پرس و ڕاوێژی پێكردووه‌ و ڕایه‌كانی په‌سه‌ند كردوه‌.

پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم)، له‌مه‌دینه‌ خانه‌یه‌كی تایبه‌تی بۆ كردەوه‌ له‌گه‌ڵ شوێنی حه‌وانه‌وه‌ بۆ خۆی و كوڕه‌كه‌ی سوله‌یمان، ئه‌م خاتونه‌ شوێنه‌كه‌ی كرده‌ فێرگه‌یه‌ك بۆ فێركردنی خوێنده‌واری و چاره‌سه‌ری پزیشكی، یه‌كێ له‌و خاتونانه‌شی، كه‌ له‌م فێرگه‌یه‌ فێری خوێنده‌واری بوو خاتو (حه‌فسه‌)ی دایكی ئیمانداران بوو كه‌ پاش شوكردنی به‌پێغه‌مبه‌ر دوباره‌ ڕۆیشته‌وه‌ و فێری خۆشنوسی بوو، هه‌روه‌ها ده‌وترێ: ئه‌م خاتونه‌ له‌بنه‌ڕه‌تدا ناوی (له‌یلا) بووه‌ و له‌لایه‌ن پێغه‌مبه‌ره‌وه‌ نازناوی (شیفا)ی لێنراوه‌، به‌ڵام ئیتر ئه‌م نازناوه‌ بۆته‌ ناوی ڕه‌سمی[2].

## ٣- خاتو كه‌عیبه‌ كچی سه‌عد ئه‌سله‌میه‌ی خه‌زره‌جی ئه‌نساری:

زیاتر به‌ (ڕوفیده‌ی ئه‌سله‌میه‌) ناسراوه‌، توانیویه‌تی له‌ كاری پزیشكیی و ده‌رمانسازییدا، چه‌ندین ده‌رمان دروست بكات و چاره‌سه‌ری پێبكات، هه‌روه‌ها وه‌كو فیدائیه‌ك له‌ شه‌ڕه‌كاندا به‌شداری كردووه‌ و، فریاگوزاری سه‌ره‌تایی بۆ برینداره‌كان كردووه‌ و هانی داونه‌ته‌وه‌ بۆ جیهاد كردن.

ئه‌م خاتونه‌ له‌ مزگه‌وتی پێغه‌مبه‌ر چادرگه‌یه‌كی تایبه‌تی بۆ دابینكرابوو، له‌وێ تیماری بریندا‌ران و نه‌خۆشانی ده‌رمان ده‌كرد، ئه‌وه‌ی جێگای كاری دیاری

---

(١) عبدالحميد محمود طهماز: السيدة عائشة، ص٢٠١-٢٠٢.

(٢) على بن نايف الشحود: مشاهير النساء المسلمات، ص٢٠٨-٢١٠.

ئەم ئافرەتە بەڕێزەیە ئەنجامدانی نەشتەرگەریە، ئەوەش كاتێ بوو، كە سەعدی كوڕی موعاز لە جەنگی خەندەق ڕمێكی بەركەوت و بریندار بوو، ڕمەكە چەقیبووە سنگی ئەم هاوەڵە، پێغەمبەریش فەرمووی: بیبەنە چادرگەكەی (ڕوفیدە)، ئەویش توانی زۆر بەوردی و شارەزایانە ڕمەكە دەربهێنێتەوە و، بەدەرمانی تایبەت خوێن بەربونەكەی ڕابگرێت، ئەم خاتونە بەڕێزە، لەبەرامبەر كارەكەیدا پارەی وەردەگرت و، زۆرجار لەپێناو خوادا دەیبەخشیە كەسانی كەم دەست و هەژار[1].



ڕوفیدەی ئەسلەمیە لەزنجیرەی درامای عومەردا
سەرگەرمی تیمارکردنی بریندارەکانە لە خێمەکەی خۆیدا

## ٤- ئەسمای كچی ئەبوبەكر:

خوشكی عائیشەی دایكی ئیمانداران و خاوەنی دووپشتێنەكە، یەكێكە لەو خاتونانەی، كە لەسەر فەرمایشتەكانی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) چارەسەری خەڵكی كردووە، هەركات ئافرەتی تاداریان دەهێنا بۆ لای، ئاوی دەپرژاند بەیەخەی كراسەكەیدا و دەیوت: پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرموویەتی: "بەئاو ساردی بكەنەوە"[2].

---

(١) أحمد شوكت: تاريخ الطب وآدابه وأعلامه، ص٤٢. مجلة الابتسامة، رفيدة الأسلامية أول ممرضة في الاسلام. موقع جمعية الإتحاد الإسلامي، مقال: الطبيبة الصحابية.

(٢) صحيح مسلم/ ٥٨٨٧، سنن ابن ماجة/ ٣٦٠٣

### ٥- فاتیمەی کچی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم):

لەرۆژی (ئوحود) پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ڕوخساری خوێنی لێ دەچۆڕا، خاتوو فاتیمەی کچی، خەریك بوو خوێنەکەی دەوەستاندەوە، بەڵام تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆیە هەستا پارچە حەسیرێکی سوتاند، تا بووە خۆڵەمێش، پاشان خستیە سەری، بەوەش خوێنەکەی وەستایەوە[١].

### ٦- ئوم عەتیەی ئەنساری:

ناوی (نوسەیبەی کچی کەعبی مازنییە)، بەیعەتی بە پێغەمبەرداو موسڵمانبوو، (حەفسەی کچی سیرین) لە ئوم عەتیەوە دەگێڕێتەوە: "لەگەڵ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەحەوت غەزادا بەشداریم کردووە، کە هەڵدەستام بە خواردن ئامادەکردن و، برینەکانیانم دەرمان دەکرد[٢]".

### ٧- ئوم ئەیمەن:

ناوی (بەرەکەی کچی سەعلەبەی کوڕی عەمر)ە، پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەیفەرموو: دایکمە لەدوای دایکم[٣]، لەکاتی شەڕەکاندا ئاوی دەهێنا بۆ سەربازەکان و بریندارەکانی دەرمان دەکرد[٤].

### ٨- ئوم سەلیم:

ناوی (ئوم سەلیمی کچی مەلحان کوڕی خالیدی ئەنسارییە)، لەسەرەتای بانگەوازی ئیسلامیدا، لەشاری مەدینە بووە موسڵمان، بەمەش مێردەکەی لێی جیابۆوە و شوی بە (ئەبا تەڵحە) کرد، (ئوم سەلیم) لەگەڵ پێغەمبەر (صلی

---

(١) صحيح البخاري/ ٢٩١١

(٢) الكتاني: التراتيب الإدارية، ج٢/ ص١١٤.

(٣) إبن حجر العسقلاني: الإصابة، ج٨/ص١٦٩.

(٤) الواقدي: فتوح الشام، ج١/ ص٢٢١.

الله علیه وسلم) بەشداری غەزای دەكرد، لەگەڵ ژنانی ئەنساری ئاویان دەگێڕاو برینەكانیان دەرمان دەكرد). (ئەنەسی كوڕی مالیك) دەڵێ :"لەڕۆژی (ئوحود) دا بەچاوی خۆم بینیم وا عائیشەی كچی ئەبوبەكر و ئوم سەلیم خۆیان بەجۆرێ هەڵكردوە، كە خەڵخاڵی پێیانم دەبینی، كوندە ئاو لەسەر پشتیان بوو دەیانگواستەوە، پاشان كوندەكەیان لەدەمی جەنگاوەراندا خاڵی دەكردەوە، پاشان دەگەڕانەوە پڕیان دەكردەوە، دیسان دەهاتنەوە لەدەمی جەنگاوەراندا خاڵیان دەكردەوە"[١].

## ٩- ئومیەی كچی قەیسی كوڕی سەڵتی غەفاری:

لەدوای كۆچ موسڵمان بوو، لەڕۆژی (خەیبەر)دا لەگەڵ ژنانی (بەنی غەفار) هاتە لای پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) و پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا دەمانەوێ لەگەڵ تۆدا دەرچین بۆ (خەیبەر)، تاوەكو دەرمانی بریندارە موسڵمانەكان بكەین، پێغەمبەری خواش فەرموی: لەسەر بەرەكەتی خوا، پاشان لەگەڵیدا ڕۆیشتن.

ئەم خاتونە، شارەزایەكی باشی لە پزیشكیی و ئامادەكردنی دەرماندا هەبوو، شارەزآ بوو لە پێدانی دەرمانی هەر دەردێك، لەكاتی شەڕەكانیشدا لەگەڵ موسڵمانان دەردەچوو تاوەكو برینەكانیان تیمار بكات، ئەم خاتونە، بەجۆرێك لەخەمی خەڵكیدا بوو، شەو و ڕۆژ لەخزمەتی ئەو نەخۆشانەدا بوو، كە ڕویان تێدەكرد، لەبەرامبەریشدا هیچ پارەیەكی وەرنەدەگرت، تەنها لەپێناوی خوادا ئەو كارەی دەكرد[٢].

## ١٠- ڕەبیعەی كچی موعیزی كوڕی عەفرائی ئەنساری:

ئەم هاوەڵە بەڕێزە، وەكو خۆی دەڵێ: لەگەڵ پێغەمبەردا (صلى الله علیه وسلم) بەشداری غەزاكانمان دەكرد، ئاومان دەهێنا بۆ جەنگاوەرەكان و كوژراو و بریندارەكانمان دەگواستەوە بۆ مەدینە[٣].

---

(١) صحيح البخاري/ ٢٨٨٠. صحيح مسلم/ ٤٧٨٦

(٢) بن سعد: الطبقات الكبري. ج٨/ ص٢٩٣.

(٣) مسند إسحاق بن راهوية. ج٥/ ص١٣٩.

## ١١- موعازه‌ی غه‌فاری :

له گه‌شته‌كاندا له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر ده‌رده‌چوو، نه‌خۆشه‌كانی ده‌بینی و ده‌رمانی ده‌كردن[1]..

## ١٢- ئوم سینانی ئه‌سله‌میه:

له غه‌زوه‌ی (خه‌یبه‌ر) به پێغه‌مبه‌ری وت: "ئه‌ی نێردراوی خوا! ده‌مه‌وێ له‌گه‌ڵتدا بێم، تا ئاو بێنم بۆتان و برینداره‌كانتان ده‌رمان بكه‌م[2]".

له‌كۆتایدا ده‌گه‌ینه ئه‌وه‌ی ئافره‌تانی ده‌وری پێغه‌مبه‌رصلی الله علیه وسلم له‌پاڵ په‌روه‌رده كردنی نه‌وه‌یه‌كی گه‌شدا، فه‌رموده‌گێره‌وه‌یه‌كی ڕاستگۆ بون، له‌پاڵ جه‌نگ و جیهاددا، تیماركه‌ر و فریاگوزاری جه‌نگاوه‌ران بون.



(١) ابن الأثير: أسد الغابة في معرفة الصحابة. ج٧/ ص٢٨٩.

(٢) ابن حجر العسقلاني: الإصابة. ج٨/ ص٢٣١.

# تیشکێك له‌سه‌ر پێگه‌ی ئافره‌ت له شارستانییه‌تی ئیسلامیدا

پاش ئه‌وه‌ی جیهانی ئیسلامی کرانه‌وه‌یه‌کی زۆری به‌خۆوه بینی و، بووه هۆی ده‌رکه‌وتنی زانسته جۆربه‌جۆره‌کانی تر و، بڵاوبونه‌وه‌ی له‌ڕێگای وه‌رگێرانه‌کانه‌وه، ئافره‌تانیش جگه له‌بواری زانسته دینییه‌کان، له‌بواری زانسته‌کانی تریشدا به‌ده‌رکه‌وتن، وه‌کو بواری: (پزیشکیی و برینپێچی و دادوه‌ری و مامۆستایی و...).

بۆیه بۆ به‌رچاو ڕونیتان له‌سه‌ر پێگه و به‌رفراوانی ڕۆڵی ئافره‌تان له‌بواره جیاجیاکاندا، پێم خۆش بوو سه‌رنجێکی کورت بده‌م له‌سه‌ر ڕۆڵی ئافره‌تان له‌ده‌ورانی عه‌باسیدا، به‌نمونه: به‌ته‌نها له‌شاری به‌غدا، سه‌دان نمونه‌ی ئافره‌تانی پله به‌رز و ڕۆشنبیر هه‌بون، که مێژوو ناویانی تۆمار کردووه، له‌وانه:

## - زوبێده خاتون (باوکی خه‌لیفه و مێردی خه‌لیفه و کوڕی خه‌لیفه):

(زوبێده) یه‌کێکه له باشترین ژنه به‌ڕێز و گه‌وره‌کان، خاوه‌نی ئه‌قڵێکی فراوان و کراوه و که‌سێکی ڕۆشنبیر و دوربین و، خێزانێکی به ئه‌مه‌ك و شاره‌زابوو، زوبێده کچی (ئه‌بوجه‌عفه‌ری مه‌نصوره) و له‌گه‌ڵ هاوسه‌ره‌که‌یدا (هارون ڕه‌شید)دا ئامۆزان، له‌ده‌وره‌ی مه‌هدیدا بووه خێزانی و خودا منداڵێکی پێدان، ناویاننا: (محمد)، که پاشتر نازناوی (ئه‌مین)ی وه‌رگرت، ئه‌م کوڕه‌یان

لەگەڵ فێرکردنەکانی دایکی شارەزای قسەکردن و ڕەوانبێژی عەرەبی بوو، کە پاشتر بووە خاوەنی زمانێکی ڕەوانی عەرەبی.


ئەم خاتونە، خاوەنی ڕوحیەتێکی زۆر باش و پاك بوو، هەمیشە ماڵەکەی کراوەبوو بۆ کەسانی داماو و لاواز و پەککەوتوو، کە هاوکاری و یارمەتی پێشکەش دەکردن و دەستی یارمەتی خۆی بۆ ڕادەکێشان، بۆیە لەنێو خەڵکیدا بە (السيدة العظيمة) ناودەبرا.

(ئیبن جوبەیری) گەڕیدە لە ڕێگای مەککەدا دەیگوت: "هەموو شوێنەکان لە بەغدادەوە، تاوەکو مەککە جێ دەستی (زوبێدە خاتون)ی پێوەیە و ڕێگاکە شوێنەواری میهرەبانی ئەوی پێوە دیارە".

ئەم خاتونە، زۆر بەخشندە بوو، گەورەیی دیارە لە شارستانییەت و بوژانەوەی وڵات و سۆزی لەبەرامبەر ئەدیب و پزیشکان و شاعیراندا، بڕی (٥٠٠٠) دیناریدا بە پزیشکیی بەناوبانگی خانەی خیلافەت: (جبرائیلی کوڕی بختیشوع) بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو نەخۆشە هەژارانە بکات، کە توانای پێدانی پارەی دکتۆریان نییە، هەروا دەستگیرۆیی حاجیانی دەکرد ئەویش، بەدابین کردنی ئاو بۆیان و یارمەتی هەژارانی دەدا بە دابین کردنی پێویستیەکانیان، هەستا بەدروستکردنی ڕووبارێکی ڕۆیشتو لە (بيت الحرام)ەوە بۆ خەڵکی مەککە، کاتێ باران نەبوایە، بۆ ئەم کارەش پێویستی بەبەردی گەورە و کرێکاری زۆر و ئەندازیاری شارەزا و بەتوانا هەبوو، لەگەڵ دابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجێکردنی پرۆژەکە و، پێدانی پارەش تاوەکو کارەکەیان بە جوانی جێبەجێ بکەن.

ڕاکێشانی ئاوەکەش بەم شێوازە بوو: "لە کارێزەکانی (حونەین) لەشاخی تاو بۆ باکوری عەرەفە بەدرێژایی (٣٥)کم لە مەککە، ئەوی دیکەشیان لە دۆڵی نەعمانەوە لە خواروی شاخی (کیسرا) بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایی عەرەفات بە درێژایی (١٠)کم.

درێژایی ئەم ڕاڕەوەش بەبەرد ڕوپۆشکرابوو، ئاوەکەش دەبووە دوو بەش، یەکێکیان: بۆ عەرەفات و ئەوی دیکەشیان بۆ مزگەوتی نەمرە".




پاشماوەی کارە خەیریەکانی خاتوو زوبێدە لەڕێگای حەجدا

هه‌روه‌ها چه‌ندین خانوی له‌ڕێگای مه‌ككه‌دا بۆ ئه‌و هه‌ژارانه دروستكرد، كه توانای كڕین و دروستكردنی ماڵیان نه‌بوو.

زوبێده له‌ماوه‌ی ژیانیدا چه‌ندین مزگه‌وتی بنیاتناوه، له‌وانه: مزگه‌وتێكی له ده‌وروبه‌ری به‌غداد دروستكرد، له‌لایه‌ن ئیمامی (دارالخلافة)وه ناونرا: (مزگه‌وتی زوبێده) هه‌روه‌ها چه‌ندین مزگه‌وتیشی له‌نێوان (ده‌رگای خوراسان و دارالرقیق) دروستكرد، له كۆشكیشدا ئه‌و جاریانه‌ی لای بوون فێری قورئان له‌به‌ركردنی كردبون و ڕۆژانه قورئانی پێده‌خوێندن، ده‌وترێ: (١٠٠) جاریه‌ی له‌به‌ر ده‌ستدا بووه هه‌مویانی فێری قورئان خوێندن و نوسین كردووه و، له‌سه‌ر زانست و زانیاری هانی داون [1].

- خه‌یزه‌ران (دایكی دوو خه‌لیفه):

ئه‌م ئافره‌ته وه‌ك له زۆرێك له‌گێڕاندنه‌وه‌كاندا هاتووه فه‌رموده‌ی زۆری له‌به‌ربووه، وه‌ك (ئیبن جه‌وزی) و (به‌غدادی) باسی لێوه ده‌كه‌ن و، به‌یه‌كێ له‌شاره‌زای بواری فه‌رموده ناوی ده‌به‌ن، جگه له‌مه، ئه‌م ئافره‌ته به‌ڕێزه، ڕۆژانی هه‌ینی ته‌رخانكردبوو، بۆ به‌ده‌مه‌وه چونی سكاڵای خه‌ڵكه‌كه‌ی كه‌له‌به‌رده‌می مزگه‌وتی گه‌وره‌ی (به‌غداد) چاوه‌ڕوانی خه‌ڵكی ده‌كرد، تاوه‌كو سكاڵاكانیان وه‌ربگرێت.

- شه‌غه‌ب (دایكی خه‌لیفه موقته‌دیر):

یه‌كه‌م ئافره‌ت بوو له‌به‌غداد، هه‌ستا به‌دروستكردنی نه‌خۆشخانه‌یه‌ك، كه ناوی نا: (نه‌خۆشخانه‌ی سه‌یده).

- فاتیمه‌ی كچی عه‌لی عه‌تتاری (خۆشنوس):

هه‌ریه‌كه له: (ئیبن جه‌وزی) و (یاقوتی حه‌مه‌وی) باسیان لێوه‌كردووه و، به‌یه‌كێ له‌خه‌ت خۆشه‌كانی شاری به‌غداد ناویان بردووه، كه له ساڵی (٤٨٠ك) وه‌فاتی كردووه و، له‌به‌غداد له (باب ابرز) نێژراوه.

---

(١) سميرة تحسين الفيلي: نساء في حياة الخليفه هارون الرشيد، ص١٥٠-١٧٥

- ست نەسیم (خۆشنوسی ناسرەدینللا):

(ئیبن عبری) دەڵێ: "خەلیفە ناصر زۆر دڵتەنگ دەبوو بەو هەڵانەی لەکاتی نوسیندا، بەهۆی کزبونی چاومەوە دەمکردن، ئەوەبوو ئافرەتێکی بەغدادیان هێنا، کە خەتی زۆر لەخەتی منەوە نزیکبوو، کارەکانیان بە ئەو سپارد، ئەویش: (ست نەسیم) بوو".

- ئافرەتانی فەرمودەناس:

- ئوم عومەری سەقەفی/ لەخانەی (دارالمعاذ) لەبەغداد بوو.

- زەینەبی کچی سولەیمان هاشمی، نەوەی عبداللەی کوڕی عەباسی باشترین فەرمودەناس.

- زەینەبی کچی سولەیمانی کوڕی ئەبی جەعفەر، چەندین فەرمودەی لەبەربووە، کە لە باوکیەوە بیستویەتی.

- خەدیجە دایکی موحەممەد، چەندان فەرمودەی لەدەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و کوڕەکەی عبداللەوە گێڕاوەتەوە.

- ئەلحەواریە کچی ئەحمەدی کوڕی عیسای خزار.

- عەبدەی کچی عەبدولڕەحمانی ئەنصاری، لەماڵەکەی خۆیدا دەرسی فەرمودەی دەوتەوە.

- سەمانەی کچی حەمدانی ئەنباری، فەرمودەی گێڕاوەتەوە و فەرمودەناسیش بووە.

- منییەی ئەلفاتیە، فەرمودەگێڕەوە بووە.

لەگەڵ چەندانی تری وەك: (مەیمونەی کچی ساقولە، خەدیجەی کچی ئەبی بەکری کوڕی ئەبی سەلج و ...).

- كۆڕگێڕان:

لەو ئافرەتانەی كە بەشداری كۆڕ و دانیشتنە جەماوەریەكانیان دەكرد و ناسراوبون:

- خەدیجەی كچی موحەممەدی شاهجانی بوو، كە بۆخۆی ئامۆژگاریكەر و بانگخواز بوو، هەروەها فەرمودەشی دەنوسیەوە.

- سەمەل، یەكێكی ترە لەو ئافرەتانەی شاری بەغدا، كە هەمیشە بەشداری دانیشتنەكانی دادوەرەكان و فەقیهەكان دەبوو.

- دایكی عیسای كچی ئیبراهیم كوڕی ئیسحاقی حەربی، بەیەكێ لەو ئافرەتانە دادەنرێ، كە لەدەورانی عەباسیدا، ئەمری بەچاكە و نەهی لەخراپە كردووە و، شارەزایەكی باشی بواری فیقهی ئیسلامی بووە.

- دایكی واحدی كچی قازی، هەموو فیقهی ئیمامی شافیعی لەبەربووە و، یەكێ بووە لەبانگخوازان.

- دایكی زەینەب، كە ناوی: (فاتیمە) بووە، شەیخ و فەقیە و زانا و فەرمودەناس و موفتی بەغداد بووە، وەكو (ئیبن ڕەجەب) باسی دەكات: "هەمیشە ئەمری بەچاكە دەكرد و نەهی لەخراپە كردووە".

- مامۆستایان:

لەبەناوبانگترین مامۆستا ئافرەتەكانی دەورانی عەباسی شاری بەغداد :

- م.خاصە كچی شێخ فازڵ ئەبی معەمەری موبارەك، یەكێ بووە لە بانگخوازە سۆفیەكان.

- م. شەهیدەی كچی ئەحمەدی ئەبری، قوتابخانەی هەبوو بۆ زانستە جۆراوجۆرەكان، هەروەها دەورەی خەتخۆشی هەبووە و دەوترێ نوسەریش بووە.

- م. نورەلعەین كچی ئەبی بكری كوڕی ئەحمەد، مردووە لەمانگی ڕەجەبی ساڵی (٥٨٧ك).

- م.ست ناس زەینەب به (موبارەك) ناوبراوه بەهۆی زوهدیەوه، له ساڵی (٥٨٨ك) مردووه.

- م. ست دار كچی شێخ ئەبی موحەممەد عەبدولڕەحمان ئەشقەر، له ساڵی (٥٨٨ك) مردووه.

- م. شەمس نهاری كچی ئەبی بەرەكات[1].


لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەتوانین بڵێین، بەڵام ئەو ئافرەتانەی لەبواری زانستەكانی تردا بەدەركەوتن، زیاتر ئافرەتانی كەنیزەك و جەواری بوون، چونكه ئافرەتانی دی بەهۆی كلتوری كۆمەڵگا و پەیوەستبونیان بەماڵ و خێزانەوه



---

(١) آمل محي الدين الكردي: دور النساء في الخلافة العباسية

کەمتر ڕێگای زانستیان دەگرتەبەر، یان خۆیان بۆ بواری دینی تەرخان دەکرد، زیاتر ئەو ئافرەتانە بونە پێشەنگ لەزانستەکاندا، یان کەنیزەك بوون یان کچی خەلیفە و دەسەڵاتدارەکان بوون بەهۆی کەمی پەیوەستبونیانەوە بەماڵ و منداڵ و بونی غولام و کەنیزەك لەماڵیاندا، دەرفەتی بەدەست هێنانی زانستیان زیاتر بوو، چونکە کەنیزەکەکان بەهۆی زانستەکەیانەوە، دەیانتوانی ببنە خاتونێکی باش و مێرد بەپیاوێکی دەوڵەمەند بکەن و ئازادی بەدەست بێنن، یان لەکۆشکدا وەکو نوسەر، یان مامۆستا وەردەگیران و وانەیان بەنەخوێنەوارەکانی کۆشك دەوتەوە، زۆرجاریش لەلایەن خاوەن پلە و کەسایەتیەکانی دەوڵەتەوە دەخواستران، بەهۆی بەرزی و زیرەکیانەوە جێگای سەرنجی خەڵکی بون[1].



---

(١) د.مفتاح يونس الرباصي: المؤسسات التعليمية في العصر العباسي الأول، ص١٨٣-١٨٧.

# پزیشکە ئافرەتەکانی ئەم شارستانییەتە

**لە بەناوبانگترین ئەو خانمانەش، کە لە زانستی پزیشکیدا جێ دەستیان دیار بوو ئەمانە بون:**

## - زومرود خاتون (دامەزرێنەری یەکەم نەخۆشخانەی سەربازیە[1])

(زومرڕود خاتون) کچی (نەجمەدین ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەڕوان)ە، خوشکی سەلاحەددینی ئەیوبیە و، باوکی نازناوی باشترین مەلیکی پێدراوە، بەهۆی دڵسۆزیە بێوێنەکانییەوە، بۆ خۆشی دایکی هەژاران و ستەمدیدەکانە و



(١) بڕوانە: ستيفاني مارستون: دروس من الحياة للمرأة، بهاء الدين ابن شداد: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفي.

پارێزگاری زانست و خەمخۆری زانست دۆستان بووە، دایکی (ست مەلیك خاتون) زۆر بەباشی پەروەردەی کردووە و هاوشێوەی براکەی سەلاحەددین، نێردراوەتە بەر خوێندن، ئەم خاتونە، بەهۆی نەرم و نیانی و زیرەکیە لێهاتویەکەیەوە جێگای خۆشەویستی زانایان و هەژاران بووە.

سەرەتا لەبواری زانستە دینییەکاندا، دەستی بەدەرس خوێندن کردووە و شارەزای باشی زانستی قورئان و فەرموده و فیقهـ بووە، تاوەکو بۆتە یەکێ لە زانایانی بواری مەزهەبی شافیعی و دەرسی وتۆتەوە.

لەساڵی (٥٨٢ك) هەستا بەبنیاتنانی قوتابخانەی: (شامیە بەرانییە)، کە بەقوتابخانەی (حسامیە)ش ناسراوە.

ئەم خاتونە، هەر بەزانستە شەرعیەکانەوە نەوەستاوە، بەڵکو لەبواری زانستی پزیشکیدا دەستی بەخوێندن کردووە و چەندین جۆر دەرمانی بەرهەمهێناوە، کە بەمەش بەیەکەم ئافرەت دادەنرێ، کە کاری دەرمانسازیی کردبێت.

ئەم خاتونە شوی بەکوڕە مامی خۆی: (ناصرەدین) کردووە، کە هەمیشە پشتیوان و پاڵپشتی کارەکانی بووە و هانی داوە لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە و، ڕێگری لێنەکردووە، هەربۆیە کاتێ شەهیدکرا، ئەم خاتونە، شووی نەکردۆتەوە و خەریکی پەروەردەی منالەکەی بوو، کە سەلاحەددین بەباشترین کەسی نزیکی خۆی ناوی بردووە، هەربۆیەش ئەم خاتونە پشتیوانی لەسوپای موسڵمانان کردووە، بەدروستکردنی دەرمان و سەرپەرشتیکردنی بریندااران و چارەسەرکردنیان.

بەم جۆرە لە خزمەتی موسڵماناندا بوو، تا لەڕۆژی هەینی (١٦)ی زولقەعیدەی ساڵی (٦١٦ك) وەفاتی کرد و ئەسپەردە کراوە و لە قوتابخانەی ئەلبرانییە نێژراوە.

### - نوسەیبە سوڵتان:

یەکێکە لە ئەمیرە خاتونەکانی سەدەی (١٣ز) دەورانی سەلجوقی، کچی (قلیج ئەرسەلانی دووەم) و خوشکی کەیخوسرەوی یەکەمە، خاوەنی چەندین بوژانەوەی گەورەیە لەسەردەمەکەیدا، لەوانە:

- دروستکردنی کۆمەڵەیەکی پزیشکیە لە پسپۆریە جیاوازەکان.
- گرنگیدان بە کردنەوەی مزگەوت.
- پەرەدان بەلایەنی بیناسازی و بنیاتنانی چەندین باڵەخانە و دامەزراوەی گەورە.

لەهەوڵی دروستکردنی نەخۆشخانەیەکدا بوو، بەڵام مەرگ ڕێگەی نەدا، هەربۆیە (غیاسەدینی کوڕی کەیخوسرەوی دووەم) دروستی کرد و بەناوی ئەم خاتونەوە ناوینا و، ئارامگای ئەم خاتونەشی بردە ئەوێ[1].



- جاریەکەی ئەبو عبداللەی کنانی :

لە ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس و لەسەدەی (١١ز) پیاوێك چوو بۆ لای خەلیفە (هوزەیلی کوڕی خەلەف ئەلبەربەری) و خەلیفە لێی پرسی: چی ڕویداوە؟

ئەویش وتی: "چووم بەدوای زانستی پزیشکیدا، تاوەکو لەلای پزیشکیی بەتوانا: (ئیبن کنانی) فێری وانەی توێکاری و نەشتەرگەری ببم لەوێ بینیم ئافرەتێ بەئەوپەری شارەزاییەوە کاری توێکاری دەکات و، شیکاری جەستەی مردویەکی کردووە و هەموو بەشەکانی جیاکردۆتەوە و فەحسی دەکات، پرسیم ئەمە کێیە؟

(١) سایتی inventions 1001

وتیان: ئه‌مه: (جاریه‌ی ئه‌بو عه‌بدالله‌ی كنانییه)، زانای بواری پزیشكیی و زانستی تویكاری جه‌سته‌یه، له‌پاش ئه‌وه خه‌لیفه ناردی به‌شوین ئه‌و پزیشكه‌دا، تاوه‌كو به‌هه‌ر نرخی بووه كار له كۆشكدا بكات، كه زۆر پیویستیان به پزیشكیكی ئافره‌ت بوو"[1].

هه‌رچه‌نده به‌ته‌نها سێ نمونه‌ی ئافره‌تانی پزیشكم هیناوه‌ته‌وه، به‌لام هه‌ر یه‌كه‌یان له پێگه‌یه‌كی كۆمه‌لایه‌تیدا بووه، ده‌كرێ بكرێته نمونه بۆ ده‌یان و سه‌دانی تر.

**رۆلی ئافره‌تان له فریاگوزاری سه‌ره‌تایی و په‌رستاری**

له جه‌نگی سوری عوسمانیدا



---


(١) ابن عذاري: البيان المغرب، ص١٥٤

# نـــاودارتريـــن

# پزيشكانى ئەم شارستانييەتە

# ئیبن سینا

(٣٧٠ - ٤٢٨ك / ٩٨٠ - ١٠٣٧ز)



وته‌یه‌كی كۆنی ئه‌وروپی هه‌یه، ده‌ڵێ:

"هه‌ر یه‌كێ بیه‌وێ پزیشكێكی باش بێت، ده‌بێ وه‌كو (ئیبن سینا) بێت"

## ئیبن سینا كێیە ؟!

ئەبو عوبێدی جوزجانی (جورجانی) قوتابی دەڵێ: لەبارەی ژیانییەوە پرسیارم لێكرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی دامەوە و وتی:

"باوكم ناوی عبداللەیە و خەڵكی ناوچەی (بەڵخ) بوو، لە ڕۆژانی: (نوحی كوڕی مەنصور)ەوە چووە (بوخارا)و بووە كارگوزارێكی دەوڵەتی سامانی[1] لە گوندی (خورمیسن)، بەخێزانێك ئاشنابوو، هاوسەری خۆشی لەو خێزانە دیاری كرد بەناوی ستارە، لەوێ ژیانی هاوسەریان پێك هێنا، پاشان من لەدایك بووم، دواتریش براكەم، پاشان گەڕاینەوە (بوخارا) و لەوێ چومە دەرسی مامۆستایانی قورئان و ئەدەب، كاتێ تەمەنم بووە (١٠)ساڵ هەموو قورئانم لەبەربوو، كە بەشێوەیەك ببومە جێی سەرسامی مامۆستایان و دەوروبەرەكەم[2]".

لەسەرچاوەكانی دیكەشدا بەم شێوەیە هاتووە[3]: (ئیبن سینا كوڕی عبداللەی كوڕی حسێن)ە، باوكی ئەفغانییە و خەڵكی ناوچەی بەڵغ بووە، كرایە كاربەدەستی ناوچەی (خرمیسن) لەدەوروبەری (بوخارا)، دواتر گواسترایەوە بۆ ئەفشەنە، لەوێ ئافرەتێكی خواست بەناوی: (ستارە) و كوڕێكیان بوو ناویاننا: (حسێن)، كە كونییەی: (ئیبن سینایە) و ناودارترین پزیشكیی سەردەمی خۆی و، شارەزاترین كەسی فەلسەفەی ئیسلامیە لە ڕۆژهەڵاتدا، باوكیشی لە بنەماڵەی ئیسماعیلیەكانە، كە ناسراون بە: (باتینییەكان)[4].

---

(١) ڕەچەڵەكی ئەم بنەماڵەیە ئەگەڕێتەوە بۆ: (بهرام جور)، كە بنەماڵەیەكی كۆنی فارسیە لەسەردەمی خەلیفە (مەئمون)دا بەهۆی پشتیوانی لێكردنیانەوە، بەرەبەرە هاتنە پێشەوە، تاوەكو توانیان دەسەڵات بهێنن و بۆ ماوەی (١٧٠ساڵ و ٦ مانگ) فەرمانڕەوایەتی وڵاتی خۆراسان بكەن. بڕوانە / د. حسن ابراهیم حسن: تأريخ الإسلام، ج٣/ ص٧١ - ٧٣.

(٢) عبدالمنعم الهاشمي: علماء وعباقرة المسلمون، ص٢١١.

(٣) بڕوانە: إبن أبي أصيبعة: عيون الأنباء، ص٤١٧. البيهقي: تأريخ علماء الإسلام، ص٥٢.

(٤) ئیبن سینا لەبارەی پەیوەندی باوكی بەبنەماڵەی ئیسماعیلیەوە دەڵێ: (باوكم لەو كەسایەتیانە بوو، كە بە (ئیسماعیلی) دەژمێردران و باسی نەفس و عەقڵی لەسەر شێوازی ئەوان باس دەكرد)، سەرەتای دەسەڵاتیان لە میسردا دەركەوت، بە دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی و سامانییەكان لە خۆراسان، لەدەورەی

## پێگه‌یشتن و گه‌وره‌بونی :

ئه‌میری ده‌وڵه‌تی سامانی: (نوحی كوڕی مه‌نصور) كاتێ (عبدالله)ی كرده والی شاری بوخارا، عبداللەش خۆی و خێزانی چونه ئه‌وێ، كه ئه‌وكات (ئیبن سینا) ته‌مه‌نی (٥) ساڵان بوو[1]، له‌وێ له‌نێو كۆشكێ له كۆشكه‌كانی ئه‌میر (نوح) نیشته‌جێ بون، ئه‌وكات (بوخارا) شارێكی زۆر جوان و دڵگیر و كراوه بوو، ناسراوبوو به‌زۆری بینا و كۆشك و مزگه‌وت و كێڵگه و باخچه‌ی ڕازاوه...

(ئیبن سینا) بنیاتی سه‌ره‌تاكانی زانستی خۆی، له‌و كۆشكه‌وه ده‌ست پێكرد، به‌وه‌ی هه‌موو شه‌وێ له‌دوای نوێژی عیشاوه، پۆلی زانایان و زمانزانان و شه‌رعناس و قوتابیان له ماڵی (عبدالله) كۆده‌بونه‌وه و گفتوگۆی زانستی خۆیان ده‌كرد، تا دره‌نگانێكی شه‌و له‌بواری زمان و فه‌له‌ك و مه‌نتیقدا كه ئه‌م جۆره دانیشتنانه كاریگه‌رییه‌كی گه‌وره‌یان له‌سه‌ر بیری ئیبن سینا دانا و هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه هه‌وڵی بیركردنه‌وه و تێڕامانیدا له‌سه‌ر كه‌سه‌كان و هه‌ڵسوكه‌وتیان.

هه‌روه‌ها ئه‌مه هه‌لێك بوو تاوه‌كو له‌م ڕێگه‌یه‌وه به‌شێك له‌و پرسیارانه‌ی، كه به‌مێشكیدا ده‌هاتن وه‌ڵامه‌كه‌یانی ده‌ست بكه‌وێت و، به‌مه‌ش بیر و فیكری به‌ره‌و پرسیاری قوڵتر و قوڵتر ڕۆیشت.

خاڵێكی تر له‌و سودانه‌ی، كه (ئیبن سینا) به‌ده‌ستی هێنا له‌م جۆره گفتوگۆی شه‌وانه‌یه ئه‌وه‌بوو، كه زیاتر هه‌وڵی فێربونی زانست بدات و فێری شێوازی قسه‌كردن بێت له‌لایه‌ك و، له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه فێری چۆنییه‌تی پرسیاركردن بێت[2].

---

نوح كوڕی مه‌نصوری سامانی، كه ئیسماعیلی بوو، ئه‌وه‌بوو بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش باوكی، ئیبن سینای له خۆی نزیك كرده‌وه، تاوه‌كو سوربێت له‌سه‌ر بڵاوكردنه‌وه‌ی بیر و فیكریان له‌نێو خه‌ڵكیدا. بڕوانه/ إبن سینا: بارون كارادفو/ ت. ع: عادل زغیتر، ص١٣١. العقاد: شیخ الرئیس إبن سینا، ص١٠.

(١) د. أرشيد يوسف بن ارشيد: الحضارة الإسلامية، ص٢٥٧.

(٢) محمد فتحي صبري: الشيخ الرئيس إبن سينا، ص٣ -٤.

(ئیبن سینا) کەسێك بوو ،هەر لەسەرەتاوە بووە جێگای سەرسامی خانەوادەکەی و حەزی بەیاریکردن و تێکەڵی منداڵان نەدەکرد، بەڵکو حەزی لە خوێندنەوە و لەبەرکردن بوو، کاتێکیش لەگەڵ براکەی بۆ کات بەسەربردن دەچونە دەرێ، کتێب و نوسراوەکانی بەجێ نەدەهێشت و لەگەڵ خۆیدا دەیبردن و لەوێ کاتەکانی بەبیرکردنەوەو وردبونەوە لە سروشت و دەوروبەرەکەی بەسەر دەبرد و بەپرسیارەکانی دایك و باوکی توشی سەرسوڕمان دەکرد، بەوەی دەیپرسی:

- پێش ئەوەی خوا گەردون دروست بکات، شێوەی دنیا چۆن بووە؟

- ئەو خەڵکەی دەخرێنە بەهەشت، یان دۆزەخەوە بەهەتا هەتایی تێیدا ئەمێننەوە، ئەی پاشان ... چی؟

بەم شێوەیە بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ فێربون و لەبەرکردنی دەقەکان و کردنەوەی گرێی پرسیارەکان، تاوەکو ئەوەی لە سەرەتاکانی تەمەنیدا و لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا، هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر کرد، ئەمە جگە لە فێربونی زمانی عەرەبی و لەبەرکردنی چەندین فەرموده و بەیتە شیعر، کەبەشێوەیەکی زۆر ڕەوان، شیکردنەوەی بۆ ماناکانی دەکرد، دواتر لەلایەن باوکیەوە نێردرایە بەرخوێندن، لای مامۆستای ناودار و بەناوبانگی خۆراسان: (ئیسماعیلی زاهید)و لەوێ دەرسی فیقهی خۆی درێژە پێدا، پاش ماوەیەك داوای لە باوکی کرد کەوا حەز ئەکات شارەزایی لە بیرکاری هیندیدا هەبێت، ئەویش بۆ ئەو مەبەستە بردیە لای هاوڕێیەکی خۆی کە پاقلە فرۆش بوو و شارەزایی ژمێریاری هیندی بوو، ماوەیەکیش لەخزمەتی ئەودا بوو تاوەکو زانستەکەی بەدەست هێنا، پاشان بیستی کەوا عبداللەی نائیلی هاتۆتە شارەکەیان و بەناوبانگ بوو بەدەرسە فیکریەکان و نازناوی فەیلەسوفیان لێنابوو، بۆیە ئەویش داوای لە باوکی کرد کەوا بیهێنێتە ماڵی خۆیان و دەرسی تایبەتی پێبڵێت لەبارەی فەلسەفە و مەنتیقەوە، باوکیشی ئەو کارەی بۆ بەجێ هێنا و ماوەی ٢ساڵ لەلای خەریکی دەرس خوێندن بوو[١].

---

(١) محمد فتحي صبري: الشيخ الرئيس إبن سينا، ص٧ – ١٠.

(ئیبن سینا) بۆ خۆی باس له سه‌ره‌تاكانی فێربونی ده‌كات، له بواری زانستی كه‌لام و فه‌لسه‌فه‌دا و ده‌ڵێ:" باوكم له‌سه‌ر ڕێبازی (باتنییه‌كان) بوو،



به‌هه‌مان شێوه براكه‌شم، زۆركات گفتوگۆیان ده‌كرد و منیش گوێم لێده‌گرتن و هه‌ستم به وته‌كانیان ده‌كرد به‌ڵام نه‌فسم وه‌ری نه‌ده‌گرت[١]".

دواتر ده‌ڵێ:" پاشان (عبدالله نائلی) هات بۆ (بوخارا)، كه به‌فه‌یله‌سوف ناوده‌برا و باوكیشم هێنای بۆ ماڵی خۆمان و داوای لێكرد فێرم بكات، من پێشتر فیقهم لای ئیسماعیلی زاهید وه‌رگرتبوو، له‌و كه‌سانه‌بوم كه‌له هه‌ر بوارێكدا بمخوێندایه، زۆر قوڵ ده‌بومه‌وه تێیدا و ڕه‌خنه و داوای زۆرم له‌به‌رامبه‌ره‌كه‌م ده‌كرد، كه فێری ده‌كردم، هه‌میشه به‌هۆی ورووژاندنی هه‌ندێ پرسیاره‌وه، (نائلی) سه‌ری سوڕ ده‌ما له‌وه‌ی كه من به‌م بچوكیه و، كه قوتابی ئه‌وم، ئاوا پرسیار له‌باره‌ی مه‌نتیقه‌وه بكه‌م، یه‌كه‌م كتێبیش له بواری مه‌نتیقدا خوێندم (ئیساغوجی) بوو"، كه ئه‌و كات ته‌مه‌نی (١٤) ساڵ بوو.

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: علماء وعباقرة المسلمون، ص٢١٣.

پاشان (ئیبن سینا) ڕوی كرده زانستی پزیشكیی، كه به وته‌ی خۆی:" زانستی پزیشكی، زانستێكی قورس و گران نه‌بوو، بۆیه سه‌ركه‌وتن تێیدا كارێكی دژوار نه‌بوو".

بۆ ئه‌م مه‌به‌سته‌ش، ڕوی كرده لای هه‌ریه‌كه له : ئیبن سه‌هلی مه‌سیحی و ئه‌بی مه‌نصور حه‌سه‌نی كوڕی نوحی قه‌مه‌ری)، زانستی پزیشكیی لێوه‌رگرتن، به‌ڵام ئه‌و زانسته‌ی به‌لای (ئیبن سینا)وه قورس و گران بوو: (فه‌لسه‌فه و مه‌نتیق) بوو، هه‌ربۆیه ڕۆژانه كاتێكی زۆری بۆ ئه‌و بواره ته‌رخان كردبوو، وه‌ك خۆی ده‌ڵێت:" ویستم له‌و زانسته‌دا قوڵ ببمه‌وه، بۆیه دوباره گه‌ڕامه‌وه بۆ خوێندنه‌وه‌ی مه‌نتیق و ته‌واوی به‌شه‌كانی فه‌لسه‌فه، كه به‌شه‌و و ڕۆژ خه‌ریك بوم، بۆ شه‌وێكیش به‌ته‌واوی چاوانم لێك نه‌ناوه".

(ئیبن سینا) له‌و ماوه‌یه‌دا به‌چه‌ندین بیركردنه‌وه و دیدی فه‌لسه‌فی جیاجیا ئاشنابوو، ده‌رباره‌ی گه‌ردون و ژیان و بیركردنه‌وه‌ی مرۆڤه‌كان و، دنیا و ئاخیره‌ت و زیندوبونه‌وه و ...).

ده‌وترێ: به‌ڕاده‌یه‌ك عاشق و شه‌یدای زانست بوو، كه ئیدی بۆ ساتێكیش لێی دانه‌ده‌برا، به‌یانیان، تا نیوه‌ڕۆ ده‌رسی فیقهـ و بابه‌تی دینی لای زانایانی ئایینی ده‌خوێند، دوای نیوه‌ڕیانیش، هه‌تاوه‌كو نوێژی خه‌وتنان، لای: (نائیلی) زانستی: (فه‌لسه‌فه و مه‌نتیق و سروشت و بیركاری) ده‌خوێند، شه‌وانیش له‌دوای نوێژی عیشا، تا دره‌نگانی شه‌و له دانیشتنه‌كانی زانایاندا داده‌نیشت، كه له‌ماڵی باوكیدا ده‌به‌ستران، له‌باره‌ی زانسته جۆربه‌جۆره‌كانه‌وه، له‌دوای ئه‌وه‌ی (نائیلی) ماڵی ئه‌وانی به‌جێهێشت، ئیتر بۆ خۆی ده‌ستی دایه كتێب خوێندنه‌وه له‌باره‌ی مه‌نتیق و فه‌لسه‌فه‌وه و، هه‌وڵی زۆریدا، تاوه‌كو له‌و بواره‌دا بتوانێ توانایه‌كی باشتر به‌ده‌ست بهێنێت، ماوه‌یه‌ك خه‌ریكی خوێندنه‌وه‌ی كتێبی: (میتافیزیك)ی ئه‌رستۆ بوو، كه په‌ی به هه‌ندێ له نهێنییه‌كانی كتێبه‌كه نه‌ده‌برد و زیاتر له (٤٠) جار به‌شێكی ئه‌و كتێبه‌ی خوێنده‌وه به‌ڵام به قوڵی له ماناكانی نه‌ده‌گه‌یشت.

وەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "کاتێ کتێبی: (میتافیزیك)م خوێندەوە، لە بەشێکدا (٤٠) جار خوێندمەوە، بەڵام لێی تێنەدەگەیشتم، تاوەکو ئەوەم لا دروست بوو، کە بڵێم ئەم کتێبە لە ئاستی تێگەیشتنی مندا نییە. پاش ماوەیەك ڕۆژێکیان بەناو بازاڕدا دەگەڕام، پیاوێك بەرەو ڕووم هات و کتێبێکی پێدام، داوای سێ درهەمی لێکردم، پێی وتم: پێویستیم بە پارەکەیەتی، منیش لەبەر ئەوەی کتێبەکە هەرزان بوو، پارەکەم پێیدا، کاتێ سەیرم کرد، بینیم کتێبی (فارابی)ە لەبارەی نهێنییەکانی کتێبی (میتافیزیك)ی ئەرستۆوە، گەڕامەوە ماڵەوە و بەخێرایی دەستم کرد بەخوێندنەوەی، لەگەڵ خوێندنەوەی دەرکم بەنهێنی نوسینەکەی ئەرستۆ دەکرد، بەمەش سوکنایم بۆ هات".

(ئیبن سینا) لە بواری پزیشکیدا، دوای ئەوەی چووە لای هەردوو پزیشکیی بەناوبانگ: (حسێنی کوڕی نوحی قەمەری و ئەبو سەهلی حسێن) و ماوەیەك دەرسی پزیشکیی خوێند، بۆ ئەم مەبەستەش، هەستا بەدروستکردنی دەرمان لە هەریەکە لە کەرەستە خاوەکانی: (ئاژەڵی و ڕووەکی و کانزایی) لە ڕوانگەی زانستی کیمیاییەوە بە ڕێگای کارلێککردن و دڵۆپاندن، تاوەکو لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکاندا سودی لێوەربگیرێت، هەربۆیە زوو بەزوو ناوی لە (بوخارا) وەکو پزیشکێکی لێهاتوو بڵاوبۆوە، کە ئەو کاتە هێشتا تازە ببووە (١٦) ساڵ، لەگەڵ ئەوەی ناوبانگێکی باشی لەبواری پزیشکیدا دەرکرد، سەرەڕای ئەمە نەبووە کەسێکی لە خۆبایی و خۆبەزلزان، بەڵکو دەستی دایە چارەسەری کەسانی نەخۆشی کەم دەرامەت و، چارەسەری دەکردن و دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ ڕادەکێشان تاوەکو کەمێك لە ئێش و ئازارەکانیان سارێژ بکات.

## له كۆشكی ئه‌میردا :



وه‌ك پێشتر باسم كرد، (ئیبن سینا) له (بوخارا) ده‌ژیا، كه به‌شێ بوو له (خۆراسان)، كه له‌لایه‌ن: (نوحی كوڕی مه‌نصور)ه‌وه به‌ڕێوه ده‌برا، له‌م ماوه‌یه‌دا بوو كه‌وا هه‌واڵ به‌نێو وڵاتی خۆراساندا بڵاوبویه‌وه و، هه‌واڵیش گه‌یشته شاری بوخارا كه‌وا: ئه‌میری وڵات نه‌خۆش كه‌وتووه و پزیشكانی وڵاتیش له چاره‌سه‌ركردنیدا ده‌سته‌وسانن، بۆیه له ماوه‌یه‌كی كه‌مدا هه‌واڵ هێنرا بۆ كۆشك و ناویانگی (ئیبن سینا)یان به پاشا ڕاگه‌یاند، كه كوڕی عبداللەیه و كه‌سێكی زۆر لێهاتوو و شاره‌زای بواری پزیشكیه، بۆیه ئه‌ویش فه‌رمانیدا: كه بیهێنن، تاوه‌كو له‌م ئێش و ئازاره ڕزگاری ببێت، كاتێ (ئیبن سینا)یان هێنا، پاش ئه‌وه‌ی پاشای ئارام كردەوە و چه‌ند پشكنینێكی بۆ كرد، بۆی ده‌ركه‌وت، كه پاشا توشی قورحه‌ی گه‌ده و ئیلتهابی كۆڵۆن بووه، بۆیه داوای له پاشا كرد، كه خۆی به‌دوور بگرێت له خواردن، جگه له خورما هیچ جۆره شتێكی تر نه‌خوات، تاوه‌كو ته‌ندروستی دێته‌وه سه‌ر خۆی، ئه‌وه‌بوو پاش چه‌ند ڕۆژێك، پاشا شیفای بۆ هات و له نه‌خۆشییه‌كه‌ی چاكبۆوه، پاشا له‌به‌رامبه‌ر ئه‌مه‌دا داوای له پزیشكیی گه‌نج كرد كه ئه‌و كات ته‌مه‌نی (١٨)ساڵ بوو، كه چ داوایه‌كی هه‌یه، تاوه‌كو بۆی جێبه‌جێ بكات، ئه‌ویش به ئه‌میری وت: ڕێگه‌م بده بچمه كتێبخانه‌ی كۆشكه‌وه، تاوه‌كو سود

لە زانستەكانی ئەو كتێبانە وەربگرم، ئەمیریش بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە داواكەی قبوڵ كرد و، جێگایەكی باشی لە كۆشكدا بۆ دابینكرد، تاوەكو ڕۆژانە بچێتە كتێبخانەوە و كتێبەكانی ئیستعارە بكات و بیانخوێنێتەوە.

دەوترێ بۆ ماوەی (٢)ساڵ لەكۆشكدا بەو شێوەیە ماوەتەوە، تاوەكو زۆربەی كتێبەكانی ئەوێی خوێندەوە، كە بەیەكێك لە كتێبخانە گەورەكانی ئەو سەردەمە دادەنرێ، كە كتێبەكانی خۆیان لە (٣٠) هەزار كتێب دەدا[1].

ئەمیر لە پاش (٢) ساڵ دوبارە توشی هەمان نەخۆشی بۆوە، ئەمجارە زۆر بە سەختی گرتی و ماوەی زۆری نەدا و گیانی دەرچوو[2].

لە پلانێكی داڕێژراویشدا، كتێبخانەی كۆشك سوتێنرا و (ئیبن سینا) تۆمەتباركرا، گوایە: ئەو سوتاندویەتی، هەربۆیە فەرمانی دەستگیركردنی درا و ماوەیەك لە سجندا بەند كرا، بەڵام بەهۆی تێكچونی بارودۆخی وڵات و دروستبونی پشێوی لە دوای مردنی ئەمیرە، غەزنەویەكان بەسەركردایەتی: (سوڵتان مەحمودی غەزنەوی) پەلاماری خۆراسانیاندا و خستیانە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئەمەش هەلێك بوو بۆ (ئیبن سینا)، كە لە زیندان هەڵبێت و ڕزگاری ببێت.

(ئیبن سینا) لە درێژەی ژیانیدا، بەهۆی ڕووداوە سیاسیەكان و ڕودانی شەڕو ئاژاوە و نائارامی وڵاتی ئێرانەوە، توشی نەهامەتی و دەربەدەری زۆر بووە، تاوەكو بتوانێ لە كەشێكی ئارام و هێمندا زانست و زانیارییەكەی خۆی

---

(١) دەوترێ: كاتێ (نوحی كوڕی مەنصور) نەخۆش كەوت، وەزیری وڵات چووە (بوخارا) بۆ ئەوەی (ئیبن سینا) بێنێت بۆ كۆشك، بەڵام ئەو خەریكی چارەسەری منداڵێكی هەژار و دەست كورت بوو، بۆیە بە وەزیرەكەی وت: هەموو مرۆڤەكان لە ئادەمن و ئادەمیش لە خۆڵ، كەواتە چ منداڵێكی هەژار نەخۆش بێت و چ پاشای وڵات لای من هیچ جیاوازیەكی نییە، بۆیە تا ئەم منداڵە چارەسەر نەكەم نایەم.... دەشوترێ بە نوێنەرەكەی پاشای وتووە: ئەمیر دەبێت بۆ خۆی بێت و لەسەرەدا بوەستێت، تاوەكو وەكو باقی نەخۆشەكانی تر چارەسەری بكات، ئەوانیش لە جلوبەرگێكی هەژارانەدا خۆی و وەزیرەكەی هاتون و ماوەی (٧)ڕۆژ لەژێر فەرمانی ئەودا بوون تاوەكو پاشا حاڵی بەرەو چاكبون چووە و گەڕاوەتەوە كۆشك.

(٢) دەوترێ: كەوا لەلایەن سێ كوڕەكەیەوە پلان داڕێژراوە بۆ ئەوەی ئەمیر لەناو بەرن و، بۆ خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست و بە ئارەزووی خۆیان فەرمانڕەوایی بەسەر وڵاتدا بكەن.. بەڵام كاتێكیش پلانەكەیان سەری گرت، بووە شەڕ و ململانێ لەنێوان خۆیاندا، ئەمەش لەلایەن غەزنەویەكانەوە بە هەل زانرا و دەست گیرا بەسەر وڵاتی خۆڕاساندا و، كۆتایی بە دەوڵەتی (سامانی) هێنرا.

بەگەڕ بخات، هۆكارەكەشی بەهۆی ئەو لاوازییەوە بوو، كە خیلافەتی عەباسی هەیبوو، كە ببووە هۆی سەرهەڵدانی چەند دەوڵەتۆكەیەكی سەربەخۆ لە ناوچە جیاجیاكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی، كە زۆر جاران دەبونە مەترسی بۆ دەوڵەتی عەباسی، هەندێ كاتیش لەنێو خۆیاندا و هەریەكەیان بۆ فراوانكردنی سنوری دەسەڵاتی خۆی، هێرشی دەكردە سەر هێزی بەرامبەری.

## چونی بۆ خەوارزم:

كاتێ خۆراسان لەلایەن (مەحمودی غەزنەوی)ەوە گیرا، (ئیبن سینا) چووە (خەوارزم) لە باكوری خۆراسان بۆ لای ئەمیرعەلی كوڕی مەئمون كە پایتەختەكەی (جورجانییە) بوو، ئەمیریش بەهاتنی زۆر خۆشحاڵ بوو، پێشوازیەكی گەرمی لێكرد و داوای لێكرد، كەوا كۆمەڵەیەكی زانستی لە زانایانی خەوارزم لە بوارە جیاجیاكاندا دابمەزرێنێ، وەك : (بیرونی لە زانستی بیركاریدا، ئەبو سەهلی مەسیحی فەیلەسوف، ئەبوخەیر خماری پزیشك،..).

لەبەرامبەریشدا، دەوڵەت موچەیەكی مانگانەی باشی بۆ بڕیەوە، تاوەكو كارەكەی و زانستەكەی لە خزمەتی خەڵكی خەوارزمدا بەكاربهێنێت، لەم ماوەیەدا لە (جورجانییە) چەندین كتێبی لەبارەی دینەوە نوسی، لەوانە: الحكمة



العروضية، المختصرو الاوسط، المبدأ والميعاد، الحاصل و المحصول، البر و الإثم). هه‌روه‌ها كتێبێكی زۆر باشیشی له‌باره‌ی زانستی فه‌له‌كه‌وه نوسی، كه زۆربه‌ی زانیارییه گه‌ردونییه‌كانی له خۆی گرتبوو به‌ناوی: (أرصاد الكلية)، له پاش ماوه‌یه‌ك مانه‌وه‌ی له‌وێ، ڕۆیشت و ئیتر جارێكی تر نه‌گه‌ڕایه‌وه، بۆ (خه‌وارزم)، یان (خۆراسان) و به‌مه‌ش له دایكی و براكه‌ی دابڕا.

## چونی بۆ ده‌وڵه‌تی زیاریه :

(ئیبن سینا) پاش ئه‌وه‌ی له (خه‌وارزم) ده‌رچوو، ڕوی كرده لای ئه‌میر (قابوس وشكمیر)، ئه‌میری ده‌وڵه‌تی (زیاریه)، كه ده‌كه‌وته باشوری ده‌ریاچه‌ی قه‌زوین و یه‌كێك بوو له ئه‌میره به‌هێزه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌م، له‌و ماوه‌یه‌دا دوو كه‌س بونه هاوڕێ و هاوده‌می، كه له‌وێ ناسینی ئه‌وانیش: (ئه‌بی حه‌مدی شیرازی) و (ئه‌بو عوبێده‌ی جورجانی) بون، بونه هاوكاری نوسینه‌كانی، به‌تایبه‌تی ئه‌بو عوبێده‌ی جورجانی، له‌گرنگترین ئه‌و دانراوانه‌ی له‌م ماوه‌یه‌دا نوسینی: (قانون في الطب)و كتێبی: (الشفاء) بوون، هه‌روه‌ها له‌بواری فه‌لسه‌فه و كیمیاشدا چه‌ندین دانراوی دانا، به‌رده‌وام بوو له ده‌رس وتنه‌وه، تاوه‌كو كوژرانی ئه‌میر (قابوس)، كه بووه هۆی تێكچونی بارودۆخی وڵات، ئه‌مه‌ش وای له (ئیبن سینا) كرد جلی سۆفیانه بپۆشێت و له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵه‌كه‌یدا شوێنه‌كه جێبێڵێت.

## چونی بۆ هه‌مه‌دان :

به‌گه‌یشتنیان بۆ (هه‌مه‌دان)، هه‌واڵی نه‌خۆش كه‌وتنی (شه‌مسولده‌وله)ی ئه‌میری هه‌مه‌دانیان بیست، ئه‌مه‌ش هه‌لێكی باش بوو بۆیان، تاوه‌كو جێگای خۆیان له‌ناوچه‌كه‌دا قایم بكه‌ن، هه‌ربۆیه (ئه‌بوعوبێده) چووه لای ئه‌میر و هه‌واڵی پێدان، كه‌وا پزیشكێكی لێهاتوی له‌گه‌ڵدایه و شاره‌زاییه‌كی باشی له‌نه‌خۆشییه جیاوازیه‌كاندا هه‌یه، ئه‌وه‌بوو ئه‌میریش داوای لێكرد له‌گه‌ڵ خۆیدا بیهێنێ، به‌مه‌ش چووه لای پاشا و، پاش ئه‌وه‌ی سه‌یری ئه‌میری كرد، بۆی ده‌ركه‌وت: نه‌خۆشییه‌كه‌ی نه‌خۆشییه‌كی نه‌فسیه و جه‌سته‌یی نییه، دوای هه‌وڵ و ماندوبونێكی زۆر له‌گه‌ڵیدا

توانی چارەسەری بكات، بەمەش لەدەربار و دەسەلاَتی ئەمیر نزیك بۆوە و لەلایەن ئەمیرەوە خانەیەكی بۆ دابین كرا بۆ دەرس وتنەوە بەقوتابیەكانی، شێوازی دەرس وتنەوەشی بۆ سێ كات دیاری كرد، بەیانیان، تا نیوەڕۆ، دوای نوێژی عەسر، تاوەكو خۆرئاوا بون، لەدوای نوێژی عیشاش، تا نزیكی خەوتنان، لەكاتی پشودانەكانیشدا بۆ پشودان بەمێشكیان، مۆسیقایان دەژەنی و ئاوی میوەیان دەخواردەوە.

بەلاَم پاش ماوەیەك لەمانەوەی، بەرەبەرە لەنێو خەلْكیدا تۆمەتیان بۆ دروستكرد بەوەی دەیانوت: بیروبڕوای دژە دینی و دژە كلتوری بە قوتابیەكان دەلْێ، ئەمەش وای لە سوپا كرد، شەوێك هەلْبكەوتنە سەر مالْەكەی و دەست بەسەری بكەن و بیكەنە زیندانەوە، پاشان خەلْكەكە بەمەش وازیان نەهێناو چونە لای (شەمسولدەولە)، تاوەكو زوو بەزوو فەرمانی كوشتنی دەربكات، بەلاَم ئەمیر بەمە ڕازی نەبوو و داوای كرد كەوا لە زیندان بیهێلْنەوە، لە پاش ماوەیەكی كەم مانەوەی لە زیندان، پاشا توشی نەخۆشی قورحەی گەدە و ئیلتهابی كۆلۆن بوو، بۆیە ناچار (ئیبن سینا)یان لە زیندان دەرهێنا، تاوەكو چارەسەری پاشا بكات، ئەویش پاش دانانی بەرنامەیەكی باش بۆی و، ئامۆژگاری كردنی بەوەی زۆر نەخوات و خۆی لەشەراب بەدوور بگرێت، چاك بۆوە، بەلاَم كاتێ ولاَتەكەی كەوتە شەڕەوە لەگەلْ دراوسێكەیدا، زوبەزوو دەستی دایەوە خواردن و خواردنەوە بەمەش نەخۆشییەكەی لێ پیس كرد و فەوتاندی.

دوای مردنیشی، كوڕەكەی بووە جێنشینی، كە ناوی: (تاجولدەولە) بوو، لەبەر كەمی تەمەنی و ناشارەزایی لە بەڕێوەبردنی ولاَتدا، دەسەلاَت كەوتبووە دەستی سەركردەی سوپا، ئەمەش هەڕەشەی مانەوەی (ئیبن سینا)ی دەكرد لەولاَتدا، بۆیە خۆی و قوتابیەكەی، (هەمەدان)یان بەجێ هێشت.

## چونی بۆ ئەسفەهان :

دوای ئەوەی لە هەمەدان شوێنێكیان بۆ مانەوە نەما، بەناچاری ڕێگای (ئەسفەهان)یان هەڵبژارد و، لەوێ چونە لای: (عەلائولدەولە)، ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو بە هاتنیان و شوێنێكی باشی پێدان، تاوەكو تێیدا بمێننەوە، (عەلائولدەولە) یەكێك بوو لەو ئەمیرانەی كە گوێی بۆ زانایان و دانایان و سوپا سالار و ڕاوێژكارەكانی دەگرت و لە كاتە هەستیارەكاندا پرسی پێدەكردن و هەفتانەش لە شەوی پێنج شەممەدا كۆی دەكردنەوە و گوێی لەسەرنج و تێبینییەكانیان دەگرت لە بارەی بارودۆخی وڵات و چاكسازییە پێویستەكانەوە، كاتێكیش هەستی بە زیرەكی (ئیبن سینا) كرد، ئەویشی بانگهێشت كرد تا لەشەوانی (٥) شەممەدا بەشداری بكات، بەمەش زیاتر لە ئەمیرەوە نزیكبۆوە و توانی دوبارە لەوێش درێژە بە زانستەكەی خۆی بدات، و ئەوەبوو توانی بە هاوكاری قوتابیەكەی خۆی ئەبوعوبێدە لە بواری فەلەكدا، كتێبی: (الإنصاف فی الإرصاد) بنوسێت، پاشانیش كتێبی: (النجاة) لەگەڵ چەندین نوسراوی دیكە.



نوسخەیەك لە كتێبی یاساكانی پزیشكی بە زمانی عیبری

## شێخی پزیشك :

(ئیبن سینا) بە قوتابیەكەی خۆی: (ئەبو عوبێد)ی دەگوت: "حەزم لە زانستی پزیشكیی دەكرد، بۆ ئەو مەبەستەش چەند كتێبێكم لەو بارەیەوە خوێندەوە، تێگەیشتم كە زانستی پزیشكیی زۆر قورس نییە، تاكو ئەوەی باشتر دەستم

دايەو ليكۆلينەوە و تويكاريم لەسەر ئەنجامدا، پاشان دەستم دايە چارەسەركردنى خەلكە نەخۆشەكان و لەگەل ئەمەشدا دەرسى فيقهى و گفتوگۆم لەبارەى زانستەكانى تريشەوە بوو، لەو كاتەدا، هەروا تەمەنم تەنها (١٦) سال بوو[١]".

(دكتۆر مايرهوفيش) لەبارەى پزيشكيتى (ئيبن سينا)وە دەلىٚ:" ئەبو عەلى سينا هەتاويك بوو لە جيهانى زانستدا دەدرەوشايەوە، گەرچى زۆرتر بە فەيلەسوف و فيزيكزانى دەناسن، بەلام پزيشكيتيەكەى ئەوروپيەكانى سەرسام كردووە".

(ئيبن سينا) كەسيكى بەتوانا بوو لە لەبەركردندا و، كەسيكى پيگەيشتوو بوو، زوو لە شتەكان تيدەگەيشت، ئەمەش واى كردبوو، زوو بەرەو پيشەوە بچىٚ لەهەر زانستيكدا، كە حەزى بكردبايە فيرى ببيت، هەروەها چارەسەركردنى ئەميرى خۆراسانيش خاليكى وەرچەرخان بوو لە ژيانى (ئيبن سينا)دا كەوا لەسەرەتاكانى گەشەى فيكريدا بەو شيوەيە، وەكو كەسيكى شارەزا لە پزيشكيدا بناسريت.

وە نوسينى كتيبى (القانون)يش لەم بوارەدا بەخاليكى ديكەى گەورەى ئەم زانايە دادەنرىٚ لە زانستى پزيشكيدا كە (دكتۆر مايرهوف) لەبارەى كتيبى (قانون)ى ئيبن سيناوە دەنوسىٚ:" كتيبى قانون، يەكيكە لەشانازييەكانى پزيشكيتى لەجيهانى ئيسلاميدا، لەدواى سەدەى (١٥ز) ئەم كتيبە (١٦)جار لە ئەوروپا چاپ و بلاوكرايەوە، كە (١٥)جارى بە زمانى لاتينى و (١)جاريش بە زمانى عيبرى، لەسەدەى (١٦)شدا زياتر لە (٢٠) جار چاپكراوە، وە ئەو تەفسيرو شيكردنەوانەى كراوە بەزمانى لاتينى و عيبرى، بۆ ئەم كتيبە يەكجار زۆرن".

پاشان بەردەوام دەبيت و دەنوسىٚ:" ئەم كتيبە تا نيوەى دووەمى سەدەى (١٧) چەند جاريك چاپكراو، تا ماوەيەكى زۆريش لەبريتى كتيبەكانى دەرسى بوو، بيگومان هيچ كتيبيكى پزيشكيى، تا ئيستا و تا ئەم رادەيە برەوى نەبووە، كە سەرەراى تەواوى ئەو پيشكەوتنانەى زانستى پزيشكيى بەدەستى هيناون، بەلام هيشتا لەلايەن زانايانەوە كەلكى ليوەردەگيرىٚ، لەولاتيكى وەكو (فەرەنسا)دا تا بيستەكانى سەدەى رابردوو، كتيبى ناوبراو لە بەرنامەكانى دەرسى بوو".

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء وعباقرة المسلمون، ص ٢١٥.

(سیر تۆماس کلیفۆرد)یش لەم بارەوە دەڵێ:" ئەوروپیەکان بڕوایان وایە کە دانراوەکانی (ئیبن سینا) لە زانستی پزیشکیدا، کتێبەکانی: (بوقرات) و (جالینۆسی) سڕیەوەو، هەر لەبەر ئەمە، دانراوەکانی بوونە سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو بۆ خوێندنی پزیشکیی لە کۆلێژەکانی پزیشکیی ئەوروپا بۆ سەردەمانێکی دوور و درێژ[1]".

## ئـەدیب :

(ئیبن سینا) یەکێکی تر لەو بەهرانەی، کە هەیبوو، بونی شارەزاییەکی باش بوو لە زمانی عەرەبیدا، ئەوەش وای کردبوو زیاتر لەم بوارەدا شارەزایی بەدەست بێنێت، لەیەکێ لەدانیشتنەکاندا لەبارەی چەند سەلەیەکی فەلسەفیەوە قسەی دەکرد، (ئەبومەنصور جبائی) لەوێ ئامادەبوو کەبەیەکێ لە شارەزایانی زمان دەناسرێ، لەدوای کۆڕەکە بە پێکەنینێکەوە بە ئیبن سینای وت: " شێخ! دەزانم تۆ فەیلەسوف و حەکیمێکی باشی، بەڵام ئاستی زمانەوانیت لەو ئاستەدا نییە".

(ئیبن سینا) لەدوای ئەم ڕوداوەوە، دەستی دایە بواری زمانەوانی و بۆ ماوەی (٣)ساڵ لەو زانستەدا خوێندییەوە، تاکو ئەوەی کتێبی (لسان العرب)ی دانا کەلە (١٠بەرگ) پێکهاتووە، لەبواری شیعریشدا خاوەنی چەندین بەیتە شیعری بەپێزە، ئەمەش بەسود وەرگرتن لەو قورئانەی کەهەر لەتەمەنی (١٠)ساڵیەوە لەبەری کردبوو، لەگەڵ چەندین بەیتە شیعری شاعیرە ناودارەکان و ئەو پاشخانە فیکرییە گەورەییەی، کە هەیبوو وای کرد زوو بەزوو لەبواری نوسینی شیعردا بەرەو پێشەوە بچێت و لە کتێبەکەیدا (لسان العرب)دا بیانچنێت و کتێبەکەی پێ بڕازێنێتەوە، وەك ئەم بەیتە شیعریەی، کە باس لە هەستی حەسودی خەڵکی دەکات بەرامبەری:

عجب لقوم يحسـدون فضـائلي
مـابين عـيـابي إلـى غـذالي

عتبوا على فضلي وذموا حكمتي
واستوحشوا من نقصـهم وكمال

---

(١) Britannica 2009, DVD

**إنـي وكيدهـم ومـا عشـوا به**

**كالطود يحقر فطحة الأوعال**

**وإذا الفتى عرف الرشاد النفسه**

**هـانت عليه علامة الجهال**(١)

هەروەها لە شانازی کردن بەخۆیەوە دەڵێ:

**إني وإن كانت الأقـلام تخدمـني**

**كذاك يخدم كفي الصارم الخدم**

**إني عظمت فليس مصر واسعي**

**لما غلا ثمني عدمت المشـتري**

تەواوی بەیتە شیعریەکانی لەکتێبی (لسان العرب)دا تۆمارکردووە، بەمەش توانی لە پاڵ نازناوی شێخی پزیشکدا، نازناوی: (شێخی ئەدیب)یش بۆ خۆی بەدەست بێنێت.

## دانراوەکـانی :



**- لەبواری بیرکاری و فیزیکدا**

١- رساله الزاوية.

٢- مختصر إقليدس.

٣- مختصر الإرتماطيقي.

٤- مختصر علم الهيئة.

٥- مختصر المجسطي.

٦- رسالة في بيان علة قيام الارض في وسط السماء.

---

(١) العقاد: إبن سينا ، ص ١٢٧ -١٢٨.

هەمويان بەيەكەوە لە بەرگێكدا بەناوى (جامع البدائع/ كۆى داهێنانەكان) لە قاهيره ساڵى (١٩١٧ز) چاپكران.

- لەبوارى سروشت و گەردونناسيدا:

١- رساله فى أبطال أحكام النجوم.

٢- رساله في الأجرام العلويه.

٣- أسباب البرق و الرعد.

٤- رسالة في الفضاء.

٥- رسالة في النبات و الحيوان.



- لەبوارى پزيشكيدا

١- (القانون في الطب): مەوسوعەيەكى پزيشكيە و، ژمارەى وشەكانى، نزيكەى (١) مليۆن وشەيە، لەڕۆما ساڵى (١٥٩٣)زدا بڵاوكرايەوە، كە لە پێنج بەرگ پێكهاتبوو:

أ- پزیشكیی گشتی و كاری ئەنامەكانی جەستە.

ب- زانستی تەندروستی و دەرمانەكان.

ج- نەخۆشییەكانی هەموو ئەندامەكان.

د- ئەو نەخۆشیانەی كە تایبەت نین بە ئەندامێكەوە و هەموو لەش دەگرێتەوە.

ز- پێداویستیە پزیشكیەكان و دەرمانەكان و شێوازی ئامادەكردن و پۆلێن كردنیان(الأقرباذين[1]).

٢- الأدوية القلبية.

٣- دفع المضار الكلية من الأبدان الإنسانية.

٤- القولنج[2].

٥- رسالة في سياسة البدن و فضائل الشراب.

٦- رسالة في تشرح الأعضاء.

٧- رسالة في الفصد.

٨- رسالة في الأغذية و الأدوية.



**چەند كورتە باسێكیشی نوسیوە لەبارەی:**

- التشريح (توێكاری).
- المجربات فی الطب.
- الألفية الطبية المشهورة.

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: الشيخ الرئيس إبن سينا. ص ١٣ — ١٤.

(٢) نەخۆشییەكە لەرِیخۆڵەدا پەیدا دەبێت و پیسایی بەنەستەم لەكۆم دێتە دەرەوە.

**- لەبواری مۆسیقا :**

لەم بوارەدا تەنها یەك مەقالەی هەیە بەناوی (مقاله جوامع علم/ کۆکراوەی وانەکانی زانست).

**لەکتێبەکانی تریشدا بەم شێوازە پۆلێنی هەندێ لە نوسراوەکانی کراوە:**

**کتێبەکانی :**

١- المجموع (١بەرگ).

٢- الحاصل والمحصول (١٠بەرگ).

٣- البر والإثم (٢بەرگ).

٤- الشفاء (١٨بەرگ).

٥- الإرصاد الكلية (١بەرگ).

٦- النجاة (٣بەرگ).

٧- الهداية (١بەرگ).

٨- لسان العرب (١٠بەرگ).

٩- الأدوية القلبية (١بەرگ).

١٠- الموجز (١بەرگ).

١١- بيان زوات الجهه (١بەرگ).

١٢- المعاد (١بەرگ).

١٣- المبدأ والمعاد (١بەرگ).

١٤- المباحات (١بەرگ).

**پەیـامــەكانی :**

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە)ی پزیشك له كتێبی: (عیون الأنباء)دا، ناوی هەندێ له پەیامەكانی هێناوە، بەم شێوەیە:

١- القضاء والقدر.

٢- الإلة الرصدية.

٣- المنطق بالشعر.

٤- القصائد في العظمه.

٥- الحكمه في الحروف.

٦- تعقب المواضيع الجدليه.

٧- مختصر النبض بالعجميه.

٨- الحدود.

٩- الإشاره إلى علم المنطق.

١٠- أقسام الحكمة.

١١- حي بن يقظان.

١٢- في أن أبعاد الجسم غير ذاتيه له.

١٣- الكلام في الهند.

١٤- الأجرام السماويه.

## ئیبن سینا ..... پرۆگرامێکی نوێ

لەکاتی لێکۆڵینەوە لەم کەسایەتیەدا بۆت دەردەکەوێت، کە بەڕاستی خۆی دامەزرێنەری بیر و داهێنانێکی نوێیە، کە هاوشێوەی نییە چ لە دەورانی خۆیدا و چ لە پێشیندا ...

بۆ نمونە: لە بواری پزیشکیدا، خاوەنی: (القانون في الطب)ە کە تاوەکو ئێستا لەرۆژهەڵات و رۆژئاوا بەدەیان و سەدان ماستەر و دکتۆرای لەسەر وەرگیراوە، ئەمەش جگە لە بایەخ و گرنگی ئەم کتێبە نەبێت، لەبواری پزیشکیدا چی ترە؟!



### لەگرنگترین داهـــێـنـراوەکانـــی:

### لەبواری پزیشکیدا :

ئیبن سینا دەڵێ: "ئەو چارەسەرە زۆرانەی ئەنجامم ئەدان لەزۆری دیتنی نەخۆشانەوە بوو". کە ئەیتوانی لەڕێگای پرۆگرامێکی زانستیەوە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، بەهیچ شێوەیەکیش زانستی پزیشکیەکەی تێکەڵ بە سیحر و خورافات نەدەکردوو، پێی وابوو: هەموو نەخۆشییەك هۆکارێکی هەیە، هۆکارەکەشی دەبێت بدۆزرێتەوە، هەروەها لە دیاریکردن و دۆزینەوەی هەندێ نەخۆشیدا، بەیەکەم کەس دائەنرێت، لەوانە:

- دۆزەرەوەی زیندەوەری مشەخۆرە (طفيلة / الإنكلستوما)

(ئیبن سینا) لەکتێبەکەیدا: (القانون في الطب)دا لەبەشی پێنجەم بەناوی (کرمەکانی ڕیخۆڵە) باسێکی دوور و درێژی لە بارەی هۆکارەکانی دروستبونی کرمی (لول پێچ)ەوە (الدودة المستديرة) نوسیوە، کە لەزانستی

ئێستادا بە(الإنكلستوما)دێت[(١)].

مامۆستا دکتۆر (موحەممەد خەلیل عەبدولخالق) لەبارەی گرنگی ئەم کتێبەوە لەگۆڤاری (الرسالە)دا نوسیویەتی:" ئەوەی ئیبن سینا باسی لێوە کردووە، لەبارەی کرمی لول پێچەوە، زانستی ئێستا پێی دەڵێن: (الإنكلستوما)، لەرۆژئاوا (٧٠٠) ساڵ دوای (ئیبن سینا) لەلایەن (دوبینی) پزیشکیی ئیتاڵیەوە ساڵی (١٨٣٨ز) دۆزرایەوە، کەوا جۆرە کرمێك لە ڕیخۆڵەدا دەژی...".

پاشان بەردەوام دەبێت و دەنوسێ:"دامەزراوەی (روکلفر)ی ئەمریکی هەستا بەکۆکردنەوەی هەموو ئەو کتێبانەی، کە لەبارەی نەخۆشییەکانەوە نوسراون، دوای پۆلێن کردنیان و سەیرکردنیان بەپێی باسکردنی زۆرترین نەخۆشی کتێبەکانیان ڕیز کرد، یەکەمی ئەم ڕیزبەندیەش، کتێبەکەی: (ئیبن سینا) بوو، کە زۆرترین نەخۆشی تێدا دەست نیشانکرابوو لەنێو هەموو ئەو کتێبانەی، کەلە جیهاندا لەبارەی زانستی پزیشکیەوە نوسراون[(٢)]".

هەر لەبەر ئەم گرنگیەتیەی، کە لەلایەن چەندین زانای گەورەوە شەرحی بۆ کراوە لەوانە: ئیمام فەخرەدینی ڕازی، زانا قوتبەدین ئیبراهیم کوڕی عەلی میسری، پزیشك یەعقوب کوڕی غانم کە ناسراوە بە (موفی سامری)، پزیشك یەعقوبی کەرکی، پزیشك ئیبن نەفیس.

هەروەها لەسەر ئەم شەرحانەوە دوبارە شەرحکراوەتەوە لەلایەن: قوتبەدینی شیرازی، موحەممەدی ئیمامی، سەدید کازرونی، عەلی زەینی عەرەبی میسری، عەلی ئیسترابادی، داودی ئینتاکی، فەخرەدین خسزەدی[(٣)].

- بەیەکەم کەس دائەنرێت، کە جیاوازی کردبێت لەنێوان نەخۆشی: (سك ئێشەی ڕیخۆڵە) و (سك ئێشەی گورچیلە).

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، ص١٨٣.

(٢) أحمد فؤاد باشا: التراث العلمي للحضارة الإسلامية ومكانته في تأريخ العلم والحضارة، ص ١٨٠ - ١٨١.

(٣) فؤاد حمدو الدقس: الشيخ الرئيس إبن سين، ص١٥.

- دۆزینه‌وه‌ی جیاوازی نێوان شه‌له‌لی (ناجم) كه هۆكاره‌كه‌ی ناوه‌كیه و له‌مێشكدایه، له‌گه‌ڵ شه‌له‌لی (ناتج) كه هۆكاره‌كه‌ی ده‌ره‌كیه.

- باسكردن له‌باره‌ی وه‌ستانی مێشك (السكتة الدماغیه) جیاواز له پزیشكانی یۆنانی كۆن[1].

- ئه‌مه جگه له دیاریكردنی چه‌ندان نه‌خۆشی، له‌نه‌خۆشییه‌كانی: ( سه‌ر و ئێسكی سه‌ر و نه‌خۆشییه‌كانی پێست و ده‌ست و قاچ و چاو و گوێ و دڵ و سیه‌یكان و ناو سك و ئه‌ندامه‌كانی زاووزێ و منداڵبون و سیلی سییه‌كان و كۆرپه‌له‌زانی و.....) كه خۆیان له (٧٦٠) نه‌خۆشی و دانانی چاره‌سه‌ر بۆیان ده‌بینێته‌وه[2].

- دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌ری نه‌خۆشی: (قورحه‌ی گه‌ده و ئیلتهابی كۆلۆن)، كه نه‌پێشتر و نه له‌سه‌رده‌می خۆشیدا، پزیشكان چاره‌سه‌رێكی دروستیان بۆ ئه‌و نه‌خۆشییه نه‌دۆزیبۆوه.

- باسكردنی چۆنییه‌تی ئاماده‌كردنی حه‌ب و مه‌عجون و شله‌مه‌نی و گیراوه‌كان وه‌ك چۆن له‌ڕۆژگاری ئه‌مڕۆماندا ئاماده ده‌كرێن.

- دۆزینه‌وه‌ی ڕێگایه‌كی نوێ بۆ به‌سپی و پاك ڕاگرتنی ددانه‌كان، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش مادده‌یه‌كی دروستكردبوو، تاوه‌كو ددانه‌كان له پاكێتی و سپێتی بمێننه‌وه و دووربن له هه‌رجۆره پیسبون و دروستكردنی كلسێك، كه زه‌ره‌ر له ددانه‌كان بدات[3].

- چاره‌سه‌ری شێرپه‌نجه‌ی مه‌مكیشی كردووه، به‌ده‌رهێنان و داخكردن، هه‌روه‌ها وه‌صفی پێكهێنه‌كان و چۆنێتی داخكردنی شێرپه‌نجه‌ی كردووه، كه زۆر نزیكه له بیردۆزه‌كانی ئه‌مڕۆ.

---

(١) عامر النجار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية، ص١٣٣.

(٢) علي بن عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة الإسلامية، ص١١٨.

(٣) محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين، ص ١١٨.

**لەبواری کیمیادا :**

(ئیبن سینا ) گرنگیشی دایە زانستی کیمیا، بەسود وەرگرتن لەو پێشینانەی، کە هەبون لە زانایانی کۆنی عەجەمی و زانایانی شارستانییەتی ئیسلامی، لە وێنەی: (جابری کوڕی حەییان)، بۆ ئەو مەبەستەش هەستا بە تێکەڵکردن و کارلێککردنی ماددە جیاوازەکان و دروستکردنی ماددەیەکی سودبەخش لێیان..

ئیبن سینا زیاتر کاری کیمیایی بۆ بوارە پزیشکیەکەی بەکاردەهێنا تاوەکو لەو ڕێگایەوە گیراوەیەکی باش و ماددەیەکی باش بەرهەم بهێنێت و، چارەسەری نەخۆشییەکانی پێ بکات، بەهۆی ئەمەشەوە شارەزاییەکی باشی هەبوو لە کاری (دڵۆپاندن و کارلێککردن و سەرخستن و لێکدان و پاڵاوتن و ....)، هەروەها ڕێگایەکی نوێشی تاقیکردەوە لەبەرهەمهێنانی: (زیو و ئاڵتون)[1].

**لەبواری فەلسەفەدا :**

(ئیبن سینا ) یەکێکە لەبەرزترین فەیلەسوفە بڕوادارەکان، کە لەهەموو کەس زیاتر لە( فارابی ) دەچێت، سەبارەت بەفەلسەفەی بوون، گرنگترین دانراوێکیش لەم بوارەدا نوسینی پەیامی (حي بن يقظان[2])ە، کە بەنوسەری یەکەمی ئەم بیرۆکەیە دادەنرێت، جگە لەمەش خاوەنی داڕشتنی تیۆری (المعرفە)یە:

تیۆرەکەی بەبون دەست پێدەکات... بەپێی ڕای (ئیبن سینا ): بوون لەعەقڵی کارای سەرەتا و یەکەمەوە، خودا دەست پێدەکات، پاشان قۆناغەکانی تری بوون بەدوایدا دێن بەڕادەیەك هەر قۆناغێك لە خوار پلە و پایەکەی قۆناغی

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء وعباقرة المسلمون، ص٢١٧.

(٢) پەیامی (حي بن يقظان)، کە باس لەبیرۆکەی ناسینی خودا دەکات لەڕوانگەی عەقڵ و هۆشەوە، دەوترێ: ئەصڵی بیرۆکەی ئەم چیرۆکە، یۆنانییە و هاتۆتە ناو جیهانی ئیسلامیەوە، ئەویش کاتێ لەلایەن وەرگێڕی ناسراوی سەردەمی خەلیفە مەئمون: (حونەین کوڕی ئیسحاق)ەوە چیرۆکەکە لەیۆنانییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (سلمان و أبسال)، کە دواتر )ئیبن سینا ) بەبیرۆکەیەکی فەلسەفی ئیسلامیانە بەناوی (حي بن يقظان) دایڕشتەوە، پاشان (سوهرەوەردی ) بەشێوازێکی عاریفانە دایڕشت بەناوی (چریکەی غوربەی غەریبی )، لەهەمان کاتیشدا (ئیبن توفەیل)یش بەناوی: (حي بن يقظان) و، پاشانیش (ئیبن نەفیس) بەناوی (فاضل بن ناطق) نوسیویانە.

پێش خۆیەوە دێت، یەکەم پلەی بوون فریشتەکانن.. ئینجا تەنەکانی ئاسمان دێن و، هەندێکیان لە هەندێکی دیکەیان بەرزترن، دواتر جیهانی مادی دێت کە توانای لێبونەوە و تیاچونیان هەیە، پاشان ڕەگەزەکان دێن، ئینجا کانزا ڕوتەکان، دواجاریش بونەوەرە زیندووەکان، پێشکەوتوترین بونەوەری زیندوش بریتیە لە: ئادەمیزاد کە پێویستی بەمانەوە و بەگەڕخستنی تواناکانییەتی تا بەشێوەی کۆمەڵ کۆمەڵ بژی.

ژیانیش لەگەڵ خەڵکیدا، پێویستی بەبونی یاسایەك هەیە نیگای تێدابێت، ئەو، نیگا و یاسای خۆی دەنێرێ بۆ عەقڵی وەرگر، کە لە ڕیزی پێشکەوتوترین نەوەکانی مرۆڤدایە، ئەوانەش بریتین لە: (پێغەمبەران) و (فەیلەسوفەکان)، جیاوازیش لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا، ئەوەیە: پێغەمبەر لەڕێگای ڕاستەوخۆ و بەعەقڵی یەکەمەوە وەردەگرێ و بێ فێرکردن چونکە هێزە عەقڵیەکانی بەتواناترە لە عەقڵی خەڵکانی تر، بەڵام فەیلەسوف توانا عەقڵیەکانی لەڕێگای فێربون و هەوڵی بەردەوامەوە بەدەست دەهێنێت، ئینجا یاسا (نیگا)، کە وەردەگرێ لە عەقڵی- کاریگەرەوە، کە (خودا)یە، بەم پێودانگەش، مەنتیق دەیسەلمێنێ: کەوا چ پێغەمبەران و، چ فەیلەسوفان کاریان ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و هۆشیارکردنەوەیانە، هەربۆیە مادام پێغەمبەران تەواوبون، تاکە کەسێك بۆ ئەم ڕابەرایەتی کردنە فەیلەسوفەکانن.

هۆکاری کەوتنە ناو ئەم هەڵەیشەوە زانایان بۆ ئەو فەراغە گەورەیە دەیگێڕنەوە کە جیهانی ئیسلامی لەو کاتەدا تێیکەوتبوو لە دۆگمایی و پەرتەوازەیی و مەزهەبگەرایی و لەبەرامبەریشدا بونی ئەو هەموو کتێبە فەلسەفیانەی کە باسیان لەگەورەیی و عەقڵگەرایی بیری مرۆڤ دەکرد، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تیۆرەکەی هیچ سودێکی نەبێت، بەڵکو دەتوانرێت سودی باشی لێوەربگیرێ لەڕوی گرنگیدان بەفیکر بۆ تێگەیشتن لەماناکانی بوون و ئیمان بەڵام نەك تەنها لەڕوانگەی بیری عەقڵی خۆیانەوە بەڵکو لەبەر ڕۆشنایی قورئان و فەرمودەی خواییەوە.

**لەبواری فەلەكدا :**

ماوەی (٨)ساڵ خەریكی زانستی فەلەك بوو، لەڕێگای سود وەرگرتن لەكتێبەكانی: (بەتلیمۆس) و بەهاوكاری لەگەڵ قوتابیەكەی: (ئەبوعوبێدەی جورجانی)، كە شەوانە لەڕێگای (ئوسترلاب) و ڕوانگە گەردونییەكانەوە تاقیكردنەوە نوێكانی خۆی ئەنجام دەدا، پاشانیش لەو بارەیەوە كتێبێكی نوسی، بەناوی: (الإنصاف فی الأرصاد فی وقت قیاسی).



دیمەنێك لەشێوازی وانەوتنەوەی ئیبن سینا

**دژایەتیكردنی :**

دژایەتیكردنی ئەم زانایە، هەر لەژیانی خۆیەوە دەست پێدەكات، سەرەتا لەناوچەی (خۆراسان) بەهۆی دژایەتیكردنییەوە لە خۆراسان دەرچوو و، چووە (خەوارزم)، دواتریش بەهۆی تێكچونی بارودۆخی وڵاتەوە، چووە (هەمەدان)، لەهەمەدانیش بەهۆی دژایەتیكردنی سوپای وڵات و خەڵكی ناوچەكەوە، چووە (ئەسفەهان)، كۆتاییەكانی ژیانی خۆیشی لە ئاوارەیی و دوور لەكەس و كاری بەسەر برد.

پاشانیش لەلایەن چەندین كەسەوە بەچاویلكەی ڕەشەوە لەبارەی نوسینەكانییەوە قسە دەكەن و، بابەت دەنوسن و دەیخەنە ڕیزی كەسانی زەندیق و لەدین دەرچوو و دووڕوو و

دژە خوا و بێ بڕوا و كافر و خیانەتكار لەدین و وڵات، ئەمە تێگەیشتنێكی جاهیلانەیە لەوتەكانی ئەم زانایە، چونكە لانی كەم، ئەگەر لەبۆچونێكی عەقیدەیدا نەپێكا بێت خۆ بێ بڕوا نەبووە بەدین بەڵكو تێگەیشتنی بۆ مەسائیلێكی عەقیدەیی وابووە، كە ئەوەی ئەو باسی كردووە و خۆی پێوە خەریك كردووە خەڵكی سادە پێوەی خەریك نابن، ئەسڵەن موسڵمان هەیە و خەڵكی بە خواناس و پیاوی باشی دەزانن، ئەو مەسائیلانەی (ئیبن سینا) وتونی بۆی باس بكە تەقەی سەری دێت، تەنانەت چەندین مەلا و مامۆستای ئایینی هەیە شارەزای بۆچونەكان و بیركردنەوەكانی نین.

واتە: ئەم جۆرە لەتێگەیشتنی ئەم زانا بەرێزە لەزۆر ڕۆچون و بیركردنەوەیە بووە لەبواری فیكردا، ئیتر تۆ بێیت و هەروا سادە بڵێیت ئیبن سینا هەمان بیروبڕوا و بۆچونی باوكی هەبووە كە كەسێكی (باتینی) و (ئیسماعیلی شیعی) بووە و، لەدانیشتنەكانی شەوانەی باتنییەكاندا، كەلەماڵی ئەوان بەستراوە بەشداربووە، لەكاتێكدا بەوتەی خۆی كە لەبارەی سەرەتاكانی خۆیەوە دەدوێ و دەنوسێ:" باوكم لەو كەسایەتیانە بوو، كە بیروبڕوای باتنی هەبوو، براكەیشم بەهەمان شێوە و زۆرجار گفتوگۆیان لەو بارەیەوە دەكرد، منیش گوێم لێدەگرتن بەڵام نەفسم وەری نەدەگرت".

بەم بەڵگەیەش ئێمە دەتوانین ڕەددی ئەوە بكەینەوە، كەوا (ئیبن سینا) بەهیچ شێوەیەك بڕوای (باتنی) هەبوبێت، (ئیبن تەعزی بەرد)یش چەند وتەیەكی جوان لەبارەیەوە دەنوسێ و وەڵامی ئەوانەوە دەداتەوە، كە دژایەتی دەكەن:" وتم: (ئیبن سینا) بەم چەشنە نەبووە بەڵكو حەنەفی مەزهەب بووە و، لەبەر دەستی پێشەوا (ئەبی بەكری كوڕی ئەبی عبداللەی زاهیدی حەنەفیدا) بووە و، لەسەرەمەرگدا نەخۆش كەوتووە و تەوبەی كردووە و هەرچیشی شك بردووە و هەیبووە كردویەتی بەخێر و كۆیلەكانی ئازادكردووە، ستەمیشی لەهەركەسێك كردووە و ناسیویەتی مافی بۆ گەڕاندۆتەوە و، لەهەموو سێ ڕۆژ جارێكدا، خەتمێكی قورئانی كردووە، تا لەڕۆژی هەینی و لەمانگی ڕەمەزاندا كۆچی دوایی كردووە".

ئیتر بەڕاستی قسەكردن لەدوای ئەمەوە زیادەیە، كەبەكەسێكی دووڕوو و زەندیقی بناسین، كە خوای گەورە بۆ خۆی دەرفەتێكی وای پێداوە، تاوەكو

بگەڕێتەوە، ئەگەر کەسێکیش وەڵامی بداتەوە، بەڕاستی نابێت فەتوای بۆ بدات، چونکە ئەو فەتوای نەداوە ئەو کارێکی عیلمی کردووە و فیکری خۆی بەکارهێناوە، ئەگەر فیکرەکەی پێچەوانەی ڕاستێتی فیکری ئیسلامە، بەفیکر وەڵامی بدەنەوە نەوەکو وەکو دەنکە تەزبیح، لەمسەر بۆ ئەوسەر لەناملیکەیەکدا، هەرچی فەیلەسوفی ئیسلامیە تەکفیری بکەی.




پەیکەری ئیبن سینا لە قونیەی تورکیا کە بەرزیەکەی ٧ مەترە

## ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکانی فیلمی (پزیشك[1])

### كورته‌یه‌ك له‌سه‌ر فیلمه‌كه:

ئه‌م فیلمه‌ به‌رهه‌می ساڵی (٢٠١٣)یه و له‌بنه‌ره‌تدا ڕۆمانی (نوح گوردن)ه، كه له ساڵانی(١٩٨٦-١٩٨٧)ز بڵاوی كردۆته‌وه، له‌ده‌رهێنانی (فیلیپ ئیشتولتسل)ه، فیلمه‌كه باس له ژیانی كوڕێك ده‌كات به‌ناوی: (ڕۆب كول) كه‌له ئینگلستان ده‌ژی، پاش ئه‌وه‌ی دایكی به‌نه‌خۆشییه‌كی هه‌ناوی ده‌مرێ و هیچ كه‌سێ ناتوانێ ده‌رمانی




بكات، چونكه له‌ته‌واوی ناوچه‌كه‌دا، ته‌نها ئارایشتگه‌رێك، یان سه‌رتاشێك هه‌یه، كه كه‌مێك چاره‌سه‌ری سروشتی بزانێ، ئه‌ویش له‌ترسی پیاوانی ئایینی زۆرجار

---

(١) سود لەم سەرچاوانە بینراوە: سميرة الجبوري: الدولة السلجوقية منذ قيامها. أحمد عيسى: تأريخ البيمارستانات في الاسلام. ابن الاثير: الكامل، ج٨. ويكيبيديا. فيلمی "الطبيب" (٢:٣٥:٠٦)

چارەسەرەكانی دەشارێتەوە، ئەم كوڕە پاش ئەوەی دایكی دەمرێ دەچێتە لای ئەم پیاوەو فێری كارەكەی دەبێت، بەڵام دواتر ئەم پیاوە توشی نەخۆشی ئاوی چاو دەبێ و، دەیبەنە لای پزیشكانی یەهودی و لەوێ چارەسەری دەكەن، ئەمەش دەرفەتێك دەبێ بۆ (ڕۆب)، كە ئاشنا بێت بە ناوی (ئیبن سینا)، ئەویش پاش ئەوەی نەخشەی جیهانی پیشان ئەدەن و بە (ڕۆب) دەڵێن: باشترین پزیشكیی دونیا لە ئەسفهانەو ناوی: (ئیبن سینا)یە، بۆیە ئەویش بەو حەزەوە ڕودەكاتە خۆرهەڵات و لەوێ فێری زانستی پزیشكیی دەبێت، تاوەكو ئەسفەهان لەلایەن (سەلجوقیەكان)ەوە دەگیرێت و ئەویش دەگەڕێتەوە (ئینگلستان) و لەوێ دەست دەكات بەچارەسەركردنی خەڵكی.

## ڕاستكردنەوەی هەڵەكان

### هەڵەی یەكەم:

سەرەتای فیلمەكە دەنوسێ: (ئینگلستان ساڵی ١٠٢١ز) كانی خەڵوزی لێیە! ئەمە جگە لەوەی نمایش كردنێكە، بۆ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئەوە لەمێشكی بینەردا دروست بكات، كە ئینگلیز خاوەنی شۆڕشی پیشەسازیە، هیچێكی تر نییە، ئەسڵەن ئەو كانی خەڵوزە، هیچ پەیوەندیەكی بە فیلمەكەوە نییە.

### هەڵەی دووەم: (٢٦:٥٥)

پاش ئەوەی بەخێوكەرەكەی (ڕۆب) توشی نەخۆشی ئاوی سپی چاو دەبێت، دەیبەنە لای پزیشكانی یەهودی و، ئەوانیش لەڕێگای دەرزیەوە ئاوە



پزیشكی یەهودی ناو فیلمەكە



موسڵی پزیشك

سپیەکەی چاوی لادەبەن!! بەڵام بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ئەوەی ئاوی سپی لەڕێگای دەرزیەوە لە چاودا لابردووە، پزیشکیی موسڵمان عەمماری موسڵی بووە ئەمەش بەشایەتی هەردوو ڕۆژهەڵاتناس: (مایرهۆف و هیرشبۆرگ) کە دەڵێن: "عەممار موسڵی لە پێشەنگان و پسپۆرانی پزیشکیی چاوە، کە توانی ئاوی سپی زیانبەخشی چاو لەڕێگای دەرزیەوە لابەرێت، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە مەترسیەکان لەسەر چاو دروست ببێت".

ئەم زانایە لەساڵی (۱۰۱۰)ز وەفاتی کردووە، واتە بەپێی فیلمەکە بەر لەوەی (رۆب کول) لەدایك ببێت! ئەی بۆچی ئاماژەیەك بەو داهێنانە ناکەن، کە بەرهەمی ئەو زانا گەورەیە!!



نەخشەی ناو فیلمەکە



نەخشەکەی ئیدریسی

**هەڵەی سێیەم: (٣١:١٥)**

کاتێ (ڕۆب) لەلای پزیشکە یەهودیەکانە، ئەوان دمیبەنە ژوری ئەرشیف و کاری خۆیانەوەو لەوێ نەخشەیەکی پیشان دەدەن، کە نەخشەکەی زانای گەورەی موسڵمان (ئیدریسی)یە، ئەم زانایە لەساڵی (١٠٩٩)ز لەدایکبووە.

فیلمەکە بەپێی ڕوداوەکان، باسی (١٠٢١-١٠٥٠)ز دەکات، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، نەخشەیەك پیشان دەدات، کە هی زانا (ئیدریسیە)، کە دوای چەندین ساڵ ئینجا لەدایکبووە.

**هەڵەی چوارەم: (٣١:١١)**

کاتێ (ڕۆب) بە یەهودیەکە دەڵێ: چۆن بگەمە لای (ئیبن سینا)، ئەویش ناونیشانی شێوازی ڕۆیشتنەکەی پێدەڵێت و ناوی (ئەمریکا) دێنێت!! لەکاتێکدا ئەمریکا لەناوی (ئەمریکۆس)ەوە هاتووە، کە لەساڵی (١٥٠١)ز چووە ئەمریکا!! شتێکی یەکجار نامەنتقییە.

**هەڵەی پێنجەم: (٣١:٢٠)**

یەهودیەکە دەڵێ: پاش ئەوەی گەیشتیتە (ئەسفەهان) و لای (ئیبن سینا) دەکوژرێیت! ڕۆبیش دەڵێ: لەبەرچی؟

یەهودییەکەش دەڵێ: چونکە خودایەکی تر دەپەرستی، مەسیحیەکانی ئەوێ ڕۆیشتون، بەڵام ئێمەی یەهودی لەگەڵیاندا دەژین.

ئەمەش شتێکی زۆر نامەنتقییە، کە قابیلی قبوڵ نییە، چونکە بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی بە حوکمە جیاوازەکانییەوە، بەوانەشی کە ئینحرافی بوون و لادەریش بوون، جێگای هەموو ئایینزا جیاوازەکانی تێدا بۆتەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەم سەردەمە، کە دەسەڵاتی (بومیهیە) تەنانەت شەڕی خاچیەکانیشیان ڕاگرت و ناوچەکانیان پێدانەوە تا ئەو کاتەی سەلجوقیەکان هاتن، بۆیە ئەمە شتێکی یەکجار دوورە لەمێژووەوە، کە مەسیحی لە جیهانی ئیسلامیدا جێگای نەبۆتەوە. وەکو کابرای یەهودی دەڵێت؛چونکە ئەوەی هەیە لە مێژووی ئیسلامیدا لەدەورانی

یەکەمی عەباسی، زۆربەی وەرگێڕەکانی خانەی (حیکمەت) لە مەسیحیەکان بوون و زۆربەی پزیشکەکانیشیان بەهەمان شێوە مەسیحی بوون و تەنانەت پزیشکیی خەلیفەکانیش زۆربەیان مەسیحی بوون، ڕۆژێك لەڕۆژان بەزۆر نەکراونەتە موسڵمان، یان بکوژرێن بەتاوانی ئەوەی موسڵمان نین، بەڵکو نوسەر دەیەوێ، ئەو جیاوازی و قبوڵ نەبونەی لەئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو بگوازێتەوە بۆ جیهانی ئیسلامی، کە مەسیحیەکان موسڵمانەکانیان هەڵدەواسی و پارچەپارچەیان دەکردن و دەیان سوتاندن، پاشانیش ئەم پزیشکە لە ئەندەلوس کە لەو کاتەدا بەسەردەمی زێرین دەژمێرێ، بۆچی لەوێ فێری پزیشکیی نابێت و ئەو هەموو ڕێگایە دەبڕێت، لەکاتێکدا لە (ئەندەلوس) بەدەیان پزیشکیی گەورە هەبون؟!

بۆیە پێم وایە: نوسەر ئەوەندەی دەیەوێ تانە بدات لە مێژووی ئیسلام، ئەوەندە مەبەستی نیشاندانی شارستانییەتەکە نییە.

**هەڵەی شەشەم: (٤٢:٠٠)**

**ئایا سەلجوقیەکان وێران کەر بون؟**

بێگومان، چ نوسەر، چ دەرهێنەر، وێنایەکی هەڵە و خوێندنەوەیەکی سەقەتیان بۆ مێژووی دەوڵەتی سەلجوقی هەیە، چونکە سەلجوقیەکان سەردەمەکەیان بەسەردەمی (بیمارستانەکان) ناودەبرێ و، گرنگیەکی یەکجار زۆریان بەکردنەوەی نەخۆشخانە داوە، ئەی خێرە شاری (ئەسفەهان) دەڕوخێنن و، کاولی دەکەن و ئاگری پێوە دەنێن و، قوتابخانەکەی (ئبن سینا)ش دەسوتێنن؟! لەکاتێکدا ئەم شارە دوای ئەوەی ئازاد دەکرێ، لەلایەن سەرکردەی موسڵمانان (توغرول بەگ)ەوە دەکرێتە پایتەختی دەوڵەتەکە!

دیمەنێکی گفتوگۆی نێوان (توغرول بەگ)ی سەلجوقیتان بۆ دێنمەوە، کە لەگەڵ (باباتاهیر)دا کەوتە گفتوگۆ، پێش گرتنی شاری بەغداد، ئەمەش دوابەدوای گرتنی هەمەدان و ئەسفەهان دێت، ئەوەبوو کاتێك (توغرول بەگ) بەلەشکرەوە بەرەو شاری بەغدا هات بۆ گرتنی، لە (هەمەدان) چاوی کەوت بە دەروێشی دەست لەدونیا شۆردوی گۆشەنشین: (باباتاهیری عوریان)، ئەم گفتوگۆیە ڕویدا:

باباتاهیر وتی: "ئەی پیاو! دەتەوێت چی بەم بەندەی خودانە بکەیت؟
سوڵتانیش وتی: ئەوەی تۆ بفەرمویت.
باباتاهیر وتی: ئەوە بکە، کە خوا دەفەرموێت: "ان الله يأمر بالعدل و الإحسان"
سوڵتان گریاو وتی: دڵنیابە کەوا دەکەم.

**ئایا سەلجوقیەکان تەنها تورك بون؟**

بێگومان نەخێر، سەلجوقیەکان دەنگێکی نارەزایی بوون پاش رەگەزی تورك رەگەزی کورد زۆرینە بووە تێیاندا، پاشانیش رەگەزە جۆراوجۆرەکانی تری وەکو عەرەب و دەیلەمی و... هەربۆیە ناکرێ وا وێنایان بکرێ، کە هێزێکی رەگەزپەرستی توندڕەو بوون و ئامانجیان سەپاندنی هێز و رەگەزی خۆیان بوبێت.

**ئایا هاتنی سەلجوقیەکان بۆ گرتنی (ئەسفەهان) کەی بووە؟**

هەڵەیەکی دی زەقی ئەم نوسەر و دەرهێنەرە ئەوەیە، کە رووداوە مێژووییەکانیان وەکو خۆیان نەگواستۆتەوە، گرتنی شاری (ئەسفەهان) ساڵی (١٠٥٠)ز بووە، وەفاتی (ئیبن سینا)، کە بەهۆی نەخۆشییەوە وەفاتی کردووە، لە (١٠٣٧)ز بووە، واتە رۆب کاتێ ئیبن سینا مردووە (١٦)ساڵ بووە، دەبێ چەند ساڵ خوێندبێتی!! هەربۆیە ماوەکەی درێژکردۆتەوە کە ئەمە لەگەڵ تەمەنی (ئیبن سینا)دا ناگونجێ چونکە ئیبن سینا بەچەند ساڵێك پێش هاتنی سەلجوقیەکان بۆ ئەسفەهان وەفاتی کردووە، کە لەلایەن: (عەلائولدەولە موحەممەدی بومیهیەوە) لەهەمەدان بەرێزەوە بەخاك سپێردراوە.

**ئایا پەیوەندی لەنێوان سەلجوقی و رافیزەکانی ئەوێدا هەبووە؟**

هەڵەیەکی دیکەی ئەم فیلمە ئەوەیە: رافیزەکانی شیعە، پشتیوانی لە سەلجوقیە سوننە مەزهەبەکان دەکەن، لەکاتێکدا بومیهییەکان بۆ خۆیان شیعە مەزهەب بوون، ناکرێ دەسەڵاتێکی شیعە مەزهەبی، لەلایەن زانایانی مەزهەبی خۆیانەوە پشتیان تێبکرێ و پشتیوانی لەهێزێکی سوننی بکەن!

**هه‌ڵه‌ی حه‌وته‌م: (٥٢:٥٩) دیمه‌نی سوجده بردن :**

ئه‌م دیمه‌نه زۆر دوباره ده‌كرێته‌وه چ بۆ میری بوەیهی عه‌لائولده‌وله و چ بۆمیری سه‌لجوقی توغروڵ به‌گ، له‌كاتێكدا له دینی ئیسلامدا به‌هه‌موو فیره‌ق و مه‌زهه‌به‌كانه‌وه سوجده بردن بۆ غه‌یری خوا له گوناهه گه‌وره‌كانه و كارێكی نه‌شیاوه، ئه‌مه‌ش بۆ نه‌زانی نوسه‌ر و ده‌رهێنه‌ری فیلمه‌كه ده‌گه‌ڕێته‌وه، كه هیچ زانیاریه‌كی به‌رامبه‌ر مێژووی موسڵمانان نه‌بووه.

**هه‌ڵه‌ی هه‌شته‌م: (٥٨:٥٣)**

نیشاندانی نه‌جمه‌ی (داود) له‌سه‌ر گه‌ڕه‌كی یه‌هودیه‌كان، ئه‌مه‌ش له‌ڕووی مێژوویه‌وه شتێكی هه‌ڵه‌یه، چونكه ئه‌م نه‌جمه‌یه، گوایه: هی پێغه‌مبه‌ر داود بووه، به‌ڵام بۆ یه‌كه‌مجار وه‌كو ڕه‌مز به‌كارهێنرا بێت بۆ یه‌هودی، ساڵی (١٠١٠)ز بووه له‌سه‌ر كتێبی پیرۆز دانرا، پاشانیش له‌سه‌رده‌می (شارلزی چوارەم ١٣١٦-١٣٧٨)ز، له‌وڵاتدا وه‌كو هێمایه‌ك بۆ یه‌هودیه‌ت به‌كارهێنرا، ئه‌مه‌ش له‌گه‌ڵ فیلمه‌كه‌دا نزیكه‌ی (دووسه‌ده‌و نیو) جیاوازی هه‌یه.

**هه‌ڵه‌ی نۆیه‌م: چه‌ند دیمه‌نێكی نه‌شیاو و ناته‌با له‌گه‌ڵ مێژوو و دابی موسڵمانانی تێدایه، له‌وانه:**

١- (١:٠٠:١٠)

(كه‌ریم)، كه قوتابیه‌كی موسڵمانی ده‌وڵه‌مه‌نده و له قوتابخانه‌كه‌ی (ئیبن سینا) ده‌خوێنێت، چوار كۆیله هه‌ڵیانگرتووه و ده‌یبه‌ن به‌ڕێگادا، به‌ڵێ كۆیله له مێژووی ئیسلامیدا ماوه، به‌ڵام هه‌رگیز سوكایه‌تی پێكردنی ڕه‌وا نه‌بووه و، به‌هیچ شێوازێك نه‌توانراوه كاری به‌و جۆره‌ی پێبكرێت.

٢- (١:٠٣:٠٥)

به ئاشكرا مه‌ی ده‌خورێته‌وه و شه‌ڕاب ده‌گێڕدرێ و، شوێنی گه‌عده و ڕابواردن هه‌یه و، له كۆڵانه‌كاندا ئافره‌تانی زیناكار ڕاوه‌ستاون، ئه‌مه‌ش دوباره له واقیعیه‌تی مێژووی ئه‌و كاته به‌دووره‌و وێنای خه‌یاڵاتی ڕۆژهه‌ڵاتناسه‌كانی خۆیانه، بۆ خۆرهه‌ڵات و جیهانی ئیسلامی.

٣- (ئیبن سینا) و كەسە موسڵمانەكان بەجۆرێك هەڵسوكەوت دەكەن، كە دەڵێی هیچ جۆرە ئایینێكیان نییە و، پابەند نین بە هیچ جۆرە نەهی و مونكەرێكەوە.

**٤- له دیمەنی (١:٢٣:٢٢)** ئەو كچەی ڕۆب خۆشی دەوێ لە حەوزی ماڵەوەدا كەوتووە و لێوەكانی مۆربون و سەرئاو كەوتووە، كەچی هەر كە ڕۆب هەڵیدەگرێ زیندووە!!

## هەڵەی دەیەم:

چەند كارێكی ئیبن سینا دەبنە پاڵەوانی (ڕۆب) (كارەكتەری سەرەكی فیلمەكە، كە هیچ پەیوەندیەكی نییە لەڕاستیدا بە ژیانی (ئیبن سینا)وە، چونكە ئەم زانایە لەگەڵ قوتابیەكەی (ئەبو عوبێدا) بووە و یارمەتی دەری بووە، لە نوسینی زۆرێك لە كتێبەكانیدا):

١- چارەسەركردنی نەخۆشی تاعون

٢- توێكاری جەستەی مرۆڤ و كێشانی لەسەر لاپەرە.

٣- نەشتەرگەری كردنی پاشای وڵات و، بێ دەسەڵاتی (ئیبن سینا) لەبەرامبەر زیرەكی ئەم لاوە (١٦)ساڵەدا.

لە كۆتاییدا دەگەینە ئەوەی: ئەم فیلمە تەواو بەسروشتێكی تەعەسوبانە نوسراوە، كە تێیدا شتە زۆر دەگمەن و كەم باوەكان زەق كراونەتەوە و، لایەنی دینداری و دینپەروەری و میوان دۆستی و خۆشگوزەرانی موسڵمانانی نەخوێندۆتەوە و نیشانی نەداوە، بەڵام هەوڵی داوە تاریكستانی خۆیان لەسەدەكانی ناوەڕاستدا زۆر بەرتەسك بكاتەوە و ماوەكەشی زۆر كورت بكاتەوە، چونكە وەك دەزانین دەورانی (ئیبن سینا) هێشتا نیوەی سەدەكانی ناوەڕاستە و، ئەوروپا تا چەندین سەدەی تریش هەر لە تاریكیدا مانەوە.

## كۆتـــایی ژیـــانی :

شێخی گەورە بەخۆشەویستیەوە ژیا، بەڵام خۆری ژیانی بەرەو ئاوارەبون ڕۆیشت و ڕیش و سەری سپی بوو، وەك بۆخۆی لەشیعرێكدا دەنوسێ:

**تنفس في عذارك صبح شيب وعسعـس ليله، فكم التهابي؟**

شبابك كان شيطانا مريدا	فرجم من شيبك بالشهاب

هه‌روه‌ها ده‌ڵێ:

هو الشيب لابد منه وخطـه	فعرضه، واخضبه، وأوغطـه

أؤ قلقك الطل من و بلـــه؟	جزعت من البحر في شطه!

یاخود ده‌ڵێ:


الشيب يوعد والأيام واعدة	والمرء يفتر، والأيام تنصرم

شێخی گه‌وره‌ له‌ كۆتایی ته‌مه‌نیدا نه‌خۆش كه‌وت و له‌جێگا كه‌وت، هه‌ربۆیه‌ له‌لایه‌ن پزیشكانی ئه‌سفه‌هانه‌وه‌ هه‌وڵی چاره‌سه‌ری درا، به‌ڵام جگه‌ له‌خراپتر كردنی حاڵی، هیچی دیكه‌یان له‌ده‌ست نه‌هات، تاوه‌كو رۆژی هه‌ینی یه‌كی ڕه‌مه‌زانی ساڵی (٤٢٨ك) له‌دوای نوێژی ئێواره‌ گیانی له‌ده‌ستدا و چووه‌وه‌ باره‌گای خوا، دواتر جه‌سته‌كه‌یان كفن و دفن كرد و، له‌لایه‌ن ئه‌میری ئه‌سفهان: (عه‌لائولده‌وله‌) و سوپاكه‌یه‌وه‌ له‌ ڕێوڕه‌سمێكی شایسته‌دا جه‌سته‌یان له‌سه‌ر چیای (هه‌مه‌دان) ناشت[1].



---

(١) بڕوانه: د. طه عبدالمقصود عبدالحميد أبوعبية: الحضارة الإسلامية ج١/ ص٣٢٩. د.أرشيد يوسف بن أرشيد: الحضارة الإسلامية، ص٢٥٨. فؤاد حمدو الدقس: الشيخ الرئيس إبن سينا، ص١٦.



نوسخه‌ی لاتینی کتێبی "یاساکانی پزیشکی"ی ئیبن سینا. که‌ مێژووه‌که‌ی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ١٤٨٤ز و پارێزراوه‌ له‌کتێبخانه‌ی "نیکسونی پزیشکی مێژوویی" له‌زانکۆی ته‌کساس" که‌ بنکه‌ی زانسته‌ ته‌ندروستیه‌کانه‌ له‌ سان ئه‌نتۆنیۆی ویلایه‌ته‌ یه‌کگرتووه‌کانی ئه‌مریکا"



نوسخه‌یه‌کی کۆنی کتێبه‌که‌ به‌ زمانی فارسی له‌گلکۆی ئیبن سینا له‌ هه‌مه‌دان



وێنه‌ی ده‌ستنوسی کتێبه‌که‌

## وێنەی جیاوازی ئیبن سینا لەسەر پولی پۆستەی وڵاتان


















# ئەبوبەکری ڕازی

## (٢٥٠-٣١١ك/ ٨٦٤-٩٢٣ز)



(زیگرید هونکە) دەڵێ: "(ڕازی) باوکە گەورەی هەموو پزیشکانی جیهانە"

## (ڕازی) کێیــە؟!

مێژوونوسان هەمویان لەسەر ئەوە کۆکن، کە (ڕازی) لەپێشەنگی پزیشکانی شارستانییەتی ئیسلامیە، هەربۆیە نازناوی: (باوکی پزیشکی)یان لێناوە و (زەرکەل)یش بەداهێنەری زانستی پزیشکیی دادەنێت، لەجیهانی ئیسلامیدا[1]؛ چونکە بەڕاستی لەو بوارەدا ئەو بووە قوتابخانەیەك، لەڕۆژئاواش بە: (جالینۆسی عەرەب)دەناسرێت[2] و بەشانازییەوە باس لە داهێنان و شارەزاییەکانی لەبواری پزیشکیدا دەکەن و، دەیخەنە ڕیزی باوکانی پزیشکییەوە و دەبێتە یەکێك لە چوار باوکەکەی زانستی پزیشکی، وەك مێژوونوسی ئینگلیزی و پسپۆڕی مێژووی پزیشکیی: (ولیەم ئۆسلەر) دەڵێ:"پزیشکیی ون بوو، (بوقرات) بەدەستی هێنایەوە. مردبوو، (جالینۆس) زیندووی کردەوە، پرش و بڵاو و تێکەڵ بوو، (ڕازی) کۆی کردەوە. ناتەواو بوو، (ئیبن سینا) کامڵ و تەواوی کرد".

سەبارەت بە دانپێدانانەکانی ئەم زانایە لەلایەن مێژوونوسان و پسپۆڕانی بواری زانستی پزیشکیی چەندین نازناویان لێناوە، لەوانە هەندێك لە مێژوونوسان دەڵێن: "بەهێزترین پزیشکیی سەدەکانی ناوەڕاست بووە". هەندێکی دیکەش دەڵێن: "باوکی پزیشکیی عەرەبیە، ئەمەیان زیاتر، تاوەکو سەدەی (١٧ز) بڵاوبوو بەهۆی بەربڵاوی زمانی عەرەبیەوە، لە نازناوە نوێکانیشی: (پزیشکیی موسڵمانە)، (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) و زانایانی خۆرئاواش بە (جالینۆسی عەرەب" دەیناسێنن[3].

ناوی تەواوی: (ئەبوبەکر موحەممەد کوڕی زەکەریای ڕازی)یە، لەناوچەی (ڕەی[4]/خۆراسان) لەوڵاتی فارس لەساڵی (٢٥٠ك/٨٦٤ ز) لەدایك بووە، نازناوی (ڕازی) هاوتای ناوی (ڕەی)یە، ئەم شارە لەدەورانی عەباسییەکاندا و بەتایبەتی

---

(١) ابن أبي أصيبعة: عيون الأنباء، ج٢/ ص٣٥١.

(٢) الزركلي: الأعلام، ج٦/ص٣٤٢.

(٣) أ.د.صبري الدمرداش: أبوبكر الرازي، ص١٩.

(٤) (ڕەی) دەکەوێتە دووری (٥میل/ ٦کم) لەباشوری ڕۆژهەڵاتی تارانەوە. موسڵمانەکان لەنێوان ساڵانی (١٨- ٢٤ك/ ٦٣٩- ٦٤٤ز) فەتحیانکرد.

لە دەورەی یەكەمی عەباسیدا، بوژانەوەیەكی گەورەی بەخۆیەوە بینی، چەندین مزگەوت و نەخۆشخانەی تێدا دروستكرا.

(ڕازی) هەر لەسەرەتاوە خاوەنی بیروهۆشێكی فراوان بوو، حەزێكی زۆری لەفێربوونی زانست بوو، بۆیە لەماوەی ژیانیدا دەبینین، زۆربەی زانستەكانی تاقیكردۆتەوە، سەرەتا ڕویكردە فێربونی شیعر و مۆسیقا، كە بەچەندان بەیتە شیعری جوانی دارِشت و دواتر بەئاوازەوە ئەیچڕین، بەعودەكەشی مۆسیقای لەگەڵدا دەژەنی، بەڵام پاشتر ڕوی كردە پزیشكیی و فەلسەفە، پاشانیش بوارەكانی تری وەكو: (كیمیا و گەردوونناسی و ئەندازیاری)، تاوەكو تەمەنی بووە (٤٠ساڵ)، ئیتر بۆ بواری پزیشكیی خۆی یەكلایی كردەوە.

## كەسێتی و ڕەوشتی:

(ڕازی)، كەسێكی هێمن و لەسەرخۆ و ئارام بوو، هەمیشە هیوا و ئومێدی دەبەخشیە نەخۆشەكانی و، لەهەموو كەس زیاتر گرنگی دەدایە هەست و دڵ و دەروونی نەخۆش، ئەمەش وای لێكرد، كەوا كتێبی: (الطب الروحانی) بنوسێت، هەروەها قوتابیەكانیشی هان ئەدا كەوا مامەڵەیان لەگەڵ نەخۆشدا جوان بێت و ڕەچاوی كەسانی هەژار بكەن و هاوكاری و كۆمەكیان بكەن، جگە لەمەش ئەوتریَ: كەوا لەو موچەیەی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی ئەدرا بەشێكی دەبەخشیە هەژاران و مانگانە پارەی پێدەدان، تاوەكو كەمێك لەئێش و ئازارەكانیان سارێژ بكات، هەمیشە قوتابیەكانیشی ئاگادار دەكردەوە، كە هەڵسوكەوتیان جوان بێت بەرامبەر بەهەژارەكان،



بەو شێوەیە هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكەن، كە لەگەڵ ئەمیر و دەسەڵاتدارەكاندا دەیكەن، هەر بۆیە بیری لەداهێنانی كتێبێكی دی كردەوە بەناوی: (الطب الفقراء)

كه تێیدا باس له چۆنییەتی نەخۆشییەكانی هەژاران دەكات و پێداویستیەكانی چارەسەركردن و چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵیاندا ڕون دەكاتەوە.

سەبارەت بەڕەوشت و پایەی پزیشك لەكۆمەڵگادا و، ڕونكردنەوەی چۆنییەتی ڕەفتار و هەڵسوكەوتی، كتێبی: (أخلاق الطبيب)ی نوسی[1].

(د. راغب السرجاني) لەبارەیەوە دەڵێ: "(ڕازی) بەتەنها پزیشك نەبوو، بەتەنها مامۆستایەك نەبوو، بەڵكو داهێنەر و پێشەنگێكی ئەخلاقی دیندارانە بوو، بەتەواوی ماناكانی مرۆڤ بوون، مرۆڤ بوو، بەشێوەیەك بەتەنها خۆی توانی شارستانییەتێك بەرپا بكات بەهۆی بونی ئەو مرۆڤایەتی بونەی، كه لەتەواوی بوارەكانی ژیانیدا ڕەنگی دابۆوە[2]".

## هەوڵەكانی بەرەو زانست:

ڕازی هەر لەمنداڵیەوە حەزی بەزانست و دانیشتنی زانایان كردووە و چۆتە قوتابخانە لەوڵاتەكەی خۆی و زانستە شەرعی و پزیشكیی و فەلسەفیەكانی خوێندووە[3]، بەڵام زانستەكەی ئەوێ بەتەنها تینوێتی نەشكاند لەگەڵ ئەوەی ئەو سەردەم (ڕەی) بەزۆری زانست و زانایان ناسرابوو،



كه زۆربەیی زانستەكانی ئەو كاتی تێدا دەخوێندرا، ئەوەبوو ڕوی كردە پایتەختی خیلافەتی عەباسی (بەغداد)، لەوێ زیاتر ڕوی كردە زانستی پزیشكیی و، بۆ ئەم مەبەستەش چووە لای زانایانی ئەو بوارە، یەكەم مامۆستاشی: (عەلی كوڕی

---

(١) عامر البخار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية، ص١١٥.

(٢) قصة العلوم، ص١٩٠.

(٣) إبن أبي أصيبعة: طبقات الأطباء، ص٦٣.

ڕه‌به‌نی ته‌به‌ری) بوو، كه خاوه‌نی یه‌كه‌م مه‌وسوعه‌ی پزیشكیی جیهانییه[1].

(دكتۆر ئیسماعیل ڕاجی) و (دكتۆر لوس لمیاء) له كتێبی: (أطلس الحضارة الإسلامية)دا نوسیویانه: "ڕازی سه‌ره‌تای زانستی به‌مۆسیقاو عود ژه‌نین و شیعر نوسین ده‌ستپێكرد، پاشان له‌دوای ته‌مه‌نی (٤٠) ساڵیه‌وه به‌ته‌واوی ڕوی كرده زانستی پزیشكی[2]".

گێڕانه‌وه‌كان ده‌ڵێن: هۆكاری ڕۆیشتنی (ڕازی) بۆ به‌غداد، به‌هۆی كتێبی (صناعه الكيمياء)ه‌وه بووه، كاتێ (ڕازی) ئه‌م كتێبه‌ی نوسی و پێشكه‌شی ئه‌میری خۆراسان: (مه‌نصوری كوڕی ئیسحاقی) كرد، مه‌نصور زۆر سه‌رسام بوو به‌كتێبه‌كه‌ی و ده‌ستخۆشی لێكرد و، بڕی (١٠٠٠) دیناری پێ به‌خشی، پاشان گفتوگۆیه‌ك له‌نێوانیاندا دروست بوو:

- مه‌نصوری كوڕی ئیسحاق: ئایا ده‌توانی ئه‌و شتانه‌ی له‌كتێبه‌كه‌تدا باست لێوه‌كردون، به‌كردار ئه‌نجامیان بده‌یت؟!

- ڕازی: پێویستیم به‌ئامێر و كه‌ره‌سته و پێداویستی باش هه‌یه، بۆخۆشم ئه‌و توانایه‌م نییه تاوه‌كو به‌ده‌ستیان بێنم.

- مه‌نصور كوڕی ئیسحاق: ئه‌گه‌ر هه‌موو شته‌كانت بۆ ده‌سته‌به‌ر بكه‌م، ده‌توانی نوسینه‌كانت بكه‌یته كردار؟

- ڕازی: به‌ڵێ.

ئه‌میر فه‌رمانیدا به‌ڕێكخستنی كارگه‌یه‌كی كیمیایی و ده‌سته‌به‌ركردنی هه‌موو ئه‌و پێداویستیانه‌ی، كه (ڕازی) داوای ده‌كردن، ئینجا به(ڕازی) وت، كه‌وا ده‌ست به‌كاربێت و ئه‌و به‌ڵێنه‌ی، كه داویه‌تی، به‌جێی بێنێت.

---

(١) بڕوانه: د. راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، ص١٩٣. د.إسماعيل راجي الفاروقي- د. لوس لمياء الفاروقي:أطلس الحضارة الإسلامية،ص٤٦٨.

(٢) م.س، ص٤٦٩.



به‌ڵام (ڕازی) بۆ ئه‌وه‌ی بیرۆكه‌كانی بخاته بواری جێبه‌جێكردنه‌وه، پێویستی به‌چه‌ندجار تاقیكردنه‌وه و هه‌بوو، تاوه‌كو ئه‌نجامێكی دروست و باش به‌ده‌ست بهێنێت، به‌ڵام ئه‌م هه‌واڵه گه‌یشته‌وه به‌ئه‌میر، ئه‌ویش فه‌رمانیدا، كه‌وا (ڕازی) ده‌ست به‌سه‌ر بكه‌ن و بیهێنن بۆ كۆشك، كاتێ هێنایانه به‌رده‌م ئه‌میر، زۆر به‌تووڕه‌ییه‌وه پێی وت:

- تۆ حه‌كیمیت!! حه‌كیم چۆن ده‌بێت درۆ بكات؟

تۆ شیاوی ئه‌و (١٠٠٠) دیناره‌ش نه‌بویت، كارێك، كه بۆت ئه‌نجام نادرێت، بۆچی ده‌ڵێیت ده‌توانم؟!

سه‌ربازه‌كان! ئاده‌ی حه‌دی (سزا)ی درۆكردنی لێبده‌ن، ئه‌وانیش ئه‌و كتێبه‌ی كه نوسیبوی هێنایان و ئه‌وه‌نده كێشایان به‌سه‌ریدا، تاوه‌كو سه‌ری شكا.

هه‌ندێك له گێڕه‌وه‌كانیش ده‌ڵێن: هۆی زوو دابه‌زینی ئاوی چاوی و، پاشان كوێر بونی به‌هۆی ئه‌و پیاكێشانه‌وه بووه، كه له‌سه‌ری درا، ئه‌وه‌بوو دوای ده‌رچونی له كۆشك، ڕوی كرده (به‌غداد) و چووه لای پزیشكانی ئه‌وێ و زانستی كیمیای فه‌رامۆشكرد[1].

---

(١) إبن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢/ ص١٩٤. عبدالمنعم الهاشمي: العلماء و العباقرة المسلمون، ص١٩٢-١٩٣.

بەڵام لەڕاستیدا، ئەم گێڕانەوەیە دوورە لە ڕاستیەوە، هیچ بنەمایەكی مێژوویی نییە، ئەوانەش كەوا تۆماریان كردووە، وەكو دەقێكی مێژوویی نەیان هێناوە، بەڵكو وەكو بەسەرهات (چیرۆك) باسیان لێوەكردووە، ئەوەی نوسرابێت لەبارەی گەشتەكانی (ڕازی)یەوە بەم شێوەیە نوسراوە:

لەتەمەنی گەنجیدا بوو ڕوی كردە (بەغداد) و دەستیكرد بەخوێندنی دەرسە پزیشكیەكان لای زانا شارەزاكانی بواری پزیشكیی، پاش تەواوكردنیشی لەسەر داوا و بانگێشتی ئەمیری (ڕەی) مەنصوری كوڕی ئیسحاق گەڕایەوە (ڕەی) و لەوێ كرایە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی (ڕەی)، لەم ماوەیەدا بوو كتێبی: (المنصوری) دانا و نوسخەیەكی وەكو دیاری بەخشیە ئەمیر، پاش ماوەیەك مانەوەی لەوێ بۆ جاری دووەم چۆتەوە بەغداد و كراوەتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی موعتەزد كە خەلیفە موعتەزد بنیاتی ناوبوو.

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەوەدا بەهەڵەدا چووە، كە دەڵێ: (ڕازی) چۆتە نەخۆشخانەی (عەزدی)، كە لەلایەن (عەزدولدەولەی) دەیلەمی یەوە دروستكراوە و دەكەوێتە لای ڕۆژئاوای بەغدادەوە، چونكە ئەو نەخۆشخانەیە لەساڵی (٣٦٨ك) تەواوكرا، ئەو كاتەش ماوەیەكی زۆر بەسەر مردنی (ڕازی)دا تێپەڕی بوو، پاشانیش لەسەر داوای خەڵكی ناوچەی (ڕەی) دوبارە گەڕایەوە زێدی خۆی و، لەوێ درێژەیدا بەكاری پزیشكێتی.

## دروستكردنی زێڕ!

(ڕازی) وەك لەسەرەتاوە باسمانكرد، سەرەتای كاری، بە ژەنینی عود دەستی پێكرد، پاشان سەرقاڵی كیمیاگەری بوو لە كارگەكەیدا، ڕۆژێكیان گاز بردی و توشی ژەهراوی بوون بوو، بۆیە بردیانە لای پزیشكێكی لێهاتوو و شارەزا و بە (٥٠٠) دینار چارسەری كرد، ئەویش وتویەتی: بەڕاستی ئەم پیشە (ئاڵتون دروستكردنە)!

ڕایەكی دیكەش هەیە لەسەر ڕوكردنە كاری پزیشكیی ئەم زانایە، ئەویش ئەوەیە: هاوڕێیەكی كاری پزیشكیی كردووە، ئەمیش هەستاوە بە ململانێكردنی



به كردنه‌وه‌ی ده‌رمانخانه‌یه‌ك له‌پاڵ كاری پزیشكیه‌كه‌یدا، واته‌: وازی له كیمیا نه‌هێناوه، به‌ڵكو بۆ خزمه‌تی كاره پزیشكیه‌كه‌ی و دروستكردنی ده‌رمان، به‌كاری هێناوه.

له ڕاستیشدا گرنگیدانه‌كانی (ڕازی) به‌بواری فێربون، وایكردووه پێی بڵێین: (ئینسكلۆپیدیای زانسته‌كان)؛چونكه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی توانی پسپۆری و ئه‌زمونێكی ته‌واو، له بواری پزیشكیی و كیمیا و ده‌رمانسازییدا به‌ده‌ست بهێنێت. شاره‌زایه‌كی باشیش بووه، له بواری: فه‌لسه‌فه و بیركاری و گه‌ردونناسی و زانستی ئه‌خلاق و میتافیزیكا و دین و ڕێزمانی عه‌ره‌بی و موسیقادا[1].

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: أبوبكر الرازي، ص١٥-١٦.

## پرۆگرامی ڕازی له بواری پزیشكیدا :

(ڕازی) له بواری پزیشكیدا، خاوه‌نی پرۆگرامێكی زۆر وردی جوان بوو، كه به‌ڵگه‌ی ژیرێتی و ده‌ست ڕه‌نگینی ئه‌م زانایه نیشان ده‌ده‌ن:

**یه‌كه‌م: له‌به‌رچاوگرتنی ماوه‌ی نه‌خۆش.**

هه‌ستان به تۆماركردنی په‌ره‌سه‌ندنی نه‌خۆشییه‌كه‌ی، تاوه‌كو دروست تێبگات، هۆكاری نه‌خۆشی و توشبونه‌كه‌ی چی بووه، تا بتوانێ چاره‌سه‌رێكی باش بداته نه‌خۆشه‌كه‌ی، هه‌روه‌كو چۆن ئێستا ده‌بینین، له‌نێو پزیشكانی ئه‌وروپادا بڵاوه، كه‌وا گرنگیه‌كه‌ی زۆر ده‌ده‌نه قۆناغه‌كانی په‌ره‌سه‌ندنی نه‌خۆشییه‌كه و، وه‌كو تێبینییه‌كی گرنگ له‌به‌رچاوی ده‌گرن، به پاڵپشتی توێكاری جه‌سته‌ی نه‌خۆشه‌كه، چاره‌سه‌رێكی دروست ئه‌دۆزنه‌وه.

**دووه‌م: چاودێری كردنی بارودۆخی نه‌خۆش.**

سه‌ردانیكردنی نه‌خۆش و هه‌واڵ پرسینیان و ده‌رككردن به بارودۆخیان و گۆڕینی جۆری چاره‌سه‌ره‌كان، یه‌كێكی دی بوو له پرۆگرامه جوانه‌كه‌ی (ڕازی).

**سێیه‌م: به‌شداری پێكردنی قوتابیه‌كانی و ڕێنمایی پێدانیان.**

**چواره‌م: لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی و به‌ده‌ستهێنانی ئه‌زموون**

(أ) چیرۆكی دروستكردنی نه‌خۆشخانه‌كه‌ی شاری به‌غداد، كه هه‌ندێك پێیان وایه: له‌لایه‌ن خه‌لیفه (موعته‌زد)ه‌وه بووه و هه‌ندێكی دی پێیان وایه له‌لایه‌ن (عه‌زدولده‌وله‌ی بوهیهی)ه‌وه بووه، ئه‌ویش ئه‌وه بوو، داوای لێكرا باشترین شوێن بۆ نه‌خۆشخانه دیاری بكات، (ڕازی)ش هه‌ستا به تاقیكردنه‌وه‌یه‌ك بۆ ئه‌و مه‌به‌سته، به دانانی پارچه‌یه‌ك گۆشت له ناوچه‌كانی ده‌وروبه‌ری شاری به‌غدادا و به‌جێی هێشت، دوای هه‌فته‌یه‌ك وتی: گۆشتی كامه‌یان كه‌متر خراپ بوبێت و باشتر مابێته‌وه، ئه‌و شوێنه‌یان بۆ نه‌خۆشخانه گونجاوه.

(ب) یەکێکی تر لە کارە نایابەکانی ئەم زانایە، ئەوەبوو، کە تاقیکردنەوە ئەزمونییەکانی خۆی لەبواری پزیشکیدا، سەرەتا لەسەر ئاژەڵەکان تاقی دەکردەوە، ئینجا لەسەر مرۆڤ تاقیدەکردەوە.

(ج) کاتێ چارەسەری نەخۆشی دەکرد، سەرەتا لایەکی نەخۆشەکەی چارەسەر دەکرد، تاوەکو هەست بە جیاوازی لاکەی تری بکات.

**پێنجەم:** شارەزایی و لێهاتوویی لە توێکاری جەستەدا و، ناسینی تەواوی جەستە و بەش و ئەندامەکانی.

**شەشەم:** گرنگیدان بە لایەنی دەروونی نەخۆش و، بەهەند وەرگرتنی کەشی هێمن و ئارام بۆی.

**حەوتەم:** هەمیشە ئاوا سەیری پزیشکێتی دەکرد، کە نهێنی زۆری تێدایە، لە چۆنییەتی چارەسەرکردنی نەخۆشداو، دەبێ هەوڵی بۆ بدات.

**هەشتەم:** دانانی دەستورێك لە چارەسەرکردندا، بۆ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی[1].

## دۆزینەوە و داهێنانەکانی لەبواری پزیشکیدا:

**(ڕازی) خاوەنی چەندین داهێنانی گەورەیە لەزانستی پزیشکیدا:**

- یەکەم کەسە، کە ڕیخۆڵەی ئاژەڵی بۆ دورینەوەی برین بەکارهێناوە، بەتایبەتی ڕیخۆڵەی (پشیلە)، پزیشکان سودیان لەم داهێنانەی ڕازی وەرگرت و بیرۆکەکەشی لەنێو جیهاندا بەشێوەیەك بڵاوبۆوە، کە تاوەکو سەدەی بیستەم ڕیخۆڵەی پشیلە بەکاردەهێنرا لەکاتی دوورینەوەکانی بریندا، چونکە سەلمێنراوە باشترین ڕیخۆڵە، ڕیخۆڵەی پشیلەیە (gut cut)[2].

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: أبوبكر الرازي، ص٣٥-٣٩.

(٢) محمود الحاج القاسم: الموجز لما أضافة العرب في الطب، ص٤٣.



- یەکەم کەس بووە، کە جیاوازی کردووە لەنێوان خوێنبەربونی خوێنبەر (النزیف الشریاني) و خوێنبەربونی خوێنهێنەر (النزیف الوریدی). لەم بارەشەوە وتویەتی: "خوێنبەربونی خوێنبەر، لەڕێگای پەنجەخستنە سەریەوە دەوەستێت، خوێنبەربونی خوێنهێنەریش، لەڕێگای بەستن و پێچانەوەوە".

- یەکێکی دیکە لەدۆزینەوەکانی ئەم زانایە ئەوەیە: لە باسی سێیەمی کتێبی (الحاوی)دا، باس لەنەخۆشی (مالینخۆلیا) دەکات، پاش ئەوەی ڕای هەریەکە لە: (بوقرات) و (جالینۆس) بەدیار دەخات لەبارەی نەخۆشی (مالیخۆلیا)وە، کە پێیان وابوو: (لەئەنجامی دروستبونی ڕێژەیەکی زۆر ڕەشایی لەمێشکدا، یان ئەندامەکانی جەستەدا دروست دەبێت ....)، بەڵام (ڕازی) هات، هۆکاری دروستبونی ئەم نەخۆشییەی بۆ هۆکاری دەرونی گەڕاندەوە چارەسەری بەدەرمان نەکرد، بەڵکو جەختی کردەوە لەسەر کەسی نەخۆش، کە بیربکاتەوە و تەرکیز بکات و هەستەکانی ببزوێنێت، تاوەکو مێشکی بگەڕێتەوە ئاستی

بیرکردنەوەی جارانی، ئەم چارەسەرەی (ڕازی) لەرۆژئاوادا، دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە، ئەوانیش بیریان لەوە کردەوە، کەوا بڕێك لەنەخۆشییەکان پێویستە لەڕێگای دەروونییەوە چارەسەر بکرێن، نەوەکو جەستەیی، هەربۆیە دەتوانین بەم ئاکامە بگەین، کە وەك دکتۆر (عادل عیمرانی، مامۆستای نەفسی لە زانکۆی تونس) دەڵێ: "یەکەم کەسە چارەسەری نەخۆشی نەفسی کردبێت"[١].

- یەکەم کەسە، باسی کرداری دەرهێنانی ئاوی چاوی کردبێ.
- یەکەم کەسە، (ئەفیون)ی وەك چارەسەری دانابێ بۆ حاڵەتی کۆکەی وشك.
- یەکەم کەسە، باسی چۆنییەتی ئامادەکردنی دەرمانەکانی کردبێت.
- یەکەم کەسە، باسی خوێناوی بونی میزی نەخۆشی کردبێ و، زانیاری تەواوی لەسەر هۆکاری توشبونەکەی دەستنیشان کردبێت .
- یەکەم کەسە، جیاوازی کردبێت لەنێوان نەخۆشی: (ئاوولە و سورێژە).
- بەکارهێنانی بەنج بۆ بێ هۆشکردنی نەخۆش.
- بەکارهێنانی هەناسەدانی دەستکرد لەکاتی سەکتەدا.

## لەبواری کیمـیـادا :

(ڕازی) لەسەرەتاکانی زانستی خۆیدا، کارگەیەکی کیمیایی کۆنی هەبوو کەتێیدا ئاڵتونی لەکانزا خاوەکان دروست دەکرد، بەڵام پاش ئەوەی ڕووی کردە زانستی پزیشکیی، کارگە کیمیاییەکەی لەو شێوازە کۆنەوە گۆڕی، بۆ کارگەیەکی تر، تاوەکو دەرمانە پێویستەکانی تێدا بەرهەم بێنێت، بۆ ئەمەش هەستا بە دانانی کتێبێك لەو بارەوە بەناوی: (سر الأسرار)، کە تێیدا باسێکی تەواوەتی دەرمانەکان و شێوازی ئامادەکردنیان و بەکارهێنانیان دەکات[٢]. لەگەڵ ئەمەشدا پەیامێکی لەبارەی دەرمانەکانەوە بەناوی:(الأدویه) نوسی.

---

(١) محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين، ص٣٠٨.

(٢) محمد الصادق عفيفي: تطور الفكر العلمي عند المسلمين، ص١٩١.

بەنمونە: لەو چارەسەرانەی، کە بەکاری دەهێنا: بەکارهێنانی دەرزی بوو بۆ ئیلتهابی میزڵدان، بەتێکەڵکردنی سرکەی گوشاڵك و ئەفیون، کە سرکە وەکو ماددەیەکی پاکژکەرەوە و ئەفیونیش وەکو ماددەیەکی سڕکەر بۆ چارەسەرکردنی برین و تەداوی کردن بەکاری هێنا.

(دکتۆر عاتف عێراقی) لەبارەی پێوانە و ئەندازەگیرییە کیمیاییەکانی (ڕازی) یەوە دەڵێ: "(ڕازی) پێوانەکانی بەڕێژەی ژمارەیی دەکرد، بۆ نمونە: ئەیوت: (١گرام)، (٢گرام)،... بەڵام (کیندی) بەرێژەی ئەندازەیی دەکرد، وەك: یەك، دوو، سێ،...".

(ڕازی) بۆ خزمەتی لایەنە پزیشکیەکەی، سودی لەکیمیا وەرگرت، ئەو کردارە کیمیاییانەی لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا ئەنجامی دەدان، هەمان ئەو تاقیکردنەوانەی ئێستان وەك: (دلۆپاندن، پاڵاوتن، بەرزکردنەوە، شیکردنەوە، ئاوێتەکردن،...)، ئەو پێداویستیە کیمیاییانەی، کە بەکاری دەهێنان بۆ ئەم کارەی، بریتی بوون لە: (شووشە و کەمۆڵەی شووشە و دەفر و بۆڕی پاڵاوتن و دلۆپاندن،...)، هەروەها هەریەکە لە: (سۆدیۆم، کاربۆن، کلۆرید، ئامۆنیۆم، پۆتاسیۆم، ئەلەمنیۆم، سۆلفات، نیترات)ی لەکاتی تاقیکردنەوە کیمیاییەکانیدا بەکار دەبرد.

(ڕازی) پێی وابوو: ئەم دنیایە لە (١٠) شتی سەرەکی پێك هاتووە، ئەوانیش: (دروستکەر، ڕۆح، جەستەکان، ماددەکان، کات، شوێن). سیفەتەکانیش بریتین لە: (خاك، ئاو، هەوا، ئاگر).[١]

**لەم بوارەشدا (ڕازی) چەند دانراوێکی دانا، گرنگترینیان بریتی بوون لەمانە:**

١- التعليمي.

٢- الاثبات.

٣- المدخل البرهاني: لەم کتێبەدا (٢٨) ڕەخنەی لەکتێبی (البرهان)ی (جالینۆس) گرتووە.

---

(١) د.فاضل الطائي: علماء الكيمياء، ص١١٤.

٤- التدبير.
٥- الحجر.
٦- الإكسيد: له (١٠) به‌ش پێكهاتووه.
٧- شرف الضاع و فضلها.
٨- الترتيب.
٩- التدابير .
١٠- الشواهد ونكت الرموز.
١١- المحبة .
١٢- الحيل.[١]

١٣- الأسرار في الكيمياء: له‌باره‌ی چۆنییه‌تی دروستكردنی ده‌رمانه‌كانه‌وه‌یه،[٢] كه تا ماوه‌یه‌كی دوور و درێژ وه‌كو سه‌رچاوه‌یه‌كی سه‌ره‌كی مایه‌وه، له زانستی كیمیادا له خوێندنگه‌كانی ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوادا[٣].

## كتێبه‌كانی له‌بواری پزیشكیدا :

ئه‌م وته‌یه ده‌كه‌ینه ده‌سپێكی ئه‌م بابه‌ته‌مان، تاوه‌كو بیسه‌لمێنین، كه ئه‌م زانایه له زانستی پزیشكیدا، چ خزمه‌تێكی گه‌وره‌ی به مرۆڤایه‌تی كردووه، (ول دیورانت) ده‌نوسێ: "به‌ناوبانگترین و یه‌كه‌مین پزیشكیی ئیسلامی (موحه‌ممه‌دی كوڕی زه‌كه‌ریای ڕازی)یه، زیاتر له (٢٠٠)به‌رگ و كتێب و په‌یامی نوسیوه، زۆربه‌یان پزیشكیی و به‌كه‌ڵكن".

گرنگترین و بایه‌خترین كتێبه‌كانیشی بریتین له:

### ١- الحـاوي الكـبير:

(ول دیورانت) ده‌ڵێ: "ئه‌م كتێبه، ئاكامی چه‌ند ساڵ لێكۆڵینه‌وه و تاقیكاری ئه‌وه، كه ته‌واوی مه‌سه‌له‌كانی زانیاری پزیشكیی ده‌گرێته‌وه، نزیكه‌ی (٢٠)

---

(١) د.فاضل الطائي: علماء الكيمياء، ص١١٤.

(٢) عبدالمنعم ماجد: تأريخ الحضارة الإسلامية، ص٢٥٧.

(٣) محمد الصادق عفيفي: تطور الفكر العلمي عند المسلمين، ص١٩١.

بەرگە، بەڵام تا ئێستا لە (١٠)بەرگ زیاتری لەدەستدا نییە، پێنج بەرگی تەواویشی لەبارەی نەخۆشییەکانی چاوەوەیە، ئەم کتێبە لەساڵی (١٢٧٩ز) وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی، کە تەنها لەساڵی (١٥٤٢ز) پێنج جار چاپکراوە، بەیەکێك لەگرنگترین سەرچاوەکانی زانیاریی پزیشکیی لەجیهاندا دەهاتە ئەژمار، هەروەها یەکێکە لەو نۆ کتێبەی، کە ناتەواوی و کەلێن و کەموکوڕی کتێبخانەی زانکۆی پزیشکیی پاریسی لەساڵی (١٣٩٤ز)دا پڕکردبۆوە".

ئەم کتێبە بەباشترین و چاکترین کتێب لەزانستی پزیشکیدا دائەنرێت، لەئەوروپا یەکێ بوو لەسەرچاوە سەرەکیەکانی خوێندنی زانستی پزیشکیی، تاوەکو سەدەی (١٧ز)، کە تێیدا هەست بە بیرکردنەوەو مامەڵە مرۆڤ دۆستانەکانی دەکەین لەگەڵ نەخۆشاندا و، چۆنییەتی کەشفکردنی نەخۆشییەکان دەبینین[١].



ئەم کتێبە لەبەر گرنگیەکەی، بۆ زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان وەرگێڕدراوە، یەکەم جار لە (بریشیا) لەباکوری (ئیتاڵیا) ساڵی (٨٩١ك/١٤٨٦ز) کە لە (٢٥) بەرگدا چاپکرا، پاشان لە (بوندقیە)ی ئیتاڵیا لەسەدەی (١٠ك/١٦ز) دوبارە چاپکرایەوە، مێژوونوس (ماکس مایرهۆف) دەڵێ: (لەساڵی (١٥٠٠ز) پێنج جار کتێبی (الحاوی) چاپکرایەوە، لەگەڵ دەیان جاری تر، کە چەند بەشێکی چاپ

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: الرازي، ص٨.

ده‌كرا).

كتێبی (الحاوی) بریتیه: له مه‌وسوعه‌یه‌كی زانستی پزیشكی، كه زۆربه‌ی نه‌خۆشییه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌می تێدا باسكراوه و نیشانه‌كانی تێدا دیاریكراوه، پاشانیش چاره‌سه‌ری بۆ داناون، هه‌روه‌ها به‌شێكی ته‌واویشی ته‌رخانكردووه له‌باره‌ی به‌شه‌كانی جه‌سته و، ڕێگاكانی خۆراك خواردن و چۆنییه‌تی خۆراكه‌كان، له‌هه‌مان كاتیشدا ڕای پزیشكه: یۆنانی و شامی و هیندی و فارسی و عه‌ڕه‌به‌كانی، له‌بواری پزیشكیدا هێناوه‌ته‌وه.

**٢- أسماء الطب الروحاني:**

(ڕازی) له‌م كتێبه‌یدا، هه‌وڵیداوه باس له‌و نه‌خۆشیانه بكات، كه چاره‌سه‌ریان به باشكردنی نه‌فسیه‌تی كه‌سه‌كان ده‌بێت و، پێویستیان به‌چاره‌سه‌ری جه‌سته‌یی نییه، هه‌ربۆیه ده‌بینین له‌سه‌ره‌تای كتێبه‌كه‌وه، باسێكی ته‌واوه‌تی له‌سه‌ر خودی كه‌سێتی مرۆڤ كێشاوه و، مرۆڤی دابه‌شكردووه بۆ هه‌ردوو به‌شی: (ئیلاهیات و ماددیات).

٣- یه‌كێكی تر له‌كتێبه زۆرباش و نایابه‌كانی ئه‌م زانایه، كتێبی (الجذري والحسبة)یه، كه له (١٤)به‌ش پێكهاتووه، له‌م كتێبه‌دا بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت، كه (ڕازی) یه‌كه‌م كه‌سێكه جیاوازی كردبێت له‌نێوان نه‌خۆشی: (ئاوڵه و سورێژه)، تێیدا زۆر به جوانی هه‌ریه‌كه له‌م نه‌خۆشیانه‌ی جیاكردۆته‌وه و، نیشانه و هۆكار و چاره‌سه‌ری بۆیان نوسیوه،

(دكتۆر عه‌بدولناسر كه‌عدان) له‌باره‌ی ئه‌م كتێبه‌وه ده‌ڵێ: "له‌ڕێگای ئه‌م كتێبه‌وه ده‌توانین بڵێین: (ڕازی) یه‌كه‌م كه‌سێكه جیاوازی كردبێت له‌نێوان نه‌خۆشی: ئاووڵه و سورێژه".

بۆ نمونه: له‌باره‌ی ده‌ركه‌وتنی نه‌خۆشی (ئاوڵه)وه، ئه‌م نیشانانه‌ی دیاریكردووه:

- تایه‌كی زۆر و پشت ئێشه.
- خورانی لوت و، له‌كاتی خه‌ودا موچڕكه هاتن به له‌شدا.
- سوربونی ده‌موچاو و خوێن تزان له‌ڕودا.

- کۆکە.
- وشککبونەوەی دەم.
- ژانە سەر[١].

ئەم کتێبەی (ڕازی)، لەنێوان ساڵانی: (٩٠٣-١٢٨٣ك/ ١٤٩٨-١٨٦٩ز) چوار جار بەچاپ گەیەنرا[٢].

٥- (ڕازی) بەسود وەرگرتن لەئەزمونەکانی، توانی کتێبی: (الشكوك حول جالينوس) دابنێت، کە تێیدا وەڵامی هەندێ لەبۆچونە پزیشکیەکانی داوەتەوە، هەروەها بۆچونی پزیشکانی پێشین و سەردەمی خۆیشی هێناوەتەوە و، بەشیکارێکی جوانی پزیشکیانە بەرپەرچی داونەتەوە.

٦- مـــنـافـع الأغـذية:

(ڕازی) لەسەر وتەی (باش بخۆ و خۆش بژی) کتێبەکەی داناوە، کە تێیدا ئەو شتانەی دیاریکردووە، کە ڕۆژانە چەند بخورێن، یان چەند پێویستن بۆ لەشی مرۆڤ و ڕونکردنەوەی ئەو خواردنانەی، کە زۆر خواردنیان زیانی هەیەو، خراپە بۆ لەش، یاخود دیاریکردنی میوەکان و بەکارهێنانیان وەك چارەسەر بۆ نەخۆشییەکان، یان ئاوی میوەکان و پۆلێن کردنیان بەو شێوەیەی پێویستە[٣].

٧- المنصوری فـي التشريح:

ئەم کتێبە مەبەستە بۆ (مەنصوری کوڕی ئیسحاق)ی فەرمانڕەوای خۆراسان، کە لە (٢٠) بەرگ پێکهاتووە و بۆ (١٠) بەش دابەشکراوە، لەبارەی پزیشکیەوەیە، بەتایبەتی پزیشکیی: هەناوی و نەشتەرگەری و چاو.

ئەم کتێبە لە ئەورپا چەندین جار و بۆ چەندین زمانی ئەوروپی: (لاتینی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، عیبری،....) وەرگێڕا، بەڵام یەکەمجار لە (میلانۆ) لە

---

(١) جوستاف لوبون: حضارة العرب، ص٥١٧.

(٢) محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين، ص٧٣.

(٣) د. فاضل الطائي: أعلام الكيمياء، ص١٠٩.

(٨٨٦ك/ ١٤٨١ز) وەرگێڕاو، بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پزیشکانی ئەوروپا، تاوەکو سەدەی (١٧ز).

**٨- طب الفقراء:**

لەم کتێبەدا، باس لە نەخۆشییەکانی کەسی هەژار دەکات و چارەسەر و هۆکاری نەخۆشییەکانی ڕون دەکاتەوە، پاشان ڕێگای چۆنییەتی مامەڵەکردنی لەگەڵدا باس دەکات.

**٩- أخلاق الطبيب:**

(ڕازی) هەستاوە کەسێتی پزیشکیی دیاریکردووە، واتە لەدیدگای خۆیەوە پزیشك دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکات و، ئەو ئەرکانە چین، کە کەسی پزیشك دەبێت لەخۆیدا بەرجەستەیان بکات.

لەگەڵ چەندین دانراو و کتێبی تر کە مامۆستا دکتۆر ئەحمەد چەلەبی دەڵێ: "ڕازی لەبواری پزیشکیدا بەتەنیا خۆی خاوەنی ١٠٠کتێبە"[1].



---

(١) بڕوانە: د.كمال السامرائي: الطب وتأريخة عند العرب، ص٢٥. ابن أبي أصيبعة: عيون الأنباء، ص٤٢١-٤٢٧. د.طه عبدالمقصود عبدالحميد أبو عبيه: الحضارة الإسلامية، ج١/ ص٣٩٥.

## ڕازی... له‌به‌رده‌م ئه‌زموونه‌كانیدا :

### ١- بۆچونی ڕازی له‌باره‌ی زانستی كیمیاوه:

(ڕازی) پێی وایه: زانستی كیمیا، ڕۆڵێكی سه‌ره‌كی ده‌بینێت له زانسته‌كانی تردا و، بۆ خزمه‌تی مرۆڤایه‌تی به‌كه‌ڵكه، بۆ ئه‌مه‌ش هه‌وڵی داوه له‌م بواره‌دا لێزانی و كارزانی خۆی به‌گه‌ڕ بخات، هه‌ربۆیه سه‌ره‌تا هه‌ستا به‌سود وه‌رگرتن له زانایانی پێشین، كه چه‌ند هه‌وڵێكی كه‌م و ناته‌واویان دابوو له‌و بواره‌دا، له‌وێنه‌ی: (فیساگۆرس و جالینۆس و پاشان جابری كوڕی حه‌ییان)، دوای سه‌رقاڵبونێكی زۆر، توانی چه‌ند ده‌ستكه‌وتێك به‌ده‌ست بێنێت له‌ڕێگای ئه‌زمونكردنییه‌وه، ئه‌ویش ئه‌وه‌بوو، توانی مادده كیمیاییه‌كان پۆلێن بكات بۆ: (ئاژه‌ڵی و ڕووه‌كی و كانزایی).

هه‌روه‌ها هه‌ندێ له ئه‌وروپییه‌كان پێیان وایه، یه‌كه‌م كه‌س بووه، كه‌وا باروتی دۆزیوه‌ته‌وه، كه سودی لێوه‌رگیراوه له‌كاتی گه‌مارۆی قه‌ڵاكاندا و، وه‌كو چه‌كێك له‌به‌رامبه‌ر دوژمندا به‌كارهێنراوه.



ئه‌م زانسته‌ی له‌بواری پزیشكیشدا به‌كارهێناوه، به‌وه‌ی كه ده‌رمانخانه‌یه‌كی تایبه‌تی بۆ خۆی كردۆته‌وه و، ده‌رمانی پزیشكیی له جۆری ڕووه‌كی و ئاژه‌ڵی و كانزایی تێدا دروست كردووه[1].

**٢- ئه‌زمون و لێكۆڵینه‌وه:**

فه‌لسه‌فه‌ی نویێ له‌سه‌ر دوو بنه‌مای سه‌ره‌كی وه‌ستاوه:
یه‌كه‌میان: ئازادی عه‌قڵ له‌هه‌موو جۆره ته‌قلید و دۆگمایه‌تیه‌ك.
دووه‌میشیان: به‌كارهێنانی پێوانه‌و ئه‌زمون به‌شێوه‌یه‌كی زانستیانه.
كه (ڕازی) به‌ڕاستی له‌كاره‌كانیدا ئه‌م دوو بنه‌مایه‌ی جێبه‌جێ كردووه، یه‌كه‌مین: سودی له كه‌سانی به‌ئه‌زمون و پێشین وه‌رگرتووه، دووه‌مین: یه‌كسه‌ر شته‌كانی وه‌رنه‌گرتووه، به‌ڵكو به‌ناو فلته‌ری ئه‌زمون و فیكری خۆیدا پاڵاوتویه‌تی.

به‌دیدی (ڕازی) كه‌سی لێكۆڵه‌ر، ده‌بێ خاوه‌نی ئیجتهاد بێت له‌و بیردۆزانه‌ی دایان ده‌نێت، كه وه‌كو بناغه‌یه‌ك چاویان لێ بكات، نابێت هیچ بۆچونێكی، بێ لێكۆڵینه‌وه و شیكاری بۆ كردن قبوڵ بێت، هه‌ربۆیه بیردۆزه‌كان له‌هه‌ر بوارێكدا بوون، چ فه‌لسه‌فی بن، یان پزیشكیی، یاخود كیمیایی، پێویستیان به ئه‌زمون و كاركردنی واقیعی هه‌یه، هه‌ر بیرێك ئیجماعی له‌سه‌ر بێت، یان وته‌ی زانایه‌ك بێت و له‌كتێبێكدا نوسرابێت، به‌بێ فلته‌ری ئه‌زمون قابیلی قبوڵ كردن نییه، كه ئه‌م بیره‌ش (ڕازی) هه‌یه‌تی، بیرێكی تازه‌گه‌ریه و پێی وایه: هه‌موو شته‌كان ده‌بێت به قۆناغی ئه‌زمون و شیكاریدا بڕوات.

(ڕازی) به‌سه‌رمه‌شقی (ئه‌زمونی پزیشكی) داده‌نرێ، كه له ئێستادا ئه‌م بیره به‌ته‌واوی چه‌سپاوه و، له‌نێو زانستی پزیشكیدا هه‌موو چاره‌سه‌ر و بیردۆزه‌كان، ده‌بێ به تاقیكردنه‌وه و ئه‌زموندا تێپه‌ڕێ، وه‌كو ده‌بینین یه‌كه‌م كه‌سیش ئه‌م كاره‌ی كردووه (ڕازی)یه، كه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌زمونێك له ده‌رمانه نوێكانییه‌وه به‌ده‌ست بێنێت، هه‌ڵده‌ستا به‌تاقیكردنه‌وه‌ی ده‌رمانه‌كه له‌سه‌ر ئاژه‌ڵه‌كان، چونكه (ڕازی) پێی وایه: هه‌رچه‌نده بیركردنه‌وه‌كان له‌سه‌رچاوه‌یه‌كی عه‌قڵیه‌وه ده‌رچوبن، به‌ڵام

---

(١) الشيخ كامل محمد محمد عويضة: أبوبكر الرازي-فيلسوف و الطبيب، ص٣٢-٣٤.

بەبێ ئەزمون قابیلی هەڵوەشانە، بۆ نمونە: لەناو خەڵكیدا هیچ جیاوازیەك نەدەكرا لەنێوان خواردنی نانە برنج و نانی گەنمدا، بۆ یەكەمجار (ڕازی) هەستا بە تاقیكردنەوە لەسەر ئەم دوو جۆر نانە و، گەیشتە ئەو ئەنجامەی: نانی برنج قورسترە و درەنگتر لەنانی گەنم هەرس دەكرێ، هەوەكو ئێستای خۆمان، كە سفرەكانمان بەچەندین خواردن و شیرینی دەڕازێنینەوە، بەبێ ئەوەی ئەزمونی ئەوەمان هەبێت، كە تا چەند ئەمانە زەرەر بە لەشمان دەگەیەنن[1].

**٣- گرتنەبەری هۆكار لەچارەسەركردنی نەخۆشییەكاندا:**

(ڕازی) پێی وایە بۆ هەر نەخۆشیێك چارەسەرێك هەیە، بەڵام جۆری چارەسەرەكە، دەبێ بەپێی بارودۆخی كەسەكە و تەمەنی دەگۆڕدرێ، ڕەنگە ئەو نەخۆشییەی منداڵێك توشی دەبێت، یان گەنجێك، یا پیرەمێردێك دەیگرێ، پێویست بونیان بەدەرمانی چارەسەر جیاواز دەبێت، چونكە منداڵ بونییەی لاوازە و گەنج بونییەی بەهێزە و، پیریش تێكشكاوە، بۆیە دەرمانەكان دەبێت بەگوێرەی تەمەنەكان دیاری بكرێت[2].

**٤- ئەزمون لەنەخۆشیدا:**

(ڕازی) پێی وایە: نابێت یەكسەر بڕیار لەسەر دیاریكردنی نەخۆشی بدرێت و چارەسەری بكرێت، بەڵكو پزیشك دەبێ هەمیشە بەعەقڵێكی سەلیم و كراوەوە بڕوانێتە نەخۆشەكانی و بەوردیەوە مامەڵە بكات.

**٥- ڕوخسارناسی:**

(ڕازی) یەكێكە لەو كەسانەی بۆ یەكەمجار پەیامێكی لەو بارەیەوە نوسیەوەو، تێیدا ئەوەی خستۆتە ڕوو: دەبێ دكتۆر نەفسیەت و كەسێتی نەخۆش لەبەرچاو بگرێ و، بزانێ لە چ بارودۆخ و حاڵێكدایە؛ چونكە هەندێ نەخۆشی هەن، نەفسین و بەهەڵسوكەوتێكی نەرمونیان و تەشجیعكردن بەرەو باشی دەڕوات.

---

(١) الشيخ كامل محمد محمد عويضة: أبوبكر الرازي-فيلسوف و الطبيب، ص٣٤-٤٠.

(٢) الشيخ كامل محمد محمد عويضة: أبوبكر الرازي-فيلسوف و الطبيب، ص٤٠-٤٣.

**٦- شوێن لای ڕازی:**

(ڕازی) پێی وایه: شوێنیش یەكێكی تره لەو شتانەی، كاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی چارەسەر كردن، دەبێت دكتۆر ئەوەی لەبەر چاو بێت، بۆ نمونە: شوێن چۆن كاریگەری هەیه لەسەر كلتور و ڕەفتار و هەڵسوكەوت و قسەكردنمان، بەهەمان شێوه كاریگەری دەبێت لەسەر پلە و جۆری نەخۆشییەكە.

**٧- دوباره كردنەوه لەدیدی(ڕازی)یەوه:**

وردی و زیرەكی (ڕازی) له دووبارەكردنەوه و ئەزمونگیریەكەیەوه بەدەردەكەوێ، هەوڵیداوه بۆ هەر چارەسەرێ، سەرەتا ئەزمونی كەسانی پێشین بزانێ، ئینجا كارەكه بخاته بەر نەشتەری تاقیكاری و شیكاری خۆیەوه، ئەمەش لەكتێبەكانی: (الحاوی)و (الأسرار)و (سر الأسرار)دا زۆر به ڕونی بەدیار دەكەوێت[1].

## پزیشكیی ڕۆحانی:

(ڕازی) لەم كتێبەدا شتانێكی وەكو چارەسەر بەكارهێناوه، جیاواز لەچارەسەرەكانی پێشویەتی، لێرەدا تیشكێكی كەم دەخەمه سەر هەریەك لەو لایەنانەی، لەبارەیانەوه دواوه[2]:

**١- عیشــــق:**

عیشق لەدیدی(ڕازی)یەوه بریتی نییه له: عیشقی نێوان پیاو و ژن، وەك لای شاعیر و ئەدیبەكان هەیه، بەڵكو (ڕازی) پێی وایه: عیشقێك كه بەیەكگەیشتن و خاڵی بونەوه كۆتایی بێت، عیشق نییه، بەڵكو عیشق هێشتنەوه و تاودانه، تازەكردنەوه و بەردەوامیه و، دەبێت هەموو لایەنەكانی ژیان بگرێتەوه، له: (جێبەجێكردنی كارەكانی خۆت و یارمەتیدانی ئەوانی تر، تا دەگات بەدڵسۆزی و نەرمونیانی و ...).

---

(١) الشيخ كامل محمد محمد عويضة: أبوبكر الرازي-فيلسوف و الطبيب، ص٤٤-٤٧.

(٢) الرازي: الطب الروحاني. ص٥-٦٣.



عیشق ده‌بیَ سه‌رتاپای هه‌موو گیانت بگریَ، نه‌ك ته‌نها له‌یه‌ك دیوه‌وه لێی بڕوانریَ، كه دیوی شه‌هوانییه‌ته؛ چونكه (ڕازی) پێی وایه: ئه‌مه نابێت بلكێنریَ به عیشقه‌وه، چونكه شه‌هوه‌ت و جولاَن بۆ كه‌سی به‌رامبه‌ر له‌ناو گیاندارانی تریشدا هه‌یه و، به به‌تاڵكردنه‌وه كۆتایی دیَت.

٢- باده (شه‌ڕاب):

شه‌ڕاب له‌دیدی (ڕازی)یه‌وه بۆ چاره‌سه‌ر به‌كاردیَت، ئه‌ویش به‌جۆرێك نه‌بێته سه‌رخۆشی، چونكه سه‌رخۆشی زه‌ره‌ر له خوێنبه‌ره‌كانِ ده‌دات و ده‌بێته هۆی سه‌كته، هه‌ربۆیه ده‌بێت به‌جۆرێك به‌كاربهێنرێت زیانی پیَ نه‌گه‌یه‌نێت، ئه‌گه‌ر نا، خوگرتن پێوه‌یی و په‌یوه‌ست بوون، ده‌بێته هۆی به‌رزكردنه‌وه‌ی شه‌هوه‌ت و دیوی شه‌ڕانی ئه‌و كه‌سه، به‌مه‌ش دوو ئافاتی گه‌وره له‌كه‌سه‌كه‌دا دروست ده‌بن، كه به‌ره‌و ئاژه‌ڵ بونی ده‌به‌ن، هه‌ربۆیه ڕاست نییه، كه‌وا (ڕازی) خه‌ڵكی فێری شه‌ڕاب خواردنه‌وه كردبێت؛ چونكه بۆ خۆی ده‌ڵیَ: زۆر به‌كارهێنانی شه‌ڕاب، له‌زه‌ت له جه‌سته‌دا زیاتر ده‌كات، به‌مه‌ش ورده ورده لایه‌نی شه‌هوانی به‌رز ده‌بێته‌وه، به‌جۆرێك زاڵ ده‌بێت به‌سه‌ر عه‌قڵدا و، مرۆڤ له مرۆڤبون دورده‌خاته‌وه.



### ٣- خــــواردن:

لەدیدی (ڕازی)یەوە خواردن هۆکارێکە بۆ مانەوەی مرۆڤ و پێویستی مرۆڤ، بەڵام بەجۆرێك بخورێت، نەبێتە هۆی شەڕ بۆ جەستە، چونکە خۆی لە بنەڕەتدا بۆ هێشتنەوەی جەستەیە، نەك بۆ عەزیەتکردنی جەستە، هەربۆیە پێویستە زیادەڕەوی و زۆرخۆری نەکرێت، کە ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی شەهوەت.

یەکێ لە فەیلەسوفەکان وتویەتی: "من بۆ ئەوە دەخۆم بۆ ئەوەی بمێنمەوە، تۆ دەتەوێ بمێنیتەوە بۆ ئەوەی بخۆیت".

هەربۆیە (ڕازی)ش لەم ڕوانگەیەوە هاوڕابوو لەگەڵ بۆچونی (ئیبن جەوزی)، کە نەهی لە زۆرخۆری دەکرد و، بەیەکێ لە ئافاتەکانی جەستەی دەزانی.

(ئیبن جەوزی) و (ڕازی) لەسەر ئەوە کۆکن، هۆکاری نەخۆشییە نەفسیەکان، تەنها بە کاسبی حەڵاڵ دەبێ، بەبێ زیادەڕەوی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ: (ولنبلونكم بشيء من الخوف والجوع... وبشر الصابرين)، یان وەکو یەکێ لە سۆفیەکان دەڵێ: (سۆفیەتی بە وتیان و دەڵێن نابێت، بەڵکو بە تەرکی خۆراك و خۆشیەکان دەبێت، بە چاك و خراپیانەوە".

### ٤- حـــەســودی:

ئەو نەخۆشییەیە، کەوا لە مرۆڤ دەکات ڕقی لەو کەسانە بێت، کە کاری باشە ئەنجام دەدەن و هاوکاری خەڵکی دەکەن، (ڕازی) پێی وایە: ئەم نەخۆشییە توشی نەفسیەتی کەسەکان دەبێت و دەبێتە هۆی تێکشکانی نەفس و، هەست نەکردن بە هیچ جوانییەك، بەشێوەیەك کاریگەری جێدێڵێ، کە جەستەش لاواز و لەرزۆك و نەخۆش دەخات، چونکە کەسی حەسود، بەبەردەوامی لەگەڵ نەفسی خۆی لەشەڕدایە و، حەز ناکات کەس کارێ بکات، کە خزمەت بەخەڵکی بکات، ئەمەش دژە لەگەڵ نەفس و ڕۆحیەتی کەسەکان، هەربۆیە توشی لادان دەبێت و لەمرۆڤێتی دەردەچێت، بەڵام کەسی حەسود، ئەگەر بەڕێگایەکی عەقڵی لەخۆی بپرسێ، کە ئایا ئەم کارەی ئەو دەیکات، چ چاکیەکی بۆ خۆی و خەڵکی هەیە؟ دیارە هیچ وەڵامێ نابیستێ، چونکە




حه‌سودی، ته‌نها شتێكی ناخیه و له‌ناخدا په‌روه‌رده ده‌بێ و له‌پردا به‌دیارده‌كه‌وێ و كارێكی گێلانه و شێتانه‌یه، كه هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی عه‌قڵی له‌پشته‌وه نییه.

٥- ته‌نهـــایی:

ئه‌وه‌ی جوانی به‌ژیانی مرۆڤ ده‌به‌خشێ، هاوكاری و ته‌بایی و پێكه‌وه‌ژیانه، چونكه ناخۆشی و خه‌م و خه‌فه‌ت له‌مرۆڤ دورده‌خاته‌وه، ئه‌و كه‌سه‌ی ده‌رگا له‌سه‌ر خۆی قایم ده‌كات و، تێكه‌ڵی له‌گه‌ڵ خه‌ڵكدا ناكات، ترس و دڵته‌نگی هه‌موو گیانی داده‌پۆشێ، هه‌ربۆیه مرۆڤ ده‌بێت به‌رۆحیه‌تێكی مرۆڤانه‌وه بژی و، ئه‌وه‌ی لا رون بێت، كاتێ رۆحی شاده، كه رۆحێكی دیكه ئاسوده بكات، له‌م دیده‌وه رازی بۆ ژیان ده‌روانێ و پێی وایه: ئه‌وه‌ی تێكه‌ڵ نه‌بێت و هاوكاری خه‌ڵكی نه‌كات، ژیانی ته‌نگ و پڕ حه‌سره‌ت ده‌بێت.

٦- بـــه‌خـــــیلی (ڕه‌زیلی):

نه‌خۆشییه‌كه توشی ئه‌و كه‌سانه ده‌بێت، كه ترسی هه‌ژاریان هه‌یه، ئه‌م جۆره كه‌سانه ئه‌گه‌ر ده‌وڵه‌مه‌ند بن ترسی پاره‌كانیان هه‌یه، ئه‌گه‌ر هه‌ژار بن ترسی مردنیان هه‌یه، هه‌میشه ترسێك له‌دڵیاندایه، له‌كاتێكدا به‌ردانی ئه‌و شته‌ی ترسی لێی هه‌یه، بۆ خۆی مانای خۆشبه‌ختیه‌تی نه‌ك به‌و مانایه‌ی پاڵی لێبداته‌وه و گوێ نه‌داتێ، به‌ڵكو كه‌سی سه‌لیم ئه‌وه‌یه: نه به‌خیل بێت نه ده‌ستبڵاو، به‌ڵكو نێوانگیری بكات له‌نێوان ئه‌م دوانه‌دا، بۆ ئه‌وه‌ی له‌نێوان ترس و بێ خه‌میدا ئاسوده‌یی به‌ده‌ست بێنێ، وه‌كو (رازی) ده‌ڵێ: " له كه‌سێكی به‌خیلم پرسی بۆچی به‌خیلی؟ وتی ده‌مه‌وێ ئه‌وه‌ی به‌ده‌ستم هێناوه له‌ده‌ستی نه‌ده‌م".

### ٧- خەم و خەفەت:

یەكێكی تره لەو نەخۆشیانەی ڕۆح و جەسته بریندار دەكات و، فیكر و عەقڵیش دەوەستێنێ، (ڕازی) لەم بارەیەوه دەڵێ: "پێویسته هەموو كەسێ لەسەر خەم و خەفەتەكانی دان بەخۆدا بگرێ و، بیر لە شته لەدەست چووەكانی نەكاتەوه، چونكه زیان بەمێشك و جەستەی دەگەیەنێ و، ڕۆح و دەرونی خۆی بەهیلاكدا دەبات".

### ٨- فــیـكـر:

لەدیدی (ڕازی)یەوه، فیكر گەیشتنه به پلەی فەیلەسوف و كەماڵ، هەربۆیه كەسێ بیرنەكاتەوه و خاوەنی بیركردنەوەی خۆی نەبێت بۆ ژیان، وەكو ئاژەڵێك وایه و جیاوازیەكی ئەوتۆی نییه، چونكه ئەوەی جیاوازی دروست ئەكات لەنێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا، بیركردنەوەیه، ئەمەش بەو مانایه نا، كه هەمیشه مرۆڤ بیربكاتەوه، بەڵكو هەموو شتەكانی لەژیاندا هەن، بەپێی بیركردنەوەی، سنوریان بۆ دابنێ، نەك ملكەچی حەز و ئارەزوەكانی ببێت و، نەتوانێ كۆنترۆڵی خۆی بكات، كه (ڕازی) پێی وایه: ئەوه دەرچونه لەسروشتێتی مرۆڤ، هەربۆیه لەزەت لەدیدی (ڕازی)یەوه: ئارەزوو و شەهوەتەو، خۆشی و خۆشبەختی ناهێنێ، بەڵكو بەرەو كەماڵ چون و هەست نەكردن بەترس، وا لەمرۆڤ دەكات، كارەسات و نەهامەتیەكان بەسروشتی ببینێ.

### دژایـەتیكـردنی :

تاوانباركردنی (ڕازی) و بەزەندیق نیشاندانی، دەگەڕێتەوه بۆ بۆچونی: (ئیبن تەیمیه) لەو بارەوه، كه هەریەكه له فەیلەسوفان و زانایانی زانستی كیمیای به دەرچوو لەدین ئەژماركردووه بەبێ جیاوازی، كه پێی وابووه: ئەو كەسانەی لەو دوو بوارەدا دەخوێنن و دەنوسن، زەندیق و لەدین دەرچون، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو دونیا بینییەی خۆیەوه بووه، كه پێی وابووه: ئەم دوو زانسته، بەرهەمی كوفرین و زیان به ئایین و بیروبڕوای مرۆڤی موسڵمان دەگەیەنن،

لەکاتێکدا ئێستا دەبینین لەم سەردەمەدا، فەلسەفە بۆتە بناغە و کرۆکی هەموو زانستەکان و، کیمیاش بۆتە زانستێکی گرنگ و بەسود، بۆیە دەتوانین بڵێین: (ئیبن تەیمیە)، یان بەم دوو زانستە شارەزا نەبووەو تێینەگەیشتوە، یاخود کەسانێکی بینیوە فەلسەفەیان خوێندووە و نەزان بوون بەدین و، قسەی هەڵەیان کردووەو کیمیایان بۆ سیحر و جادوو کردن بەکارهێناوە.

ئەو کتێبەی (ڕازی) پێ تۆمەتبار دەکرێ: (مخاريق الأنبياء)ە، کە ئێستا نەماوە و (ئەبی حاتەم) لە (أعلام النبوة)دا باسی لێوە کردووە، لەکاتێکدا (ئیبن نەدیم) دەڵێ: (ڕازی) خاوەنی کتێبێکە بەناوی: (فيما يرد به إظهار ما يدعي من عيوب الأنبياء)، کە بەرگری لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەران دەکات، (ئیبن ئەبی ئەصیبعە)ش دەڵێ: "بەهۆی نەزانین و تێنەگەیشتن لەوتەکانی ئەم زانایە بە دژایەتی کردنی پێغەمبەرایەتی تۆمەتبار کراوە." پاشان چەند دەقێکی کتێبی: (طب الروحاني)ی (ڕازی) دێنێتەوە، کە دواهەمین کتێبیەتی، کە تاوەکو ئێستاش ماوە و دەڵێ: "ئەگەر پێغەمبەران و پێغەمبەرایەتی، لای (ڕازی) بەهایان نەبوایە، لەبەرچی دوجار سەڵاوات دەنێرێ بۆ دیداری پێغەمبەر و داوای ئەوە دەخوازێ بەر شەفاعەتی پێغەمبەر بکەوێ؟!!" وەکو دەڵێ: "صلی الله علی خير خلقه محمد النبي وآله" یاخود وتویەتی: "صلى الله على سيدنا وحبيبنا وشفيعنا يوم القيامة محمد صلى الله عليه وسلم تسليما كثيرا ابدا".

بۆیە پێم وایە: تەفسیری هەڵە بۆ وتەکانی کراوەو، بەزۆر خراوەتە پاڵ هەریەکە لە (ئەبی حاتەم) و (ئیبن ڕاوەندی) و (مەعەڕی)، لەکاتێکدا ئەم زانایە دژ بووە، بە مەزهەب و گروپە دەرچووەکانی سەردەمی خۆی، لەنمونەی (دەهریەکان).

(ڕازی) پێی وایە: ئەوەی لە پێغەمبەرانەوە بەجێماوە، میراتی نییەو پێویستی بەلایەنی عەقڵی هەیە، بۆ ئەوەی ئیجتهادی تێدا بکرێ، پێی وایە: ئەو شەڕو جیاوازیەی لەنێوان هاوەڵانیشدا بوو، لەشەڕی: (عەلی و عائیشە و تەڵحە و زوبێر) یان (معاویە و عەلی) هۆکاری ئەو بە میرات زانینەیە، لەکاتێکدا پێغەمبەر بۆ خۆی کەسێك بووە پەیام و وتەکانی زانستی بوون و دوور بوون

له‌هه‌ر جۆره دۆگماییه‌ك، بۆیه (ڕازی) پێی وایه: كاتێ، كه وه‌حی و ئیلهام نه‌ماوه و پێغه‌مبه‌ریش وه‌فاتی كردووه، ناكرێ ته‌نها له‌سه‌ر ده‌قه‌كان بڕۆین به‌بێ ئیجتهادێكی عه‌قڵی، بۆ ئه‌مه‌ش به‌ڕپه‌رچی (ئیسماعیلی) و (ئیمامیه‌كان)ی داوه‌ته‌وه، كه دین وه‌كو میراتیه‌ك باس ده‌كه‌ن و خۆیان به‌شه‌رعی ده‌زانن؛ چونكه پێویسته ئه‌و په‌یامه مامه‌ڵه‌یه‌كی عه‌قڵانی له‌گه‌ڵدا بكرێ، باشترین كه‌سیش بۆ ئه‌مه: (فه‌یله‌سوفه‌كان)ن.

بۆیه له‌مه‌وه ده‌گه‌ینه ئه‌وه‌ی: هۆیه‌كی دیكه‌ی دژایه‌تی كردنی ئه‌م زانایه، كه‌مكردنه‌وه‌ی پله‌وپایه‌ی زانایانی دینه، كه خۆیان به میراتگری پێغه‌مبه‌ران ده‌زانن و پێیان وایه: ده‌بێ به‌ته‌نها خه‌ڵكی گوێڕایه‌ڵی له‌وان بكه‌ن!

## كۆتایی:

له كۆتاییه‌كانی ته‌مه‌نیدا، (ڕازی) چاوانی كوێر بوون، ئیتر نه‌یده‌توانی بخوێنێته‌وه و بنوسێت، كه‌سێك پێی ڕاگه‌یاند و پێی وت: ده‌ڵێن (كل) بۆ ئازار و ئێشی چاو باشه، ئه‌ویش پێی وت: تۆ ئه‌زانی چینه‌كانی چاو كامانه‌ن؟
كابراش هیچ وه‌ڵامێكی پێ نه‌بوو، ئه‌ویش پێی وت: زانیاریت له‌باره‌ی شتێكه‌وه نییه، چۆن چاره‌سه‌ری بۆ دیاری ده‌كه‌یت؟!

له‌باره‌ی ساڵی وه‌فاتكردنییه‌وه ڕایه‌كی دروست و ته‌واوه‌تی نییه، (ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) له (عیون الأنباء)دا ده‌ڵێ: له‌نێوان ساڵانی (٢٩٠-٣٠٠)ك وه‌فاتی كردووه، (زه‌ركه‌لی)ش له (الأعلام) و (ئیبن خه‌له‌كان) له (وفیات الأعیان)دا ساڵی (٣١١ك/٩٢٣ز)یان دیاری كردووه. بۆچونه جیاوازه‌كانی دیش ساڵانی (٣١١-٣٢٠ك) دیاری كردووه.

به‌هه‌رحاڵ ئه‌م زانا گه‌وره‌یه، كه ته‌مه‌نی له (٦٠)ساڵ تێپه‌ڕی كردبوو، گه‌ڕایه‌وه بۆ لای خوا و توانی شتێك به‌ده‌ست بهێنێت، تاوه‌كو له‌و دونیا سودی بۆی هه‌بێت، كه ئه‌ویش زانسته‌كه‌یه‌تی، كه خه‌ڵكی سودیان لێوه‌رگرت، به‌مه‌ش ئه‌م فه‌رموده‌یه‌ی پێغه‌مبه‌ری جێبه‌جێكرد، كه فه‌رمویه‌تی: "إذا مات الإنسان

انقطع عنه عمله إلا من ثلاثة ...علم ينتفع به" أبو داود(٢٨٨٠)و أحمد (٨٨٣١)، واته: (مرۆڤ، كه مرد، هیچ شتێك سودی بۆی نابێت، جگه له سێ شت نه‌بێت:... زانستێكی سوودبه‌خش و باش).



**نوسخه‌یه‌ک له وه‌رگێڕانی کتێبی (الحاوی)، که له‌لایه‌ن (جیرارد کرمۆنی)یه‌وه له نیوه‌ی سه‌ده‌ی (١٣ز) وه‌رگێڕدراوه‌و ئێستا له مۆزه‌خانه‌ی (کلۆنی)یه.**




**لاپه‌ڕه‌یه‌ک له ده‌ستنوسی (الحاوی)**

## له‌گرنگترین وته پزیشكیه‌كانی :

- پابه‌ندبونی نه‌خۆش به‌دكتۆره‌وه و متمانه‌كردن پێی، وا ده‌كات هه‌ڵه‌كانیشی به‌چاكه بشكێته‌وه.

- ئه‌وه‌ی لای كۆمه‌ڵێك دكتۆر وانه‌ی پزیشكیی ده‌خوێنێ، گومانی ئه‌وه‌شی هه‌بێت، كه هه‌ریه‌ك له‌وانه كه‌وتبنه هه‌ڵه‌وه.




- له (٣٠) یه‌نایه‌ری ساڵی (١٩٣٠ز) ئاهه‌نگێك له‌پاریس سازكرا به‌ناوی: (گرنگی و داهێنانه گه‌وره‌كانی (ڕازی) له‌بواری پزیشكیی و كاریگه‌ریان له‌سه‌ر ڕۆژهه‌ڵات و ڕۆژئاوا).

- له‌زانكۆی پزیشكیی پاریس، وێنه‌ی (ڕازی) به ڕه‌نگاوڕه‌نگی له‌ته‌نیشت وێنه‌ی: (ئیبن سینا) و (ئیبن ڕوشد) دانرا.

- زانكۆی (برنستۆن)ی ئه‌مریكا شوێنی تایبه‌ت به به‌رهه‌م و نوسراوه‌كانی تیایه.

# ئیبن بەیتار

## (٥٩٦-٦٤٦ك/ ١١٩٩-١٢٤٨ز)




"شەهیدی لێکۆڵینەوەی زانستی"

لەجیهانی ئیسلامیدا، تا ئەو کاتە کەسێك نەبوو، کە زانستی ڕووەکناسی کردبێتە کاری ڕۆژانەیی و خولیاو حەزلێکردنی، بەڵکو تەنها لەچەند بەشێکی دیاریکراودا باسی لێکراوە و سودی لێوەرگیراوە، بەڵام ئەو کەسەی بۆ یەکەمجار ئەم زانستەی کردە ئینسکلۆپیدیا و زانستێکی کامڵ و لێکۆڵینەوە و، داهێنانەکانی خۆی لەو بوارەدا بەگەڕ خست (ئیبن بەیتار) بوو[1].

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەو بارەیەوە وتویەتی:

"لەڕووەکناسیدا حەکیمێکی کامڵ بوو و هاوشێوەی نەبوو، بلیمەتی سەردەمەکەی خۆی بوو، لە: زانین و ناسین و لێکۆڵینەوە و بەراوردکاری ڕووەکەکاندا، شارەزایەکی تەواوی هەبوو لەباسکردن و ناولێنان و پۆلێنکردنی ڕووەکەکاندا"[2].

## ئیبن بەیتار کێیە؟!

ناوی (ئەبو موحەممەد زیائەدین عبداللە کوڕی ئەحمەدی مالقی)یە، ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ (مالقە[3])و لە ئەندەلوس، لە کۆتاییەکانی سەدەی ٦ك/ ١١٩٧ز[4] لەدایکبووە.

باوکی پزیشکیی ئاژەڵان بوو، هەربۆیە ئەم نازناوەی باوکی لێنراو بە: (ئیبن بەیتار) ناسرا. هەر لە منداڵیەوە خۆشەویستیەکی زۆری بۆ دارستان هەبوو، زۆربەی کاتەکانی منداڵی خۆی، لە دارستانەکەی سەر ڕێگەی ماڵەوەیاندا بەسەر دەبرد، ئەم دارستانە بووە قوتابخانەی گەشەکردنی بیری ئەو و، توانی بەراوردێکی زۆری کەرەستە ڕووەکی و ئاژەڵیەکان بکات[5]، پاشان بووە قوتابی

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢١٢.

(٢) ابن أبي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٣٩٧.

(٣) شارێکی کۆنی ئیسپانیایە، دەکەوێتە باشوری وڵاتی ئەندەلوسەوە لەسەر دەریای ناوەڕاست. ناوچەیەکی گرنگە و لەدوای بەرشەلۆنەوە دێت، هەروەها شوێنی لەدایکبونی وێنەکێشی گەورە (پابلۆ پێکاسۆ)یە.. ئەم شارە بە (مالاجا) ناودەبرێ و لە ڕۆژانی موسڵمانەکانیشدا بە (مالقە) ناوبراوە.

(٤) د.طه عبدالمقصود عبدالحميد أبو عبيه: الحضارة الإسلامية، مجلد ٢، ص٩٣٩.

(٥) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص١٣.

لەلای زانای ئیشبیلی (ئیبن ڕومیە) و لەسەر دەستی ئەو مامۆستایە توانی، لەبواری ڕووەکناسیدا باشتر خۆی پێبگەیەنێ[١].

## ڕەوشت و هەڵسوکەوتی :

(ئیبن بەیتار) خاوەنی بلیمەتیەکی بێ وێنەو، ڕەوشت و هەڵسوکەوتێکی جوان بوو، (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەو بارەیەوە دەڵێ: "باشترینی بنەماڵەکەی بوو لە: نیازپاکی و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکیدا و، ڕێزی زۆری لە خەڵکی دەنا، بەڕادەیەك کەسێکی باش بوو، لەسەروی ئەوەوەیە، کە وەسف بکرێ، بەڕاستی پێی سەرسام بوم"[٢].

## سەردەمەکەی :

(ئیبن بەیتار) لەکەش و هەوایەکی سیاسی ناجێگیردا ژیاوە، چونکە بەشێوەیەکی گشتی، جیهانی ئیسلامی توشی حاڵەتێکی شەڕ و ئاژاوە ببویەوە، کە سەقامگیری خۆی لەدەست دابوو، بۆ نمونە: ئەندەلوس لە کۆتاییەکانی دەسەلاتی دەوڵەتی (موەحدین)دا بوو، کە لە پاش ئەوانیش، حوکمی سیستمی ئەمیرایەتی دەستی پێکرد و جێگیریەکی بەخۆوە نەبینی، تاوەکو لە (١٤٩٢ز) بە تەواوەتی حوکمی ئیسلامی کۆتایی هات.

لە بەغدادیش، دەوڵەتی ئیسلامی لە بارێکی سەختدا بوو، کە کەوتبووە کێشمەکێشمی هێزەکانی ئەو ناوچەیە، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیەکی گەورە دروست بوو لەسەر خیلافەت، لەسەدەی (٧ك)، کاتێ (جەنگیزخان) سەرکردەی (مەغۆل) وەك هێزێکی گەورە دەرکەوت و، پەلی بۆ (بوخارا) و (سەمەرقەند) هاویشت، لە (٦١٦-٦١٧ك/ ١٢١٩-١٢٢٠ز)، بەمەش موسڵمانان کەوتنە ناو ژیانێکی پڕ لە ململانێ و ئاژاوە و شەڕەوە، ئەوەبوو دواتریش لەسەر دەستی نەوەکانی (جەنگیزخان) زیاتر پەرەدرا بە پەلهاویشتن بەرەو جیهانی ئیسلامی،

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢١٣-٢١٥.

(٢) ابن أبي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٣٩٧.

تا دواجار له‌ساڵی (٦٥٦ك/ ١٢٥٨ز) شاری (به‌غداد) درایه به‌ر مه‌نجه‌نیق و له‌و ساڵه‌دا كۆتایی به خیلافه‌تی عه‌باسیه‌كان هێنرا، هه‌ربۆیه ده‌بینین كاتێ (ئیبن به‌یتار)یش ڕوو ده‌كاته ڕۆژهه‌ڵات، به‌ره‌و (میسر) ده‌ڕوات و له‌وێ ژیانی فیكری و زانستی خۆی په‌ره‌پێده‌دات، چونكه (میسر) تاكه شوێن بوو، كه بارودۆخی هێمن و سه‌قامگیر بێت[1].

## ماموٚستاكانی :

**سێ مامۆستا كاریگه‌رییه‌كی زۆریان له‌سه‌ر (ئیبن به‌یتار) داناوه:**

**١- ئه‌بو عه‌بباس كوڕی ڕومیه‌ی نه‌باتی[2]:**

پزیشك و ڕووه‌كناس و ده‌رمانسازیی لێهاتووی ئیشبیلیه بوو، یه‌كێكه له گه‌وره مامۆستاكانی، كاریگه‌ریه‌كی زۆری له‌سه‌ر (ئیبن به‌یتار) هه‌بووه، دانه‌ری كتێبی: (الرحلة)یه، كه تا ماوه‌یه‌كی زۆر بۆ چه‌ند سه‌ده‌یه‌ك، سه‌رچاوه‌یه‌كی باشی زانستی ڕووه‌كناسی بوو[3].

سه‌ره‌تای ئاشنابوونی ئه‌م مامۆستا و قوتابیه، ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ یه‌كتر بینینێكیان له‌نێو دارستاندا، وه‌ك باس ده‌كرێ: (ئیبن به‌یتار) هه‌ر له مندالیه‌وه عاشقی ناو دارستان بووه و ڕۆژانه به چه‌ندان كاتژمێر به‌ناویدا گه‌ڕاوه و له دره‌خت و گه‌ڵا و گوڵه‌كان وردبۆته‌وه و وێنه‌ی كێشاون، قه‌ده‌ر وابووه ڕۆژێكیان (ئیبن ڕۆمیه)ش به‌نێو ئه‌و دارستانه‌دا تێپه‌ڕ ده‌بێت و ده‌بینێ كوڕێكی ته‌مه‌ن (١٠) ساڵ خه‌ریكی نوسینی یاده‌وه‌ری و وێنه‌كێشانه، كاتێ لێی ورد ده‌بێته‌وه و سه‌یری ده‌فته‌ره‌كه‌ی

---

(١) أ.وحيد نعم: ابن البيطار "شيخ العشابين"، ص٦.

(٢) ناوی ئه‌بو عه‌بباس ئه‌حمه‌د كوڕی موحه‌ممه‌د كوڕی مفرجی ئیشبیلیه، ناسراوه به (ئیبن رومیه)و له (٦٣٧ك/ ١٢٣٩ز) مردووه، ماوه‌ی دوو ساڵ گه‌ڕاوه به شاره‌كانی: (میسر و عێراق و شام)دا و چه‌ندین جۆر ڕووه‌ك و ده‌رمانی ناسیوه و ناو و زانیاری له‌سه‌ر كۆكردونه‌ته‌وه، له‌پاش گه‌ڕانه‌وه‌شی له كتێبێكدا ئه‌م گه‌شته زانستیه‌ی تۆماركرد به‌ناوی: (الرحلة المشرقية). بڕوانه/ د.طه عبدالمقصود عبدالحميد أبو عبية: الحضارة الاسلامية، المجلد الثاني، ص٩٣٩.

(٣) أ.وحيد نعم: ابن البيطار "شيخ العشابين"، ص١١

دەكات، دەبینیٚ وێنەی دار و درەختەكانی زۆر بە ڕەنگاوڕەنگی جوان كێشاوە، هەربۆیە زۆر سەرسام دەبێت و دەستخۆشی لێدەكات، (ئیبن بەیتار)یش دەیناسیٚ و دەزانیٚ ئەمە زانای گەورەی ڕووەكناسی ئیشبیلی (ئیبن ڕومیە) و پێی دەڵیٚ: گەورەم دەتوانی لە زانستی ڕووەكدا شارەزا و فێرم بكەیت؟!

(ئیبن ڕومیە)ش دەڵیٚ: فێرگە لە (ئیشبیلیە) كراوەیە و، هەركات گونجاو بوو سەردان بكە.

پاش چەند ساڵ و بەدیهاتنی كاتێكی گونجاو، (ئیبن بەیتار) بەرەو (ئیشبیلیە) بەڕێكەوت، بۆ خوێندنی زانستی ڕووەكناسی لای (ئیبن ڕومیە)، ئەو ڕۆژەی كە بۆ سەفەر خۆی ئامادەكرد، دایكی هاتە لای و پێی وت: كوڕی خۆم! ئاگاداربەو نەترسی! لەڕێگادا شەوان لەسەر دارەكان بخەوەو بەڕۆژیش وەكو (شێر) بە و خۆت نەدەیتە دەست خەڵكیەوە و ڕێگات دیاری بكەن.

باوكیشی" كە تا نیوەی ڕیٚ هاوسەفەری بوو، لەڕێگای (ئیشبیلیە)، پێی وت: كوڕم! (ئیبن ڕومیە) بە كتێبی خوا و سوننەتی پێغەمبەر زانایە، هەروەك چۆن زانایە بە ڕووەك، هەربۆیە بخوێنە لەلای و گوێڕایەڵی وتەكانی بە.

(ئیبن بەیتار) بەردەوام بوو لە گەشتەكەی، تا گەیشتە (ئیشبیلیە) لە سەدەی (٧ك/ ١٣ز)، كاتیٚ گەیشتە ئەویٚ، بیٚ وەستان چووە لای (ئیبن ڕومیە)ی مامۆستای و لەویٚ خۆی ناونوسكرد و، لەباخچەی فێرگەكەدا، ژورێكیان پێدا[1].

**٢- ئیبن حەجاجی ئیشبیلی.**

**٣- عبداللەی كوڕی ساڵحی كەتامی.**[2]

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين أبن البيطار، ص١٧-١٩.

(٢) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين". ص١١

## ئیبن بەیتار و ڕووەكناسیی:

لەناو زانا موسڵمانانددا، ئەم زانستە بەر لە (ئیبن بەیتار) هەبووە و، كۆمەڵێك زانای گەورەش لەو بوارەدا خزمەتیان كردووە، لەوانە:



(ئیبن جلجل، شەریفی ئیدریسی، ئیبن صوری، مامۆستاكەی ئەبو عەباسی نەباتی)، بۆیە دەتوانین بڵێین: گەشەیەكی باش بەرجەستە ببوو، لە بواری دەرمانە ڕووەكی و ئاژەڵی و كانزاییەكاندا، ئەوەبوو لە دەورانی (ئەبو جەعفەری مەنصور)دا، چەندین دەرمانخانەی گشتی كرانەوە، هەروەها دەرمانخانەی تایبەت بە نەخۆشخانەكان دانرا و، بەڕێوەبەری تایبەت بە خۆی بۆ دانراو پێی دەوترا: (شێخی دەرمانخانەی نەخۆشخانە[1])، لەگەڵ چەندین لایەنی تر، كە پێشتر لەبارەیانەوە دواوین، بەڵام شێوازی پەیوەست بونی ئەم زانایە بە زانستی ڕووەكناسی و، پاشان بەكارهێنانی بۆ بواری پزیشكیی و دەرمانسازیی، دەگەڕێتەوە بۆ حەزێك، كە ئاماژەمان پێكرد، لە منداڵیەوە وابەستەیی لە ناخیدا دروستببوو بەرامبەر بە ڕووەك و، بەردەوام بیری لێدەكردەوە و سەرنجی دەدایە،

---

(١) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص١٣.

پاشانیش کاریگەری مامۆستا لێهاتووەکەی: (ئیبن ڕومیه)، کە بە یەکەمین کەسێ دادەنرێ ئاسانکاری کردبێ و، ناوی هەندێ لەڕووەکەکانی لە یۆنانییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕابێ، تاوەکو قوتابیان باشتر سوودمەند ببن.

(دکتۆر ماهر عەبدولقادر- مامۆستای فەلسەفەی زانستەکان/ زانکۆی ئەسکەندەریه) دەڵێ: "(زیائەدین ئیبن بەیتار)، لەزاناکانی زانستی ڕووەك و دەرمانسازییە، یەکێکە لە زاناکانی ئەندەلوس، توانی پەرەیەکی زۆر بدات بە کاری زاناکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، دەتوانم بڵێم: گەشەی زانستی و بناغەی تۆکمەی زانستی ئەم زانایە، دوو کاریگەریی بوو:

یەکەمیان: خانەوادە و بنەماڵەکەیان، کە ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرز بوو.

دووەمیش: ئاست بەرزی مامۆستاکەی (ئیبن ڕومیه)، چونکە ئەوەی بەنوسراو دەیانخوێند، هەوڵی دەدا بەشێوەی کرداری نیشانیان بدات[١]".

هەرچەندە ئەمە وای لە (ئیبن بەیتار) نەکرد، ئیتر داهێنانی خۆی بوەستێنێ، بەڵکو تاوەکو ئەوکاتەی وەفاتی کرد، بۆ ڕۆژێکیش لە داهێنان و تازەگەری نەوەستا، هەربۆیە دەبینین بۆ ئەوەی بۆ خۆی ڕاستەوخۆ، بە دەرمانە ڕووەکیەکان ئاشنا بێت، گەشتی بۆ وڵاتی یۆنان کرد و، بۆ ئەمەش خۆی فێری یۆنانی کرد[٢].

## گەشتەكانی:

(دکتۆر عیماد ئەبو غازی- لێکۆڵەری مێژوویی و بەڵگەنامەکان) دەڵێ: "ئەوەی وای کرد (ئیبن بەیتار) شاری خۆی بەجێبهێڵێ، شەڕی بەردەوامی خاچیەکان بوو لەگەڵ وڵاتی ئەندەلوس، کە کاریگەریەکانی خراپی بەسەر شاری (مالقە)وە بوو[٣]". هەربۆیە لە (مالقە)وە ڕووی کردە شوێنگەی پزیشکانی: ڕۆمانی و یۆنانی، وەك: (جالینۆس و بوقرات ودیسقوریدیس)..

---

(١) العلماء المسلمون: الجزيرة الوثائقية، ابن البيطار.

(٢) د.طه عبدالمقصود عبدالحميد أبو عبية: الحضارة الاسلامية، المجلد الثاني، ص٩٣٩-٩٤٠.

(٣) العلماء المسلمون: الجزيرة الوثائقية، ابن البيطار.

باوکی بەبیستنی بڕیاری گەشتکردنی کوڕەکەی، ڕەزامەندی نیشانداو مامۆستاکەشی (ئیبن ڕومیە) پاش ئەوەی زانا ئیبن حەجاجی لە وڵاتی مەغریب پێناساند، هیوای سەلامەتی بۆ خواست، بەڵام دایکی مەرجی بۆ دانا، بەو جۆرە ڕەزامەندی نیشان ئەدا زەواج لەگەڵ (خەزرا)ی کچی خوشکەکەی (کچە پوری ئیبن بەیتار) بکات، ئەویش ڕازی بوو، کارەکەیان تەواوکرد و گەشتەکەی دەست پێکرد[1].

(ئیبن بەیتار) لەپاش دەرچونی لە زێدی خۆی، ئیتر بۆ ساتێکیش وچانی نەدا و تەواوی ئەو شوێنانەی خەونی دەدی، ڕۆژێك لەڕۆژان بچێتە ناویان و تاسەی خۆیانیان تێدا بشکێنێ، گەڕا، لەهەر شوێنێ نیشتەجێ دەبوو، پرسیاری لە گوڵە سەیر و سەمەرەو تایبەتەکانی ئەو ناوچەیە دەکرد و، سەرنجی دەدایە ناو و زانیاری لەسەر کۆدەکردنەوە، دوای ئەوەی لە لێکۆڵینەوەکەی دەگەیشتە ئەنجام، دەچووە شوێنێکی دی، لەتەمەنی (٢٠)ساڵیەوە گەشتە زانستیەکەی خۆی دەست پێکرد، لەگەشتەکەیدا چووە: (مەغریب و جەزائیر وّ تونس و تەرابلوس و بەرقە و..)، پاشان لەڕێگای دەریاوە، توانی بچێتە ئاسیای بچوك و، لەوێوە چووە یۆنان و وڵاتانی ڕۆم و سەرزەمینی پزیشکانی کۆن، پاشان بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی شۆڕبۆوە و، چووە وڵاتی فارس و عێراق، دواتریش بۆ (شام) و (میسر)، لەو شارو وڵاتانەدا، تەنها نەماوەتەوە و لەپاش بەسەربردنی کاتێکی خۆش بەڕێکەوتبێ بۆ شوێنێکی تر، بەڵکو ئامانج لە سەفەر و گەشتەکانی: بینینی زانا شارەزاکانی هەریەکە لەو وڵاتانە بووە، تاوەکو بەدروستی زانیاریەکانیان لێوەربگرێت و شارەزاییەکی باش لە سروشت و هەڵکەوتەی ئەو شوێنانە پەیدا بکات، کە چ جۆرە ڕووەك و گیایەك بەرهەم دێنن و ئەمە بکاتە ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی، دواتریش وێنە و ناو و زانیاری لەسەر هەریەکە لەو ڕووەکانە تۆمار بکات[2].

(عبدالرزاق نوفل) لە کتێبی: (المسلمون والعلم الحديث) دەڵێ: "(زیانەدین)

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٢٧-٢٨.

(٢) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص١٣-١٤.

یەكەم زانایە خۆی تایبەتمەند كردبێت بۆ بواری ڕووەكناسی، كە هەستا بە پۆلێنكاری و جیاكردنەوەی جۆرە جیاجیاكانی ڕووەك و گژوگیا، لێكۆڵینەوەكانی ئەنجامی داون لەلای زانایانی ڕووەكناسی، تاوەكو ئێستاش لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێ[1]".

(ئیبن بەیتار) دواگەشتی بەرەو وڵاتی میسر بوولە قاهیرە، كە ئەوكاتە (مەلیك كامیلی ئەیوبی) فەرمانڕەوا بوو، كاتێ بینی زۆر سەرسام بوو پێی و لەخۆی نزیك كردەوە و ڕێزی لێنا، ئەم مەلیكە، یەكێك بوو لەوانەی زۆر گرنگی دەدا بە زانست و زانیاری و، بەهۆكاری پێشكەوتنی وڵاتەكەی دەزانی، هەربۆیە دەبینین لەبارەیەوە وتویانە: بەڕۆژدا ڕوبەڕوی خاچیەكان دەبۆوە، بەشەوانیشدا دانیشتنی زانستیانەی هەبوو. هەربۆیە (ئیبن بەیتار)یش لەوێ مایەوە، چونكە باشترین شوێنی ئاسایش و هێمنی ئەو كات بوو، لەهەمان كاتیشدا وڵاتێك بوو ڕێزیان لە زانستەكەی دەگرت و جێگای سەرنجیان بوو[2].

## قوتـــابیـەكـانی:

**(ئیبن بەیتار) لە قاهیرە و دیمەشق چەند قوتابیەكی هەبوو، لە بواری پزیشكیی و زانستی ڕووەكناسیدا، لە ناودارترینیان:**

### ١- ئەحمەدی كوڕی قاسمی كوڕی ئەبی ئەصیبعە:

یەكەم بەیەكگەیشتنیان لە دیمەشق بوو، هاوەڵێكی بەردەوامی (ئیبن بەیتار) بوو لە دیمەشق، لەكاتی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەكانیدا و بەهۆی ئەم نزیكایەتیەوە، فێری نوسین و خوێندنەوەی زۆرێك لە ناوی دەرمانەكان بوو، خاوەنی كتێبی بەناوبانگی مێژووی پزیشكیی: (عیون الأنباء)ە.

---

(١) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين". ص١٤.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٣٥-٤٧. د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الاسلامية، ص ٢١٣.

**٢- ئیبراهیم كوڕی سویدی دیمەشقی:**

بەهۆی كاریگەریەكانی (ئیبن بەیتار)ەوە دوو كتێبی نوسی بەناوەكانی: (السمات في أسماء النبات) و (التذكرة الهاوية والذخيرة الكافية).

**٣- داودی كوڕی عومەری ئینتاكی:**

پزیشكێكی سوریە، دواتر بووە سەرۆكی پزیشكانی میسر، خاوەنی كتێبی: (تذكرة أولي الألباب)ە، كە كاریگەریەكانی (ئیبن بەیتار)ی بەسەرەوە[1].

**دانراوەكانی:**

١- الجامع لمفردات الأدوية والأغذية یان (الجامع في الأدوية المفردة)یان (مفردات ابن البيطار)[2]:

بە باشترین و ناودارترین كتێبی دادەنرێ، لە چوار بەرگ پێكهاتووە. ڕیزبەندی ناوەڕۆكی كتێبەكە بەپێی پیتی ئەبجەدییە، لەگەڵ باسكردنی ناوەكانیان بەچەند زمانێك: (جۆرج سارتۆن) لەبارەی ئەم كتێبەوە دەڵێ: "دانەری (الجامع في الأدوية المفردة) هەستاوە بەڕێكخستنی كتێبەكەی لەسەر پیتە ئەبجەدییەكان، تاوەكو ئاسانكاری بێت بۆ دۆزینەوە و گەڕان تێیداو، ناوەكانیشی بەچەند زمانێكی جیاواز نوسیوە، ئەم كتێبە لەنێو زانایانی ئەوروپادا، هەتاوەكو شۆڕشی ئەوروپی، كاریگەربوو و كاریان لەسەر دەكرد".

لەم كتێبەدا ئاماژە بە باشی دەرمانەكان و چۆنییەتی هەڵگرتن و پاراستن و بەكارهێنانیان دراوە، لەگەڵ باسكردنی شێوازی بەهەڵە بەكارهێنان و زیان و خراپی هەریەكە لەدەرمانەكان[3].

---

(١) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين". ص١٥.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار. ص٤٥

(٣) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية. ٢١٦.

ئەوەی جێگای ئاماژەدانە، ئەم كتێبە شەرحی بۆ (١٤٠٠) دەرمان كردووە لە: (ڕووەكی، ئاژەڵی، كانزایی)، لەگەڵ (٣٠٠) دەرمانی نوێ، پشتی بەستووە بە (١٥٠) كتێب و لەنێویاندا (٢٠) یان بەزمانی یۆنانین[1].

دانەری كتێبی (أثر العرب على الحضارة الأوروبية) لەبارەی ئەم كتێبەوە دەڵێ: "كتێبی الجامع، گەورەترین كتێبی عەرەبیە لە زانستی ڕووەكدا، كە بیرۆكەو نوسینەكانی (ئیبن بەیتار) لەم كتێبەوە، بووە سەرچاوەیەكی سەرەكی لە زانستی ڕووەكدا، تاوەكو سەدەی (١٦ز)، لە هەمان كاتیشدا بە گەورەترین ڕووەكناس و دەرمانساز دائەنرێ لەسەدەكانی ناوەڕاستدا".

هەروەها (دكتۆر عەبدولحەلیم مونتەسر) لە كتێبی: (تأريخ العلم ودور العلماء العرب في تقدمه) دەڵێ: "هیچ كتێبێكم نەبینیوە بەقەد فەرهەنگە زانستیەكەی (ئیبن بەیتار) چڕ و پڕ بێت، لە كۆكردنەوەی ناوی ڕووەكەكان و وەرگێڕانی ناوەكانیان بۆ چەند زمانێك و، پێدانی زانیاری لەسەر جۆری هەریەكەیان[2]".



---

(١) د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٤٧. د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ٢١٧.

(٢) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص١٧.

نوسەری كتێبی (الفكر الإسلامي منابعه وآثاره: M.M.Sharif) كه لەلایەن دكتۆر ئەحمەد چەلەبیەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، لەبارەی ئەم كتێبەوە دەڵێ: "كتێبەكە وەرگێڕدرایە سەر زمانی لاتینی بەناوی Simblicib وە، لەماوەی سەدەی (١٥)دا زیاتر لە (٢٣)جار چاپكرا و دواتر، تا ماوەیەكی دوور و درێژیش لە دەرمانخانەكانی ئینگلیزدا سوودی لێوەردەگیرا، بەڵام چەند بەشێكی كتێبەكە ونبوو، پاشان جارێكی تر لەشاری (كریمونا) لەساڵی (١٧٥٨ز) چاپكرایەوە، ئەم كتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمان و لە زانكۆ گەورەكانی ئەوروپادا دەخوێندرا، تاوەكو سەردەمی ڕێنسانس، بۆ چەندین زمان و چەندین جار چاپكراوەتەوە، بە زمانی عەرەبیش لە ساڵی (١٨٧٤ز) بە چوار بەش لە میسر چاپكرا و، لەلایەن (دار الصادر)یش لەبیروت بە دوو بەرگ چاپكرا، دواجاریش دەبێ ئەوە بزانین، ئەم كتێبە چەندین بەشی لە زۆرێك لە كتێبخانە جیهانی و مۆزەخانەكاندا، بە دەستنوس پارێزراوە[1]".

٢- المغني في الأدوية:

ئەم كتێبە، باس لە چارەسەری نەخۆشییەكانی لەش دەكات، بەشێوازێكی زۆر پوخت و بەسود وەرگرتن لە پزیشكانی هاوسەردەمی خۆی، جگە لەمە ئەتوانین بڵێین: كتێبەكە كۆمەڵێك لێكۆڵینەوەشی تیایە لەسەر دەرمانەكان كە بۆ (٢٠) بەش دابەشی كردوون، زۆر بەشێوەیەكی ڕێكوپێك ناوی نەخۆشییەكەو، لەتەنیشتیدا ناوی دەرمانەكەی نوسیوە، ئەمەش وای كردووە، كتێبەكە زۆر پەسەند بێت بۆ پزیشكان و قوتابیان و باش لێی تێبگەن، ئەم كتێبە بە دەستنوسی (٢٣٦) لاپەڕەیە[2].

---

(١) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص١٨-١٩.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٥٠.

**٣- الـمــغـرب:**

له (٢٣٣٠) جۆری خۆراك و دەرمانی ڕووەکی پێکهاتووە، (٣٠٠) دەرمانیان، پێشتر و لەهیچ شتێکدا باس نەکراون و نەبوون.

**٤- الأقـربــاذين:**

پێکهاتووە له ژمارەیەکی زۆر له دەرمانە تاکیەکان و باسکردنی زۆرێك له ڕووەك و بەرد و کانزا جۆراوجۆرەکان بەشێوەی ڕیزبەندی[1].

**٥- الإبانة والإعلام بما فـي المنهاج من الخلل والأوهام:**

ئەمە کتێبێکی ڕەخنەیی پزیشکیە، تێیدا لێکۆڵینەوە و ئەنجامە پزیشکیەکانی خۆی تێدا خستۆتە ڕوو، زۆر بە توندی ڕەخنەی لە پێشینانی خۆی گرتووە، کە بە هەڵەدا چوون، لەوانە: (ئیبن جزله) (له ٤٩٣ك/١١٠٠ز مردووە)[2].



-------------------------

(١) ن.م

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ٢١٨

## ٦- شرح أدوية ديسقوريدس:

کتێبێکی فەرهەنگی پزیشکیە، بە زمانی: (عەرەبی، سریانی، یۆنانی، بەربەری،...)یە، لەگەڵ شیکردنەوەی دەرمانە ڕووەکی و ئاژەڵییەکان[1].



### داهێنانە زانستیەکانی :

(ئیبن بەیتار) نەیدەتوانی بەبێ سود وەرگرتن لە پێشڕەوانی خۆی بگاتە ئەو پلەی پێشکەوتن و داهێنانکاریەی لەبواری زانستەکەدا هەبوو، هەربۆیە خوێندنەوەی کتێبەکانیان و سوود وەرگرتن لە بیروبۆچونەکانیان، وای کرد داهێنانی باش لە زانستەکەدا بکات، ئەمەش زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە کتێبەکەی: (ئیبن ئەبی ئەصیبعە)ی قوتابی و هاوڕێیدا، کە دەڵێ: "کتێبەکەی (دیسقوریدس)ی دەخوێندەوە، کە فەرهەنگێکی تایبەت بە ناوی دەرمانەکان بوو، سودێکی زۆری لێ دەبینی و، تێگەیشتنی بۆ زانستەکەی زیاتر دەکرد،جگە لەم کتێبەش، سودی زۆری لە کتێبەکانی دی دەبینی، کە لەبارەی دروستکردنی دەرمانەکانەوە نوسرابوون، لەوانە کتێبەکانی: (دیسقوریدس و جالینۆس و

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٥١

غافقی،..)."[1]

به‌لام به‌مه تینوێتی نه‌شكاوه، به‌ڵكو خوێندنه‌وه‌یه‌كی ته‌واوه‌تی هه‌بووه، بۆ هه‌موو ئه‌و كتێبانه‌ی زانا موسڵمانه‌كان له‌و بواره‌دا نوسیویانه و، دیراسه‌یه‌كی باشی كتێبه‌كانیانی كردووه، له‌هه‌مان كاتیشدا ڕه‌خنه‌ی له‌هه‌ندێكیان گرتووه.

(ڕاملاندو) له كتێبه‌كه‌ی: (إسهام علماء العرب في الحضارة الأوروبية)دا ده‌ڵێ: "(ئیبن به‌یتار) توانی به داهێنان و كتێبه‌كانی زانستی ڕووه‌كناسی له (دیسقوریدس)ه‌وه، تا سه‌ده‌ی (١٠ك) به‌یه‌كه‌وه ببه‌ستێ".

(ئه‌لدومیلی) له كتێبی: (العلم عند العرب وأثره في تطور العلم العالمی) له‌باره‌ی (ئیبن به‌یتار)ه‌وه ده‌ڵێ: "به‌ناوبانگترین و ناودارترین پێشه‌نگی ڕووه‌كناسی و ده‌رمانسازانی جیهانی ئیسلامیه".

له كتێبه‌كه‌یدا كۆكراوه‌یه‌كی ته‌واوی پێشینانی خستۆته به‌رده‌ست، به‌مه‌ش توانیویه‌تی هه‌موو ئه‌و داهێنانانه‌ی له‌و بواره‌دا كراون، وه‌كو گوریسێك به‌یه‌كیانه‌وه ببه‌ستێته‌وه و ئه‌وه‌ی ده‌یخوێنێته‌وه له زانسته‌كه تێده‌گات، چۆن وردەورده په‌ره‌ی سه‌ندووه، له یۆنانه‌وه بۆ ڕۆمان و، پاشان بۆ سه‌ره‌تاكانی شارستانییه‌تی ئیسلامی، دواتریش له‌سه‌رده‌می خۆیدا چۆن په‌لوپۆی زانسته‌كه پێشكه‌وتووه، داهێنانه‌كانی ڕونكردونه‌ته‌وه[2]، وه‌ك ده‌یگوت: "كاره‌كانی پێشین به‌س نییه‌و بۆ تێگه‌یشتن، چونكه ئاڵۆزه و ئاسان نییه بۆ قوتابیان، هه‌ربۆیه پێویسته شی بكرێنه‌وه و ڕاست بكرێنه‌وه، تاوه‌كو سودیان لێوه‌ربگیرێت[3]".

---

(١) ابن أبي أصيبعة: طبقات الأطباء. ص٣٩٧.

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢١٤-٢١٥

(٣) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص١٠

## بۆچونی زانایانی ڕۆژئـاوا :

- ڕۆژهه‌ڵاتناسی ئه‌ڵمانی: (زیغرید هونكه)[١] له كتێبی (شمس العرب تسطع علی الغرب) ده‌ڵێ: "(ئیبن به‌یتار) یه‌كێكه له گه‌وره‌ترین داهێنه‌ره موسڵمانه‌كان له زانستی ڕووه‌كدا، له كتێبه دیاره‌كانیشی: (الجامع)ه، هه‌موو زانسته‌كه‌ی تێدا كۆكردۆته‌وه، توحفه‌یه‌كی جوانه و به‌رهه‌می عه‌قڵێكی زانستی زیندووه، ١٥٠ سه‌رچاوه‌ی تێدا به‌كارهێناوه‌و (٣٠٠) ده‌رمانی نوێی باس كردووه، كه پێشتر هیچ زانایه‌ك باسی نه‌كردوون، به‌گشتی (١٤٠٠) ده‌رمانی باسكردووه و ناوه‌كانیانی به چه‌ندین زمان نوسیوه و، چۆنییه‌تی به‌كارهێنانیانی ڕونكردۆته‌وه، ڕاستگۆیانه ده‌ڵێم زانایه‌كی گه‌وره‌یه[٢]".



**په‌یكه‌ری (ئیبن به‌یتار) له شاری بالقه‌ی ئیسپانیا**

---

(١) زیگرید هونكه (١٩١٣-١٩٩٩)ز ژیاوه. له ساڵی (١٩٤١ز) بڕوانامه‌ی دكتۆرای به‌ده‌ستهێناوه و به‌كتێبه‌كه‌ی: (شمس الله تسطع علی الغرب) به‌ناوبانگه، له هامبۆرگ له‌ساڵی (١٩٩٩ز) مردووه.

(٢) ص٣٢٢-٣٢٣

- ڕۆژهه‌ڵاتناسی ئه‌ڵمانی: (ماكس مایرهوف)[١] ده‌ڵێ: "به‌ناوبانگترین زانای موسڵمانه له زانستی ڕووه‌كدا[٢]".

- ڕۆژهه‌ڵاتناسی به‌لجیكی: (جۆرج سارتۆن)[٣] له‌باره‌ی كتێبه‌كه‌ی (الجامع)ه‌وه ده‌نوسێ: "باشترین دانراوی ڕووه‌كناسیه له سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا، زۆر به‌نرختره له دانراوه‌كانی پێشتر و دواتریش، له (دیسقوریدس)ه‌وه تا سه‌ده‌ی (١٦)یه‌م".

- ڕۆژهه‌لاتناسی ئه‌ڵمانی: (روسكا[٤]) ده‌ڵێ: "كتێبی (الجامع) باشترین كاریگه‌ری هه‌بووه له ئه‌وروپاداو، گرنگترین هۆكاری پێشكه‌وتنی زانستی ڕووه‌ك بووه، له‌نێو خۆرئاواییه‌كاندا[٥]".

## شه‌هیدی لێكۆڵینه‌وه‌ی زانستی:

ئه‌م زانا گه‌وره‌یه له‌كاتێكدا له تاقیگه‌كه‌ی خۆی، له‌شاری دیمه‌شق، له‌سه‌ر چه‌ند ڕووه‌كێك، خه‌ریكی لێكۆڵینه‌وه‌یه‌كی زانستی بوو، توشی ژه‌هراوی بوون هات و له ته‌مه‌نی (٤٩)ساڵیدا و له‌ساڵی (٦٤٦ك/ ١٢٤٨ز) كۆچی دوایی كرد[٦].

---

(١) ماكس مایرهوف (١٨٧٤-١٩٤٥)ز، پزیشكیی ئه‌ڵمانی له (هلدسهیم) له‌دایكبووه و له قاهیره كۆچی دوایی كردووه.

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢١٩

(٣) جۆرج سارتۆن (ده‌رمانناس و مێژوونوس) له به‌لجیكا ساڵی (١٨٨٤ز) له‌دایكبووه و له (١٩٥٦ز) له ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مریكا كۆچی دوایی كردووه.

(٤) یۆلیۆس روسكا (١٨٦٧-١٩٤٩)ز، له ئه‌ڵمانیا له‌دایكبووه و یه‌كێكه له لێكۆڵه‌ره‌وه دیاره‌كانی مێژووی زانست له ئیسلامدا.

(٥) أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار، ص٦٩.

(٦) أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"، ص٥. د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢١٩.

## ئیبن نەفیس

## (٦٠٧-٦٨٧ك/ ١٢١٠-١٢٨٨ز)



"دۆزەرەوەی سوڕی خوێن"



## ئیبن نەفیس كێیە؟!

ناوی (عەلائەدین ئەبو حەسەن عەلی كوڕی حەزمی قرشی دیمەشقیە)، ناسراوە بە: (ئیبن نەفیس)[1]، زانایەكی بیرفراوان و تێگەیشتوو بووە لە زانستی پزیشكیدا، لە هەمان كاتیشدا شەرعناس و فەرموودەناسێكی لێهاتوو و نوسەرێكی سەركەوتووش بووە...

ناوداری و دەركەوتنی ئەم زانا گەورەیە، هاوكات بوو لەگەڵ ناوابون و كزبونی شارستانییەتی ئیسلامی لە بەغداد، بەهۆی هێرشەكانی مەغۆل و تەتارەوە بۆ جیهانی ئیسلامی[2].

ئیبن نەفیس لە ساڵی (٦٠٧ك/ ١٢١٠ز) لە دیمەشق لەدایك بووەو، هەر لەوێ خراوەتە بەر خوێندن و، پاشان بەرەبەرە لە بواری پزیشكیدا بەرەو پێشەوە چووە. بەهۆی سودوەرگرتنی لە دەرسەكانی حەكیم و شارەزایانی ئەو كات، بەتایبەت حەكیم (موهەزەبەدین دخوار)[3]، پاشان بەهۆی بەناوبانگیەوە، لەساڵی (٦٣٣ك/ ١٢٣٦ز) بۆ میسر نێردرا، لە ڕۆژانی سوڵتانی ئەیوبی (كامیل موحەممەد)دا، واتە لە كاتێكدا، كە میسر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا پەناگەی زانایان بوو، بەهۆی ڕاكردنی زانا موسڵمانەكان لە بەری خۆرهەڵاتەوە بەرەو میسر، لەتاو دڕندەیی و كوشتاری مەغۆلەكان و، ڕوكردنی زانایانی مەغریبیش لە بەری خۆرئاواوە، لەتاو كوشتاری ناوچەكانی ئەندەلوس و باكوری ئەفریقیا[4].

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن النفيس ، ص٣.

(٢) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمون، ص١٦٦.

(٣) فؤاد حمدو الدقس: ابن النفيس ، ص٤.

(٤) د. أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١، ص١٤٤.

## شێوه و كه‌سێتی :

(ئیبن نه‌فیس) كه‌سێكی باڵا به‌رز بوو، لاشه‌یه‌كی لاواز و ده‌موچاوێكی درێژی هه‌بوو... كه‌سێكی تا بڵێی له‌سه‌رخۆ و هێمن بوو، خۆشه‌ویست و دیندار بوو.. سه‌ره‌تاكانی ژیانی له (قرشیه)ی نزیكی (حیمص) به‌سه‌ر بردووه، له‌نێو كێڵگه و باخچه و ئاووهه‌وای ساف و بێگه‌ردی ئه‌وێدا، له‌گه‌ڵ ده‌نگی ئه‌و جوتیارانه‌ی، كه به ئاوازێكی خۆش گۆرانیان ده‌چڕی، به‌ده‌م ئیشكردنه‌وه په‌روه‌رده بوو، جگه له‌وه‌ش، هه‌فتانه زانایان له ماڵی ئه‌واندا كۆده‌بونه‌وه‌و، له‌باره‌ی زۆر شتی زانستیه‌وه قسه‌یان ده‌كرد، كه (ئیبن نه‌فیس)یش، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی بچوك بوو، به‌ڵام به‌شداری له‌و دانیشتنانه‌دا ده‌كرد.. هه‌موو ئه‌مانه كاریگه‌رییان له‌سه‌ر كه‌سێتی ئه‌م زانایه دانا، كه ئاوا كه‌سێكی بیرفراوان و بیرتیژ بێت و توانایه‌كی باشی له‌وه‌رگرتنی زانیاریدا هه‌بێت[١].

## هه‌وڵه‌كانی بۆ زانست:

### ١- شـــام :

سه‌ره‌تای ده‌ركه‌وتنی ناوبانگی ئه‌م زانایه، وه‌كو كه‌سێكی شاره‌زا له بواری زانسته دینییه‌كاندا، له‌وڵاتی شام بوو، كه هه‌ستا به‌وتنه‌وه‌ی وانه له‌بواری (فیقه) و (فه‌رموده)دا.

ده‌ركه‌وتنی له(حیمص) وه‌كو كه‌سێكی شاره‌زا له زانستی: (نه‌حو و صه‌رف)ی زمانی عه‌ره‌بیدا، هۆكارێك بوو بۆ ئه‌وه‌ی زوو ببێته جێی سه‌رنجی خه‌ڵكی و، قوتابیانێكی زۆر به‌لای خۆیدا ڕابكێشێ، به ڕاده‌یه‌ك، كه ده‌رسه‌كانی له پێش هه‌موو ده‌رسه‌كانی تری مامۆستاكانه‌وه بوو، بۆیه ده‌توانین بڵێین: كه له سه‌ره‌تای ته‌مه‌نیدا، له‌سه‌ر ئاستی شاری حیمص، بووه زانایه‌كی گه‌وره له زانسته دینییه‌كاندا، وه‌كو ده‌یانگوت: "(ئیبن

---

(١) د. راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، ص١٧٦.

نه‌فیس) یه‌كه‌م زانای فیقهـ... (ئیبن نه‌فیس) یه‌كه‌م زانای زمان"[١].

باوكی حه‌زی ده‌كرد هه‌ر له‌سه‌ر ئه‌م ڕێیه بمێنێته‌وه‌و، له زانسته دینییه‌كاندا بخوێنێ، به‌ڵام به‌باوكی وت: جیهانی ئیسلامی كه‌سانی شاره‌زای دینی زۆر زۆره و له ئێستادا بواری پزیشكیی، كه خزمه‌ت به جه‌سته‌ی مرۆڤ ده‌كات و ته‌ندروستی ده‌پارێزێ پێویسته، باوكیشی، كه زانی حه‌زی به‌بواری پزیشكییه، هه‌موو جۆره هاوكاریه‌كی كرد، تاوه‌كو بچێته دیمه‌شق و له‌وێ له بواری پزیشكیدا خۆی پێبگه‌یه‌نێت[٢].

دیمه‌شق له‌م سه‌رده‌مه‌دا هاوشێوه‌ی به‌غداد بوو، له ده‌ورانی ڕه‌شید و كوڕه‌كانیدا، گرنگیه‌كی زۆر به بواری زانست ده‌درا، به‌تایبه‌تی بواری پزیشكیی زۆر له‌به‌رچاو گیرابوو، تاوه‌كو ئه‌وه‌ی نه‌خۆشخانه‌ی گه‌وره‌ی ناسراو به: (بیمارستانی نوری) دامه‌زرا، كه (ئیبن نه‌فیس)یش له‌وێ ده‌ستی كرد به خوێندن له‌گه‌ڵ ژماره‌یه‌ك قوتابی به‌توانا، له‌وانه: (ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه، به‌دره‌دین موزه‌فه‌ر، عه‌بدولله‌تیف موهه‌ندیس، یوسف سه‌بتی).

(ئیبن نه‌فیس) له سه‌ره‌تای كاری پزیشكییه‌وه، كه‌وته ژێر كاریگه‌ری پزیشكیی مه‌سیحی: (ئیبن ئه‌لته‌لامیز) و بووه قوتابی ئه‌و، كه پێشتر له به‌غداد، له‌ده‌ورانی (موقته‌فی و موعته‌ز)دا، پزیشك بووه.

ئه‌م پزیشكه، كه به‌رده‌وام نوسخه‌یه‌كی له كتێبه‌كه‌ی ئیبن سینا: (القانون)ی پێبوو، هه‌ربۆیه ده‌بینین، (ئیبن نه‌فیس) دواتر له‌ژێر ئه‌و كاریگه‌ریه‌دا، سه‌ر له‌نوێ شه‌رحی ئه‌و كتێبه ده‌كاته‌وه، به‌داهێنان و ئه‌زمونه‌كانی خۆیه‌وه.

پاشان بووه قوتابی له‌لای (موهه‌زه‌به‌دین دخوار) (له ٦٢٨ك/ ١١٣٠ز مردووه)، ئه‌مه‌ش سه‌ره‌تای شاره‌زابونی بوو، به زانستی پزیشكیی چاو له نه‌خۆشخانه‌ی (نوری) له دیمه‌شق[٣].

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمون، ص١٦٨.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: ابن النفيس، ص١٣-١٤

(٣) أ.د.صبري الدمرداش: ابن النفيس، ص١٨-١٩.

ئیبن نەفیس بۆ ماوەی (١٠)ساڵی تەواو، خەریكی خوێندنی زانستی پزیشكیی بوو، تاوەكو لای تەواوی خەڵكی شام، بووه كەسێكی لێهاتوو و دەركەوتوو، لەم ماوەیدا هەستا بە خوێندنەوە و لەبەركردن و تێگەیشتنی نوسینە پزیشكیەكانی وەك: (جالینۆس و بوقرات)، پاشتریش دەستیكرد بە نوسین و لێكۆڵینەوە و چارەسەركردنی خەڵكی.

**٢- میسـر :**

میسر، كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر (ئیبن نەفیس) هەبوو، بۆ ئەوەی لەبواری پزیشكیدا زیاتر سەربكەوێ و پێشبكەوێ، هۆكارەكەشی بۆ گونجاوی و لەباری ئەو كەشە دەگەڕایەوە، كە بۆ پزیشكانی ئەوێ لەلایەن فەرمانڕەواكانیانەوە بۆیان دەستەبەركرابوو، بەوەی، كە چەندین عیادە و نەخۆشخانەی گەورەیان تێدا كردبۆوە و، لە هەوڵی زیادكردنیشیدا بون، لەوانە:

**ئەو بیمارستانانەی لەپێش چونی (ئیبن نەفیس)ـەوە دروستكرابون، وەك:**

- نەخۆشخانەی (ئەعلا)، كە (ئیبن طولون) لە حەی عەسكەری قاهیرە دروستیكرد.
- نەخۆشخانەی (ئەخشیدی)، لەلایەن ئەخشیدییەكانەوە بنیاتنرا.



**لەسەردەمی (ئیبن نەفیس)یشدا چەند نەخۆشخانەیەكی تر كرانەوە، وەك:**

- نەخۆشخانەی (ناصری).

ئەم نەخۆشخانەیە، لەلایەن سەركردەی كورد، سەلاحەددینی ئەیوبیەوە، لە كۆشكێ لە كۆشكەكانی فاتمیەكاندا دروستكرا، كە بەهۆی گەورەیی و دابینكردنی پێداویستیەكانەوە، بووە یەكێ لە بەناوبانگترین نەخۆشخانەكان[1].

- نەخۆشخانەی (قەلاوون).

لەسەردەمی سوڵتان (قەلاوون) لەساڵی (٦٨٣ك/ ١٢٨٤ز) دروستكرا.

## كتێبەكانی:

**١- كتێبە ئیسلامیەكانی:**

(ئیبن نەفیس) وەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا، گرنگیەكی زۆری داوەتە زانستە دینییەكان، بەتایبەتی لە سەرەتاكانی ژیانیدا، كە وەك كەسێكی شارەزا لە زانستە ئیسلامیەكاندا دەركەوت، لە گرنگترین كتێبەكانیشی لەم بوارەدا:

- الرسالة الكاملية في السيرة المحمدية.

كتێبێكە لەسەر ژیانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، ئەم كتێبە، تاوەكو ئێستا بەدەستنوسی ماوەتەوە و لە كتێبخانەی عەرەبی ئیسلامی لە قاهیرە پارێزراوە.

- مختصر في علم أصول الحديث.

- لەسەر زانستی كەلامیش، كتێبێكی هاوشێوەی (حي بن يقظان)ی نوسیوە بەنێوی (فاضل بن ناطق) كە تاوەكو ئێستا لە ئەستەمبۆڵ پارێزراوە.

---

(١) د. أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١، ص١٤٥.

**٢- کتێبه پزیشکیه‌کانی:**

- بغية الطالبين وحجة المتطببين.
- بغية الفطن من علوم البدن.
- الشامل في الطب.

له بواری پزیشکیدا به‌گرنگترین کتێبی داده‌نرێت، که ڕای جیاوازی زۆری له‌سه‌ره به‌وه‌ی، که (١٠) به‌رگه، یان (٢٠) به‌رگه، یان (٥٠) به‌رگه، یان (٣٠٠) به‌رگه، له‌دائیره‌تولمه‌عاریفی ئیسلامیدا هاتووه، که ئه‌م کتێبه به‌ته‌واوی نه‌ماوه‌ته‌وه و نوقسانه و بڕێکی له‌ناوچووه.

- کتێبێکی گرنگیشی له‌باره‌ی نه‌خۆشییه‌کانی چاوه‌وه نوسیوه به‌ناوی (المهذب في الكحل) ئه‌م کتێبه ئێستا له وڵاتی (ڤاتیکان) پارێزراوه.
- النباتات في الأدوية المفردة.
- جامع الدقاق في الطب.
- الشافي.
- رسالة في أوجاع الأطفال .
- طريق الفصاحه[١] .

**٣- ئه‌و کتێبانه‌ی شه‌رحی کردون**

- شرح مبادىء أبقراط:

له (١٢٩٨ك/ ١٨٨١ز) چاپکراو، له ئه‌سته‌مبۆڵ له تورکیا پارێزراوه.

- شرح تشريح القانون :

له‌م کتێبه‌دا شاره‌زایی و لێزانی ئه‌م زانا گه‌وره‌یه له بواری پزیشکیدا به‌ده‌رده‌که‌وێت، که بۆ به‌شێك له (القانون في الطب)ه‌که‌ی (ئیبن سینا)ی کردووه.

---

(١) حاجي خليفة: كشف الظنون، ١/ ٨٥٥.

ئه‌م كتێبه بۆ یه‌كه‌مجار له‌ساڵی (١٥٤٧ز) وه‌رگێڕرایه سه‌رزمانی لاتینی، له دائیره‌تولمه‌عاریفی ئیسلامیدا هاتووه، كه ته‌واوی شه‌رحی قانونه‌كه‌ی له مۆزه‌خانه‌ی به‌ریتانی پارێزراوه.

- شه‌رحی (التنبیة)ی ئیبن ئیسحاقی شیرازی.
- شه‌رحی (تقدمة المعرفة)ی بوقڕات.
- شه‌رحی (الفصول)ی بوقڕات.

له بنه‌ڕه‌تدا ئه‌م كتێبه حه‌وت مه‌قالەیه، كه باس له یاسا پزیشكیه‌كان ده‌كات به‌شێوازی زانستی و كرداری.

- شه‌رحی (الهدایة) و (الإشارات)ی ئیبن سینا له بواری مه‌نتیقدا[1].



نوسخه‌یه‌ك له‌كتێبی شه‌رحی كتێبی یاساكانی پزیشكی ئیبن سینا



ده‌ستنوسی لاپه‌ره‌ی یه‌كه‌می یه‌كێ له‌كتێبه‌كانی ئیبن نه‌فیس له‌هیندستان

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: ابن النفیس، ص٧١-٧٢.

## ئیبن نەفیس و حەمام :

(ئیبن نەفیس) كاتێ بەرەو زانستی پزیشكیی ڕۆیشت و، پسپۆڕی تێدا بەدەستهێنا، ئەوە نەبوو ئیتر پشت بكاتە زانستە دینییەكان، نا. بەڵكو لەهەمان كاتدا شارەزایەكی بەتواناشی هەبوو لە بواری فیقهدا و پەرەی بەو بوارەش دەدا.

بۆ نمونە: هەر ئەو كاتەی كتێبی لەبواری پزیشكیدا دەنوسی، كتێبی لەبواری فیقهیشدا دەنوسی، ئەم زانا شارەزایە، لەكاتی نوسیندا هەمیشە نزیكەی (دە) قەڵەمی ئامادەی نوسین دەكرد و، ئینجا دەستی دەدایە كاغەز بۆ ئەوەی بنوسێ، چونكە نەیدەویست زنجیرەی بیركردنەوەكانی بپچڕێ، هەربۆیە نوسینەكانی ئیلهام بەخشیەكیان تێدایە، چونكە لە قوڵبونەوەیەكی زۆرەوە داڕێژراوە.

یەكێكی تر لەو شتانەی ئەم پزیشكە نوسەرە لەكاتی ئەنجامدانی نوسیندا كردویەتی، خۆشۆرین بووە، پێی وابووە: شوێنێكی زۆر باشە بۆ بیركردنەوەی قووڵ، هەربۆیە كاتێ دەچووە حەمام و دەهاتەوە دەر، داوای قەڵەم و كاغەزی دەكرد و دەینوسی.

واتە: گرنگیەكی تەواوەتی دەدایە خۆئامادەكردنی فیكر و بیر، جا دەستی دەدایە نوسین، چونكە پێی وابوو، هەموو نوسینێ بیركردنەوەی باشی دەوێ و ئامادەكاری پێویستی دەوێ، تاوەكو مێشك بەباشی كار بكات و نوسینەكانی ببنە جێگای سەرنج[1].



## زانـــای لێكۆلەر :

ئیبن نەفیس بەهۆی هەوڵەكانی خۆیەوە، توانی بگاتە پلەیەكی باشی زانستی پزیشكیی لەو سەردەمەدا، بەڕادەیەك بتوانێ ببێتە كەسێكی لێكۆلەر و ڕەخنەگری بواری پزیشكی... شارەزایی و لێهاتویەكەشی لە كتێبی: (شرح تشريح ابن سينا)دا

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: ابن النفيس، ص٥٧-٥٨.

ده‌رده‌که‌وێ، که به‌شێکی که‌مه له کتێبی: (شرح کتاب القانون).

(ئیبن نه‌فیس) له پێشه‌کی کتێبه‌که‌داو، پاشتریش له‌نێو شه‌رحکردنی بابه‌ته‌کانی کتێبه‌که‌دا، چه‌ندین خاڵی جوانی وروژاندووه و شیکاری بۆ ماناکان کردووه، هه‌وڵیداوه نوێگه‌ری و ڕاستکردنه‌وه‌کانی خۆشی بۆ بابه‌ته‌که بخاته ڕوو، له‌وانه:

- جیاوازی ئه‌ندامه‌کان له‌نێوان ئاژه‌ڵاندا.
- سوده‌کانی زانستی توێکاری.
- ڕونکردنه‌وه‌ی گرنگی توێکاری بۆ زانستی پزیشکی.
- ئه‌و ئامێرانه کامانه‌ن، که‌له‌بواری نه‌شته‌رگه‌ریدا ده‌بێ به‌کاربهێنرێن؟
- شیکاری دڵ، خوێنبه‌ره‌کان، په‌رده‌ی پریتۆن( الحجاب الحاجز)، سییه‌کان،.... باسکردنی شیکاری ده‌ردراوه‌کانی پێست، هۆکاره‌کانی مردن چین به‌هۆی ڕه‌وانی و به‌تاڵبونه‌وه‌وه.
- شیکاریکردن بۆ هۆی هه‌ندێ له‌مردنه‌کان.
- له‌گه‌ڵ چه‌ندین ڕاستکردنه‌وه بۆ شیکاره‌کانی (ئیبن سینا).

## سوڕی خوێن:

پێم باشه، به‌ر له‌وه‌ی بێمه سه‌ر بیرو بۆچونه‌کانی ئه‌م زانایه‌و دۆزینه‌وه‌ی سوڕی خوێن، گوزه‌رێکی خێرا بکه‌ینه‌وه به‌نێو مێژوودا و بزانین، تا ئه‌و کات چه‌ند جۆر بۆچون هه‌بون له‌باره‌ی جۆری سوڕی خوێنی له‌شه‌وه و چۆنییه‌تی دابه‌شبونی خوێن له‌نێو له‌شدا:

میسریه کۆنه‌کان، که له‌م بواره‌دا گه‌یشتبونه ئه‌و بڕوایه‌ی، که خوێن له دڵه‌وه بۆ ته‌واوی له‌ش له‌ڕێگای مولوله‌کان و ده‌ماره‌کانه‌وه ده‌گوازرێته‌وه، به‌مه‌ش ئه‌م سوڕه له به‌رده‌وامیدا ده‌بێت به‌هۆی جوڵه‌ی به‌رده‌وامی تربه‌ی دڵه‌وه...

پاشتر یۆنانییه‌کان هاتن، له‌لایه‌ن زاناکانیانه‌وه ڕای جیاواز ده‌درا، وه‌ك: (بوقڕات) ده‌یگوت: "جگه‌ر سه‌ره‌کیه له خوێندا، له جوڵه‌یدا خوێن ده‌گه‌یه‌نێته



دڵ و، پاشان لەڕێگای کلۆره خوێنهێنەرەوه دەگوازرێتەوه بۆ بەشی ڕاستی سکۆڵەو دابەش دەبێت بەسەر تەواوی لەشدا لەڕێگای خوێنهێنەرەکانەوە".

پاشتر (جالینۆس) هات و وتی: "خوێن له دڵەوه بۆلەش دابەش دەبێت، بەهۆی لێدانی تربەیِ دڵەوه حەرەکەت دەکات بەدرێژایی خوێنبەرەکانی لاشه".

(ئیبن سینا)ش لەسەر هەمان بیردۆزی (جالینۆس) بوو له سوڕی خوێندا، تاوەکو ئەوەی (ئیبن نەفیس) هاتوو پاش بەراورد و شیکاری زۆر، هەستا به دارشتنه نوێکەی، خۆی لەم بارەیەوه، که ئەوەی (ئیبن نەفیس) دایڕشت، له هیچ کام لەوانە نەبون، بەڵکو به تێڕوانین و سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەم ئاکامه گەیشت، که ئەمە پاش (٣٠٠) ساڵی تەواو لەلایەن دوو زاناوه بەنێوەکانی: (میکویل سرفینۆ ١٥٥٦ز)و (ریالدو کولومبو ١٥٥٩ز) له ئەوروپا باسی لێوەکرا بەناوی: (سوڕی خوێن).

**شیکارییەکەی بەم شێوازەبوو:**

- ژمارەی لاکانی دڵ دوو بەشه، نەك سێ بەش، وەك له قانونەکەی: (ئیبن سینا) و پزیشکانی پێشودا هەیه.

- ڕێڕەوی ڕۆیشتنی خوێن لەبەشی ڕاستەوەیه بۆ سی، پاشان تێکەڵبونی بەهەوا و دواتر گەڕانەوەی بەسیەکاندا، لەڕێگای خوێنهێنەری سیەکان بۆ

بەشی چەپی دڵ، بەم شێوە بەسەر تەواوی لاشەدا دابەش دەبێت.
- (ئیبن نەفیس) بەم بیردۆزەیە، بووە سەرمەشقی دۆزەوەی سوڕی خوێنی بچوك لەلەشدا، تەواوی ئەم بیردۆز و شیكارییەی لە (شرح تشريح)دا تۆماركردووە، ئەم كتێبە لەنیوەی سەدەی (١٦)مدا لەلایەن پزیشكیی ئیتاڵی (إلباجو) وەرگێڕایە سەر زمانی لاتینی، كە بۆ خۆیشی ماوەیەكی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا ژیابوو، بەڵام دەبینین پاش ساڵانێكی زۆر، كەسێكی وەك: (ولیەم هارفی) دێت و باس لە سوڕی خوێنی بچوك دەكات لەلەشدا، ئەویش دەبێتە دۆزەرەوەی ئەم سوڕە، لەكاتێكدا (ئیبن نەفیس) بەر لە (٣٠٠) ساڵ باسی لەمە كردووەو بەنوسین هەیە و، تاوەكو ئێستاش هەرماوە و، لە مۆزەخانەی بەریتانی پارێزراوە. كەچی كەسانی وەكو: (سرفتوس[١] و هارفی[٢]) دەبنە دۆزەرەوەی ئەم سوڕە...

لێرەدا بەپێویستی دەزانم سەرنجتان ڕابكێشم بۆ ئەو كارە گەورەیەی زانای میسری و پزیشكیی گەنجی لێهاتوو: دكتۆر (محیەدین تەنتاوی)، كە لەماوەی خوێندنی لە ئەڵمانیا، هەستا بە ئیشكردن لەسەر دەستنوسەكەی: (شرح تشريح ابن سينا)ی ئیبن نەفیس لە ساڵی (١٩٢٤ز)، پاشان تێزی زانكۆكەی خۆی لە زانكۆی (فرایبورج) لەسەر نوسی بەناوی: (الدورة الدموية تبعا للقرشي) لەوێدا دەڵێ: "(ئیبن نەفیس) یەكەم دۆزەرەوەی سوڕی خوێنی بچوكە لەسەدەی (١٣)هەمی زایندا و هارفی دوای (٤٠٠) ساڵ ئەمەی دۆزیوەتەوە".

ڕیسالەكەی جێگای سەرسوڕمانی مامۆستاكانی بوو، هەربۆیە موناقەشەیەكی زۆریان كرد و بووە جێگای سەرسامی(٣).....

---

(١) سرفتۆس (١٥١١ - ١٥٥٣)ز، پزیشكیی ئیسپانی، پاش بڵاوبونەوەی كتێبەكەی (بەتلیمۆس) هەستا بەنوسینی بابەتێك لەسەر (سوڕی خوێنی سیەكان)ەوە، بەڵام لەلایەن دادگای پشكنینەوە حوكمی لەسێدارەدانی بۆ دەركراو كوژرا.

(٢) ولیەم هارفی (١٥٧٨ – ١٦٥٧)ز، فسیۆلۆجی ئینگلیزی .. دەرسی خوێندووە لە (كمبیردج) و قوتابی بووە لای (فابریشیوس) لە زانكۆی بادوا و مومارەسەی پزیشكیی كردووە لەلەندەن لە كۆلێژی پزیشكیی و دواتر بۆتە پزیشكیی تایبەتی شارلی یەكەم، بیردۆزەكانی لە (١٦١٦ز) بۆیەكەمجار بڵاوكرایەوە و پاشان لە (فرانكفۆرت) لە ساڵی (١٦٢٨)ز بڵاوكرایەوە بەناونیشانی (رسالة في التشريح عن نبض القلب وحركة الدم في الحيوان).

(٣) بڕوانە: عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمون، ص١٧٠ -١٧٢. فؤاد حمدو الدقس: ابن النفيس ، ص٥. عبدالله سنده: ابن النفيس، ص١٠ -١١.

## كۆتاییه‌كانی ژیانی له میسر :

(ئیبن نه‌فیس) له میسر ڕۆڵێكی گه‌وره‌ی گرنگی گێڕا، پاش چه‌ندین ساڵ له خزمه‌تكردنی نه‌خۆشان، كرایه به‌ڕێوه‌به‌ری پزیشكانی میسر، ماوه‌ی چه‌ندین ساڵیش له نه‌خۆشخانه‌ی (ناصری) كرایه به‌ڕێوه‌به‌ر.

(ئیبن نه‌فیس) له قاهیره ماوه‌ی (٦٠ - ٦٥)ساڵ ژیا، له‌م ماوه‌یه‌دا دوو ده‌سه‌ڵاتی سیاسی بینی، كه ئه‌وانیش: ده‌سه‌ڵاتی (ئه‌یوبیه‌كان) و (مه‌مالیكه‌كان) بوو...

ده‌وترێت له كۆتاییه‌كانی ته‌مه‌نیدا، نه‌خۆشییه‌كی سه‌ختی گرت، بۆیه له‌لایه‌ن پزیشكانه‌وه داوای لێكرا، كه‌وا بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی ئازاره‌كه‌ی كه‌مێك مه‌ی بخواته‌وه، به‌ڵام (ئیبن نه‌فیس) ڕازی نه‌بوو به‌مه‌و، وتی: "لا ألقى الله تعالى وفي جوفي شيء من الخمر" واته: نامه‌وێ كاتێ به‌خوای به‌رز و مه‌زن ده‌گه‌م، هیچ شتێ له مه‌ی له هه‌ناوم دابێت.

ئه‌وه‌بوو پاش ماوه‌یه‌كی كه‌م له‌م نه‌خۆشییه‌ی له (٢١ی ذي القعدة‌ی ساڵی ٦٨٧ك / ١٨ی دیسه‌مبه‌ری ١٢٨٨ز) له ته‌مه‌نی هه‌شتا ساڵیدا وه‌فاتی كرد، پاش مردنیشی ماڵه‌كه‌ی و كتێبخانه‌كه‌ی بووه وه‌قفی نه‌خۆشخانه‌ی مه‌نصوری[1].

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن النفيس ، ص٧.

# زەهـــراوی

## (٣٢٥-٤٠٤ك/ ٩٣٦-١٠١٣ز)



"باوکی نەشتەرگەریی"

## زەهراوی كێیه؟!

بەهۆی ناوداری كتێبی: (التصريف لمن عجز عن التأليف) بۆته سەرداری زانایانی نەشتەرگەریی، لەشارستانییەتی ئیسلامیداو، مامۆستای زانستی نەشتەرگەریی لەسەدەكانی ناوەڕاست و، ڕێنسانسی ئەوروپی، تا سەدەی (١٧ز).

(زەهراوی) ئەستێرەیەكە لەئاسمانی شارستانییەت و پێشكەوتنداو هەمیشە دەگەشێتەوە، بەهۆی زۆری ئەو داهێنان و خزمەتانەی، كەلە بواری زانستەكەیدا كردونی، ئەم زانایە لەئەوروپا بە (Abulcasis) دەناسرێ و، لەنێو موسڵمانانیشدا (زەهراوی)یە.

ناوی (خەلەف كوڕی عەباسی زەهراوی ئەندەلوسی)یە، لەساڵی (٣٢٥ك/٩٣٦ز) لەشاری (زەهرا)ی ئەندەلوس لەدایكبووە، سەبارەت بەساڵی وەفاتیشی دوو ڕا هەیە: هەندێك پێیان وایە: لە (٤٠٤ك/ ١٠١٣ز) مردووە، هەندێكی تر پێیان وایە: لە (٤٢٧ك/١٠٣٦ز) مردووە[1].

(د.عەبدولناصر كەعدان) مامۆستای مێژووی زانستە پزیشكیەكان لەسوریا دەڵێ: "(زەهراوی) ژیانی لەناو ترۆپكی گەشانەوەی شارستانییەتی ئیسلامی ئەندەلوسدا بووە".[2]

هەربۆیە دەبێ بڵێین: بەرفراوانی گەشەی زانستی ئەم زانایە، بۆ ئەو كەشە زانستی و مەعریفیانەی جیهانی ئیسلامی ئەو كاتە دەگەڕێتەوە، كە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەتەواوی زەمینەی بۆ خۆش كرابوو، كە بەتەنها لەشاری (قورتوبە)، (٥٠)نەخۆشخانە لەگەڵ (٧٠)كتێبخانەی تێدابوو، ئەمەش كەسێكی بەرهەمهێنا، كە شەست ساڵی تەمەنی خۆی لەبواری نەشتەرگەریی و زانستی پزیشكیدا بخاتە گەڕ و، كاتی خۆی بۆ تەرخانكرد.

---

(١) الزركلي: الأعلام، ٢/٣١٠

(٢) علماء المسلمين: الزهراوي (الجزيرة الوثائقية)

هەروەها (دکتۆر عادل عیمران) مامۆستای چارەسەری دەرونی لەزانکۆی تونس دەڵێ: "(زەهراوی) زانایەکی مەوسوعی بوو، کە توانی چەندین چارەسەر بۆ نەخۆشییەکانی ددان و هەناوی دابنێ، بەڵام توانا و ناوداری و دەرکەوتنە دیارەکانی لەزانستی نەشتەرگەریدا بوو".

(گۆستاف لۆبۆن)یش لە کتێبی (حضارة العرب)دا دەڵێ: "موسڵمانەکان چەندین داهێنانکاریان لەزانستی پزیشکیدا کرد، لەنێو ئەو کەسانەش کەلەم بوارەدا هەوڵەکانیان دیار و بەرچاوە و، کارەکانیان مایەی تێڕامانن ئەبوقاسمی (زەهراوی)یە"(١).

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە)ش دەڵێ: "(خەلەف کوڕی عەباسی زەهراوی)، پزیشکێکی گەورە و لێهاتویەکی دەست ڕەنگین بوو، لەدروستکردنی دەرمانە تاکەکان و تێکەڵەکانیشدا، هەروەها چارەسەرەکانیشی زۆر باش بوون، ناودارترین دانراوی لەبواری پزیشکیدا، کتێبی "التصريف"ە، کەبەتەواوی ماناوە، یەکێکە لە دانراوە جوانەکانی بواری پزیشکیی)(٢).

## پزیشکیی وڵاتی عەبدولڕەحمانی سێهەم بوو!

بارودۆخی ئەندەلوس و خۆشی ژیانی خەڵکەکەی، لە دادپەروەری پاشاکەیدا کۆببویەوە، ئەمەش شارستانییەتێکی لێ بەرهەم هات، کە گەورەو جیاواز لە باقی شارستانییەتەکانی دی بوو.

دەورانی دەسەڵاتی ئەم فەرمانڕەوایە، بەهێمنی و ئاسایشی گوزەرا و ناوبانگی بەتەنها لە ئەندەلوسدا نەبوو، بەڵکو سەراپای ئەوروپیەکاندا، نێوبانگی باشی و خۆشگوزەرانییەکانی وڵاتەکەی (ناصر)یان بیستبوو، لە قورتوبە (٧٠٠) مزگەوت و کۆشکی (٤٠٠) ژووری لێبوو، سوپای تایبەتی (٣٧٥٠) سەرباز بوو، هەروەها سەربازانی دەوڵەتی (١٠٠) هەزار سەرباز بوون، پاش (٥٠)ساڵ

---

(١) جوستاف لوبون: حضارة العرب، ص٤٨٨.

(٢) ابن أبي أصيبعة : طبقات الأطباء، ٣/ ٢٤٦.

له باش ژیاندنی خه‌ڵكه‌كه‌ی وه‌فاتی كرد، دوای خۆیشی كوڕه‌كه‌ی (حه‌كه‌می دووه‌م) ده‌سه‌ڵاتی گرته ده‌ست، كه هاوشێوه‌ی باوكی به‌ته‌نگ خه‌ڵكی و نزیككردنه‌وه‌ی خه‌ڵكی بوو، له زانست و زانیاری و گرنگیه‌كی زۆری ده‌دا به‌بواری ئه‌ده‌ب و كۆكردنه‌وه‌ی زۆرێك له دانراوه‌كانی ئه‌و سه‌رده‌مه، كه خۆیان له (١٠٠)هه‌زار كتێب ده‌بینییه‌وه.

ده‌ورانی (عه‌بدولڕه‌حمان ناصر) به سه‌رده‌می زێڕینی ئه‌نده‌لوس ناوده‌برێ، ئه‌ده‌ب گه‌شه‌ی كرد و، بواره‌كانی هونه‌ر به‌ته‌واوه‌تی په‌ره‌یان سه‌ند، هه‌روه‌ها دانیشتنه هونه‌ریه‌كان و كۆڕی شاعیران و نوسه‌ران له‌نێو خه‌ڵكیدا ده‌نگدانه‌وه‌ی خۆی هه‌بوو و به‌شداریه‌كی به‌رچاوی هه‌بوو[1]، له‌باره‌ی ئه‌م سه‌رده‌مه‌شه‌وه وتراوه:

بـــدا الهــلال جــديدا والملك غصن جديد

يــانعمة الــله زيـــدي إن كان فــيك فريد

إن كان للصوم فطر فــأنت للدهـــر عيد[2]

(زه‌هراوی) له ئاووهه‌وایه‌كی شارستانی له‌ڕوی فیكری و عه‌قڵیه‌وه گه‌شه‌ی كرد و په‌روه‌رده بوو، هه‌ربۆیه ده‌بینین داهێنانه‌كانی خۆی له‌خزمه‌تكردنی مرۆڤدا بینیوه، سه‌ره‌تا وه‌ك پزیشكێ له‌نه‌خۆشخانه‌ی (قورتوبه)، كه له‌لایه‌ن (عه‌بدولڕه‌حمان ناصر)ه‌وه دروستكرابوو ده‌ست به‌كاربوو.

پاش سه‌رنجدان له ڕێگا و هۆكاره‌كانی چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆش و، به‌رده‌وامی له‌سه‌ر كاره‌كه‌ی كه‌سایه‌تی خۆی دروستكرد له‌و بواره‌دا، به كۆكردنه‌وه‌ی هه‌ردوو بواری: پزیشكیی و ده‌رمانسازیی، دواجاریش خۆی له هونه‌ری پزیشكیی نه‌شته‌رگه‌ریدا بینییه‌وه، كه پێویستی به سه‌لیقه و ده‌سترِه‌نگینییه‌كی بێوێنه‌یه[3].

---

(١) عبدالله سيندة: أبو القاسم الزهراوي "جراح العرب الأول"، ص٣-٤

(٢) د.طارق السويدان: الأندلس التأريخ المصور، ص١٥٦-١٥٩.

(٣) د.شوقي أبو خليل: علماء الأندلس إبداعاتهم المتميزة و أثرها في النهضة الأوروبية، ص٣١

## پزیشكیی نەشتەرگەر :

داهێنانه‌كانی (زه‌هراوی) له‌بواری نه‌شته‌رگه‌ریدا، بووه هۆی كۆتایی هێنان به نه‌شته‌رگه‌ری كۆن، كه خۆی ته‌نها له‌خوێن گرتندا ده‌بینییه‌وه، كه له‌لایه‌ن سه‌رتاشه‌كانه‌وه ئه‌نجام ده‌درا، به‌ڵام (زه‌هراوی) بووه چرایه‌ك و هه‌موو ئه‌وروپای له‌نه‌زانی پزیشكیی ده‌رهێنا، هه‌ربۆیه ده‌بینین كه‌سێكی وه‌كو (سارتۆن) به گه‌وره‌ترین زانای نه‌شته‌رگه‌ری موسڵمان ناوی ده‌بات، یان مێژوونوس و رۆژهه‌ڵاتناسی ئه‌ڵمانی (زیغرید هونكه) ده‌ڵێ: "ئه‌و پێشكه‌وتنه‌ی له‌بواری پزیشكیدا ده‌بینرێ له ئێستای ئه‌وروپادا كه جیاكردنه‌وه‌ی به‌شه‌كانی پزیشكیه به‌تایبه‌تی بواری نه‌شته‌رگه‌ری ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ توانا و هه‌وڵه‌كانی ئه‌ستێره‌ی دره‌وشاوه‌ی نه‌شته‌رگه‌ری موسڵمان (ئه‌لزه‌هراوی)".

هه‌روه‌ها ده‌بینین له ڕۆژنامه‌ی (له‌نده‌ن كۆلینج)، له‌یه‌كێ له‌ژماره‌كانی ساڵی (١٩٨٦)یدا، ئینسكلۆپیدیاكه‌ی (زه‌هراوی) به‌یه‌كه‌م كتێب ناو ده‌بات له‌مێژووی پزیشكێتی سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا[١١]، كه بێگومان ڕۆژنامه‌كه مه‌به‌ستی ئه‌وروپای سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاست بووه، ئه‌گه‌ر نا له ڕۆژهه‌ڵاتدا چه‌ندین كتێبی گه‌وره و گران له‌و بواره‌دا نوسراون .



(١١) أ.د.صبري الدمرداش: رواد مسلمون، ص٧٧-٧٨

(زەهراوی ) له كتێبەكەیدا، چەندین ئامێری تایبەت به نەشتەرگەری باس كردووه، لەگەڵیشیدا چۆنییەتی بەكارهێنان و دروستكردنەكەی باسكردووه، چەندین ئامێری هەبووە، تایبەت به نەخۆشییەكانی ئافرەتان و حاڵەتی منداڵبون و بونی دەرزی ئاسایی و دەرزی سمت و، ئامێر بۆ گرتنی زمان و سەروو و ژوور كردنی و پشكنینی ناو دەم و بڕینی لەوزەتێن، هەروەها پاكژكردنەوەی ددان له كلس و پیسی و ئامێری تایبەت به بڕینی ئێسك و لەتكردنی گۆشت[1].

(كامبڵ ) له كتێبی: (الطب العربي)دا دەڵێ: "نەشتەرگەریی له ئەندەلوسدا، زۆر لەپێشتر بوو، له پاریس و لەندەن، له (سرقسته) به (پزیشكیی نەشتەرگەر) ناسرابوو، بەڵام له ئەوروپا به (سەرتاشی نەشتەرگەر) ناسرابوو، وه ئەم ناهاوسەنگیه بەردەوام بوو تا سەدەی (١٠ك)"[2].



دەستنوسی كتێبی "نەشتەرگەری" زەهراوی لەوڵاتی ئەندەلوس لەنێوان ساڵانی ١٢١٣. ١٢٢٣ز دەرچووه لەسەر كاغەز و بەخەتی مەغریبی نوسراوه بەرزیەكەی٢٦/٥سم و پانیەكەی ١٨/٥سم لەشاری ربات پارێزراوه له گەنجینەی نیشتمانی بەژمارەG.21



لاپەرەیەكی كتێبەكەی زەهراوی بەزمانی لاتینی

(١) د.شوقي أبو خليل: علماء الأندلس إبداعاتهم المتميزة وأثرها في النهضة الأوروبية، ص٣٢. عامر النجار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية، ص١٧٦.

(٢) جلال مظهر: حضارة الإسلام وأثرها في الترقي العالمي، ص٣٣٦.

هەنگاوەكانی (زەهراوی) لەبوارەكەی خۆیدا، هەنگاوێكی تا بلێی ژیرانە بوو، ئەو ئامێرانەشی لەسەر ئەو پێشكەوتنە بنیاتنابوو، كە جیهانی ئیسلامی ئەو كات تێیدا بوو.

## ئینسكلۆپیدیای پزیشكیی :

كتێبی: (التصريف لمن عجز عن التأليف) ئینسكلۆپیدیایەكی یەكجار بەسوودە، بە تەواوی مانا، هیچ دانەرێكی تر نەبووە تا ئەو كاتە كتێبێكی پزیشكیی لە (٣٠) بەرگدا بنوسێ بەوێنەی ڕونكراوەوە، كە هەندێ بە (دائیرەتولمەعاریفی پزیشكی) ناوی دەبەن، هەندێكیش بە (داستانی نەخشێنراو).

ئەم ئینسكلۆپیدیایە بووە سەرچاوەیەكی سەرەكی، لە بواری نەشتەرگەری ڕۆژئاواییەكاندا، تا سەدەی حەڤدەیەم، هەروەها بنچینەیەكی گەورەی دیراسەی پزیشكیی بوو، لە زانكۆكانی ئەوروپادا، وەكو زانكۆی: (سالرنو و مونبیلیە) لەسەدەی (١٦ و ١٧ز)دا، چونكە ئەو ڕاستیە زانستیانە، لە ئیتاڵیا و شارەكانی تری ئەوروپا دلخراو بوو، هیچ زانیاریەكی بەو شێوەیەیان لەبارەی نەشتەرگەرییەوە نەدەزانی، تاوەكو لەسەردەمی ڕێنیسانسدا، لەم سەردەمەوە، گرنگیەكی تەواوتی و بەرچاویاندا، بە كتێبی (التصريف لمن عجز عن التأليف)ی زەهراویدا[(١)].

(زەركەلی) لە (الأعلام)دا دەڵێ: "ئەم كتێبە، جگە لەوەی كتێبێكی پزیشكیە، دەرماننناسیشە، چونكە ناوی دەرمانەكانی بە زمانەكانی: (یۆنانی و سریانی و فارسی و عەجەمی) تێدایە، هەروەها باسی لە كێشی دەرمانەكان و تێكەڵەی ڕێژەی هەریەكە لەدەرمانەكانی كردووە، لەگەڵ ناوهێنانی دەرمانەكە بەناوە ناسراوەكەی[(٢)]".

ئەم كتێبەی (زەهراوی)، دەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو لەبواری پزیشكیداو، ڕەنگدانەوەیەكی باشیشی نواند لەنێو دواكەوتویی پزیشكیی ئەوروپای ئەوكاتدا، كە توانی دوبارە پەرە بەو زانستە بدرێتەوە، بەنمونە: بۆ چەندین زمان وەرگێڕدرا.

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، ٢٠٥-٢٠٦.

(٢) ٢/٣١٠

به‌شێوه‌یه‌کی گشتی، ده‌توانین بڵێین ئه‌و وه‌رگێڕدرانه‌ی کراوه بۆ ئه‌م کتێبه، به‌ش به‌ش بووه و، هیچ کات هه‌موو کتێبه‌که، که خۆی له (٣٠) به‌رگدا ده‌بینێته‌وه وه‌رنه‌گێڕدراوه، بۆ نمونه: ساڵی (١٤٧١)ز به‌شی (ده‌رمانه‌کان) ی وه‌رگێڕدراو. پاشان له‌ساڵی (١٤٩٧ز) به‌شی (نه‌شته‌رگه‌ری)یه‌که‌ی و، دواتر له‌ساڵی (١٥٩١ز) به‌شی (نه‌خۆشییه هه‌ناویه‌کان)ی وه‌رگێڕدرا، پاش ده‌نگدانه‌وه‌یشی له‌نێو ئه‌وروپادا وه‌رگێڕدرا بۆ (عیبری) و (لاتینی) له(بوندقیه)[1] ساڵی (١٤٩٥ز) و له (ستراسبورگ)[2] ساڵی (١٥٣٢ز) و له (بال)[3] ساڵی (١٥٤١ز). دواتریش بۆ چه‌ند زمانێکی نوێ وه‌رگێڕدرا، له‌وانه: ساڵی (١٧٧٨ز) بۆ یه‌که‌مجار به‌شی (نه‌شته‌رگه‌ری)یه‌که‌ی بۆ سه‌ر زمانی به‌ریتانی وه‌رگێڕدرا، له‌سه‌ر ده‌ستی (جۆن تشانگ) له زانکۆی ئۆکسفۆرد، به‌ڵام وه‌رگێڕدرانه‌که‌ی ته‌واو نه‌بوو، پاشتریش له ساڵی (١٨٩١ز) هه‌مان به‌شی کتێبه‌که له‌لایه‌ن (لوسین لیکلیۆك)ه‌وه وه‌رگێڕدرا بۆ سه‌ر زمانی فه‌ره‌نسی، له‌ساڵی (١٩٣٧ز) دوباره ئه‌م به‌شه‌ی کتێبه‌که له زانکۆی (کالیفۆرنیا) له‌لایه‌ن (ج.لویس و م.سبینك) وه‌رگێردرا بۆ سه‌ر زمانی ئینگلیزی، که ئه‌م وه‌رگێڕدرانه، نزیکه‌ی (٥٨٠)لاپه‌ڕه‌ی گه‌وره بوو[4].

---

(١) شاری بوندقیه (ڤینسیا): ده‌که‌وێته باکوری ڕۆژهه‌ڵاتی ئیتاڵیا، شارێکی کشتوکاڵی و پڕ ترێ و تووه و مه‌ڵبه‌ندێکی باشی به‌رهه‌مهێنانی ئاوریشم و، له‌هه‌مان کاتیشدا بنکه‌یه‌کی بازرگانی و ده‌ریاییه.

(٢) ستراسبۆرگ: له‌ڕۆژهه‌ڵاتی فه‌ره‌نسایه‌و ده‌که‌وێته سه‌ر ڕووباری (ڕاین)، شوێنێکی پیشه‌سازی و بنکه‌ی (کۆبونه‌وه‌ی ئه‌وروپی)یه‌کانه، به‌تایبه‌تی له‌ده‌ورانی ڕۆمانییه‌کاندا زۆر به‌ناوبانگ بووه.

(٣) ئه‌م شاره ده‌که‌وێته ڕۆژهه‌ڵاتی سویسرا و پشت ڕوباری (ڕاین)، بنکه‌یه‌کی بازرگانی و پیشه‌سازییه و هه‌روه‌ها شوێنێکی سه‌ره‌کیه بۆ به‌رهه‌مهێنانی کیمیایی و هه‌روه‌ها شوێنگه‌ی هونه‌ره. بڕوانه/ الموسوعة العربية (٤٠٩/١).

(٤) أ.د.صبري الدمرداش: رواد مسلمون، ص٦٦-٦٩.

## دەستكەوت و داهێنانەكانی :

**(زەهراوی) لەماوەی كاركردنی لە بواری پزیشكیی و نەشتەرگەریدا، چەندین دەسكەوت و داهێنانی بەدەست هێناوە، لەوانە:**

- یەكێ لە مێژوونوسەكانی زانستی پزیشكیی پێی وایە: یەكەم كەسە، كە بەشێوەیەكی كرداریی، باسی قەستەرەی كردبێ، هەروەها یەكەم كەسە لە قورگدا لولەی هەوایی دانابێ[1].

- ئەوەی كە (ڕازی) و (ئیبن سینا) بەهۆكارێكی مەترسیداریان دادەنا، (زەهراوی) ئامێرێكی وردی بۆ چارەسەركردنی دانا، ئەویش: داخرانی بۆڕی میزی منداڵ



بوو، كە هەستا بەدانانی بۆڕیەكی دەرەكی بۆی، تاوەكو بەشێوەیەكی باشتر میز بكات، هەروەها فڕێدانی خوێن بە بەتاڵكردنەوەی سنگ[2].

- یەكەم كەسە، سەركەوتوبوو لە وەستانی بەربونی خوێن، لەكاتی نەشتەرگەریدا[3].

---

(١) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة الإسلامية، ص٢٦٥.

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية في الحضارة الإسلامية، ص٢١٧.

(٣) ن.م، ص٢١٨.

- لەدوورینەوەی پێستی نەخۆشدا، خاوەنی جوانكاریەكی بێوێنە بوو، بەجۆرێ هەوڵی دەدا شوێنەواری نەشتەرگەریەكە لەجەستەی كەسی نەخۆشدا بەدەر نەكەوێ، تاوەكو كاریگەری خراپ لەسەر كەسی نەخۆش بەجێنەهێڵێ، ئەویش هەڵدەستا بە دوورینەوەی پێستەكە بەشێوەی دوو تەقەڵی و لەناوەوە، بۆ ئەمەش ڕیخۆڵەی پشیلەی بەكاردەهێنا.

- (٨٠٠) ساڵ لەپێش نەشتەرگەری ئەڵمانی (فریدریك تردلینوبۆرگ)ەوە وتویەتی: "دەبێ لەكاتی نەشتەرگەریدا لەپێش هەموو شتێكیەوە نیوەی سەرەوەی نەخۆش داكەوێت و، حەوز و قاچیشی بەرزبكرێتەوە."[1]

- یەكێك لە زانا بەتواناكانی ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا، دان بەوەدا دەنێت، كە (زانا ئەبوقاسمی زەهراوی) لە ڕیزبەندی یەكەمی ئەو كەسانەدانەیە، كە پێشنیاری نەشتەرگەری (غودەی تەرەقی) كردووە[2].

- (دكتۆر نەبیل تەبباخ)، مامۆستای نەشتەرگەری لە زانكۆی قاهیرە دەڵێ: "پێش ئەوەی كتێبەكەی (زەهراوی) وەربگێڕدرێتە سەر زمانی لاتینی و زمانەكانی دی ئەوروپا، زانستێك نەبوو لە ئەوروپادا بەناوی زانستی نەشتەرگەریەوە، تەنانەت زانستی پزیشكیش نەمابوو، بەڵام لەپاش وەرگێڕانی كتێبەكەی (زەهراوی) ئەوروپیەكان ئاشنایەتیەكی باشیان لەو زانستەدا پەیداكرد[3]". لەمەوە دەتوانین بڵێین: (زەهراوی) یەكەم كەسە، كە زانستی پزیشكیی پۆلێنكردووەو، توانی لەبواری نەشتەرگەریدا پسپۆڕی تەواو بەدەست بهێنێت.

- (زەهراوی) خاوەنی بیرۆكەی (چاپ)ە لە جیهانداو، یەكەم كەسە چاپكردنی ئەنجام دابێت بە چەند سەدەیەك، لەپێش زانای ئەڵمانی (یوحنا گوتەنبەرگ)ەوە، ئەمەش لە كتێبەكەی (زەهراوی)داو لە پەیامی (٢٨)دا و لەبەشی سێیەمدا تۆماركراوە، باس لە دروستكردنی دەرمان بەشێوەی حەپ دەكات، ئەویش بەڕێگای قاڵب، كە حەبەكە بكاتە دوو بەشەوە، هەر یەكە لەو حەبانەش ناوەكەی

---

(١) د.شوقي أبو خليل: علماء الأندلس إبداعاتهم المتميزة وأثرها في النهضة الأوربية، ص٣٤.

(٢) أحمد الشقيري: الخواطر ٦، من هو الزهراوي؟

(٣) علماء المسلمين "الزهراوي".. قناة الجزيرة الوثائقية. الجزء الثاني.

لەسەر نوسرابێت، بۆ ئەمەش دەڵێ: دەبێ تاتەیەك بێت لە درەختی ئەبنوس[١] یان عاج دروست بكرێ و، لەناو ئەم تاتەیەدا هەڵكۆڵراوێكی بازنەیی هەبێ، كە لە ناوەڕاستدا كرابێتە دوو بەشەوە و بەسەر تاتەكەشەوە ناوی دەرمانەكە نوسرابێت بەشێوەی پێچەوانەیی، بۆ ئەوەی كاتێ سەری تاتەكەمان نایەوە ناوی دەرمانەكە بەشێوەیەكی ڕاستەوانە دەربچێت[٢]،جگە لەمە مێژووی بەسەرچونی دەرمانەكەشی نوسیوە، كە بۆ ماوەی چەند لە بەرواری دەرچونییەوە دەبێت بەكاربهێنرێ.

- لەبارەی ددانەكانیشەوە، هەستاوە بەپڕ كردنەوەو پاكژكردنەوەی لە: كلس و پیسی و دانكردنی ئاڵتون بۆ ئەوانەی ڕەزامەندیان هەیە لە جێی دانە كەوتووەكانیان، لەكتێبەكەیشیدا ئاماژەی پێداوە و بەو ئامێرانەی پێویستن بۆ ئەو كارە، لەگەڵ ڕێنمایی دان بە پاك ڕاگرتنی شوێنی ددانەكە[٣].

-



(١) ئەبنوس: درەختێكە كە بە ئینگلیزی Eloony پێدەوترێ، ئەم درەختە لە هیند و یابان و فلیپین و ئەمریكای باكور و باشور و سودان هەیە و دارێكی ڕەقە.

(٢) بڕوانە: عبدالله سندة: أبو القاسم الزهراوي "جراح العرب الأول"، ص٤. د.شوقي أبو خليل: علماء الأندلس إبداعاتهم المتميزة وأثرها في النهضة الأوروبية، ص٣٥. علماء المسلمين "الزهراوي"،. قناة الجزيرة الوثائقية. الجزء الثاني

(٣) محمود الحاج قاسم: الطب و المسلمين. ص١٦٣.

دانانی چارەسەر و ڕێگا بۆ ئەو منداڵەی لە سکی دایکیدا دەمرێ و چۆنییەتی دەرهێنانی، یاخود ئەو منداڵەی سەری لە حەوزی دایکیدا گیر دەبێ و نایەتە دەرەوە، کە بە وتەی دکتۆر (فاڵشەر)، ڕۆژئاوا پاش ٩٠٠ ساڵ گەیشتە چارەسەری ئەوە[١].

## شیکردنەوەی ئینسکلۆپیدیاکەی زەهراوی:

لەم بەشەدا ڕونکردنەوەیەکی تەواوەتی دەدەم لەسەر کتێبەکەی ئەم زانایە و پوختەی کتێبەکە دەخەمە بەر دیدەی بەڕێزتان تاوەکو بەتەواوی لەپەیامەکانی ئەم کتێبە ئاشنابن.

ئەم کتێبە ناوی: (التصريف لمن عجز عن التأليف)ە، زەهراوی بۆ خۆی نوسیویەتی و لە (٣٠) پەیام پێکهاتووە، باسی لە زانستی پزیشکیی کردووە،



چ لەلایەنی نەزەریەوە، چ لەلایەنی عەمەلیەوە چارەسەری بۆ نەخۆشییەکان کردووەو، دەرمانی چارەسەرکردنی بۆ هەر یەکە لەو نەخۆشیانە داناوە، کە باسی کردوون، بەشێوەی: (حەپ، دەرزی، گیراوە)، جگە لەمە بەشێوەی وێنە،

---

(١) د.كمال السامرائي: الأمراض النسائية في الطب العربي القديم. مقالة في مجلة المهن الطبية. عدد١/١٩٦٤.

کەرەستەکانی کاری نەشتەرگەری باسکردووە.

**پەیامی یەکەم:**

لەم پەیامەدا، (زەهراوی) سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی باسی لە زانستی پزیشکیی کردووەو، پاش ئەوەی زانستەکە دەناسێنێ باس لەگرنگیەکانی ئەم زانستە دەکات و پۆلێنی دەکات، دواتر دێتە سەر باسی هەر یەکە لە مێشك و ئەو شتانەی کاریگەریان هەیە لەسەری، وەك: (بیرکردنەوەو خەیاڵ و یادەوەری)، پاشان باس لە: (گویێ و لوت و هەناو) دەکات، پاشتریش باسێکی شیکاری تەواوی جەستەی مرۆڤ لەسەرەوە، تا پێ دەکات، لەکۆتایی ئەم پەیامەشیدا، باسی هەندێ دەرمان دەکات لەگەڵ ناو و چۆنییەتی بەکارهێنانیان[1].

**پەیامی دووەم:**

لەم پەیامەدا، باس لە نەخۆشییەکان و هۆکارەکانی توشبون بەو نەخۆشیانە ڕون دەکاتەوەو، چارەسەریان بۆ دائەنێت، پاشان دێتە سەر باسکردنی قژ و پێست، هەروەها ژنی دووگیان چی پێویستە؟ ژیانی کۆرپەلە لەسکی دایکیدا چۆنە؟ هەموو ئەمانەی ڕوون کردۆتەوە، دواتریش کۆتایی ئەم پەیامەی بەچەند ڕێنماییەك هێناوە، کە بریتین لەشێوەی پەروەردەکردن و مامەڵەی تەندروستیانە لەگەڵ منداڵ، کە جۆری پەروەردەکردن و مامەڵەکردنەکەی بەپێی تەمەنەکەی دەبێ بگۆڕدرێت.

**پەیامی سێیەم:**

باسی لە جۆراوجۆری دەرمانە گیراوە و هەویریەکان کردووە و، چۆنییەتی دروستکردنیان و کاریگەریان لەسەر کەسێتی نەخۆش ڕونکردۆتەوە.

**پەیامی چوارەم:**

جۆرەکانی ژەهراوی بوون و کاریگەری لەسەر جەستەی مرۆڤ، ڕونکردنەوەی ماددەی تریاك و مادده سڕکەرەکان لەسەر جەستەیەکی ژەهراوی چییە و چۆنەو،

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: الزهراوي، ص٥.

به چ شێوازێك ده‌بێته هۆی چاره‌سه‌ر و به چ جۆرێك ده‌بێته هۆی مه‌ترسی؟

**په‌یامی پێنجه‌م:**

باس له چۆنییه‌تی دروستکردنی ده‌رمانه کۆن و نوێکان ده‌کات، دواتر دێته سه‌ر ده‌رمانێك، که به وه‌رگێڕدراوی پێی ده‌وترێ: (ده‌رمانی خوایی) که پێکدێ له تێکه‌ڵه‌یه‌کی زۆر له‌وانه: ته‌مه‌رهند، بیبه‌ر، زه‌عفه‌ران،...... .

**په‌یامی شه‌شه‌م:**

باسی له ده‌رمانه ساده‌کان کردووه، له‌ڕووی چۆنییه‌تی ئاماده‌کردنیان و کردنیان به حه‌پ، هه‌روه‌ها له‌هه‌مان کاتدا ڕونکردنه‌وه‌شی داوه له‌سه‌ر چۆنییه‌تی به‌کارهێنانی، تاوه‌کو ببێته خاوه‌نی جه‌سته‌یه‌کی به‌هێز و هه‌ناوێکی سه‌لیم.

**په‌یامی حه‌وته‌م:**

ڕێنمایی و ئاگاداری ده‌داته ئه‌وه‌ی، ده‌رمان به‌کاردێنن به‌شێوه‌ی سرنج و کاریگه‌ریه‌کانی به‌کارهێنانی ڕونده‌کاته‌وه.

**په‌یامی هه‌شته‌م:**

باسکردنی ئه‌و ده‌رمانانه‌ی، که چێژ به خوارده‌مه‌نییه‌کان ده‌به‌خشن و، هۆکارێکیشن بۆ یارمه‌تیدانی گه‌ده و هه‌رسکردنی خۆراك.

**په‌یامی نۆیه‌م:**

باس له‌و ده‌رمانانه ده‌کات، که زیاتر وشك و ڕه‌قن، له‌نمونه‌ی: کافور و مێخه‌ك یان ده‌رمانه کانزاییه‌کانی ئه‌وانه‌ی له به‌رده ئاڵتونی و زیوی و یاقوت و مه‌رجان به‌رهه‌م ده‌هێنرێن.

**په‌یامی ده‌یه‌م:**

ده‌رباره‌ی (الأطريفلات)ه، بریتیه له گیراوه و شێوه هه‌ویرێك، که‌له‌لایه‌ن هیندییه‌کانه‌وه دروست ده‌کرێت، زیاتر ده‌توانین بڵێین: تێکه‌ڵه‌یه‌کی هیندیه و به‌کارده‌هێنرێت بۆ

بەهێزکردنی تامەزرۆیی خواردن، پاشانیش هاوکارێکی باشی هەرسکردنە.

**پەیامی یانزەیەم:**

پۆلێنکردنی دەرمانەکان بەپێی جۆریەتیان: (ڕووەکی، ئاژەڵی، کانزایی).

**پەیامی دوانزەیەم:**

لەبارەی شیر و پێکهاتەکانییەوە دەدوێ، دواتریش باس لە سوود و باشیەکانی دەکات.

**پەیامی سیانزدەیەم:**

لەبارەی شلەمەنییەکان و چۆنییەتی ئامادەکردنیان بەشێوەی شۆربا، کە زیاتر لەسەدەها جۆری ژماردووە.

**پەیامی چواردەیەم:**

چۆنییەتی پاکراگرتنی گەدە و ڕیخۆڵە بەشێوەیەکی زۆرباش و، دیاریکردنی ئەو دەرمانانەی، کە لەو بارەوە پێویستن، تاوەکو ببیتە خاوەن لەشێکی تەندروست و باش.

**پەیامی پانزەیەم**

چۆنییەتی دروستکردنی مرەبای میوە و، پاشان هەڵگرتنی بۆ ماوەیەك دوور لەبەسەرچوون و خراپبون!

**پەیامی شانزەیەم:**

ئەلسفوفات و جۆرەکانی، واتە: ئەو هاراوانەی هەویری نین، (زەهراوی) لەم پەیامەدا بەشێوەیەکی جیا باسیان لێوە دەکات و، ڕونکردنەوە لەبارەیانەوە دەدات.

**پەیامی حەڤدەیەم:**

پۆلێنکردنی جۆری دەرمانەکان، بەپێی قورسی و سوکیان لەسەر جەستەی مرۆڤ.

**پەیامی هەژدەیەم:**

دروستکردنی قەترەی جۆراو جۆر بۆ ئێشی چاو و، وەستاندنەوەی خوێنی لوت.

**پەیامی نۆزدەیەم:**

دەرمانەکانی جوانکاری و ئارایشت.

**پەیامی بیست:**

کل و جۆرەکانی.

**پەیامی بیست و یەك:**

باسکردنی نەخۆشییەکانی ناودەم و کلۆربونی ددان و دەرکێشانی و، هەوکردنی پوك و لەوزەتێن و چارەسەرکردنی.

**پەیامی بیست و دوو:**

نەخۆشییەکانی سنگ و تەنگەنەفەسی.

**پەیامی بیست و سێ:**

چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی هەناو، سەر، تا پێ.

**پەیامی بیست و چوار:**

باسکردنی گیراوە مەلحەمیەکان .

**پەیامی بیست و پێنج:**

لەبارەی چەورکردن و چۆنییەتی مەساج کردن.

**پەیامی بیست و شەش:**

خۆراکەکانی نەخۆش.

**په‌یامی بیست و حه‌وت:**

باسكردنی خواردنه گۆشتیه و خواردنه‌وه‌كان به حه‌ڵاڵ و حه‌رامیانه‌وه، دواتر وریایی دان له‌باره‌ی زیانه‌كانی گۆشت و خواردنه‌وه حه‌رامه‌كان، له‌ڕوی زانستی و ته‌ندروستیه‌وه.

**په‌یامی بیست و هه‌شت:**



چۆنیه‌تی دروستكردنی ده‌رمانه‌كان:

به‌شی یه‌كه‌م: ئه‌و ده‌رمانانه‌ی كانزایین.

به‌شی دووه‌م: ئه‌و ده‌رمانانه‌ی ئاژه‌ڵین.

به‌شی سێیه‌م: ئه‌و ده‌رمانانه‌ی ڕووه‌كین.

**په‌یامی بیست و نۆیه‌م:**

ئه‌م په‌یامه له‌باره‌ی ده‌رمانه‌كانه‌وه بۆ ده به‌شی سه‌ره‌كی دابه‌شكراوه، له‌وانه:

- ده‌رمانه‌كانه‌كان به زمانه‌كانی: (عه‌ره‌بی، به‌ربه‌ری، فارسی، سریانی، یۆنانی) و پۆلێن كردنیان به پیتی ئه‌بجه‌دی.
- ناوی ده‌رمانه‌كان به زمانی ئه‌نده‌لوسی و له‌گه‌ڵ ناوی ئامێره پزیشكیه‌كان.
- باسكردنی ئه‌و ده‌رمانانه‌ی، كه نه‌ماون.
- باسكردنی ئه‌و ده‌رمانانه‌ی پێشتر به‌كارهێنراون، دواتر چۆن گۆڕانكاریان تێداكراوه و، كراونه‌ته شتی چاكتر و باشتر له سێ جۆری ده‌رمانه‌كانی ڕووه‌كی و ئاژه‌ڵی و كانزایی.
- فه‌رهه‌نگێكی تایبه‌ت به كێشی ده‌رمانه‌كان...

**پەیامی سییەم:**

ئەم پەیامە لەبارەی نەشتەرگەریەوە لە (٣٠)بەش پێکهاتووە، لەوانە:

- نەشتەرگەری داخکردن و سوتاندنی ئەو بەشەی، کە بۆتە هۆی نەخۆشی، ئەویش بەپێی مەرج و پێویستی و ئاگاداری، کە (زەهراوی) بە وردیەکی زۆر باش لەسەری دەڕوات، کە چ کاتێ پێویستە و سودمەندە و چ کاتێ دەبێتە هۆی زیان.

- بەشێوەیەکی گشتی، باسی لە کاری نەشتەرگەری کردووە، چ ئەوانەی پێویستیان بە لەتکردن هەیە، چ ئەوانەی بە خوێن دەرهێنان و کەڵەشاخ چارەسەر دەبن، لەگەڵ ئەو پێداویستی و ئامێرانەی پێویستن بۆ کاری نەشتەرگەری، بەوێنەوە ڕونی کردونەتەوە.
دواجاریش لەم بەشەدا، چەند ڕێنماییەك لە بارەی کاری نەشتەرگەرییەوە دەخاتە ڕوو، کە پێویستی بە ئەزمون و وردی و نەشڵەژان هەیە.

- چەند نەخۆشییەك دەخاتە ڕوو و چارەسەری دروستیشیان بۆ دەدۆزێتەوە، لەوانە: (پشت ئێشەو شکاوی ئێسك و....).

**لە کۆتاییدا پوختەی گرنگترین داهێنان و کارە ناوازەکانی دەخەینە ڕوو، کە لەم کتێبەیدا ئاماژەی پێداون[1]:**

١- بەکارهێنانی ئاوریشم لەسەر ئەو دەزوەی، کە بۆ دورینەوە بەکاری دێنێ، تاوەکو ئاسانتر مولولەکانی خوێن بەیەکەوە بلکێنێتەوە، کە دواتر پزیشکیی: خۆرئاوایی (ئامبرواباری) بانگەشەی ئەوەی کرد، کە ئەو دۆزیویەتیەوە!

٢- دیاریکردنی نەخۆشی: (Aneurysm) کە بە (أم الدم) دەناسرێ و نەخۆشییەکی ترسناکە و، دەبێتە هۆی دروستبونی (کیس) لەسەر خوێنبەرەکان بەشێوەی باڵۆن و هەڵئاوسانی خوێنبەر و، خێرابونی فڕێدانی خوێن لەلایەن

---

(١) أ.وحيد نعيم: أبو القاسم الزهراوي، ص ٣٧-٤٣. د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع، ص١٦٠-١٦٣. نايجل هسلوب و آن كاسل و آخرون: دليل المعلم ألف اختراع و اختراع للطلاب من الفئة العمرية (١١-١٦)سنة، ص٦٠-٦٢.

دڵەوەو، بەرزبونەوەی كۆلسترۆڵ و دروستبونی خڵتەی خوێن، كە لە ڕۆژئاوا لەلایەن پزیشك: (جۆن هنتر Hunter، John) دۆزرایەوە.

٣- بەكارهێنانی قژی درێژی ئەسپ بۆ دورینەوەی برین.

٤- یەكەم كەس بووە قوتابیەكانی ڕاهێناوە لەسەر ئەوەی، كە لەكاتی دورینەوەدا جوانكاربن، بەشێوەیەك خەتی دورینەوەی برینەكە لەناوەوە بێت و دیار نەبێت.

٥- لەتكردنی بۆڕی هەوا و تێهەڵكێشكردنی بۆڕی تر.

٦- سوتاندن و لابردنی زیادەی گۆشت لە لوتدا.

٧- بەكارهێنانی ئامێری پارێزگاریكردن لە زمان، لەكاتی نەشتەرگەری لەوزەتێندا.

٨- بەكارهێنانی بەردی دۆزەخ (Silver nitrate) بۆ وەستاندنی نەزیفی لووت.

٩- یەكەم كەسە ئامێری تایبەتی بۆ نەشتەرگەری نەخۆشی وشكبونی فرمێسكی چاو بەكارهێناوە، (ئەم دۆزینەوە بە هەڵە دراوەتە پاڵ پزیشك: زیمانوفسكی).

١٠- باسی نەخۆشی ناعور (هیمۆفیلیا)ی كردووە.

١١- ناساندنی نیوە شەلەلی سادە.

١٢- باسی گۆڕانكاری لە ترپەی لێدانی دڵدا كردووە.

١٣- شێرپەنجەی مەمك.

١٤- وەرزشكردن بۆ ئافرەتی دووگیان، تاوەكو یارمەتیدەربێت بۆ لەدایكبونی منداڵەكەی، بە تەندروستیەكی باشتر.

١٥- نیشاندان و باسكردنی پەردەی كچێنی و ڕەحم و .....

١٦- دڕینی ئەو كیسەی، كە لە دیواری ڕەحمدا دروست دەبێت و، نایەڵێت كۆرپەلە بێتە دەرەوە.

١٧- گیربونی منداڵ لە دیواری ڕەحم، چ بەهۆی گەورەیی سەری منداڵەكەوە

بێت، یان پێشكەوتنی سەری بێت لەپێش قاچیەوە، چارەسەری ئەو كێشەی بەر له پزیشك (تشمبرلین Chamberlen) كردووە.

١٩- یەكەم كەسە باسی لە منداڵبون لەدەرەوەی ڕەحم كردبێت.

٢٠- Previa: یەكەم كەسە لەبارەی ئەمەوە دوابێت، كە بریتیە لەبەشێك بەدیواری ڕەحمەوە دەلكێت، جار هەیە هەموی دەگرێتەوە، جاریش هەیە بەشێكی كەمی، بەڵام لەهەردوو كاتدا مەترسی خوێنبەربون و دروستكردنی مەترسی بۆ سەر منداڵ و دایكەكە هەیە، لێرەدا باسی لە چۆنییەتی نەشتەرگەری منداڵدان كردووە.

٢١- Urinary incontinence: بریتیە لە ئاوێكی لائیرادی، كە لە شوێنی میزكردنی ئافرەتەوە دەردەچێ، كە زۆرجار بەهۆی ژیانی خێزانی و منداڵبونەوەیە، یان هۆكاری دەرونییە، كەلەكاتی پێكەنیندا، یان ڕاكردن، یان هەر جوڵەیەكەوە بێت دەردەچێ. (زەهراوی) لەكتێبەكەیدا، بۆ یەكەمجار باسی لەمە كردووە و هۆكارەكانی ڕونكردۆتەوە.

٢٢- پاككردنەوەی شوێنی ڕەحم لەپاش لەدایكبونی منداڵ و، پێدانی ڕێنمایی بە ئافرەتەكە بۆ ئەوەی بزانێ، بە چ شێوازێك مامەڵە بكات، تاوەكو ببێتەوە خاوەنی جەستەیەكی چالاك.

٢٣- باسكردنی (Catheler) دەرزی كانزایی بۆ بەتاڵكردنەوەی بۆڕی میز و پاككردنەوەی.

٢٤- (Enemasriange) دەرزی سمت.

٢٥- ڕێنمایدان لەبارەی نەخۆشی: (غنگرینا)ەوە، كە نەخۆشییەكە لەئەنجامی نەچونی خوێنەوە بۆ بەشێكی جەستە دروست دەبێت و، دەبێتە هۆی نەمانی جوڵە و توانای خانەكانی ئەو بەشە و، دواجار ڕەشبونەوەی، كە زۆرجار بەهۆی نەخۆشی شەكرەوە كەسەكە توش دەبێت.

٢٦- باسی لەدەرهێنانی كڵاوەی ئەژنۆ كردووە.

٢٧- دروستكردنی شه‌ڕابی هه‌نگوین بۆ چاره‌سه‌ركردن به‌ڕێگای كیمیاییانه.

٢٨- به‌كارهێنانی قاڵپ له دروستكردنی ده‌رمان و حه‌بدا.

٢٩- به‌كارهێنانی دیتۆڵ بۆ پاكژكردنه‌وه.



زەهراوی لەکاتی نەشتەرگەریدا



وێنەیەك گرنگی كتێبەكەی
زەهراوی نیشان دەدات لای ئەوروپیەكان


٣٠- یەکەم کەس بوو، کەپسولی حەبی لە ڕیخۆڵەی مەڕ دروستکرد، کاتێ قوت دەدرا لەپاش ماوەیەك شی دەبۆوە و دەرمانەکەش کاری خۆی دەکرد.

٣١- لەبەشی جوانکاریە پزیشکیەکاندا، بۆ یەکەمجار ئاماژەی داوە بە کرێمی دژەخۆر، بۆ هێشتنەوەی پێست بەجوانی و پارێزگاری کردنی لە نەخۆشی.

حەمیدی (ئەدیب و مێژوونوس) دەڵێ: "(زەهراوی) لە ئەهلی خێر و چاکە و زانست بوو، وەکو خەڵکی باسیان کردووە، نیوەی ڕۆژی خۆی، لەبەر خاتری خوا، تایبەت دەکرد بە چارەسەرکردنی نەخۆش".

# کیندی

## (١٨٥-٢٦٠ك/ ٨٠٥-٨٧٣ز)



"پزیشکیی مەوسوعی"

## کیندی کێیە؟!

ناوی (ئەبو یوسف کوڕی ئیسحاق کوڕی سەباح کوڕی عیمران کوڕی ئەشعەس کوڕی کوڕی قەیس)ە، بنەڕەت و ڕەچەڵەکیان، دەچێتەوە سەر هاوەڵی خۆشەویست (ئەشعەسی کوڕی قەیس)[1].

لەشاری (کوفە) ساڵی (١٨٥ك/ ٨٠٥ ز) لەدایکبووە[2]، هەندێکیش پێیان وایە: لە شاری واسیت لەدایکبووە، کە حەجاج لەساڵی (٨٣ك/٧٠٢ز) لەسەر ڕوباری دیجلە بنیاتینا[3].

(کیندی) لەناو کەش و هەوایەکی خانەدانانە و دەوڵەمەندانە پێگەیشت، بە پەروەردەیەکی دینی پەروەردە بوو، زانستە شەرعیەکانی لەقوتابخانەکانی: (کوفە و بەصرە و بەغداد) خوێند[4].

(د. کاترینا بیلو)، مامۆستای فەلسەفە لەلەزانکۆی ئەمریکی قاهیرە دەڵێ: "باوکی ئیسحاق ئەمیری کوفە بوو، لەدەورانی هەر سێ خەلیفەی عەباسی (مەهدی و هادی و ڕەشید)دا، باوکی پێش ئەوەی ببێتە ئەمیری کوفە، ئەمیری هەموو (کندە)[5] بوو"[6].

(کیندی) پەیوەندیەکی تێر و تەواوی لەگەڵ هاوسەردەمانی خۆی لە کۆشکی خیلافەتدا هەبوو، وەك: (مەئمون و موعتەسەم و متەوەکل)، بەو

---

(١) أ.د.صبري الدمرداش: رواد المسلمين، ص١١.

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٤٢.

(٣) أ.د.صبري الدمرداش: رواد المسلمين، ص١١

(٤) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة العربية الاسلامية، ص١٨٣.

(٥) شارێکە لە عێراق لەسەر ڕوباری فورات، لەلایەن (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) لەدوای شەری قادسیە دروستکرا. (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)یش ماوەیەك بنکەی سەربازی بوو، تا لە (٦٦١)ز. شەهید کرا. عەباسیەکانیش کردیانە پایتەخت لە ساڵی (٧٤٩)ز بەڵام شوێنێکی باش نەبوو، هەربۆیە گواسترانەوە بۆ بەغداد. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو بنکەیەکی ڕۆشنبیری و مەعریفی مایەوە. هاوشانی (بەصرە) خاوەنی چەندین زانا و هەڵکەوتەی بلیمەتە.

(٦) الجزيرة الوثائقية: علماء المسلمين/ الكندي فيلسوف العرب

هۆیەشەوە ماوەیەکی دوور و درێژ کاری پزیشکێتی و بەڕێوەبەری دیوانی خەراج بوو لە کۆشکی خیلافەتدا، هەر ئەمەش وای کردبوو کەشێکی زانستی باشی بۆ بگونجێ و ببێتە مەوسوعەیەکی زانستی و لە زۆربەی بوارەکاندا شت بنوسێ، لەوانە: (پزیشکی، ژمێریاری، گەردونی، بیرکاری، ئەستێرەگەری، ئەندازیاری، فەلسەفە و مەنتیق،...)[1].



## گەشەی فیکری :

(کیندی) کەسێکی عاشق بە زانست بوو، نەك پۆست و دەسەڵاتی سیاسی، هەربۆیە لایەنە ماددیی و دەسەڵاتەکەی باوکیشی لەو پێناوەدا سوود لێوەردەگرت، ئەوەبوو سەرەتا لە (بەصرە) ئاشنابوو بەزانستە جۆراوجۆرەکانی سروشتی و مرۆیی، دواتریش کاتێ هاتنە بەغداد چووە قوتابخانەی: (مەشائین)و، بووە یەکەمین فەیلەسوف لەئیسلامداو دامەزرێنەری فەلسەفەی ئیسلامی، چونکە بۆ یەکەمجار زاراوە فەلسەفیەکانی شیکردەوە و پێناسەی بۆ کردن و، بۆ زۆرێك لەپرسیارە فەلسەفیەکان، وەڵامی دروستی بەدەستهێنا[2].

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء و العباقرة المسلمون، ص ١٣٧.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: رواد المسلمين، ص١٢.

(ئەلقفتی) له كتێبی: (أخبار الحكماء)دا دەڵێ: "(كیندی) لەنێو میللەتانی جیهانی ئیسلامیدا، بەدەریای هونەری فەلسەفەی: (یۆنانی و فارسی و هیندی) ئەژمار دەكرێ، پسپۆڕی بنەماكانی ئەستێرەگەری و تەواوی زانستەكانی ترەو، یەكەم فەیلەسوفی ئیسلامیشە".



بەغداد بۆ گەنجێكی وەكو (كیندی)، قوتابخانەیەك بوو، تێیدا فێری نوسین بوو، شارەزایی لە: (نەحو و بەلاغە و فیقە)دا پەیدا كرد، قورئان و فەرمودە و شیعرێكی زۆری لەبەر كرد، بەڵام (كیندی) بەتەنها بەمەوە نەوەستا، بەڵكو ڕوی كردە بواری فەلسەفەو، بەتایبەت فەلسەفەی یۆنانی بەرهەمەكانی ئەفلاتون و ئەرستۆی دەخوێندەوە، كە زۆربەیان وەرگێردرابونە سەر زمانی عەرەبی،[1] چونكە پێی وابوو: فەلسەفەش ڕێگایەكی دیكەی ناسینی خوایە، پاشان لەژێر كاریگەری بزوتنەوەی وەرگێرانی عەباسیەكاندا، هەوڵی فێربونی زمانەكانی: (یۆنانی و سریانی و هیندی)دا و، توانی كاری وەرگێڕان لەو سێ زمانەدا بكات و، كتێبە فەلسەفیەكانی ئەو زمانانە وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی و، شیكردنەوە بۆ هەندێ لە چەمك و زاراوە فەلسەفیەكان بكات، بەمەش لە ماوەیەكی كەمدا، بووە یەكێ لە چوار وەرگێڕە دیار و باشەكانی ئەو سەردەمە، ئەوانیش: (حونەین كوڕی ئیسحاق - یەعقوب كوڕی ئیسحاق كیندی - سابت كوڕی قرە ئەلحرانی - عومەر كوڕی ئەلفرحانی تەبەری)بوون[2]، لەو كتێبانەی وەریگێڕان بریتی

---

(١) فتحية جلال علام: الكندي فيلسوف العرب، ص ٣-٤.

(٢) فتحية جلال علام: الكندي فيلسوف العرب، ص ٦-٩

بوون له: (المجسطى) به‌تلّيمۆس و كتێبى (الأدوية المفردة)ى جالينۆس له بوارى پزيشكيدا[1].

(كيندى) له‌ماوه‌ى ژيانيدا، لێكۆڵينه‌وه و داهێنانى له چه‌ندين بوار و لايه‌ندا كرد، له‌وانه: (بواره‌كانى سروشتزانى و گه‌ردونى، ته‌ندروستى و پزيشكى، مۆسيقا و هونه‌ر، كيميا و تاقيگه، ...).

توانى له‌م بوارانه‌دا به‌شێوه‌يه‌كى زۆر باش داهێنان و به‌رهه‌مى هه‌بێت و، به‌شێوه‌ى په‌يام و كتێبيش به‌رهه‌مه‌كانى بنوسێته‌وه.

## كيندى.. داهێنان كار :

**چه‌ند زانست و بوارێك هه‌بوون، جگه له بوارى پزيشكى، جێگاى سه‌رنج و لێكۆڵينه‌وه‌ى ئه‌م زانايه بوو، له‌وانه:**

### ١- فيزيا :

كيندى له‌م بواره‌دا چه‌ند بۆچونێكى تايبه‌ت به خۆى هه‌بووه، له‌باره‌ى گه‌ردون و ده‌وروبه‌ره‌كه‌ى، لێره‌دا ڕونكردنه‌وه‌كانى له‌باره‌ى هه‌ريه‌كه له: ڕوناكى و گه‌رمى و.. ده‌خه‌ينه ڕوو:

- **ڕوناكى:** به‌شێوه‌ى ڕاسته‌هێڵێكه و به‌نێو شته شه‌فافه‌كاندا تێده‌په‌ڕێ و، هه‌ندێ كاتيش له ئه‌نجامى به‌ركه‌وتنه‌وه توشى تيشكدانه‌وه و بڵاوبونه‌وه ده‌بێته‌وه، به‌ڵام وه‌كو زانايانى (دۆڵى ڕافيده‌ين) و (يۆنانييه‌كان) كه‌وتۆته ئه‌و هه‌ڵه‌يه‌وه، كه ڕووناكى له چاوه‌وه ده‌رده‌چێ و ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ چاو، هه‌روه‌ها پێى وابووه ڕووناكى هه‌سته‌كان ده‌جولێنێ[2].

- **گه‌رمى:** هه‌موو جه‌سته‌يه‌ك زۆر و كه‌م، پێويستى به گه‌رمى وساردى هه‌يه، چونكه جه‌سته كه‌ميه‌ك گه‌رمى و ساردى تێدايه و پێويستى به ڕاگرتنى ئه‌و هاوسه‌نگيه هه‌يه.

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص ٢٤٣.

(٢) أ.د.صبري الدمرداش: رواد المسلمين، ص٣١.



- **جوڵەی با:** كاتێ خۆر له بەشی باكور دەدات و گەرم دەبێت، ناوچەی بەشی باشور سارد دەبێت، (با)ش لەو ناوچەوە هەڵدەكات پلەی گەرمی دابەزیوە و پەستانی بەرزبۆتەوە، هەربۆیە بەپێی وڵاتی عێراق، دەبینین (كیندی) بۆچونی وایە: (با) له هاویندا له باكورەوە هەڵدەكات و له زستانیشدا له باشورەوە، بەڵام هەندێ كاتیش جۆرێ له حاڵەت ڕوئەدا، دەبێتە هۆی زریان و ڕەشەبای توند.

- **دابــارین:** له ئەنجامی لێدانی تیشكی خۆر له ناوچه ئاوییەكان و بونیان بەهەڵم و بەرزبونەوەیان بەرەو چینەكانی سەرەوەی هەوا و، دواتر چڕبونەوە و چونیان بەرەو چیاكان، كرداری دابارین دروست دەبێت.

- **تــەم:** جۆرێكە له هەور، لەسەر زەوی دروست دەبێت له ئەنجامی چڕبونەوەی هەڵمی ئاوی ناو هەوای نزیك ڕووی زەوی دروست دەبێت بەهۆی نەمای تەزووی گەرمییەوە و چڕوبونەوەی و دەركەوتنی لەشێوەی تەم، ئەمە بریتیە لەجۆرێكی دروستبونی تەم، جۆرەكەی تریشیان له ئەنجامی هەوای سارد و گەرمەوە، كاتێ (با) له ناوچەی شێدار و ساردەوە هەڵدەكات بۆ ناوچەی وشك، دواجار تەم و هەندێ كاتیش بەستن ڕوئەدات. (كیندی) لەهەردوو پەیامی (في علة كون الضباب) و (في علة الثلج و البردة والبرق و والصواعق و الزمهرير) بەباشی ئەم بابەتەی تاوتوێ كردووە و لایەنەكانی ڕوون كردۆتەوە.

- **ڕەنگی ئاسمان:** (ئەلكندی) پێی وایە: ئاسمان هیچ ڕەنگێكی نییە و ئەوەی هەیەتی، له ئەنجامی تیشكدانەوەیە، كاتێ خۆر له زەریاكان دەدا، تیشكدانەوە ڕودەدات و، ئەو ڕەنگە دەدات بە ئاسمان. بەڵام له ڕاستیدا تیشكەكان بۆ خۆیان له هەوادا دروست دەبن، وەك (ئیبن هەیسەم) وتویەتی و، جوانتر ئەو باسەی ڕاست كردۆتەوە.

- بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ئاستی ئاوی دەریا: هۆکارەکەی بۆ بوونی مانگ دەگێڕێتەوە و وتەکانی لەو بارەوە جێگای لێوردبونەوە و تێڕامانن.

- خۆر و کۆمەڵەی خۆر: پێی وایە: هەسارەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، لە خۆرئاواوە بەرەو خۆرهەڵات، خۆریش (١٦٦) ئەوەندەی زەوی دەبێت، زەویش (٤) هێندەی مانگە. لێرەدا پێویستە ئەوە ڕاست بکەینەوە، کە لەڕوی جیاوازیەوە ڕاستە، بەڵام لەڕوی ژمارەوە هەڵەیە و (١٣٢٠٠٠٠) ئەوەندەی زەویە[١].

## ٢- کـــيمـيـــا :

لەگەڵ ئەوەی لایەنی کیمیایی یەکێك بوو لەو لایەنانەی، تاڕادەیەك جێگای ڕەفزبوو لەنێو هەندێك لە کۆمەڵگاکانی ئیسلامیدا، بەهۆی ئەو تارمایی جادویی و سیحربازیەی بەبەریدا کرابوو، بەڵام (کیندی) لەم بوارەدا بەدەیان پەیام و داهێنانی بە ئەنجام گەیاند، لەوانە:

- كيمياء العطر والتصعيدات.
- أنواع الجواهر الثمنية.
- أنواع السيوف الحديد.
- التنبية على حذع الكيميائيين .

- لەپەیامی یەکەمیدا: نزیکەی (١٠٠) جۆر عەتری باسکردووە و، شێوازەکانی دروستکردنی ڕونکردۆتەوە، لەڕێگای دڵۆپاندنەوە.
- لەپەیامی دووەمیدا: جۆرەکانی گەوهەری بەدەرخستووە، لەگەڵ ناو و شێوازی پێکهاتەکانی.
- لەپەیامی سێیەمیدا: جۆرەکانی شمشێر و چۆنییەتی دروستکردنی جۆرەکانی شمشێری ڕونکردۆتەوە.
- لەپەیامی چوارەمیدا: فێڵەکانی بواری کیمیایی، زانینی جیاکردنەوەی زێڕ و زیو لە کانزاکانی تر[٢].

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمين، ص١٥١-١٥٣

(٢) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمين، ص١٤٠.     أ.د.صبري الدمرداش: رواد المسلمين، ص٤٧

٣- مـــیوزیــك :

(کیندی) لەبواری مۆسیقادا، ئاستێکی زۆر بەرزی نیشاندا، ئەویش لەو چەند دانراوەی لەم بوارەدا پێشکەشی کرد، ڕەنگی دایەوە، لەوانە:

- پەیامی: (في خبر صناعة التأليف): تێیدا چەندین ئاوازی بەجۆشی خستۆتە ڕوو.

- (في أجزاء خبرية في الموسيقى): لەم پەیامەیدا، تیشکی خستۆتە سەر شێواز و گونجاوی دەنگ و مۆسیقا و ئاواز، کە هەست بزوێن و کاریگەر بێت لەسەر نەفسی کەسەکە.

- لەپەیامی: (رسالة الكبرى في التأليف) یان (الكتاب الأعظم في التأليف): ئامێری (عود) دەناسێنێ و شێوازەکانی ژەنینی و ئاوازەکانی باس دەکات و، ئەو شیعر و ئاوازانەی گونجاون بۆ ئەم ئامێرە، لەبارەیانەوە دەدوێ، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ئامێرە مۆسیقیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە: ئەم ئامێرە، یەکێ بوو لە ئامێرە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی سەردەمی خۆی، لەگەڵ هەردوو کتێبی (القواعد الموسيقية) و (مختصر الموسيقى في تأليف النغم وصنعه)، کە دواتر (فارابی) و (ئیبن سینا) لێیانەوە وەرگرت.

(کیندی)، بواری مۆسیقای، تەنها وەکو سروشتێکی ڕۆحی نەدەبینی، بەڵکو چارەسەری هەندێ لە نەخۆشییەکانی پێ دەدۆزیەوە، وەکو دەڵێ: "مۆسیقا کاریگەری هەیە، چ لەسەر مرۆڤ، چ لەسەر گیانداران، بۆ نمونە: ژەنینی مۆسیقا، (تیمساح) لە ئاو دێنێتە دەر و (تاوس)یش کەیفی ساز دەبێت، باڵندەش بەگشتی خەم دایدەگرێ و سەرسام دەبێت".

بەڵام بەنیسبەت مرۆڤەوە، پێی وایە: کاریگەریەکە، بەپێی جۆری ئاوازەکە دەگۆڕدرێ، بۆ ئەمەش ئاوازەکان بۆ ئەم بەشانە پۆلێن دەکات:

أ- ئاوازی (المطلوبة): بۆ خۆشی و دڵشادی و شاییە.

ب- ئاوازی (الجريئة): بۆ چونە پێشەوە و نەمانی ترس و بوێریە.
ج- ئاوازی (الشجية): بۆ گریان و شیوەن و نالاندن و دڵتەنگیە.

(کیندی)، مۆسیقا بەلایەنی پزیشکیی دەبەستێتەوەو پێی وایە: مۆسیقا کاریگەریەکی زۆر گەورەی لەسەر مرۆڤ هەیە، لەڕووی: (هەرسکردنی خواردنی ناو گەدەو، هێزدانەوە بەو کەسانەی زەرد هەڵدەگەڕێن و، پاككردنەوەی قوڕگ و جوڵە و گەرموگوڕی سوڕی خوێن لە لەشدا...).
ئەم چارەسەرانە، کە لەلایەن (کیندی)یەوە دۆزرانەوە، پێی وابوو: بەپێی جۆری ئاوازەکە و ماوەی بەکارهێنانی و کاتی گوێگرتنەکەی دەگۆڕدرێت، هەربۆیە پاش ئەوەی نەخۆشەکەی دەدیت، جۆری چارەسەر و شێوازی گوێگرتنەکەی بۆ دادەنا[1].

٤- فەلسەفە:

سەردەمی ئەم زانایە، گەشەی فەلسەفە بوو، بەهۆی ئەو وەرگێڕانەی لەجیهانی ئیسلامیدا بەدی هاتبوو، بۆ وەرگێڕانی کتێبە (یۆنانی)و (ڕۆمی)یەکان، لەدەورانی: (ڕەشید) و (مەئمون)دا.
(کیندی)ش ئەو کاتە کەسێکی دیاری بواری خوێندنەوە بوو، سەرەتای کاری خوێندنەوەشی لەکتێبە فەلسەفیەکانەوە دەست پێکرد، بەهۆی زۆری و بەربلاوی و سەرگەرمی زۆربەی لاوەکانی ئەو کاتە لەو بوارەدا، (دکتۆر نەشئەت حمارنە)، مامۆستای مێژووی زانستەکان، لەزانکۆی دیمەشق دەڵێ: "ئیتر (کیندی) بووە فەیلەسوفی یەکەمی ئیسلامی لە کتێبە عەرەبی و وەرگێڕدراوەکاندا".

فەلسەفەی یۆنانی، یان عیلمی کەلامی موسڵمانان، لەدیدی (کیندی)یەوە بەم جۆرە لێکدراوەتەوە: لەگەڵ ئەوەی ئەم زانایە وازی لە زۆرێك لەبۆچون و

---

(١) البروفيسور سليم الحسني:١٠٠١اختراع، ص٣٥.

بیرکردنەوەکانی هێنا: (بنەڕەت و ئەسڵی دین و فەلسەفە یەك شتە، ئەویش: بەدەستهێنانی بەختەوەری و سەعادەتە، دین لەڕێگەی پیاوانی خودا و پێغەمبەرانەوە بانگەشەی بۆ دەکرێ، فەلسەفەیش لەلایەن پیاوانی دانا و تێگەیشتوەوە، هەردوکیشیان ئامانجیان بۆ پێکەوە ژیان و باشتر ژیانی مرۆڤەکانە[1]).



(کیندی) بۆیە بەو شێوازە تەعبیری لە ڕێبازی دین و فەلسەفە کردووە، بەهۆی دروستبونی جیایی نێوان ئەم دوو ڕێباز و زانستە، کە لایەکیان ئەوی دی پێ قبوڵ نەبوو، ئەگەر نا، (کیندی) بەتەواوی مانا، کەسێکی دیندار و بڕوادار بووە، وەك (دکتۆر نەشئەت حمارنە) لەبارەی بڕواو ئیمانی ئەم زانایەوە دەڵێ: "بڕوایەکی بنچینەیی بە ئیمان هەبووە، چ بۆ دینی مرۆڤ، چ بۆ عەقڵی مرۆڤ، پێی وابووە: ئیمان جەوهەر و کاکڵەی هەموو بیرۆکە و جوڵەکانی مرۆڤە[2]".

---

(١) د.طة عبدالمقصود عبدالحميد أبوعبية: الحضارة الإسلامية، المجلد الأول، ص٣١٤-٣١٥.

(٢) الجزيرة الوثائقية: العلماء المسلمين/ الكندي فيلسوف العرب

**٥- لایه‌نی پزیشکیی ئه‌و:**

ئه‌وه‌ی له‌زیره‌کی ئه‌م زانایه‌دا به‌دی ده‌کرێ له‌لایه‌نی پزیشکیه‌وه ئه‌وه‌یه: هه‌ریه‌که له‌لایه‌نه‌کانی: (بیرکاری- میوزیك- فه‌لسه‌فه- کیمیا)ی بۆ بواری پزیشکی به‌کارهێناوه.



(دکتۆره که‌ریمه صالْح)، مامۆستای مێژووی زانسته‌کان له‌زانکۆی (sio) له‌سوید ده‌ڵێ: "(کیندی) بۆچونی وایه: ئاوازه‌کانی میوزیك هۆکارێکه بۆ کردنه‌وه‌ی گرێکانی سه‌ر دڵی که‌سی نه‌خۆش و چاره‌سه‌ری پێده‌به‌خشن، ئه‌گه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی دروست سودی لێوه‌ربگرێت، وه‌ك له ئێستادا ده‌بینین: وڵاته پێشکه‌وتوه‌کان سوود له چاره‌سه‌ره‌که‌ی (کیندی) ده‌بینن بۆ نه‌خۆشییه ده‌روونییه‌کان".

هه‌روه‌ها کتێبی: (الحيلة في دفع الأحزان) کتێبێکی (فه‌لسه‌فی- پزیشکی)یه، ده‌ڵێن: هه‌وێنی (ڕازی) بوو بۆ ئه‌وه‌ی کتێبی: (الطب الروحاني) بنوسێت، ئه‌م کتێبه، باس له لایه‌نه ده‌رونی و حاڵه‌ته جیاوازه‌کانی که‌سی نه‌خۆش ده‌کات، که پێویسته به چ شێوازێك مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا بکرێت، پاشان کتێبی: (الأدوية المفردة)ش یه‌کێکه له‌و کتێبانه‌ی، که (دکتۆره که‌ریمه) پێی وایه: تێکه‌ڵکێشی هه‌ردوو زانستی: (پزیشکیی و بیرکاری)یه.

کتێبی: (الأدوية المركبة)ش سوود وه‌رگرتنه له زانستی کیمیا، بۆ بواری پزیشکی، ئه‌م کتێبه باس له تێکه‌ڵه‌ی ده‌رمانه کانزایی و گیایی و ڕووه‌کی و ئاژه‌ڵیه‌کان ده‌کات، که له (چین و هیند و باشووری ڕۆژهه‌ڵاتی ئاسیا) بڵاوبون.

**(كيندى) له ماوه‌ى ژيانى پزيشكيى خۆيدا، چه‌ند په‌يام و كتێبێكى نوسى، له‌وانه:**

١- كتێبى (الطب) بوقرات.

٢- (رسالة في الغذاء والدواء المهلك).

٣- (رسالة في الأبخرة المصلحة للجو من الأوباء).

٤- (رسالة في الأدوية المشفية من الروائح المؤذية).

٥- (في تدبير الأصحاء): ئه‌مه له‌بنه‌ڕه‌تدا كتێبێكى (جالينۆس)ه له‌باره‌ى جۆر و تايبه‌تمه‌ندى ئه‌و خۆراكه پێويستانه‌ى، كه جه‌سته به‌شێوه‌يه‌كى ته‌ندروستانه ده‌هێڵنه‌وه.

٨- (كيفية الدماغ): باسێكى شيكاريه له‌باره‌ى به‌شه‌كانى ده‌ماغه‌وه.

٩- (علة الجذام وأشفية): باس له‌هۆكاره‌كانى توشبوون به نه‌خۆشى پێست و چۆنييه‌تى چاره‌سه‌ركردنى.

١٠- (وجع المعدة والنقوس): به نه‌خۆشى پاشايان ناسراوه، كاريگه‌رى له‌سه‌ر بۆرى ميز هه‌يه و ئه‌وترێ: هۆكاره‌كه‌ى له‌خواردنى زۆرى گۆشتى سورى حه‌يوانه‌وه‌يه و كاريگه‌رى له‌سه‌ر گه‌ده دروست ده‌بێ .

١١- (في علاج الطحال): شوێنى كۆبونه‌وه‌ى خوێن له‌سه‌ر گورچيله.

١٢- (في الحيلة لدفع الأحزان): له ڕاستيدا ئه‌م كتێبه فه‌لسه‌فى و ئه‌ده‌بيه و دانراوى نوسه‌رى ڕۆمانى (ئوتيۆس)ه (٤٧٥-٥٢٤)ز، كه ڕۆمه‌كان له‌سه‌رده‌مى: (سيۆدوريك) پاشاى (قوته‌كان) گرتيان و زيندانيان كرد، تا له زينداندا وه‌فاتى كرد، (كيندى)ش ئه‌م كتێبه‌ى هه‌ر به‌و ناوه‌وه دانا، به‌ڵام ئه‌توانين بڵێين: كتێبه‌كه‌ى (كيندى) زياتر (فه‌لسه‌فى - پزيشكى)يه.

١٣- (جوامع كتاب الأدوية المفردة لجالينوس): كۆكراوه‌ى كتێبى (الأدوية المفردة)ى (جاليۆنسه) له‌باره‌ى ده‌رمانه تاكه‌كانه‌وه.

١٤- (رسالة في الإبانة عن منفعة الطب): پەیامێكە لەبارەی خۆپاراستن و چارەسەركردن بەشێوازی پزیشكیانە.

(دكتۆرە كەریمە) لەبارەی دانراوە پزیشكیەكانی (كیندی)ەوە ئەڵێ: "زانای مەوسوعی، خاوەنی زیاتر لە (٣٠) كتێبی پزیشكیی و (١٣٠) كتێبی ترە لە زانستە جۆربەجۆرەكاندا[1]".

## چەند وتەیەكی ئەم زانا گەورەیە:

- لەشەڕ دووركەوە، چونكە شەڕ خووڕەوشتی بەدكارانە.

- ملكەچی ئارەزووەكانت مەبە، بەپێی پێویست نەبێ.

- لەخۆبایی مەبە بەسەروەت و سامان، با زۆریش بێت.

- بۆ ئەوەی شتێك بەدەست بێنیت، درۆ مەكە؛ چونكە درۆ، تا لێوەی دووربیت، هێشتا نزیكی.

- كۆیلە ئازادە، ئەگەر بە قەناعەت بێت، ئازادیش كۆیلەیە، ئەگەرپیسكە بێت.

- ئەوەی نەزانە، زەبوونە.

- ئەوەی مەلیكی نەفسی خۆی بێت، مەلیكی گەورەترین مەملەكەتە.

- ناتوانین بەبێ بیركاری لەفەلسەفەدا بگەینە ئەنجام.

- عاقڵ وا گومان دەبات لەسەروی زانستەكەی ئەوەوە زانستی تر هەیە، بەڵام نەزان پێی وایە: ئەوەی پێیەتی بێ سنوورە.

- قوتابی خاوەن زانست، شەش شت دەیكەنە فەیلەسوف: بیرێكی گەورە، عیشقێكی پێویست بۆ زانست، ئارامگریەكی جوان، پاكی و ئیخلاس، باش تێگەیشتن، بەردەوامی[2].


---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرة المسلمين، ص١٤٢-١٤٤. د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٤٣-٢٤٥. الجزيرة الوثائقية: العلماء المسلمين/ الكندي فيلسوف العرب

(٢) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة العربية الإسلامية، ص١٨٤. د.راغب السرجاني:

# حونەینی كوڕی ئیسحاق

(١٩٤-٢٦٤ك/ ٨٠٩-٨٧٧ز)



"گەورە وەرگێڕ و پزیشكیی مەوسوعی چاو"

## حونه‌ینی كوڕی ئیسحاق كێیه؟!

پزیشكیی مه‌وسوعی چاو و، پزیشكیی تایبه‌تی خه‌لیفه‌و، سه‌رۆكی پزیشكانی به‌غدادو، سه‌رپه‌رشتیاری گشتی وه‌رگێڕان بووه، له خانه‌ی (حیكمه‌ت)، پاشانیش نوسه‌ر و لێكۆله‌رێكی سه‌ركه‌وتوو بووه.

ناوی: (حونه‌ین كوڕی ئیسحاقی عه‌بادی)یه، كونییه‌ی (ئه‌بوزه‌ید)ه‌و، له‌بواره‌كانی: (ڕووه‌كناسی و فه‌له‌ك و بیركاری و مه‌نتیق)دا خوێندویه‌تی و توانیویه‌تی به‌زمانه‌كانی: (عه‌ره‌بی و یۆنانی و سریانی و فارسی) قسه بكات و وه‌رگێڕان بكات.

ڕه‌چه‌ڵه‌كی ده‌چێته‌وه سه‌ر مه‌سیحیه‌كانی (حیره[1]) كه له یه‌مه‌ن و ده‌وروبه‌ری نیشته‌جێ ببون، ساڵی (١٩٤ك/ ٨٠٩ ز) له دایك بووه‌و باوكی، پزیشكیی ڕووه‌كی بووه، ئه‌مه‌ش وای كرد هه‌ر له سه‌ره‌تاكانی ته‌مه‌نییه‌وه، خۆی به‌كاری پزیشكیه‌وه سه‌رگه‌رم بكات، بۆ ئه‌مه‌ش به ته‌نها به فێربونه‌كانی لای باوكی وازی نه‌هێناو، هه‌وڵه‌ودای فێربونی زیاتر بوو له زانسته‌كه‌دا، هه‌ربۆیه بۆ به‌ده‌ستهێنانی زانستی زیاتر، چووه (شام و ڕۆم و فارس)، ماوه‌یه‌ك بووه قوتابی له‌لای (یوحنای كوڕی ماسویه)، دواتر به‌هۆی زیره‌كی و لێهاتویه‌كه‌یه‌وه، بووه یه‌كێ له پزیشكه نزیكه‌كانی خه‌لیفه (مه‌ئمون) و (موعته‌سه‌م)، دواجاریش له‌لایه‌ن خه‌لیفه (متهوه‌كل)ه‌وه كرایه پزیشكیی تایبه‌تی و سه‌رۆكی پزیشكانی به‌غداد.

سه‌باره‌ت به ساڵی وه‌فاتیشی، مێژوونوسان یه‌ك ده‌نگ نین و ڕای پێچه‌وانه‌یان هه‌یه، به‌ڵام (ئیبن خه‌له‌كان) و (ئیبن نه‌دیم) پێیان وایه ساڵی (٢٦٠ك/ ٨٧٢.ز) وه‌فاتی كردووه[2].

---

(١) عباد: له هۆزه‌كانی عه‌ره‌بیه و پێكهاتون له چه‌ند تیره‌یه‌كی بچوك بچوكی مه‌سیحی و له ناوچه‌ی (حیره) كۆبونه‌ته‌وه، به (به‌نی عباد) یان (عبادالخالق) ناوبراون. بڕوانه/ زهیر حمیدان: أعلام الحضارة العربیة الاسلامیة في العلوم الأساسیه والتطبیقیه،ج١/ص٤٠٦.

(٢) مێژوونوسان له‌سه‌ر شوێنی له‌دایكبونی ڕای جیاوازیان هه‌یه، (كارل بروكلمان) پێی وایه: له (حیره) له‌دایكبووه، (ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه)ش پێی وایه: له (به‌غداد) له‌دایكبووه، به‌ڵام له ساڵی له‌دایكبونه‌كه‌یدا هاوڕان، هه‌رچی سه‌باره‌ت به مردنه‌كه‌شیه‌تی ڕای جیاواز هه‌یه. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه/ وفیات الأعیان،

## (حونه‌ین) و كاری پزیشكیتی :

له‌ ده‌ورانی یه‌كه‌می عه‌باسیدا، له‌ زانستی پزیشكیدا، كۆمه‌ڵێك زانای گه‌وره‌ ده‌ركه‌وتن، (حونین كوڕی ئیسحاق) یه‌كێك بوو له‌و پزیشكانه‌ی به‌ زانسته‌ فراوانه‌كه‌ی، توانی ببێته‌ یه‌كێ له‌ پزیشكه‌ ده‌ست ڕه‌نگینه‌كانی به‌غداد، به‌تایبه‌تی له‌ بواری نه‌خۆشییه‌كانی چاودا، پسپۆڕیتی په‌یداكرد و نازناوی: (پزیشكیی لێهاتوو)ی لێنرا[1].

ئه‌م زانایه‌، هه‌موو جۆره‌ كه‌ره‌سته‌ و ئامێرێكی تایبه‌تی هه‌بوو، له‌ چاره‌سه‌ركردنی نه‌خۆشییه‌كانی چاودا، له‌ هه‌مان كاتیشدا ده‌رمانسازێكی باش بووه‌ و ژماره‌یه‌ك كه‌ره‌سته‌ی كیمیایی وه‌ك: (قوڕقوشم و سورمه‌ (كل)و ترشی كبریتك و...)ی به‌رهه‌مهێنا[2].

له‌م سه‌رده‌مه‌دا پزیشكه‌كان چه‌ندین نوسین و به‌رهه‌میان له‌باره‌ی شیكاری نه‌خۆشییه‌كانی چاوه‌وه‌ نوسی، به‌ڵام هیچ كامیان نه‌بونه‌ نوسین و لێكۆڵینه‌وه‌كانی ئه‌م زانایه‌، كه‌ به‌م نوسینانه‌ی توانی، هێنده‌ی تر سه‌رنجی پزیشكان و نه‌خۆشان ڕابكێشێ و، زیاتر ببێته‌ جێگای متمانه‌ی ده‌وروبه‌ره‌كه‌ی، به‌تایبه‌تی له‌ پزیشكێتی چاودا، دوو به‌رهه‌می زۆر گرنگی نوسی، ئه‌وانیش نوسینی (١٠) په‌یام بوو له‌باره‌ی چاوه‌وه‌، له‌گه‌ڵ كتێبی (مسائل العين)، كه‌ پێشكه‌شی خه‌لیفه‌ مه‌ئمونی كرد[3].

---

ج٢/ ص٢١٨. عيون الأنباء، ج٢/ ص١٣٩. زركلي: الأعلام، ج٢/ ص٢٨٧. د.نشأت العمارنه: أقدم المعجمات الطبية العربية، ص١١٢.

(١) زهير حميدان: أعلام الحضارة العربية الاسلامية في العلوم الأساسية والتطبيقية،ج١/ص٤٠٦-٤٠٧

(٢) د.فاضل محمد الطائي: الوجيز الصحة الكيمياء عند العرب، ص١٨.

(٣) د.رشيد الجميلي: حركة الترجمة في المشرق الإسلامي في القرنين الثالث والرابع الهجرة، ص٤٣٤.

## (حونەین) و كاری وەرگێڕان :

گرنگیدان به بواری وەرگێڕان له دەورەی مەئموندا، پێشكەوتنێكی گەورەی بەخۆیەوە بینی، له وەرگێڕانی كتێبه بیانییەكان بۆ سەر زمانی عەرەبی، لەبوارەكانی: (فەلسەفەو پزیشكیی و سروشت)، بۆ ئەم مەبەستەش، خەلیفه (مەئمون) پەیوەندیەكانی خۆی لەگەڵ فەرمانڕەوای بیزەنتی: (میخائیلی سێیەم) گرێدا، لەسەر بنەمای دۆستایەتی، بۆ ئەم مەبەستەش داوای هەندێ له كتێبەكانی كتێبخانەی (ئاستانه) كرد[١]، پاش ڕازیبونی فەرمانڕەوا، كۆمەڵێكی له شارەزایان نارد بۆ هێنانی كتێبەكان، پاش هاتنەوەیان، دەستیان كرد به وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی عەرەبی[٢].

(حونەین) چوار زمانی دەزانی، بەهۆی ئەوەشەوە بەرزترین پلەی هەبوو له كاری وەرگێڕاندا، (ئیبن نەدیم) لەم بارەیەوە وتویەتی: "(حونەین) لەكاری پزیشكیدا شارەزا و، له زمانزانیشدا بێ وێنه بوو[٣]".

(شەهرستانی)ش وتویەتی: "وەرگێڕه شارەزاكان سیانن: (حونەینی كوڕی ئیسحاق و یەعقوب كوڕی ئیسحاقی كیندی و سابتی كوڕی قره)[٤]".

(ئیبن ئەبی ئەصیبعه)ش دەڵێ: "(حونەین) شارەزای زمانەكانی: (سریانی و یۆنانی و فارسی و عەرەبی) بوو، بۆ كاری وەرگێڕانیش لەوپەڕی باشیدابوو[٥]".

بەهۆی ئەم دڵسۆزیەی له وەرگێڕاندا و شارەزایی له زماندا، كرایه سەرپەرشتیاری گشتی وەرگێڕان، له خانەی (حیكمەت)ی بەغداد و، مانگانەش بڕی (٥٠)

---

(١) محمد عبدالرحمن مرحبا: الفلسفة اليونانية الى فلسفة الإسلامية، ج١/ ص٣٠٣-٣٠٤.

(٢) ابن النديم: الفهرست، ص٣٤٠.

(٣) ابن النديم: هەمان سەرچاوە، ص٢١٤.

(٤) شهرستاني: الملل و النحل، ج٣/ ص٦.

(٥) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ج٢/ ص١٧١.

هەزار دیناری لەلایەن دەوڵەتەوە پێدەدرا[١].

کاری وەرگێڕانی ئەم زانایە بۆ هەر کتێبێك بەو جۆرە بوو: دەبوایە نوسخەی ئەسڵی کتێبەکەی بە دەست بهێنایە، بۆنمونە: کتێبی (في البرهان)ی (جالینۆس) دانسقە بوو، کوڕەکەی دەیگێڕێتەوە لە باوکیەوە، چەند گەڕاوەو پرسی کردووە لەوڵاتەکانی: (عێراق و شام و میسر)، تاوەکو لە دیمەشق نیوەی نوسخەی کتێبەکەی بەدەستهێناوە[٢].

وەرگێڕانەکانی ئەم زانایە، زیاتر خۆی لە بابەتەکانی (پزیشکێتی، یاسا) دەبینییەوە، لەگەڵ ئەو دەنگدانەوە گەورەیەی ئەم زانایە هەیبوو لە کاری وەرگێڕاندا، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین: هەموو بەرهەمەکانی بەناوی ئەوەوە ناسراون، وەرگێڕانی ئەو نین، بەڵکو کەسانێکی تر کردویانن؛ چونکە کتێبە وەرگێڕدراوەکان پێش ئەوەی لە کتێبخانەی خانەی (حیکمەت)دا دابنرێن، لەلایەن سەرپەرشتیاری گشتی وەرگێڕانەوە، کە (حونەین) بوو، ناوی خۆی لەلاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەدا دەنوسی، بەهۆی ئەمەشەوە زۆرێك لەناوی ئەو کارمەندانەی لەوێ کاری وەرگێڕانیان دەکرد، بزر دەبوو[٣].



وێنەی یەکێ لەکتێبە پزیشکیە وەرگێردراوەکانی حونەین لە سریانیەوە بۆ عەرەبی

(١

(٢) د.رشید الجمیلي: هەمان سەرچاوە. ص٢٤٩.

(٣) د.کمال السامرائي: مختصر تأریخ الطب العربي، ج١/ ص٣٥٦.

## دانراوەکانی لە بواری زانستی پزیشکێتی وچاودا [1]

١- (مسائل في الطب) یان (کتاب المسائل): (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەبارەی کتێبی (پێویستیەکانی پزیشکێتی)ەوە دەڵێ: (ئەم کتێبە بەرچاو ڕونییەکی زۆر باشە بۆ پزیشکێتی و بەشەکانی ئەم زانستە، بەڵام سەرجەمی بەرگەکانی لەلایەن حونەینەوە تەواو نەکراوە، بەڵکو قوتابی و خوشکەزاکەی: (حەبیشی کوڕی ئەعسەم تەواوی کردووە).
ئەم کتێبە، لەلایەن چەندین زاناوە شەرحی تایبەتی بۆ کراوە، لەوانە: (ئیبن نەفیس، ڕەحبی، ئەللبودی، ئیبن ئەلمنفاخ، نیلی، دخوار، ئیبن دەقیق، ئیبن ئەبی صادق).
(فیتلری) ڕۆژهەڵاتناس لە ساڵی (١٨٣٢ز)، ئەم کتێبەی چاپکرد، دواتر (موحەممەد عەلی ئەبو ڕەییان) و (جەلال موسا) و (مورسی موحەممەد عەرەب) دوای لێکۆڵینەوە و پێداچونەوە، سەرلەنوێ لەساڵی (١٩٧٨) لەلایەن خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی زانکۆی ئەسکەندەریە بڵاوکرایەوە.
هەروەها ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێکی ئەوروپی لەوانە: ساڵی (١٩١٣ز) لەلایەن دکتۆر (جود هلف)ەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئەڵمانی، بەسەرنج و ڕەخنەکانی خۆیەوە لەشاری (لیدن) بڵاویکردەوە، دواجاریش لەلایەن دکتۆر (بول گیلاونجی) لەساڵی (١٩٨٠ز) وەرگێڕدرایە سەر زمانی ئینگلیزی، لەئێستاشدا چاپێکی هەیە بەناوی: (حنین بن اسحاق ومسائله) لە کتێبخانەی ئەسکەندەریە بە ژمارە (ك/٥٤٩٧/ج) پارێزراوە.

٢- کتێبی (تأريخ الأطباء)، پارێزراوە لە ئەستەمبوڵ-حكيم ئوغلى پاشا بە ژمارە (٦٩١/٤/ف/٨٩٤).

٣- کتێبی (امتحان الأطباء).

٤- کتێبی (يولد الثمانية أشهر) بەشێوەی پرسیار و وەڵام.

---

(١) زهير حميدان: أعلام الحضارة العربية الاسلامية في العلوم الأساسية والتطبيقية،ج١/ص٤٠٨-٤١١.

٥- كتێبی (الطبيب الفاضل يجب أن يكون فيلسوفا).

٦- كتێبێك له‌سه‌ر پارێزگاریكردن له ددانه‌كان (حفظ الأسنان).

٧- كتێبی (المدخل الى الطب) له (ئسكوريال) پارێزراوه به ژماره (٨٥٣/١)، وه‌رگێردراوه‌ته سه‌ر زمانه‌كانی: (لاتینی، عیبری، ئینگلیزی، ئه‌ڵمانی).

٨- كتێبی (في أوجاع المعدة)، به ده‌ستنوسی پارێزراوه له:

أ- ئیسته‌نبوڵ - ئایاصۆفیا - به ژماره (٣٥٥٥) له ق(١٤٩ب-١٥٦ی).

ب- ئسكوریاڵ به كۆكراوه‌یی به ژماره (٣/٨٥٢) له ق(٤١ی-٦٨ی).

ج- زانكۆی (لۆس ئه‌نجلۆس) به ژماره (msar/٩٨/١).

٩- كتێبی: (فصول حنين في أشربة وأدوية مختارة)، له (ئسكوریاڵ) پارێزراوه به ژماره (٧٨٨).

١٠- په‌یامێك له‌سه‌ر (تدبير الصحة في المطعم والمشرب). له (ئێران - مشهد/ به ژماره ٥٠٩٥) پارێزراوه.

١١- دكتۆر (سیزكین) چه‌ند دانراوێكی تری ئه‌م زانایه‌ی خستۆته ڕوو ئه‌وانیش:

أ- (في البقول وحواشيها).

ب- مه‌قاله‌یه‌ك به‌ناوی (ماء البقول).

ج- په‌یامێكی نوسیوه به‌ناوی: (في اصلاح ماء الجبن ومنافعه وما يستعمل منه).

د- په‌یامی (في الفواكة ومنافعها).

١٢- (التذكرة المأمونية في منافع الأغذية)، ئه‌م كتێبه‌ی له‌سه‌ر (باش خواردن)ه، پێشكه‌شی خه‌لیفه مه‌ئمونی كرد، له ئیسته‌نبوڵ - حاجی بشر ئاغا، به ژماره (٥٠٤/١) له ق(أب-٢٤ب) پارێزراوه.

١٣- (الفرق بين الغذاء والدواء المسهل)، له ئیسته‌نبوڵ - ئایاصۆفیا به ژماره(٣٧٠٣) له ق(١٥٥ی-٢٠٢ی) پارێزراوه.

١٤- (أقرباذين): له ئۆكسفۆرد - بودليان، به ژماره (٤٢٨/ عيبرى).

١٥- كتێبی: (العشر مقالات): یەكێكە لە كتێبە ناوازەكانی فێربونی پزیشكێتی چاو بەشێوەی مەنهەجی فێركاری و بە پێشەنگی كتێبی شیكاری چاو دادەنرێت. له قاهیره - تەیمور، بە ژمارە (١٠٠/ پزیشكی) بە پێنج وێنەوە پارێزراوە، بەڵام له (بترسبورگ) هەیە بەبێ ژمارە و وێنە.

# داودی ئینتاکی

(٩٤٢-١٠٠٨ك / ١٥٣٥-١٥٩٩ز)



"پزیشکه نابینا بلیمه‌ته‌که"

## داودی ئینتاکی کێیە؟!

ناوی (داود کوڕی عومەری ئینتاکی)یە، سەرەڕای ئەوەی کوێر بووە، بەڵام نازناوی (البصیر)ی لێنراوە، له (فرعه) ساڵی (٩٤٢)ك لەدایك بووە، پاشان لەگەڵ باوکی چۆتە شاری (ئینتاکیە).

کەسێکی دانا و زانا و پزیشك و ئەدەب دۆست بووە، مەنتیقی خوێندووە و شارەزای بیرکاری و سروشت بووە، هەموو قورئانی لەبەر بووەو زمانی یۆنانی زانیوە و، سەرۆکی پزیشکانی سەردەمی خۆی بووە.

ئەم زانایە، بەشوێن زانستدا زۆر گەڕاوە، بەتەنها لە ئینتاکیدا نەماوەتەوە، بەڵکو چۆتە دیمەشق و بۆتە قوتابی لەلای گەورە پزیشکانی ئەوێ، پاشان چۆتە قاهیرە، دواتر بەهۆی زیرەکی و دڵسۆزیەوە، بۆتە سەرۆکی پزیشکانی قاهیرە، دواتریش چۆتە مەککە بۆ بەجێهێنانی مەراسیمی حەج، دوای ئەمەش لەسەر درێژەدان بە کاری پزیشکێتی بەردەوام بووە[١].

## بەدەستهێنانەکانی :

داودی ئینتاکی له هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی زانست و فێربونی زانستی پزیشکی، کۆمەڵێك بەدەستهێنانی هەیە، هەروەها چەند یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەیە له کارکردنی پزیشکیدا.

(ئەحمەدی کوڕی عیسا) له وەسفی ئەم زانایەدا دەڵێ: "سەرۆك (داودی کوڕی عومەری ئینتاکی) کاتێ هاتە قاهیرە، له زانا یەکەمینەکانی زانستە جۆراوجۆرەکانی: (بیرکاری و فەلسەفە و زانستە دینییەکان) بوو، هەروەها له بواری ئەدەب و وتابێژی زمان پاراو و ڕەوانبێژ بوو[٢]".

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: الإنطاكي، ص٣.

(٢) أحمد عيسى بك: معجم الأطباء، ص١٨٦.

چه‌ندین نمونه‌ی زیره‌کی و توانای زیهنی ئه‌م زانایه وتراوه، یه‌کێ له‌و به‌سه‌رهاتانه ئه‌وه‌یه: "جارێکیان شێخی مه‌ککه (شه‌ریف حه‌سه‌ن) داوا ده‌کات، که (داودی ئینتاکی) سه‌ردانی بکات، پێش ئه‌وه‌ی بڕواته ژوور، (شه‌ریف حه‌سه‌ن) چه‌ند که‌سێ ڕاده‌سپێرێ به‌ناوی ئه‌وه‌وه به‌خێرهاتنی بکه‌ن، بزانن ده‌زانێت، کاتێ هات پێیان ووت: ئه‌مه جه‌نابی (شه‌ریف حه‌سه‌ن)ه، کاتێ ته‌وقه‌ی له‌گه‌ڵ کرد، وتی: ئه‌مه (شه‌ریف) نییه! دواتر یه‌کێکی تریان هات ته‌وقه‌ی کردو به‌هه‌مان شێوه وتی: ئه‌مه‌ش (شه‌ریف) نییه، جاری سێیه‌م (شه‌ریف) خۆی هات و له‌کاتی ته‌وقه کردندا وتی: ئه‌مه ده‌ستی بنه‌ماڵه‌ی ئالوبه‌یته![١]".

## دانراوه‌کانی:

**(داودی ئینتاکی) چه‌ند دانراوه‌یه‌کی پزیشکیی هه‌یه، که بونه‌ته سه‌رچاوه و بنه‌ڕه‌تێکی باش بۆ قوتابیان و له‌بواری دیراسه و خوێندندا پشتیان پێ به‌ستون، له‌وانه:**

**- کتێبی: (كفاية المحتاج في علم العلاج):**

به‌باشترین کتێبی پزیشکیی ئه‌و سه‌رده‌مه داده‌نرێ، زۆربه‌ی بیردۆز و بۆچونی پزیشکه کۆنه‌کانی تێدا باسکراوه، دواتریش ڕه‌خنه‌ی له هه‌ندێ بۆچونیان گرتووه و پشتگیری بۆچونه دروست و ڕاستیه‌کانیشی کردون، جگه له‌وه‌ی کۆکراوه‌یه‌که له زانیاری پزیشکیی کۆن و نوێی ئه‌و سه‌رده‌مه، کۆکراوه‌یه‌کیشه له‌نێوان جیاوازی بیردۆزه فه‌لسه‌فی و پزیشکیه‌کانداو، به‌شێوه‌یه‌کی جوان و ژیرانه بۆچونه‌کانی تاووتوێ کردووه.

(داودی ئینتاکی) جگه له‌م کتێبه، چه‌ندین دانراوی تری هه‌یه، به‌نزیکه‌یی ده‌گاته: (٣٥-٤٠) دانراو، له‌وانه: (الكامل في الطب، ألفية في الطب، بهجة الناظر، رسالة في الحمام، رسالة في علم الهيئة، شرح القانون في الطب لإبن سينا، طبقات الحكماء، قواعد المشكلات، مجمع المنافع البدنية، ....).[٢].

---

(١) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة العربية الإسلامية، ص٤١٨.

(٢) أ.د.فيصل عبداللطيف الناصر: داود الأنطاكي"أثر الوقاية والحالات النفسية على العلل الجسدية عند داوود الأنطاكي". ص٢



ئەم زانایە، لە پەیام و کتێبەکانییەوە چەندین ڕێنمایی و ڕونکردنەوەی پزیشکیی داوە تاوەکو زیاتر و زیاتر گرنگی بدرێتە لەشساغی و تەندروست باشی، لە نمونەی ئەو ڕێنماییانەشی دەڵێ: "تەندروستی ڕاستەقینە لەناخی مرۆڤەکاندایە، جەستەی مرۆڤ لە خزمەتی ناخی مرۆڤەکاندایە، نەخۆش کەوتنیشی بەشێکی گەورەی پەیوەندی بە ناخی نەخۆشکەوتوی مرۆڤەکەوەیە، هیچ کات بەبێ ڕەچاوکردنی ناخی کەسی نەخۆش، ناتوانین چارەسەری تەواوەتی بۆ ئەو نەخۆشییە بکەین".

هەروەها دەڵێ: "تایبەتمەندیەکانی هەموو مرۆڤێ (٦) دانەن: (هەوا، ئاو، خەوتن، هەستان، خواردن، خواردنەوە)، وەرزشیش یەکێکە لە ڕێگا باشەکانی هێشتنەوەی جەستە بەڕێکی و دوور لە نەخۆشی، چونکە مرۆڤ، کە نەجوڵا، نەخۆشی ڕووی تێدەکات و توشی قەلەقی و هەڵچونی دەکات، وەرزشکردن هۆکارێکی سەرەکیە بۆ هەرسکردنی خواردنی ناو گەدە و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشی و بەڵا، جگە لەوەی زیادەکان لە لەش دەکاتە دەرەوە، جەستەو مێشکیش بەهێز دەکات، بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی مانەوەی خۆراك لە جەستەدا، پاشانیش باکردنی سك و نەخۆشکەوتن و نارێك بونی تەندروستی و جەستە و ناخی مرۆڤ"[1].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص٤.

## پاكوخاوێنی و خۆشوشتن لەدیدی ئینتاكیەوە :

(ئینتاكی) بەهۆكارێكی كاریگەری دادەنێ لە هێشتنەوەی جەستە بەتەندروستیەكی باشەوە، چونكە دەبێتە هۆی نەهێشتنی نەخۆشی گەدەو، هۆكارێكە بۆ پاكبونەوەی گەدە، هەروەها ئاسودەیی دڵ و دەروونە و جوڵەی خوێنیش زیاتر دەكات، هەروەها خۆراك و مەلە و خۆشوشتن بەیەكەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ: "پێویستە ئەوەی حەمام یان مەلە دەكات، چەند كاتژمێرێك بەسەر خۆراك خواردنیدا ڕۆیشتبێ (٤-٥) سەعات بێت".

پاشان دەڵێ: (خواردنەوەی ئاوی سارد، لەدوای حەمام كردن و مەلەكردن خراپە بۆ گەدە و توشی نەخۆشیت دەكات".

لەبارەی چۆنییەتی نانخواردنیشەوە دەڵێ: "نابێ لە ژەمەكانتدا خواردنی زۆر بخۆیت و پێویستە لە كاتی خواردندا، زوو زوو ئاو بخۆیتەوە لەگەڵیدا، چونكە گەدە ئامێرێكە، پێویستی بە ئاوە بۆ ئەوەی بسوڕێ و هەرس بكات، پاشانیش ئەو ئاوەی دەیخۆیتەوە لەكاتی خواردندا، نابێ زۆر سارد بێت، كە ڕاستەوخۆ گەدە سودی لێوەرنەگرێ، پێویستە ئەو خواردنەی دەیخۆیت لە ئاستی جەستەتدا بێت و ئازار بە گەدەت نەگەیەنێت، هەرچی سەبارەت بە نان خواردنی ئێوارەشە، پێویستە لەدوای نان خواردنەوە نەخەویت، بەڵكو ماوەیەك جوڵەت هەبێ، ئەگەر نا، كرداری هەرسكردنی ئەو خواردنە قورس دەبێت".

## كێشە دەروونییەكان :

لەم بارەیەوە بۆچونی وایە خەفەت و ناڕەحەتی، كاریگەری لەسەر خوێن دەبێت، خوێنیش لەسەر دڵ، بەمەش هەموو هەستەكانی جەستە دەركی پێدەكات و لەڕوخساردا دەردەكەوێ و لە ناخیشدا ئەو كەسە دەڕوخێ، چونكە جوڵەكانی ناوەوە و دەرەوەی تێكدەچن، بەمەش خوێن بەشێوەیەكی ئاسایی ناڕوات بۆ بەشەكانی جەستە، دواجار كاریگەری لەسەر مێشك و دەماغ دەبێت.

(نۆ) خاڵی دیاریکردووە تایبەت بە دەرمان، کە پێویستە لەسەر هەموو دەرمانێ ئەم خاڵانە هەبن، تاوەکو بەرچاو ڕوونی بێت بۆ هەموان:



١- ناوی دەرمان.

٢- ئامادەدەکردنی.

٣- کاریگەری و ئەو شتانەی کاری تێدەکەن.

٤- ڕێنمایی چۆنییەتی بەکارهێنان و ئاگاداربوون لێی.

٥- قەدەغەکردن و بەکارنەهێنانی دەرمانێ، کە لەگەڵ کەسی نەخۆشدا نەگونجێ.

٦- پێکهاتەکەی.

٧- دیاریکردنی کاتی دروستکردن و بەسەرچونی.

٨ چۆنییەتی دەستخستنی دەرمان.

٩- کاریگەرییە خراپەکانی دەرمان لەسەر جەستەی مرۆڤ[1].

ئەم زانایە، ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانی لە ئەزمونێکی قوڵەوە هاتوون، بۆیە، تا زیاتری لەبارەوە باس بکەین، هێشتا کەمە، یەکێکی تر لەو لایەنانەی ئەم زانایە باسی دەکات، گرنگی زانستە، لەو بارەشەوە وتویەتی: "زانست مرۆڤ بونت دەسەلمێنێ، تێگەیشتنت زیاد دەکات و بە تەواوی دەتکاتە مرۆڤ، تاوەکو دەرك بە شتەکان بکەیت، مرۆڤ بەتەواوی هەستی مرۆڤانەی دەرك ناکات، تەنها بە زانست و بەکارهێنانی عەقڵی نەبێ، خوێندنیش بە تەنها بەس نییە، بەبێ ئەزمون و بەدەستهێنانی ئەزمونی تازە، هەروەها ڕوکردنە زانستیە

---

(١) د.فیصل عبداللطیف الناصر: داود الأنطاكي"أثر الوقاية والحالات النفسية على العلل الجسدية عند داوود الأنطاكي".

دینییه‌كان بۆ به‌ره‌و پێشچونی ژیانت به‌س نییه، به‌ڵكو ده‌بێ ڕوبكه‌یته زانسته عه‌قڵیه‌كان، به‌نمونه كاتێ چوومه (میسر) بینیم: فه‌قیهێك باسی دینی بۆ خه‌ڵكی ده‌كات، جوله‌كه‌یه‌كیش ده‌رمانی خه‌ڵكی ده‌كات، بۆیه نابێ به‌ته‌نها لایه‌نه دینییه‌كه بگری و باقی لایه‌نی دنیایت به تایبه‌تی پزیشكیی فه‌رامۆش بكه‌ی و هه‌ر بۆ ئه‌و دونیا بژیت[١]".

به‌ڕاستی بابه‌ته‌كانی ئه‌م زانایه، جێگای سه‌رسوڕمان و تێڕامانه؛ چونكه زۆر باش له ناخ و هه‌ست و هۆش و جه‌سته‌ی مرۆڤ تێگه‌یشتووه، ئه‌مه جگه له‌وه‌ی هه‌ریه‌كه له زانسته‌كانی: (بیركاری و مه‌نتیق و فه‌لسه‌فه و فه‌له‌ك و ده‌رمانسازی)ی خستۆته خزمه‌تی پزیشكیه‌وه، به‌ڕاستی ئه‌وه‌ی كتێبه‌كانی ببینێ هه‌ست به كاریگه‌ری و ڕاستیه زانستیه‌كانی ده‌كات به‌شێوه‌یه‌ك، وه‌كو ئه‌وه‌ی هه‌موو جه‌سته‌ی مرۆڤی بینیبێ، له‌كاتێكدا كوێر بووه و مرۆڤی نه‌دیوه.

ئه‌م زانایه پاش ئه‌وه‌ی شاری قاهیره‌ی به‌جێهێشت و چووه مه‌ككه، ساڵی (١٠٠٨ك) وه‌فاتی كرد و له‌وێ نێژرا[٢].

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: الإنطاكي، ص٥-٨.

(٢) هه‌مان سه‌رچاوه، ص١١.

# عەلی کوڕی عەباسی مەجوسی

## (سەدەی ٤-٥ك/ ١٠-١١ز)



"پزیشکیی پراکتیکی"

## ئیبن عه‌باسی مه‌جوسی كێیه؟!

له‌نیوه‌ی یه‌كه‌می سه‌ده‌ی (٤)ك، له‌ناوچه‌ی (جندیسابور)ی سه‌ربه (ئه‌هواز) له‌دایك بووه، ناوی ته‌واوی: (حه‌كیم ئه‌بولحه‌سه‌ن عه‌لی كوڕی عه‌باسی مه‌جوسی ئه‌هوازی ئیرجانییه)، له‌خۆرئاوا به (Holly Abbas) به‌ناوبانگه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی سه‌رچاوه كۆنه‌كان هیچ ئاماژه‌یان نه‌داوه به ساڵی له‌دایكبوون و مردنی، به‌ڵام هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی نوێ، كه باسی ژیانیان كردووه، چه‌ند ساڵێكیان بۆ له‌دایكبونی داناوه، له‌وانه هه‌ندێك پێیان وایه: ساڵی (٣١٨)ك له‌دایكبووه، هه‌ندێكی تریش پێیان وایه: ساڵی (٣٣٨)ك بووه، به‌ڵام هه‌موان له‌سه‌ر ئه‌وه كۆكن، له‌نیوه‌ی سه‌ده‌ی (٤)ك ژیاوه، سه‌باره‌ت به‌ساڵی وه‌فاتیشی زۆرێك له‌ڕاكان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ن له (٣٨٤ك/ ٩٩٤ز) له‌نێوان به‌غداد و شیرازدا وه‌فاتی كردوه، هه‌ندێ ڕاش هه‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی له (٤٠٠ك/١٠١٠ز) وه‌فاتی كردبێت[1].

سه‌باره‌ت به‌ناوی مه‌جوسی، بۆیه ئه‌م نازناوه‌ی پێوه لكێنراوه، چونكه باپیری له‌سه‌ر دینی زه‌رده‌شتی بووه، ئه‌گه‌ر نا، باوكی موسڵمان بووه، ئه‌لقفتی له‌باره‌یه‌وه ده‌ڵێ: "عه‌لی كوڕی عه‌باسی مه‌جوسی، پزیشكێكی گه‌وره‌یه، به‌(ئیبن مه‌جوسی) ناسراوه‌و به‌ڕه‌چه‌ڵه‌كیش فارسه، سه‌ره‌تاكانی خوێندنی ده‌ست پێكردوه له‌لای شێخێكی فارسی به‌ناوی (ئیبن ماهر) و زانیاریه‌كی باشی لێوه فێربووه...".

سه‌ره‌تاكانی خوێندنی له‌لای (ئه‌بو ماهر موسا كوڕی یوسف كوڕی سه‌یاری شیرازی) ده‌ست پێكرد، پاشانیش چۆته لای (ئه‌بولحه‌سه‌ن ئه‌حمه‌د كوڕی موحه‌مه‌دی ته‌به‌ری)و (ئه‌بو عه‌لی ئه‌حمه‌د كوڕی عه‌بدولڕه‌حمان كوڕی مه‌ندویه‌ی ئه‌سفه‌هانی)، پاشان چۆته به‌غداو تا كۆتایی ته‌مه‌نی له‌وێ ماوه‌ته‌وه، ماوه‌یه‌كیش له‌خزمه‌تی عه‌زده‌وله‌ی بویهیدا بووه و بۆته پزیشكیی

---

(١) خيرالدين زركلي: الأعلام، ج٥/ ص١١١.

تایبەتی.

ئەم زانا گەورەیە، لەچارەسەرکردنی نەخۆشییە درێژخایەن و مەترسیدارەکاندا، بەپزیشکێکی لێهاتوو و دەست ڕەنگین و پەنجە ئاڵتونی دەناسرێ، (عەلی) لەنێو هەموو پزیشکانی سەردەمی خۆی، لەڕووی تیۆری و پراکتیکیەوە، خاوەنی هونەرێکی سەرنج ڕاکێش بووە و کارەکانی لەسەر ئەزموون و شارەزایی و ئەو تێبینیانەی لەماوەی کاریدا پێیان گەیشتووە، دارِشتووە[١].

## کتێبی مەلەکی .... كامل الصناعة الطبية :

ئەم کتێبە دادەنرێ بە یەکێ لە گەورەترین و نایابترین کتێبەکانی پزیشکیی تاوەکو سەدەی (١٦)ز، ئیبن ئەبی ئەصیبعە لەم بارەوە دەڵێ: (ئەم کتێبەی بۆ مەلیکی خۆی عەزدەولەی بوەیهی نوسی و کتێبێکی گەورە و شاملە لەبەشەکانی زانستی پزیشکیدا چ بۆ لایەنی تیۆری و چ بۆ پراکتیکی[٢]).

ئەلقفتیش گرنگی زیاتر دەداتە کتێبەکەی مەجوسی و دەڵێ: "گەنجینەیەکی گەورەیە بۆ شارەزایان، ڕونکردنەوەیەکیشە بۆ کتێبی قانونی ئیبن سینا، چونکە زیاتر کتێبی قانون لەپێدانی زانستی پزیشکیدا دەوڵەمەندە، بەڵام کتێبی مەلەکی لە پراکتیکدا دەوڵەمەندە[٣]".

هەروەها جیاوازی ئەم کتێبە و تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە: دانەرەکەی زیاتر دیمەنە ڕاستی و پراکتیکیەکانی ناو نەخۆشخانەی نیشانداوە، تەنها لەسەر شێوازی تیۆری نەڕۆیشتووە، هەربۆیە دەبینین زانیاریە فراوانەکانی لەسەر زانستی توێکاری و نەشتەرگەری، بووە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی لە (سالرنو)ی ئیتاڵیا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ.

---

(١) زهير حميدان: أعلام الحضارة العربية في العلوم الأساسية و التطبيقية. الجزء الثاني. ص٥٧.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء. ص٢٢٣.

(٣) القفطي: أخبار العلماء. ص١٥٥.

(عەلی) لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێ: "مرۆڤ گەورەترین و بەرێزترین بەدیهێنراوی خوایە، عەقڵ و بیرکردنەوەی پێ بەخشیوە، تاوەکو تەندروستی خۆی بپارێزێ و سود لەسەرچاوە: دەرونی و ئاژەڵی و سروشتیەکان ببینێت، باشترین رێگاش بۆ ئەم بەرچاو روونییە، زانستی پزیشکیە، کە باشترین و سودمەنترین زانستە".

ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی وا باس دەکرێ، کە بۆ مەلیکی (بوەیهییەکان)، (عەزدەولە)ی نوسیوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەك نییە بیسەلمێنێ کاتی تەواوبونی کتێبەکە، ئەم مەلیکە ماوە، یان مردووە.

هەروەها بە دانپیانانی مێژوونوسانی ئەوروپایی، ئەم کتێبە لەڕووی گرنگی و بایەخی پزیشکیەوە لە، قانونی (ئیبن سینا) کامڵترە.

لەئەوروپا ئەم کتێبە بەناوی: (Liber Regius) بۆ سەر زمانەکانی لاتینی و زمانە ئەوروپاییەکانی تر وەرگێڕا، (ئیبن مەجوسی)ش بەناوی (Haly Abbas) ناسراوەو کتێبەکەی لەئەوروپادا لەپاڵ کتێبەکانی (الحاوی)ی (ڕازی) و (القانون)ی ئیبن سینا و (التصریف)ی زەهراوی و........ بوو تاوەکو سەدەی (١٦ز)[1].

کتێبی (کامل الصناعة الطبیة) لە دوو بەرگی تەواودایەو، هەریەکەیان لە(دە) پەیام پێکهاتووە:

**بەرگی یەکەم :**

**پەیامی یەکەم:** بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێنمایی و ئاگاداری گشتی و ڕونکردنەوەو شیکردنەوەی پێکهاتە و جەستەی مرۆڤ.

**پەیامی دووەم و سێیەم:** تایبەتی کردووە لەسەر توێکاری جەستە و کارەکانی ئەندامانی جەستە.

**پەیامی چوارەم:** هێز و ڕۆح و کردار لەلای مرۆڤ.

**پەیامی پێنجەم:** باسکردنە لە شتە ناسروشتیەکان.

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٥١.

**پەیامی شەشەم:** بریتیە لە نەخۆشییەکان و نیشانەکانی
**پەیامی حەوتەم:** هۆکارە گشتیەکانی نەخۆش کەوتن، لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتیەوە.
**پەیامی هەشتەم:** بەڵگەکانی نەخۆشی دەرونی و هۆکارەکانی
**پەیامی نۆیەم و دەیەم:** هۆکار و نیشانەکانی نەخۆش

**بەڵام بەرگی دووەمی کتێبەکەی، لەسەر ئەم بابەتانەیە:**

**پەیامی یەکەم:** تەندروستی گشتی .

**پەیامی دووەم:** دەرمانەکان.

**پەیامی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم:** تایبەت کراوە بە جۆرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆش، کە زۆربەی چارەسەرەکانیش لەڕێگای نمونەی واقیعیەوە شیکراونەتەوە.

**پەیامی نۆیەم:** نەشتەرگەری.

**پەیامی دەیەم:** دروستکردنی دەرمان (گیراوە، تێکەڵە، ڕۆنەکان، شروبەکان،...)"[1].

ئەم زانایە، بەعەقڵیەتێکی کراوەوە، توانی ئەم کتێبە بنوسێ و هیچ کات زانستی پزیشکیی سنوردار نەکردووە لە چوارچێوەی پزیشکیی یۆنانیدا، بەڵکو تا مرد لە لێکۆڵینەوەدا بوو، ئەوەتا لە کتێبی (مەلەکی)دا چەندین جار ڕەخنە دەگرێ لە کتێبی پزیشکیە یۆنانییەکان و ڕاستی کردونەتەوە، لەهەندێ لەو بوارانەی خۆی گەیشتۆتە ئەنجامێکی ڕاست و دروست.
ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (زیگرید هونکە) لە کتێبەکەیدا دەڵێ: "نەمدیوە لە دەستنوسی پێشینە پزیشکیەکان و نوێکاندا، کتێبێکی تری تەواوتر و پێویستر بۆ فێربونی هونەری پزیشکی، ئەوەتا (بوقرات) نوسینەکانی بەشێوەیەکی گشتی گرانن و قورسن بۆ تێگەیشتن و، بە زمانێکی ڕەوان نەینوسیون، هەرچی

---

(١) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة العربية والإسلامية، ص٢٤٦.

نوسینەكانی (جالینۆس)یشە درێژدادڕی و دوبارەكردنەوەی دەیان باس و بابەت لە كتێبەكانیدا هەیە، هەربۆیە باشترین كتێبێك هەڵبژێرێت بۆ لێكۆڵینەوە و پزیشكان پەیوەست بن پێیەوە و بیناسن، كتێبی (مەلەكی)ە".

چونكە زیاتر لەسەر ئەم بەراوردكاریە دەڕوات و، كتێبەكەی (مەجوسی) باشتر هەڵدەسەنگێنێ لەبەرامبەر نوسراوە یۆنانییەكانداو دەڵێ: "بۆ نمونە: (بوقرات) لەبواری لەدایكبونی منداڵدا پێی وایە: منداڵ لە ڕەحمی دایكیدا دەجوڵێ و بەهۆی ئەم جوڵانەیشیەوە جوڵە بۆ دەرەوەی ڕەحم دەكات، بەڵام (مەجوسی) دەڵێ: جوڵەی ڕەحم وا لە منداڵ دەكات بەهۆی پەستان دروستكردن لەلایەن ماسولكەكانی ناو ڕەحمەوە بێتە دەرەوە، ئەمەش یەكەمین كەسە خاوەنی ئەم بیرۆكەیە بێت و ئەمەی سەلماندبێت[1]".

**لە بارەی ئەم كتێبەوە مێژوونوسان دانیان بە گرنگیەكەیدا ناوە لە چەند لایەنێكەوە:**

١- سەردانكردنی ڕۆژانەی دكتۆر بۆ لای نەخۆش.

٢- پێویستە چارەسەر بە خۆراك بكرێت، پێش ئەوەی بە دەرمان.

٣- گرنگیدان بە دەرمانە تاكیەكان، نەوەك تێكەڵەكان.

٤- دووری گرتن لە دەرمانێ نەزانرێ سوود و زیانی چیەو پێشتر تاقی نەكرابێتەوە.

٥- لێدانی دڵ، دیاریكردنی كاریگەرییەكانی لەسەر لێدانی جۆرێتی دڵ و دیاریكرنی ڕادەی مەترسیان

٦- باسكردنی چارەسەری سیلی سیەكان بە هۆكاری جوڵەی سیەكان.

٧- بەكارهێنانی قەستەرە بۆ دەرهێنانی میز لە میزەڵداندا.

٨- چارەسەری غودەی دەرەقی.

٩- چارەسەری (أم الدم/ الأنورسما)[2] بە نەشتەگەری.

---

(١) زيغريد هونكة: شمس العرب. ص٢٨٤-٢٨٥.

(٢) هۆكاری دروستبونی، لەئەنجامی تێكچونی حاڵەتی ئاسایی فرێدانی خوێنە كە هۆكاری ئەم ڕێگەیەش بریتیە لە بڕی تەواوی ئۆكسجین و گلوكۆز لەكاتی دیاریكراودا بە تێكچونی ئەم مقدارە فرێدانی خوێنەكەشی تێك دەچێ.

١٠- باس چارەسەری ئیلتهابی لەوزەتێن.


١١- پێویستی دەرهێنانی ڕەحمی دایك، كاتێ بۆشایی ناوەوەی سك توشی سەرەتان دەبێت.

١٢- دابەشكردنی نەخۆشییەكانی گەدە.

١٣- توێكاری ڕەحمی دایكان.

١٤- پێویستیەكانی نەخۆشخانە.

١٥- جگە لەمانە، باسێكی تێر و تەواوی پزیشك دەكات ودەڵێ: "دەبێت كەسێكی توند و ڕەق و شەڕانی نەبێت، لەسەرخۆ و هێمن و قسەخۆش و دەم بە خەندەبێت، نەخۆش هێمن بكاتەوە نەك ورەی بڕوخێنێ، كارەكەی نەكاتە قوربانی پارە و دڵسۆزانە پیشەكەی ئەنجام بدات، دەبێ هاوكاری منداڵان بێت، داوێن پاك بێت و بەدڕەفتار نەبێت، بە چاوی پیسەوە بۆ ئافرەتانی نەخۆشی بەردەستی نەڕوانێت[1]".




(١) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة العربية والإسلامية، ص٢٤٩. د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ٢٥٤.

ئەم كتێبە لەزمانی عەرەبییەوە بۆ چەندین زمانی تر وەرگێردراوە، بەڵام بەناوبانگترینیان وەرگێڕان، ئەوەی (قوستەنتینی ئیغریقی) بوو كە بەڕێوەبەری قوتابخانەی پزیشكیی (سالرنوی) ئیتاڵیا بوو لەساڵی (١٠٢٠-١٠٨٧ز)، ئەم وەرگێڕانە بەشێوەیەكی چاوەڕوان نەكراو و سەرسوڕهێنەر بڵاوبۆوە، پاشانیش بووە كتێبێكی پرۆگرامی خوێندن لە هەموو قوتابخانە پزیشكیەكاندا و جارێكی تر لەلایەن لێكۆڵەری ناودار (ئیتیان ئینتاكی) لە(٥٢١ك/١١٢٧ز) وەرگێڕدرایەوە، بەمەش لەسەدەكانی ناوەڕاستدا، بووە سەرچاوەیەكی سەرەكی لەناو كتێبە پزیشكیەكاندا[1].

---

(١) عامر النجار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية، ص١١٩.

# عەمار موسڵی

## (سەدەی ٤-٥ك/ ١٠-١١ز)



"گەورە پزیشكیی چاو"

## عەمار موسڵی کێیە؟!

ئەم زانایە پێش (١٠٠٠)ساڵ لەمەوبەر وەفاتی كردوە، بەڵام كتێبەكانی لە زانكۆكانی خۆرئاوا، تا ئەم (١٠٠)ساڵەی دوایی دەخوێندران[١].

ناوی (ئەبو قاسم عەمار كوڕی عەلی موسڵی)یە، لەشاری موسڵ لە دایكبووە، هەربۆیە ئەم نازناوەشی هەڵگرتووە، هیچ سەرچاوەیەكی مێژوویمان نییە لەسەر ساڵی لەدایكبون و مردنی، زانیاریەكان گەلێك كەمن لەسەر ژیانی. دەوترێ: لەنێوان ساڵانی (٣٨٦-٤١١ك/ ٩٩٦-١٠٢٠ز)بەشوێن زانست و زانیاری پزیشكیدا گەڕاوە و شارەو شاری كردووەو لەوڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە سەفەری كردووەو زانستە پزیشكیەكانی خۆی پەرەپێداوە.

سەرەتای وەرگرتنی زانستیشی لەلای مامۆستاكانی موسڵەوە دەست پێكرد، پاشان بۆبەدەستهێنانی زانستی، زیاتر ڕووە و خۆراسان چوو، ماوەی چەند ساڵێ لەوێ مایەوە، پاشتر ڕووی كردە باكوری كوردستان و چووە دیاربەكر، كە ئەو كاتە یەكێ بوو لەشارە هێمن و ئاسایش و پڕ لە زانستگا و مامۆستای بەتوانا، پاش ماوەیەك ئەوێشی جێ هێشت و هاتە كوفە[٢]، دوای ماوەیەك گەشتێكی تری ڕووە و وڵاتانی شام دەستپێكرد، بەتایبەتی بۆ وڵاتی فەڵەستین و، ماوەیەك لەلای گەورە زانایانی زانستی پزیشكیی خوێندی، ئینجا ڕووی كردە مەككە و مەدینە، لەماوەی ئەم گەشتانەیدا، چاوی كەوتووە بە زۆربەی شارەزایانی بواری پزیشكێتی لە زانستی چاوئێشەو پزیشكێتی چاودا.

(عەمار موسڵی) بەهۆی پسپۆڕێتیەكەیەوە، زانیاری باش و دروستی هەبوو، لەبارەی توێكاری چاو و، بەدەستهێنانی زانیاری تەواو لەسەر نەخۆشییەكانی چاو و چۆنییەتی چارەسەركردنی بەڕێگای جۆراوجۆر.

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٤٦.

(٢) خيرالدين الزركلي: الأعلام، ص٤٥٢.

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەبارەیەوە وتویەتی: "پزیشكێكی لێهاتوو و دەست ڕەنگین بوو، پسپۆڕێكی بەتوانا بوو لەدیاریكردنی نەخۆشییەكانی چاودا". ناوداری و ناو ڕۆیشتنی ئەم زانایەش، وەكو كەسێكی بەتوانا بۆ دواهەمین سەفەری دەگەڕێتەوە، كە ڕووی كردە وڵاتی میسر، لەدەورانی خەلیفەی فاتمی (حاكم بینەمریللا)، ئەوەبوو كاتێ هەواڵی زیرەكی ئەم پزیشكەی بیست، بانگهێشتی كۆشكی خۆی كرد و كردیە پزیشكیی تایبەتی خۆی[1].

بەپێی زۆربەی سەرچاوەكان، ئەم زانایە ئەزمونی تەواوی لە پزیشكێتی چاودا پەیدا كردووە، لە نەخۆشخانەكانی ئەو وڵاتەدا نەشتەرگەری چاوی، زۆر بەشێوەیەكی سەركەوتوانە ئەنجامداوە، بەبەشداری قوتابییەكانی فێرگەی خۆی، تاوەكو شارەزایی ورد و پراكتیكیانە وەربگرن لە زانستەكەیانداو، بەتەنها لەچوارچێوەی نەزەریدا نەمێننەوە.

## دۆزینەوە و داهێنانەكانی لە پزیشكێتی چاودا :

ڕۆژهەڵاتناسان: (مایرهوف و هیرشبورج) دەڵێن: "(عەمار موسڵی) لەپێشەنگەكانی ئەم زانستەیەدا و، هیچ كەسێك پێش ئەم، پسپۆڕی وای بەدەست نەهێناوە، بەتایبەتی لە دەرهێنانی ئاوی سپی زیانبەخشی چاو لە ڕێگای دەرزیەوە، تاوەكو هیچ جۆرە مەترسیەك لەسەر چاوی نەخۆش دروست نەكات."

(عومەر فروخی )ش لە كتێبی: (تأريخ العلوم)دا دەڵێ: "(موسڵی ) لەكتێبێكیدا بەناوی: (المنتخب في علم العين وعللها ومداواتها بالأدوية)دا، شەش ڕێگای نەشتەرگەری بۆ دەرهێنانی ئاوی سپی زیانبەخشی چاو خستۆتە ڕوو".

لەگەڵ ئەوەی ئەم نەشتەرگەریە، یەكجار جێی مەترسی بوو، بەڵام (موسڵی ) زۆر بەشێوەیەكی سەركەوتوانە ئەنجامی دەدا، بە لەبەرچاوگرتنی تەندروستی و، پاكوخاوێنی دیوی دەرەوەی چاوەكە و، پاراستنی لە تێكچوون و بەباشی هێشتنەوەی.

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء في طبقات الأطباء،ص٤٥٣

ئەم زانایە، بەهۆی پسپۆریەکەیەوە لە نەخۆشی چاودا، توانی چارەسەری نەخۆشی: (غطش البصر) بکات، نەخۆشییەکە زیاتر توشی منداڵان دەبێت، کە بریتیە لە: (چاوکزی)، کە ناتوانن چاویان لە ڕووناکیدا (ڕۆژ) هەڵبێنن، تەنها لە تاریکیدا هەڵ دێن، ئەمەش (١٠٠٠)ساڵ پێش خۆرئاوا ڕونیکردۆتەوە.

(موسڵی) کتێبێکی تایبەتی لە پزیشکێتی چاودا بۆ (حاکم بیئەمریللا) نوسی لەساڵی (٤٠١ك/١٠١٠ز)، بەناوی: (المنتخب في علاج أمراض العين)، تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشییەکانی چاوی خستۆتە ڕوو، چەندین ڕێگای وردیشی بۆ چارەسەرکردنی دانا، کە بووە سەرچاوەیەکی باشی قوتابی و لێکۆلەرەوانی پزیشکیی چاو. ئەم کتێبە لە (٢١) بەش پێکهاتوە و، تێیدا باسی لە توێکاری چاو و دیاریکردنی شوێن و ناوەکانیان کردووە، لەگەڵ باسی نەخۆشییەکانی چاویشدا پۆلێنی بابەتەکەی بۆ ٥١بەش کردووە، لەگەڵ ئەمانەشدا توانیویەتی عەدەسە بۆ چاو دابنێت و لەو ڕێگایەوە، ڕەنگ و ڕووناکی بۆ چاوەکە بگێڕێتەوە.

ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لەلایەن (داود هیرمینوس Hermenus) بۆ سەر زمانی (لاتینی و عیبری و قشتالی) وەرگێڕدرا.

**کتێبی (المنتخب) تاوەکو ئێستاش چەندین دەستنوسی لەم شوێنانە پارێزراوە:**

١- دار الكتب المصرية و گەنجینەی (تەیمور).

٢- گەنجینەی گشتی لە رباط/ مەغریب.

٣- کتێبخانەی (ئیسکوریال) لە ئیسپانیا.

٤- کتێبخانەی بەریتانییە/ لەندەن.


٥- کتێبخانەی سرای ئەحمەدی سێیەم/ ئیستەنبوڵ، بەناوی (پەیامێك لەبارەی پزیشکێتی چاوە)وە[1].

---

(١) د.نشأت حمارنة، دور العرب في تطور طب العيون،ص١١٠. د. كمال سامرائي: مختصر تاريخ الطب العربي، ص٧٦

# نەجیب سەمەرقەندی

## (سەدەی ٦-٧ك/ ١٢-١٣ز)



"پزیشکیی دانا"

## نەجیب سەمەرقەندی کێیە؟!

ناوی (ئەبو حامد موحەممەد کوڕی عەلی کوڕی عومەر نەجیبەدین سەمەرقەندی) لەساڵی (٦١٩ك/ ١٢٢٢ز) لەناوچەی (هرات[١]) شەهید بووە، لەکاتی شاڵاوە کاولکاریەکەی (جەنگیزخان) بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، لەو پێناوەشدا، ئەوەبوو بە هەزارەها زانای کردە قوربانی مەرامە گڵاوەکانی و حەزە سەرشێتەکانی و، بەهۆی هێرشە وەحشەتناك و تاقەت پڕوکێنەکانییەوە، شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەسەدان ساڵ بردەوە دواوە.

(سەمەرقەندی) بەیەکێ لە پزیشکە شارەزاکانی جیهانی ئیسلامی دادەنرێ، نوسین و ڕێنماییەکانی بوونە هەوێنی پێگەیاندنی چەندین پزیشك و شارەزا لە زانستی پزیشکیدا، ئەم زانایە ناوبانگی بەرادەیەك بوو، لە هەموو جیهانەوە قوتابیان ڕویان لە زانستگەکەی دەکرد و وانەی پزیشکیی لێوە فێر دەبوون[٢].

## دانراو و بە دەستهێنانە زانستیەکانی :

### ١- کتێبی (الأسباب والعلامات في الطب):

ئەم کتێبە، جگە لەوەی ئەزمون و داهێنانە پزیشکیەکانی خۆی لە خۆ گرتووە، کورتکراوەی کتێبە پزیشکیەکانی وەك: (القانون)ی ئیبن سینا و (کامل الصناعة الطبیة)ی ئەهوازی و.... هەربۆیە ئەم کتێبە، سەرچاوەیەکی سەرەکی بوو بۆ زانا و شارەزا و لێکۆڵەرانی زانستی پزیشکی[٣].

(حاجی خەلیفە) لە کتێبی: (کشف الظنون) لەم بارەیەوە وتویەتی: "ئەم کتێبە کۆکراوەی هۆکاری نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان و، چۆنییەتی چارەسەرکردنیان

---

(١) هرات یان هیرات، شارێکە لە باکوری خۆرئاوای ئەفغانستان، مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی، یەکەم زانکۆی لە سەدەی (١٥)ز لە دەورانی موسڵمانەکاندا تێدا دروستکراوە و بە گڵێنەسازی بەناوبانگ بووە.

(٢) الزركلي: الأعلام، ج٢/ ص١٠.

(٣) على عبدالله الدفاع: رواد علم الطب، ص٤١٢.

نیشان دەدات، بەهەموو ئەو شێوازانەی، کە تا ئەو کاتە بە دەست هاتون بۆ ئەو نەخۆشیانە".ئەم کتێبە لەلایەن هەریەکە لە پزیشکان: (بورهانەدین نەفیس و لەتیف مەمزوج)ەوە شەرحی بۆ کراوە[1].




نوسخەیەك لە کتێبەکەی (سەمەرقەندی)، کە لەسالّی (١٠٩٧ك/١٦٨٥ز) لەلایەن (ئەحمەدی کوڕی سەفەر)ەوە نوسراوەتەوە

---

(١) حاجي خليفة: كشف الظنون، ١/ ٧٧.

### ٢- کتێبی (الأقرباذين الكبير):

ئەم کتێبە، یەکێکە لە کتێبە نایاب و بەرچاوەکان، لە بواری دەرمانسازییدا و نزیکەی (٨٧) جۆر دەرمانی لە خۆ گرتووە، لەسەدەی (١٧ز)دا یەکێ لەوەزیرەکانی پاشای فەرەنسا (لویسی چواردەیەم) هەستا بەپێدانی نوسخەیەك لەم کتێبە بە کتێبخانەی پاریس، کە تاوەکو ئێستاش بە ژمارە (٢٩٦٧) ماوە، ئەم کتێبە لە (٢٠) بەش پێکهاتووە، ئەوانیش بریتین لەمانە:

(دەرمانەکانی سەرئێشە، دەرمانەکانی چاو، دەرمانەکانی گوێ، دەرمانەکانی لوت، دەرمانەکانی ددان، دەرمانەکانی دەم و لێو، دەرمانەکانی سنگ و سیەکان، دەرمانەکانی دڵ، دەرمانەکانی گەدە، دەرمانەکانی جگەر، دەرمانەکانی کۆڵنج و ڕیخۆڵەکان، دەرمانی ڕەوانی، دەرمانی گورچیلە و میزەڵان، دەرمانی گەدە و ڕەحم، دەرمانی مەمك و ئەندامی نێرینە و گونەکان، دەرمانی جومگە ئێشان و دەمار توندبون، دەرمانی بڕین و بڕاوی، دەرمانی جوانکاری، دەرمانی ئازار، چارەسەری جۆراوجۆر)[1].

### ٣- کتێبی (النجيبيات):

ئەم کتێبە، لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی هۆکاری نەخۆش کەوتن، لە شەش بەش پێکهاتووە، تێیدا نیشانەکانی چارەسەرو دەرمانە پێویستیەکان بەشێوەی حەب و گیراوەو خواردنەوەکان لەخۆدەگرێ، ئەم کتێبە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراو، لەگەڵ زمانە عەرەبیەکەدا لەشاری (فلادلفیا) ساڵی (١٩٦٧ز) بڵاوکرایەوە .

### ٤- تركيب الأدوية القلبية: "وێنە"

ئەوەی زۆر بەرچاو و دیارە، (سەمەرقەندی) لە هەموو دانراوەکانیدا، شوکرو سوپاسی خوای گەورە دەکات لەسەر نیعمەتی زانستەکە، بەپێچەوانەی شارستانییەتە کۆنەکان، کە هۆکاری پێشخستنی زانستیان بە هۆکاری دووری لە دین دەزانی[2].

---

(١) د.فوزي حماد: كتاب الأقرباذين الكبير سمرقندي، مجلة الهلال المصرية، اكتوبر، ١٩٩٧.

(٢) حاجي خليفة: كشف الظنون، ١/ ٧٧.

# سمۆئێل کوڕی یەحیای مەغریبی



"پزیشكیی زرنگ"

## سمۆئێل كوڕی یەحیا كێیە؟!

ناوی (سمۆئێل كوڕی یەهوزای كوڕی ئابون)ە، جولەكەیە و كوڕی یەكێ لە ڕاهیبە گەورەكانی یەهودیە، بە هەمان شێوە دایكیشی یەهودیە، عەرەبەكان ناوەكەیان كردۆتە عەرەبی و كردویانەتە (السمؤال).

پزیشكێكە لە پزیشكەكانی خانەی شارستانییەتی ئیسلامی، شارەزا و بەتوانا بووە لە زۆرێك لە زانستەكانی وەك (بیركاری، پزیشكێتی، ئەندازیاری،...)، لە بەغداد لەساڵی (٥٢٤ك/ ١١٣٠ز) لەدایكبووە، كاتێ خێزانەكەیان لەناوچەی (فاس)ی مەغریبەوە هاتون بەرەو ئەوێ و، دواتریش كۆچیان كرد بەرەو وڵاتی (فارس) و لەوێ مانەوە، تا لەساڵی (٥٧٥ك/ ١١٨٠ز) لە شاری (مەراغە) لەسەر زەوی ئازەریەكان (ئازربایجان) كۆچی دوایی كرد، زۆربەی سەرچاوەكان ئاماژەیان بە زوو مردنی ئەم زانایە داوە، كەلە تەمەنێكی گەنجیدا وەفاتی كردووە، بەڵام باسیان لە هۆكاری مردنەكەی نەكردووە.

(سمۆئێل) لەسەرەتاكانی تەمەنیدا، لەلایەن باوكیەوە (یەهوزا) زۆر گرنگی ئەدا بە لایەنی ئایینی منداڵەكەی و، بۆ ئەو مەبەستەش هەموو تەوراتی پێ لەبەركردووە، دایكیشی بەهەمان شێوە گرنگی بەلایەنی پەروەردەی ئایینی منداڵەكەیداوە، بۆیە هەوڵی فێركردنی زمانی عیبری و زانستی تەوراتیدا، بەڕادەیەك لەتەمەنی (١٣)ساڵیدا، بووە یەكێ لە شارەزایانی بواری تەورات[1]، دواتر پەرەی زیاتری بەخۆیدا، بۆ فێربون و شارەزایی پەیداكردن لە زانستەكانی تردا، وەك: (ژمێریاری هیندی، نەخشە فەلەكی و گەردونییەكان، ژمێریاری گەردونییەكان)، پاشان فێری زانستی: (ڕوپێوی) و (بیركاری) و (ئەندازیاری )و (پێوانەگیری) بوو.

دواجار ڕووی كردە زانستی پزیشكیی و زیاتر لەم بوارەدا پەرەی بەخۆیدا و پسپۆڕی تێدا بەدەست هێنا، بۆ ئەم مەبەستەش، سەرەتا چووە لای شێخ

---

(١) السمؤال بن يحيي: إفحام اليهود وقصة إسلام السمؤال ورؤياه النبي، ص٤٦-٤٧.

ماموستا (ئه‌بی حه‌سه‌ن دسکری) و، زانستی پزیشکیی لیوه‌رگرت، دواتریش ده‌ستی به چاره‌سه‌رکردنی خه‌لکی کرد و خو له بواری بیردوزی تیپه‌راند، وه‌کو خوی ده‌لیت: "ئه‌و سه‌ختیه‌ی له بواری بیرکاری و ئه‌ندازیاریدا توشم بووه، له‌ماوه‌ی پزیشکیتی و چاره‌سه‌رکردنی نه‌خوشاندا، توشم نه‌هاتووه". هه‌روه‌ها قه‌ت گرنگی به زانست و بواریك نه‌ده‌دا، ته‌نها بو خویندنه‌وه بیت و نه‌توانی له‌بواری پراکتیکیدا جیبه‌جیی بکات.

بو زیاتر خویندنه‌وه و شاره‌زایی زیاتر، له کتیبه زانستیه‌کانی ولاتانی: عیراق و شام و ئازربایجان (باکوری خورئاوای ئیرانی ئیستا، جیابووه له یه‌کیتی سوڤیه‌تی جاران)، هه‌روه‌ها کوهستان (به‌شیك له کرمانی ئیرانی ئیستا) ریگای گرته‌به‌ر بو به‌ده‌ستهینانی زانیاری زیاتر.. دواتر له مالی (به‌هلون) ئه‌میری ئازربایجان ده‌ستی به کارکرد،[1] له‌گه‌ل کاره‌که‌شیدا سه‌رگه‌رمی خویندنه‌وه‌ی میژوو و میژووی ئایینه‌کان بوو، پاشانیش ده‌ستی دایه جیاوازی له‌نیوان ئایینی ئیسلام و یه‌هودی، تا دواجار خودا هیدایه‌تیدا و له دینی یه‌هودی هه‌لگه‌راوه‌و بووه موسلمان، ئه‌مه‌ش پاش ئه‌وه‌ی پیغه‌مبه‌ری خوای (صلى الله عليه وسلم) له خه‌ودا بینی، به‌وازهینانیشی له دینی باوباپیرانی، بنه‌ماله‌که‌ی په‌یوه‌ندیان له‌گه‌لدا بری.

(سموئیل) پاش ئه‌وه‌ی بروای به ئیسلام هینا، له روژی هه‌ینی (٩ی زولحجه‌ی سالی ٥٥٨ك/ ١١٦٢ز) چوو بو نویژی هه‌ینی و ئه‌و روژه له‌لایه‌ن ته‌واوی خه‌لکی مزگه‌وته‌وه، پیروزباییان لیکرد و وه‌سف و پیاهه‌لدانیکی زوریان کرد، که جیگای خوشحالی بوو، له‌پاش ئه‌مه‌ش کتیبی: (إفحام اليهود)ی نوسی، وه‌لامیکی رونه بو یه‌هودانی ئیستا، که تییدا هیرشیکی بی پایانی کردوته سه‌ر بیروبروا و ئایینه‌که‌یان، ئه‌مه‌ش پاش ئه‌وه‌ی خوی هه‌ر له منداڵیه‌وه له‌سه‌ر ئه‌م ئایینه گوش کرابوو، هه‌ربویه زور به‌باشی و شاره‌زاییه‌وه، باس له‌یه‌که به‌یه‌که‌ی ئه‌و هه‌لانه ده‌کات، که له‌و دینه‌دا به‌دی هاتون.

---

(١) ابن أبي اصيبعة: طبقات الأطباء، ٣/ ١٥٥.


(صفدى) له (الوافى بالوفيات)دا له (١٥/ ٢٧٦)دا وەسفى ئەم زانايە دەكات و دەڵێ: "(سمۆئێل) شارەزابوو لەتەواوى زانستەكانى ڕۆژگارى خۆيى و لەبوارى پزيشكيدا، توانى بگاتە ئەو پەڕى شارەزايى و تێگەيشتن".

ئەتوانين دانراوەكانى ئەم زانايە پۆلێن بكەين بۆ (٨٥) نوسراو، كەبەناوبانگترين و باشترين كتێبى لەبوارى پزيشكيدا: (المفيد الأوسط فى الطب)ە، ئەم كتێبەى لەبەغداد لاى وەزيرى ئەو كاتە (موئەييەدين ئەبى ئيسماعيل) لەساڵى (٥٦٤ك/ ١١٦٩ز) نوسى، جگە لە كتێبى پزيشكى، چەندين دانراوى ترى نوسى، لەوانە: لە بوارى ژمێرياريدا لەتەمەنى (١٩)ساڵيدا كتێبى: (الباهر فى الجبر) نوسى، لەبوارى ئەندازياريشدا، كتێبى (إعجاز المهندسين)ى نوسى[1].

---

(١) علي عبدالله الدفاع: روائع الحضارة العربية الإسلامية في العلوم، ص٨٩.

# یوحەننای كوڕی ماسویە
## (١٩٠-٢٤٣ك/ ٨٠٤-٨٥٧ز)



"پزیشکیی بلیمەت و سەرۆکی پزیشکانی بەغداد"

## ئیبن ماسویه كێیه؟!

پێش ئەوەی باس له دەركەوتن و داهێنانەكانی ئەم پزیشكە گەورەیە بكەین، جێی خۆیەتی هەڵوێسته لەسەر ئەوە بكەین، كه شارستانییەتی ئیسلامی تەنها هی موسڵمان نەبووه، بەڵكو موسڵمان و ناموسڵمانیش جێگای تێدا بۆتەوه و هیچ جیاوازیەك نەبووه لەنێوانی عەرەب و فارس و تورك و كورد و ڕەش و سپیدا، وه هیچكامیان گەوره نەكراون لەسەر ئەوی تریان.. ئەمەش بەتەنها تایبەت نەبووه بەم زانایەوه، بەڵكو ئەم شارستانییەته پڕیەتی له كەسانی ناموسڵمان و غەیره عەرەب، كه توانیویانه بەپێی توانا و هەوڵەكانیان بگەنه پلەی بەرزی زانست، بەڵام به سەرپەرشتیكردنی دەوڵەتی ئیسلامی.

ناوی: (ئەبو زەكەریا یوحەننا كوڕی ماسویه)، یەكێكه له پزیشكه گەورەكانی دەوڵەتی: (عەباسی، سریانی و مەسیحی) بووه، لەنێوان سالآنی (١٩٠-٢٤٣ك/ ٨٠٤-٨٥٧ز) ژیاوه و، لەشاری سامەرا وەفاتی كردووه، ئەم زانایه بەناوبانگ بووه به زیرەكی و بیرتیژی و، چەندین قوتابی لەسەر دەستی فێری زانستەكانی پزیشكیی بوون، هەروەها جگه لەمه خاوەنی توانایەكی باش بووه له وەرگێڕانی كتێبە: یۆنانی و سریانییەكان بۆ سەر زمانی عەرەبی، (ئریشوت) لەبارەی زیرەكی و بەتوانایی ئەم پزیشكەوه دەڵێ: "(ئیبن ماسویه) بەناوبانگترین و بەتواناترین پزیشكیی سەردەمی خۆی بووه[١]".

ئەم زانایه، له (جندیسابور) دەستی كرد به كاری پزیشكیی و شارەزایی له زانستەكەیدا پەیداكرد، بەهۆی بونی كتێبه یۆنانییه پزیشكیەكانەوه، پزیشكیی لێهاتوی ئەو شارەوه بووه، كەسێكی دیار له ناوچەكەدا و كچی (عبدالله تەیفور)ی پزیشكیی خواست، ئەوەی جێگای ئاماژەدانه، ئەم زانایه هاوشانی كارەكەی، خزمەتی (كەنیسه)شی كردووه، تاوەكو به هەوڵەكانی خۆی له دەورانی (مەئموندا) لەساڵی (٢١٥ك/ ٨٣٠.ز) بووه سەرۆكی پزیشكانی خانەی

---

(١) عبدالله سندة: یوحنا بن ماسویة، ص٣-٥.

(حیكمه‌ت)[1].

(ئیبن ماسویه) له‌بواری پزیشكیدا پله‌وپایه‌یه‌كی گه‌وره‌ی وه‌های هه‌بوو، ده‌بو ئه‌و قوتابیانه‌ی قوتابخانه‌ی (جندیسابور)، ده‌رسێكیان له‌لای ئه‌و بخوێندایه‌و، له به‌حری زانسته‌كه‌ی ئه‌ودا، په‌رداخێكیان نۆش بكردایه، تاوه‌كو زمانیان زولاڵ و فیكریان ڕۆشنتر بوایه، یه‌كێ له‌و قوتابیه سه‌ركه‌وتوانه‌ی ئه‌م مه‌دره‌سه‌یه‌ش: (حونه‌ینی كوڕی ئیسحاق) بوو[2].

## كه‌سایه‌تی و وته‌كانی :

(ئیبن ماسویه) پزیشكێكی ساده و خاكی بوو، به‌ڵام خاوه‌نی ڕۆحیه‌تێكی گه‌وره بوو له هه‌ڵسوكه‌وتكردنی له‌گه‌ڵ خه‌ڵكیدا، هه‌میشه ده‌م به خه‌نده و قسه خۆش بوو، یه‌كێ له‌و وتووێژانه‌ی له كتێبه مێژووییه‌كاندا تۆماركراوه ئه‌وه‌یه: ڕۆژێكیان نه‌خۆشێك دێت بۆ لای، پاش پشكنین پێی ده‌ڵێت:



ئیبن ماسویه: ئه‌م نه‌خۆشییه‌ی تۆ پێویستی به كه‌ڵه‌شاخه.

نه‌خۆش: ئاخر من تا ئێستا ئه‌وه‌م نه‌كردووه!

ئیبن ماسویه: ئه‌ی خۆ ئه‌وانه‌ی كه‌ڵه‌شاخمان بۆ كردون، له سكی دایكیان نه‌یان هێناوه، نه‌خۆشییه‌كه‌یان وای خواستووه و

---

(١) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ج٢/ ص٢٤٦.

(٢) ن.م. ص٢٤٧-٢٤٨.

ئەوانیش قبوڵیان کردووە، تۆ کە لەشساغ بویت، بۆ نەخۆش کەوتی؟ دەبوایە هەر لەشساغ بویتایە! ئێستاش خۆت دەزانی، یا ئەوەتا وەرە با کەڵەشاخت بۆ بگرم، یان لەسەر ئازار و ئێشی نەخۆشییەکەت دان بەخۆتدا دەگریت![1]

ئەم زانایە، خاوەنی چەندین وتەی جوان و سەنگینە، لێرەدا پێم خۆش بوو هەندێ لە وتەکانی ئەم پزیشکە گەورەتان بۆ بگوازمەوە، کە بریتین لە ڕێنماییدان بە خەڵکی، بۆ ئەوەی تەندروستی خۆیان بپارێزن:

- ئەو باشە کامەیە، خراپەی نییە: خواردنەوەیەکی کەم لە گیراوەیەکی پوخت.
- ئەو خراپە کامەیە، باشەی نییە: ژنهێنانی پیاوی پیر.
- سێوێك بخۆ و تەندروستیت بپارێزە[2].

## بەدەستهێنانە زانستیەکانی :

(ئیبن ماسویە) لەماوەی ژیانیدا چەندین قۆناغی بڕیوە، سەرەتا لەناوچەی (جندیسابور) دەستی بەکاری پزیشکیی کردووەو، دواتر بەهۆی شارەزایی و لێهاتوییەکەیەوە، لەلایەن: (هارون ڕەشید)ی خەلیفەی عەباسیەوە داوای لێکرا ببێتە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی (ڕەشید) لەشاری بەغداد، پاشانیش کاتێ خانەی حیکمەت (بۆ وەرگێڕان و زانست) لەشاری بەغدا دامەزرا و، بەهۆی دامەزراندنی یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی کاغەز پەرەی پێدرا، دوبارە (ڕەشید) داوای لە (ئیبن ماسویە) کرد، بۆ ئەوەی ببێتە بەڕێوەبەری گشتی ئەو زانکۆیە، بەمەش بۆ ماوەی نیوسەدە بە درێژایی خەلیفەکانی عەباسی، تا (متەوەکل) لەو پۆستەدا مایەوە، لەهەمان کاتیشدا کاری پزیشکێتی لە نەخۆشخانەکانی بەغدا کردووە و دەرسی وتۆتەوە، یەکێکیش بووە لە پزیشکانی دەربار[3].

دکتۆر (کەمال سامەرائی) لەبارەی تواناکانی ئەم زانایەوە دەڵێ: "ئیبن

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٣٣.

(٢) ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء، ج٢/ ص٢٣٤.

(٣) د.جابر عزيز الشكري: تأريخ العلم الكيمياء، ص٧٩.

ماسویه، یەكێكە لە ناودارترین كەسانی بنەماڵەی (ماسویە)، لە پزیشكە لێهاتووەكانی بەغداد و سامەڕایە، لەنیوەی یەكەمی سەدەی دووەمی كۆچی لەبواری پزیشكیدا بەدەم زۆربەی خەلیفەكانەوە بووە، لە (مەئمون)ەوە تا (متەوەكل)".

ئەم زانایە، خاوەنی چەندین داهێنانی پزیشكیە، بەتایبەتی لەبواری توێكاریدا، بۆ نمونە: هەستا بە توێكاری جەستەی مەیمون و بەراوردكردنی ئەندامەكانی لەگەڵ جەستەی مرۆڤدا، ئەمەش بە پشت بەستن بە بیروبۆچونەكانی (جالینۆس) بوو[1].

**دانــــراوەكانی:**

(ئیبن ماسویە) چەندین دانراوی هەیە، كە مێژوونوسان بە نزیكەی (٥٧) سەرچاوە دەیخەملێنن، لە گرنگترین دانراوەكانیشی لە بواری پزیشكیدا ئەمانەن[2]:



---

(١) د.كمال السامرائي: مختصر تأريخ الطب العربي، ج١/ ص٤٢٢.

(٢) عبد اللة سندة : يوحنا بن ماسوية ، ص ٥- ٧. ابن ابي اصيبعة : عيون الانباء ، ج٢ / ٢٥٥ . د. كمال السامرائي : مختصر تأريخ الطب العربي ، ج١ / ص ٤٢٢ - ٤٢٧ .

١- کتێبی (العین)، ناسراوه به (دغل العین)، یان (معرفة العین وطبقاتها) به‌یه‌که‌م کتێبی عه‌ره‌بی داده‌نرێ، که له‌م بواره‌دا نوسرابێت، بۆ سه‌ر زمانی لاتینی وه‌رگێڕدرا له ساڵی ( ٤٨١ك / ١٠٨٧م ) له لایه‌ن قوسته‌نتینی ئیغریقیه‌وه، ده‌ستنوسه‌که‌ی له کتێبخانه‌ی ته‌یمور له قاهیره پارێزراوه.
٢- کتێبی (فصول الحکمیة) (له (١٣٢) به‌ش پێك هاتوه و، له‌سه‌ر کتێبی (الفصول)ی (بوقرات)ه‌وه وه‌رگیراوه، له کتێبخانه‌کانی (مه‌دریدو لایدن و قاهیره) هه‌یه.

٣- کتێبی (الحمیات)، زانیاری ئه‌دات له‌سه‌ر نه‌خۆشییه‌کانی گوێ (هۆکاره‌کانی، سه‌رهه‌ڵدانی، چاره‌سه‌ری) له‌گه‌ڵ نه‌خۆشییه‌کانی (زه‌ردویی و ئێش و ئازاره‌کانی له‌ش،...)، به ده‌ستنوسی هه‌یه له (ڕامبور، ته‌یموریه).

٤- الکناش المشجر، به گشتی باس له هه‌وکردن ده‌کات (ده‌رخستنی لایه‌نه‌کانی و چاره‌سه‌ر و ده‌رمانه‌کانی)، له‌گه‌ڵ باسکردنی هۆکاره‌کانی ده‌مار ڕه‌قبون و ڕێگای چاره‌سه‌رکردنی، ده‌ستنوس له ڕامبور، بانکیبور.

٥- کتێبی الفصد والحجامة ، باسل/حه‌له‌ب.

٦- کتێبی الجذام ، جه‌راح/حه‌له‌ب.

٧- کتێبی التشریح (نه‌شته‌رگه‌ری)، حه‌کیم/حه‌له‌ب.

٨- کتێبی (الجامع) یان (الجامع الطب)، کۆکراوه‌ی زانیاریه‌کانی دکتۆره فارسی و ڕۆمانییه‌کانه، له‌گه‌ڵیشیدا چاره‌سه‌ری ئه‌م نه‌خۆشیانه‌ی تێدایه: (خوێن به‌ربون، ڕشانه‌وه، قه‌ڵه‌وی، مه‌مك ڕه‌ق بون، کۆڵنج، خوێنی بێ نوێژی ئافره‌ت، ..).

٩- کتێبی الإسهال.

١٠- کتێبی (السدر والدوار)، (ڕازی) له کتێبه‌که‌یدا (الحاوی) سودی له‌م کتێبه بینیوه و وه‌کو چاره‌سه‌رێ باسی لێوه‌کردوه.

١١- کتێبی (الکمال والتمام)، زانیاریه له‌سه‌ر شێی ناو ده‌م و باسی له‌ده‌رمانی:

(خوێنی لوت، سوتانەوە، وەستانەوەی خوێن لەکاتی بڕینداریدا، کوڕی، .....)کردووە.

١٢- کتێبێك لەسەر (شراب الفاكهه)، وەك چارەسەرێ بۆ ڕشانەوە و کۆلێرا.

١٣- کتێبی (محنة الطبيب)، باس له کاریگەریەکانی گەرما لەسەر جەستەی مرۆڤ، میزەڕۆ دەکات.

١٤- کتێبی المعدة.

١٥- کتێبێك لەسەر (السواك والسنونات).

١٦- کتێبی (چاو)، حەکیم/ حەلەب.

١٧- کتێبی الجنين.

١٨- کتێبی (الطبيخ)، پاشتر زۆرێك له زانایان سودیان لێوەرگرت، لەوانە: (ئەحمەدی کوڕی سەرخەسی) لەنیوەی سەدەی سێیەمی کۆچی، (ئیبن دابه) له کۆتایی سەدەی سێیەمی کۆچی، ئیبن مەسکویه له نیوەی سەدەی پێنجەم، موحەممەدی کوڕی حەسەن (نوسەری بەغدادی) لەنیوەی سەدەی حەوتەم.

١٩- کتێبی (تركيب خلق الانسان وأجزائه)، کتێبێکه لەسەر ڕێکخستن و دروستبونی مرۆڤ و ئەندامەکانی، ئەمەی بۆ خەلیفە مەئمون نوسی.



نوسخەیەکی بەرهەمە پزیشکییەکانی (ئیبن ماسویه) بەزمانی لاتینی

٢٠- كتێبی (الرحم).

٢١- كتێبی (السموم).

٢٢- كتێبی (الاغذية). باسل/حەلەب.

بۆ زانیاری زیاتر و شارەزای بونت له تەواوی كتێبەكانی دی، ئەوا بگەڕێرەوە سەر ئەو سەرچاوانەی ئاماژەم پێداون، بەڵام ئەوانەی خستومەتە ڕوو، تەواوی ئەو بابەتانەیەتی، كە باسی لێوەكردون و چارەسەری بۆ داناون، كتێبەكانی تریشی هەر لەو مەودایەدا دەخولێنەوە، جا بە كتێبی سەربەخۆبن، یاخود لەگەڵ بابەتانی تردابن.

# ئیبن جزار قەیرەوانی

## (٢٩٣-٣٧٣ك/ ٩٠٦-٩٨٤ز)



**"یەکەم پزیشکە کە پسپۆری لەچەند بەشێکی زانستی پزیشکیدا هەبێت"**

### ئیبن جزار كێیه؟!

زانستی پزیشكیی، لەسەدەی (٤ك/ ١٠) گرنگی و گەشەی بەخۆوە بینی، ژمارەیەكی بەرچاو پزیشكیی لێهاتوو لەم سەردەمەدا دەركەوتن، نوسینەكانیان چووە ئەوروپا و وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی ترو، لە زۆربەی وڵاتەكانی ئەوێ، بۆ چەندین سەدە كرانە سەرچاوەو مەرجەعی پزیشكیان، لەنێو ئەو پزیشكانەشدا، زیاتر نوسینی پزیشكانی: (مەغریب و ئەندەلوس) هەبوو، بەهۆی نزیكیان لە ئەوروپاوە و گواستنەوەی فیكرەكانیان بۆ ئەو وڵاتانە، یەكێ لەو پزیشكە ناودارانەش، گومان لە زیرەكی و لێهاتویەكەی ناكرێ و بەیەكێ لە گەورە پزیشكەكانی شاری (قەیرەوان) دادەنرێ، ئەویش (ئیبن جزار)ە[1].

ناوی (ئەبو جەعفەر ئەحمەد كوڕی ئیبراهیم كوڕی ئەبی خالد)ە، بە (ئیبن جزار) ناسراوە، باوكی و تەواوی خانەوادەكەی سەروكاریان لەگەڵ پزیشكیتی و دەرمانكردنی خەڵكدا بووە، ئەم زانایە لە نێوان ساڵانی: (٢٩٣-٣٧٣ك/ ٩٠٦-٩٨٤ز) ژیاوە، لە ماڵێكی دین پەروەر و ڕۆشنبیر گەورە بووە[2].

لەلای باوكی و مامی بووە قوتابی، كە لەقەیرەوان دوو پزیشكیی لێهاتووی سەردەمی خۆیان بوون، دواتر بووە قوتابی لەلای پزیشكیی ناوداری ئەو سەردەم (ئیبن ئیسرائیلی)[3].

---

(١) أ.م.د. سادسة حلاوي: ابن الجزار القيرواني طبيبا و مؤرخا، مجلة كليةالتربية. العدد السابع، ص٢٥.

(٢) فؤاد حمدو الدقس: ابن الجزار، ص٢.

(٣) ناوی ئەبو یەعقوب ئیسحاقی كوڕی سلێمانی ئیسرائیلیە، پزیشك و شارەزا بووە لە مەنتیقدا، خەڵكی وڵاتی میسر بوو، پاشان هاتە قەیرەوان و بووە پزیشكیی تایبەتی (عوبێدوڵڵا مەهدی) والی ئەفریقیە. تەمەنێكی زۆر ژیاوە لە (١٠٠)ساڵ تێپەڕی كردووە، وەفاتی كردووە لە (٣٢٠ك/ ٩٣٢ز)، بڕوانە/ عمر كحالة: معجم المؤلفين، ج٢/ص٢٣٤.

## ڕوداوێکی گرنگ له ژیانی (ئیبن جزار)دا

له گرنگترین ڕوداوەكان، بەسەر (ئیبن جزار)دا هاتووە، لەسەرەتاكانی كاری پزیشكیدا بوو، وەكو (ئەلمقریزی) باسی دەكات و دەیگێڕێتەوە[1]: "مەنصوری ئەمیری تونس، پاش ئەوەی له گەشتێكی گەڕاوە، بەهۆی سەختی و ساردی ئەو شوێنەی بۆی چوو بوو، ماسولكەكانی توندببون و نەخۆش كەوت، لەكاتی گەڕانەوەیدا، ویستی حەمامێك بكات، بەڵام پزیشكەكەی خۆی: (ئیبن ئیسرائیلی) ڕەتی كردەوە وەها كارێك بكات، (مەنصور)یش تورە بوو، بە گوێی دكتۆرەكەی نەكرد و حەمامەكەی كرد، ئەوەبوو، دوای حەمامكردنەكەی، تایەكی توندی گرت، داوای كرد، كه شتێكی پێبدەن بۆ ئەوەی خەوی لێبكەوێت، بەڵام پزیشكەكەی پێی ڕاگەیاند، نابێ بخەوێت؛ چونكە مەترسی زۆرە، (مەنصور)یش دووبارە تورە بوو، وتی له (قەیرەوان) پزیشكی تری لێنییە؟ ئەوە بوو (ئیبن جزار)یان بانگ كرد، ئەویش دەرمانی ئارام كەرەوەی پێداو داوای لێكرد هەڵی بمژێت، بەمەش پاشای خەواند و ئارامی كردەوەو له ژوورەكەی هاتەدەرەوە، پاشان دكتۆرە تایبەتەكەی چوو بۆ سەردانكردنی، پێیان وت: خەوتووە، وتی: ئەگەر شتان پێدابێت بۆ ئەوەی بخەوێ، ئەوا مردووە، كه چوونە ژوورەوە بینیان مردووە، لەپاشان له كۆشكدا دەفنیان كرد و بڵاوبۆوە: (ئیبن جزار) پاشای كوشتووە! بەڵام مامۆستاكەی پشتیوانی لێكرد و وتی ئەو تاوانبار نییە، دەرمانی دەردەكەی بەكارهێناوە، بەڵام بێ ئاگا بووە له حاڵی نەخۆشەكە، هەربۆیە مردوە".

هەرچەندە ئەم چیرۆكە گومان هەڵگرە بۆ ئەوەی ڕاست بێت، بەوەی له زۆربەی سەرچاوەكاندا باس له زاهیدی ئەم پزیشكە دەكرێ و، دەوترێ: زۆر دونیا نەویست بووە و حەزی بە ناوبانگ نەبووە، تا توانیبێتی دووری گرتووە له پلەوپایە، پاشانیش ئەوەی ئەم زانایەی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە: هەمیشە پێش ئەوەی دەرمان بۆ هەر نەخۆشێك بنوسێت، له حاڵی نەخۆشەكەی پرسیوە و

---

(١) المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، ص٢٥.

لايەنى دەرونى خوێندۆتەوە، بۆيە ناگونجێ بەبێ ئاگابوون لەحاڵى ئەمير، وەها كارێكى كردبێت، بەڵام ڕەنگە هۆى ئەم چيرۆكە ئەوەبێت، تاوەكو هۆى حاڵ پرسينى ئەم دكتۆرە ڕون بێت، كە بۆچى ئەوەندە لە حاڵى نەخۆشى پرسيوە.

(ئيبن جزار) خاوەنى پرۆگرامێكى زانستى پاك و پوخت بووە و، بۆ يەكەمجار پزيشكيتى و دەرمانسازيى وەكو دوو ديوى يەك دراو نيشانداو، بەتەواوكەرى يەكترى نيشاندان، بەمەش ئەتوانين بڵێين: لە مەغريبى ئيسلاميدا، (قەيرەوانى) دارِێژەرى ئەم بيرۆكەيە و، لە ڕۆژهەڵاتى ئيسلاميشدا (ڕازى).

ئەم زانايە، عەيادەى تايبەت بە خۆى هەبوو، ڕۆژانە دەيكردەوە و چارەسەر و پشكنينى بۆ نەخۆشان دەكرد، دەرمانخانەكەشى غولامێكى لەسەر دانا و فێرى كردبوو، چۆن دەرمان بداتە نەخۆشەكان[١].

(ئەلمقريزى) لەبارەى بەخشندەييەوە دەڵێ: "جوانترين شتى ئەم پزيشكە، بوونى ڕەوشتى پزيشكانە بوو، ئەويش ئەوە بوو، هەرگيز پارەى لە كەسى هەژار و ئافرەت وەرنەدەگرت، مەگەر ئافرەتێك دڵنيا بوايە لەوەى، پارەكەى پێ هەڵئەسوڕێ و كێشەى نييە[٢]".

## دانراوەكانى:

زانايانى خۆرئاوا، گرنگيەكى يەگجار زۆريان بە بەرهەمەكانى ئەم پزيشكە گەورەيە داوە، دانراوەكانى يەگجار زۆر و بەرچاون و بەيەكێ لەو پزيشكانەى زۆرترين بەرهەمى نوسراوى هەيە دادەنرێ و كتێبەكانى بۆ خۆى كتێبخانەيەكن، (ئيبن ئەبى ئەصيبعە) كتێبەكانى بۆ (٢٧) بەش پۆلێن دەكات[٣]، بەڵام بەتەنها كتێبى پزيشكيى نين، بەڵكو مێژوويى و جوگرافى و ئەدەبيشيان تێدايە[٤]:

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن جزار، ص٣-٤.

(٢) المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، ص٢٧.

(٣) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٤٨٠.

(٤) ابن جلجل: طبقات الأطباء والحكماء، ص٨٨. ابن ابي اصيبعة طبقات الأطباء، ص٤٨٠-٤٨٢. زيغريد هونكة: شمس العرب، ص٣٤٨. حاجي خليفة: كشف الظنون، ج٢/ ص٩٣٧.

## كتێبە پزیشكیەكانی :

١- بەناوبانگترین كتێبی: (علاج الأمراض)ە یان ناسراوە بە (زاد المسافر)، سەرچاوەیەكی گرنگ بوو بۆ لێكۆلەرەوان و قوتابیانی زانستە پزیشكیەكان، ئەم كتێبە لە دوو بەرگ پێكهاتووە و، هەریەكەیان (٧) پەیامی لە خۆگرتووە، كتێبەكە چەندین باس و ناونیشانی لە خۆگرتووە، لەوانە چارەسەری تێدایە بۆ نەخۆشییەكانی: گورچیلە، چاوئێشان، توندبونی ماسولكە، نەخۆشییەكانی پێست، مندالّ بوون، ڕیخۆڵەكان، لەرزوتا، ژەهراوی بوون،..). لەگەڵ دیاریكردنی دەرمانی تایبەت بەو دەردانە و چۆنییەتی بەكارهێنانیان، ئەم كتێبە پارێزراوە بەدەستنووس لە كتێبخانەكانی پاریسی ئەهلی: (فلۆرانس و ئیسكوریال و ڕامبور و بدوكینا لە ئۆكسفۆرد).

٢- یەكێكی تر لە كتێبە باشەكانی ئەم پزیشكە، كتێبی: (طب الفقراء و المساكین)، باسی ئەو دەرمانە ئاسان و سادانە دەكات، دەتوانرێ بە پارەیەكی كەم دەست بخرێن تاوەكو كەسانی هەژاریش لەو نەخۆشیانە بە دوور بن، بەدەستنوسی وەرگێڕاو بە زمانیَ عیبری لە كتێبخانەكانی: (گوتە و ئیسكوریالّ) پارێزراوە.

٣- لەبارەی مندالّ و هەرزەكارانیشەوە، دانراوێكی بەپێزی هەیە، ئەویش: (سیاسة الصبیان وتدبیرهم)، بەیەكێ لە پرۆگرامە تێروتەسەلەكانی بواری پەروەردە و نیشاندانی شێوازەكانی پەروەردە كردن قۆناغ بە قۆناغ دادەنرێ:

أ- پەروەردە پێش لەدایك بوون:

پێویستە لەسەر باوك، مامەڵەی لەگەڵ خێزانیدا، مامەڵەیەكی جوان بێت؛ چونكە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر پەروەردە و گۆشكردنی مندالّەكە.

ب- دوای هاتنە دونیا:

پێویستە مامەڵەی دایك و باوك لەگەڵ مندالّەكەدا، بەشێوەیەكی هێمنانە بێت و بەباشی دەرمان و چارەسەرەكانی بۆ بەكاربێنن، كاتێ نەخۆش

دەكەوێ، لێرەدا باس له كۆمەڵێك نەخۆشی دەكات، كه لەنێو منداڵاندا هەیە: (ڕەوانی، تەڕبونی گوێچكه و گوێ ئێشه، هەوكردن، پێست قڵیشان، نارێك گەورەبوونی كەلله سەرو دەماغ، دەركەوتنی نیشانەكانی فیتقی سەر، دەرهاتنی ددانەكان و قورحەی قورِگ، باكردنی سك،..).

ج- پەروەردەكردنی منداڵ لەلایەن دایك و باوكەوە:

- پێویسته باوك، مامەڵەی لەگەڵ منداڵەكەی بەشێوەیەكی نەرم و نیان و لەسەرخۆ بێت و ئامۆژگاریەكانی سادەبن، تاوەكو منداڵ بەباشی پەروەردەكەی وەرگرێت.

- ڕانەهێنانی لەسەر عینادی كردن بۆ بەدەستهێنانی پێویستیەكانی.

- دوپاتكردنەوەی ئامۆژگاریە ڕەوشتیەكان، تاوەكو كەسێكی بەشەرم و حەیا بێت.

- وەسفی بكرێت لەبەرامبەر كارە باشەكانی و دەستخۆشی لێبكرێت و بەهیچ شێوەیەك فێری لێدان و ترس نەكرێت.

- ڕاستگۆیی لاخۆشەویست بكرێت و له درۆ دووربخرێتەوە.

بەدەستنوسی له (ئیسكوریاڵ و تاتیانا) پارێزراوە، (محمد حەبیب هیله) لێكۆڵینەوەی لەسەر كرد و، پاشان ساڵی (١٩٧٩ز) له تونس بڵاوی كردەوە.

٤- كتێبی: (علاج الأدوية المفردة)، یان ناسراوە بە (إعتماد المسافر).

٥- كتێبی: (علاج الأدوية المركبة)، ناسراو بە (البغية).

٦- كتێبی: (العدة لطول المدة) دادەنرێ بەگەورەترین كتێبی له بواری پزیشكیدا، بەڵام چەند بەشێكی ونبووە.

٧- قوت المقيم (دەوری خۆراك لەچارەسەركردنی نەخۆشییەكاندا) له بیست بەرگ پێكهاتوە.

٨- كتێبی: (في المعدة وأمراضها ومداواتها)، له چواربەش پێكهاتووە،

به‌ده‌ستنوسی له (ئیسكوریاڵ) پارێزراوه، ساڵی (١٩٨٦ز) له‌لایه‌ن مۆزه‌خانه‌ی عێراقیه‌وه به‌ناوی: (طب المعدة) بڵاوكرایه‌وه.

٩- كتێبی: (التعريف بصحيح التأريخ)، پوخته‌یه‌كه له مێژوو و ژیاننامه‌ی زاناكانی سه‌رده‌می خۆی و هه‌ندێ له كاره گرنگه‌كانیان.

١٠- كتێبی: (الفرق بين العلل التي تشابه أسبابها وتختلف أعراضها)، باس له‌و جۆره نه‌خۆشیانه ده‌كات كه هۆكاری توشبونه‌كه‌یان وه‌كو یه‌كه، به‌ڵام دروستبونی نه‌خۆشییه‌كه‌یان جیاوازه و هه‌ریه‌كه‌یان توشی ئه‌ندامێكی جیای له‌ش ده‌بێت.

١١- كتێبی: (نصائح الأبرار)، بریتیه له كۆمه‌ڵێك ڕێنمایی و ئامۆژگاری به‌سوود و پڕ بایه‌خ بۆ پزیشكان و نه‌خۆشان.

١٢- كتێبی: (المخدرات).

١٣- كتێبی: (في نعت الاسباب الموادة للوباء في مصر وطريق الحيلة في دفع وعلاج مايتخوف منه)، ئه‌م كتێبه باس له‌و نه‌خۆشیانه ده‌كات, كه له وڵاتی میسردا هه‌بوون و خه‌ڵكی ترسیان لێ هه‌بوون، وه‌ك: (تاعون و ئاوڵه و كۆلێرا و..).

١٤- كتێبی (البلغة في حفظ الصحة)، (البلغة)جۆره نه‌علێكه خه‌ڵكی وڵاتی مه‌غریب زیاتر له‌پێی ده‌كه‌ن، ئه‌م كتێبه باس له‌لایه‌نی ته‌ندروستیه‌كه‌ی ده‌كات، واته پزیشكێتی ته‌نانه‌ت په‌یوه‌ست كردبۆوه به چۆنییه‌تی پێڵاو له‌پێكردنه‌وه.

١٥- كتێبی: (الأحجار)، كتێبێكی گه‌وره‌ی پزیشكیه و هه‌ندێ پێیان وایه: بیست به‌رگ بوبێت، له‌سه‌ده‌كانی ناوه‌ڕاستدا له‌لایه‌ن ڕۆژهه‌ڵاتناس (كامبڵ Campell) بۆ سه‌ر زمانی لاتینی وه‌رگێڕا.

١٦- له‌گه‌ڵ ده‌یان په‌یام و مه‌قاله‌ی جۆراوجۆر، له‌سه‌ر نه‌خۆشییه‌كان و ڕێگاكانی چاره‌سه‌ركردنیان، كۆتاهه‌مینیان كتێبی: (طب الشيوخ وحفظ صحتهم)، كه له باره‌ی نه‌خۆشییه‌كانی پیری و چۆنییه‌تی پاراستنی ته‌ندروستی پیران ده‌كات، به‌مه‌ش ده‌توانین بڵێین: (ئیبن جزار) یه‌كه‌مین دامه‌زرێنه‌ری (پزیشكێتی پیران)ه، كه له فه‌ڕه‌نسا ساڵی (٢٠٠٤ز) بووه پسپۆڕی و به‌شێكی سه‌ربه‌خۆی ناو زانستی

پزيشكى، ئه‌م كتێبه له (دار الكتب المصرية) و كتێبخانه‌ى (ئه‌حمه‌د خه‌يرى) له بوحه‌يره‌ى ميسر پارێزراوه.

## گرنگترين دانراوه ناپزيشكيه‌كانى :

١- كتێبى: (أخبار الدولة الفاطمية)، ئه‌م كتێبه، مێژووى فاتميه‌كان باس ده‌كات، له ده‌ركه‌وتنى (مه‌هدى)ه‌وه له مه‌غريب، ئه‌م كتێبه هه‌ندێ له‌مێژوونوسانى وه‌ك: (ئيبن حه‌يان) له (المقتبس) و (قاضى عياز) له: (ترتيب المدارك وتقريب المسالك) و (ياقوتى حه‌مه‌وى) له (معجم البلدان) پشتيان پێ به‌ستووه.

٢- كتێبى (مغازى افريقيا في فتوحات العرب لتونس).

٣- عجائب البلدان، تايبه‌ته به‌لايه‌نى جوگرافيه‌وه.

٤- كتێبى (المكلل في الأدب).

# ئیبن ڕیزوانی میسری

## (٣٧٧-٤٥٢ك/ ٩٨٨-١٠٦١ز)



"ئیمامی پزیشكی"

## ئیبن ڕیزوان كێیه؟!

یه‌كێكه له پزیشكه دیار و به‌رچاوه‌كانی مێژووی ئیسلامی، توانیویه‌تی ببێته دیارترین پزیشكیی سه‌رده‌می خۆی و، سه‌رۆكی پزیشكانی هه‌موو وڵاتی میسر.

ناوی: (أبو الحسن)، (علي كوڕی رضوان كوڕی عه‌لی كوڕی جه‌عفه‌ر میسری)، له (جیزه) نزیك قاهیره له دایك بووه، باوكی ده‌ست كورت بووه و كاری نانه‌وایی كردووه. ساڵی له‌دایكبونی نادیاره و سه‌رچاوه‌یه‌ك نییه به‌دروستی ساڵی له‌دایكبونه‌كه‌ی دیاری كردبێت، به‌ڵام هه‌موان له‌سه‌ر ئه‌وه‌ن، له كۆتاییه‌كانی سه‌ده‌ی (٤ك) بووه[١].

باوكی، زوو له دونیا ده‌رچووه و چۆته مه‌نزڵگای هه‌میشه‌یی، (میسری)ش، كه كوڕێكی تازه‌پێگه‌یشتوو بوو، ئه‌و كاته چووه قاهیره و سه‌ره‌تا وانه فه‌له‌كیه‌كانی خوێند، پاشان كه‌وته شوێن زانستی پزیشكی.

(میسری) له ته‌مه‌نی (١٤)ساڵیه‌وه ده‌ستی دایه خوێندنه‌وه و لێكۆڵینه‌وه له‌سه‌ر زانستی پزیشكیی و فه‌لسه‌فه و له‌پاش چه‌ندین ساڵ له شیكار و لێكدانه‌وه، له‌ته‌مه‌نی (٣٢)ساڵیدا توانی له‌بواری پزیشكیدا شوێنی خۆی بگرێت و، ببێته یه‌كێ له سه‌رمه‌شقانی ئه‌م زانسته.

ئه‌م زانایه له‌سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتدارانی (فاتمی)دا بووه و، هاوسه‌رده‌می چه‌ندین ئه‌میری (فاتمی) بووه، له‌م ده‌وڵه‌ته‌دا جوله‌كه‌كان پله و پۆستێكی زۆریان پێدرا بوو، به‌ڕاده‌یه‌ك یه‌كێ له شاعیران گوزارشتی لێوه ده‌كات و ده‌ڵێ:

**یهود هذا الزمان قد بلغوا**
**غایة آمالهم وقد مـــلكوا**[٢]

---

(١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٨/ ص١٠٥. ابن ابي اصيبعة: طبقات، ص٥٦١.

(٢) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، ج٥/ص٦٩.

هەندێ كات ئەمیر و دەسەلاتدارانی ولات، لاواز و كەم دەست دەبون لە بەڕێوەبردنی ولاتدا و، بەمەش ئاژاوە و پاشاگەردانی بەرۆكی نیشتمانی دەگرتن، بەلام ئەوەی جێگای سەرنج بوو، ئەم زانایە لێبراوانە و سەر ڕاستانە ڕێگای زانستی گرتبوە بەر، تا گەیشتە پلەی ناوبانگی و دەركەوتن، جگە لەمەش دەستی دایە شەرحی كتێبە پزیشكیە كۆنەكانی: (جالینۆس و ئەرستۆتالیس و ئیبقرات) زۆر لەژێر كاریگەری قوتابخانەی ئەسكەندەریەدا بوو، (٢٠)كتێبی بەتێر و تەسەلی خوێند و لەبەركرد، (٤)یان بەرهەمی (ئیبقرات) و (١٦) شیان بەرهەمی (جالینۆس) بوون و نوێگەریەكی باشی بەخشیە كتێبەكانیان بە شیكاری و شەرحكردنەكانی.

وەك (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) نمونەیەكمان بۆ دەگوازێتەوە لە (حەیرانی) ئەم نوسەرە بە نوسینەكانی (ئیبقرات) و دەڵێ: لە باسی كەسێتی دكتۆردا، وتەكانی ئیبقرات دەگوازێتەوە و دەڵێ: (ئیبقرات) پێی وایە: دكتۆر دەبێت حەوت تایبەتمەندی هەبێ، ئەوانیش:

١- خاوەن جەستەیەكی ساغ و زیرەكیەكی باش و هۆشمەند و دووربین بێت.

٢- ڕێكپۆشی لە جلوبەرگدا و گرنگیدان بە بۆنخۆشی و پاكوخاوێنی.

٣- تێگەیشتن لە حاڵەتی نەخۆش پێش چارەسەركردنی.

٤- لەخۆڕابینین و حەزكردن لە ئیشەكەی، نەك لەبەر ئەوەی پارەی دەست دەكەوێ، بەڵكو لەبەر ئەوەی خزمەتی خەڵكی دەكات و، چارەسەری نەخۆشی هەژاری پێ خۆشتر بێت لەچارەسەری دەوڵەمەند.

٥- خاوەنی دڵفراوانی و ڕونی و ڕاستگۆیی بێت، تاوەكو جێگای متمانەی نەخۆشان بێت.

٦- خاوەنی ئیرادە و متمانەیەكی بەهێز بێت، لە بەرزكردنەوەی ئاستی نەخۆش.

٧- هەستكردن بە گیانی لێپرسراوێتی و بەهەند سەیركردنی گیان و ماڵی هاولاتیان، هەروەها پێویستە بە یەك چاو سەیری نەخۆشانی بكات، نەك بە چاوێكی دوژمندارانە[1].

---

(١) ابن ابي اصيبعة: طبقات، ص٥٦٢.

## ژیانی تایبەتی :

یەكێ لەو شتانەی ئەم زانایەی پێ دەناسرێ: باسكردنی شێوەی ژیانی خۆیەتی لە ڕوی: (وەرزش، خواردن، جلوبەرگ، ڕوخسار، مامەڵەكردن، ....)، تاوەكو نیشانی هاوپیشە و خوێنەری كتێبەكانی بدات، كە بەم شێوازە ژیان كردن ئاسودەیی دەبەخشێتە دڵ و دەرونتان و ئاسودەیی بەدەست دێنن.

ئەم نوسینانەی، كە لەو بارەوە نوسیونی، لەتەمەنی (٣٢)ساڵیەوە بووە و بەم شێوازە دەریان دەبڕێ: "ڕۆژانە وەرزشكردن، گومان و دوو دڵیەكانت ئەڕەوێنێ، من بەیانیان سەرەتا وەرزش دەكەم، بەمەش ماسولكەكانم جوڵەیەكی باشیان تێدا دروست دەبێت و هەست بە سوكی لەشم دەكەم، دواتر پشویەكی كەم دەدەم و ژەمی بەیانیان دەخۆم، ئینجا بە وزە و توانایەكی باشەوە كارەكانی ئەو ڕۆژەم ئەنجام دەدەم، پاش تەواوبونی كارەكانم، ئەو شتانەی پێویستم بن لە خواردن و خواردنەوە دەیانكڕم.....".

شتێكی دیكەی ئەم زانایە ئەوەیە: گرنگیەكی یەكجار زۆری داوەتە ڕوخسارو بەیەكێ لە هۆكارەكانی كەسی سەركەوتوی دەزانێ و، پێی وایە: هۆكارێكیشە بۆ پاراستنی تەندروستی و ورەدانێكە بۆ ئەو كەسە تاوەكو بە لەشێكی ساغەوە بمێنێتەوە و، لەبەرامبەریشدا پاكی و ڕێكپۆشی، هۆكارێكە بۆ ئەوەی كەسی بەرامبەر گوێت لێ بگرێ و قسەكانت جێگای تێڕامان بن[١].

## دانراوەكانی :

ئەگەر بمانەوێ دانراوەكانی ئەم زانایە بژمێرین، یەگجار زۆرن و زیاتر لە سەدان پەیام و مەقالە و كتێبی هەیە، بۆیە لێرەدا ئاماژە تەنها بە نوسراوە دیارو بەرچاوەكانی دەكەین:

١- یەكێ لە هەوڵە دیارەكانی ئەم زانایە، ناسینی جەستەی مرۆڤ و پۆلێن

---

(١) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، ج٥/ص٧٠. ابن ابي اصيبعة: طبقات، ص٥٦٣.

كردنییەتی لەسەر پرۆگرامێكی بەهێز، ئەمەش بەهۆی كارایی لە پشكنینی كەسی نەخۆشدا و وردەكاری بووە لەو كارەدا.

بۆ ئەوەی ئەم زانستەشی بۆ هاوپیشە و قوتابی و نەوەكانی داهاتوو بگوازێتەوە" لە كتێبێكدا ئەم زانستەی نوسیوەتەوە بەناوی: (النافع في كيفية تعليم صناعة الطب)، بە خەتی نەسخی نویێ نوسراوە، لە هەشت بەش پێكهاتووە [1]، ئەوانیش:

**بەشی یەكەم:** هۆكاری نوسینی ئەم كتێبە بۆ ئاشناكردنی عاشقانی زانستی پزیشكیە، تاوەكو ببێتە سەرچاوەیەك بۆ بەرچاو ڕۆشنیان.

**بەشی دووەم:** پێشینان و كاری پزیشكی، ئەم زانستە چۆن دروست بوو؟ چۆن گەشەی پێدرا؟ چۆن گواسترایەوە بۆ ئێمە؟

**بەشی سێیەم:** باشكردنی ئەم زانستە، بە گەڕانەوە بۆ هەردوو لایەنی پزیشكیی و دەرمانسازیی دەبێت.

**بەشی چوارەم:** شێوازە فێركاریەكەی (ئیبقرات) لە كتێبەكانییەوە.

**بەشی پێنجەم:** ڕونكردنەوە لەسەر شێوازی فێركاریەكانی (جالینۆس) و بەراوردكردنی بە شێوازی (ئیبقرات) و بەرگریكردنێكی سەرسەختانە لە(جالینۆس) و پەیامەكانی.

**بەشی شەشەم:** بۆ ئەوەی لایەنی پزیشكیت پڕشنگدار بێت، پێویستە شارەزایت لە زانستەكانی: (مەنتیق و ژمێریاری و ئەندازیاری)دا بەدەست هێنابێت.

**بەشی حەوتەم:** بۆ ئەوەی بەباشی زانستی پزیشكیی فێربیت، پێویستە كتێبەكانی: (جالینۆس) و قوتابخانەی (ئەسكەندەریە) بخوێنیت.

**بەشی هەشتەم:** ناساندنی (٢٠) لە كتێبەكانی قوتابخانەی ئەسكەندەریە، (٤)یان ئیبقرات و (١٦)شیان بەرهەمی جالینۆس.

٢- (شرف الطب): ئەم كتێبە لە جیهاندا تەنها یەك نوسخەی ماوە لە كتێبخانەی: (حكیم ئۆغلۆ پاشا)یە لە توركیا، بە ژمارە (٦٩١). ئەم كتێبە دەستنوسە و بەخەتی (نەسخ) نوسراوە. لە حەوت بەش پێكهاتووە [2]، ئەوانیش:

---

(١) قطاية سلمان: الطبيب العربي علي بن رضوان، ص٩١.

(٢) جزماتي حسام: إضاءات جديدة حول ابن رضوان المصري وكتابه شرف الطب، المؤسسة العربية

**به‌شی یه‌كه‌م:** لێكۆڵینه‌وه‌یه له‌سه‌ر باشیه‌كانی پزیشكێتی، كه هه‌وڵی به‌ده‌ستخستنی له‌ش و گیانێكی به ئیراده‌ت بۆ ده‌خوازێ.
**به‌شی دووه‌م:** ناوه‌ڕۆكی پزیشكێتی ئه‌ناسێنێت.
**به‌شی سێیه‌م:** پزیشكێتی له دیدی (ئیبقرات)ه‌وه.
**به‌شی چواره‌م:** پزیشكێتی له دیدی (جالینۆس)ه‌وه.
**به‌شی پێنجه‌م:** پزیشكێتی له دیدی (مه‌غریبی) و خۆرئاواییه‌كانه‌وه.
**به‌شی شه‌شه‌م:** هه‌ڵسه‌نگاندنی بیروبۆچونه‌كانیان.

**به‌شی حه‌وته‌م:** شیكاری و نمونه هێناوه‌یه له‌سه‌ر ته‌واوی بۆچونه جیاوازه‌كانی زانستی پزیشكیی و، ده‌رهێنانی وێنایه‌كی دروست و پوخت له‌و باره‌وه.

٣- كتێبی (دفع مضار الأبدان بأرض مصر): ئه‌م كتێبه نوسراوه به خه‌تی (نه‌سخ و ثلث)، به ده‌ستنوسی له (دار الكتب المصرية) به ژماره (١٠٦) پزیشكی پارێزراوه. له‌پاش ده‌ست پێكردن به‌ناوی خوا و سه‌لاواتدان له دیداری ئازیزمان و ناساندنی خۆی، ده‌ڵێ: ئه‌م كتێبه له (١٥) به‌ش پێكهاتووه[1] و ئه‌وانیش ئه‌مانه‌ن:

**به‌شی یه‌كه‌م:** جوگرافیای میسر (لایه‌نی سروشتی و مرۆیی).
**به‌شی دووه‌م:** سه‌رچاوه‌ی دروستبونی ئاووهه‌وا جیاوازه‌كانی وڵاتی میسر.
**به‌شی سێیه‌م:** هۆكاره‌كانی نه‌خۆشكه‌وتنی خه‌ڵكی میسر (كاریگه‌ری هه‌وای سه‌رچاوه ئاوییه‌كان، خواردن و خواردنه‌وه‌كان، دانیشتن و جوڵه‌ی، خه‌وتن و هه‌ستان، ڕوداوه نه‌فسیه‌كان).
**به‌شی چواره‌م:** وه‌رزه‌كانی ساڵ له میسر.
**به‌شی پێنجه‌م:** وه‌ڵامی كتێبه‌كه‌ی (ئیبن جزار) له‌سه‌ر (كاریگه‌ریه‌كانی ئاووهه‌وای مه‌غریب له‌سه‌ر وڵاتی میسر).
**به‌شی شه‌شه‌م:** تایبه‌تمه‌ندیه‌كانی وڵاتی میسر، له‌ڕوی ئاووهه‌وا و شاره‌كانی: (فوستات، قرافه، جه‌زیره، قاهیره، جیزه) له‌لایه‌نی دانیشتوان و ئاخاوتنیانه‌وه.

---

للدراسات والنشر، ص٤٢.

(١) قطاية سلمان: الطبيب العربي علي بن رضوان، ص١٠٠.

**بەشی حەوتەم:** هۆكارەكانی نەخۆشكەوتن لە میسر، بەهۆی (ئاڵوگۆڕی ئاووهەوا، ئاڵوگۆڕی ئاو، ئاڵوگۆڕی خۆراك، ئاڵوگۆڕی كەسێتیەكان).

**بەشی هەشتەم:** دوبارە پێشەكیەكە لەسەر ئەو لایەنانەی دوای ئەمە باسی لێوە دەكرێت.

**بەشی نۆیەم:** هونەری پارێزگاری كردنی تەندروستی و دوركەوتنەوە لە نەخۆشی.

**بەشی دەیەم:** هەنگاوەكانی كەسی پزیشك لە وڵاتی میسر.

**بەشی یانزەیەم:** سیفەت و باشیەكانی خاكی وڵاتی میسر.

**بەشی دوانزەیەم:** سود وەرگرتن لە ئاو و خۆراكی میسر بەشێوازێكی تەندروستیانە.

**بەشی سیانزەیەم:** گواستنەوەی ڕێنماییەكانی (جالینۆس و ئیبقرات) بۆ نەخۆشانی وڵاتی میسر.

**بەشی چواردەیەم:** دەرمانە پێویستەكان.

**بەشی پانزەیەم:** گەڕاندنەوەی تەندروستی بۆ وڵاتی میسر.

## چیرۆكی مشتومڕەكانی ئەم زانایە [1]:

ئەم زانایە، لەماوەی ژیانیدا ڕوبەڕوی چەندین زانا بۆتەوە و، وەڵامی نوسین و بەرهەمە پزیشكیەكانیانی داوەتەوە، لەوانە: (ئەبوبەكری ڕازی، حونەین كوڕی ئیسحاق، ئەبو فەرەج طیب مامۆستای ئیبن بطلان).

- لە حەوت مەقالەدا بەرپەرچی (ڕازی) داوەتەوە لەسەر كتێبی: (حل شكوك الرازي على كتاب جالينوس) و بەرگریەكی زۆر لە (جالینۆس) و پەیامە پزیشكیەكانی دەكات، هەروەها لە كتێبێكدا بەناوی: (في الرد على الرازي في العلم الالهي واثبات الرسل) و بەرپەرچی هەندێ لە دیوە فەلسەفیەكانی

---

(١) ابن ابي اصيبعة: طبقات، ص٥٦٣-٥٦٤. قطاية سلمان: أبحاث المؤتمر الثاني للجمعية السورية لتأريخ العلوم عند العرب، الخلاف بين طبيبين عربيين، ص٢٦٩-٢٧١. شاخت ومايرهوف: خمس رسائل لإبن بطلان البغدادي ولإبن رضوان المصري، القاهرة، ص٥٠-٥١.

(ڕازى) داوەتەوە، بەتايبەتى لەلايەنى زانستى خوا و ڕۆڵى پێغەمبەرانەوە.
بەڵام لەسەر كتێبى (الحاوي) هيچ ڕەخنەيەكى نييە، بەڵام لەلايەن (ئيبن مەجوسى)ەوە ڕەخنەى لێگيراوە.

- وەڵامى كتێبى: (في نعت الأسباب المولدة للوباء في مصر وطريقة الحيلة في دفع ذلك وعلاج مايتخوف منه)، (ئيبن جزار)ى داوەتەوە، له كتێبى (في دفع مضار الأبدان بأرض مصر).
- وەڵامى كتێبى: (تفسير كتاب الصناعة الصغيرة لجالينوس)ى حونەين كوڕى ئيسحاقى داوەتەوە، له كتێبى (النافع في كيفية تعليم صناعة الطب).
- بەڵام لەو وەڵامانەى، كه (ئيبن رضوان) داونييەتەوە، ئەوەى جێگاى باسە، مشتومڕى نێوان (ئيبن رضوان و ئيبن بطلان)ە، كه گەيشتۆته ڕادەى گاڵتەكردن و تانەدان، وەكو يەكێ له پەيامەكانى بەم ناونيشانەيە: (مقالة الشيخ أبي الحسن على ابن رضوان في أن ما علمه يقين وحكمه، وما ظنه مختار بن الحسن البغدادى غلط و سفسطه).

### مــردنــى :


بيروبۆچونەكان جياوازن لەبارەى بەروارى وەفاتكردنى ئەم زانايە، ئەلقفطى پێى وايە: له (٤٦٠)ك وەفاتى كردووە، ئيبن ئەبى ئەصيبعەش پێى وايە: له ساڵى (٤٥٣)ك له ميسر لەسەردەمى (موستەنسربيلا ئەبى تەميم) وەفاتى كردووە[1].

---

(١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ١٨/١٠٥. القفطي: تأريخ الحكماء، ص٤٤٣-٤٤٤. ابن ابي اصيبعة: طبقات، ٥٦٧.

## ئیبـن زوهـر

(٤٦٤-٥٧٧ك/ ١٠٧٢-١١٦٢ز)



"چاوساغی پزیشكانی ئه‌نده‌لوس"

## ئیبن زوهر كێیە؟!

موسڵمانەكانی ئەندەلوس، لەوپەڕی درەوشانەوە و گەشەدابوو، لەكاتێكدا ئەورووپای مەسیحی، لەتاریكی و نەزانیدا دەژیاو بەرەو دواوە دەگەڕایەوە، پێشكەوتن و بەدیاركەوتنی زانستیش لە ئەندەلوس لەسەدەی (٦ك/١٢ز) گەیشتە ئەوپەڕی درەوشانەوەی خۆی، لە بوارەكانی زانستە: (گەردونی و پزیشكیی و فەلسەفی)دا، هەتاوەكو وای لێهات، هەموو فەیلەسوفێك پزیشكێك بوو، هەموو پزیشكێك فەیلەسوفێك بوو، ئەم بەربڵاوی و گەشەیەی لەبواری پزیشكیدا بەدەست هات، بووە هۆی دەركەوتنی چەندین بنەماڵەی پزیشكیی خاوەن ئەزمون، كە كارەكەیان ببووە پشتاوپشتی، جا لە نێو ئەو بنەماڵانەشدا، زانایەكی گەورە بەدەركەوت، كە بە گەورەترین مامۆستا لە پزیشكیی (ئیكلینیكی) لە خۆرئاوادا دەناسرێ.

ئەم زانایە، ناوی (ئەبو مەڕوان عەبدولمەلیك كوڕی ئەبی ئەلعەلاء)ە، ناسراو بە (ئیبن زوهری ئەندەلوسی ئیشبیلی ئیادی)، لەنێوان ساڵانی (٤٦٤-٥٧٧ك/ ١٠٧٢-١١٦٢ز)، لەنێو خێزانێكی ڕۆشنبیر و خاوەن فیكر و شارەزا لە زانستەكانی پزیشكیی و گەردونی و كیمیا ژیاوە، ئەمە جگە لەدینداری و شارەزاییان لە زانستە شەرعیە ئیسلامیەكاندا، لەوانە باپیرەی (ئیبن زوهر) یەكێك بووە لە شارەزایان و فەقیهانی سەردەمی خۆی (لە ٤٢٢ك/ ١٠٣١ز. مردووە)، لەپاش ئەویش، كوڕەكەی لەگەڵ ئەوەی شارەزایەكی ئیسلامی بوو، بەڵام تەنها بە خوێندنی فەقێیەتیەوە نەوەستا، بەڵكو بە هەڵپەوە بە دوای زانستی پزیشكیەوە بوو، بۆ ئەو مەبەستەش ڕووی كردە (قەیرەوان) و بووە قوتابی لەلای گەورە پزیشكانی ئەوێ، پاشان چووە قاهیرە كە ناوبانگی هەبوو بە پزیشكێتی، دواتریش گەڕایەوە (ئیشبیلیە) و لەساڵی (٤٧١ك/ ١٠٧٨ز) وەفاتی كرد.

هەروەها یەكێكی دیكە لە كوڕەكانی بەناوی ئەبولعەلا لەوێنەی باوكی بوو، نزیك بۆوە لە ئەمیر (یوسف كوڕی تاشفینی) ئەمیری (مورابتین) و لەوڵاتی

ئەندەلوسدا دەستی کردە خزمەت، تاوەکو وەفاتی کرد، لەپاش ئەوە گەورە و ناوداری ئەم بنەماڵە بەدەرکەوت، ئەویش (ئیبن زوهر ئەندەلوسی) بوو، کە سەرەتا پزیشکیی (مورابتین) بوو، دواتریش بووە پزیشکیی (موەحدین)ەکان، هەروەها هەر لەنێو ئەم بنەماڵەیەدا، کوڕەکەی (ئیبن زوهر) دێت بەناوی (ئەبوبەکر موحەممەد) (لە ١١٩٨ز مردووە)، شارەزا لە پزیشکێتی چاو، دواتریش کوڕەکەی (موحەممەد کوڕی حەفید) (لە ١٢٠٦ز مردووە) پزیشکیی ئەمیری (موەحدین)ەکان (مەنصور و ناصر) بوو[1].

(ئیبن زوهر) کاریگەریەکی گەورەی لەسەر پزیشکانی سەردەمی خۆی هەبووە، بەنوسین و بە کارە پزیشکیە بەناوبانگەکانی و بە لێزانیيەکانی خۆی، کە توانی گەورەترین کاری نەشتەرگەری بە ئەنجام بگەیەنێ، زیاتریش جەختی لەسەر ئەزمونە پزیشکیەکانی و بەکارهێنانی ڕێگای زانستیانە لەچارەسەرکردندا دەکردەوە، هەربۆیە بە کۆمەڵێك زانیاری گەیشت، کە پێشتر شتیان لە بارەوە نەوترا بوو، لەوانە: وتنەوەی وانە لەبارەی نەخۆشییەکانی (سی) و پاککردنەوەی بۆڕی هەناسەدان، ئەمە جگە لە پۆلێنکاری بۆ نەخۆشییەکانی: (هەناوی و نەخۆشییەکانی پێست و سەرئێشە و ....)[2].

هەروەها پەیوەندیەکی بەهێزی هەبووە لەگەڵ (ئیبن ڕوشد)ی فەیلەسوف و پزیشکدا، کاتێ کتێبی: (الكليات)ی نوسی، لەسەر ئەمەش (ئیبن زوهر) کتێبی (الجزئيات) نوسی، کە بەهەردوکیانەوە کتێبێکی کامڵ و تەواو بەدەست دێت لەبواری پزیشکیداو، ئاسانکاریەکی باشە بۆ بواری پزیشکیی و یەکێکە لەگەورەترین سەرچاوە پزیشکیەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا، (جورج سارتۆن) لە کتێبی: (المدخل إلى تأريخ العلوم) لە وەسفی ئەم زانایەدا دەڵێ: (ئەبا مەڕوان بووە پردێك لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیسلامی و، گەورەترین پزیشکیی سەردەمەکەیەتی).

---

(١) عبدالله سندة: آل "ابن زهر الأندلسي". ص٤-٥.

(٢) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية، ج٢/ ص ٩٤-٩٦.

**بەدەست هاتووە زانستیەکانی :**

ئەم زانایە، توانیویەتی بەتەنها خۆی ببێتە شۆڕشێکی زانستی، لە بواری پزیشکیدا بەهۆی بەرفراوانی و بەربڵاوی زانستەکەی و بەرهەمەکانی، لەوانە:

**١- التيسير في المداواة والتدبير:** هەزارەها پزیشکیی موسڵمان سودیان لەم بەرهەمە بینیوە، بەهۆی ڕوانینە جوان و پڕ مەعریفەکانی لەو بارەوە، کە توانیویەتی ڕوانینێکی جیای هەبێت بۆ هەریەکە لە نەخۆشییەکانی: (ئیلتهابی پێستی دڵ، ئیلتهابی گوێی ناوەڕاست، سەرەتانی قوڕگ، دەرهێنانی بەردی گورچیلە، کردنەوەی بۆڕی هەوا، ..).

**٢- الإقتصاد:** یەکێ لە ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێ: "وێنەی ئەم شێواز و جۆری نوسینە لە کتێبێکی تری پزیشکیدا بەرچاو ناکەوێ، دانەر ئەم کتێبەی بۆ پسپۆڕانی بواری پزیشکیی نوسیوە، نەك کەسانی گشتی".
تێیدا شیکردنەوەیەکی تەواوی بۆ ئەم بابەتانە کردوە، وەکو جیاکاری لەنێوان (گەڕی) و (بەڵەکی) و چۆنییەتی تەنینەوەی نەخۆشی هەریەکەیان، هەروەها ئەوەی جەختی لەسەر کردۆتەوە لەم کتێبەدا: باسکردنە لەوردی و چاوکراوەیی دکتۆرەکان و پێیان دەڵێ، کە دەبێ ئاگادار بن و ئەوەیان لەبەر چاو بێت، کەکەسی نەخۆش هیچ لەبارەی نەخۆشییەوە نازانێ و، پێویستە لەسەر دکتۆرەکان زۆر بە ئاگایی و وردیەوە نەخۆشییەکەی بۆ ڕون بکەنەوە و، ڕێنمایی پێویستی لەو بارەوە پێ بدەن.

**٣- الأغذية:** کۆکراوەی دەرمان و گیراوە پزیشکیەکانە، بەدیاری بەخشیە (موحەممەد عەبدولموئمین کوڕی عەلی) ئەمیری دەوڵەتی (موەحدین).
**٤- التذكرة:** ڕونکردنەوەیەکە لەبارەی چۆنییەتی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانەوە، هەروەها پۆلێنکاریەکی باشی کردووە لەبارەی نەخۆشی: (گورچیلە و بەردی گورچیلە، بەڵەکی،...)[١].

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن زهر. ص٦-١١.

# ئیبن توفــه‌یل

**(٥٠٦-٥٨١ك/ ١١١٠-١١٨٥ز)**




**"پاشای چیرۆكی خه‌یاڵی زانستی"**

## ئیبن توفەیل كێیە؟!

یەكێكە لە بیریارانی فیكر و زانست و ئەدەبی شارستانییەتی ئیسلامی، ڕۆشنایی بیری تەواوی سەردەمەكەی گرتەوە، لە ئەندەلوسی خۆرئاوای ئیسلامیەوە، بۆ مەغریبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، كاتێكیش چیرۆكە فەلسەفی و پزیشكیەكەی نوسی، بەناوی (حی بن یقظان) ناوبانگی تەنها لە جیهانی ئیسلامیدا نەمایەوە و، تێكڕای جیهانی خۆرئاوای مەسیحی گرتەوە، ئەویش لە ڕێگای وەرگێڕانی ئەم كتێبەوە بۆ چەندین زمانی ئەوروپی، ئەم داهێنەرە بەتەنها لەسەردەمی خۆیدا نەمایەوە و، كاریگەرییە فیكریەكانی سەردەمی خۆی تێپەڕاند و گەیشتە سەردەمی نوێ[1].

ناوی: (موحەممەد كوڕی عەبدولمەلیك كوڕی موحەممەد كوڕی توفەیل) ە، كونییەی: (ئەبی بەكر)ەو لە هۆزی قەیسی عەرەبە، ناسراوە بە: (ئیبن توفەیل)، لە دۆڵی (ئاش) لەدایك بووە، شارێكە لە باكوری ڕۆژهەڵاتی غەرناتە[2]، گێڕانەوەكان لەسەر مێژووی لەدایكبوونی جیاوازن،

(زەركەلی) پێی وایە: لەساڵی (٤٩٤ك/ ١١٠٠ز) لەدایكبوە[3]، بەڵام (عومەر كەحالە) پێی وایە لە (٥٠٦ك/١١١٠ز) لەدایك بووە[4].

(ئیبن خەتیب) لەبارەیەوە دەڵێ: "زانایەكی ڕاست كەرەوە و لێكۆڵەر و حەكیمێكی كارامە بووە، سۆفیەكی بەناوبانگ و پزیشكێكی لێزان بووە، لەچارەسەركردنی نەخۆشاندا، فەقیهێكی بیرتیژ بووە لە ئیعرابداو، نوسەرێكی ڕەوان بێژ بووە و لە زۆر لە زانست و هونەرەكاندا بەشداری كردووە[5]".

---

(١) أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي و قصة حي بن يقظان، ص٧-١٠.

(٢) صلاح الدين خليل بن أيبك الصفدي: الوافي بالوفيات، ٤/ ص٣٧.

(٣) الأعلام، ٦/ ٢٤٩.

(٤) معجم المؤلفين تراجم مصنفي الكتب العربية، ١٠/ ٢٥٩.

(٥) ابن الخطيب: الاحاطة في أخبار غرناطة، ٤٧٦/٢.

دوو قوتابیه دیارەکانی: (ئیبن ڕوشد و ئەبو ئیسحاقی بتروجی) لەبارەیەوە وتویانە:

"بۆچونەکانی لەبارەی گۆڕان و ئاڵوگۆڕە گەردونییەکانەوە، شتانێکی تەواو گەورە و دیارن و بابەتانێکی یەکجار قوڵن" ابن رشد: الإلهيات.

کەسێکی گەردونناس و بیرکاری زان و پزیشك و شاعیرو نوسەرو ئەدیب و ڕەوانبێژ بوو، لێهاتوو بوو له چنینی بیروبۆچونەکانی و، بەجوانییەکی بێوێنەوە گوزارشتی له بۆچونەکانی دەکرد. أبو إسحاق البتروجي الفلكي: الآثار العلوية[1].

## شوێن لەژیانی (ئیبن توفەیل)دا :

(ئیبن توفەیل) له دۆڵی (ئاش)ی غەرناتە لەدایکبووە، دەکەوێتە سەر ڕوباری فردۆس، بەدووری (٥٣)کم له باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری غەرناتە[2]. ژنە شاعیری ئەندەلوس (حەمدیەی کچی زیاد) لەبارەی جوانی ئەم ناوچەوە دەڵێ:

أباح الشـوق أسـراري بواد　　لـه فـي الحسن آثـار بواد
فمن واد يطوف بكل أرض　　ومن روض يطوف بكل واد[3]

یەکێ له جوگرافیناسەکانیش بەناوی (حومەیری) وتویەتی: "ناوچەیەکی بەرفراوان و دڵگیرە، ئاوێکی بەخوڕی زۆری هەیە و جێگای مەترسیە، خاوەنی بێستان و سەوزایی و میوەی جۆراوجۆرە، وەکو ترێ، زەیتون،..."[4].

یەکێکی تر لەو ناوچانەی له ژیانی ئەم کەسایەتیەدا بونی هەیە، شاری (غەرناتە)یە، مێژووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی دەسەڵاتی

---

(١) عبدالمنعم الهاشمي: العلماء والعباقرةالمسلمون. ص٢٣٥.

(٢) ول ديورانت: قصة الحضارة، الجزء الثاني من مجلد الرابع، ص٣٦٩.

(٣) أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص١٤.

(٤) الروض المعطار، ص٦٠٤.

(ئەمەوی) له ئەندەلوس، ئەو كاته گوندێكی بچوك بوو سەر به شاری (بیره)، پاشان له ڕۆژانی مورابتین و موەحدینەكاندا وردە وردە گەورە بوو، بووە پایتەخت، غەرناتە بەناوبانگ بوو بە جوانی، لەدەورانی حوكمی موسڵمانانندا ناودەبرا: بە(دیمەشقی ئەندەلوس)؛ چونكه لەلایەنی سروشت و دیمەنی شاخ و سەوزایی و ڕوبارەوە، لەو شارە دەچوو.

ئەم زانایە دواتر و له كۆتاییەكانی تەمەنیدا، له ناوچەی مەغریب ژیاوەو كۆتاییەكانی تەمەنی لەوێ بەسەربرد، ئەم شارە لەلایەن: (یوسفی كوڕی تاشفین) ئەمیری دەوڵەتی (مورابتین) له سەدەی (٥ك/ ١١ز) دروستكرا، ئەم شارە لەسەرەتای دەوڵەتی (مورابتین)دا پایتەخت بوو، بەهۆی ئەمەشەوە، بووە مەركەزێكی گەورە لەلایەنی سیاسی و ئابوری و بازرگانییەوە، هەروەها بووە بنكەیەكی گەورەی فیكری و شارستانی لەسەردەمی (موەحدین)ەكاندا[١].

## سەردەمی ئیبن توفەیل:

(غەرناتە) یەكێ بوو لەو ناوچانەی له كاتی لاوازی دەسەڵاتی (موڕابتین) دا دوبارە كەوتەوە ژێر دەسەڵاتی هۆزەكان، لەسەردەمی (ئیبن توفەیل) لەناوچەی (ئاشی) و دواتریش (غەرناتە) ئەم هۆزە فەرمانڕەوایەتیان دەكرد، پاش دەركەوتنی ناوبانگی ئەم زانایە، دەسەڵاتدارانی ناوچەكە، كە (ئیبن مەلحان) فەرمانڕەوایەتی دەكردن، له خۆیانیان نزیك كردەوە و كردیانە نوسەری دەربار و پاشان بووە ڕاوێژكار و وەزیری گەورەی غەرناتە[٢].

پاش ئەوەی لەلایەن هێزی مەسیحیەكانی ئەوروپاوە، ناوچەكە كەوتە بەرمەترسی، دەسەڵاتێكی تر له مەڕاكیش دەركەوت بەناوی: (موەحدین) بەسەركردایەتی (موحەممەدی كوڕی تومرت)، بەڵام یەكەم دەرچونی ئەم هێزە بەرەو ئەندەلوس و گرتنی شارەكانی، لەلایەن (عەبدولموئمین كوڕی عەلی)ەوە بوو لەساڵی (٥٢٦ك/

---

(١) بڕوانە: أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص١٤-١٥. عبدالله سندة: ابن طفيل (وزير و طبيب و فيلسوف الموحدين)، ص٥-١٠.

(٢) لسان الدين بن الخطيب: الإحاطة في أخبار غرناطة، ٢/ ٤٧٩.

١١٣٢ز) پاش ململانێیەكی زۆر توانی ناوچەكانی: (ئیشبیلیه وغەرناته و قورتوبەو مالاقیه) له دەستی لەرزۆكی (موڕابتین) و دەسەڵاتی مەسیحی ناوچەكانی دەوروبەری پاك بكەنەوە[1].

(ئەبو یەعقوب یوسف)، به بەهێزترین و لێهاتوترین میری ئەم دەوڵەته دائەنرێ، كه توانی ئاژاوەكانی ناوخۆ چارەسەر بكات و سنوور بۆ ململانێكانی خۆرئاوا دابنێ، لەڕێگای بەستنی ڕێككەوتننامەی ئاشتیانه، لەگەڵ (پورتوگالیەكان) بۆ ماوەی (١٠)ساڵ[2].

ئەم میره، لەساڵی (٥٥٨ك/ ١١٦٣ز) هاته سەر دەسەڵات و (ئیبن توفەیل)یش بووه پزیشكیی تایبەتی و، له هەمان كاتیشدا گرنگی زۆری دایه ئەدەب و هونەر و فیكر و زانست، ساڵی (٥٨٠ك/ ١١٨٤ز) (ئەبی یەعقوب) وەفاتی كردو كوڕەكەی ناسراو به (مەنصور) جێگای گرتەوە، بەڵام تەمەنی (ئیبن توفەیل)یش زۆر درێژەی نەكێشا و ساڵی دواتر (٥٨١ك/ ١١٨٥ز) لەتەمەنی (٨٧)ساڵیدا وەفاتی كرد و لەڕێوڕەسمێكی شایستەدا، به ئامادەبونی میر (مەنصور) لەشاری مەڕاكیش به خاك سپێردرا[3].

## پەیوەندی لەگەڵ ئەبی یەعقوب دا :

(ئیبن توفەیل) و (ئەبی یەعقوب)، دوو كەسایەتی جیابون، بەڵام خۆشەویستی و گونجانیان بەیەكەوە، بونه تەواوكەری یەكتری، ئەم فەرمانڕەوایه هەر لەمنداڵیەوه عاشقی زانست و ئەدەب و داهێنانكاری بووە، هەربۆیه بەدرێژایی ژیانی زانایان و دانایانی له دەور بوون، دیارترین و نزیكترین هاوڕێشی لەنێو زانایاندا: (ئیبن توفەیل) بووە، ئەم فەرمانڕەوایه لەگەڵ ئەوەی سەرگەرمی دادوەری چەسپاندن بوو، لەخەمی میللەتەكەیدا بوو، هەوڵی دورخستنەوەی

---

(١) أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص٢٠-٢١.

(٢) محمد عبدالله عنان : دولة الإسلام في الأندلس، ج٢/ ٣٢٠.

(٣) ول ديورانت: قصة الحضارة، الجزء الثاني من مجلد الرابع، ٣٦٩.

مه‌ترسی سه‌ر وڵاته‌كه‌ی ده‌دا، له‌به‌رگریدا بوو دژ به مه‌سیحیه‌كان و كێشه‌كانی ناوخۆی چاره‌سه‌ر ده‌كرد، له‌هه‌مان كاتیشدا گرنگیه‌كی زۆری ده‌دایه بواری زانست و ئه‌ده‌ب[١]، وه‌كو یه‌كێ له مێژوونوسه‌كانی سه‌رده‌می خۆی وه‌سفی ده‌كات و ده‌ڵێ: (ئه‌بی یه‌عقوب سه‌ركرده و فه‌رمانڕه‌وایه‌كی دادپه‌روه‌ر بوو، گرنگیدانی به زانست و ئه‌ده‌ب، نمونه‌ی ناسراوی سه‌رده‌مه‌كه‌ی بوو).

له‌نێو مێژوونوسانی نوێش به‌م جۆره وه‌سف كراوه: (فه‌رمانڕه‌وایه‌كی كامڵ و دادپه‌روه‌ر و له‌خواترس و تێگه‌یشتوو بوو، قورئانی هه‌موو له‌به‌ر بوو، فه‌رموده‌ناس و تێگه‌یشتوو و دانا بوو به زانسته شه‌رعی و ئوسوڵیه‌كان[٢]).

ئه‌م میره، پاش ئه‌وه‌ی (ئیبن توفه‌یل)ی كرده دۆست و هاوڕێی خۆی و پله‌ی وه‌زیر و پزیشكێتی تایبه‌تی كۆشكی پێدا، به‌هۆی ئه‌و خۆشه‌ویستیه‌ی بۆ زانست و فه‌لسه‌فه‌ی هه‌بوو، چونكه (موه‌حدینه‌كان) بڕوایان به تازه‌گه‌ری دین هه‌بوو، به تێكه‌ڵكردنی له‌گه‌ڵ مه‌زهه‌بی ئه‌شعه‌ری و سۆفێتی غه‌زالی[٣]، فه‌رمانیدا به كۆكردنه‌وه‌ی ته‌واوی كتێبه فه‌لسه‌فیه‌كان و دانانیان له كتێبخانه‌یه‌كدا كه بووه گه‌وره‌ترین كتێبخانه‌ی كتێبه فه‌لسه‌فیه‌كان له جیهاندا.

(ئیبن توفه‌یل)یش به‌هۆی نزیكی له میره‌وه، ئه‌م كتێبخانه‌یه له‌به‌رده‌م خۆی و قوتابیانیدا والابوو، نزیكی ئه‌م میر و بیرمه‌نده به‌ڕاده‌یه‌ك بوو، كه (مه‌ڕاكشی) له‌باره‌یه‌وه بڵێ: "ئه‌میری موئمنین (ئه‌بو )یه‌عقوب كۆشكێكی له نزیك خۆی بۆ دروست كرد، تاوه‌كو هه‌ركات ویستی، له نزیكی بێت[٤]".

## بنه‌ماڵه‌ی ئیبن توفه‌یل :

ئه‌وه‌ی له‌ڕه‌چه‌ڵه‌كی ئه‌م زانایه زانراوه، ئه‌وه‌یه ناوی (موحه‌مه‌د كوڕی عه‌بدولمه‌لیك كوڕی موحه‌مه‌د كوڕی موحه‌مه‌دی قه‌یس)ه، واته له پاش

---

(١) الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٢١/ ص٩٩-١٠٣.

(٢) أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص٢٧-٢٨.

(٣) د.عاطف العراقي: الميتافيزيقا في فلسفة ابن طفيل، ص٣٥.

(٤) المراكشي: المعجب في تلخيص أخبار المغرب، ص٣١٥.

باپیری باوكی نه‌زانراوه. ئه‌وه‌ی دیاریشه له‌مێژووی ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه‌دا، (ئیبن توفه‌یل) تاكه‌كه‌س بووه كاروباری ئیداری و كارگێڕی له (نوسه‌ری و وه‌زیری) پێدرابێت و، له‌لایه‌نی زانستیشه‌وه بوبێته (پزیشك و گه‌ردونناس و فه‌یله‌سوف و ..)، له‌لایه‌نی زانسته مرۆڤایه‌تیه‌كانیشه‌وه، شاره‌زایی زانسته شه‌رعی و زمانه‌وانی و مێژووییه‌كان بوبێت.

ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه، هیچ زانیاریه‌كیان له‌سه‌ر ئاستی زانستی له‌سه‌ر نییه، ته‌نها ئه‌وه‌ی دیاره ئه‌وه‌یه له هۆزی (قه‌یس)ن، به‌ڵام ئه‌م زانایه به‌بێ بونی هیچ پێشینه‌یه‌كی زانستی و ڕۆشنبیری بنه‌ماڵه‌كه‌ی، توانیویه‌تی خۆی پێبگه‌یه‌نێت، به‌ڵام دواتر له‌نێو ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه‌دا ده‌بینین چه‌ندین كه‌سی ڕۆشنبیر ده‌ركه‌وتن، یه‌كێ له‌وانه: (ئه‌بو موحه‌ممه‌د عبدالله) بوو، كه شاعیر و ئه‌دیبێكی گه‌وره بوو، كتێبێكی له‌سه‌ر وڵاتی ئه‌نده‌لوس نوسی، یه‌كێكی دیكه‌شیان بووه نوسه‌ر له‌ناو ده‌وڵه‌تی موه‌حدین، دواهه‌مینیشیان، كه به چوار پشت ده‌چێته‌وه سه‌ر (ئیبن توفه‌یل)، ئه‌ویش: (ئه‌بو زه‌كه‌ریا یه‌حیا كوڕی ئه‌حمه‌د كوڕی یه‌حیا كوڕی موحه‌ممه‌د)ه، بووه نوسه‌ر و وه‌زیر لای موه‌حدینه‌كان[١].



(١) د.عمر فروخ: إبن طفيل و قصة حي بن يقظان، ص٢٩.

## كارو پۆستەكانی :

**ئەم زانایە لەماوەی ژیانیدا، چەندین كاری لە چەند سەردەمی جیاوازدا گرتۆتە دەست:**

١- دەستپێكی كاری ئەم زانایە، دەگەڕێتەوە بۆ كاری نوسەری لای (بەنو مەلحان) لە دۆڵی ئاش، لای (ئەحمەدی كوڕی مەلحانی تائی)، بۆ ماوەیەكی نەزانراو، چەندین پۆستی تری وەرگرت، لەوێ وەكو پۆستی ئیداری و سیاسی و تاڕادەی وەزیری، بەڵام كاری نوسەری درێژەی كێشا، تا هاتنی موەحدینەكان.

٢- لەهەندێ كات و سەردەمدا كاری دادوەری كردووە.

٣- بە كاری پزیشكیی بەناوبانگ بووە و پلەی بەرزكراوەتەوە لەنێو پزیشكاندا، دواجاریش بۆتە پزیشكیی تایبەتی خەلیفە (ئەبی یەعقوب).

٤- بۆتە ڕاوێژكاری موەحدینەكان، بەتایبەتی لە دەورانی (ئەبی یەعقوب)دا.

٥- لەجیهانی نوسیندا كاری كردووە، بەناوبانگترین دانراوی (حی بن یقظان)ە.

## مامۆستایان و قوتابیانی :

(ئیبن خەتیب) دەڵێ: "مامۆستاكانی دووانن: (ڕشاتی)، كە یەكێكە لە زانایانی فەرموده و مێژوو، لەگەڵ (ئیبن عەتیە)، كە لەلەزانایانی تەفسیر و ئەحكام و فەرموده و فیقهـ و نەحو و ئەدەب و زمان بووە، لەهەمان كاتیشدا نوسەر و شاعیریش بووە[١]"، بەڵام ئەوەمان بیر نەچێت، (ئیبن باجە)ش یەكێكی ترە لە مامۆستاكانی، هەرچەندە هەندێك ڕایان لەسەر ئەوەیە: بەتەنها نوسینەكانی ئەوی خوێندبێتەوە، بەڵام قوتابی ئەو نەبووە[٢].

---

(١) ابن الخطيب: الإحاطة في أخبار غرناطة، ٢/ ٤٧٨.

(٢) د.عمر فروخ: ابن طفيل وقصة حي بن يقظان، ص٣١

**سەبارەت بە قوتابیەکانی، ئەم زانایە دوو قوتابی دیار و دەست پەروەردەی هەیە، ئەوانیش:**

١- (ئیبن ڕوشد): دکتۆر (عومەر فروخ) لەبارەیەوە دەڵێ: "گەورەترین فەیلەسوفی ئیسلامیە و خاوەنی گەورەترین فەلسەفەیە لەجیهاندا، کە کاریگەرییەکی بێ وێنەی لەمێژووی فیکری ئینسانیدا بووە و خاوەنی چەندین نوسینە[١]".

ئەوەی تێبینی جیاوازی نوسینەکانی ئەم قوتابی و مامۆستایە دەکرێ ئەوەیە: ئەم مامۆستایە، هەوڵیداوە بیرە فەلسەفیەکانی خۆی تێکەڵ بە تێگەیشتنی ئیسلامی بکات و لە تێگەیشتنە فەلسەفیەکانی (ئەرستۆ و ئەرستۆتالیس) دەرچێت، بۆ ئەمەش هەمیشە بە (ئیبن ڕوشد)ی دەوت: "قسەکانت جێگای تێگەیشتن بن، تاوەکو کێشەت بۆ دروست نەکەن".
(ئیبن ڕوشد) لە نوسینەکانیدا لەژێر کاریگەری بیرۆکە فەلسەفیەکانی مامۆستاکەیدا بووە، هەربۆیە لەچەندین نوسیندا وەسفی دەکات و دەڵێ: "(ئیبن توفەیل) خاوەنی وتاری کاریگەر و زانستی بەرفراوان و بیرێکی قوڵە[٢]".

٢- (بتڕوجی): ناوی (ئەبو ئیسحاق نورەدینی بتڕوجی)یە، بیرکاری زان و گەردونناس و فیزیاییە، خاوەنی چەندین دانراوە لەو بارەیەوە، لەنێو پەیام و کتێبەکانیدا هاوشێوەی مامۆستاکەی ڕەخنەی لە سیستمە گەردونییەکانی (بەتڵیمۆس) گرتووە و، لەدوای وەفاتی مامۆستاکەی چەندین نوسراوی هەیە، کە تێیدا بۆچون و بیرکردنەوەکانی ئەوی تێدا خستۆتە ڕوو[٣].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص٣١.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) أ.د. محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص٣٩.

دانراوه‌كانی:

١- له‌گه‌ڵ (ئیبن ڕوشدی قوتابیدا دوو په‌یامی پزیشكیان نوسیوه به‌ناوی: (أرجوزة في الطب)، كه (ئیبن ڕوشد) دواتر له كتێبێكدا كۆی كردووه به‌ناوی: (الكليات)[١].

٢- چه‌ند كتێب و دانراوی له‌گه‌ڵ قوتابیه‌كه‌ی (بتڕوجی) هه‌یه، له بواره‌كانی: (سروشت و ئیلاهیات و فه‌لسه‌فه و فه‌له‌ك)دا، هه‌روه‌ها له‌لایه‌نی فه‌له‌كیه‌وه وه‌ڵامی (به‌تلیمۆس)ی داوه‌ته‌وه، له‌به‌ناوبانگترین دانراوه‌كانیشی له‌م بواره‌دا (أسرار الحكمة المشرقية) و (النفس)، دوای وه‌فاتیشی، قوتابیه‌كه‌ی (بتڕوجی) بیروبۆچونه‌كانی هه‌ردوكیانی له‌باره‌ی گه‌ردون و فه‌له‌كه‌وه، كرده كتێبێك به‌ناوی (الآثار العلوية)[٢].

٣- یه‌كێ له شته جوانه‌كانی ئه‌م پزیشكه ئه‌وه‌یه، شاعیریش بووه و توانیویه‌تی چه‌ندین به‌یته شیعری جوان بنوسێ، كه له (٧٧٠٠) به‌یته شیعر پێكهاتووه‌و، له ئێستادا به ده‌ستنوسی له كتێبخانه‌ی (قره‌وین) له (فاس) به ژماره (٣١٥٨) پارێزراوه[٣]، له‌نێو ئه‌م به‌یته شیعریانه‌شیدا، لایه‌نی: (پزیشكیی و زوهد و سۆفێتی و نیشتمان په‌روه‌ری و جیهاد) ده‌بینرێن، ئه‌مه‌ش نمونه‌یه‌كه له‌و شیعرانه‌ی هانی موجاهیدان ده‌دات بۆ جیهاد دژی مه‌سیحیه پورتوگالیه‌كان له‌سه‌رده‌می (ئه‌بی یه‌عقوب)دا:

**أقيموا صدور الخيل نحو المغارب لغزو الأعادي واقتناء الرغائب**
**وأذكوا المذاكي العاديات علي العدا فقد عرضت للحرب جرد السلاهب**
**فلا تقتني الآمال إلا من القنا ولا تكتب العليا بغير الكتائب**[٤]

---

(١) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص١٠٧.

(٢) أحمد بن محمد المقري التلمساني: نفخ الطيب من غض الأندلس الرطيب، ١٩٣/٣.

(٣) زركلي: الأعلام، ٦/ ٢٤٩.

(٤) آنجل جنثالث بالنثيا: تأريخ الفكر الأندلسي، ترجمة: حسين مؤنس ص٣٤.

پێش ئەوەی بچینه سەر باسی چیرۆکی (زیندووی بێدار)، پێم خۆشه ئاماژه بەلایەنی دینداری ئەم زانایه بکەم:

{ئەم زانایه تێڕوانینی بۆ دین و زانست بەو شێوەیه بووه، که گەڕان بەشوێنیدا واجبه لەسەر مرۆڤ و، بەشێکه له عیبادەت و نزیکبونەوەیه لەخوا، ڕونکردنەوەی ئەو زانسته و بەرچاوڕونی دانیش حەقێکی مرۆڤەکانه لەسەرت}.

(مەڕاکیشی) لەم بارەیەوە وتویەتی: "لەکۆتاییەکانی ژیانیدا وازی لەزانستی (ئیلاهیات) هێناو، هەستا به کۆکردنەوەی حیکمەت و شەریعەت و، کردنییه ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکانی، تاوەکو بووه خاوەنی بەرزترین پلەی خزمەت له دەوڵەتدا[١]".

٤- پەیامی (زیندووی بێدار):

ئەم چیرۆکه گومانی تێدا نییه یەکێکه له پاشماوه دانسقەکانی شارستانییەتی ئیسلامی و، شایەنی ئەوەیه له مێژووی مرۆڤایەتیدا به نەمری بمێنێتەوە، (ئیبن توفەیل) له ڕێگای ئەم چیرۆکەوە توانیویەتی بیروبۆچونه فەلسەفیەکانی خۆی بنوسێ و، بۆ یەکەمجار فەلسەفه و پزیشکێتی له پەیامێکدا کۆبکاتەوە، بیرۆکەی ئەم چیرۆکەمان پێشتر ڕونکردۆتەوە، چۆن گەشەی پێدراوه لەلایەن (ئیبن سینا) و (سوهرەوەردی) و (ئیبن توفەیل) و، دواتریش (ئیبن نەفیس) تێکەڵ به شەریعەتی ئیسلامی کردووه.

ئەم پەیامه بۆ چەند زمانێ وەرگێڕدراوە، لەوانه: ساڵی (١٣٤٩ز) بۆ سەر زمانی عیبری وەرگێڕدرا، لەساڵی (١٦٠٧ز) بۆ سەر زمانی هۆڵەندی وەرگێڕدرا، لەساڵی (١٧٠٨ز) لەلایەن (سیمۆن ئۆکلی) مامۆستای زمانی عەرەبی له زانکۆی (کمبریدج) وەرگێڕدرایه سەر زمانی ئینگلیزی، لەساڵی (١٧٢٦ز)یش بۆ سەر زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدرا، لەساڵی (١٩٠٠ز)یش بۆ سەر زمانی ئیسپانی و فەڕەنسی وەرگێڕدرا [٢].

---

(١) عبدالواحد المراكشي: المعجب في تلخيص أخبار المغرب، ص٣١٢.

(٢) د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام، ج١/ ص١١١.

(جۆرج سارتۆن) (١٨٨٤-١٩٥٦)ز یەكێكە لە زانا ئەمریكیەكان و مێژوونوسانی سەدەی بیست، پاش چونی بۆ سوریا و تونس و جەزائیر و مەغریب، فێری زمانی عەرەبی بوو، ئەم چیرۆكەی بە دەستنوسی خوێندەوە، لەبارەیەوە وتی: "ئەم چیرۆكە لە گەورەترین نوسینە فەلسەفیەكانی سەدەكانی ناوەڕاستە[1]".

ئەم چیرۆكە پاش بڵاوبونەوەی لەڕێگای وەرگێڕانە جۆراوجۆرەكانەوە بۆ سەر زمانە ئەوروپیەكان، كاریگەرییەكەی لە چەندین چیرۆكی سەرنج ڕاكێشدا بەرجەستە بوو، لەوانە:

١- (دلالة الحائرين): لەلایەن (موسای كوڕی مەیمونی قورتوبی)ەوە نوسراوە، یەكێكە لە گەورە فەیلەسوفانی یەهود (لە ٦٠١ك/ ١٢٠٤ز مردووە)، لەژێر كاریگەری فەلسەفەی (ئیبن توفەیل) و چیرۆكی (زیندوی بێدار)دا بووە؛ چونكە كتێبەكەی گفتوگۆی مامۆستا و قوتابیەكە لەسەر تێكەڵكردنی فەلسەفە و دین لەیەكتری، بە هێنانەوەی بۆچونی: (موعتەزیلی و ئەشعەری و موتەكەلمین) لەو بارەیەوە[2].

٢- بەشێوەیەكی گشتی، كاریگەری چیرۆكەكە بەسەر نوسینەكانی، زۆرێك لەبیرمەندانی ئەو سەردەمەوە دیارە، لەوانە: (ئەلبرتوس ماگنوس) (١٢٠٦-١٢٨٠ز) بە (٢٠)ساڵ دوای وەفاتی (ئیبن توفەیل) لەدایك بووە، تێیدا گفتوگۆ لەسەر جیاوازی عەقڵ و وەحی دەكات و، پێی وایە: دوو شتی جیاوازن، بەڵام دژ بەیەك نین، بەڵكو تەواوكەری یەكن، لەپاش ئەویش قوتابیەكەی (تۆما ئیكوینی) (١٢٢٥-١٢٧٤ز)، بۆچونە فەلسەفیەكانی (ئیبن توفەیل)ی وەكو نمونەی بابەتە فەلسەفیەكانی هێناوەتەوە.
٣- (یلتسار گراسیان) (لە ١٦٥٨ز. مردووە)، نوسەرێكی ئیسپانییە و ڕاهیبێكی مەسیحیە، لەماوەی ژیانیدا چیرۆكێكی فەلسەفی نوسیوە بەناوی (الكريتون)

---

(١) أ.د.محمد رضوان الداية: ابن طفيل الأندلسي، ص٧٨.
(٢) د.عمر فروخ: ابن طفيل وقصة حي بن يقظان، ص٦٣.

یان (أندرینو) تێیدا باس له کەسێك دەکات، که هەمان کەسێتی ئەم چیرۆکەی هەیە.

٤- (سپینوزا) (له ١٦٨٨ز. مردووه)، فەیلەسوفی هۆڵەندی یەهودی، لەژێر کاریگەری فیکری ئیسلامیدا بووه بەتایبەتی و بەپلەی یەکەم (ئیبن توفەیل)[1].

٥- (دانیال دوفو) (١٦٦٠-١٧٣١ز) دانەری چیرۆکی: (ڕۆبنسن کرۆزۆ[2]) کاریگەری ئەم چیرۆکەی لەسەره.

٦- (جان جاك ڕۆسۆ) (١٧١٢-١٧٨٧ز)، زانای تیۆری کۆمەڵایەتی لەساڵی (١٧٢٦ز) چیرۆکێکی فەلسەفی بەناوی: (ئیمیل) نوسی تێیدا بانگەشە بۆ ئەوه دەکات مرۆڤ لەسروشتدا کائینێکی خەیریه، ئەگەر تەواو سەربەخۆ لەسروشتدا گەشه بکات، دوور دەبێت له شەڕ و لایەنی خراپه، ئەمەش هەمان بۆچونی ناو چیرۆکەکەیه که باس لەوه دەکات: (حەی) خۆی به تێڕامان دەگاته ئەوەی هاوکاری کەسانی لاواز بکات و یارمەتیان بدات، لەپاشانیش بەبیرکردنەوەی بگاته ناسینی خودا[3].

٧- (ئیدگار ڕایس بوروز) (١٨٧٥-١٩٥٠)ز نوسەری ئەمریکی و خاوەنی (چیرۆکی تەڕەزان)، که باس له منداڵێك دەکات، له دورگەیەکدا لەلایەن مەیمونێکەوه بەخێو دەکرێ[4]، یان هەریەکه له چیرۆکەکانی دی وەکو (ماوکلی) و فیلمی سینەمایی (Cast Away) که تۆم هانکس ڕۆڵی کارەکتەری سەرەکی فیلمەکه دەگێڕێ.

---

(١) هەمان سەرچاوه، ص٦٣-٩٧.

(٢) د.سليم الحسني: ١٠٠١ اختراع، ص٨٨-٨٩، بۆ شارەزایی زیاتر لەچیرۆکەکه بڕوانه/ دانییەڵ دیفۆ: ڕۆبنسن کرۆزۆ، و/ ئاواره مەعروف

(٣) د.عبدالأمير شمس الدين: الفكر التربي عند ابن طفيل، ص٥٣.

(٤) عباس محمود العقاد: أثر العرب في الحضارة الأوروبية، ص٢٠-٢١.

چیرۆكی (زیندووی بێدار)[1]:

سەرەتای چیرۆكەكە باس لە جەزیرەیەك دەكات، لەسەر هێڵی كەمەرەیی، كە گەرما و سەرمای وەكو یەكە و شەو و ڕۆژی یەكسانە، پاشتر باس لە دەسەڵاتداری دورگەكە دەكات، كە كەسێكە لەپاش باوكی بۆتە دەسەڵاتدارو خوشكێكی هەیە، لەگەڵ ئەوەی جوانە، بەڵام نایەڵێت شوو بكات، بۆیە خوشكەكەشی دوور لە داب و نەریتی ناوچەكە، مێرد بەیەكێ لەپیاوانی ناوچەكە دەكات و منداڵێكیان دەبێت ناوی دەنێن: (حەی)، كاتێ براكەی بەمە دەزانێ بریاری فەوتاندنیان دەدات، بۆیە خوشكەكەی وەكو دایكی پێغەمبەر (موسا)، هەوڵی ڕزگار كردنی منداڵەكەی دەدات و ئەیخاتە ناو سەبەتەیەكەوە و ئەیدات بە دەم ئاوەوە، دواتر دورگەكە ئەڕمێ و نامێنێ، تاكە كەس، كە ڕزگاری دەبێت ئەو منداڵەیە.

ئینجا نوسەر شوێن منداڵەكە دەكەوێ و، دوای ئەوەی دەخرێتە ئاوەوە شەپۆلەكان دەیبەنە كەناری دورگەیەكەوە بەناوی: (واق واق)، دورگەیەك خاڵی لە منداڵ و پڕ لە گیانداری جۆراوجۆر، لەوێ ئاسكێكی بێچوو مردوو سۆزی بۆی دەڕوا و شیری دەداتێ و گەورەی دەكات، ئەویش بە تێڕامان لە پۆشتەیی گیاندارەكان لەگەڵای درەختان، خۆی پۆشتە دەكات و لەداریش چەك دروست دەكات، پاش ماوەیەك ئاسكەكە دەمرێت و، بەمە (حەی) زۆر دڵتەنگ دەبێ و لەهۆكاری مردنەكەی ڕادەمێنێ، سەرەتا لەڕواڵەتی لاشەی ئاسكەكە هیچ گۆڕانێكی نەبینی، وای بۆ دەركەوت هۆیەكەی لە ئەندامێكیدایە بەچاو




---

(١) ابن طفيل: حي بن يقظان، مؤسسة هنداوي للتعليم .

نایبینێت، بەردێکی تیژی هێنا لەگەڵ پارچە قامیشێکی وشك، سنگی هەڵدڕی، تا گەیشتە سەر دڵی، بەڵام هیچی بەدی نەکرد، کە دڵەکەی لەت کرد، بینی سکۆڵەی چەپی بۆشە، وتی: کەواتە بەڕۆیشتنی ئەو شتەی لەم جێگایەدا بووە ڕۆیشتووە و ئاسکەکە ژیانی لەدەست داوە، بەمەش دەرکی کرد لاشەکەی، تەنها ئامێرێك بووە و ئەوەی بنەڕەتی بووە بۆ جوڵانی ئامێرەکە ڕۆیشتووە، وردە وردە جەستەی ئاسکەکە بۆگەنی کرد، دیقەتی قەلەڕەشێکیدا (ئەمەی لە چیرۆکی قابیل و هابیلەوە وەرگرتووە) ئاسکەکەی ناشت، لەپاشدا ئاگری دۆزیەوە و بەکاری هێناو، ئاژەڵی ڕاوەکرد و دەیبرژاند و دەیخوارد، بەمەش بڕوای بە ئاگر هێنا وەکو هێزێکی گەورە، دواتر وا بەخەیاڵیدا هات ئەو شتەی کەلەدڵی ئاسکەکەدا بووەو نەماوە، لەوانەیە ناوەڕۆکی ئاگر بوبێت، تەمەنی بووە بیست و یەك ساڵ و بەردەوام بوو لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە جەستەی ئاژەڵان و بیرکردنەوە لەگەردون، پاش تێڕامانی زۆر زۆر، سیفات و کرداری جیاجیای بینی لەنێوان ڕووەك و ئاژەڵان و کانزا و بێگیانەکاندا، دواتر بیری کردەوە لەڕووی جەستەوە هەمویان هەیانە، بەڵام لە وێنە و شکڵدا جیاوازن، پاشان بۆی دەرکەوت ڕۆحی گیانەوەرەکان و جەستەیان جیاوازن، ئینجا گەورەیی ڕۆحی هەست پێکرد، کە چەند گەورەترە لە جەستە، پاشان بۆی دەرکەوت (٤)شت بنەڕەتین لەم دونیایەدا، ئەویش (ئاو، خاك، هەوا، ئاگر) پاشان بۆی دەرکەوت ئەمانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، وەکو ئاو دەبێتە هەڵم و دوایی دەبێتە باران و دەبێتەوە ئاو، پاش تێڕامان لەم ئاڵوگۆڕانە ئەوەی لا دروست بوو، هەموو ڕووداوێك پێویستی بە هۆکارێك هەیە، لەمەشەوە بۆی دەرکەوت ئەو کارەی دەدرێتە پاڵ شتەکان، لەڕاستیدا شتەکان نین، بەڵکو بکەرێکی هەیە، بڕوای هێنا کە عەقڵ ئەو بکەرە گەورەیە و هەموو سیفاتێکی بەرز و تەواوی لەخۆگرتبێت، لە زانست و توانا و ویست و هەڵبژاردن و بەزەیی، کاتی ناسینی ئەم پەیداکەرە گەورەیە خوازیار بوو بزانێت چۆن دەرکی پێکردووە؟ لەهەستەوەرەکاندا هیچ ڕێگایەکی نەدیەوە بۆ دەرککردنی، چونکە ئەوان تەنها جەستە دەرك ئەکەن، کە پەیداکەریش ڕوتە لەسیفاتی جەستە، بۆی بەدەرکەوت خودی خۆی کە دەرکی ئەم پەیداکەرەی کردووە ڕووتە لە جەستە، خودی

ڕووت له جەسته دوچاری نەمان نابێتەوە و نەمر دەبێت له ژیانێکی بەردەوامدا، پاشان له گەردون و کاری پەیداکەری گەورە (خودا) ئەویش بەبێ مەبەست دەستی دایە هاوکاری کردنی گیاندارەکان، کاتێ دڕندەیەك پەلاماری دەدا، یان ئاژەڵێك توشی مەترسی ببوایەتەوە، پاش ئەمە ئیتر بۆ تەواو ناسینی خودا، خۆیی فەرامۆش کرد بەڕادەیەك جەستەی دابڕا بە بیرکردنەوە له خودا، بەم جۆرە مایەوە، تا مەبەستەکەی بەرجەستە کرد و خودی خۆیی لەیادکرد لەنێوان کۆمەڵێك ك خودی تردا، بەمەش هیچ نەمایەوە لەدڵیدا تەنها خودا نەبێت، کەڕاست و ئەزەلیە و، بەمەش چێژێکی بەدەستهێنا، نه چاو بینیویەتی و نەهیچ گوێیەکیش بیستویەتی و، نه به خەیاڵی کەسیشدا هاتووە.

پاش ئەمە، (ئیبن توفەیل) دەچێتە سەر باسی دورگەیەکی نزیکی دورگەکەی (حەی) و دەڵێت: لەو دورگەیە میللەتانێك دەژیان، که لەسەر دینی پێغەمبەران بوون، لەنێو ئەم کۆمەڵەشدا دوو کەس جیا دەکاتەوە یەکیان بەنێوی: (ئەبسال: کەسێکی بیرمەند و فەیلەسوفە، بەوردی له دەقەکان ڕادەمێنێ و، ورد ورد دەچێت بۆ باسە فیکریەکان)، ئەوی دیکەشیان ناوی: (سەلمان: زیاتر دەق گرتووە بە ڕواڵەت و دەقەکانەوە، دوورە لە شیکردنەوە و وردبونەوە و قوڵ بونەوە)، ئەوەبوو (ئەبسال) بەهۆی حەزی بۆ بیرکردنەوە ڕێگای تەنیایی هەڵبژارد و (سەلمان)یش بەپێچەوانەی ئەوەوە تێکەڵاوی خەڵکی بوو و پەیڕەوی وتەکانی شەریعەتی دەکرد، (ئەبسال) ڕووی کردە دورگەکەی (حەی) بۆ خوداپەرستی، کاتێ خەریکی ئەو کارە بوو، (حەی) ئەوی بینی و دیقەتی دەدا، بەڵام




چەند نمونەیەکی هاوچەرخانە لەسەر بیرۆکەی چیرۆکی زیندوی بێدار

نەیدەزانی چی دەڵێ، دواتر (ئەبسال)یش ئەوی بینی و فێری ناوی شتەكانی كرد، پاشان (حەی) باسی ژیانی بیركردنەوەی خۆیی بۆ كرد، چۆن گەیشتۆتە ناسینی خودا، (ئەبسال) لەمەوە تێگەیشت و بۆی دەركەوت ئەو شتانەی بەهۆی شەریعەتەوە فێری بووە، هەمان ئەو شتانەیە كە (حەی) بەهۆی عەقڵەوە دەركی پێكردووە (عەقڵ و نەقڵ)، پاش ئەمە (ئەبسال) باسی پەیامی خودای كرد كەلەلایەن پێغەمبەرەوە بۆیان هاتووە، ئەویش بۆی دەركەوت ئەو كەسەی پەیامەكەی هێناوە هەق بێژ بووە لە فەرمایشتەكانیدا و ڕاستگۆ بووە، بۆیە بڕوای پێهێنا، پاش ئەوە (ئەبسال) لەگەڵ خۆیدا بردیەوە بۆ ئەو دورگەیەی (سەلمان) و هاوڕێ ڕواڵەت بینەكانی لێ بوون، پاش بەخێرهاتنەوەیان (حەی) چاوەڕێی دەكرد بەگێڕانەوەی سەرگوزەشتەی فیكری خۆی بۆیان خزمەتیان بكات، بەڵام بینی دڵتەنگ دەبن، بۆیە ئەویش داوای لێبوردنی كرد و داوای لێیان كرد هەر لەسەر ڕێچكەی سەلەفی ساڵحی خۆیان بن و هەر ئەوە باشترە لە قوڵبونەوە و تێڕامان، پاشان لەگەڵ (ئەبسال)ی هاوڕێی خودا حافیزیان لەخەڵكەكە كرد و گەڕانەوە دورگەی (واق واق).

# ئیبن مەندویەی ئەسفەهانی

## (سەدەی ٤ك/١٠ز)



"پزیشكیی ڕەوانبێژ"

## ئیبن مەندویەی ئەسفەهانی[1] كێیە؟!

یەكێكە لە پزیشكە دیارەكانی سەدەی (٤ك/ ١٠ز) وڵاتی فارس، ناوی (ئەحمەدی كوڕی عەبدولڕەحمانی ئەسفەهانی)یە، ساڵی لەدایكبوون و مردنی بەتەواوەتی نەزانراوە، بەڵام بەنزیكەیی لەدەوروبەری ساڵی (٤١٠) ك وەفاتی كردووە، ئەم زانایە سەر بە بنەماڵەیەكی دیاری فارسی ناوچەی ئەسفەهان بووە، صەفدی لە (الوافي بالوفیات)دا دەڵێ: "(ئیبن مەندویە) لە پزیشكە دیارەكانی وڵاتی عەجەمە[2]". بەپێی ئەمە بۆمان دەردەكەوێ نێوبانگی ئەم زانایە لەناو گەلە غەیرە عەرەبەكاندا زیاتر بووە.

(ئیبن مەندویە) لەزانستی پزیشكیدا كەسێكی قسەزان و دیار و لێوەشاوە بووە، ئەمەش بەهۆی دروست پەروەردەكردنی خێزانەكەیەوە بووە، كە هەمیشە ئامادەسازیان بۆ كردووە بۆ درێژەدان بەخوێندن و فێربوون، بەتایبەتی باوكی كەسێكی دیار و زانایەكی بلیمەتی ناوچەی (ئەسفەهان) بووە، بەڵام (ئیبن مەندویە) مەیلی بەلای زانستی پزیشكیدا چوو، باوكیشی لایەنی ئەدەب و شیعر و ڕەوانبێژی بوو، وەكو (ئەلقفتی) لە وەسفی باوكیدا دەڵێ: "شارەزایەكی زمان و نەحو و شیعر بوو، لەڕەوانبێژەكانی سەردەمی خۆی بوو "[3].

(ئیبن مەندویە) دوای ئەوەی شارەزایی لە زانستە جۆراوجۆرەكانی ئەو سەردەمە پەیداكرد، دەستی كردە خوێندنی زانستی پزیشكیی و شارەزاییەكی باشی پەیدا كرد، بەڕادەیەك بووە یەكێ لە پزیشكە دیارەكانی وڵاتی فارس، ئەوەبوو (عەزدولدەولەی بوەیهی) هەڵیبژارد، وەكو یەكێ لە پزیشكە شارەزاكان و، بووە یەكێ لەو (٢٤) پزیشكەی نێردرانە نەخۆشخانەی (عەزدی) لە

---

(١) دوو پزیشكیی موسڵمانی خەڵكی ئەسفەهان هەیە بەناوی ئیبن مەندویە، یەكەمیان عەلی كوری مەندویە لە دەوروبەری (٣٧٠ك) وەفاتی كردووە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لە (٤١٠ك) وەفاتی كردووە.

(٢) الصفدي: الوافي بالوفیات، ج٧/ ص٣٥.

(٣) القفطي: أخبار العلماء وأخبار الحكماء، ص١٨٧.

بەغداد[١].

لەئەنجامی ئەزمون و تاقیكاری چەند ساڵی لەم نەخۆشخانە گەورەیە، بووە كەسێكی لێهاتوو و داهێنەر و شارەزا لە زانستی پزیشكیدا، هەستا بەدانانی چەندین كتێب و پەیام و مەقالە، (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) لەبارەیەوە دەڵێ: "(ئیبن مەندویە) خاوەنی ژمارەیەك كتێب و پەیامە، بەناوبانگترین بەرهەمیشی (٤٠) پەیامەكەیە، كە بۆ هاوڕێ هاوپیشەكانی كۆمەڵەی پزیشكانی نوسیوە".

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) پێی وایە: ئەمە تاكە شێوازی نوسینی پزیشكیە، كە پێشتر كەس لەو شێوەی نەكردووە و نەنوسیوە، ئەمەش چەند نمونەیەكە لەو شێوە پەیامانەی:

١- پەیامێك بۆ (ئەحمەدی كوڕی سەعد) لەبارەی (پێكهاتەكانی لەش).

٢- پەیامێك بۆ(عبادی كوڕی عەبباس) لەبارەی(تایبەتمەندی ڕێكخستنی پێكهاتەی لەش).

٣- پەیامێك بۆ (حەمزەی كوڕی حەسەن) لەبارەی (چینەكانی چاو).

٤- پەیامێك بۆ (ئەبی حەسەن وارد) لەبارەی (چارەسەری تیشكەكانی چاو).

٥- پەیامێك بۆ (عبادی كوڕی عەبباس) لەبارەی (چۆنییەتی هەرسكردنی خواردن)[٢]، بە گشتی دەتوانم بڵێم: ئەم شێوازە لە نوسین لە سەردەمی ئێستای خۆماندا، هاوشێوەی پۆستكردنی بابەتێكە كە (Tag)ی دەكەی بۆ هاوڕێیەكت، تاوەكو ئاگاداری بڵاوكردنەوەكەت بێت، بەتایبەت كاتێ دەزانی ئەو بابەتەت لەلایەن هاوڕێكەتەوە جێگای نرخاندنە.

(ئیبن مەندویە) چەندین ڕێنمایی و پەیامی پزیشكیی لەبارەی نەخۆشییەكان و ڕێگاكانی چارەسەركردنیانەوە نوسیوە، لەوانە: نەخۆشییەكانی گەدە و كردارەكانی هەرسكردن، نەخۆشییەكانی چاو و چاوئێشە،.... هەروەها چەند

---

(١) هەمان سەرچاوە، ص١٨٨.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٣٠٧.

په‌یامێكی تریشی هه‌یه له‌باره‌ی چاره‌سه‌ری هه‌ندێ نه‌خۆشی تره‌وه، له‌وانه: (میزگیران، نه‌خۆشییه‌كانی شه‌كره، نه‌خۆشییه‌كانی پێست، نه‌خۆشییه‌كانی گوێ، نه‌خۆشی منداڵان).

هه‌روه‌ها باسی له سوودی هه‌ندێ له خواردنه‌وه و میوه‌كان كردووه وه‌ك چاره‌سه‌رێ بۆ هه‌ندێ ده‌رد و نه‌خۆشی، له‌وانه: (ته‌مرهندی، كافوور، كاریگه‌ری خواردنه‌وه‌كان له‌سه‌ر جه‌سته، مادده سڕكه‌ره‌كان -لایه‌نه باش و خراپه‌كانی )[٣].

(ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) باس له په‌یامێكی تری (ئیبن مه‌ندویه) ده‌كات، كه ئاڵوگۆڕی فیكری (ئیبن مه‌ندویه و ئیبن سینا)یه، له‌باره‌ی نه‌خۆشی (مایه‌سیری)، كه جۆری ناوه‌كی و ده‌ره‌كی هه‌یه، ناوه‌كیه‌كه‌ی له‌ژێر پێستدا دروست ده‌بێ و، هۆكاره‌كه‌شی به‌هۆی تێكچونی سیستمی جه‌سته‌وه‌یه، كاتێ گه‌ده به‌رێكوپێكی هه‌رس ناكات و دڵ به باشی خوێن فڕێ نادات، دواجاریش ده‌ردراوه‌كان (پیسایی و میز) كاری خۆیان به‌باشی ناكه‌ن، یان ده‌بێته هۆی قه‌بزی و میزگیران، یان ده‌بێته هۆی ڕه‌وانی و سك ئێشه[٤].

**به‌شی دووه‌می نوسینه‌كانی (ئیبن مه‌ندویه)، بریتیه له: كۆمه‌ڵێك كتێبی گرنگ، له‌وانه:**

١- (المدخل إلى الطب).

٢- (كناش الطب) باس له‌لایه‌نه گرنگه‌كانی زانستی پزیشكیی ده‌كات.

٣- (الطبيخ).

٤- (الجامع المختصر من علم الطب).

٥- (الكافي في الطب)، ناسراوه به (القانون الصغير في الطب)[٥].

---

(٣) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب، ص٢٧١.

(٤) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص٣٠٨

(٥) علي عبدالله الدفاع: رواد علم الطب، ص٢٧٢.

(ئیبن مه‌ندویه) به‌هۆی ئه‌و شاره‌زاییه‌وه هه‌یبوو له‌لایه‌نی: زمانناسی و ڕه‌وانبێژیه‌وه, كه باوكی زانایه‌كی گه‌وره و دیاری ئه‌و لایه‌نه بوو، توانی به‌ستنه‌وه‌یه‌ك بكات له‌نێوان زمان و پزیشكێتیدا، ئه‌وه‌بوو په‌یامێكیشی له‌و باره‌وه نوسی، به‌ناوی (رسالة في الرد على من أنكر حاجة الطبيب إلى علم اللغة)، تێیدا جه‌خت ده‌كاته‌وه له‌سه‌ر گرنگێتی فێربونی زمانی عه‌ره‌بی و به زمانی ڕۆشنبیری و زانست و شارستانییه‌ت ده‌ناسێنێ و ده‌ڵێ: "ئه‌م زمانه، ته‌نها زمانی قورئان و زانسته شه‌رعیه‌كان نییه، به‌ڵكو پێویسته كه‌سانی تێگه‌یشتوو و خوێنه‌وار به گرنگ وه‌ری بگرن[١]".

له‌كۆتایدا ده‌ڵێین: ئه‌م پزیشكه جێگای دیاری هه‌یه له پزیشكێتی و شارستانییه‌تی ئیسلامیدا، چ له‌بواری نوسیندا كه خاوه‌نی زیاتر له (٤٠) په‌یام و كتێبه، چ له پیشه‌ی پزیشكێتیدا، پزیشكێكی گه‌وره‌و دیاربووه، له گه‌وره‌ترین نه‌خۆشخانه‌كانی جیهانی ئیسلامیدا.

---

(١) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٧/ ص٣٥.

# ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه

## (٥٩٨-٦٦٨ك/ ١٢٠٠-١٢٧٠ز)



"پزیشكیی مێژوونوس"

### ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه كێیه؟!

ناوی (ئه‌بو عه‌بباس، مۆفه‌قدین، ئه‌حمه‌دی كوڕی قاسم كوڕی خه‌لیفه كوڕی یونس كوڕی ئه‌بی قاسم)ه، نازناوی: (ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه)یه، ساڵی (٥٩٦-٥٩٨ك/١٢٠٠ز) له دیمه‌شق له‌دایك بووه‌و له‌ناوچه‌ی (حوران) ساڵی (٦٦٨ك/ ١٢٧٠ز) وه‌فاتی كردووه[١]، (ئیبن به‌ردی) له‌باره‌ی ته‌مه‌نی ئه‌م زانایه‌وه ئه‌ڵێ: "ته‌مه‌نی زیاتر له (٧٠)ساڵ ده‌بوو[٢]"، به‌ڵام (ئیبن كه‌سیر) پێی وایه (٩٠)ساڵی تێپه‌ڕاندووه[٣]، به‌ڵام ئه‌مه‌ی (ئیبن كه‌سیر) له‌ڕووی ساڵی له‌دایكبوون و مردنه‌كه‌ی نه‌گونجاو و قبوڵ نییه.

باپیره‌ی، حه‌كیمێكی یه‌كجار گه‌وره و به توانا بووه له ناوچه‌كانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی سوڵتان سه‌لاحه‌ددین، به‌ڕاده‌یه‌ك ئه‌مه بووه نازناو بۆ خێزان و بنه‌ماڵه‌كه‌یان، كه به‌شێوه‌یه‌كی گشتی، زانست دۆست بوون و پله‌ی باشیان هه‌بوو له‌لای پاشایانی میسر و شام[٤].

باپیره‌ی، كاریگه‌ریه‌كی باشی هه‌بوو به‌سه‌ر خانه‌واده‌كه‌یه‌وه، ئه‌مه‌ش كاریگه‌ری هه‌بوو له‌سه‌ر فێربوونی هه‌ردوو كوڕه‌كه‌ی: (قاسم و عه‌لی) له زانستی پزیشكیدا، قاسم: (باوكی ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) پزیشكێكی لێهاتوو و شاره‌زا و دیاری سه‌رده‌می خۆی بوو، بۆ فێربونی خوێندن ڕووی له زانستگاكانی وڵاتی میسر كردووه، به‌هۆی شاره‌زایی و لێهاتویه‌كه‌یه‌وه له زانستی پزیشكیدا، له كۆشكی (مه‌لیك عادل) و كوڕه‌كانی پله‌یه‌كی گه‌وره‌ی پێدراو، هه‌ر له‌كۆشكدا مایه‌وه، تاوه‌كو له‌ساڵی (٦٤٩ك) وه‌فاتی كرد[٥]، به‌ڵام مامی له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی ئه‌ستێره‌یه‌كی دیاری بواری پزیشكیی بوو، له‌هه‌مان كاتدا شاره‌زایه‌كی باشی له‌ژه‌نینی مۆسیقا و دانانی ئاواز و گۆرانیدا هه‌بوو، كه له‌چاره‌سه‌ركردنی

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة، ص٣.

(٢) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة، ٧/٢٢٩.

(٣) ابن الكثير: البداية و النهاية، ١٣/ ٢٩٩.

(٤) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٢٠.

(٥) ابن أبي اصيبعة: طبقات الأطباء، شرح و تحقيق: د.نزار رضا، ص٥.

نەخۆشەکاندا بەکاری دەهێنا، لە زمانزانیشدا هەردوو زمانی فارسی و تورکی دەزانی، ئەمەش سەرەتایەکی زۆرباش بوو بۆ ئەوەی ئەم تازە لاوە (ئیبن ئەبی ئەصیبعە) دەرفەتێکی باشی لەبەردەمدا هەبێ و لەلایەنی زانستی و فیکریەوە پێ بگات و بەشداری لە کۆبونەوەی زاناکان بکات و سوود لە بیروبۆچون و دەربڕینەکانیان وەربگرێ[١].

## گەشەی فیکری :

ئەم زانایە، هەموو قورئانی لەبەرکردو زانیاریەکی باشی لە بارەی زانستەکانی: (زمان و ژمێریاری و تەفسیر و فەرمودە و ئەدەب)ەوە بەدەست هێنا، لەگەڵ ئەمانەشدا زانستی (نەحو)ی لای (شێخ ئیبن عەساکر) خوێند، دواتریش بووە قوتابی لای (شەمسەدینی نەحوی)، حیکمەت و دانایشی وەرگرت لای (قبعەدین جەبەلی و سەیفەدین ئامەدی)، سەرەتای دەستپیکردنی خوێندنی زانستی پزیشکیشی لەلای (شێخ ئەبی بەکری سقلی و عیزەدینی کوڕی سویدی) بوو[٢].

پاشان پێویست بوو بچێتە نەخۆشخانەی (نوری) لە دیمەشق، ئەمەش بۆ خۆی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی ئەم زانایەدا؛ چونکە تەواوی ئەو شتانەی خوێندبونی بەشێوەی زارەکی و لە فێرگە فێری ببوو، دەبوایە بیکاتە ئەمری واقیع و کردار، سەرەتاش بۆ بەرچاو ڕوونی و کرانەوەی لەگەڵ بارودۆخەکەدا، بووە بەردەستی (حەکیم ئیبن سەدەقە) و، پاشانیش لە فێربونی جۆر و تایبەتمەندی دەرمانەکان سودی لە زانستە نەبڕاوەکەی (ئیبن بەیتار)ی مامۆستای وەرگرت، لەپاشاندا چووە میسر و لەوێ لە نەخۆشخانەی (ناصری) وەکو پزیشکێك دەست بەکاربوو، ئەم قۆناغەشی یەکێ بوو لە قۆناغە گرنگەکانی، بەهۆی هەستکردنی زیاتر بە بەرپرسیارێتی[٣]...

---

(١) فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة، ص٤-٥.

(٢) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٢٠-٢٢١

(٣) فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة، ص٥-٦.

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی (عیون الأنباء في طبقات الأطباء):

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) وەك باسمان كرد لە سەدەی (٧ك) ژیاوەو، هاوسەردەمی چوار خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی بووە[١]، بەڵام ئەو ژینگەیەی ئەم زانایەی تێدا گەورە بوو، ژینگەی خیلافەتی عەباسی نەبوو، كە ئەو كات ببووە جێگای مەترسی بەهۆی هێرشی لەناكاوی (تەتار) و كردنی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی بە (مەغۆلستان)، بەڵكو لە ژینگەی هەردوو وڵاتی شام و میسردا گەورە بوو، تێگەیشت و پێگەیشت، ئەوكاتیش (ئەیوبیەكان) دەسەڵاتێكی پان و بەرینیان لەم وڵاتەدا هەبوو، خەڵكیان لەلایەنی فیكری و شارستانییەوە، تاڕادەیەكی باش بەرەو پێشەوە بردبوو.. بەتایبەتی بواری پزیشكی، یەكێ بوو لەو بوارانەی لەلایەن ئەمیر و دەسەڵاتدارانی ئەیوبییەوە بە هەند وەردەگیرا و پەرەیان پێئەدا، كەسە زۆر بەتوانا و ناودارەكانی ئەم زانستەشیان لە خۆیان نزیك دەكردەوە و پلە و پێگەیان لەڕوی دابینكردنی ژیان و پێداویستیەكان و موچەوە بۆ جێبەجێ دەكرد، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرێك، خەڵكی دیش چاوی لێبكەن و هەوڵی زیاتر بدەن[٢]، لە نمونەی ئەوانەش لەو سەردەمەدا:

(ئیبن جەمیع) (لە ٥٩٤ك. وەفاتی كردووە) یەكێ بوو لە پزیشكانی ناوداری وڵاتی میسر و، سوڵتان سەلاحەددین لە خۆی نزیكلاكردەوە. (ڕەشیدەدین كوڕی عەلی) لە (٦١٦ك. وەفاتی كردووە) یەكێ بووە لە پزیشكانی وڵاتی شام، بووە پزیشكیی كۆشكی والی (بەعلەبەك).

(دخوار) لە( ٦٢٨ك) وەفاتی كردووە، لەلای (مەلیك عادل) پلەی بەرزكرایەوە بۆ سەرۆكی پزیشكانی میسر و شام.

(ئەلئامدی) لە (٦٣١ك) وەفاتی كردووە، نزیك بووە لە مەلیك (ناصرەدین) والی (حەماە).

---

(١) ئەوانیش: خەلیفە ناصرالدین الله (٥٧٥-٦٢٢ك). خەلیفە ڤاهر بأمرالله (ماوەی فەرمانڕەوایەتیەكەی تەنها ٩مانگ بوو ٦٢٢ك). خەلیفە مستنصربالله (٦٢٢-٦٤٠)ك. خەلیفە مستعصم بالله (٦٤٠-٦٥٦)ك.

(٢) أ.م.د.رحیم حلو محمد: منهج ابن أبي اصیبعة في كتابه عیون الأنباء في طبقات الأطباء،ص١

(ئه‌لخویی) له (٦٣٧ك) وه‌فاتی كردووه، مه‌لیك (عیسای كوڕی مه‌لیك عادل) پله‌و پایه‌ی و ڕێزێكی زۆری لێنا[1]. له‌گه‌ڵ دمیان و سه‌دان پزیشكیی تر، كه له ده‌ورانی ئه‌م زانایه‌دا پله‌و پێگه‌یان به‌رزكراوه‌ته‌وه.

(ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) پاش ئه‌وه‌ی له میسر گه‌یشته پله‌یه‌كی به‌رز، گه‌ڕایه‌وه بۆ دیمه‌شق و له نه‌خۆشخانه‌ی نوری درێژه‌ی به كاره‌كه‌یدا، دواتر چوو بۆ (سه‌رخد)[2] ساڵی (٦٣٤)ك. بووه پزیشكیی (ئه‌میر عیزه‌دین ئه‌یبه‌كی گه‌وره)، پاش بیست ساڵ مانه‌وه‌ی له‌و ناوچه دوباره گه‌ڕایه‌وه بۆ دیمه‌شق، دوای به‌ده‌ستهێنانی چه‌ندین ئه‌زمونی پزیشكیی و خوێندنه‌وه‌و فێربون و بیركردنه‌وه و گه‌ڕان و تێڕامان، كتێبه گه‌وره و به‌ناوبانگه‌كه‌ی داڕشت (عیون الأنباء في طبقات الأطباء)، ئه‌م زانایه كتێبه‌كه‌ی له‌به‌ر ئه‌نجامی ئه‌زمونی پزیشكیی خۆی له نه‌خۆشخانه‌ی نوری و ناصری له (شام و میسر)، پاشان (٢٠)ساڵی مانه‌وه‌ی له (سه‌رخد) كه ده‌رفه‌تێكی له‌باربوو بۆ خوێندنه‌وه و به‌ده‌ستهێنانی كتێبه پزیشكیه جۆراوجۆره‌كان دانا، هه‌ربۆیه كاتێ بۆ دووه‌م جار گه‌ڕایه‌وه دیمه‌شق كه‌ره‌سته‌یه‌كی خاوی بۆ نوسین ئاماده‌بوو[3]، كه سه‌رچاوه‌كانی بۆ ئه‌مانه دابه‌ش ده‌بن:

**یه‌كه‌م:** لایه‌نی مێژوویی و هه‌وڵدانه‌كانی زانایانی بواری پزیشكیی به‌درێژایی مێژوو و، داهێنانه‌كانیان و ئه‌و گه‌شه‌یه‌ی به‌م زانسته‌یان داوه، بۆ ئه‌مه‌ش سودی زیاتر له (٥٠) سه‌رچاوه بینیوه.

**دووه‌م:** ئه‌و وته و به‌سه‌رهات و سه‌رگوزه‌شتانه‌ی، له زانستی حیكمه‌ت و پزیشكیتی بیستونی.

**سێیه‌م:** ئه‌و ئه‌زمونانه‌ی به‌ده‌ستی هێناون، بینیونی، یان ئه‌نجام دراون، ئیتر له‌لایه‌ن خۆیه‌وه بوبێت، یان مامۆستا و شێخ و شاره‌زاكانی ئه‌و سه‌رده‌مه‌وه كرابن[4].

---

(١) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ٣/٢٩٣-٢٩٤.

(٢) سه‌رخد: یه‌كێكه له ناوچه‌كانی نزیك شاخی (دروز) له سوریا، شارێكه له شاره‌كانی (حۆران) و سه‌ر به شاری دیمه‌شقه، شورا و قه‌ڵایه‌كی باشی هه‌یه و ناوچه‌یه‌كی فراوان و دڵگیره. بڕوانه/ یاقوت الحموی: معجم البلدان، ٣/٤٠١.

(٣) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، شرح و تحقيق: د.نزار الرضا، ص٦-٧.

(٤) فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة، ص٧-٨



ئه‌م كتێبه وه‌كو خۆی ئاماژه‌ی پێده‌كات: "كۆكردنه‌وه‌ی ئه‌و به‌ده‌ستهێنانه‌یه، كه له بواری پزیشكیدا به‌ده‌ست هاتون و، باسكردنی چۆنییه‌تی به‌ده‌ستهێنانی ئه‌و دۆزینه‌وانه‌یه له بواری پزیشكیدا دۆزراونه‌ته‌وه، هه‌وڵدانێكه بۆ ناساندنی پزیشكه‌كان و، دانراوه‌كانیان، كۆكردنه‌وه‌ی زانیاریه‌كی گشتیه له‌سه‌ر پزیشكه‌كان و ژیان و به‌سه‌رهاتیان له پزیشكانی كۆن و تازه، نوسینه‌وه‌ی وته‌كانیان و گێڕانه‌وه‌ی به‌سه‌رهات و چیرۆك و ئامۆژگاریه‌كانیان، باسكردن و ناوهێنانی ئه‌و حه‌كیم و پزیشكانه‌ی هه‌وڵیان داوه دۆزینه‌وه‌یان هه‌بووه و به‌رهه‌میان هه‌بووه بۆ په‌ره‌دانی زیاتر به‌م زانسته[1]".

(د.عامر نه‌جاری) لێكۆڵه‌ری كتێبه‌كه له‌م باره‌وه ده‌ڵێ: ئه‌م نوسه‌ره سودێكی زۆری له كتێبه پزیشكیه‌كانی سه‌رده‌می خۆی وه‌رگرتووه، له نمونه‌ی: (بستان الأطباء) و (مختصر كتاب الأدواء للكلدانيين) و (مختار الحكم و محاسن الكلم) و (تعاليقه) و (صوان الحكم)و (التيسير)، (المعتبر)و (الألوف)، هه‌روه‌ها سودێكی زۆری له (حونه‌ینی كوڕی ئیسحاق) وه‌رگرتووه له (نوادر الفلاسفة والحكماء) و (طبقات الأطباء)ی (ئیبن جلجل)، به‌ڵام ده‌بینین: سه‌دان كتێب، تا ئه‌مڕۆ دانراون، یان سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌كیان به‌رهه‌مه‌كه‌ی (ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه)یه، له نمونه‌ی (إصابات المنجمين)و (حكايات الأطباء في علاجات الأدواء)و (التجارب والفوائد)،...[2]".

(ئیبن ئه‌بی ئه‌صیبعه) له پێشه‌كی كتێبه‌كه‌یدا، پاش شوكر و سوپاس كردن بۆ خوای گه‌وره و سه‌ڵاواتدان له‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ر (صلى الله عليه وسلم) و درود بۆ یارانی و خێزانه‌كانی، ده‌ڵێ: "زانستی پزیشكیی، نزیكه له زانستی دینییه‌وه،

---

(١) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ص١٥١.

(٢) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، شرح و تحقيق: د.نزار الرضا، ص١٠

وەکو حەکیمێ دەڵێ داواکراوەکان دوانن، خەیرو چێژ، هەردوکیشیان بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤن، چێژ بۆ سود وەرگرتنییەتی لەم دونیایە، چاکە و خەیریش بۆ سەر بڵندیەتی لەو دونیا". پاش ئەم سەرەتایە، دێتە سەر کتێبەکەی و دەڵێ:

ئەم کتێبە پێکهاتووە لە (١٥) بەش، بەو هیوایەی ببێتە خزمەتێك بە گەنجینەی بەرێز و گەورە و وەزیر و زانای دادگەر و سەرداری گەورە و خۆری شەریعەت و ئەمینی دەوڵەت (ئەبی حەسەنی کوڕی غەزاڵی کوڕی ئەبی سەعید) هەمیشە دڵخۆش و کامەران بێت لە هەردوو دونیا سەرفرازبێت، ئەمەش بەشەکانە:

**بەشی یەکەم:** چۆنییەتی بەدەستهێنان و دەرکەوتن و گەشەسەندنی پزیشکی.

**بەشی دووەم:** بەراییەکانی پزیشکێتی و پزیشکە سەرەتاییەکان.

**بەشی سێیەم:** پزیشکێتی لە نەوەکانی (ئسقلیبیۆس)ی یۆنانییەوە.

**بەشی چوارەم:** پزیشکێتی لای (بوقرات) و گرنگترین داهێنانە پزیشکیەکانی ئەو سەردەمە.

**بەشی پێنجەم:** پزیشکێتی لەسەردەمی (جالینۆس) و دەوروبەری.

**بەشی شەشەم:** پزیشکانی ئەسکەندەریە و پزیشکە مەسیحیەکان.

**بەشی حەوتەم:** پزیشکانی دەورانی یەکەمی ئیسلام.

**بەشی هەشتەم:** پزیشکێتی لای سریانییەکان و سەرەتاکانی دەوڵەتی عەباسی.

**بەشی نۆیەم:** پزیشکێتی و وەرگێڕانی کتێبە پزیشکیەکان لە زمانی یۆنانییەوە بۆ زمانی عەرەبی.

**بەشی دەیەم:** پزیشك و پزیشکێتی لە عێراق و جەزیرە و دیاربەکر.

**بەشی یانزەیەم:** دەرکەوتنەکانی پزیشکێتی لە وڵاتانی عەجەمدا.

**بەشی دوانزەیەم:** پزیشکێتی لە وڵاتی هیندستان

**بەشی سیانزەیەم:** پزیشك و پزیشکێتی لە وڵاتانی مەغریب و دەوروبەری.

**بەشی چواردەیەم:** پزیشکە ناودارەکانی وڵاتی میسر.

**بەشی پانزەیەم:** پزیشکە لێهاتووەکانی وڵاتی شام[1].

---

(١) أ.م.د.رحیم حلو محمد: منهج ابن أبي اصيبعة في كتابه عيون الأنباء في طبقات الأطباء،ص٢-٣. فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة، ص٩.

# ئیبن كەحـال

## (سەدەی ٤-٥ك/١٠-١١ز)



"دامەزرێنەری پسپۆڕێتی له پزیشكیی چاو"

## ئیبن کەحال کێیە؟!

پزیشکێتی چاو، وەکو بەشێك لە زانستی پزیشکیی، لە دەورانی پێشیندا و لای میسرییەکان هەبووە، ئەمەش لە کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامیدا دواتر ناونرا بە پیشەی (چاوڕەشکردن). ئەو پزیشکە لێهاتوو و کارامەیەی لەم بوارەدا دەرکەوت و، بووە پێشەنگ و بەڕادەیەك کتێبەکەی دوای خۆی بۆ ماوەی (٧)سەدە هیچ ڕکابەر و هاوتایەکی نەبوو[١]. ئەمەش تەنها قسە نییە، دواتر ڕای نوسەرە خۆرئاوایی و ڕۆژهەڵاتناسەکانی لەسەر دێنینەوە.

ناوی (عەلی کوڕی عیسای بەغدادی)ە، لە (٤٣٠ك/ ١٠٣٩ز) وەفاتی کردووە، نازناوی (شەرەفەدین)ە، یەکێکە لە پزیشکە موسڵمان و خواناسەکان و بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، لەسەدەی (١٢ز) ژیاوە، لای خۆرئاواییەکانیش بە (جیزو هالی Jesyhaly) ناسراوە[٢].

ئەم زانایە، کەسێکی نەرم و نیان و لەسەرخۆ بوو، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کاروبەرهەمەکانی بوو، کە هەمیشە کارەکانی بە ئەوپەڕی لەسەرخۆیی و بەشێنەیی و بەبیرکردنەوەیەکی دروستەوە ئەنجام ئەدا، قسەی پێشینانیشی کاتێ قبوڵ دەکرد، لەگەڵ ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بگونجابایە.

بۆ نمونە: لە مەجالی پسپۆریەکەیدا بەرپەرچی زۆرێك لە نوسینە یۆنانییەکانی داوەتەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕونکردنەوەی داوە و ڕەخنەی لە پزیشکانی سەردەمی خۆشی گرتووە، تەواوی ئەمانەشی بە نمونە دەهێنایەوە[٣].

(ول دیورانت) لەبارەیەوە دەڵێ: "(عەلی کوڕی عیسا)، یەکێکە لە گەورە پزیشکانی چاو، کتێبەکەی لە بواری پزیشکێتی چاو، تاوەکو سەدەی (١٨)یەم لە ئەوروپا دەخوێندرا[٤]".

---

(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٢٥.

(٢) باقر أمين الورد: معجم العلماء العرب، ج١/ ص١٧٢.

(٣) علي بن عبدالله الدفاع: رواد علم الطب، ص٢٥٤.

(٤) ول ديورانت: قصة الحضارة، ١٤/ ص٥٢.

**دانــراوەكانی :**

(ئیبن كەحال) خاوەنی كۆمەڵێك بەرهەم و نوسینە له پزیشكێتی چاودا، كه تاوەكو ئێستا سەرچاوەیەكی سەرەكین و لێكۆڵەران بۆی دەگەڕێنەوە، بەڵام بەناوبانگترین كتێبی (تذكرة الكحالین)ە، كه له سێ مەقاله پێكهاتووە، (جەمالەدینی قفتی) له كتێبی (تأریخ الحكماء) دەڵێ: "ئەم كتێبە سەرچاوەیەكی گەورەیە له پزیشكێتی چاودا و تا سەدەی (١٣ك) وەكو كتێبێكی بڕواپێكراو لەلایەن پزیشكانی چاوەوە كاری پێدەكرا...[1]".

**دانپێدانانەكان لەسەر ئەم كتێبە :**

یەكێ له گرنگترین شتە دیارەكانی ئەم كتێبە ئەوەیە: بەشێوەیەكی زۆر زانستی و ورد نوسراوە، جیایە لەو شێوازە تەقلیدی و كۆنانەی پێشتر نوسینەكانی تری پێ نوسراوە.. هەربۆیە دەبینین: پزیشكان و نوسەرانی خۆرئاوا، قسەی زۆریان لەسەر كردووە، كه لێرەدا چەند دانە لەو وتانەتان بۆ دەگوازمەوە:

(ئیبن ئەبی ئەصیبعە) دەڵێ: (هەموو ئەم كتێبەم لەبەر بوو، لەسەر ئەو كتێبە ڕێنماییم بە خەڵكی دەدا).

(جۆرج سارتۆن)، ناسراو بە (مێژوونوسی زانستەكان) دەڵێ: "هاوشێوەی (١٠) مەقالەكەی (حونەینی كوڕی ئیسحاق)ە و باشترین و سودمەندترین كتێبە له بواری پزیشكێتی چاودا".

ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (هیرشبرگیش) لەبارەیەوە وتویەتی: "وردترین و باشترین كتێبە بە زمانی عەرەبی نوسرابێت و، تا ئێستا بینیبێتم، لەلای ئەوروپیەكانیش تا سەرەتاكانی سەدەی (١٨)هەم لەو بوارەدا لەسەروی كتێبەكانەوە بوو[2]".

---

(١) علی عبدالله الدفاع: رواد علم الطب، ص٢٢١.

(٢) ابن ابي اصیبعة: طبقات الأطباء، ٢٥٧/٢.

گومانی تێدانییه ئەم كتێبه بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراوه، لەوانه: لەئەوروپای سەدەكانی ناوەڕاستدا وەرگێڕدرا بۆ زمانی لاتینی، پاشان وەرگێڕدراوه بۆ زمانی فارسی لەلایەن (شەمسەدینی كوڕی عەلی جورجانی) و ئێستا له كتێبخانەی (سالار جنك) له (حەیدەر ئاباد) پارێزراوه، پاشان لەساڵی (١٩٠٤ز) وەرگێڕدرا بۆ سەر زمانی توركی، دواتریش لەلایەن هەردوو ڕۆژهەڵاتناس (هیرشبرگ و لیبرت)وەرگێردرا بۆ سەر زمانی ئەڵمانی، هەروەها وەرگێڕدراوه بۆ سەر زمانی ئینگلیزی لەلایەن (كیسی وود C.Wood)، دواتریش لەلایەن (مایرهوف) ەوه چەند بەشێكی تەوەرەكانی له كتێبێكدا بەناوی: (التراكوما) بڵاوكردەوە، بەڵام بەربڵاوترین چاپەكانی ئەم كتێبه، ساڵانی (٩٠٣ك/ ١٤٩٧ز) و (٩٠٥ك/ ١٤٩٩ز) و (٩٠٦ك/ ١٥٠٠ز) له (بوندقیه)[1].

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی تذكرة الكحالین :

دانەر له كتێبەكەیدا دەڵێ: "ئەم كتێبه، كۆكراوەی زۆربەی لایەنەكانی پزیشكێتی چاوه، زۆربەی ئەو بیردۆز و چارەسەرانه دەگرێتەخۆ، كه تاوەكو ئێستا لەو بوارەدا بەدی هاتون، هەموو ئەو ڕێگایانه پیشانی دكتۆر دەدات، كەلەكاتی چارەسەركردنی نەخۆشییەكانی چاودا توشی دێن، باسكردنی سەرجەم ئەو هۆكار و بەڵگانەی دەبنه هۆی جۆراوجۆری لەچارەسەركردندا[2]".

**ئەم كتێبه له (٣) مەقالەی سەرەكی پێكهاتووه، ئەوانیش:**

مەقالەی یەكەم لەم تەوەرانه پێكهاتووه: شیكاری چینەكانی پێڵوی چاو، دەمار و ماسولكەكانی چاو و پەیوەندیان بەیەكەوه، ئەو كاریگەری و شتانەی كار له بینین دەكەن.

مەقالەی دووەم لەم تەوەرانه پێكهاتووە: نەخۆشییەكانی پێڵوی چاو: تەراخوما، قیربۆق، خارشت، سوربونی چاو، برینەكان، دروستبونی گۆشتی زیاده، دروستبونی

---

(١) مجلة التراث العربي، دمشق- العدد ٨٩. مارس/٢٠٠٣.

(٢) على عبدالله الدفاع: رواد علم الطب. ص٢٥٧

سەرەتان و گۆڕانی ڕەنگی پێست و گۆشتەکەی، دروستبونی ڕەشایی دەوری چاو.

مەقالەی سێیەم، لە چەند لێکۆڵینەوەیەك پێکهاتووە: نەخۆشییە نادیارەکانی چاو و پەیوەندیان بەیەکەوە، کەمبینی- دووربینی- نزیکبینی- شەوکوێری، نەخۆشییەکانی چینەکانی تۆڕیەکان و دەمار و جوڵەکانی چاو، چاو پارێزی و بەکارهێنانی دەرمانی تایبەت بە بەهێزکردنی[1].

**گرنگترین داهێنانەکانی ناو کتێبی (تذکرة الكحالين)**

ئەم کتێبە لە (١٢٢) بەش پێکهاتووە و چارەسەری (١٣٠) نەخۆشی چاوی تێدایە، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لەو داهێنانەی دەکەین:

- وەسفێکی تەواوەتی لەبارەی نەخۆشی شەقیقە (هۆکار و چارەسەر)ەوە کردووە، لە دوای (٨٠٠) ساڵ جا خۆرئاواییەکان لەلایەن (جونسان هجتنسن) ساڵی (١٩٨٠ز) دۆزیانەوە و پێیگەیشتن و جەختیان لەسەر ڕاستی قسەکانی ئەم زانا بەرێزە کردووە.

- ئەوەی سەلماند، ئیلتهابی خوێنبەرەکان سەردەکێشێ بۆ سیلی خوێنبەرەکان.

- چارەسەرنەکردنی شەقیقەو سەرئێشە، سەردەکێشێ بۆ دابەزینی چاو و ترسی ئەوەشی هەیە توشی نابینایی بێت.

- (د.هاملتۆن) و هاوەڵەکانی لەساڵی (١٩٧١ز) لە گۆڤارێکی پزیشکیی ئەمریکادا بابەتێکیان بڵاو کردەوە و تێیدا باسی ئیلتهابی خوێنبەرەکانی لاجانگیان کرد، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، ئەم نوسەرە ئاماژەی بە بۆچونەکانی زانای گەورە (ئیبن کەحال) کردبوو، کە چۆن و بە چ شێوازێك ڕوبەڕوی ئەو جۆرە حاڵەتانە ببینینەوە.

بۆ نمونە ئەمە تێکستێکی ئەم زانایەیە: "دەمارەکانی دەوروبەری چاو، ئەگەری توشبونیان بەو نەخۆشییە هەیە، بەڵام بە گشتی لە (٦٠)ساڵ بەرەو سەر،

---

(١) ابن ابي اصيبعة: طبقات الأطباء، ٢٥٨/٢.

نیشانه‌كانی ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌یه: سه‌رئێشه‌ت هه‌یه به‌تایبه‌ت له كاتی هه‌ستان له‌خه‌و، هه‌ستكردن به هیلاكی ماسولكه‌كان له كاتی به‌یانیان، دروستبونی كێشه‌ی بیستن، گه‌رمبونی سه‌ر و دروستبونی تا"[١].

-----------------------------
(١) د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية، ص٢٢٦-٢٢٨.

# سەرچاوەكان


**ناوی هەندێ لەو سەرچاوانەی پشتم پێ بەستون:**

- قورئانی پیرۆز و تەفسیری ئاسان

١- أ.د. محمد رضوان الداية: إبن طفيل الأندلسي و قصة حي بن يقظان

٢- أ.د.صبري الدمرداش: أبوبكر الرازي

٣- أ.د.صبري الدمرداش: إمام النباتيين ابن البيطار

٤- أ.د.عبدالشافي محمد عبداللطيف: السيرة النبوية والتأريخ الإسلامي "قراءة ورؤية جديدة"

٥- أ.م.د.رحيم حلو محمد: منهج ابن أبي اصيبعة في كتابه عيون الأنباء في طبقات الأطباء

٦- أ.وحيد نعم: ابن البيطار"شيخ العشابين"

٧- أ.وحيد نعيم: أبو القاسم الزهراوي

٨- ابراهيم مصطفي و آخرون: المعجم الوسيط

٩- ابن ابي اصيبعة: عيون الأنباء

١٠- ابن الأثير: أسد الغابة

١١- إبن الخطيب: الإحاطة في أخبار غرناطة

١٢- ابن العبري: مختصر الدول

١٣- ابن العماد: شذرات

١٤- ابن القفطي: تأريخ الحكماء

١٥- ابن النديم: الفهرست

١٦- ابن النفيس: الموجز الطب

١٧- ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة

١٨- ابن تومرت: كنز العلوم والدر المنظوم

١٩- ابن جبير: الرحلة
٢٠- ابن جلجل: طبقات الأطباء و الحكماء
٢١- ابن حبان السبتي: المجروحين من المحدثين والضعفاء والمتروكين
٢٢- ابن حجر العسقلاني: الإصابة في تمييز الصحابة
٢٣- ابن حجر: الدرر الكامنة
٢٤- إبن خلكان: وفيات الأعيان
٢٥- ابن زهر: التيسير في المداواة والتدبير
٢٦- إبن سعد: الطبقات الكبري
٢٧- ابن سينا: القانون
٢٨- ابن طفيل: حي بن يقظان
٢٩- ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب
٣٠- ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق
٣١- ابن قتيبة الدينوري: عيون الأخبار
٣٢- ابن كثير: البدايةوالنهاية
٣٣- ابن منظور: لسان العرب
٣٤- ابن هشام: السيرة النبوية
٣٥- أبو الفتوح: ابن البيطار الأندلسي أعظم صيدلي في الإسلام
٣٦- أبو الفضل: اضواء علي النشاط العلمي في الأندلس
٣٧- ابو المحاسن: النجوم
٣٨- أبو عبيد البكري: جغرافية الأندلس وأوروبا (من كتاب المسالك والممالك
٣٩- أحمد بن محمد المقري التلمساني: نفخ الطيب من غض الأندلس الرطيب
٤٠- أحمد شوكت: تاريخ الطب وآدابه وأعلامه
٤١- احمد عطية الله: القاموس الاسلامي
٤٢- أحمد عيسي بك: معجم الأطباء
٤٣- أحمد عيسي: تأريخ البيمارستانات
٤٤- أحمد عيسي: تأريخ النبات عند العرب
٤٥- أحمد فؤاد باشا: التراث العلمي للحضارة الإسلامية ومكانته في تأريخ العلم والحضارة

٤٦- ارثر كرستنس: ايران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيي الخشاب
٤٧- الأصبهاني: معرفة الصحابة
٤٨- امين سلامة: معجم الأعلام في الأساطير اليونانية و الرومانية
٤٩- آنجل جنثالث بالنثيا: تأريخ الفكر الأندلسي
٥٠- اوديسة: هوميروس، ترجمة: امين سلامة
٥١- باقر أمين الورد: معجم العلماء العرب
٥٢- البغدادي: هدية العارفين
٥٣- البلاذري: أنساب الأشراف
٥٤- توماس ارنولد: تراث الإسلام
٥٥- الجاحظ: البيان والتبيين
٥٦- جان شارل سورنيا: تأريخ الطب، ترجمة:د.ابراهيم البجلاتي
٥٧- جلال مظهر: حضارة الإسلام وأثرها في الترقي العالمي
٥٨- جواد علي: العرب قبل الإسلام
٥٩- جورج سارتون: تأريخ العلم
٦٠- جوستاف لوبون: حضارة العرب
٦١- حاجي خليفة: كشف الظنون
٦٢- حسين مؤنس: رحلة الأندلس
٦٣- حسين مؤنس: فجر الاندلس، دراسة في تأريخ من الفتح الإسلامي إلي قيام الدولة الاموية
٦٤- حمادة: المكتبات في الإسلام
٦٥- الحميري: الروض المعطار
٦٦- الخطابي: الطب و الأطباء
٦٧- الخطيب البغدادي: تأريخ بغداد
٦٨- د. أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام
٦٩- د. سامي سعيد الآحمد: السومريون
٧٠- د. نهاد عباس زينل: الإنجازات العلمية للأطباء في الأندلس
٧١- د. يوليوس جيار: الطب والتحنيط في عهد الفراعنة، ترجمة: أنطون زكري
٧٢- د.أحمد عكاشة: الطب النفسي المعاصر

٧٣- د.أحمد محمد عوف: صناع الحضارة العلمية في الإسلام
٧٤- د.أرشيد يوسف بن أرشيد: الحضارة الإسلامية
٧٥- د.إسماعيل راحب الفاروقي- د. لوس لمياء الفاروقي:أطلس الحضارة الإسلامية
٧٦- د.اوارد جي.براون: الطب العربي
٧٧- د.أيمن أبو الروس: الإغريق (شعوب العالم القديم)
٧٨- د.جابر عزيز الشكري: تأريخ العلم الكيمياء
٧٩- د.حسن بيعي: أساسيات الطب
٨٠- د.راغب السرجاني: قصة العلوم الطبية
٨١- د.رشيد الجميلي: الترجمة في المشرق الإسلامي
٨٢- د.زكريا سليمان البيومي: قراءة جديدة في تأريخ العثمانيي
٨٣- د.سامي خلف حمارنة: أبو الفرج ابن القف
٨٤- د.سليم الحسني: ١٠٠١اختراع
٨٥- د.سيد محمد السيد محمود: تأريخ الدولة العثمانية
٨٦- د.شوقي أبو خليل: علماء الأندلس إبداعاتهم المتميزة و أثرها في النهضة الأوروبية
٨٧- د.طارق السويدان: الأندلس (تاريخ المصور)
٨٨- د.طارق بن علي الحبيب: الطب النفسي في بلاد المسلمين
٨٩- د.طة عبدالمقصود أبو عبية: الحضارة الإسلامية
٩٠- د.طه اسحاق الكيالي: تأريخ الطب والأطباء
٩١- د.عاطف العراقي: الميتافيزيقا في فلسفة ابن طفيل
٩٢- د.عبدالأمير شمس الدين: الفكر التربي عند ابن طفيل
٩٣- د.عبدالرحمن أقرع: تاريخ الطب الصيني
٩٤- د.عبدالرؤف ثابت: مفهوم الطب النفسي
٩٥- د.عبدالكافي توفيق المرعب: أبقراط الطبيب
٩٦- د.عمر فروخ: إبن طفيل و قصة حي بن يقظان
٩٧- د.فاضل الطائي: علماء الكيمياء
٩٨- د.فاضل محمد الطائي: الوجيز الصحة الكيمياء عند العرب
٩٩- د.قيس جواد العزاوي: الدولة العثمانية قراءة جديدة لعوامل الإنحطاط
١٠٠- د.كمال السامرائي: مختصر تأريخ الطب العربي

١٠١- د.محمد حرب: العثمانيون في التأريخ والحضارة
١٠٢- د.محمد زهير البابا: تأريخ وتشريع وآداب الصيدلة
١٠٣- د.محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب
١٠٤- د.محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب
١٠٥- د.محمد كامل حسين: الموجز في تأريخ الطب والصيدلة عند العرب
١٠٦- د.محمد محمد زيتون: القيروان ودورها في الحضارة الاسلامية
١٠٧- د.مفتاح يونس الرباصي: المؤسسات التعليمية في العصر العباسي الأول
١٠٨- د.نشأت حمارنة، دور العرب في تطور طب العيون
١٠٩- دكتور سيف الدين كاتب: اطلس تاريخ العرب والإسلام
١١٠- دكتور شوقي ابوخليل: اطلس التاريخ العربي الإسلامي
١١١- دندش: الأندلس نهاية المرابطين
١١٢- دويدار: المجتمع الأندلسي
١١٣- الذهبي: تأريخ الإسلام
١١٤- الذهبي:سيرأعلام النبلاء
١١٥- الرازي: الطب الروحاني
١١٦- الرازي: صيدلية التداوي من كتاب الحاوي، شرحه: محسن عقيل
١١٧- رقيط: الرعاية الصحية والرياضة في الإسلام
١١٨- زامباور: معجم الأنساب والأسرات الحاكمية في التاريخ الاسلامي
١١٩- الزركلي: الاعلام
١٢٠- الزمخشري: المستقصي في أمثال العرب
١٢١- الزهراوي: التصريف
١٢٢- الزهري: كتاب الجغرافية، تحقيق: محمد حاج صادق
١٢٣- زهير حميدان: أعلام الحضارة العربية الاسلامية في العلوم الأساسية والتطبيقية
١٢٤- زيغريد هونكه: شمس العرب
١٢٥- س.ن.كريمر: هنا بدأ التأريخ (حول الأصالة في حضارة وادي الرافدين)، ترجمة: ناجية المرايني
١٢٦- سالم:الطب الإسلامي بين العقيدة والإبداع
١٢٧- السبكي: طبقات الشافعية

١٢٨- ستانلي لين بول: الدول الإسلامية
١٢٩- ستانلي لين بول: قصة العرب في اسبانيا
١٣٠- ستيفاني مارستون: دروس من الحياة للمرأة
١٣١- سعيد الديوه جي: الموجز في الطب العربي
١٣٢- السموأل بن يحيي: إفحام اليهود وقصة إسلام السموأل ورؤياه النبي
١٣٣- سميرة الجبوري: الدولة السلجوقية منذ قيامها
١٣٤- السيد عبدالعزيز سالم: تأريخ المسلمين وآثارهم في الأندلس
١٣٥- السيوطي: الباحة في السباحة
١٣٦- السيوطي: حسن المحاضرة
١٣٧- شهرستاني: الملل و النحل
١٣٨- شيخ عبدالحي الكتاني: نظام الحكومة النبوية
١٣٩- الشيخ كامل محمد محمد عويضة: أبوبكر الرازي-فيلسوف و الطبيب
١٤٠- الصابوني: تكملة إكمال الإكمال
١٤١- الصابوني: تكملة إكمال الإكمال
١٤٢- الصفدي: الوافي بالوفيات
١٤٣- صلاح الدين خليل بن أيبك الصفدي: الوافي بالوفيات
١٤٤- الطبري: تأريخ الطبري
١٤٥- ظافر القاسمي: نظام الحكم في الشريعة والتأريخ
١٤٦- عامر النجار: في تأريخ الطب في الدولة الإسلامية
١٤٧- عبدالحميد محمود طهماز: السيدة عائشة
١٤٨- عبدالرحمن حجي: التأريخ الأندلسي
١٤٩- عبدالسلام عبدالعزيز فهمي: السلطان محمد فاتيح
١٥٠- عبدالله سندة: ابن طفيل (وزير و طبيب و فيلسوف الموحدين)
١٥١- عبدالله سندة: أبو القاسم الزهراوي "جراح العرب الأول"
١٥٢- عبدالله سندة: آل "ابن زهر الأندلسي"
١٥٣- عبدالله سندة: يوحنا بن ماسوية
١٥٤- عبدالمنعم الهاشمي: علماء وعباقرة المسلمون
١٥٥- عبدالواحد المراكشي: المعجب تلخيص أخبار المغرب

١٥٦- العسقلاني: الإصابة
١٥٧- العقاد: إبن سينا
١٥٨- عكاوي: الموجز في تأريخ الطب عند العرب
١٥٩- علي بن نايف الشحود: مشاهير النساء المسلمات
١٦٠- علي إبراهيم النملة: الوراقة وأشهر الوراقين
١٦١- علي بن عبدالله الدفاع: رواد علم الطب في الحضارة الاسلامية
١٦٢- علي عبدالله الدفاع: إسهام علاء العرب والمسلمين في الصيدلة
١٦٣- علي مولا: شريعة حمورابي، ترجمة: محمود أمين
١٦٤- عمر فروخ: تأريخ العلوم عند العرب
١٦٥- عنان: دولة الإسلام في الأندلس
١٦٦- غادة الكرمي: كناش في الطب من القرون الوسطي
١٦٧- فاضل خليل ابراهيم: خالد بن يزيد سيرته و اهتمامه العلمية
١٦٨- فتحية جلال علام: الكندي فيلسوف العرب
١٦٩- فرانكو: تطور الطب في الأندلس
١٧٠- فرحات: معجم الحضارة الأندلسية
١٧١- فؤاد حمدو الدقس: ابن أبي اصيبعة
١٧٢- فؤاد حمدو الدقس: ابن النفيس
١٧٣- فؤاد حمدو الدقس: ابن جزار
١٧٤- فؤاد حمدو الدقس: ابن زهر
١٧٥- فؤاد حمدو الدقس: الإنطاكي
١٧٦- فؤاد حمدو الدقس: الزهراوي
١٧٧- فيليب لامارك: *الموسوعة التأريخية المصورة، مصر القديمة*، ترجمة: جوزف منصور
١٧٨- القزويني: آثار البلاد وأخبار العباد
١٧٩- الكتاني: التراتيب الإدارية
١٨٠- ليفي بروفنسال: الشرق الإسلامي والحضارة العربية الأندلسية
١٨١- ليونارد كوتريك: الحياة في عهد الفراعنة، ترجمة: شفيق اسعد فريد
١٨٢- مالك: الموطأ

١٨٣- محمد الصادق عفيفي: تطور الفكر العلمي عند المسلمين
١٨٤- محمد سهيل طقوش: تأريخ المسلمين في الأندلس
١٨٥- محمد عبدالله عنان : دولة الإسلام في الأندلس
١٨٦- محمد عبدالله عنان: دولة الإسلام في الأندلس، العصر الرابع- نهاية الأندلس وتأريخ العرب المنتصرين
١٨٧- محمد فتحي صبري: الشيخ الرئيس إبن سينا
١٨٨- محمد كرد علي: غابر الأندلس وحاضرها
١٨٩- محمود الحاج القاسم: الموجز لما أضافة العرب في الطب
١٩٠- محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين
١٩١- محمود الحاج قاسم: الطب عند العرب والمسلمين ومساهمات
١٩٢- محمود عصام الميداني: الاطلس التاريخي (مصورات ولمحات من تاريخ العرب والاسلام
١٩٣- المراكشي: المعجب في تلخيص أخبار المغرب
١٩٤- المقري: نفح الطيب
١٩٥- المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء
١٩٦- مونتكمري واط: في تأريخ اسثانيا الإسلامية
١٩٧- النباهي: تأريخ قضاة الأندلس
١٩٨- نجيب عبدالرحمن حكمت: دراسات في تأريخ العلوم عند العرب
١٩٩- الهوني: تأريخ الطب في الحضارة العربية الإسلامية
٢٠٠- الواقدي: المغازي
٢٠١- ول ديورانت : قصة الحضارة
٢٠٢- ياقوت الحموي: معجم البلدان

# ناوەڕۆك


پێشکەشە .......... ٥
بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان .......... ٧
پزیشکێتی لە میللەتە دێرینەکاندا .......... ١٣
پزیشکێتی میسۆپۆتامیا .......... ١٤
پزیشکێتی میسریە کۆنەکان .......... ١٩
پزیشکێتی چینییەکان .......... ٢٥
پزیشکێتی هیندییەکان .......... ٢٩
پزیشکێتی یۆنانییەکان .......... ٣٣
پزیشکێتی ڕۆمییەکان(١٠٠پ.ز-٣٦٤ز) .......... ٣٩
پزیشکێتی بێزەنتیەکان .......... ٤٣
پزیشکێتی ساسانییەکان .......... ٤٧
پزیشکێتی عەرەب لەسەردەمی نەفامیدا .......... ٥١
پزیشکێتی لەدەورانی مێژووی ئیسلامدا (١) .......... ٥٥
پزیشکێتی لە دەورانی پێغەمبەروخەلیفەکانی ڕاشدیندا .......... ٥٥
پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بنیاتنەری شارستانییەت .......... ٥٧
پزیشکێتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) .......... ٦٣
یەکەم: گەڕان بەدوای زانستدا: .......... ٦٣
دووەم: شێوازی خواردن : .......... ٦٤
سێیەم: گرنگیدان بەجۆرەکانی خواردن: .......... ٦٤
چوارەم: ڕۆژوو : .......... ٧١
پێنجەم: پاك و خاوێنی : .......... ٧٢
شەشەم: وەرزش : .......... ٧٤
حەوتەم: تاعون (چاوەقوڵە) : .......... ٧٦
هەشتەم: کەڵەشاخ : .......... ٧٧
نۆیەم: لایەنی دەروونیی : .......... ٧٨
پزیشکانی دەوری پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) .......... ٧٩

پزیشـکـێتی لەدەورانی خەلیفەکانی ڕاشیدیندا .......................................... ٨١
پزیشکێتی لەدەورانی مێژووی ئیسلامدا (٢)............................................. ٨٥
پزیشکێتی له دەورانی ئەمەویدا ................................................... ٨٥
بارودۆخی سیاسی.......................................................................... ٨٧
پزیشکێتی له دەورانی ئەمەویدا ................................................... ٨٩
نەخۆشخانەی گولەکان................................................................... ٩٢
بەناوبانگترین پزیشکانی ئەم دەورەیە: ............................................ ٩٤
پزیشکێتی لەدەورانی مێژووی ئیسلامدا (٣)............................................. ٩٧
پزیشکێتی له دەورانی عەباسیدا.......................................................... ٩٧
بارودۆخی سیاسی.......................................................................... ٩٩
پزیشکێتی له دەورانی عەباسیدا.......................................................... ١٠٥
سەرەتاکانی پزیشکێتی له دەوڵەتی عەباسیدا.......................................... ١٠٧
سەرهەڵدانی زانکۆ ......................................................................... ١٠٩
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەکان ............................................. ١١٢
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (نوری) لەحەلەب : ..................... ١١٢
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی عەتیق (ئەخشیدی) : .......... ١١٢
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (سەقستین) : ..................... ١١٣
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (خەواریزم) : ..................... ١١٣
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی ناصری (سەڵاحی) : ..................... ١١٣
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (عەزدی) : ............................ ١١٥
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی میافارقین : ............................ ١١٩
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (ساڵحیە) له میسر: ..................... ١٢٠
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (نوری گەورە) : ..................... ١٢٠
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (ئەنتاکیا) : ............................ ١٢٦
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (ڕەقە) :........................................ ١٢٦
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (موقتەدری) : ..................... ١٢٦
بەناوبانگترین پزیشکانی نەخۆشخانەی (مەڕاکیش) : ..................... ١٢٦

بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (شیراز) : ........................ ١٢٧
بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (ئەسفەهان) : ........................ ١٢٧
بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (ڕەی) : ........................ ١٢٧
بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (قەمیری) : ........................ ١٢٧
بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (جەبەل) : ........................ ١٢٧
بەناوبانگترین پزیشكانی نەخۆشخانەی (قودس) : ........................ ١٢٨
پزیشكێتی لەدەورانی مێژووی ئیسلامدا (٤)........................ ١٢٩
پزیشكێتی له دەورانی ئەندەلوسدا........................ ١٢٩
دەروازە ........................ ١٣١
وشەی ئەندەلوس ........................ ١٣٦
جوگرافیای ئەندەلوس ........................ ١٤٠
ئاووهەوای ئەندەلوس........................ ١٤١
بارودۆخی ئەندەلوس ........................ ١٤٢
پێش چونی موسڵمانەكان........................ ١٤٢
مێژووی موسڵمانان له ئەندەلوس ........................ ١٤٥
هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ........................ ١٥٥
بزوتنەوەی فیكری له ئەندەلوس:........................ ١٥٥
پزیشكێتی له ئەندەلوس ........................ ١٦٤
پزیشكێتی له نیوە دورگەی (ئیبریە) پێش فەتحی ئیسلامی : ........................ ١٦٤
پزیشكێتی ئەندەلوس لەدەورانی والیەكاندا : ........................ ١٦٥
پزیشكێتی ئەندەلوس له دەورانی ئیمارەتدا : ........................ ١٦٦
پزیشكێتی له دەورانی خیلافەتی ئەمەوی له ئەندەلوس دا : ........................ ١٧١
پزیشكێتی له دەوڵەتی عامریدا : ........................ ١٨٠
پزیشكێتی لەدەورانی دەوڵەتۆكە و خێڵەكاندا : ........................ ١٨٤
پزیشكێتی لەدەورانی موڕابتیندا : ........................ ١٨٨
پزیشكێتی له دەورانی موەحیدیندا : ........................ ١٩٣
پزیشكێتی له دەورانی شانشینی غەرناتەدا : ........................ ١٩٥

هەندێ لەداهێنانەكانی پزیشكانی ئەندەلوس :.................................... ٢٠٠
بەناوبانگترین پزیشكانی ئەندەلوس.................................... ٢٠٢
پسپۆڕی پزیشكانی ئەندەلوس.................................... ٢٠٥
پزیشكێتی لە دەورانی مێژووی ئیسلامدا (٥).................................... ٢٠٧
پزیشكێتی لە دەورانی عوسمانیدا.................................... ٢٠٧
بارودۆخی سیاسی.................................... ٢٠٩
پزیشكێتی لە دەورانی عوسمانی .................................... ٢١٤
دامەزراوە زانستیەكان لەدەوڵەتی عوسمانیدا.................................... ٢١٥
ڕێزگرتن و پارێزگاریكردنی زانا و بیرمەندان لەدەوڵەتی عوسمانیدا .......... ٢١٧
خزمەتگوزاری و دامەزراوە كۆمەڵایەتیەكان لەدەوڵەتی عوسمانیدا :.......... ٢١٨
نەخۆشخانەكان :.................................... ٢١٩
پسپۆڕێتیەكان لە پزیشكێتی شارستانییەتی ئیسلامیدا .................... ٢٢٣
پزیشكێتی چاو .................................... ٢٢٦
پزیشكێتی نەشتەرگەری .................................... ٢٣٢
دەرمانسازیی .................................... ٢٣٩
پزیشكێتی دەروونیی .................................... ٢٦٠
نەخۆشخانەكان.................................... ٢٧٥
پێناسەی نەخۆشخانە لە جیهانی ئیسلامیدا.................................... ٢٧٧
سەرهەڵدانی نەخۆشخانەكان .................................... ٢٧٩
ڕۆڵی دەوڵەتە سەربەخۆكانی دەورانی عەباسی .................................... ٢٩١
١- دەوڵەتی ئەغالیبە :.................................... ٢٩١
٢- دەوڵەتی تاهیری: .................................... ٢٩١
٣- دەوڵەتی تۆڵۆنی: .................................... ٢٩٢
٤- دەوڵەتی ئەخشیدی: .................................... ٢٩٤
٥- دەوڵەتی فاتمی:.................................... ٢٩٤
٦- دەوڵەتی زەنكی و ئەییوبی:.................................... ٢٩٥
٧- دەوڵەتی سەلجوقی: .................................... ٢٩٦

ڕۆڵی میر و وەزیرەكان لە دروستكردنی نەخۆشخانەكاندا ........................ ٢٩٨
داهـــێنانەكان ........................................................................ ٣٠٢
یەكەم: نەخۆشخانەی فێركاری :......................................................... ٣٠٢
دووەم: دژایەتی خورافات ............................................................. ٣٠٣
سێیەم: پێشكەشكردنی خزمەتگوزاری بە سوپا....................................... ٣٠٤
چوارەم: بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی پزیشكان...................................... ٣٠٤
پێنجەم: چارەسەری ئەهلی زممە....................................................... ٣٠٥
نەخۆشخانەكانی جیهانی ئیسلامی....................................................... ٣٠٦
یەكەم: نەخۆشخانە جێگیرەكان.......................................................... ٣٠٦
دووەم: نەخۆشخانە گواستراوەكان (بەرزكراوەكان) : .................... ٣١٠
گرنگترین سیفاتەكانی پزیشك و كارمەندانی.......................................... ٣١٣
نەخۆشخانە لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ............................................... ٣١٣
گرنگترین نەخۆشخانەكان.............................................................. ٣١٥
لە جیهانی ئیسلامیدا...................................................................... ٣١٥
نەخۆشخانەكانی وڵاتی میسر : .......................................................... ٣١٥
نەخۆشخانەكانی عێراق و جەزیرە :..................................................... ٣٢٠
نەخۆشخانەكانی وڵاتی شام :............................................................ ٣٢٥
نەخۆشخانەكانی نیمچە دورگەی عەرەبی :............................................ ٣٣٠
نەخۆشخانەكانی ئێران : ................................................................ ٣٣٠
نەخۆشخانەكانی وڵاتی ڕۆم (ئەنادۆڵ) :............................................... ٣٣٣
نەخۆشخانەكانی مەغریب : ............................................................. ٣٣٥
پزیشكێتی لەنێو ئافرەتانی موسڵماندا ................................................. ٣٣٩
پزیشكە ئافرەتەكانی دەورانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) .................................. ٣٤١
١- خاتو عائیشە (دایكی ئیمانداران) :.................................................. ٣٤٢
٢- خاتو شیفا كچی عبدالله:............................................................ ٣٤٣
٣- خاتو كەعیبە كچی سەعد ئەسلەمیەی خەزرەجی ئەنساری : ........ ٣٤٣
٤- ئەسمای كچی ئەبوبەكر :............................................................. ٣٤٤

٥- فاتیمەی كچی موحەممەد (صلى الله عليه وسلم): ........................ ٣٤٥
٦- ئوم عەتیەی ئەنساری: ........................................................ ٣٤٥
٧- ئوم ئەیمەن:........................................................................ ٣٤٥
٨- ئوم سەلیم:......................................................................... ٣٤٥
٩- ئومیەی كچی قەیسی كوڕی سەڵتی غەفاری: ......................... ٣٤٦
١٠- ڕەبیعەی كچی موعیزی كوڕی عەفرائی ئەنساری: ........................ ٣٤٦
١١- موعازەی غەفاری :............................................................. ٣٤٧
١٢- ئوم سینانی ئەسلەمیە:........................................................ ٣٤٧
تیشكێك لەسەر پێگەی ئافرەت لە شارستانییەتی ئیسلامیدا ................. ٣٤٨
- زوبێدە خاتون (باوكی خەلیفە و مێردی خەلیفە و كوڕی خەلیفە) .......... ٣٤٨
- خەیزەران (دایكی دوو خەلیفە):................................................ ٣٥١
- شەغەب (دایكی خەلیفە موقتەدیر): ........................................... ٣٥١
- فاتیمەی كچی عەلی عەتتاری (خۆشنوس): .................................. ٣٥١
- ست نەسیم (خۆشنوسی ناسرەدینللا):......................................... ٣٥٢
--ئافرەتانی فەرمودەناس:.......................................................... ٣٥٢
- كۆڕگێڕان:............................................................................ ٣٥٣
- مامۆستایان:.......................................................................... ٣٥٣
پزیشكە ئافرەتەكانی ئەم شارستانییەتە........................................... ٣٥٦
- زومڕود خاتون (دامەزرێنەری یەكەم نەخۆشخانەی سەربازیە) ........... ٣٥٦
- نوسەیبە سوڵتان:.................................................................... ٣٥٧
- جاریەكەی ئەبو عبداللەی كنانی :.............................................. ٣٥٨
ناودارترین پزیشكانی ئەم شارستانییەتە.......................................... ٣٦١
ئیبن سینا (٣٧٠ - ٤٢٨ك / ٩٨٠ - ١٠٣٧ز) ..................... ٣٦٣
ئیبن سینا كێیە ؟!..................................................................... ٣٦٤
پێگەیشتن و گەورەبونی : ........................................................... ٣٦٥
لە كۆشكی ئەمیردا :................................................................. ٣٧٠
چونی بۆ خەوارزم:.................................................................... ٣٧٢

چونی بۆ دەوڵەتی زیاریە :........................................................ ٣٧٣
چونی بۆ هەمەدان :........................................................ ٣٧٣
چونی بۆ ئەسفەهان :........................................................ ٣٧٥
شێخی پزیشك :........................................................ ٣٧٥
ئــەدیـب :........................................................ ٣٧٧
دانراوەكــانی :........................................................ ٣٧٨
ئیبن سینا ..... پرۆگرامێكی نوێ ........................................................ ٣٨٣
دژایەتیكردنی :........................................................ ٣٨٨
ڕاستكردنەوەی هەڵە مێژووییەكانی فیلمی (پزیشك) ........................ ٣٩١
كۆتــایی ژیــانی :........................................................ ٣٩٨
ئەبوبەكری ڕازی (٢٥٠-٣١١ك/ ٨٦٤-٩٢٣ز) ........................................ ٤٠٣
(ڕازی) كێیــە؟!........................................................ ٤٠٤
كەسێتی و ڕەوشتی :........................................................ ٤٠٥
هەوڵەكانی بەرەو زانست :........................................................ ٤٠٦
دروستكردنی زێڕ!........................................................ ٤٠٩
پرۆگرامی ڕازی لە بواری پزیشكیدا :........................................................ ٤١١
دۆزینەوە و داهێنانەكانی لەبواری پزیشكیدا:........................................................ ٤١٢
لەبواری كیمــیادا :........................................................ ٤١٤
كتێبەكانی لەبواری پزیشكیدا :........................................................ ٤١٦
ڕازی... لەبەردەم ئەزمونەكانیدا :........................................................ ٤٢١
پزیشكیی ڕۆحانی :........................................................ ٤٢٤
دژایــەتیكــردنی :........................................................ ٤٢٨
كـۆتـــایی :........................................................ ٤٣٠
لەگرنگترین وتە پزیشكیەكانی :........................................................ ٤٣٢
ئیبـن بەیتار (٥٩٦-٦٤٦ك/ ١١٩٩-١٢٤٨ز)........................................................ ٤٣٣
ئیبن بەیتار كێیە؟!........................................................ ٤٣٤
ڕەوشت و هەڵسوكەوتی :........................................................ ٤٣٥

سەردەمەکەی :........................................................................ ٤٣٥
مـامۆسـتاکانی :...................................................................... ٤٣٦
ئیبن بەیتار و ڕووەکناسیی:.......................................................... ٤٣٨
گـەشـتەکانی :....................................................................... ٤٣٩
قـوتـــابیـەکـانی :.................................................................... ٤٤١
دانــراوەکــانی : ...................................................................... ٤٤٢
داهێنانە زانستیەکانی : ............................................................... ٤٤٦
بۆچونی زانایانی ڕۆژئـاوا :........................................................... ٤٤٨
شەهیدی لێکۆڵینەوەی زانستی : ................................................... ٤٤٩
ئیبن نەفیس (٦٠٧-٦٨٧ك/ ١٢١٠-١٢٨٨ز)....................................... ٤٥١
ئیبن نەفیس کێیە؟!..................................................................... ٤٥٢
شـێـوە و کەسێتی :.................................................................... ٤٥٣
هەوڵەکانی بۆ زانست:................................................................. ٤٥٣
کـتـێـبـەکانی :........................................................................ ٤٥٦
ئیبن نەفیس و حەمام :............................................................... ٤٥٩
زانـــای لێکۆڵەر :...................................................................... ٤٥٩
سـوڕی خــوێـن :..................................................................... ٤٦٠
کۆتاییەکانی ژیانی لە میسر :......................................................... ٤٦٣
زەهـــــراوی (٣٢٥-٤٠٤ك/ ٩٣٦-١٠١٣ز)......................................... ٤٦٥
زەهراوی کێیە؟!........................................................................ ٤٦٦
پزیشکیی وڵاتی عەبدولڕەحمانی سێهەم بوو!..................................... ٤٦٧
پزیشکیی نەشتەرگەر :................................................................ ٤٦٩
ئینسکلۆپیدیای پزیشکیی :........................................................... ٤٧١
دەستکەوت و داهێنانەکانی :......................................................... ٤٧٣
شیکردنەوەی ئینسکلۆپیدیاکەی زەهراوی:......................................... ٤٧٦
کیندی (١٨٥-٢٦٠ك/ ٨٠٥-٨٧٣ز) ............................................... ٤٨٧
کیندی کێیە؟! ......................................................................... ٤٨٨

گه‌شه‌ی فیکری : ........................................................................ ٤٨٩
کـیندی.. داهـێنان کار : ............................................................. ٤٩١
چه‌ند وته‌یه‌کی ئه‌م زانا گه‌وره‌یه:.................................................... ٤٩٩
حونه‌ینی کوڕی ئیسحاق (١٩٤-٢٦٤ك/ ٨٠٩-٨٧٧ز) ...................... ٥٠١
حونه‌ینی کوڕی ئیسحاق کێیه؟!.......................................................... ٥٠٢
(حونه‌ین) و کاری پزیشکێتی : ......................................................... ٥٠٣
(حونه‌ین) و کاری وه‌رگێڕان : ......................................................... ٥٠٤
دانراوه‌کانی له بواری زانستی پزیشکێتی وچاودا ................................. ٥٠٦
داودی ئینتاکی (٩٤٢-١٠٠٨ك / ١٥٣٥-١٥٩٩ز) .............................. ٥٠٩
داودی ئینتاکی کێیه؟! ..................................................................... ٥١٠
به‌ده‌ستهێنانه‌کانی : ......................................................................... ٥١٠
دانـــراوه‌کـانی : .............................................................................. ٥١١
پاکوخاوێنی و خۆشوشتن له‌دیدی ئینتاکیه‌وه :.................................. ٥١٣
کێشه ده‌روونییه‌کان :........................................................................ ٥١٣
عه‌لی کوڕی عه‌باسی مه‌جوسی (سه‌ده‌ی ٤-٥ك/ ١٠-١١ز) ................... ٥١٧
ئبن عه‌باسی مه‌جوسی کێیه؟!.............................................................. ٥١٨
کتێبی مه‌له‌کی .... كامل الصناعة الطبية : ........................................ ٥١٩
عه‌مار موسڵی **(سه‌ده‌ی ٤-٥ك/ ١٠-١١ز)** ....................................... ٥٢٥
عه‌مار موسڵی کێیه؟! ...................................................................... ٥٢٦
دۆزینه‌وه و داهێنانه‌کانی له پزیشکێتی چاودا :................................... ٥٢٧
نه‌جیب سه‌مه‌رقه‌ندی (سه‌ده‌ی ٦-٧ك/ ١٢-١٣ز) .............................. ٥٢٩
نه‌جیب سه‌مه‌رقه‌ندی کێیه؟!.............................................................. ٥٣٠
دانراو و به ده‌ستهێنانه زانستیه‌کانی :............................................... ٥٣٠
سمۆئێل کوڕی یه‌حیای مه‌غریبی.......................................................... ٥٣٣
سمۆئێل کوڕی یه‌حیا کێیه؟!.............................................................. ٥٣٤
یوحه‌ننای کوڕی ماسویه (١٩٠-٢٤٣ك/ ٨٠٤-٨٥٧ز) ........................ ٥٣٧
ئبن ماسویه کێیه؟!.......................................................................... ٥٣٨

کەسایەتی و وتەکانی :........................................................... ٥٣٩
بەدەستهێنانە زانستیەکانی :................................................... ٥٤٠
دانـــراوەکانی :.................................................................. ٥٤١
ئیبن جزار قەیرەوانی (٢٩٣-٣٧٣ك/ ٩٠٦-٩٨٤ز) ........................ ٥٤٥
ئیبن جزار کێیە؟!............................................................. ٥٤٦
ڕوداوێکی گرنگ لە ژیانی (ئیبن جزار)دا...................................... ٥٤٧
دانـــراوەکانی :.................................................................. ٥٤٨
کتێبە پزیشکیەکانی :........................................................... ٥٤٩
گرنگترین دانراوە ناپزیشکیەکانی :............................................ ٥٥٢
ئیبن ڕیزوانی میسری (٣٧٧-٤٥٢ك/ ٩٨٨-١٠٦١ز) ........................ ٥٥٣
ئیبن ڕیزوان کێیە؟!........................................................... ٥٥٤
ژیـــانی تـــایبەتی :............................................................ ٥٥٦
دانـــراوەکانـی :................................................................ ٥٥٦
چیرۆکی مشتومڕەکانی ئەم زانایە :............................................. ٥٥٩
ئیبـن زوهـــر (٤٦٤-٥٧٧ك/ ١٠٧٢-١١٦٢ز)................................. ٥٦١
ئیبن زوهر کێیە؟!............................................................. ٥٦٢
بەدەست هاتووە زانستیەکانی :................................................ ٥٦٤
ئیبـن توفـــەیـل (٥٠٦-٥٨١ك/ ١١١٠-١١٨٥ز)............................. ٥٦٥
ئیبن توفەیل کێیە؟!........................................................... ٥٦٦
شوێن لەژیانی (ئیبن توفەیل)دا :.............................................. ٥٦٧
سەردەمی ئیبن توفەیل :........................................................ ٥٦٨
پەیوەندی لەگەڵ ئەبی یەعقوب دا :........................................... ٥٦٩
بنەماڵەی ئیبن توفەیل :........................................................ ٥٧٠
کـارو پۆســتەکانی :............................................................ ٥٧٢
مامۆستایان و قوتابیانی :........................................................ ٥٧٢
دانـــراوەکـــانی :................................................................ ٥٧٤
چیرۆکی (زیندووی بێدار ) :.................................................... ٥٧٨

ئبن مەندویەی ئەسفەهانی (سەدەی ٤ك/١٠ز)........................................ ٥٨٣
ئبن مەندویەی ئەسفەهانی کێیە؟! .............................................. ٥٨٤
ئبن ئەبی ئەصیبعە (٥٩٨-٦٦٨ك/ ١٢٠٠-١٢٧٠ز) ........................................ ٥٨٩
ئبن ئەبی ئەصیبعە کێیە؟!........................................................ ٥٩٠
گەشەی فیکری : ..................................................................... ٥٩١
خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی (عيون الأنباء في طبقات الأطباء): ........................ ٥٩٢
ئیبن کەحال (سەدەی ٤-٥ك/١٠-١١ز)................................................ ٥٩٧
ئبن کەحال کێیە؟!................................................................ ٥٩٨
داناراوەکانی : ...................................................................... ٥٩٩
خوێندنەوەیەك بۆ کتێبی تذكرة الكحالين : ........................................ ٦٠٠
سەرچاوەکان ....................................................................... ٦٠٣

# پێرستەوشە

ئ

ئەبوقاسمی زەهراوی ٤٧٤
ئەخشیدی ١١٢، ٢٩٤، ٣١٦، ٤٥٥، ٦١٢، ٦١٤
ئەسفەهان ١١٦، ١٢٧، ٣٣١، ٣٧٥، ٣٨٨، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٥، ٣٩٦، ٥٨٤، ٦١٣، ٦١٧
ئەسمای کچی ئەبوبەکر ٣٤٤، ٦١٥
ئەغالیبە ٢٩١، ٦١٤
ئەمەوی ١٠، ٨٩، ٩٠، ٩١، ٩٢، ٩٦، ٩٩، ١٤٩، ١٦٠، ١٦٦، ١٧١، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٣، ٢٦٤، ٢٩٤، ٣٠٧، ٥٦٨، ٦١٣
ئەنادۆل ١٠٤، ٢١٤، ٣٣٣، ٦١٥
ئەنتاکیا ١٢٦، ٦١٢
ئەندەلوس ٨٨، ١٠٠، ١١٣، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١، ١٥٥، ١٥٦، ١٥٧، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٢، ١٦٣، ١٦٤، ١٦٥، ١٦٦، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩، ١٧١، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٩، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ١٨٤، ١٨٥، ١٨٦، ١٨٨، ١٩٠، ١٩١، ١٩٢، ١٩٣، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٨، ١٩٩، ٢٠٠، ٢٠١، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٤٢، ٢٤٤، ٢٥٦، ٢٧٢، ٢٨٧، ٣٥٨، ٣٩٥، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٩، ٤٥٢، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٥٤٦، ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٧١، ٦١٣، ٦١٤
ئەییوبی ٦٠، ٢٩٥، ٦١٤
ئوم ئەیمەن ٣٤٥، ٦١٦
ئوم سەلیم ٣٤٥، ٣٤٦، ٦١٦
ئیبریە ١٣١، ١٣٦، ١٤٠، ١٤٣، ١٦٤، ٦١٣
ئیبن ئەبی ئەصیبعە ٥٢، ٥٤، ١١٤، ٣٠٣، ٣١٧، ٣٢٤، ٣٣١، ٣٨٢، ٤٠٤، ٤٠٩، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٤٦، ٤٥٤، ٤٦٧، ٥٠٢، ٥٠٤، ٥٠٦، ٥١٩، ٥٢٧، ٥٤٨، ٥٥٥، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٩، ٦٢١
ئیبن ئەبی ئەصیبعە ٥٢، ٥٤، ١١٤، ٣٠٣، ٣١٧، ٣٢٤، ٣٣١، ٣٨٢، ٤٠٤، ٤٠٩، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٤٦، ٤٥٤، ٤٦٧، ٥٠٢، ٥٠٤، ٥٠٦، ٥١٩، ٥٢٧، ٥٤٨، ٥٥٥، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٩، ٥٩٠، ٥٩١، ٥٩٢، ٥٩٣، ٥٩٤، ٥٩٩، ٦٢١
ئیبن بەیتار ١٨٧، ١٩٤، ٢٠٣، ٢٠٥، ٢٤٧، ٢٥٩، ٤٣٣، ٤٣٤، ٤٣٥، ٤٣٦، ٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩، ٤٤٠، ٤٤١، ٤٤٢، ٤٤٣، ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٨، ٥٩١، ٦١٧، ٦١٨
ئیبن توفەیل ١٥٩، ١٨٨، ٢٣٧، ٣٨٦، ٥٦٥، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٣، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٧٧، ٥٨٠، ٦٢٠
ئیبن توفەیل ١٥٩، ١٨٨، ٢٣٧، ٣٨٦، ٥٦٥، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٨، ٥٦٩، ٥٧٠، ٥٧١، ٥٧٣، ٥٧٥، ٥٧٦، ٥٧٧، ٥٨٠، ٦٢٠

ئیبن جزار ١٨٢، ٢٤٤، ٢٧١، ٥٤٥، ٥٤٦، ٥٤٧، ٥٤٨، ٥٥١، ٥٥٨، ٥٦٠، ٦٢٠
ئیبن حەزیم ٥١، ٧٩
ئیبن خەلەكان ٤٣٠، ٥٠٢
ئیبن ربن طبري ٣١
ئیبن زوهر ٥٦١، ٥٦٢، ٥٦٣، ٦٢٠
ئیبن ڕیزوان ٥٥٤، ٦٢٠
ئیبن سینا ٨، ٩٠، ١٨٩، ١٩٥، ١٩٧، ٢٣٥، ٢٤٧، ٢٤٨، ٢٥٠، ٢٥٤، ٢٦٦، ٢٦٩، ٣٦٣، ٣٦٤، ٣٦٥، ٣٦٦، ٣٦٧، ٣٦٨، ٣٦٩، ٣٧٠، ٣٧١، ٣٧٢، ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٧٦، ٣٧٧، ٣٨٣، ٣٨٤، ٣٨٦، ٣٨٩، ٣٩٢، ٣٩٤، ٣٩٦، ٣٩٧، ٣٩٨، ٤٠١، ٤٠٤، ٤٣٢، ٤٥٤، ٤٥٧، ٤٥٨، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٧٣، ٤٩٤، ٥١٩، ٥٢٠، ٥٣٠، ٥٧٥، ٥٨٦، ٦١٦، ٦١٧
ئیبن كلدە ٥٢، ٥٤
ئیبن كەحال ٥٩٧، ٥٩٨، ٥٩٩، ٦٠١، ٦٢١
ئیبن ماسویە ١٠٩، ١١٠، ٢٨١، ٥٣٨، ٥٣٩، ٥٤٠، ٥٤١، ٦١٩
ئیبن مەندویە ٥٨٤، ٥٨٥، ٥٨٦، ٥٨٧
ئیبن نەفیس ٣٠٣، ٣٨٤، ٣٨٦، ٤٥١، ٤٥٢، ٤٥٣، ٤٥٤، ٤٥٥، ٤٥٦، ٤٥٩، ٤٦٠، ٤٦١، ٤٦٢، ٤٦٣، ٥٠٦، ٥٧٥، ٦١٨
ئیسقلیبیادس ٤٠
ئیشبیلیە ١٣٢، ١٣٩، ١٦٣، ١٨٤، ١٩٣، ٢٠٣، ٤٣٦، ٤٣٧، ٥٦٢، ٥٦٩

ب

بیزەنتیەكان ٤٣، ٩٣، ٢١٠، ٣٣٤، ٦١١

پ

پێغەمبەر ١٠، ٥٤، ٥٥، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦١، ٦٣، ٦٨، ٧٤، ٧٦، ٧٨، ٧٩، ٨٠، ٨٢، ٩٩، ٢٤٠، ٢٤١، ٢٧٠، ٣٠٣، ٣٤١، ٣٤٢، ٣٤٣، ٣٤٤، ٣٤٥، ٣٤٦، ٣٤٧، ٣٨٧، ٣٩٧، ٤٢٩، ٤٣٧، ٤٥٦، ٥٧٨، ٥٩٤، ٦١١، ٦١٥، ٦٢٣

ت

تاهیری ٢٩١، ٦١٤
تۆڵۆنی ٢٩٢، ٦١٤

ج

جەبەل ١٢٧، ٣١٩، ٣٢٨، ٦١٣

چ

چینییەكان ٢٥، ٢٧، ٢٨، ٦١١

ح

حونهین ٥٠٤، ٦١٩
حونەینی كوڕی ئیسحاق ١٠٩، ٢٣١، ٥٠١، ٥٠٢، ٥٠٤، ٥٣٩، ٥٩٤، ٥٩٩، ٦١٩

خ

خاتو شیفا ٣٤٣، ٦١٥
خاتو عائیشه ٣٤٢، ٦١٥
خاتو كەعیبه ٣٤٣، ٦١٥
خەلیفه ٧، ٦٠، ٨٠، ٨١، ٨٢، ٨٧، ٩٠، ٩٣، ٩٦، ٩٩، ١٠٠، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٩، ١١٠، ١١٤، ١١٥، ١١٧، ١٢٢، ١٢٦، ١٥٦، ١٥٨، ١٦٠، ١٧١، ١٧٢، ١٧٣، ١٧٤، ١٧٥، ١٧٦، ١٧٧، ١٧٨، ١٨٠، ١٨١، ١٨٢، ١٨٣، ٢٤٣، ٢٤٤، ٢٧٣، ٢٨٠، ٢٨١، ٢٨٢، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٨٩، ٢٩٨، ٢٩٩، ٣٠٠، ٣٠٤، ٣٠٥، ٣٠٧، ٣١١، ٣١٥، ٣٢١، ٣٢٢، ٣٢٣، ٣٤٣، ٣٤٨، ٣٥١، ٣٥٢، ٣٥٥، ٣٥٨، ٣٥٩، ٣٦٤، ٣٨٦، ٤٠٩، ٤١١، ٥٠٢، ٥٠٣، ٥٠٤، ٥٠٧، ٥٣٠، ٥٤٣، ٥٧٢، ٥٩٠، ٥٩٢، ٦١٦
خەواریزم ١١٣، ٦١٢
خەیزەران ٣٥١، ٦١٦

د

داودی ئینتاكی ٣٨٤، ٥٠٩، ٥١٠، ٥١١، ٦١٩
دیوسقریدس ٤٠

ڕ

ڕازی ٣١، ٤٤، ٥٠، ١٠١، ١٠٢، ١١٧، ١١٨، ١٢٢، ١٢٧، ١٣٤، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٥٠، ٢٥٣، ٢٦٦، ٢٨٥، ٣٢٢، ٣٣٠، ٣٧٤، ٣٨٤، ٤٠٣، ٤٠٤، ٤٠٥، ٤٠٦، ٤٠٧، ٤٠٨، ٤٠٩، ٤١٠، ٤١١، ٤١٢، ٤١٣، ٤١٤، ٤١٥، ٤١٦، ٤١٨، ٤١٩، ٤٢٠، ٤٢١، ٤٢٢، ٤٢٣، ٤٢٤، ٤٢٥، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٨، ٤٢٩، ٤٣٠، ٤٣٢، ٤٤٠، ٤٦٣، ٤٧٣، ٤٩٧، ٥٢٠، ٥٤٢، ٥٤٨، ٥٥٩، ٥٦٠، ٦١٧
ڕوفس ئەفیسی ٤١
ڕۆمییەكان ٣٩، ٦١١

ز

زەنكی ١٢٥، ٢٨٩، ٢٩٥، ٦١٤
زەهـــراوی ١٣٥، ١٧٨، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٤٦، ٢٥٧، ٢٧٢، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٩، ٤٨٢، ٤٨٤، ٥٢٠، ٦١٨
زەهراوی ١٣٥، ١٧٨، ٢٠٢، ٢٠٥، ٢٣٣، ٢٣٤، ٢٣٥، ٢٤٦، ٢٥٧، ٢٧٢، ٤٦٥، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٧٣، ٤٧٤، ٤٧٦، ٤٧٧، ٤٧٩، ٤٨٢، ٤٨٤، ٥٢٠، ٦١٨
زومڕود ٣٥٦، ٦١٦
زباریه ٣٧٣، ٦١٧

س

ساسانییەكان ٤٧، ٤٩، ٦١١
ساڵحیه ١٢٠، ١٢٧، ٦١٢

ست نه‌سیم ٣٥٢، ٦١٦
سه‌قستین ١١٣، ٦١٢
سه‌لجوقی ٢٠٩، ٢١٤، ٢٦٥، ٢٩٦، ٣٠٤، ٣٢٩، ٣٣١، ٣٣٣، ٣٥٧، ٣٩٥، ٣٩٦، ٣٩٧، ٦١٤
سه‌لاحی ١١٣، ٣١٧، ٦١٢
سورانس ئه‌فسی ٤٠

ش

شه‌غه‌ب ٣٥١، ٦١٦
شیراز ١٢٧، ٣٣١، ٦١٣

ع

عبدالله كوڕی عه‌لی ٣١
عه‌باسی ٩٩، ١٠٠، ١٠١، ١٠٤، ١٠٩، ١١١، ١٤٨، ١٥٧، ١٥٨، ١٧١، ١٧٢، ١٧٣، ٢٣١، ٢٣٥، ٢٤٣، ٢٥٤، ٢٦٤، ٢٨١، ٢٨٣، ٢٨٤، ٢٨٥، ٢٩١، ٢٩٩، ٣٠٨، ٣٣٠، ٣٥٢، ٣٥٣، ٣٧٢، ٣٩٥، ٤٠٦، ٤٣٨، ٤٦٦، ٤٦٧، ٤٨٨، ٥١٧، ٥١٨، ٥٣٨، ٥٤٠، ٥٩٢، ٥٩٥، ٦١٤، ٦١٩، ٦٢٥
عه‌زدی ١١٥، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ٢٥٥، ٢٨٤، ٢٩٦، ٣٠٣، ٣٢٢، ٣٣٠، ٤٠٩، ٥٨٤، ٦١٢
عه‌لی كوڕی عه‌باسی مه‌جوسی ٢٢٥، ٥١٧، ٥١٨، ٦١٩
عه‌مار موسڵی ٥٢٥، ٥٢٦، ٥٢٧، ٦١٩
عوسمانی ٦٠، ١٤٧، ٢٠٩، ٢١٠، ٢١١، ٢١٢، ٢١٣، ٢١٤، ٢١٧، ٢١٨، ٢١٩، ٢٧١، ٢٩٧، ٦١٤

غ

غه‌رناته‌ ١٣٥، ١٣٨، ١٥٠، ١٥١، ١٥٢، ١٥٦، ١٩٥، ١٩٦، ١٩٧، ٢٠٠، ٢٠٣، ٥٦٦، ٥٦٧، ٥٦٨

ف

فاتمی ٢٩٤، ٢٩٥، ٣٠٧، ٣١٧، ٣٢٥، ٥٢٧، ٥٥٤، ٦١٤
فاتیمه‌ ٣٥٣
فریدریك تردلینوبۆرگ ٤٧٤

ق

قه‌میری ١٢٧، ٦١٣
قودس ٨٢، ١٢٨، ٢٩٦، ٣٢٧، ٦١٣

ك

كه‌یخوسره‌وی سه‌لجوقی ٣٣٣
كیسرا نه‌وشیروان ٣٢، ٥٠، ٥٢، ٥٤
كیندی ١١١، ٤١٥، ٤٨٧، ٤٨٨، ٤٨٩، ٤٩٠، ٤٩١، ٤٩٢، ٤٩٣، ٤٩٤، ٤٩٥، ٤٩٦، ٤٩٧، ٤٩٨، ٤٩٩، ٥٠٤، ٦١٨، ٦١٩

گ

گوتەنبەرگ ٤٧٤

م

مەڕاكیش ١٢٦، ٣٣٦، ٥٦٨، ٥٦٩، ٦١٢
موڕابتین ١٥٠، ١٥١، ٥٦٨، ٥٦٩
موقتەدری ١٢٦، ١٧١، ٢٨٢، ٣٢١، ٦١٢
میافارقین ١١٩، ١٢٦، ٣٠٠، ٣٢٣، ٦١٢
میسریە كۆنەكان ١٩، ٢٢، ٢٦١، ٤٦٠، ٦١١
میسۆپۆتامیا ١٤، ١٥، ١٧، ٦١١
مێژووی ئیسلام ٣٩٥

ن

نەبیل تەبباخ ٤٧٤
نەخۆشخانەی سیواس ٣٣٣
نەخۆشخانەی قوتلوغ توركان ٣٣٣
نەخۆشخانەی قیساریە ٣٣٣
نوسەیبە ٣٥٧، ٦١٦

ه

هەمەدان ٣٧٣، ٣٧٤، ٣٧٥، ٣٨٨، ٣٩٥، ٣٩٩، ٦١٧
هیندییەكان ٢٩، ٣١، ٣٢، ١١٠، ١٤٢، ٦١١

ی

یوحنا گوتەنبەرگ ٤٧٤
یۆنانییەكان ٢٠، ٢٣، ٣٩، ٤٢، ٤٥، ٢٦١، ٤٦٠، ٤٩١، ٥٢١، ٦١١

# پزیشك و پزیشكیتی

## لەشارستانیەتی ئیسلامیدا

شارستانیەتی ئیسلامی، بەرهەمی خەلیفەیەك یان میریك یان شێخێك یان كتێبێك یان مامۆستایەك نیە بەتەنها، بەڵكو بەریەككەوتنی تەواوی ئەو بیرو فیكرو كلتورانەیە كە هەمویان یەك ئامانجیان هەیە ئەویش خزمەتكردنی مروڤایەتیە نەك ڕوخان و بەڕێدا لابردنی بیری پێكەوە بون و تەبایی، لەپێناو بەدیهاتنی خەونی خۆش ژیان و پڕداهێنان، هەربۆیە دەبینین لەسەر ئەم بنەمایە شارستانیەتی ئیسلامی لەماوەی شكۆی پڕشنگداری خۆیدا توانیویەتی زۆر باش ڕەنگە جیاوازەكان كۆبكاتەوە.


**نوسینگەی تەفسیر**
بۆ بڵاوكردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس
+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
/TafseerOffice


13000 دینار